د. مەحەمەد عەریفی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

تۆپشووی ڕێبواران

وەرگێڕانی
هاوێر حاجی عوسمان



بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

تۆپشووی ڕێبواران

ناوی کتێب: تۆپشووی ڕێبواران.

نووسینی: د.مەحەمەد عەریفی.

وەرگێڕانی: هاوێر حاجی عوسمان.

نەخشەسازی ناوەوە: کۆمپیوتەری نارین (محمد علی).

نۆرەو ساڵی چاپ: یەکەم، ٢٠١٨.

ژمارەی سپاردن: (٥٣٩) ی ساڵی (٢٠١٧) ی پێدراوە

تۆپشووی ڕێبواران

نووسینی

د. مەحەمەد عەریفی

وەرگێڕانی

هاوێر حاجی عوسمان

پێشەکی

ئـەم کتێبـەی (د.محمـد بـن عبـدالرحمن العریفـی) لـە بنەڕەتـدا بەرنامەیـەکی تەلەفزیۆنی بووە بەڵام لەبەر گرنگیی بابەتەکانی و ئـەو پێشـوازییە گەرمـەی لەلایـەن خەڵکەوە لێی کراوە کراوەتە کتێب..

کتێبەکە بە ناوونیشانی (مسافرون)ە کە دەبووایە لە وەرگێڕانی کوردیدا بنووسین (ڕێبوارن) بەڵام ئەو ناوونیشانە کوردییە لەگەڵ ناوەڕۆکی کتێبەکە تێکی نەدەکردەوە چونکە بابەتەکانی کتێبەکە باسی ئەو تۆێشووانەیە کە پێویستە مرۆڤـی موسـڵمان لـە گەشتی بەرەو قیامەتیدا لە هەگبەکەیدا بێت، ئەم گەشتەش لـە دونیـاوە دەسـت پـێ دەکات و چەندان ڕێ و ڕێچکە و سەختی دەبڕێ تا دەیگـاتێ، بۆیـە لێـرەدا موسـڵمان پێویستی بە تۆێشووە و دەبێتە ڕێبواری ڕێی دونیا بەرەو دواڕۆژ هەروەکو پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا ئاماژەی پـێ کـردووە و دەفـەرموێ: ((کـن فـي الدنيا كأنك غريب او عابر سبيل)) صحيح رواه البخاري.

واتا: (لە دونیادا وەکوو غەریبێك، یان ڕێبوارێك بە).

لـەم دونیایـەدا هـەموان ڕێبـوارن، ڕێـی ڕێبوارەکـانیش جیـاواز و فرەچەشـنن، هەریەکەی ڕێبواری ڕێیەك، ئەوە بیروباوەڕ و تێڕوانینی مرۆڤەکانە ئاراستەی ڕێیـەکان دیاری دەکەن ﴿وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُـوَ مُوَلِّيهَـا﴾(البقرة: ١٤٨)..مرۆڤـی موسـڵمان ئاراسـتەی ڕێـی خـۆی دەبـێ بـاش بزانـێ و تۆێشـووی ئـەم ڕێگایـەش ئامـادە بکـات، باشـترین تۆێشـووش ئەمەیـە کـە خـوای گـەورە دیـاری کـردووە: ﴿وَتَـزَوَّدُوا فَـإِنَّ خَيْـرَ الـزَّادِ التَّقْوَى﴾(البقرة: ١٩٧) بۆ ئەم گەشتە دوور و درێژ و پڕ لە هەوراز و نشێوییە تـەقوا و لەخواترسی باشترین تۆێشووە..لەم کتێبەدا ئەم تۆێشووەت دەست دەکەوێ..

لە دوا خاڵ دەمەوێ هێما بۆ ئەوە بکەم کە لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا ڕەچاوی وشە بە وشەم نەکردووە، بەڵکو ڕستە و واتام وەرگێڕاوە، ئەگەر لە شوێنێکیش هەستم بە دووبارەکردنەوەی زیاد کردبێت لام داوە و ئەوەی بە لامەوە گرنگ بووە گواستنەوەی زانیاری و ناوەڕۆکی کتێبەکە بووە و خۆم لە درێژدادڕی و قسەی دووبارە پاراستووە..

خوای گەورە لێمانی وەربگرێت و بیکاتە توێشووی دواڕۆژمان، بەو هیوایەی هەموو لایەك سوودی لێ وەربگرێت..

هەر ئاسوودە و سەرکەوتوو بن..

وەرگێڕ ٢٠١٦/٥/٣١

مەتەڵی فیقهی

((ئەگەر خودا خێری بۆ کەسێك بوێت لە

ئایین شارەزای دەکات))

مەتەڵی فیقهی

لە میانەی گەشتەکەمان لە ژیاندا، هەندێ کات ڕووداوگەلێك دێنە پێشەوە کە بۆ چارەسەرکردنیان پێویستیان بە بڕێك لە زیرەکایەتی و بەگەڕخستنی هۆشە.

کە تەماشای ژیانی زانایان دەکەیت شتی سەیروسەمەرە دەبینیت..وەرن با ببینین چۆن ئەم زانایانە ئەو گرفتانە چارەسەر دەکەن کە دەخرێنە بەردەمیان.

فەرموون ئێوە و چەند مەتەڵ و فێڵێکی فیقهییانە کە هەندێ کات بۆ دەرچوون لە هەندێ تەنگژە پەنایان بۆ دەبرد.

پێشنیاز دەکەم لەبەریان بکەیت، چونکە پێشبینی دەکەم هەندێ کات ئاتاج دەبیت لە هەندێ مەجلیس باسیان بکەیت، یان بۆ هەندێ لە هاوڕێکانت بیانگێڕیتەوە، ئەوەش لە پێناو بزواندنی هۆش و خۆشکردنی مەجلیس و سوودگەیاندن.

ئەبوحەنیفە..ناوکەخورما پەرشوبلاو دەکاتەوە

جارێکیان کێشەی ژن و پیاوێك خرایە بەردەم ئەبوحەنیفە – ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت – کە پێکەوە خورمایان دەخوارد و ناوکەکەیان دەخستە قاپێکەوە، کاتێ ناوکەکان زۆر بوون، پیاوەکە بە ژنەکەی گوت: ئەگەر ناوکەکانی من لە هی خۆت جیا نەکەیتەوە ئەوا تۆ تەڵاقدراویت..

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە چوونە لای ئەبوحەنیفە، ئەبوحەنیفە گوتی: چارەسەری ئەوە ئاسانە. گوتیان: چۆن؟

گوتی: بە ژنەکە بڵێن با هەر ناوکێك بە جیا دابنێت، واتە: پەرشوبلاویان بکاتەوە.

ژنەکە ناوکەکانی لێك جیاکردەوە و هەر یەکەیانی بەجیا دانا، ئەبوحەنیفە گوتی: ئا ئەوەتا ناوکەکانی تۆی لە هی خۆی جیاکردەوە ئیتر بۆ ژنەکەت تەلاق دەدەیت؟!

پێشەوا مالیك.. حەددێك جێبەجێ دەکات

ئیمام مالیك – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – کێشەیەکی خرایە بەردەم: ژنێك، ژنێکی مردوو دەشوات، لە دەمی شوشتنیدا بە جوانییەکەی سەرسام دەبێت و بە فیتی شەیتان دەست لە ئەندامی زاوزێی دەدات و دەڵێ: ئای ئەم ئەندامە چەندی زینا کردووە؟!

دەڵێن: دەستی ژنەکە بە ئەندامی مردووەکەوە نووسا، واقیان وڕما، گوتیان: دەستی دەبڕینەوە یان پێستەی مردووەکە دەبڕین، کێشەکەیان خستە بەردەم پێشەوا مالیك.

گوتی: چی گوت؟

گوتیان: گوتوویەتی: ئای ئەم ئەندامە چەند زینای کردووە؟!

گوتی: واتە بە زینا تۆمەتباری کردووە؟

گوتیان: بەڵێ.

گوتی: حەددی تۆمەتبارکردنی داوێنپاکێك بە زینا چەندە؟..هەشتا قامچی.

دەی هەشتا قامچی لێدەن.

هەشتا قامچییان لە ژنەی مردووشۆر سرەواند، ئیتر دەستی لە ئەندامی ژنە مردووەکە بووەوە!

* هەندێ کات پێویستە زانا زیاتر هۆش و زیرەکی خۆی بخاتە کار، بۆیە بۆ فەتوادان و چارەسەرکردنی گرفتەکانی خەڵک هەر ئەوەندە بەس نییە تەنها مەسەلە فیقهییەکان لەبەر بکات، بەڵکوو پێویستە زانا ئەوەندە زیرەکی و ژیری و تێگەیشتنی خێرای هەبێ کە لەم بابەتانەدا لە هاوڕێکانی جیای بکاتەوە.

ئیاسی دادوەر..ئەمانەت دەگەڕێنێتەوە

پیاوێك چووە لای ئیاسی دادوەر و سکالای لە پیاوێکی تر کرد کە ئەمانەتێکی داوەتێ بەڵام ئەو نکوولی لێ دەکات..

پێی گوت: نەیارەکەتم بۆ بانگکە..إیاس لێی پرسی: ئەم پیاوە هەزار دیناری بە ئەمانەت بە تۆ داوە؟ کابرا گوتی: نا، هیچی نەداومەتێ..

پیاوی سکالاکار گوتی: سوێند بە خوا دەخۆم داومەتێ.

دادوەر بە کابرای نەیاری گوت: با، هەزار دیناری بە ئەمانەت پێ داوی.

کابرا: نا، هەزار دیناری نەداومەتێ.

دادوەر بە پیاوە سکالاکارەکەی گوت: لەکوێ هەزار دینارەکەت داوەتێ؟

گوتی: لەژێر درەختێکی تەنیشت شارەکەمان داومەتێ.

دادوەر: بڕۆ کن ئەو درەختە و بگەڕێ، ڕەنگە لە دەوروبەریدا پارەکەت بە شاراوەیی لەژێر زەوی بدۆزیتەوە.

گوتی: جا ئەوە ڕێی تێدەچێ؟

دادوەر: من پێت دەڵێم بڕۆ لای ئەو درەختە و لە پارەکەت بگەڕێ بەڵکو دەیبینیتەوە.

گوتی: وا دەکەم.

دادوەر لە کابرای نەیاری پرسی: ئەو درەختە دەناسی؟

گوتی: ئەو درەختە ناناسم و، ناشزانم ئەو پیاوە کە لافی ئەوە لێدەدات گوایە هەزار دیناری بە ئەمانەت داومەتێ لەبارەی چییەوە دەدوێ؟

دادوەر: لە کنم دانیشە..پیاوەکەش بەرەو درەختەکە چوو.

إیاس بە کێشە و گرفتی خەڵکەوە سەرقاڵ بوو، کابراش لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو، لەپڕ إیاس ئاوڕی لێدایەوە و گوتی: مەزەندە دەکەیت ئێستا گەیشتبێتە درەختەکە؟

کابرا: نا..دوورە..

دادوەر: ئاواااا..ئەی درۆزن..درەختەك لەوێیە!! کەواتە پارەکە دەربهێنە..دوو قامچی لێدا و پارەکەی لێستاندەوە..

بڕوانە چۆن زیرەکایەتیی خۆی بەکارهێنا و توانی مافی خەڵك بسێنێتەوە.

سولەیمانی پێغەمبەر.. منداڵێك بۆ دایکی دەگەڕێنێتەوە

(سولەیمانی کوڕی داوود) – سەلامی خوای لێ بێت – پێغەمبەر کوڕی پێغەمبەر.. دوو ژن لەنێو ڕووبارێکدا کۆریان دەکرد(کۆر: خۆشوشتن)، هەر یەکەیان منداڵێکی قۆنداغەیان لە کەناری ڕووبارەکە دانابوو، گورگ هات و منداڵێکیانی برد، دوو ژنەکە کە یەکیان پیر و ئەویتریان گەنج بوو لە ڕووبارەکە هاتنەدەر و هەر یەکەیان دەیگوت: منداڵە زیندووەکە هی ئەوە.

هەر یەکێکیان منداڵەکەی خۆی دەناسی بەڵام هەردووکیان دەیانویست ئەو منداڵە ببەن کە گورگەکە نەیبردووە، چوونە لای داوودی باوکی سولەیمان – سەلامی خوای لێ بێت –، داوود تەماشای کرد ژنێکی بەتەمەن دەڵێ: ئەمە کوڕمە و، ژنێکی گەنجیش هەر دەڵێ: ئەمە کوڕمە.

داوود گوتی: بیدەن بە ژنە بەتەمەنەکە..ئەوەش لەبەرئەوەی گوایە گەنجەکە هێشتا توانای سکوزای ماوە بۆ ئەوەی منداڵێکی تر بەوەلەد بێنێ.

گەنجەکە: ئەمە کوڕی منە.

بەتەمەنەکە: نا..نا..بەخوا کوڕی منە، سوپاس بۆ خودا بۆی گەڕاندمەوە.

هەردووکیان لە کن داوود ڕۆیشتن و بە لای سولەیماندا تێپەڕین..کاتێ بینیانی کەوا بەتەمەنەکە کوڕەکەی هەڵگرتووە و گەنجەکەش شوێنی کەوتووە و دڵی بۆ کوڕەکەی گڕگڕ دەسووتێ..پێی گوتن: کێشەتان چییە؟

ڕوودداوەکەیان لە نووکەوە بۆ گێڕایەوە..

سولەیمان گوتی: کوڕەکە بێنن، هێنایان..لەبەر دەستی خۆی داینا، گوتی: چەقۆیەکم بدەنێ و گوتی: بسم الله..ژنە گەنجەکە گوتی: چی دەکەیت؟

سولەیمان گوتی: لەنێوان هەردووکتان دابەشی دەکەم تاوەکو ئەم کێشەیە چارەسەر بکەم، نیوەی بۆ تۆ، نیوەی تریشی بۆ ئەو..ژنە بەتەمەنەکە ورتەی لێوە نەهات! بەڵام گەنجەکە گوتی: نا..بە خوا سوێندت دەدەم وا نەکەیت، بیدە بەو.

سولەیمان گوتی: کەواتە منداڵەکە هی گەنجەکەیە..

بەتەمەنەکەش دانی پێدانا کە هی ئەو نییە.

بە سولەیمانیان گوت: ئایا بەڕاستی سەرت دەبڕی؟

گوتی: نا بەخوا سەرم نەدەبڕی، بەڵام ویستم دڵی دایکەکە ببزوێنم، بووش.

((ئەم ڕووداوە لە صحيح البخارى(٣٤٢٧)و صحيح مسلم(١٧٢٠)دا هاتووە.)).

مەتەڵی فیقهی

مەسەلەی یەکەم:

کەسێك دوو ڕکات نوێژی کرد، تێیدا بەئەنقەست چوار جار ڕکوعی برد و چوار جاریش کڕنووشی برد و نوێژەکەشی دروستە..ئەوە چۆنە؟

بە واتای: دوو ڕکاتی کرد..لە هەر ڕکاتێك دوو ڕکووع و دوو کڕنووشی برد.

وەڵام:

نوێژی مانگ گیران و ڕۆژگیرانە.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((إن الشمس والقمر آيتان من آيات الله لا ينخسفان لموت أحد ولا لحياته فإذا رأيتم ذلك فافزعوا إلى الصلاة) صحيح البخارى(٥٧٨٥) صحيح المسلم(٩٠١)..واتە: ڕۆژ و مانگ دوو نیشانەن لە نیشانەگەلی خودا، نە بۆ مردن نە بۆ ژیانی هیچکەسێك ناگیرێن، ئەگەر ئەوەتان دیت پەنا بۆ نوێژکردن بەرن.

ئەم نوێژە لە کاتی ڕۆژگیران و مانگگیراندا دەکرێت، جا لە شەودا بێت یان لە ڕۆژ، پێشنوێژ (الله أكبر) دەکات و سوڕەتی فاتیحە و دوای ئەویش سوڕەتێکی درێژ بەدەنگ دەخوێنێ، دوای ڕکووع، هەڵدەستێتەوە سوڕەتی فاتیحە و دوای ئەویش سوڕەتێکی درێژ بەدەنگ دەخوێنێ، پاشان دوو کڕنووش دەبات، ئینجا هەڵدەستێتەوە بۆ ڕکاتی دووەم و ئەوەی پێشوو بە هەمان شێوە دووبارە دەکاتەوە..ئەوەش واتە لە هەر ڕکاتێك دوو ڕکووع و دوو کڕنووشی بردووە.

مەسەلەی دووەم:

کەسێك ئاو و خۆڵی لایە، بەکارهێنانیشیان هیچ زیانێکی بۆی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا بێ دەسنوێژ و بێ تەیەمموم نوێژی کرد و نوێژەکەیشی دروستە؟

وەڵام:

کاتێ مرۆڤ نەخۆش دەبێ و ئاو و خۆڵیشی لە لایە بەڵام ناتوانێ بیانگاتێ، وەکو نەخۆشێکی پەککەوتە کە ئاوی لە کنە بەڵام کەسێك نییە بیگەیەنێتێ یان خۆڵی لە لایە بەڵام کەسێك نییە بیگەیەنێتێ تا تەیەمومی پێ بکات، وەگەرنا لە ئەسڵدا ئەوەیە کە ئەگەر مرۆڤ نەساغ بوو نەیدەتوانی دەسنوێژ بگرێ پێویستە خۆڵی بۆ بهێنرێ.

بەڵام ئەگەر نەیتوانی بگاتە ئاو و خۆڵ وەکو ئەوەی مرۆڤ لەنێو فڕۆکەیەکدا بێت و ئاو و خۆڵیشی لێ نییە، چی دەکات؟

لەم دۆخەدا بەپێی حاڵەتەکە نوێژ دەکات، نییەتی پاکژی دێنێ و بە بێ دەسنوێژ و تەیەمموم نوێژەکەی دەکات﴿إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا(٦)﴾ (الشرح: ٢)..لەگەڵ هەموو تەنگانەیەك ئاسانییەك هەیە..ئەمەش ئاسانکارییەکە لە لایەن خوداوە، خوای باڵا دەفەرموێ: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾(الحج: ٧٨) لە ئایندا هیچ جۆرە قورسایییەکی لەسەر دانەناون..ئەم جۆرە کەسە لە شەرعدا پێی دەوترێ(فاقد الطهور)، ئەمە ئەگەر هیچکام لە ئاو و خۆڵی دەست نەکەوت.

بەڵام ئەگەر بە هۆی سووتانی جەستەی، یان هەستیاری نەیتوانی ئاو بەکاربێنێ، یان ئەگەر ئاوەکە کەم بوو و بۆ خواردنەوەو شتی تر پێویستی پێبوو، ئەوا بۆی دروستە دەموودەست تەیەمموم بکات.

مەسەلەی سێیەم:

ئەندامێك لە ئەندامەكانی دەستوێژ سوننەتە شەش جار بشۆردرێ؟

وەڵام:

هەموو ئەندامێك بە لای زۆری سێ جار و بە لای كەمیش یەك جار دەشۆردرێ، بەڵام ئەمەیان لە كاتی دەستوێژدا شەش جار دەشۆردرێ؟

دوو دەستەكە سەرەتا بە شوشتنی دوو ناولەپەكەوە دەشۆردرێن، پاشان تا دوو ئانیشكەكە، پاشان لەگەڵ بە شوشتنی دەموچاویش دەشۆردرێن.

بێگومان دەست شوشتنی یەكەم جار سوننەتە، - بەو واتایەی ئەگەر كەسێك ڕاستەوخۆ بۆ دەستوێژ هات و ئاوی لە دەم و لووت ڕادا دروستە، شوشتنی دەستەكان لە سەرەتادا واجب نییە-، بەڵام لە كاتی دەستوێژدا فەرزێكە لە فەرزەكانی دەستوێژ، خودای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ﴾(المائدة: ٦) ڕوخسارتان و دەستەكانتان تا ئانیشك بشۆن.

ئاگادارکردنەوە:

ئەگەر ئاوەكە لەنێو دەفرێكدا بوو دەتوانی سێ جار ، هەر جارەی بە مشتێك ئاو دەستەكانت بشۆیت، بەڵام ئەگەر ئاوی شێرە(بەلوعە) بوو چۆن سێ جار دەیشۆیت؟

لەم بارەدا..كاتێ ئاوەكە لە شێرەكە دێتە خوارێ نییەت دێنی و دەڵێیت: بسم الله، یەك، دوو، سێ، ئاویش بەسەر دەستەكانیدا دەڕوات، مەرج نییە دەستەكانی لابیات پاشان جارێكی تر بیگەڕێنێتەوە..نا، بەڵكو نییەت دێنێ كە ئەمە سێ جارە.

ئاگادارکردنەوە:

یەكێك لە هەڵەكانی خەڵك لە كاتی دەستوێژدا دەبینی یەكێك دەستی دەشوات بەڵام نایگەیەنێتە ئانیشكەكانی و بەشێك دەمێنێتەوە ئاوی نەگەیشتووتێ، یان لە

کاتی شوشتنی پێیەکان ئاوی ناگاتێ، ئەمەش هەڵەیە، پێغەمبەر (ﷺ) هەڕەشەی لەم جۆرە کەسانە کردووە: ((ویل للأعقاب من النار)صحیح: البخاری(١٦٥)، مسلم(٢٤٢)واوەیلا و ئاگر بۆ ئەو کەسانەی پاژنەی پێیان بەتەواوی ناشۆن.. دەبێ ئاو بگاتە هەموو بەشەکانی دەست و پێ..

مەسەلەی چوارەم:

کەسێك نوێژێکی فەرزی چوو..ڕۆیشتە مزگەوت بیکات بینی نوێژ تەواو بووە..ئەگەرچی فەرز و واجبیشە کەچی پێی وترا: مەیکە!..ئەمە چۆنە؟

وەڵام:

نوێژی هەینییە.

ئەگەر لەدەستچوو دروست نییە بە دوو ڕکات بیگێڕێتەوە، بەڵکو دەبێ بە چوار ڕکات بیگێڕێتەوە، ئەگەر بە ڕکاتێکی نوێژی هەینی ڕانەگەیشت دەبێ چوار ڕکاتی نیوەڕۆ بکات.

نوێژی هەینی(قەڵا) قەزا ناکرێتەوە.

هەندێ لە حوکمەکانی نوێژی هەینی:

* نوێژی هەینی ئەگەر لە سەرەتاوە ئامادەی بوویت ئەوا لەگەڵ ئیمام دوو ڕکات نوێژ دەکەیت، ئەگەر ڕکاتی یەکەمت لەدەستچوو و بە دووەم ڕاگەیشتی ئەوا هەر دوو ڕکات دەکەیت و دوای سەلامدانەوەی ئیمام هەڵدەستیتەوە و نوێژەکەت تەواو دەکەیت.

* بەڵام ئەگەر هەردوو ڕکاتەکەت لەدەستچوو بە جۆرێك بە ڕکووعی ڕکاتی دووەمیش ڕانەگەیشتی ئەوا دەڵێیم: هەنییەکت لەدەستچووە و دەبێ چوار ڕکات نوێژی نیوەڕۆ بکەیت..

هەروەها ئەگەر کەسێك هات بۆ نوێژی هەینی بەڵام نوێژەکە تەواو ببوو و خەڵك دەهاتنەدەر، ئەوا نوێژی هەینی لەدەسچووە و دەبێ چوار ڕکاتی نیوەڕۆ بکات، چونکە نوێژی هەینی تەنها بە کۆمەڵ دەکرێ.

* دروست نییە نوێژی هەینی بە تەنها بکرێت، نوێژی تەنها بە کۆمەڵ دەکرێت، ئەگەر کەسێك لە بیابان بوو و کاتی نوێژی هەینی هات، پێی ناڵێین: بەتەنها نوێژی هەینی لە بیابان بکە و وتارێك بۆ خۆت بدە..نەخێر، بەڵکو نوێژی نیوەڕۆ دەکات..

مەسەلەی پێنجەم:

کۆمەڵە کەسێکی نیشتەجێ – واتە لە گەشتدا نین – دوو نوێژ بەیەکەوە دەکەن و ئەوەش دروستە؟

وەڵام:

دروستە بۆ کەسی نیشتەجێ لە هەندێ دۆخی دیاریکراو نوێژەکان کۆبکاتەوە، وەکو: باران، ژنێك خوێنەچڕکەی هەبێت، هەروەها نەخۆش تەنانەت ئەگەر نیشتەجێش بێت ئەگەر باران هەبوو.

نموونە: لە کاتی چوون بۆ نوێژی مەغریب بارانێکی توند هەبوو، لە گەڕانەوەش جارێکی تر بۆ نوێژی عیشا زەحمەتی هەبوو، بۆیە هەردوو نوێژ کۆدەکەینەوە، مەغریب سێ ڕکات و عیشا چوار ڕکات.

* لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: چۆن پێغەمبەر (ﷺ) بێ هیچ بیانوو و هۆکارێك دوو نوێژی کۆکردۆتەوە؟

وەڵام: پێغەمبەر (ﷺ) یەك جار ئەمەی کردووە، دوو نوێژی کۆکردۆتەوە، نیوەڕۆ و عەسر، یان مەغریب و عیشا..دەڵێن: کۆکردنەوەکە لەبەر ترس و گەشتیش نەبووە.

زانایان لەم بارەیەوە قسەی خۆیان هەیە، هەندێکیان دەڵێن: باران هەبووە چونکە هاوەڵەکەی پێغەمبەر دەڵێ: بێ ترس و بێ گەشت، هۆکاری سێیەمیش هەیە: باران، بۆیە دوو نوێژی کۆکردەوە.

هەندێکیش دەڵێن: پێغەمبەر(ﷺ) ویستوویەتی نەتەوەکەی تەنگەتاو نەکات و گەرەکی بووە بۆیان ڕوون بکاتەوە کە ئەگەر مرۆڤ عوزرێکی ڕەوای هەبوو بۆی دروستە دوو نوێژ کۆبکاتەوە.

بۆ نموونە: پزیشکێك کە نەشتەرگەرییەك ئەنجام دەدات و کاتێکی زۆر دەخایەنێ بۆی دروستە نوێژەکان کۆبکاتەوە.

ئەگەر چێشتلێنەرێك ترسی ئەوەی هەبوو گەر بڕوات چێشتەکەی دەسووتێ، بۆی دروستە دوو نوێژ کۆبکاتەوە.

بەڵام کەسێك لەبەر تەنبەڵی یان شەرم یان پیاسەکردن لەگەڵ هاوڕێکانی بیەوێ نوێژەکان کۆبکاتەوە ئەوا بۆی دروست نییە..خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا(١٠٣)﴾(النساء: ١٠٣) واتە: نوێژ پەیوەستە بە کاتەوە، ئەگەر لەم کاتەدا کە دیاریکراوە نەیکەیت گوناهبار دەبیت..

لەوە خراپتر ئەوەیە هەندێ خوێندکاری زانکۆ و قوتابخانەکان هەن ئەگەرچی دەرفەتیشیان لەبەردەستە بەڵام دەڵێ: نامەوێ ئێستا نوێژ بکەم بۆ ئەوەی شێوە و

ڕوخسار و بەرگم وەکو خۆی بمێنێتەوە و نەشێوێ چونکە بە دەسنوێژ و نوێژکردن تەڕ دەبم و شێوەم دەشێوێ..

ئەم جۆرە کەسانە شێوە و ڕواڵەت لە کنیان لە ئایینەکەیان گەورەترە..

بەندایەتیکردن بۆ غەیری خودا

﴿وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا﴾

بەندایەتی کردن بۆ غەیری خودا

هەندێ خەڵك لە میانەی بەرەو خوا چوونیان لەوانەیە هەندێ ڕەفتاریان لێ ڕووبدات کە بەرەو بەندایەتی کردنی غەیری خودایان ببات یان بیانخاتە باڕێکەوە لە هاوبەش پەیداکردن (الشرك) نزیکیان بخاتەوە.

خودای گەورە کاتێ مرۆڤی خولقاندووە فەرمانی پێ کردووە تەنها هەر ئەو بپەرستێ، خودای مەزن دەفەرموێ: ﴿وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ﴾- واتە: مزگەوتەکان تەنها بۆ خودان - ﴿فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا﴾(الجن: ١٨)..

خودای گەورە ڕوونی کردۆتەوە کە ئەو جنۆکە و مرۆڤی تەنها بۆ پەرستنی خۆی دروست کردووە، بۆیە دەبێ بەندایەتی هەر بۆ ئەو بکرێ: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ (٥٦)﴾(الذاريات: ٥٦).

لەبارەی ئەم بابەتە و گرنگی ئەوەی مرۆڤ بە دڵ و بە گیان لەگەڵ پەروەردێنی خۆیدا بێت، دەدوێم.

هاوبەش بۆ خوا دانان(الشرك) گەورەترینی قەدەغەکراوەکانە

هەروەکو باسم کرد خودا مرۆڤی بۆ پەرستنی خۆی بەدیهێناوە، دروست نییە هیچ جۆرە پەرستشێك بۆ غەیری خودا ئەنجام بدات، جگە لە خوا هاوار بۆ کەسی تر نەبات، جگە لە خوا قوربانی بۆ کەسی تر نەکات، سوێند بە غەیری خوا نەخوات، داوای کۆمەك لە غەیری خوا نەکات، جگە لە خوا پشت بە کەسی تر نەبەستێ.

خودای گەورە هەموو ئەوانەی حەرام کردووە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَدْعُ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنْفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ فَإِنْ فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِنَ الظَّالِمِينَ (١٠٦)وَإِنْ يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ وَإِنْ يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَادَّ لِفَضْلِهِ يُصِيبُ بِهِ مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَهُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (١٠٧)﴾(یونس: ١٠٦، ١٠٧).

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ﴾ئەگەر خودا گرفتاری کێشەیەکی کردیت جا بە هۆی نەخۆشییەوە بێت، یان لەناوچوونی مالّەوە یان هەر شتێکی تر بێت ﴿فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ﴾ واتە: نابێ جگە لە خودا داوا لە هیچ کەسێکی تر بکەیت ئەو ئازار و گرفتەت لەسەر لابات.

نابێ گۆڕ بکرێتە مزگەوت

لەبیرمە جارێکیان سەردانی ولّاتێکم کرد، سووربووم لەسەر ئەوەی لە مزگەوتێك نوێژ بکەم کە گۆڕی تێدا نەبێ، بە لای مزگەوتێکدا تێپەڕیم خەلّك نوێژی عیشایان دەکرد و منیش چوومە مزگەوتەکەوە و نوێژم دابەست، دوای سەلامدانەوە ئاوڕم دایەوە بۆ ئەوەی نوێژی سوننەت بکەم بینیم گۆڕێکی دوو مەتر بەرز لە دوامەوەیە، گوتم: (لا حول و لا قوة إلا بالله) دەبێ نوێژەکەم دووبارە بکەمەوە، تەماشای گۆڕەکەم کرد بینیم ئی کەسێکە کە خەلّکەکە پێیان وایە پیاوچاکە و تابلۆیەکی مەڕمەڕیشی لەسەر بوو تێیدا نووسرابوو: (گۆڕی ئیمام و شێخی زانا و عابید و زاهید و شەونوێژکەری دەم بەڕۆژوو..)چوار دێڕ لە وەسفیدا نووسرابوو، پاشان ناوەکەی هاتبوو کە شێخی فلّان تەریقەتە.

لە پیاوێکم پرسی: ئەمە گۆڕی کێیە؟ – دەمزانی ئی کێیە بەلّام بە مەبەستی ئامۆژگاریکردنی ویستم بابەتەکەی لەگەلّدا بوروژێنم–.

کابرا چوار دێڕەکەی سەر گۆڕەکەی بۆ دووبارە کردمەوە.

گوتم: براکەم، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((لعن الله اليهود و النصارى إتخذوا قبور انبيائهم مساجد) صحيح: البخارى(١٣٩٠)، مسلم(٥٢٩).. خودا نەفرەتی لەو جوولەکە و نەسرانییانە کردووە، کە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت..دروست نییە لەسەر گۆڕدا مزگەوت بنیات بنێین.

گوتی: من چ نازانم، لە ئیمامی مزگەوت بپرسە.

ڕوومکردە ئیمام کە پیاوێکی بەتەمەنی سەرووی هەشتا ساڵی بوو، سڵاوم لێی کرد و وەکو ڕێزگرتنێك لە تەمەن و پایەی سەریم ماچ کرد، هەروەها بۆ ئەوەش قسەم لێ وەربگرێ پێویستە بە شێوازێکی گونجاو لێی بچمە پێش.

پێم گوت:شێخ ئەحوالّت چۆنە؟ إن شاءالله باش دەبیت.

گوتی: سوپاس بۆ خوا کوڕەکەم..ئەتوو چۆنیت؟ مالّ و منداڵت چۆنن؟

گوتم: سوپاس بۆ خوا..ئەی شێخ تۆ باشیت، خودا بتپارێزێ، بەڕەکەت بخاتە تەمەنتەوە، پاداشتی خێرت بداتەوە، دەنگیشت خۆشە – بەم قسەیە دڵخۆش بوو–، گوتم: بەڵام ئەم گۆڕەی ناو مزگەوت هی کێیە؟

چوار دێڕەکەی لەسەر گۆڕەکە نووسرا بوو بۆی دووبارە کردمەوە.

پێم گوت: بنیاتنانی مزگەوت لەسەر گۆڕدا دروستە؟

بهێنە بەرچاوت و خەیاڵ بکە دەبێ وەڵامی ئەو بۆ من چی بووبێت؟!

خۆزگە زانستییانە گفتوگۆی لەگەڵ کردبام، پسپۆڕی من لەبارەی عەقیدە و ڕێبازە هاوچەرخەکانە، بەواتای: من ئەم قسەیەم باش لەبەرکردووە و چەندان ساڵە وەکو دەرس بە قوتابییەکانمی دەڵێمەوە.

یەکەم شتێك کردی ئەوە بوو دەستی خستە ناو باخەڵییەوە و شەکرۆکەیەکی دەرهێنا، ئەو شەکرۆکانەی دەدرێنە منداڵان، گوتی: ها بیگرە ئاقڵ..

ئەمە مەبەست و واتای چییە؟ مەبەستی لەوە ئەمەیە کە من گچکەم، ئەوەندە عەقڵەم نییە بتوانم لە قسەکانی تێ بگەم، ئەم کاردانەوەیەم فەرامۆش کرد ئەگەرچی بە شێوازێکی گونجاو لێی چوومە پێش، سەلامم لێ کرد و سەریم ماچ کرد و ستایشم کرد، ئەوەش وەکو پەیڕەوکردنێك لە وتەی خودای گەورە: ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾(النحل: ١٢٥)، بەڵام پەفتارێکی وای نواند هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات.

شەکرۆکەکەم وەرگرت و پێم گوت: خودا پاداشتی خێرت بداتەوە لەسەر میواندارییەکەت و بەرەکەت بخاتە تەمەنتەوە، گوتم: ئەی شێخ پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: لەسەر گۆڕەکان مزگەوت دروست مەکەن..دەستم کرد بە هێنانەوەی فەرموودە بۆی بەڵام ئەو پشتی تێکردم و ڕۆیشت.

لە ڕاستیدا ئەمە واتای ئەوەیە کە هیچ بەڵگەیەکی پێ نییە وەڵامم بداتەوە، وەگەرنا دادەنیشت و مشتومڕی لەگەڵ دەکردم، بەڵام وازهێنان لە گفتوگۆ ڕەوشتی ئەو کەسانە نییە کە بە دوای ڕاستیدا وێڵن.

جگە لە خودا پەرستش بۆ کەسی تر مەکە

ئەسڵ ئەوەیە مزگەوتەکان تەنها بۆ پەرستنی خودای تاقانە بن، دروست نییە بۆ مرۆڤ لە مزگەوتدا نوێژ بکات و بەشێکی دڵیشی ڕوو لە گۆڕێك بێت، بەوەش وای لێ دێت کە هەموو دڵی بۆ خودا یەکلا نەبووبێتەوە.

بەڵکو لە ڕاستیدا بەشێکی دڵی ڕوو لە خاوەن گۆڕەکەیە، هەروەکو چۆن لە نوێژەکەیدا لە مزگەوت هیوای بەزەیی و لێخۆشبوونی لە خودایە بەم جۆرەش بە

ئومێدی جۆرێك له بەزەیی و بەرەكەتی ئەم لەگۆڕنراوەیە، بەندایەتیكردنەكە لەنێوان بەدیهێنەر و بەدیهێنراودا دەكەوێتە ململانێ، خودای گەورەش ئەمەی نەگەرەكە، بەڵكو دەیەوێ بەندایەتیكردنت لە هەموو كات و شوێنێك و لە هەموو بارودۆخێكدا تەنها هەر بۆ ئەو بێت.

جگە لە خودا سوێند بە هیچی تر ناخورێ

هەندێ كات خەڵك بە جۆرەها شت سوێند دەخۆن، هەیە سوێند بە ژیانی كەسێك دەخوات، هەیە سوێند بە گۆڕی خۆشەویستێكی وەك باوك و دایكی یان كەسێكی تر دەخوات، پێی وایە ئەمە ڕێزگرتنە لەو كەسە سوێند پێ خوراوە.

سوێندخواردن بە ژیانی خەڵك دروست نییە، ئەگەر بووبێتە دابونەریتی خەڵكیش هەر دروست نییە و لە شەرعی خوادا نییە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((من حلف بغير الله فقد أشرك)صحيح: أبوداود(٣٢٥١)، الترمذى(١٥٣٥)..لە ڕیوایەتێكی تر وەها هاتووە: ((فقد كفر)..واتە: هەر كەسێك سوێند بە غەیری خودا بخوات ئەوا هاوبەشی بۆ خودا داناوە، یان كوفری كردووە.

هەروەها لە فەرموودەیەكی تردا پێغەمبەر (ﷺ) ڕوونی كردۆتەوە: ((من كان حالفا فليحلف بالله أو ليصمت))صحيح: البخارى(٢٦٧٩) ئەگەر ویستت سوێند بخۆیت سوێند بە خودا بخۆ یان بێدەنگ بە..هەروەها فەرموویەتی: ((من حلف فقال في حلفه واللات و العزى فليقل: لاإله إلا الله)صحيح: البخارى (٤٨٦٠)، مسلم(٢٧٩٧).ئەگەر سوێندی بە غەیری خودا خوارد با خێرا و دەمودست تەوحیدەكەی خاوێن بكاتەوە.

* لێرەدا پرسیارێك بە مێشكماندا دێت: ئایا دروستە سوێند بە (ژیانی خودا) بخۆین؟

وەڵام: سوێند بە خوا، بە ناو و سیفەتەکانی دروستە، بۆ نموونە ئەگەر وتت: سوێند بە پەروەردگارم، سوێند بە خودا، سوێند بە الرحمان، سوێند بە الکریم..هتد..بە هەر ناوێکی تری دروستە..یان سوێند بە سیفەتەکانی خودا، دەڵێیت: بە(عزة)ی خودا ئەوەم نەکردووە، بە(رحمة)ی خودا ئەوەم نەکردووە، سوێند بە(حیاة)ی خودا..ئەمانە هیچ گرفتێکیان نییە و دروستن.

هەروەها هەندێ کەس هەن سوێند بە پێغەمبەر (ﷺ) دەخۆن چونکە بێگومان موسڵمان پێغەمبەری (ﷺ) لە خۆی و مااڵ و منداڵی خۆشتر دەوێت، ئەو لە ڕۆح و گیانمان خۆشەویستترە..لەوەدا هیچ قسەیەک نییە کە پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر سەر و سەر چاومانە.

بەڵام دروست نییە سوێند بە پێغەمبەریش (ﷺ) بخۆین، خۆشویستنی پێغەمبەر (ﷺ) شتێکی باشە بەڵام نابێ جگە لە خوا سوێند بەویش بخۆین.

کەواتە دروست نییە بڵێین: سوێند بە پێغەمبەر (ﷺ)، بەڵکو دەبێ بڵێین: سوێند بە خوا، یان بە ناو و سیفەتە بەرزەکانی..

خواست و داواتەنها لە خودا بێت

لە ڕابردوودا هاوبەش پەیداکەرەکان لەبری خودای گەورە، خواوەندەکانی خۆیان دەپەرست، بە واتا: ئێستا گەر تۆ بچیتە لای هەندێ گۆڕپەرست دەبینی دێتە لای گۆڕەکە و ڕەنگە هەندێ کات بەدەوریدا بخولێتەوە و لێی بپاڕێتەوە، لەوانەیە هەندێکیان بڵێن: (یا فحل الفحول، هبنی ولدا قبل الحول)..ئەی کەڵی هەموو کەڵان، سااڵێکی تر نەبات کوڕێکم پێ ببەخشە..کوڕی لێ دەوێ..

* جارێکیان له یەکێك له وڵاتەکان چوومە مزگەوتێك کە گۆڕێکی بەناوبانگی تێدا بوو، کەسێك بەڕەو گۆڕەکە هات و کەوتە سوژدەوە، بەردەرگا و پەیژەکانی گۆڕەکەی ماچ کرد، پاشان بە ملکەچی و زەلیلییەوە چووە لای گۆڕەکەوە، بەڕاستی ئەمە بۆ غەیری خوا نابێ، ئایا خودا لێت ڕازی دەبێ بەردەرگا و پەیژەی گۆڕ ماچ بکەیت و بە ملکەچی و سوژدەوە بچیتە لای گۆڕەوە؟ یان خۆت بە دیوارەکانی گۆڕەوە هەڵواسی و بیهەژێنی و داوای لێخۆشبوون و بەزەیی لێ بکەیت؟ کەواتە چیت بۆ خوا هێشتۆتەوە؟ خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِنْ شِرْكٍ وَمَا لَهُ مِنْهُمْ مِنْ ظَهِيرٍ﴾(سبأ: ٢٢) هەرگیز دروست نییە هیچ کەسێك بکەیتە هاوبەشی بەندایەتیکردن بۆ خودا.

دروست نییە بۆ داواکردن یان پاڕانەوە سەردانی گۆڕ بکەیت، بەڵکو وەکو سەردان و بۆ دڵنەرمکردن و نزاکردن بۆ خاوەنگۆڕ بڕۆ گۆڕستان: خودایە لێی خۆشبە، گۆڕەکەی بکە بە باخێك لە باخەکانی بەهەشت.. ئەمە ئاساییە و هیچ شتێکی تێدا نییە.

بەڵام داوا لە خاوەنگۆڕ بکەیت و لێی بپاڕێیتەوە سوودێکت پێ بگەیەنێ یان زیانێك لەسەر لاببات، ئەمە دروست نییە و لە ڕاستیدا ئەمە داواکردنە لە غەیری خوا.

هیچ نێوەندگیرییەك لەنێوان خۆت و خودا دامەنێ

خوای گەورە دەرگای نێوان ئێمە و خۆی بە کراوەیی بەجێهێشتووە، دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ﴾(غافر: ٦٠)، نەیوتووە: داوا لە فلان بکەن تا نزاکەتان بگەیەنێتە من.

هەندێ خەڵك ئەگەر پێی بڵێی دروست نییە بچیتە لای خاوەنگۆڕ، دەڵێ: نا..ئەم خاوەنگۆڕە لای خودا پلەوپایە و ڕێزێکی زۆری هەیە، من داوا لە خاوەنگۆڕەکە ناکەم بەڵکو دەیکەمە هۆکارێکی نێوان خۆم و خوا.

ئایا ئەمە کردەوەی موشریکەکانی قوڕەیش نەبوو؟ ئەوانەی کە لەبارەی بتەکانیانەوە(لات و عوززا)دەیانگوت: ﴿مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى﴾(الزمر: ٣)،بۆیە دەیانپەرستین چونکە لە خودامان نزیك دەخەنەوە.

(ئەبوو جەهل) کە بەرامبەر لات دەوەستا دەیزانی خودا لە لات و عوززا و هوبەل گەورەترە بەڵام ئەو کارەی بە ڕێگایەك بەرەو خودا دادەنا.

بێباوەڕەکانی قوڕەیش باوەڕیان وابوو کە ئەمانە لە لای خودا پلەوپایەیان هەیە بۆیە خۆیان لێیان نزیك دەکرەوە، کەواتە وریای هاوبەش پەیداکردن بۆ خودا (الشرك) بە،لەنێوان خۆت و خوادا هیچ ناوەندکارێك دامەنێ.

لە ڕێی نێوەندگیرەوە داوا لە خودا مەکە

سەبارەت بە کردەوەی ئەمڕۆی خەڵك دەزانین کە هەندێ کات نموونەمان بۆ دەهێننەوە.

هەندێ کەس دەڵێن: من بۆیە بۆ داواکارییەکانم دەچمە لای خاوەنگۆڕ چونکە ئەو لای خودا پلەوپایەکی هەیە، تۆ ئەگەر ئێستا بتەوێ بچیتە لای پاشایەك ئایا دەتوانی ڕاستەوخۆ و بێ ناوەندکار پێویستییەکەتی لێ داوا بکەیت؟

دەڵێم: نەخێر..دەبێ بچمە لای وەزیر و بە لای بەڕێوەبەری نووسینگەدا تێپەڕم.

دەڵێ: باشە..منیش لە ڕێی خاوەنگۆڕەوە دەگەمە لای خودا.

دەڵێم: ئەوەی سەبارەت بە پاشای دونیا گوتت ڕاستە، چونکە پاشای دونیا دەرگاکانی بە ڕووی خەڵك دادەخات و ناتوانی هەر کاتێ ویستت بگەیتە لای، بەڵام ئەگەر لەگەڵمان دانیشت یان لە مزگەوت نوێژی لەگەڵدا کردین ئەوا ڕاستەوخۆ دەگەیشتمە کنی و پێویستی بە بەڕێوەبەری نووسینگە نەدەکرد.

هەروەها ئەگەر لە شەقام لەگەڵم ڕۆیشت و لە فڕۆکەدا لەگەڵم سواربوو و وەکو خەڵکی ئاسایی هەڵسوکەوتی کرد ئەوا دەمتوانی بیگەمێ، هەروەها ئەگەر پەردە و بەربەستەکانی هەڵگرت ئەوا دەمتوانی بیگەمێ و پێویستم بە بەڕێوەبەری نووسینگە یان وەزیر نەدەبوو تاوەکو یارمەتیم بدات بۆ گەیاندنی پێویستییەك لە پێویستییەکانم بەم پاشایەی دونیا.

ئا ئەوە پێغەمبەری خوایە (ﷺ) کە خەڵك ڕاستەوخۆ دەهاتنە لای، بە دوای ڕێگا و هۆکاردا نەدەگەڕان تا بگەنە کنی.

هەروەها خودا لە نێوان تۆ و خۆیدا، لە نێوان خۆی و بەندەکانیدا هیچ کەسێکی دانەناوە پێویستییەکانی ئەوانیانی بگەیەنێتێ، بەڵکو فەرموویەتی: ﴿وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا﴾(الاعراف: ١٨٠) هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ﴾(غافر: ٦٠)، خودای گەورە داوامان لێ دەکات ڕاستەوخۆ داوا و پێویستی و خواستەکانمانی ئاراستە بکەین و کەس نەکەین بە نێوەندکار..

* لێرەدا پرسیارێك بە مێشکی خەڵکدا دێت: هەندێ خەڵك گوناهبارن – هەموومان هەڵەمان هەیە– کاتێ پێی دەڵێیت: مەڕۆ بۆ لای ئەم گۆڕە، یان پێی دەڵێی لە لای ئەم گۆڕەوە لە خودا مەپارێوە. پێت دەڵێ: من تاوانبار و گوناهکارم، دەچمە لای گۆڕی ئەم وەلییە پیاوچاکە تاوەکو پێویستیم بۆ خودا بەرز بکاتەوە چونکە خودا بەم گوناهبارییەمەوە گوێم لێ ڕاناگرێ.

وەڵام: پیاوچاکیی ئەم وەلییە نکوولّی لێ ناکرێ – ئێمەش گومان لە پیاوچاکیی وەلی نییە و ڕەنگە بەڕاستی پیاوچاك بووبێت – بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە پیاوێکی چاك بووە واتای ئەوە نییە من جۆرێك لە جۆرەکانی بەندایەتی بۆ بکەم، گوناهباربوونی منیش واتای ئەوە نییە ئیتر خودا گوێ لە پێویستییەکانم ناگرێ، نابێ کەمتەرخەمییەکانم بە چوون بۆ لای گۆڕەکان و داواکردنی پێویستییەکان چارەسەر بکەم، بەڵکو دەبێ کەمتەرخەمبوونم ببێتە پاڵنەرێك بۆ بەرەو خواچوون و بەندایەتیکردنی ئەو، هەڵە بە هەڵەیەکی لەو گەورەتر چارەسەر ناکرێ.

هاوەڵان باشترین پێشینانی ئێمە بوون

هاوەڵان ئەگەر تەنگانە و مەینەتییان تووشبایە ئایا دەچوونە کن گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ)؟

بە خوا شتی وامان نەبیستووە و پیاوانێك کە پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر یەکخواپەرستیی پاك پەروەردەی کردن کاری وا ناکەن.

* کاتێ لە دوا ساڵەکانی ژیانی ئیمام (عثمان) خودا لێی ڕازی بێت ئاشوب و ئاژاوە بڵاوبۆوە، پاشان هەر ئەم ئاشوبەش بووە هۆی کوژرانی، چەند مانگێك لە ماڵی خۆی بەند بوو تەنانەت نەیدەتوانی بۆ نوێژی جەماعەتیش بێتەدەر، بۆ دەربازبوون لەم ئاژاوەیە عبدالله کوڕی عومەری و عبدالله کوڕی مسعود نەیاندەزانی چی بکەن.؟

دۆخی شاری مەدینە شێوا، لەگەڵ ئەوەشدا تاکە هاوەڵێکیش نەچووە لای گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ) و بڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا لە کن خودا تکامان بۆ بکە ئەم ئاژاوەیە بە کۆتا بێت، چونکە دەیانزانی ئەمە حەرامە، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەستیان بۆ خودا بەرزەکردەوە.

* (حسین کوڕی علی و فاطمة) خودا له هەموویان ڕازی بێت کاتێ خەڵکی کوفەی عێراق داوایان لێ کرد بێته کنیان و ببێته والیان ئەویش بە دەمیانەوە چوو، پاشان ئەو هەڵانەی (یزید کوڕی معاویه) کردی، حسین نەچووە لای گلکۆی پێغەمبەر (ﷺ) و بڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا لە لای خودا تکامان بۆ بکە، ئەی پێغەمبەری خودا بە تۆوە تکا لە خودا دەکەین کۆتایی بەم ئازاوەیە بێنێ.. نەخێر..بە خوا وای نەکرد.

بەڵکو ڕۆیشت و پەیمانی دایە خەڵکی عێراق و پاشانیش خۆی سەری لەو پێناوە دانا – خودا لێی ڕازی بێت–

* هەروەها کاتێ لە سەردەمی(عومەر) خوا لێی ڕازی بێت وشکەسالّی ڕوویدا، نەچووە لای گلکۆی پێغەمبەر (ﷺ) ..بەڵکو چوونە دەشتودەر و داوای بارانیان کرد و نوێژەبارانەیان ئەنجامدا، عومەری دەستی بەرزکردەوە و گوتی: خودایە ئەگەر لە سەردەمی پێغەمبەرەکەت دووچاری بێبارانی و وشکەسالّی ببووینایە بە دوعای پێغەمبەر تکامان لێ دەکردی، بەڵام ئێستا خودایە بە دوعای مامی پێغەمبەر تکات لێ دەکەین، هەستە (عباس) لە خودا بپارێوە، (عباس)یش کە پیاوێکی باش بوو هەستا و گوتی: خودایە بارانمان بۆ ببیارێنە، خودایە تێراومان بکە..خوداش بارانی بۆ باراندن)).صحیح: البخاری(١٠١٠).

هاوەڵان نەچوونە لای گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ) داوای دوعای لێ بکەن بەڵکو خۆیان ڕاستەوخۆ لە خودا پاڕانەوە.

حەسرەتێك..

پێویستە وریای ئەم ڕەفتارانە بین، بەڕاستی من دڵسۆزی ئێوەم، دڵم پارە پارە دەبێ و چاوم فرمێسك دەبارێنێ بۆ بارودۆخی ئەو وڵاتە موسڵمانانەی هەندێ کات سەردانیان دەکەین، دەبینی گۆڕ وەکو مزگەوتی لێ هاتووە، هەندێ وەکو کەعبەی لێ

هاتیە، بینایەکی لەسەر دروست کراوە، هەندێ کات کەسی داماوی هەژار دێت پارووە نانەکی نییە زگی منداڵەکانی پێ تێر بکات کەچی ئەوەی هەیەتی دەیدات بە خزمەتکاری گۆڕەکە تاوەکو بۆن و بەرامەی پێ بکرێ بەسەر گۆڕەکەیدا بپرژێنێ، یان بیدات بە نەوت تا چرای پێ هەڵگیرسێنێ، یان هەر شتێکی تر.

پێویستە مرۆڤ بگەڕێتەوە لای خودا و یەکخواپەرستیی پاك و خاوێن بۆ پەروەردێنی جیهانیان بەجێ بگەیەنێ.

بە خوا ئەگەر مرۆڤ بە مەیخۆری و کەتنکاری و سووخۆری بگەڕێتەوە لای خودا، لە کن خوا ئاسانترە لەوەی وەها بگەڕێتەوە کە لە ژیانیدا لە غەیری خودا پاڕابێتەوە، یان قوربانی بۆ گۆڕێك کردبێت یان بە دەوری گۆڕێکدا خولابێتەوە یان پێویستییەکی لە گۆڕ خواستبێت.

خودای باڵا دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا(١٨)﴾(الجن: ١٨) نە هیچ پاشایەك، نە هیچ پێغەمبەرێك، نە هیچ پیاوباشێك..هەموو ئەم پاڕانەوە و پێویستییانە دەبێ ئاراستەی خودا بکرێن.

وریابە.. پارەکەت لە چیدا دەبەخشی

هەندێ خەڵك هەن ئەگەر منداڵەکەی نەخۆش کەوت نەزر بۆ خاوەنگۆڕێك دەکاتو دەڵێ: لەسەرم نەزر بێت ئەگەر کوڕەکەم چاك بۆوە پارە ببەخشم بە گۆڕی فلان!..براکەم: پارە بۆ بنیاتنانی مزگەوت ببەخشە، بۆ تێرکردنی برسی و هەژاران ببەخشە، کۆمەکی بێباوکان بکە تا بتوانن سکیان تێر بکەن و خۆیان پۆشتە بکەنەوە.

پاره تەرخان دەکەیت بۆ مردییەکی ناو گۆڕ؟! لەپێناوی ئەوەی چرایەك لەسەر گۆڕەکەی هەڵبگیرسێ؟! یان گوڵاوپرژێنی گۆڕەکەی بکرێ؟! یان هەر شتێکی تر، ئەمانە هەموو ئەو ڕەفتارانەن کە خودا جڵەوگیری لێ کردوون.

نەتەوەی نووح چۆن هاوبەشیان بۆ خودا دانا؟

گەورەکردنی گۆڕ و پیاوچاکان بەم شێوەیە نەتەوەی نووحی تووشی هاوبەش پەیداکردن(الشرك) کرد، خودای گەورە لەم بارەوە دەفەرموێت: ﴿وَقَالُوا لَا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا(٢٣) وَقَدْ أَضَلُّوا كَثِيرًا وَلَا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلَّا ضَلَالًا(٢٤)﴾(نوح: ٢٣ و ٢٤).

(یغوث و یعوق و نسر و ود و سواع) کێ بوون؟

ئەمانە پیاوچاکی نەتەوەی نووح بوون، کاتێ مردن خەڵك گوتیان: ئەم پیاوباشانە ڕۆیشتن کە لەبارەی نوێژ و ڕۆژوو و چاکەکاری ئامۆژگارییان دەکردین..دەی با چەند پەیکەرێکیان بۆ دروست بکەین تاوەکو خواپەرستیمان وەبیربێتەوە، پەیکەریان لە شێوەی ئەوان دروست کرد، کاتێ پەیکەرەکانیان دەبینی دەیانگوت:خودا ڕەحمیان پێ بکات با وەکو ئەوان نوێژ بکەین..

سەرەتا هیچ کێشەیەك نەبوو، بەڵام کاتێ ئەم نەوەیە ڕۆیشت و نەوەی دووەم هات و لە هیچ تێ نەدەگەیشت، پێشتر کە دەیبینی باوکی دەچێتە لای پەیکەرەکان وایدەزانی کە تەنها دەستێکی پێدا دێنێ، ئەویش کە دەچووە لایان دەستی پێدا دەهێنان، یەکێکی تر بۆنپژێنی دەکرد، یەکێکی تر کە دەیبینی تۆز و خۆڵی لەسەر نیشتووە پاکی دەکردەوە.

بە تێپەڕبوونی کات ئەم پەیکەرانە پیرۆز و گەورە تەماشاکران، تەنانەت گومانیان برد کە بۆ باراندنی باران و چاکبوونەوەی نەخۆش ڕێگایەکن بەرەو خودا و دەستیان کرد بە پەرستنیان.

هەر ئەمەشە لە کن گۆڕەکان ڕووەدات، سەرەتا خەڵێن: ئەمە ڕێگایەکە بەرەو خودا، بەڵام دواتر لەجیاتی خودا دڵی زیاتر بۆ لای گۆڕەکە دەچێ.

بۆ خاتری خودا، وریای یەکخوا پەرستی بن

ئای خودایە یەکخواپەرستی چەند چێژبەخشە و چەند خۆشە بە دڵێکی ساغ و خاوێن لە هەموو جۆرە شیرکێك بە دیداری خودا شاد بیت.

ئەگەر ویستت سوێند بخۆیت با بە خوا بێت..ئەگەر ویستت داوای کۆمەك بکەیت با لە خوا بێت.. ئەگەر ویستت نەزر بکەیت با بۆ خوا بێت..ئەگەر ویستت قوربانی بکەیت با بۆ خوا بێت..ئەگەر ویستت کڕنووش ببەیت بۆ خوای ببە، هەموو بەندایەتییەکت بۆ خودا بێت و هیچ کەس مەکە بە هاوبەشی.

واشدد یدیك بحبل الله معتصماً فإنه ركنٌ إن خانتك أركانٌ

دەست بە ئایینی خواوە بگرە و پشتی پێ ببەستە، چونکە ئەو پشتە ئەگەر پشتیوانانت پشتت تێبکەن.

هەرگیز دروست نییە هیچ جۆرە بەندایەتییەك بۆ جگە لە خوا ئەنجام بدرێت تەنانەت ئەگەر بۆ پێغەمبەری خوداش (ﷺ) بێت، ئەو خۆشەویست و پێغەمبەر و گەورە و ڕۆحمانە بەڵام دروست نییە هیچ چەشنە بەندایەتییەکی بۆ ئەنجام بدەم..

ئامۆژگاری

((ئایین ئامۆژگارییە))

ئامۆژگاری

ئامۆژگاریکردن زۆر لەنێو خەڵکدا دووبارە دەبێتەوە، باوك ئامۆژگاریی منداڵەکانی دەکات، پیاو ئامۆژگاری هاوسەرەکەی دەکات، ژن ئامۆژگاری پیاوەکەی دەکات، هاوانەیە هەندێ کوڕ ئامۆژگاری بابی بکات، هاوڕێکان ئامۆژگاری یەکتر دەکەن، دراوسێکان ئامۆژگاری یەکدی دەکەن، پێشنوێژ ئامۆژگاری نوێژکەران دەکات و بە پێچەوانەشەوە، هەروەها ئەگەر پێویست بکات دەکرێ ئامۆژگاری فەرمانڕەوا بکرێت.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئەو شێوازەی ئامۆژگاریی فەرمانڕەوای پێ دەکەم هەمان ئەو شێوازەیە کە ئامۆژگاریی دایکم و باوکم و کوڕمی پێ دەکەم؟

یان بابەتەکە لە شێواز و ناوەڕۆکی ئەم ئامۆژگارییەدا جیاوازە؟

شێوازی ئامۆژگاریکردن

هەندێ ئامۆژگاری باشە و بابەتەکەشی قایلکەرە بەڵام شێوازی پێشکەشکردنەکەی نەگونجاوە، بۆیە کەسی ئامۆژگاریکراو ئەم ئامۆژگارییە وەرناگرێ ئەگەر بەدڵنیاییەوە بشزانێ ڕەوا و ڕاستە ئەوەش وەکو خۆبەزلزانی و کەللەڕەقییەك.

ئامۆژگاری بنچینەیەکە لە بنچینەکانی ئیسلام، بۆیە هەموو پێغەمبەران ئامۆژگاری نەتەوەکانیان بوون، ئەمە صاڵح بە نەتەوەکەی دەڵێ: ﴿وَنَصَحْتُ لَكُمْ﴾ (الاعراف: ٧٩)، ئەوە نووح بە نەتەوەکەی دەڵێ: ﴿وَأَنْصَحُ لَكُمْ﴾(الاعراف: ٦٢)هەموو پێغەمبەرێك پەیامەکەی ڕوون دەکاتەوە و گوزارشت لە خۆی دەکات: ﴿لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ﴾(الاعراف: ٧٩)..

واتە: ئەی خەڵکینە من وەکو ئامۆژگارێکی دڵسۆز بۆتان هاتووم، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((الدين النصيحة)صحيح: البخاری، مسلم(٥٥)..چۆن؟

واتە: موسڵمانان بەدڵسۆزییەوە ئامۆژگاریی یەکتر دەکەن، من ئامۆژگاریی قوتابییەکانم، هاوڕێکانم، دراوسێکانم دەکەم، چونکە من حەز دەکەم هەموو خەڵك لەسەر ڕێی ڕەوا و هەق بێت.

بەدڵنیاییەوە بزانە ئەوەی توانای هەیە و ئامۆژگاریت ناکات چاکەی بۆت ناوێت، ئەوەی دەتبینێ نوێژ ناکەیت و پێت ناڵێ: فلان نوێژ بکە، دەتبینێ مەی دەخۆیتەوە و پێت ناڵێ: مەیخۆری حەرامە، دەتبینێ بێڕەوشتی دەکەیت و پێت ناڵێ: بۆچی ئەم بێڕەوشتییە دەکەیت؟

ئایین ئامۆژگارییە

بەڵام ئەم وتەیەی پێغەمبەر (ﷺ) (الدين النصيحة) واتای چییە؟..ئایا واتای ئەوەیە کە ئایین جگە لە ئامۆژگاری هیچی تری تێدا نییە، نوێژ و ڕۆژوو و حەجی تێدا نییە؟

وەڵام: مەبەست لە(الدين النصيحة) ئەوەیە: گرنگترین شتێك ئایینی لەسەر وەستا بێت و دامەزرا بێت بریتییە لە ئامۆژگاری..وەکو قسەی پێغەمبەر (ﷺ): (الحج عرفة)صحيح: الترمذي(٨٨٩)، النسائی(٣٠١٦)، (الالبانی)ش لە (صحيح الجامع) بە صحیحی داناوە..چۆن (الحج عرفة)یە؟

ئایا ئەوەی واتای ئەوەیە ئەگەر کەسێك چووە حەج و لە عرفە وەستا و گەڕایەوە و تەوافی نەکرد و (سعی) نەکرد و (جمرات)ی نەهاویشت پێی دەڵێین: حەجەکەت سەت لە سەت تەواوە؟..نا..

بەڵکو مەبەست (الحج عرفة) واتا گرنگترین شت لە حەج وەستانە لە عرفە، ئەگەر کەسێك (الجمرات)ی نەهاویشت پێی دەڵێین: کاوڕێك سەربڕە..- واتە: خۆێنت بەسەرە- یان ئەگەر کەسێك لە کاتی تەواف نەیزانی چەند جار خولاوەتەوە یان بڕی یاریکراو نەخولایەوە یان شەو لە (مزدلفة) نەمایەوە، هەندێ کات بە هۆی نەزانییەکەی یان لەبیرچوونەوەی یان نەتوانینی عوزری قەبوڵ دەکرێ و بە خۆێن قەرەبووی دەکاتەوە، تەنها وەستان لە عرفە نەبێت، ئەگەر لە دەستی چوو حەجەکەی بۆ نانووسرێ جا لەدەسچوونەکەی بەئەنقەست بێت یان لەبیرچوون.

ئایینیش بەم شێوەیە ئەگەر ئامۆژگاری تێدا نەبێت واتای ئەوەیە تووشی کەموکوڕییەکی گەورە بووە.

هاوەڵان گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئایین ئامۆژگاری و دڵسۆزییە بۆ کێ؟ پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: (لله و لكتابه و لرسوله و لأئمة المسلمين و عامتهم).

لله، واتە: بە جێبەجێکردنی شەرعەکەی.

لكتابه، واتە: بە پیادەکردنی قورئان.

لرسوله، واتە: بە شوێنکەوتنی سوننەت.

أئمة المسلمين، واتە: ئەو خەڵکەی پلەوپایەکیان هەیە، وەکو: (سەرۆك دەوڵەت، ئیمام، وەزیر، ئیمامی مزگەوت، وتاربێژی هەینی، مامۆستا، دکتۆری زانکۆ)، هەر کەسێك دەسەڵاتێکی بەسەر موسڵمانان هەبوو پێویستە ئامۆژگاری پێشکەش بکرێ.

ئەدەبی ئامۆژگاری

بۆئەوەی ئامۆژگاری قەبوولێ بکرێت ئادابی خۆی هەیە، هیوادارم وریای ئەم ئادابە بیت، خۆم لە چەندان هەڵوێستدا تاقیمکردۆتەوە، ئەگەر تۆیش لە کاتی ئامۆژگاریکردندا پەیڕەویان بکەیت ئەوا بەرانبەرەکەت لێت وەردەگرێ و ئەوەی لێیت دەوێ بە خۆشحاڵییەوە جێبەجێی دەکات.

بەڵام ئەگەر ئەم ئادابە پیادە نەکەیت ڕەنگە ئامۆژگارییەکەت ڕەتبکاتەوە یان پێت بڵێ: هیچ پەیوەندییەکت بە کاروباری منەوە نییە، یان دەست لە کاروباری من وەرمەدە، یان لەوانەیە ئەگەر بێتەسەری دەستت لێ بوەشێنێ، هەندێ خەڵک هەیە زۆر تووڕەیە و ئەم جۆرە ڕەفتارانەی لێ دەوەشێتەوە.

لە گرنگترین بابەتەکانی پەیوەست بە ئامۆژگارییەوە:

* ئامادەکردنی ئامۆژگاریکراو بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاریی، بۆ نموونە: کاتێ دەمەوێ ئامۆژگارییەکت بکەم یەکسەر نایەم بێ هیچ زەمینەسازییەك ئامۆژگارییەکەت پێشکەش بکەم، نەخێر، پێویستە زەمینەسازییەکت بۆ بکەم..کەشێکی شیاو بخوڵقێنم و بۆ ئەو مەبەستە نموونەیەك بێنمەوە، هەروەکو وتراوە: ((قسە بە نموونە ڕوون دەبێتەوە)).

* پێغەمبەر (ﷺ) ویستی لەبارەی زیکرێکی دوای نوێژ ئامۆژگارییەکی (معاذ) بکات، لەوانەیە مەعاز دوای زوو هەڵدەستا یان شتێکی تری لەو جۆرە، پێغەمبەر (ﷺ) ویستی بە شێوازێکی شیاو زیکرێکی فێربکات، پێی فەرموو: (ئەی مەعاز سوێند بە خوا تۆم خۆشدەوێ)، تەماشای نەرمونیانیی ئەم قسەیە بکە، هەر قسەیەك

ـوای دەربڕینی ئەم خۆشەویستییە پێغەمبەر (ﷺ) بە مەعازی بڵێ بێگومان قەبوولّی ـەکات.

من کاتێ دێم ئامۆژگاریت بکەم و بڵێم: بۆچی نوێژمان لەگەڵ ناکەیت؟ پێت ـەڵێم: ئەی فلان واللە من تۆم خۆش گەرەکە و حەز بە دۆستایەتیت دەکەم و لە دڵمدا شوێن و پایەیەکت هەیە، هەر قسەیەکی دوای ئەمە بیڵێم لێمی وەردەگریت.

پێغەمبەر (ﷺ) وتی: (ئەی مەعاز واللە من تۆم خۆشدەوێ)، مەعاز بەم قسەیە ـڵخۆش و شادمان بوو، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (لە دوای هەموو نوێژێك ئەم دوعایە بخوێنە: اللهم أعني على ذكرك و شكرك و حسن عبادتك)صحيح: ـبوداود(١٥٢٢)، مسند أحمد(٢٢١١٩).. سەیری شێوازەکەی بکە چەند جوانە؟!

* هەندێ کات عومەری خودا لێی ڕازی بێت لە کن (حجر الاسود – بەردەڕەشەکە) پاڵپاڵێنی دەکرد، پێغەمبەر (ﷺ) وێستی ئامۆژگاری بکات، بێ هیچ توندوتیژی و شکاندنەوەیەك پێی گوت: (ئەی عومەر ئەتوو پیاوەکی بەهێزیت) عومەر بەمە دڵخۆش بوو، پاشان پێی گوت: (لە کن بەردەڕەشە پاڵپاڵێن و ململانێ مەکە)..تەماشاکە شێوازێکی چەند جوانە؟!

* هەروەها لە نەرمونیانیی پێغەمبەر (ﷺ) لە کاتی ئامۆژگاریکردن: جارێکیان بە لای هۆزێکی عەرەبدا تێپەڕی بانگی کردن: (ئەی بنی عبدالله)، خۆیان بێباوەڕ بوون بەڵام ناوی باپیریان ناوێکی جوان بوو: بنی عبدالله، پێغەمبەر (ﷺ) پێی گوتن: (ئەی بنی عبدالله خودا ناوێکی جوانی بۆ باوکتان دیاری کردووە)..چ شێوازێکی جوانە بۆ بانگەوازکردن! چۆن هەوڵ دەدات بەم شێوازە جوانە دڵیان کەمەنکێش بکات..خۆزگە ئێمە ئەم شێوازەمان بەرانبەر خەڵك هەبووبایە.

* نموونە: وا دابنێ چوویتە نێو دوکانێکی جگەرەفرۆشتنەوە، دەشزانیت کە جگەرە حەرامە، خودای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ﴾(الاعراف: ١٥٧) ، دیارە کە جگەرە لە شتە پیسەکانە..دەتەوێ ئامۆژگارییەکی خاوەن دوکانەکە بکەیت تاوەکو چیتر جگەرە نەفرۆشێت، پێی دەڵێیت: ماشاءالله براکەم دیکۆری دوکانەکەت زۆر جوانە و شوێنەکەشت باشە، چۆن ئەم شوێنە باشەت هەڵبژاردووە؟ ماشاءالله براکەم زەوقێکی جوانت هەیە و وا دیارە زۆر گرنگی بە دوکانەکە دەدەیت!

ئەویش بەم وتانە کەیفخۆش دەبێت و پێت دەڵێ: سوپاس براکەم، ڕاستە شوێنەکەم باشە و پارەیەکی زۆرم تێدا خەرج کردووە..وردە وردە بە دەمتەوە دێت.

پاشان پێی بڵێ: هیوادارم خودا بەرەکەت بخاتە ڕۆزیتەوە و کارەکانت بۆ ئاسان بکات،، ئەویش بەم قسانەی دڵخۆش دەبێت.

پاشان پێی بڵێ: بەڵام هیوادارم خودا هاوکارت بێت تاوەکو واز لە فرۆشتنی جگەرە لەم دوکانە جوانە بێنی..

ئێستا ناتوانێ پێت بڵێ: ئەتوو چ پەیوەندییەکت بە کاری منەوە نییە، یان من لە بازرگانیکردن و هەڵسوکەوتەکانم ئازادم، چونکە تۆ بە شێوازە جوانەکەت ئەم ڕێگایەت لێ گرت، دڵێت کۆنترۆڵ کرد..ناچارە بڵێ: وایە، خودا پاداشتی خێرت بداتەوە.

* نموونە: کەسێك لە مەجلیسێك دانیشتووە و غەیبەتی خەڵك دەکات، دەڵێ: براکەم فلان هاوڕێمان دەناسی؟

دەڵێم: بەڵێ.

دەڵێ: کەسێکی ڕەزیل و چڕدۆیە، بێ ئەدەبە، ئیتر دەست دەکات بە گاڵتەپێکردن و قسەپێگوتنی، ئەوەش دروست نییە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا﴾(الحجرات: ١٢) ، ویستم ئامۆژگاری بکەم..

پێم گوت: براکەم ماشاءالله بۆ قەناعەتپێکردن شێوازت زۆر ئاسانە، مەجلیست خۆشە و شادی دەخاتە دڵەوە..تۆ کاتێ ئەم قسەیەی پێ دەڵێی ئەو دڵی خۆش دەبێت..

ئەویش پێت دەڵێ: سوپاست دەکەم براکەم.

تۆش پێی دەڵێی: بەڵام خۆزگە باسی ئابڕووی خەڵکت نەکردبایە، ئەی نازانی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا﴾ ، غەیبەت: ئەوەیە باسی شتێکی براکەت بکەیت کە ئەو پێی ناخۆش بێت.

تۆ بەم شێوازە جوانەت دەرگات لەسەر داخست بە جۆرێك ئێستا ناتوانێ پێت بڵێ: تۆ چ پەیوەندییەکت بە کاری منەوە نییە..

نیاز و نییەت، دڵی هەموو کردەوەیەکە

* لێرەدا پرسیارێك بە مێشکی خەڵکدا دێت: هەندێ کەس ئامۆژگاری وەکو ئامۆژگاری پێشکەش ناکەن بەڵکو وەکو گاڵتەکردنێکە بە کەسی ئامۆژگاریکراو.

ئەوەش لەبەرئەوەیە چونکە زۆربەی کات نیازەکان خاوێن نین، بەو واتایەی کە لەوانەیە کەسێك کە یەکێك دەبینێ لە مەجلیسێك دانیشتووە و غەیبەتی یەکێکی تر دەکات، دەبینی قسەی لەگەڵ دەکات نەك لەپێناو خودا ئامۆژگاری بکات تاوەکو غەیبەتی براکەی نەکات بەڵکو بۆ سووکایەتی پێکردن قسەی لەگەڵدا دەکات، چونکە

ناتوانێ ئەوەی ئەو دەیکات ئەویش بیکات بۆ نموونە ئەگەر بیتوانیبایە وەکو ئەو قسەی کردبایە قسەی دەکرد و ئامۆژگاریشی نەدەکرد.

بۆیە دەبێ لە کاتی ئامۆژگاریکردندا نیازی دڵت خاوێن ساغ بکەیتەوە، ئامۆژگاری بەشێکە لە ئایین و ئەسڵیش وەهایە کە مرۆڤ لە هەموو کارەکانیدا نییەتی خاوێن بێت.

کاتێ وەکو سووکایەتییەك ئامۆژگاریی خەڵك بکەم ئەوا پاداشتێکی گەورەم لەدەست دەچێ. ئەوەش شتێکی گرنگە، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (ئەی ئەوانەی بە زمان ئیمانتان هێناوە بەڵام ئیمان نەچۆتە نێو دڵتانەوە: غەیبەتی موسڵمانان مەکەن، باسی ئابڕوو و ناموسیان مەکەن، بە دوای کەموکورتییەکانیاندا مەگەڕێن، چونکە هەر کەسێك بە دوای نەنگییەکانی براکەیدا بگەڕێ خوداش بە دوای نەنگییەکانی ئەودا دەگەڕێ، هەر کەسێکیش خودا بە دوای کەموکوڕییەکانیدا بگەڕێ حەیای دەبات ئەگەر لەناوماڵی خۆشیدا بێت.)صحیح: أبو داود(٤٨٨٠)، مسند أحمد(١٩٧٧٦)..ألبانیش لە (صحیح الجامع) بە صحیحی داناوە(٧٩٨٤).

بۆیە ئەوەی بە دوای کەمایەسییەکانی خەڵکدا دەگەڕێ و لەبارەیانەوەی دەدوێ بێگومان هیچ پاداشتێکی چنگ ناکەوێ بەڵکو لە دونیا و ئاخیرەت دووچاری سزا و ئەشکەنجە دەبێت.

دۆلکەیەك ئاوی بەسەردا بکەن:

لە سەرەتادا باسی ئەوەم کرد کە چۆن ئامۆژگاریی دایك و باوك و برا و دراوسێ و هاوڕێ و مامۆستا و فەرمانڕەوا و هەر کەسێکی تر بکەین، هەر کەسێك شێوازی ئامۆژگاریی خۆی هەیە. ئێستاش بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست لەم بنەمایە نموونە دێنینەوە.

* نموونە: کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ هاوەڵەکانی لە مزگەوت دانیشتووە، ئەعرابییەك دێتە ناو مزگەوتەوە، لەجیاتی ئەوەی بچێت لە ئەڵقەی زیکرەکە دانیشێ، دەچێتە گۆشەیەکی مزگەوتەکە و کراسی هەڵدەکا و میزێك لەو ناوە دەکات، پێغەمبەر ﷺ) بینی و هەندێ هاوەڵ هەستان سەرزەنشتی بکەن و هەندێکیان ویستیان لێی بدەن.

ئێستا پیاوەکە میز دەکات، بواری گۆڕانی ئەم دۆخە نەماوە، دەستی کردووە بە میزکردن، چی دەکەیت؟ پێی دەڵێیت: میزەکەت ڕاگرە؟!

پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ هاوەڵەکانی بینی گوتی: لێی گەڕێن، هیچی لێ مەکەن.

کاتێ کابرا لە میزەکەی بۆوە پێغەمبەر (ﷺ) بە هێمنی بانگی کرد: وەرە..هات..پێی گوت: ئەم مزگەوتە بۆ ئەمە دروست نەکراوە میزی تێدا بکەیت، بۆ نوێژکردن و تەسبیحات و قورئانخوێندن دروست کراوە..ئیتر بەم جۆرە و کابرا ڕۆیشت..

گرفتی دووەم میزە پیسەکەیە، گوتی: (دۆلکەیەك ئاوی بەسەرداکەن) صحیح: البخاری (٢٢٠)..

زەویی مزگەوتەکە لە وردە بەرد بوو، بەپێداکردنی ئاو میزەکە دەچووە ژێر زەوی و خاوێن دەبۆوە..

سەیری شێوازی پێغەمبەر (ﷺ) بکە لەگەڵ ئەوە عەرەبە دەشتەکییە، چونکە مرۆڤێکی نەزان بوو ئەم شێوازەی دەگەڵ بەکارهێنا.

ئەی مەعاز تۆ فیتنەچیت؟

(معاذ کوڕی جبل) زانایەکە لە زانایانی هاوەڵان، کاتێ هەڵەیەک دەکات پێغەمبەر (ﷺ) لێی تووڕە دەبێ، لە ئەعرابییەکە تووڕە نەبوو چونکە نەزانە و مەعزورە..هەڵەکەی مەعاز چی بوو؟

مەعاز لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی دەکرد، پاشان دەچۆوە وەکو نوێژی بۆ هاوەڵەکانی دەکرد، بۆ وی دەبووە سوننەت و بۆ ئەوانیش فەرز، جارێکیان نوێژی دابەستا و خەڵکیش لە دواوە، هەندێکیان ماندوون بەدرێژاییی رۆژ کاریان کردووە، مەعاز دوای فاتیحە نوێژەکەی درێژ کردەوە، لەبری ئەوەی سوورەتە کورتەکان بخوێنێ دەستی کرد بە خوێندنی سوورەتی(البقرة)..پیاوێك ماندوو و شەکەت بوو، نییەتی جیابوونەوەی نوێژی مەعازی هێنا و بەتەنها نوێژەکەی تەواو کرد و ڕۆیشت..ڕەنگە نوێژەکەی مەعاز زیاتر لە سەعات و نیوێکی خایاند بێت، کاتێ تەواو بوو و ئاوڕی دایەوە خەڵك قاچەکانی خۆیان دەشێلا..

پیاوەك بە مەعازی گوت: پیاوێك هات نوێژی لەگەڵمان دابەستا بەڵام لە نیوەی پچڕاندی و ڕۆیشت.

مەعاز سیفەتی دووڕووان دەزانێ کە لە نوێژکردندا تەنبەڵن، ﴿وَإِذَا قَامُوا إِلَى الصَّلَاةِ قَامُوا كُسَالَى﴾(النساء: ١٤٢) بۆیە گوتی: ئەو کابرایە دووڕووە.

پیاوەکەش چوو بە کابرای گوت کە مەعاز ئەوەی بە دووڕوو ناوزەد کردووە.

کابراش گوتی: واللە دەچمە کن پێغەمبەر (ﷺ) و سکاڵای خۆمی لێ دەکەم.

کابرا چووە لای پێغەمبەر (ﷺ) و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا مەعاز منی بە نوورِوو داناوە، پێغەمبەر (ﷺ) بانگی مەعازی کرد و گوتی: مەعاز تۆ لە نوێژەکانت چ سوورەتێك دەخوێنی؟

گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا سوورەتەکانی (البقرة و ال عمران) دەخوێنم.

پێغەمبەر (ﷺ) پێی گوت: (أفتان أنت یا معاذ)؟! تووڕەش بوو، تۆ دەتەوێ خەڵك لە ئایین بتۆرێنی و تەرە بکەیت؟! نوێژیان لەسەر قورس دەکەیت؟! سوورەتە کورتەکانی وەکو (الغاشیة و الاعلی و الزلزلة)یان بۆ بخوێنە.

پاشان بەوپەڕی نەرمونیانییەوە ئاوڕی بۆ لای کابرا دایەوە و پێی گوت: تۆ چی دەخوێنی و چۆن نوێژ دەکەیت؟

گوتی: من قورئان دەخوێنم و نوێژ دەکەم و دادەنیشم و دوعا دەکەم..داوای بەهەشت لە خودا دەکەم و لە ئاگریش پەنای پێ دەگرم، بەڵام ئەو منگەمنگەی تۆ و مەعاز نازانم..تۆ ئەی پێغەمبەری خوا تۆ دوعایەکی درێژ و مەعازیش دوعایەکی درێژ دەخوێنێ بەڵام من چ سەر لەوە دەرناکەم.

پێغەمبەریش (ﷺ) پێی فەرموو: منگەمنگەکەی ئێمەش هەر بۆ بەهەشتەکەی تۆیە.

هەمان شت بەڵام بە شێوازی جیاواز.

مەبەست: ئامۆژگاریی بۆ هەر یەکێك لەمانە: منداڵێکی گچکە، دایك، فەرمانڕەوا، پیرەپیاوێك..هتد..شێوازی دیاریکراو و تایبەتی خۆی هەیە.

(خاطبوا الناس علی قدر عقولهم) بەپێی ئاستی عەقڵی خەڵك قسەیان بۆ بکە، ئامۆژگارییان بکە..

پێویستە مرۆڤ وریای ئەم خاڵە بێت.

ئەی منداڵ ناوی خوا بهێنه

تەماشاکه پێغەمبەر (ﷺ) چۆن منداڵان ئامۆژگاری دەکات، (عەمری کوڕی ئەبو سلمی) لەسەر خوانی خواردن لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دادەنیشێ، عەمر دەڵێ: منداڵێکی بچووك بووم دەستم لەناو قاپی ئەملا و ئەولا پێ دەکرد، پێغەمبەر (ﷺ) پێی گوتم: بچکۆڵ ناوی خوا بهێنه و بە دەستی ڕاستت بخۆ و خواردنی پێش خۆشت بخۆ)صحيح: البخاری(٥٣٧٦)، مسلم(٢٠٢٢). تەماشای ئەو نەرمونیانییەی پێغەمبەر بکه لەگەڵ ئەو منداڵه..لەوانەیه هەندێ کات پێغەمبەر (ﷺ) لە بەرانبەرەکەی تووڕه بووبێت، ئەوەش لەسەر ڕەفتارێکی دیاریکراو.

لەم نوێژەدا قسەی خەڵك دروست نییه

بەڵگەیەکی تری نەرمونیانیی پێغەمبەر لەگەڵ یاوەرانی، ئەو ڕووداوەیه کە لەگەڵ (معاویه کوڕی الحکم) ڕوویدا، معاویه لە شاری مەدینه دانەدەنیشت، لە بیابان دەژیا، مەڕ و حوشتری هەبوو، هەندێ کات بۆ کڕین و فرۆشتن دەهاتە مەدینه، جارێکیان بۆ پێویستییەك هاتە مەدینه و دیتی وا پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ یاوەرانی دانیشتووه و باسی ئادابی پژمینیان بۆ دەکات، لەمەوە معاویه فێربوو کە ئەگەر کەسێك پژمی و گوتی: الحمدلله، دەبێ بەرانبەرەکەی پێی بڵێ: يرحمك الله..

دوای چەند ڕۆژێك معاویە هاتەوە مەدینە، بینی پێغەمبەر (ﷺ) وا لەناو نوێژدایه، ئەویش هات و نوێژی لەگەڵ جەماعەت دابەستا..پیاوێك پژمی و گوتی: الحمدلله..معاویەش زانیارییەکەی پێشووی لەبارەی پژمینەوە وەبیرهاتەوە، بە پیاوەکەی گوت: يرحمك الله..نوێژکەران ئاوڕیان لێدایەوە، کاتێ بینی تەماشای دەکەن

و ئاوڕی لێ دەدەنەوە گوتی: چییە بۆچی تەماشام دەکەن؟! ئەوانیش دەستیان کرد بە ئیدانی ڕانیان بۆ بێدەنگکردنی، ئەویش بێدەنگ بوو..کاتێ نوێژ تەواو بوو پێغەمبەر (ﷺ) ئاوڕی دایەوە و گوتی: ئەوە کێ بوو قسەی کرد؟ معاویە گوتی: من بووم..پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: وەرە..

معاویە دەڵێ: دایك و باوکم قوربانی پێغەمبەر (ﷺ) بن، سوێند بە خوا نە خۆی و نە تووڕە و گرژ کردم، نە جنێوی پێدام و دەموچاوی تێکنا تەنها پێی گوتم: معاویە، ئەم نوێژە نابێ هیچ جۆرە قسەیەکی خەڵکی تێدا بکرێ، بەڵکو تەنها بۆ زیکر و بوعایە.)صحیح: مسلم(٥٣٧).

بڕوانە ئەم شێوازە نەرمونیانە، خۆزگە ئێمەش ئەم شێوازەمان لە مامەڵەکردنمان بەگەڵ خەڵك بەکاردێنا.

ئامۆژگاریکردن لەسەر هەموومان پێویستە بەڵام دەبێ بە شێوازێکی شیاو بێت، جا بە قسەی ڕاستەوخۆ بێت یان نامەی مۆبایل یان فاکس یان هەر شێوازێکی تری نەرمونیان تاوەکو خەڵك لێمانی وەربگرێت.

میهرەبانی و نەرمونیانی

﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ﴾

میهرەبانی و نەرمونیانی

بێگومان تۆ ناتوانی بە مالّ و دارایی و بە هێزی جەستە و جوانیی ڕوو و پۆستی بەرزت خۆشەویستیی خەڵك بەدەست بێنی.

بەڵکو دەتوانی بە ئاکار و مامەڵەکردن لەگەڵیان خۆشەویستیی خەڵك دەست بخەیت.

مرۆڤ هەر چەند زیاتر ڕەفتاری لەگەڵ خەڵك جوان بێت خەڵك پتر خۆشیان دەوێت، تەنانەت لە خێرکردن بە هەژارانیش دەبێ بە مامەڵەیەکی جوان بێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا تُبْطِلُوا صَدَقَاتِكُمْ بِالْمَنِّ وَالْأَذَى﴾(البقرة: ٢٦٤) واتە کاتێ خێرێك بە کەسێك دەکەم و بە ناو چاویدا دەدەم و دەڵێم: ها بیگرە جارێکی نەیەیتەوە سەر ڕێم..بە خوا وەکو ئەوە وایە هیچم پێ نەدابێت.

بەڵام کاتێ هەژارێك دێتە لام و دەڵێ: لەوەی خودا پێی داوی بەشم بدە، منیش پێی دەڵێم: بە خوا براکەم حەزم دەکرد بتدەمێ، من هەست بە ئازارەکانت دەکەم و دەزانم پێویستتە بەڵام بە خوا هیچم بەدەستەوە نییە بەڵام دوعات بۆ دەکەم..لەم حاڵەتەدا و بەم مامەڵە جوانە وەکو ئەوە وایە هەموو مالّی دونیام دابێتێ..

بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (ئێوە ناتوانن تەنها بە ماڵەکانتان هاوکاریی خەڵك بکەن بەڵکو بە ئاکارتان کۆمەکییان بکەن.)حسن: (ابن أبی شیبة(٢٥٣٣٣)، الالبانیش بە حسنی داناوە.

بە گشتی باسی ئاکار و ڕەوشت ناکەم بەڵکو تەنها باسی خاڵێکی دیاریکراوی گرنگ دەکەم کە بریتییە لەوەی مرۆڤ لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ خەڵك لێبوورده و میهرەبان و ئاسان بێت.

دواتر دەبینین کە پێغەمبەر (ﷺ) چۆن لێبوورده بوو، واتە: بـە دوای هەڵەکانـدا نەدەگەڕا، گرفتی ئەمڕۆی هەندێ خەڵك ئەوەیە کە لە ورد و درشت دەکۆڵێتەوە:

تخفى الحقائق عن عيون لا ترى في الصفحة البيضاء إلا الاسود

واتە: ڕاستییەکان لەو چاوانە ونن کە لە لاپەڕەی سپیدا تەنها ڕەش دەبینن.

ئەگەر خۆشترین و باشترین و بـەتامترین و جـوانترین خـواردنی بـدەیتێ هـەمووی فەرامۆش دەکات تەنها لەبەر مووێك کە بە هەڵە کەوتۆتە ناوپەوە، قسە لەبارەی ئەم مووەوە دەکات و دەڵێ: خواردنەکـەتان بـاش نییە..براکـەم لـەبیرت چـووە کـە ئـەم خواردنە تا هاتۆتە بەردەمی تۆ چەند هەوڵ و ماندووبوونی بۆ دراوە؟!

کەواتە من بەڕۆژووم

بەیانییەك پێغەمبەر (ﷺ) چۆوە ماڵ و برسی بوو بە عائیشەی گوت: خواردنتان هەیە؟

عائیشە گوتی: هیچمان نییە..

لەوانەیـە ئـەو ڕۆژە عائیشـە نووسـتبێتەوە و خـواردنی ئامـادە نـەکردووە یـان هۆکارێکی تر هەبووە، سەرنج بدە پێغەمبەر (ﷺ) نەیگوت: بۆچی پێتان نـەگوتم کـە هیچ خواردنێك لە ماڵەوە نییە بەڵکو بۆ خۆم لـە دەرەوە شـتێکم دەخوارد؟..هـەرگیز شـتێکی وای نەگوت..عائیشـە گـوتی: خواردنمـان نییـە، ئـەویش گـوتی: کەواتـە مـن بەڕۆژووم..ئیتر ئەو ڕۆژە بەڕۆژوو بوو.

باشترین پێخۆر سرکەیە

جارێکیان پێغەمبەر (ﷺ) چووە ماڵی (أم هانيء)، (أم هانيء) دەڵێ: ڕۆژی بزگارکردنی شاری مەککە پێغەمبەر (ﷺ) هاتە ماڵمان، ماندوو و برسی دیار بوو، گوتی: چ خواردنێکتان هەیە؟

گوتم: هەمانە..ڕۆیشتم..

بهێنە بەرچاوی خۆت دەبێ چی هێنابێت، برنج یان گۆشت؟ نا، هیچ کام لەمانە، بەڵکو نانێکی وشکی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) هێنا، بهێنە بەرچاوت کەسێکی زۆر برسی نانێکی وشك بێ هیچ پێخۆرێك وەکو شیر ، گۆشت، مەرەگە بخوات، بەڵام هیچ شتێك نەگەڵ ئەم نانە وشکە نەبوو.

پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: پێخۆرتان نییە؟

گوتی: جگە لە سرکە هیچی ترمان نییە..گوتی: بیهێنە..کە هێنای پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ سرکەکەی بەسەر نانە وشکەکەدا دەکرد دەیگوت: (باشترین پێخۆر سرکەیە ، باشترین پێخۆر سرکەیە) حسن: المستدرك للحاكم(٦٨٧٥)، شعب الايمان للبيهقي(٥٩٤٥)، ألبانیش لە (السلسلة الصحيحة) بە حسنی داناوە(٢٢٢٠)..

* چی ڕووەدات گەر بێتوو ڕەفتارمان کۆنترۆڵ کرد و بەرگەمان گرت تاوەکو مامەڵە و هەڵسوکەوتمان لەگەڵ خەڵك بەم شێوازە بوو، پابەند بووین بەم ڕەوشتە بەرزە کە بریتییە لە لێبووردەیی و میهرەبانی.

* بەڵام ئەمڕۆ هەندێ پیاو دەبینی بەتووڕەییەوە بە ژنەکەی دەڵێ: جگە لەم خواردنە چیترت ئامادە نەکردووە؟ بۆچی تا نیوەڕۆ دەنوویت؟ بۆچی پێت نەگوتم کە خواردنمان نییە؟

کێشەکە هەمووی (خواردن)ە هەر جۆرێکی بێت، واتە تۆ ئەگەر خواردنێکی گرانبەها بخۆیت یان سادە هەر یەک شتە ئەویش سکپڕکردنەوەیە.

ئەی پێغەمبەری خوا پێمی ببەخشە

جارێکیان پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ یارانی دانیشتبوو، ژنێک هاتە لای و پارچە کوتاڵێکی پێبوو، بۆ پێغەمبەری (ﷺ) هێنابوو و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەمەم بۆ تۆ دروست کردووە، پێغەمبەریش (ﷺ) لێی وەرگرت، پێغەمبەر (ﷺ) بۆیە لێی وەرگرت چونکە پێویستی پێبوو، جلوبەرگەکانی کۆن ببوون، کاتێ وەریگرت چۆوە ماڵ و لەبەری کرد و هاتەوە و دڵی پێخۆش بوو..یەکێک لە هاوەڵان کە چاوی پێکەوت حەزی چوویێ و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا بە منی ببەخشە..پێغەمبەر (ﷺ) چی کرد؟ یەکسەر چۆوە ماڵ و دایکەند و جلکە کۆنەکەی لەبەرکردەوە و هاتەوە و دایە هاوەڵەکەی.

پێغەمبەر (ﷺ) نەیگوت: پێتی ببەخشم؟!براکەم بازاڕ پڕە لە جۆرەها کوتاڵ، هیچ کوتاڵێک نەماوە ئەوەی من نەبێ، لێناگەڕێن پارچە کوتاڵێکیش لە خۆم بئاڵێنم..هیچ لەم قسانەی نەکرد بەڵکو بە خۆشحاڵییەوە پێی ببەخشی.

چۆن وانابێت کە خۆی ناونیشانی لێبوورەیی و بەخشینە:

ما قال: لا قط إلا في تشهده　　لولا تشهده لكانت لاءه نعم

واتە: هەرگیز نەیگوتووە (نا) لە شایەتماندا نەبیت، گەر شایتمانەکەیشی نەبایا (نا)کانی هەموو بەڵێ دەبوون، مەبەست (لا)ی اشهد ان لا اله الا الله یە.

پێغەمبەر (ﷺ) لەم شتە بچووکانەدا لێبوورده بوو، بەڵام لەو شتانەی سنووری خودا ببەزێنرایە تووڕە دەبوو.

پێغەمبەر (ﷺ) کوتاڵەکەی وەرگرت و دای بە کابرا، کابراش وەریگرت و ڕۆیشت، هەندێ هاوەڵ بەو پیاوەیان گوت: تۆ داوای ئەو کوتاڵەت لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد و ئەویش پێویستی پێ بوو، بۆچی داوات لێی کرد؟

پیاوەکەش نیازی پاك بوو، گوتی: بە خوا تەنها بۆ ئەوە داوام لێی کردووە تا ببێتە کفنم.

ئەم ئاواتەی کابرا هاتەدی، دوای ماوەیەك مرد و ئەو پارچە کوتاڵەیان بۆی کرد بە کفن.

ئەو کەسانەی بەدوای هەڵە و کەموکورتیی کەسانی تر دەگەڕێن و کارئاسانی ناکەن زۆربەی کات ئاسوودە نین و لەوانەیە تووشی گرفتگەلی وەها ببن لەگەڵ خەڵك کە کۆتایی نایە.

ئەمە بەوە..ئەمە بەوە

لەو نموونە سەیرانە: جارێکیان پێغەمبەر (ﷺ) لە گەشتێك دەگەڕایەوە – سەیری میهرەبانییەکەی بکە لەگەڵ کەسوکاری –، هەستی کرد عائیشە ماندوو بووە، ئەو کات ژن لەنێو کەژاوە دادەنران، کاتێ لە مەدینە نزیك بوونەوە، پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوەڵانی گوت: ئێوە پێشمانکەون و بڕۆن..سوپاکەش ڕۆیشت..ئاوڕی بۆ لای عائیشە دایەوە و گوتی: وەرە خوارێ، عائیشە هاتەخوارێ، پێغەمبەر پێی گوت: پێشبڕکێم لەگەڵ دەکەیت؟

لەوانەیە کەسێك بڵێ: ئێستا کاتی ئەم یاری و گاڵتەکردنەیە؟! بەڵام پێغەمبەری خودا پێشەنگ و ڕابەرمانە لە هەڵسوکەوت و هەستکردن بە خەڵك.

عائیشە گوتی: پێشبڕکێت لەگەڵدا بکەم؟!هاتەخوار و لەو بیابانە پێش پێغەمبەر کەوتەوە، پێغەمبەر دەنگی نەکرد..دوای چەند ساڵێك دیسان هەمان پێشبڕکێی لەگەڵ کردەوە بەڵام ئەم جارەیان پێغەمبەر پێش ئەو کەوتەوە و لێی بردەوە، کاتێ لێی تێپەڕی دەستێکی لە شانی عائیشەدا و گوتی: ((ئەمە بەوەکەی تر، ئەمە بەوەکەی تر))..واتە یەك بە یەك..

(صحيح: أبوداود(٢٥٧٨)، ابن ماجه(١٩٧٩)، ألبانيش لە (صحيح أبى داود) بە صحيحى داناوە.).

خۆت کۆنترۆڵ بکە

* لە جوانترین مامەڵە و لێبووردەیی لەگەڵ خەڵك بریتییە لەوەی مرۆڤ لە بەرامبەر ئەوانەش کە مافەکانی پێشێل دەکەن لێبووردە و میهرەبان بێت، هەندێ جار لە تڕافیکلایت وەستاویت، ئۆتۆمبیلێك لە دواوەت کاکی شوفێر مۆبایلی بە بناگوێوەیە ئاگای لە خۆی نییە زرمە لە دواوەی ئۆتۆمبیەکەت هەڵدەستێنێ! !هەندێ خەڵك چ دەکەن؟ لەوانەیە بێتە خوارێ و سەروپۆتەڕاکی کابرا بکوتێتەوە..کەچی ڕەنگە ئۆتۆمبێلەکە زیانیشی پێ نەگەیشتبێ.

* کەسێکی تر دەچێتە ئاهەنگی ژنگواستنەوەی خزمێکی، خۆی جوان کردووە و جلوبەرگی شیکی لەبەرکردووە و زۆر وریای خۆیەتی تا کۆتاییی ئاهەنگ چ زیانێکی پێ نەگات کەچی لەناکاو منداڵێك بە کوپێك چاوە ڕووبەڕووی دێت و زرم خۆی پێدا دەدات و چایەکەی بەسەردا دەڕێژێ! ! کابرا چی دەکات؟

زۆربەی خەڵك هاوار دەكات و قسان دەكات و ڕاوی منداڵەكە دەنێ تا بیگرێ و ـرکاری بكات و تەنبێی بكات..

* ئەسڵ وایە مرۆڤ لەم چەشنە هەڵوێستانە لێبووردە و میهرەبان و نەرمونیان بێت و زۆر وردی نەكاتەوە.

پێم خۆش نەبوو پەلەی لێ بكەم

جارێكیان پێغەمبەر (ﷺ) پێشنوێژی بۆ یاوەرانی كرد، لە ڕكاتێكدا كرنووشەكەی درێژ كردەوە، هاوەڵێك دەڵێ: تەنانەت لێی ترساین شتێكی لێ هاتبێ..یەكێك لە هاوەڵان سەری بەرزكردەوە بزانێ چی قەوماوە؟ دەبینێ وا پێغەمبەر (ﷺ) لە سوژدەیە و حسن یان حسین یەكێكیان وا لەسەر پشتی پێغەمبەرە (ﷺ).

حسن و حسێن گچكە بوون، كاتێ یەكێكیان بینیویەتی وا پێغەمبەر لە سوژدەیە یەكسەر چۆتە سەر پشتی، پێغەمبەر (ﷺ) لەبەر خاتری ئەو منداڵە سوژدەكەی درێژ كردەوە..كاتێ لە نوێژ بۆوە گوتی: لەوانەیە سەیرتان بە درێژكردنەوەی نوێژەكەم هاتبێ؟!

هاوەڵانیش گوتیان: بەڵێ.

گوتی: ئەم كوڕەم هاتە سەر پشتم حەزم نەكرد پەلەی لێ بكەم لە هاتنەخوارەوەی!!

نەیویست یاری و خۆشییەكەی لێ تێكبدات..

لێبوورەیی و میهرەبانی وەهاتان دیوە؟! کاتێك یەکێك لە ئێمە نوێژ دەکات و منداڵە بچووکەکەی دێتە سەر پشتی قیامەت هەڵدەستێ: هەی..وەخت نەماوە گەمەم لەگەڵ بکەی کاتی نوێژ نەبێ؟!واتای نوێژ نازانی؟!لەوانەیە لێشی بدات، یان بەرگە ناگرێ تا نوێژەکەی تەواو دەکات بەڵکو هەر لە میانەی نوێژەکە بەرزی دەکاتەوە و تێی هەڵدەداتە سەر زەوی.

دەبا ئەم ڕەوشتە جوانەی پێغەمبەر (ﷺ) بکەینە کاڵای باڵامان و خۆمان و کەسوکار و کۆمەڵگاکەمانی پێ ئاسوودە بکەین.

لای چەپ نا..لای ڕاست

لە صحیحی مسلم فەرموودەیەك لە زاری جابرەوە هاتووە دەڵێ: لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بۆ گەشتی حەج دەرچووین، پێغەمبەر دەسنوێژی گرت و نوێژی دابەستا، منیش چووم لە لای چەپیەوە نوێژم دابەستا، پێغەمبەریش (ﷺ) بە نەرمی پەلی گرتم و هێنامیە لای ڕاستی..پاشان هاوەڵێکی تر بە ناوی جبار کوڕی صخر هات و دیتی وا جابر لە لای ڕاستی پێغەمبەرەوە نوێژ دەکات ئەویش چووە لای چەپی و نوێژی دابەستا..پێغەمبەر زۆر بەنەرمی هەردووکیان خستە دواوەی خۆی.

* مەبەست ئەوەیە کە تۆ کاتێ لێبوورە و میهرەبان نەبووییت و شت لەسەر خۆت و خەڵك ئاسان نەکەیت ئەوا لە ڕاستیدا تەنها خۆت ئازار دەدەیت، بۆیە هەندێ خەڵك کاتێ لێبوورە نابێ و لە ورد و درشت دەکۆڵێتەوە و تووڕە دەبێ دەبینی دووچاری دڵەڕاوکێ دەبێتەوە.

* لێرەدا پرسیارێك بە مێشکدا دێت: هەندێ کات دەبینی کەسێك بە شێوەیەکی زیادەڕۆ نەرمونیانە.

وەڵام: ئەسڵ وایە هەمیشە مامەڵەت بە نەرمونیانی بێت مەگەر لە هەندێ هەڵوێستدا نەبێ، هەروەك وتراوە:

إذا قيل حلمٌ قل فللحلم موضع وحلم الفتى في غير موضعه جهل

دەڵێن: نەرمونیانی و لەسەرخۆیی لە غەیری شوێنی خۆی نەزانییە..

دەڵێین: ئەسڵ نەرمونیانییە بەڵام هەندێ کات ئەگەر دەزانیت نەرمونیانییەکەت -ەبێتە هۆی ئەوەی بەرانبەرەکەت سنوورشکێنی و سووکایەتیت پێ بکات ئەوا نا..

هەندێ کات تۆندی لە شوێنی خۆیدا ئەوپەڕی داناییە، بەڵام نەرمونیانی هەر ئەسڵە، کاتێ تەماشای حاڵی پێغەمبەر (ﷺ) دەکەین دەبینین هەمیشە نەرمونیان بووە تەنها لە هەندێ هەڵوێستی دیاریکراو نەبێ کە پێویستی بە تۆندی بووە.

* لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: دەبینی هەندێ کەس ئاکاری جوانە بەڵام ڕواڵەتی جوان نییە و پێچەوانەی شەرع و دابونەریتە، ئەمە کاریگەری هەیە؟

وەڵام: پێویستە بزانیت دیوی ناوەوەی مرۆڤ سەبارەت بە نەرمونیانی و ڕەفتاری جوان و توانای سەرنجڕاکێشانی خەڵك بە شێوازی جوان گرنگە، بەم جۆرەش زۆر گرنگە ئەگەر مرۆڤ بیەوێ لەگەڵ خەڵك هەڵسوکەوت بکات ڕواڵەتی جوان بێت، پێغەمبەر (ﷺ) جوانترین وێنە و شێوەی هەبوو.

جابر کوڕی سمرە وەسفی پێغەمبەر دەکات و دەڵێ: ڕووخساری پێغەمبەر وەکو بۆڕ و مانگ خڕ بوو..صحيح: مسلم(٢٣٤٤)..

حوکم و گەورەیی نوێژی هەینی

﴿إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ﴾

حوکمەکانی نوێژی هەینی

ڕۆژی هەینی لە باشترین ڕۆژەکانی هەفتەیە، لەبەر ئەمە و ئەو گرنگییەی، باسی هەندێ پرسی پەیوەست بەم ڕۆژە و نوێژ تێیدا و هەندێ حوکمی دەکەم.

هەینی باشترینی ڕۆژەکانە

لەمبارەوە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (باشترین ڕۆژ کە خۆری تێدا هەڵاتبێ ڕۆژی هەینییە، تێیدا ئادەم خولقێنراوە، تێیدا خراوەتە بەهەشتەوە، تێیدا دەرکراوە، هەر لە ڕۆژی هەینیش قیامەت هەڵدەستێ.)صحيح: أبو داود(١٠٤٦)، الترمذي(٤٩١)، ئەلبانی لە (صحيح الجامع)(٣٣٣٤) بە صحیحی داناوە.

ڕۆژی هەینی ئەم نوێژە مەزنەی تێدایە کە بریتییە لە نوێژی هەینی، کاتێکی تێدایە دوعای تێدا گیرا دەبێت، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (لە ڕۆژی هەینیدا کاتێك هەیە هەر موسڵمانێك لەو کاتەدا دوعا بکات و داوای شتێك لە خودا بکات، خودا ئەو شتەی پێدەدات.)صحيح: مسلم(٧٥٧).

ئەو کاتە کامەیە کە لە ڕۆژی هەینیدا نزای تێدا گیرا دەبێت؟

* زانایان لەبارەی دیاریکردنی ئەم کاتەوە جیاوازن، ئایا ئەم کاتە دەکەوێتە دوا ساتی ڕۆژی هەینییەوە کە دەکاتە پێش ڕۆژئاوابوون؟ یان ئەم کاتە دەکەوێتە ماوەی نێوان چوونە سەر مینبەری وتاربێژ تا کۆتاییهاتنی نوێژ؟

ئەم دوو وتەیە لەنێو زانایان بەناوودەنگن.

مرۆڤ دەتوانێ بەدوای ئەم دوو کاتەدا بگەڕێ، لەنێوان سەرکەوتنی وتاربێژ بۆ سەر مینبەر تا کاتی وتارخوێندنەوە، هەروەها دوای تەواوبوونی وتارەکە تاوەکو سەرەتای نوێژ، بەڵام نابێ لە کاتی وتارخوێندنەوەدا دوعا مەکە، نابێ ئەو کاتەی وتاربێژ وتار دەدات تۆ بڵێی: خوایە لێم خۆشبە، کوڕە ونبووەکەم بۆ بگەڕێنەوە، شیفای منداڵە نەساغەکەم بدە..ئەمانە دروست نین، ئەسڵ گوێگرتنە لە وتارەکە.

* هەروەها لە کاتی سوژدەی نوێژی هەینی، باشترین شوێنی دوعایە کەوا بەندە لە هەموو کات زیاتر لە خودا نزیکە.

* هەروەها وتراوە ئەو کاتەی دوعای تێدا گیرا دەبێت بریتییە لە دواساتی پۆژی هەینی، واتە بەر لە نوێژی مەغریب بە نیو سەعات یان سەعاتێك، ئەم کاتە نزای تێدا گیرا دەبێت.

ئەگەر ویستت ئەو کاتانە بپێکی دەبێ یەك بە دوای یەك بەدوایاندا بگەڕێیت و دوعایان تێدا بکەیت.

هەندێ لە گەورەییەکانی پۆژی هەینی

گەورەییەکانی ئەم پۆژە زۆرن، باسی هەندێکیان دەکەین:

* لە پۆژی هەینییدا گوناهەکان دەسڕدرێنەوە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (هەینی بۆ هەینی دەبێتە مایەی سڕانەوەی گوناهەکان بە مەرجێك گوناهی گەورە نەکرێ.)صحیح: مسلم(٢٣٣).

* چوون بۆ نوێژی هەینی بە پێیان پاداشتێکی گەورەی هەیە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (هەر کەس پۆژی هەینی خۆی شووشت و خاوێن کردەوە، زوو چووە

مزگەوت، بە پێ ڕۆیشت و سواری هیچ شتێك نەبوو، لە وتاربێژ نزیك بۆوە و گوێی گرت، بۆ هەر هەنگاوێکی کە دەینێ ڕۆژوو و شەونوێژی ساڵێك هەیە، ئەمەش بە لای خواوە ئاسانە.)(صحيح: أبو داود(٣٤٥)، النسائی(١٣٨٤)، ألبانی بە صحیحی داناوە.

* هەروەها خوێندنەوەی سوڕەتی (الكهف) خێرێکی زۆری هەیە، پێغەمبەر ﷺ) فەرموویەتی: (هەر کەسێك لە ڕۆژی هەینیدا سوڕەتی (الكهف)ی خوێند ڕووناکاییەك نێوانی هەردوو هەینییەکەی بۆ ڕۆشن دەکاتەوە.) صحيح: السنن سبيهقی(٥٧٩٢)، ألبانی لە (صحيح الجامع) (٦٤٧٠) بە صحیحی داناوە.

* هەر کەسێك لە ڕۆژی هەینی یان شەوەکەیدا بمرێت ئەوا خودا لە فیتنەی گۆڕ ەپارێزێت، شەوی هەینی لە دوای مەغریبی ڕۆژی پێنجشەممەوە دەست پێ دەکات، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (هەر موسڵمانێك ڕۆژی هەینی یان شەوەکەی بمرێت خوای گەورە لە فیتنەی گۆڕ دەپارێزێت.)حسن: الترمذی(١٠٧٤)، مسندی حمد(٦٥٨٢)، ألبانی بە حسنی داناوە.

* هەروەها لە ڕۆژی هەینیدا ئاگری دۆزەخ نێڵ نادرێ و خۆش ناکرێ – خوا پەنامان بدات–.

حوکمە تایبەتییەکانی ڕۆژی هەینی

دروست نییە تەنها ڕۆژانی هەینی بەڕۆژوو بین و شەوەکەی شەونوێژ بکەین، یان دەبێ لەگەڵیدا ڕۆژێك پێش یان دوای هەینی بەڕۆژوو بین، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (شەوی هەینی تایبەت مەکەن بە هەستانەوە، لەنێو ڕۆژەکانیشدا هەینی تایبەت مەکەن بە بەڕۆژوو بوون مەگەر ئەو ڕۆژە ڕۆژی بەڕۆژووبوونی خۆتان بێت.)صحيح: مسلم(١١٤٤) بۆ نموونە هەیە ڕۆژە نا ڕۆژێك بەڕۆژوو دەبێ و ئەو

ڕۆژەش دەکەوێتە هەینییەوە، یان دەکەوێتە ڕۆژە قەمەرییەکان کە دەکاتە ١٣ و ١٤ و ١٥ی هەموو مانگێکی قەمەری.

* سوننەتە بۆ ئیمام کە لە نوێژی بەیانیی ڕۆژی هەینیدا لە ڕکاتی یەکەم سوڕەتی(السجدة) و لە ڕکاتی دووەمیش سوڕەتی (الانسان) بخوێنێ.

* وا چاکە مرۆڤ لە ڕۆژی هەینیدا زۆر (صەڵەوات) لە دیداری پێغەمبەر (ﷺ) بدات، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (لە باشترین ڕۆژەکانتان ڕۆژی هەینییە تێیدا ئادەم دروست کراوە، لەو ڕۆژەدا صەڵەواتم زۆر لەسەر لێدەن) (صەڵەواتەکانی ئێوەم پێ دەگات)صحيح: أبوداود(١٥٣١)، النسائي(١٣٧٤)، ألباني لە (صحيح الجامع) بە صحیحی داناوە.

* سەبارەت بە خۆشوشتنی ڕۆژی هەینیش هەندێ لە زانایان گوتوویانە: واجبە، پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێ: (سێ شت واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێك: خۆشوشتنی ڕۆژی هەینی، سیواك، خۆبۆنخۆشکردن.)صحيح: النسائي(١٣٧٥)، مسند أحمد(١١٢٥٠)، ألباني له (صحيح الجامع) به صحيحی داناوه.

ئەگەر ڕاست بێت کە خۆشوشتن واجب نییە تەنها بۆ کەسێك نەبێ کە پێویستی پێیەتی، ئەوا ئەگەر کەسێك بۆنی خۆش نەبوو و لە کاتی نوێژدا ئازاری دەوروبەرەکەی خۆی دەدا ئەوا پێی دەڵێین: براکەم تۆ پێویستە خۆت بشۆیت، بەڵام ئەگەر بۆنی خۆش بوو: ئەوا قەیناکا ئەگەر بۆنی خۆش لە خۆی بدات و بچێتە مزگەوت، بەمە دەڵێین: خۆشوشتن بۆ تۆ سوننەتە و واجب نییە.

* پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (هەر کەسێك ڕۆژی هەینی خۆی شۆری و بۆنی خۆشی لە خۆیدا و جوانترین جلوبەرگی لەبەرکرد، پاشان بەئارامی و سەلاریيەوە چووە مزگەوت، پاشان دوو ڕکات سوننەتی چوونە ژوورەوەی مزگەوتی کرد و ئازاری

کەسی نەدا، دواتر گوێی لە وتاربێژ گرت و نوێژی کرد، ئەوا ئەمانە بۆی دەبنە مایەی سڕینەوەی گوناهی هەفتەیەك)صحيح: أبو داود(٣٤٣)، مسند أحمد(٢٣٥٧١)، ألبانی لە (صحيح الجامع) بە حسنی داناوە.

ئەوەی خۆی دەشوات و بۆنی خۆش لە خۆی دەدات و دەچێتە مزگەوت و گوێ لە وتاری هەینی دەگرێ، پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەیەوە دەڵێ: خودا گوناهەکانی نێوان هەینی بۆ دەسڕێتەوە.

* وا چاکە زوو بچیت بۆ نوێژی هەینی، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (خودا چەند فریشتەیەکی هەن ڕۆژی هەینی لەسەر دەرگای مزگەوتەکان دادەنیشن، یەك یەك دەنووسن، کاتێ ئیمام سەرکەوت بۆ سەر مینبەر دەفتەرەکانیان هەڵدەپێچنەوە و دادەنیشن گوێ لە زیکر دەگرن)صحيح: البخاری(٣٢١١)، مسلم(٨٥٠)..ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ چاکەی زوو چوون بۆ مزگەوت لە ڕۆژی هەینیدا، ئەوەی دوای سەرکەوتنی ئیمام بۆ سەر مینبەر بێت ناوی لە دەفتەرەکان تۆمار ناکرێ.

گرنگیی وتاری هەینی

لێرەدا پرسیارێك دەوروژێنرێ: هەندێ کەس بایەخ بە وتاری هەینی نادەن، دەتبینی مزگەوتەکان پڕ نابن تەنها دوای قامەتکردن بۆ نوێژ نەبێ، حوکمی ئەوە چییە؟

وەڵام: ئامادەبوونی وتاری هەینی واجبە، هەندێك لە زانایان دەبێژن: ئەو کەسەی دوای تەواوبوونی وتاری یەکەمی وتارخوێن دێتە مزگەوت بۆی دروست نییە نوێژی هەینی بکات، دەبێ نوێژی نیوەڕۆ بکات، چونکە نوێژی هەینی لەجیاتی نوێژی

نیوەڕۆیە، دوو وتارەکە بەرامبەر دوو ڕکاتە، دوو ڕکاتەکەی هەینیش بەرانبەر دوو ڕکاتەکەی تر.

تەماشای ڕادەی گرنگیی وتاری یەکەم و دووەمی هەینی بکە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمانی کردووە بە ئامادەبوونی وتاری هەینی و گوێگرتن لێی.

بەڵام کەمتەرخەمیی خەڵك و بە داخەوە هەندێ کات کەمتەرخەمیی هەندێ لە وتاربێژەکانیش، بەشێك لە وتاربێژان بایەخ بە ئامادەکردنێکی باشی وتارەکەی نادات، وتاربێژ ڕۆلێکی گرنگی هەیە دەبێ بە هۆی باش ئامادەکردنی وتارەکەیەوە و پێشکەشکردنی شیاو و هەڵبژاردنی بابەتی گونجاو سەرنج و هۆشی خەڵك بۆ لای وتارەکەی ڕابکێشێ..پەرەدانی وتاربێژ بە وتارەکەی هۆکاری سەرنجڕاکێشانی خەڵکە بۆ گوێگرتن.

نوێژە سوننەتەکانی ڕۆژی هەینی

* دوای نوێژی هەینی چوار ڕکات سوننەت هەیە، دوو ڕکات دوو ڕکات دەکرێ، دوو ڕکات لە مزگەوت دەکرێ.

* بەر لە نوێژی هەینی هیچ سوننەتێك نییە، بەڵام ئەگەر زوو هاتیت دوو ڕکات سوننەتی (تحیة المسجد) دەکەیت، پاشان دوای ئەم دوو ڕکاتە بە ئارەزووی خۆت چەندی دەتوانی بیکە، هاوەڵان لە ڕۆژی هەینیدا نوێژیان زۆر دەکرد، هی وایان هەبوو تا بانگی یەکەم و چوونی وتاربێژ بۆ سەر مینبەر بیست تا سی ڕکاتی دەکرد.

* ئەگەر چوویتە مزگەوت و ئیمامیش وتاری دەدا دامەنیشە تا دوو ڕکات سوننەت دەکەیت، کاتێ (سليك الغطفاني) چووە ناو مزگەوت و دانیشت و پێغەمبەریش (ﷺ) وتاری دەدا، پێی گوت: (هەستە دوو ڕکات نوێژ بکە).

* ئەگەر چوویتە مزگەوت و بانگبێژ بانگی دەدات، دروست نییە وەڵامی بانگ دەیتەوە و بەدوایدا بانگەکە بڵێیتەوە، بەڵکو دەبێ یەکسەر دوو ڕکاتی (تحية المسجد) بکەیت و وەڵامی بانگ نەدەیتەوە، چونکە گوتنەوەی بانگ سوننەتە بەڵام گرنگرتن لە وتار واجبە، بۆیە دەڵێین: بانگەکە مەڵێوە کە سوننەتە پاشان کە کاتی گرنگرتن لە وتار هات کە واجبە تۆ بچیت سوننەتی (تحية المسجد) بکەیت و واز لە گرنگرتن لە وتاری هەینی بێنی کە واجبە.

ڕاستەکە ئەوەیە: دوو ڕکات سوننەتی (تحية المسجد) بکەیت، پاشان لەگەڵ کۆتاییهاتنی بانگبێژ تۆش لە نوێژەکەت بوویتەوە و ئیتر گوێ لە وتاری ئیمام دەگریت.

هەندێ هەڵەی نوێژکەران لە نوێژی هەینیدا

* لە هەڵەکانی خەڵک لە ڕۆژی هەینی: بەسەر خەڵکدا بازدانە، ڕۆژێکیان پێغەمبەر (ﷺ) لە کاتی وتارداندا پیاوێکی بینی بەسەر ملی خەڵکیدا بازدەدات، پێغەمبەر (ﷺ) پێی گوت: (دانیشە خەڵکت ئازاردا و دواشکەوتیت)صحيح: إبن ماجه(١١١٥)، مسند أحمد(١٧٦٧٤)، ألبانی بە صحیحی داناوە..ئەگەر ئەو کارە شتێکی ئاسایی بووایە پێغەمبەر (ﷺ) وتارەکەی نەدەبڕی تا نەهی لێ بکات، چونکە ئەو کردەوەیە ڕێڕێك لە موسڵمانان ناڕەحەت دەکات.

بەڵام ئەگەر بۆشایی لە پیزەکان هەبوو ئەوا بێ ئەوەی کەس ئازار بدات دروستە بۆی بچێت.

* هەروەها لە هەڵەکان: هەندێ کەس هەر کە چووە مزگەوت یەکسەر دەچێت پشت بە دیواری پشتەوە دەدات، ئەمەش هەڵەیە، ئەسڵ وایە تۆ پیزەکان پڕبکەیتەوە، پیزی یەکەم ئینجا دووەم و ..هتد..هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (باشترین پیزی پیاوان یەکەمە و خراپترینیش دواهەمینە)صحیح: مسلم(٤٤٠)..هەروەها دەفەرموێ: (با پیاوە پێگەیشتوو و ئاقڵمەندەکان لە دواوەم بوەستن)صحیح: أبوداود(٦٧٤)، الترمڕی(٢٢٨)، ألبانیش بە صحیحی داناوە.

* یەکێکی تر لە هەڵەکانی خەڵك: وازهێنان لە خۆ بۆنخۆشکردن و سیواك و خۆڕازاندنەوە..هەندێ کەس ئەوەندە کەمتەرخەمە تەنانەت بە بەرگی ماڵەوە دێتە مزگەوت و هەندێکی تر دێت و پرچی شانە نەکردووە..تا ئەم ڕادەیە سووکایەتی کردن بە نوێژی هەینی!!

توخوا ئەگەر هاوڕێیەکت داوات لێ بکات لە قاوەخانەیەك قاوەیەکی لەگەڵ بخۆیتەوە وا دەکەیت؟ پێم وانییە..بەڵکو جوانترین شمەکت لەبەردەکەیت و بۆنی خۆش لە خۆت دەدەیت..بۆ خاتری خوا ئاگاتان لە نوێژی هەینی بێت و بایەخی پێ بدەن.

* هەڵەیەکی تر: قسەکردنە لە کاتی وتاری ئیمام، دەبینی کەسێك لەگەڵ ئەوەی تەنیشتی قسە دەکات و پرسیاری لێ دەکات و لەبیری دەچێ کە ئەو لە وتاری هەینییە.

پرسیارێك هەیە: ئەگەر ئەوەی تەنیشتت قسەی کرد و تۆش ویستت پێی بڵێی: وسبە، گوێ بگرە..ئایا ئەمە دروستە؟

وەڵام: ئەگەرچی ئەمە فەرمان بە چاکە و جڵەوگیری لە خراپەیە بەڵام دروست نییە چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (هەر کەسێك لە کاتی وتاری ئیمام بە هەوێنکەی گوت: بێدەنگبە و گوێ بگرە ئەوا هەینییەکەی پووچ کردۆتەوە)صحیح: البخاری(٩٣٤)، مسلم(٨٥١)..یان فەرموویەتی: (هەر کەسێك دەست لە وردە بەرد بدات ئەوا هەینییەکەی پووچاندۆتەوە)صحیح: مسلم(٨٥٧)..

هەر کەسێك یاری بە نەخش و نیگارەکانی ڕایەخی مزگەوتیش بکات ئەوا هەر بەچێتە چوارچێوەی (لغو) و هەینییەکەی بەتاڵدەبێتەوە.

* هەروەها هەر کەسێك سەرقاڵ بێت بە حیسابات لە کاتی وتاری هەینی، بەڵانەیە پشکی لە کۆمپانیاکان هەبێت و حیسابی ئەوە بکات چی قازانج کردووە و چی زیان!!

* هەروەها دروست نییە لە کاتی وتاری هەینی ئەگەر کەسێك پڕمی و گوتی: الحمدلله تۆ پێی بڵێی: یرحمك الله..ئەمانە لە دوای کۆتاییهاتنی وتار دروستن.

* هەڵەیەکی دیکە: خوێندنەوەی قورئان بە دەنگی بەرز پێش دەسپێکردنی وتار، هەندێ کەس بەر لەوەی وتار دەست پێ بکات بە دەنگی بەرز قورئان دەخوێنن و ئەوانەی دەوروبەریشیان دەشێوێنن و زیکر و قورئانخوێندنیان لێ تێکدەدەن..ئەمەش دروست نییە تەنانەت ئەگەر زیکریش بێت.

هاوڕێیەکم بۆی گێڕامەوە: چوومە مزگەوتێك و دوو ڕکات نوێژم کرد، پاشان دەستم کرد بە قورئانخوێندن، لە تەنیشتم پیرەپیاوێك هەبوو بە دەنگێکی بڵند قورئانی دەخوێند و هەڵەشی دەخوێند، پێم گوت: مامەپیرە گیان خۆزگە هەندەك دەنگت نزم کردبایە، پێی گوتم: ئەگەر ئەتووش کەیفت بە دەنگم نەیەت ئەوانەی دەوروبەرت پێیان خۆشە..

ئەسڵ وایە قورئانخوێن بە دەنگی بەرز ئازاری خەڵك نەدات، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (هەندێکتان بەسەر هەندێکتان بە دەنگی بەرز قورئان نەخوێنێ)صحیح: مسند أحمد(٤٩٢٨)، ألبانیش بە صحیحی داناوە.

پرسیارێك: مەئموم بۆی هەیە لەگەڵ ئیمام قسە بکات بەتایبەتی ئەگەر بۆ بابەتێکی گرنگ بوو، بۆ نموونە پێی بڵێ: دەنگی مایکرۆفۆنەکەی دەرەوەی مزگەوت ڕوون نییە و بەباشی گوێمان لێ نابێت،، یان هەر کارێکی تر.

وەڵام: سەبارەت بەم حاڵەتە ئەگەر شتێکی زەروری هاتەپێش وەك ئەوەی دەنگی مایکرۆفۆنی دەرەوە پچڕا یان شتێکی گرنگ ڕوویدا ئەوا دروستە لەگەڵ وتاربێژ قسە بکرێ..پیاوێك لە کاتی وتاری پێغەمبەر (ﷺ) هاتەژووری و گوتی: (مالّ و حاڵمان لەناوچوو و هەموو دەرگایەکمان لێ بەسترا لە خوا بپارێوە بە هاوارمانەوە بێت، پێغەمبەریش (ﷺ) دەستی بەرزکردەوە و پارایەوە)صحیح: البخاری(١٠١٤)، مسلم(٨٩٧)..

بۆیە لە حاڵەتی پێویستدا دروستە..

هەروەها بۆ ئیمام دروستە لە کاتی وتاردا قسە لەگەڵ خەڵك بکات، وەکو ئەوەی بڵێت: (گرفت ئەوەیە زۆرێك لە خەڵك ئاگایان لە منداڵەکانیان نییە بەتایبەتی منداڵانی گەڕەکەکەی خۆمان، دوێنێ خەریك بوو ئاگرێك لە تەنیشت مزگەوت بکەوێتەوە ئەوەش بە هۆی ئەوەی هەندێ منداڵ یاری ئاگرینەیان دەکرد..ئەی وانییە باوکی عبدالله؟)..بۆ نموونە ئەویش دەڵێ: بەڵێ یاشێخ منیش دیتمن..

کەواتە قسەکردنی مەئموم لەگەڵ ئیمام و ئیمام لەگەڵ مەئموم لە کاتی وتاردا دروستە بەڵام بەپێی پێویست و بۆ کاری گرنگ..

* بەڵام قسەی مەئمومەکان لەگەڵ یەکتر دروست نییە مەگەر بۆ کارێکی زۆر پێویست بێت، وەکو ئەوەی بە یەکێکی تەنیشتت بڵێی: ئاگات لە کورەکەت بێت.

تۆ دانیشتوویت و گوێ لە وتار دەگریت و کەسێکیش کوڕەکەی پشتگوێ خستووە و کوڕەکەشی قەڵەمێکی پێیە لە کارەباپڕا دەکات، ئایا بڵێین: هیچ مەڵێ و گوێ لە وتارەکە بگرە؟!! نا..ئەمە زەرورەتە و حوکمی خۆی هەیە، بە پێچەوانەوە ەبێ پێی بڵێیت: ورپای منداڵەکەت بە! ..

ئەگەر وتاربێژ لەوێ نەبوو

لەو شتە گرنگانەی کە ڕەنگە نوێژخوێنان تووشی ببن نەهاتنی ئیمامە..

جاری وا هەیە ڕووەدات ئیمام نایەت، پەیوەندی پێوە دەکەن وەڵام ناداتەوە ەچنە مااڵی لە ماڵیش نییە، لەم حاڵەتەدا ئەگەر کەسێك نەبوو بتوانێ وتارەکە بدات ەوا نوێژی نیوەڕۆ دەکەن و تەواو..

کورت و درێژیی وتار

کەمترین ئەندازەی وتار بریتییە لە: الحمدلله و شەهادە(أشهد أن لا إلـه إلا الله وأن محمدا رسول الله)، خوێندنەوەی ئایەتێك و ئامۆژگارییەك.

بەم شێوەیە: ئیمام دەوەستێ و دەڵێ: السلام علیکم و رحمه‌الله و برکاته، پاشان دادەنیشێ، بانگبێژ بانگ دەدات، پاشان وتاربێژ هەڵدەستێ و وتار دەدات و دەڵێ: (الحمدلله رب العالمین و أشهد أن لا إلـه إلا الله وحده لا شریك لـه، وأشهد أن محمدا عبده و رسوله، ئەی موسڵمانان تەقوای خوا بکەن و لێی بترسن خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ (١) اللَّهُ الصَّمَدُ (٢) لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ(٣)وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ (٤)﴾ وأقول قولي هذا و أستغفرالله لي و لکم)..پاشان دادەنیشێ و پشوویەك دەدات..ئەوەش وتاری یەکەم تەواو بوو.

پاشان بۆ وتاری دووەم هەڵدەستێتەوە و دەڵێ: (الحمدلله رب العالمین، خودایە لێمان خۆشبە و ڕەحممان پێ بکە و لە گوناهەکانمان ببووڕە..قامەت بکە)..ئەمەش وتاری دووەم تەواو بوو..

ئەمە پوختە و کورتەی وتاری هەینییە..

بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئیمام بۆی دروستە ئەمە لە وتارەکەیدا ئەنجام بدات بەڵکو ئەمە بۆ ئەوەیە ئەگەر ئیمامیان دەست نەکەوت و کەسێک هەستا و هیچ بابەتێکی نەبوو و هیچ شتێکیشی لە بیردا نەبوو با ئەوەندەی بڵێت تاوەکو نوێژی هەینییەکەیان بکەن و ناچار نەبن وەکو نوێژی نیوەڕۆ بیکەن..

حوکمی درێژکردنەوەی گوتاری هەینی

بەداخەوە هەندێ وتاربێژ هەن وتارەکانیان زۆر درێژ دەکەنەوە خەڵک تاقەتی نامێنێ، چونکە هەیە نەخۆشی شەکرەی هەیە زوو زوو پێویستی بە ئاودەستە هەیە چۆکی دێشێ ناتوانێ زۆر دانیشێ هەیە لەبەر ڕۆژێیە و قەرەبالغە، هەندێ کەس زروفی تایبەتیان هەیە یان داوەتیان هەیە، ئیمامیش هەر بەردەوامە لەسەر وتارەکەی و تەواو نابێ، ئەسڵ ئەوەیە کە پێغەمبەر فەرموویەتی: (کورتیی وتاری ئیمام و درێژیی نوێژەکەی نیشانەی تێگەیشتنیەتی)صحیح: مسلم(٨٦٩)..واتە: ئیمامی سەرکەوتوو ئەوەیە کە دەتوانێ لە کاتێکی کەمدا سوودێکی زۆر کۆبکاتەوە بە جۆرێک خەڵک لە کاتێکی کورتدا سوودێکی زۆر وەردەگرن.

لە کۆتاییدا حەز دەکەم ئاماژە بەوە بدەم کە پێویستە لەگەڵ ئیمامەکان تێکەڵاوییمان هەبێ و بابەتیان بۆ پێشنیاز بکەین تاوەکو بیکەنە سەرباسی وتارەکانی ڕۆژانی هەینیان.

تووندگیری له ئایین

(هەر کەسێك ئایین لەسەر خۆی تووندگیر بکات، تێکدەشکێ)

تووندگیری له ئایین

له گرنگترین ئەو بابەتانەی پێویستە ئەمڕۆ گفتوگۆی لەبارەوە بکرێ پرسی تووندگیری له ئایین یان تووندگیری نەکردنە، گرفتەکە لەوەیە کە هەندێ خەڵك لە تێگەیشتنی ئەم پرسە کەموکورتییەکیان هەیە.

کەسانێك هەن هەندێ لەو شتانەی کە بە بنەمایەك لە بنەماکانی ئیسلام دادەنرێ بە تووندگیریی زیادەڕۆ دادەنێن.

هەروەها ڕەنگە هەندێ لەو شتانەی (مستحب)ن بە واجب دابنێن، بێ هیچ پێشتێکی ئایینی یان شەرعی تووندگیری تێدا دەکەن.

بە پرسیارێك دەچینە ناو ناخی بابەتەکەمانەوە، ئەویش بریتییە لە: بۆچی خودا تەکلیفی پەرستشەکانی لێ کردووین؟ ئایا بۆ ئەوەیە لەسەرمان تووند بکات یان ماندوومان بکات؟ یان خودای گەورە لە دواوەی پەرستشەکان مەبەست و ئامانجی تری هەیە؟

خودا تەکلیفی لەتوانابەدەر لە کەس ناکات

له گینگترین بنەماکانی شەریعەتی خودا بریتییە لە: ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾(البقرة: ٢٨٦)، ئەگەر حاڵەتەکە تەنگیش بوو خودا فراوانی دەکات، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾(الحج: ٧٨)..نە لە دوور و نە لە نزیك، لە ئایینداتەکلیفێك نییە مرۆڤ تووشی تەنگانە و بارقورسی بکات.

* لە وەڵامی پرسیاری کەسێکدا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (بەپێوە نوێژ بکە، ئەگەر نەتتوانی ئەوا بە دانیشتنەوە، ئەگەر نەتتوانی ئەوا لەسەر تەنیشت)صحیح:

البخاری(١١١٧)، ئەوەش واتای ئاسانکاری و هەڵگرتنی بارقورسییە بۆ ئەوەی سوود لە خواپەرستی وەربگیرێ و بەرهەمی هەبێ.

ڕەنگە کەسێك بڵێ: دەزانم نوێژکردن بەپێوە واجبە بەڵام من ئەگەر بەپێوە نوێژ بکەم قاچم ئازارم دەدات..

ئێمەش پێی دەڵێین: کێشە نییە تۆ بە دانیشتنەوە نوێژ بکە.

دەڵێ: بە دانیشتنەوەش بڕبڕەی پشتم ئازارم دەدات!

پێی دەڵێین: کێشە نییە بە پاڵدانەوە نوێژ بکە.

دەڵێ: لەسەر کام لا بیکەم؟

دەڵێین: لەسەر ئەو لایە بیکە کە پێی ئاسوودەیت و ئازاری نییە، ڕاست، چەپ، لەسەر پشت، چۆنت پێ خۆشە وەها نوێژ بکە، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾(الحج: ٧٨)..

هەروەها مرۆڤ ئەگەر وێستی دەسنوێژ بگرێ و ئاوی دەست نەکەوت چی دەکات؟

پێی دەڵێین: تەیەمموم بکە.

لەوانەیە بڵێ: ئاوم لە لایە بەڵام کەمە و بۆ خواردنەوە و شتی تر پێویستمە ئایا تەیەمموم بکەم یان بەم ئاوە کەمە دەسنوێژ بگرم؟

پێی دەڵێین: ئەگەر بۆ خواردنەوە یان شتێکی تر پێویستت پێیەتی بۆ دەسنوێژ بەکاری مەهێنە..دروستە تەیەمموم بکەیت تەنانەت ئەگەر ئاویش هەبوو ئەوەش وەکو ئاسانکاری و سووککردنی بارقورسی.

* نموونە: یەکێك دەڵێ: ناتوانم دەسنوێژ بگرم چونکە ئاو نییە و ناکرێ تەیەمومیش بکەم چونکە ماندووم دەکات یان هەستیاریيم هەیە یان پێستەم

ـەخۆشی هەیە و بەرگەی خۆڵ ناگرێ، ئیتر چۆن نوێژ بکەم کە نەتوانم نە بە ئاو نە ـەخۆڵ دەسنوێژ بگرم؟

وەڵام: ئەگەر نە بە ئاو و نە بە خۆڵ بۆی ناکرێ دەسنوێژ بگرێ با بە پێی حاڵی خۆی نوێژ بکات..

سەیرکەن ئەم ئایینە چەندە ئاسانە؟

* نموونەیەکی تر: یەکێك دەڵێ: من نەخۆشم و سەرئێشەیەکی توندم هەیە، ـەمەوێ لە ڕەمەزاندا ڕۆژووەکەم بشکێنم و ئارامکەرەوەیەك بخۆم، ئایا دروستە؟ یان ـەبێ تاوەکو خۆرئاوابوون بە ئازارکێشانەوە بەردەوام بم؟

وەڵام: پێویست ناکات خۆی ئازار بدات، ڕۆژووەکەی دەشکێنێ و ئارامکەرەوەیەك ـەخوات، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾(الحج: ٧٨)، وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى(الاعلى:٨).. إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا(الشرح: ٦)..هەموو ئەمانە ڕسگەلێکن کە بەڵگەن لەبارەی ئاسانکاری لە ئایین نەك تووندگیری، تۆ ئەگەر ـەخۆش بیت و نەتوانیت بەڕۆژوو بیت یان ڕۆژووەکەت تەواو بکەیت هیچ کێشەیەك نییە لەوەی ڕۆژووەکەت بشکێنی و ڕۆژێکی تر دوای ڕەمەزان بگرێتەوە.

یەکێك دەڵێ: بە خوا من ناتوانم ڕۆژێکی تر بیگرمەوە.

پێی دەڵێین: ئایین بۆتی ئاسان کردووە، چی دەکەیت؟

فیدییە دەدەیت..بۆ هەر ڕۆژێك هەژارێك خواردن دەدەیت، خواردندانی هەژاریش ئاسانە تەنها شتێکی کەمی دەوێ، واتە: ئەگەر پارچەیەك نان لەگەڵ شیر یان خۆشاو(شەربەت)ت یان هەر شتێکی ترت دا بە هەژارێك دروستە و ئەمە خواردندانی هەژارە، جا نانی بەیانی بێت یان نیوەڕۆ یان ئێوارە، جیاوازی نییە، پێویست ناکات زۆر لە خۆت بکەیت و بچیت مریشکێك یان ئاژەڵێك بکوژیتەوە، چیت هەیە ئەوەی بدەیێ.

ئەگەر لەو خواردنەی بدەیتێ کە خۆراکی زۆربەی خەڵکی وڵاتە، یان شتێکت دایە کە کەمێك گۆشتی تێدابوو یان هەر پێخۆرێکی تر تەنانەت لەمە کەمتریش ئەوا هەر دروستە.

ئەگەر گوتی: ناتوانم بەڕۆژوو بم و ناتوانم بیگرمەوە و ناشتوانم فیدییەش بدەم..من دەسکورتم..چی بکەم؟

وەڵام: هەموو ئەمانەی لەسەر لادەچێ، واجبەکانی لەبەر پێنەکران لەسەر لادەچێ..سەیرکەن چۆن خودا تەکلیفەکانی ئایینی لەسەر ئاسان کردووین.

* یەکێك دەڵێ: من ناتوانم حەج بکەم چونکە پارەم نییە؟

وەڵام: پارەی نییە حەجی لەسەر لادەچێ، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا﴾(ال عمران: ٩٧)..حەج لەسەر کەسانێك فەرزە کە توانایان هەیە بۆی بچن..تۆش ناتوانیت حەج بکەیت.

ئەگەر وتی: من حەج دەکەم بەڵام ناتوانم بەپێیان بەدەوری کەعبەدا بسوڕێمەوە، ناتوانم شەیتان بەردباران بکەم چونکە پەککەوتەم، چی بکەم؟

وەڵام: بۆ بەردبارانکردنی شەیتانەکان دروستە کەسێك بکاتە وەکیلی خۆی، دروستە بە عەرەبانە یان بەپشتێ تەوافی پێ بکرێ..سەیرکە خودا چۆن ئایینی ئاسان کردووە؟

هەر کەسێك لە ئایینداتوندگیری بکات ئەوا ماندوو دەبێ، تێکدەشکێ، ئەمە قسەی پێغەمبەرە (ﷺ): ((هەر کەسێك ئایین لەسەر خۆی توندگیر بکات، تێکدەشکێ))صحیح: البخاری(٣٩)..ئایین تێکی دەشکێنێ.

* نموونە: بۆ نموونە ئەگەر کەسێك گوتی: براکەم لە ڕۆژوودا ئایین لەسەری توندکردووین؟

دەڵێین: چۆن لەسەری توند کردوویت؟

دەڵێ: دەبێ لە بەرەبەیانەوە تا خۆرئاوابوون بەڕۆژوو بین.

دەڵێین: تۆ پەککەوتەیت؟

دەڵێ: بەڵێ..من پەککەوتەم.

دەڵێین: بۆت هەیە ڕۆژوو نەگریت یان بیشکێنیت، پاشان دوای ڕەمەزان بۆت هەیە بیگریتەوە یان بۆ هەر ڕۆژێك خواردنی هەژارێك بدەیت، ناکرێ ئایین تونديت بەسەر بکات، بەڵکو هەمیشە خودا دەفەرموێ: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ﴾(الحج: ٧٨)..حاڵی هەموو پێغەمبەران لەگەڵ نەتەوەکانیان وبووە..

لە سەردەمی ئیبڕاهیمەوە تا ئێستا..هەموو ئەو پێغەمبەرانەی خودا ڕەوانی کردوون ئاسانکارییان کردووە و هیچ کامێکیان تووندگیرییان لەسەر نەتەوەکانیان نەکردووە.

هەرکەسێك لە سوننەتی من لابدات لە من نییە

ئەسڵی تووندگیری لەم نەتەوەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ)، خەڵکانێك هەبوون لەوانەیە جۆرێك لەو تووندگیرییەیان تێدا بووە.

جارێکیان سێ کەس هاتنە لای پێغەمبەر (ﷺ)، نەیاندۆزیەوە، لە دواوەی پەردەوە لە بارەی خواپەرستیی پێغەمبەرەوە لە خێزانەکانیان پرسی: شەوان چەند ڕکات دەکات؟ چەند ڕۆژ جارێك هەموو قورئان دەخوێنێتەوە؟ چەند ڕۆژ بەڕۆژوو دەبێ؟ چی دەخوات و دەخواتەوە؟

ئەوانیش وەڵامیان دانەوە: بەشێکی شەو دەنوێ و بەشێکی نوێژ دەکات، هەندێ کات بەڕۆژوو دەبێ و هەندێ کاتیش پێ نابێت..ئەمە ژیانی وییە.

وەکو ئەوەی پێیان کەم بێت، گوتیان: تەنها ئەوەندە؟! هەموو شەوێ نوێژ ناکات! نیوە یان سێیەکی شەوان نوێژ ناکات! هەر تەنها سێ یان پێنج یان حەوت ڕۆژ لە مانگێکدا بەڕۆژوو دەبێ! هەموو مانگەکە بەڕۆژوو نابێ! هەموو ساڵەکە بەڕۆژوو نابێ؟!

وەکو ئەوەی خواپەرستیی پێغەمبەریان (ﷺ) پێ کەم بووبێت، بۆیە بە یەکێریان گوت: ئەو پێغەمبەری خودایە، خوا لە گوناهی بەر و دوای خۆشبووە، بەڵام ئێمە داماوین.

یەکەمیان گوتی: من شەوان هەر نوێژان دەکەم و هەرگیز ناخەوم..

دووەمیان: منیش هەرگیز ژن ناهێنم..

سێیەمیان: منیش بەردەوام و بۆ هەمیشە بەڕۆژوو دەبم.

چوارەمیان: منیش هەرگیز گۆشت ناخۆم..نابێ خواردنی خۆش بچێتە زارمەوە.

کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) بە هەواڵیانی زانی، چووە سەر مینبەر و گوتی: (هەندێ خەڵک چییان بەسەرهاتووە خۆ لە کردنی هەندێ شت دەپارێزن کە من دەیانکەم! ؟من لە هەموویان زیاتر خۆ لە گوناە دەپارێزم و لە خودا دەترسم، نوێژانیش دەکەم و بەڕۆژووش دەبم و بەڕۆژووش نابم، ژنیش دێنم، هەر کەسێکیش لە سوننەتی من لابدات لە من نییە.)صحیح: البخاری(٥٠٦٣)، مسلم(١٤٠١)..سەرنج بدە ئەوان وازیان لە هەندێ شتی ڕێپێدراو هێنابوو.

* نموونه: یەکێك دێت و دەڵێت: من گۆشت تەنها بە سادەیی بێ هیچ بەهاراتێك ـمخۆم..بە برژاوییش نایخۆم..ئەوەش جۆرێکە لە خواپەرستی و لەسەر خۆم توندی ـمکەم.

ئێمەش دەڵێین: ئەمە حەرامە..ئێستا تۆ بیدعەچیت..پێغەمبەر (ﷺ) بەرخێکی برژاویان بۆ دانا و لێی خوارد،، تۆ لەو باشتریت؟!خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ﴾(الاعراف: ٣٢).. ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ﴾(التحريم: ١)..ئەمەیە توندگیری..

ئەو کارانە بکەن کە لە تواناتاندا هەیە بیکەن

پۆژێکیان پێغەمبەر (ﷺ) چووە ناو مزگەوت پەتێکی بینی بە بنمیچەوە هەڵواسراوە، گوتی: ئەمە هی کێیە؟ گوتیان: هی فلانە ژنە، دێتە ئێرە نوێژ دەکات، کاتێ ماندوو دەبێت دانانیشێ، بەڵکو خۆی بەو پەتەوە دەگرێ و بەپێوە بەردەوام دەبێ لە نوێژکردن..

پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: (پاکوبێگەردی بۆ خودا ئەم پەتە ببڕن).

سەرنج بدە، نەیگوت: دەستی خۆش بێت، چەندە خواپەرستە..وای نەگوت..بەڵکو گوتی: ببڕن..پاشان گوتی: (هەر یەکێك لە ئێوە توانای هەبوو با نوێژ بکات بێتاقەت بوو با دانیشێ)صحیح: البخاری(١١٥٠)..واتە: خۆتان مەگەیەننە ئەو ڕادەیەی لە خواپەرستی بێزار ببن، با بەردەوام خواپەرستی لاتان خۆشەویست بێت ئەوەش بە پەیڕەوکردنی ئەو ئاسانکارییەی خودا فەراهەمی کردووە.

لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ: هەندێ كەس هەن لە ڕەمەزاندا نەخۆشییان هەیە كە ڕێگرە لەوەی بتوانێ ڕۆژووەكەی تەواو بكات كەچی زۆر لە خۆی دەكات بۆ ئەوەی ڕۆژووەكە بگرێ یان بیگەیەنێتەسەر، ئایا ئەوەش جۆرێكە لە تووندگیری؟ دەڵێ: بۆیە ئەو زۆرلەخۆكردنە دەكەم تاوەكو لە خودا نزیك ببمەوە یان گوناهەكانم بسڕێتەوە.

وەڵام: ئەگەر خواپەرستی ئازار و زەحمەتی تێدا بوو چێژ و خۆشییەكەی دەڕوات، ئەگەر كەسێك گوتی: ئەگەرچی قاچم ئازارم دەدات بەڵام من هەر بەپێوە نوێژ دەكەم و بەرگە دەگرم.

دەڵێین: تۆ بەو بەرگەگرتنەت كاكڵ و ناوەڕۆكی خواپەرستی بەلاوە دەنێیت كە بریتییە لە خشوع لە نوێژدا و باری خۆت گران دەكەیت، ئەگەر بەپێوە ئازارت هەبوو بە دانیشتنەوە بیكە، هەروەها ڕۆژوو ئەگەر گرفتاری ئازار و ناخۆشی بوویت(ژانەسەر، ددانئێشانێك كە پێویستی بە ئارامكەرەوە هەبوو، یان هەر نەخۆشییەكی تر كە پێویستی بە ئارامكەرەوە هەبوو) ئەسڵ وایە بیشكێنێ و ئەم ئارامكەرەوەیە بخوات.

هەروەها لە سەفەركردن هەندێ كەس هەر بەڕۆژوو دەبێ لە كاتێكدا خودا ڕێی پێداوە بیشكێنێ، دروستە و كێشە نییە بەڕۆژوو بێت بەڵام ئەگەر ئازار و بارقورسی هەبوو وا چاكترە و پاداشتیشی زیاترە كە بیشكێنێ.

ئەوانە سەرپێچیكارن

ئا ئەمە پێغەمبەرە (ﷺ) كاتێ لە ڕەمەزانێكدا ڕۆژوو لەسەر هاوەڵەكانی قورس دەبێت دەیشكێنێ و دەڵێ: (بیشكێنن)، دەچێتە سەر وشترەكەی و ئاوی خواردەوە وەكو ئەوەی بڵێت: ببینن وا من ئاوم خواردەوە، كاتێ دەستی بە ڕۆیشتن كردەوە بیستی هێشتا هەندێ خەڵك بەڕۆژوون، گوتی: (ئەمانە سەرپێچیكارن..ئەمانە

ـخین)صـحیح: مسـلم(١١١٤)..ئـەی پێغەمبـەری خـوا ئـەوان بەڕۆژوون..بـەڵێ بـەڵام سـەرپێچیکارن، خودا ڕێی پێداون بیشکێنن و منیش پێم گوتن: بیشکێنن ئەوە سۆز و بەڵێنی و ئاسانکاریی خودایە بۆ ئێوە.

بە هۆی ئەوەی بەگوێی ئەویان نەکرد بەم وەسفە ترسناکە وەسفی کردن.

پابەندبوون بە ئایینی خودا بە تووندگیری دادەنرێ؟

هەندێ کات هەندێ بابەت بە تووندگیری وەسف دەکەین بەڵام تووندگیرییش نین.

* نموونە: وەک ئەوەی بە کەسێک بڵێی: براکەم خێزانەکەت یان خوشکەکەت بە جلوبەرگێکی نەشیاوە (پانتۆڵێکی تەسک) دەچێتە بازاڕ، خۆزگە فەرمانت پێ بکردایە جلوبەرگی شەرعی لەبەرکردبایە، خـودای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَقُـلْ لِلْمُؤْمِنَـاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾(النور: ٣١) ئەمە قسەی خودایە خۆزگە لە کاتی چوونە دەرەوە خۆی دادەپۆشی..

ئەو پێت بڵێت: براکەم ئەوە تووندگیرییە.

ئایا ئەمە تووندگیرییە؟

براکەم ئەمە ئایینی خودایە، پێم دەڵێی: تووندگیری!؟

ئەم جۆرە کەسە و هاوشێوەکانی مەسـەلەی تونـدگیری دەکەنـە بیانوویـەک بـۆ کـارکردن بـەو شـتانەی لەگـەڵ بەرژەوەنـدی و ئارەزووەکانیـان دەگـونجێ ئەگەرچـی پێچەوانەی دەقە شـەرعییە ڕوونـەکانیش بێت.هەنـدێ شـتیش هەیـە تونـدگیرییـە، بـۆ نموونە ئەگەر بە کەسێکت گوت: براکەم پێویستە ڕۆژانی دووشـەم بەڕۆژوو بیت..

ئەمە توندگیرییە چونکە گوتت: پێویستە لەسەرت..ڕۆژووی دووشەممان سوننەتە بۆچی شتێك واجب دەکەیت کە خودا واجبی نەکردووە.

ئایینە ڕاستەکەمان بە حیکمەتەوە دەدوێ و هەموو شتێك لە شوێنی خۆی دادەنێ، هەر شتێك واجب بوو بۆ بەرژەوەندییە و هەر شتێکیش واجب نەبوو بۆ بەرژەوەندێکی تر..

ئەوانە سنوورەکانی خودان..مەیانبەزێنن

خەڵکێك هەیە گوێ لە گۆرانی و مۆسیقا دەگرێ و سەیری کەنالّە نزم و بێڕەوشتەکان دەکات کە جگە لە حەرام چیتر پیشان نادات، پاشان ئەگەر بێیت و ئامۆژگاری بکەیت و پێی بڵێیت: گوێ لە گۆرانی و مۆسیقا مەگرە و تەماشای ئەم کەنالّانە مەکە، پێت دەڵێ: تۆ بازنەکەمان لێ تەسك دەکەیتەوە، توندگیر مەبە، یان پێت دەڵێ: چێڕ لە ژیانت وەرگرە..ئەوان لەم ڕوانگەوە تەماشای شتەکان دەکەن، تۆش دەتەوێ ئامۆژگاری بکەیت چونکە پێغەمبەر دەفەرموێ: (ئایین ئامۆژگارییە) یان (هەر کەسێك لە ئێوە خراپەیەکی بینی با بیگۆڕێ..)..

ئەم شتە قەدەغەکراوانە دەقی شەرعی لەبارەیانەوە هاتووە بەڵام خەڵك بە هۆی زۆر کردنیانەوە وایان لێهاتووە هەست بە حەرامبوونیان نەکەن و دەقیان پێوە گرتووە.

ئەگەر دەرگامان بۆ ئەم بیانووە ڕزیوە کردەوە: (لێمانی تەسك مەکەوە) ئەوا ئەگەر بە مەیخۆر بڵێی: مەی حەرامە پێت دەڵێ: لێمانی تەسك مەکەوە، هەروەها زیناکەر پێی بڵێی لە خوا بترسە و کاری وا مەکە پێت دەڵێ: کاکە لێمانی تەسك

مەکەوە لێگەڕێ با چێژ لە ژیان وەربگرین، لەبارەی هەر حەرامکراوێکەوە بدوێیت ـەڵێن: کاکە لێمانی تەسك مەکەوە..

هەموو ئەمانە هیچیان تووندگیری نین بەڵکو سنووری خودان کە خوا لەبارەیانەوە ـەفەرموێت: ﴿تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا﴾(البقرة: ٢٢٩)..

مرۆڤی موسڵمان کاتێ لەنێوان هەردوو هێڵی ڕاست و چەپدا دەڕوات ئەوە سنورەکانی خودان، پێویستە بەسەر ئەم هێڵەدا بڕوات، دروست نییە نە بڕواتە لای ڕست یان لای چەپ مادامەکی خودا سنووری بۆ داناوە، ﴿تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا﴾ ئەمانە سنورەکانی خودان مەیانبەزێنن، ئەم لا و ئەو لا مەکەن، ئەوە بۆ کەسێك ئەگەر بیەوێ ئەم هێڵە بیگەیەنێتە بەهەشتەوە، خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾(الانعام: ١٥٣).

کەواتە ئەو تووندگیرییە کامەیە کە نەهی لێ کراوە؟

بۆ نموونە: کاتێ کەسێك پێت دەڵێ: لە خوا بترسە و خۆشاو(شەربەت) مەخۆوە، یان پێت دەڵێ: ئایس کریم مەخۆ..یان نەهی کردنی شتێکت لێ دەکات کە خودا ڕێی پێداوە ئەوە خودی تووندگیرییە.

بەڵکو هەر شتێك حەزت لێیە بیخۆ و چت پێ خۆشە بیکە بەڵام بە بێ زیادەڕەوی و خۆبەزلزانی، گرنگترین شت ئەوەیە سنورەکانی خودا نەبەزێنیت.

هەروەها ئەگەر سوننەتێك بکەیتە واجب و خۆت و خەڵکی پێوە پابەند بکەیت ئەوا تۆ تووندگیریت. وەك ئەوەی کەسێك بڵێ: پێویستە هەموو ڕۆژ دوو لاپەڕەی

قورئان بخوێنیتەوە..براکەم کێ پێی گوتی: پێویستە، بەڵکو بڵێ: وا چاکترە، وەها باشترە..مەڵێ پێویستە.

یان کەسێك پێت بڵێ: لە خوا بترسە بۆچی دووشەم و پێنجشەمان بەڕۆژوو نابیت؟

ئاخر ڕۆژووی ئەم دوو ڕۆژە سوننەتن.

یان کەسێك پێت بڵێ: بۆچی ئەو هەموو هەژارەی کن مزگەوت دەبینی و خێرێکیان پێ ناکەیت؟

پێی بڵێ: کاکە ئەوەی خودا بەسەر منی واجب کردووە زەکاتە نەك خێر و سەدەقە.

لە سنووری شەرعدا چی دەکەیت بیکە

بەڵام نابێ ئەم بازنەیە ئەوەندە فراوان بکەین لە شەرعی خودا بچینە دەرێ، حەرامەکانیش حەڵاڵ بکەین، بە پێچەوانەوەش..

بۆیە تەماشاکە بزانە چۆن پێغەمبەر (ﷺ) کاری خەڵك ئاسان دەکات:

* لە کاتی حەجدا چەندان هاوەڵ دەهاتن لە بارەی هەندێ کردەوەی مەراسیمی حەج پرسیاریان لە پێغەمبەر (ﷺ) دەکرد، ئەویش تا ئەوپەڕی بۆی ئاسان دەکردن: یەکێك ئێوارە شەیتانی بەردباران کردووە کە ئەسڵ وایە لە ڕۆژدا بیکات، شەویش دەبێت، پێغەمبەر پێی گوت: قەیناکا.

یەکێکی تر بەر لە تەواف (سعی) کردووە کە ئەسڵ وایە تەواف پێش(سعی) بێت، پێغەمبەر لەسەری تۆند نەکرد گوتی: قەیناکا..هتد..

* پیاوێکیان هێنا لای پێغەمبەر (ﷺ)، پرچی زۆر و پڕ ئەسپێ بوو، پێغەمبەر گوتی: ڕەنگە ئەو زیندەوەرانەی سەرت ئازارت بدەن؟

گوتی: بەڵێ بەڵام من لە حەجم ،بۆ حاجیش دروست نییە سەری بتاشێ تەنها ئەوای بەردبارانکردنی شەیتانەکان واتە لە ڕۆژی جەژن،، بەڵام ئەم کابرایە لە ڕۆژەکانی سەرەتای حەجدا بوو، پێغەمبەر (ﷺ) پێی گوت: بڕۆ سەرت بتراشە و کەفارەتێك بدە.

مەبەست: دەست بە ئایینەکەمانەوە بگرین، فەرمانبەرداری قورئان و سوننەت بین و ئەوەی پابەند بوو بە دروشمەکانی ئایین و قورئان و سوننەت پێی نەڵێین تووندگیر، بەڵکو ئەو موسڵمانی ڕاستەقینەیە، هەروەها ناشبێ ئەو شتانەی سوننەتن بیانکەینە واجب بەوەش تووندگیری لە شوێنێکدا بکەین کە شیاو نییە و بەوەش خۆمان و خەڵکیش گومڕا بکەین.

چەند پەیڤێك لە تۆماری یادەوەرییەكانەوە

﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي﴾

چەند پەیڤێك لە تۆماری یادەوەرییەكانەوە

لەم بابەتەدا باس لە هەندێ یادەوەری دەكەم كە لە میانەی گەشت و هاتوچۆیەكانم بینیومن.

هەندێ هەڵوێست هەن لە زەینتدا ڕەگ دادەكوتن، مرۆڤ لە گەشتی ژیانیدا بە زۆر هەڵوێستدا تێدەپەڕێ، بەڵام تەنها ئەو هەڵوێستە گرنگانە دەمێننەوە كە دەڵێی بە چاو دەیانبینیتەوە.

من دڵنیام لەوەی كاتێ تۆ دەچیتە وڵاتێك و هەفتەیەك یان دووان دەمێنیتەوە بەپووی سی تا چل هەڵوێست دەبیتەوە بەڵام ئەوەی لە مێشكتدا دەچەسپێ تەنها چەند یاریكراوی ئەو هەڵوێستانەیە، لێرەدا باسی هەندێكیان دەكەم.

لێی بپرسە واتای ئیسلام چییە؟

لەبیرمە چەند ساڵێك لەمەوبەر بە گەشتێكی دەعەوی لە شاری (مالمۆ)ی باشووری سوێد بووم، لەوێ سەنتەرێكی ئیسلامی هەبوو، باڵەخانەیەك بوو بە كرێ گیرابوو، من هەم سەنتەرە لە مانگی ڕەمەزان پێشنوێژی و نوێژی تەڕاویحم بۆیان دەكرد و دوای نوێژیش وانەیەكم دەوتەوە.

گەنجێك پێی گوتم: یاشێخ مزگەوتێك لە شارەكەدا هەیە بۆچی ناچی نوێژی لێ بكەیت؟

گوتم: لەم شارەدا مزگەوت هەیە؟

گوتی: بەڵێ.

چووینە ئەو مزگەوتە، کاتێ چوومە ناو مزگەوتەکە کۆمەڵێك سوێدی موسڵمان بە هاتنی منیان زانیبوو بۆیە بۆ دیداری من هاتبوونە مزگەوتەکەوە، مێردمندانێکی تەمەن ١٥ ساڵی لەسەر کورسییەکی جووڵاو دانرابوو دەست و قاچی پێوەی بەسترابۆوە، پرسیارم کرد زانیم کە نەخۆشییەکی هەیە لە دەمارەکان وای لێ دەکات بەردەوام هەڵدەپەڕی.

چوومە لای و دیتم ناتوانێ قسە بکات بەڵام دەبیستێ و دەبینێ و سێ زمانیش تێ دەگات: سوێدی و ئینگلیزی و سۆمالی، خۆی سوێدی بە ئەسڵ سۆمالییە و ڕەگەزنامەی سوێدی وەرگرتووە.

چوومە لای و بە بینینم دڵخۆش بوو و زەردەخەنەی هاتێ، هەوڵی دەدا دەستی بجووڵێنێ، نەیدەتوانی هەستێ ئەگەرنا حەزی دەکرد سڵاوم لێ بکات، من چووم دەستم خستە سەر دەستی ڕاستی و سڵاوم لێی کرد و بانگی یەکێك لە لاوەکانم کرد بۆ ئەوەی ببێتە وەرگێڕی نێوانمان، گوتم: پێی بڵێ: من بە بینینی خۆشحاڵم.

پێی گوت..گوتم پێی بڵێ: پێغەمبەر دەفەرموێ: (ئیماندار تووشی هەر ناخۆشی و چەرمەسەرییەك ببێت..)..وەرگێڕەکە ئاوڕی لێدامەوە گوتی: یاشێخ من لەم بە عەرەبی تێ ناگەم چۆن بیکەم بە ئینگلیزی؟! ئەم ڕۆیشت و یەکێکی تر هات..

ئەو لاوانەی لەگەڵیدا بوون گوتیان ئەو گەنجە لە بانگەوازکردن بۆ ئیسلام زۆر کاری کردۆتە سەر سویدییەکان.

گوتم: ئەوە کە ناتوانێ قسە بکات و هەستێ و بجووڵێ کاری کردۆتە سەر سویدییەکان؟!

گوتیان: بەڵێ.

گوتم: چۆن کاری کردۆتە سەریان؟

گوتیان: یاشێخ تەماشاکە، پاشان قسەیان لەگەڵ کرد و پێیان گوت: دەتەوێ ستێك بە شێخ بڵێی؟ بەسەر ئامارەی کرد: بەڵێ..کەسێك هات کە وەکو کارمەندێکی تیەت بەو حکومەت دایمەزراندبوو، تابلۆیەکی هێنا و لە بەردەمی داینا، تابلۆیەکە بەرەیەکی پێوە لکێنرا بوو کە چەندان چوارگۆشەی بچووکی تێدابوو، هەر جوارگۆشەیەك وشەیەکی تێدا نووسرابوو وەکو: (سوپاس ، دەمەوێ بچمە ئاودەست ، بەیوەندی بە فلان هاوڕێ بکە، هتد..)، هەر چوارگۆشەیەك وشەیەکی دیاریکراوی تێدابوو، ئەو گەنجەی سەر کورسییەکە کلاوێکی لەسەر بوو پێنووسێکی بە ئەندازەی ستێك یان دوو بست لێ هاتەدەرێ، ئەگەر بیویستایە تەعبیر لە شتێکی دیاریکراو بکات پێنووسەکەی سەری ئامارە پێ دەکرد بۆ ئەو چوارگۆشەیەی مەبەستی بوو، ئەو جوارگۆشەیەش چی لێ نووسرابایە مەبەستەکە ئەو دەبوو، ئەوانیش تێی دەگەیشتن کە چی دەوێت.

پاشان گوتیان: یاشێخ ئەمە زۆر کاری کردۆتە سەر سوێدییەکان.

گوتم: چۆن؟

گوتیان: یاشێخ ئەم گەنجە تەمەنی ١٥ ساڵە..سەرنج بدە: سی و چل ساڵ نا، تەنها ١٥ ساڵ و بە ئەسڵ سۆمالییش..بۆیان باس کردم کە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دوو پیاو بۆ بەیانیان و دوو پیاویش بۆ ئێوارانی بۆ تەرخان کردووە خزمەتی دەکەن، کاتێ کارمەندێکی ناموسڵمان دێتە لای بە سەر ئامارە بۆ ئەو چوارگۆشەیە دەکات کە تێیدا نووسراوە پەیوەندی بە هاوڕێکەم بکە..ئەم کارمەندەش پەیوەندی بە هاوڕێیەکەوە دەکات، ئینجا ئەو گەنجە بە ئامارە بۆ چوارگۆشەیەکی تر دەڵێ: لێی بپرسە واتای ئیسلام چییە؟ کارمەندەکەش لە هاوڕێیەکەی دەپرسێ و پێی دەڵێ: موحەممەدی هاوڕێت لێت دەپرسێ ئیسلام چییە؟

ئەو هاوڕێیەش دەست دەکات بە قسەکردن لەبارەی ئیسلام..پاشان پێی دەڵێ: لەبارەی حاڵی موسڵمان لە قیامەت لێی بپرسە؟ چەندان پرسیاری تر..ئیتر بەم

شێوەیە ڕۆژانە بۆ ماوەی نیو سەعات یان سەعاتێك وانەی ئیسلامی وەردەگرێ و لەم ڕێیەوە ئیسلام بەو کارمەندە و سوێدییەکان دەناسێنێ..پاشان کە تەواو بوو بە کارمەندەکە دەڵێ: ئەم چەکمەجەیە بکەوە و کتێبێك یان دووان لەبارەی ئیسلامەوە وەکو دیاری بۆ خۆت ببە..بۆیە زۆرێك لە سوێدییەکان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەم گەنجەوە.

پاشان لەگەڵ سوێدییەکان دانیشتم و قسەم لەگەڵ کردن، محەممەد بە سەر ئاماژەی کرد و دیاربوو دەیویست قسان بکات، کارمەندێك چوو و کاغەزەکەی دانا بۆ ئەوەی تێی بگەن..

دەرکەوت کە ئەو دەیەوێ لەگەڵ من سەفەری سعودییە بکات بۆ ئەوەی بچێتە زانکۆی ئیسلامی تاوەکو زیاتر شارەزا بێت لە ئیسلام بۆ ئەوەی بە زانیاری و شارەزاییەوە بانگی خەڵك بکات بۆ ئیسلام..!!

ئەی ساغ و تەندروستەکان چیتان پێشکەشی ئایینی خودای گەورە کردووە؟

لە ڕاستیدا ئەمە لە سەیرترین یادەوەرییەکان بوو کە بینیومە.

کێ خەمی ئایین هەڵدەگرێ و کێیش ئایین خەمی هەڵدەگرێ؟

تەماشای ئەو گەرموگوڕییە بکە کە هەندێ کەس هەیەتی، هەندێ کەسیش ڕەنگە خودا توانای جەستەیی و سەروەت و سامان و زیرەکی و زمانپاراویشی پێدا بێت لەگەڵ ئەمەشدا هیچ جێدەستێکی لە ئیسلامدا نییە وەکو ئەم گەنجە..

ئەمەش ڕاستییە، سەیرە کە دەبینی هەندێ کەس خەمی ئایینی کردۆتە کۆڵ و هەندێ خەڵکیش ئایین خەمی ئەوان هەڵدەگرێ! !هەندێ کەس خەمی ئیسلام هەڵدەگرێ و هەندێکیش ئیسلام خەمیان هەڵدەگرێ.

ئەو کەسەی خەمی ئیسلامی هەڵگرتووە کاتێ دەبینێ کەسێك نوێژ ناکات پێی ئەڵێ: نوێژ بکە، یان مرۆڤێکی هەژار دەبینێ خێری پێ دەکات، یان کەسێك مەی ئەخواتەوە ئامۆژگاری دەکات.

هەندێ خەڵکیش هەیە هیچ شتێك پێشکەشی ئیسلام ناکات بەڵکو ئیسلام شتی پێشکەش دەکات و خەمەکانی هەڵدەگرێ، ئەگەر نەخۆش کەوت ئیسلام واجبی کردووە لەسەر موسڵمانان سەردانی بکەن، ئەگەر برسی بوو واجبی کردووە خۆراکی پێ بدەن، ئەگەر مردیش واجبی کردووە بیشۆن و کفنی بکەن و بینێژن، ئیسلام حزمەتگوزاری پێشکەش دەکات بەڵام ئەو هیچ خزمەتگوزارییەکی پێشکەش ناکات.

ئیسلام ئایینی هەقە

لە سەیرترین یادەوەرییەکان، لە میانەی سەردانێکم بۆ نیوزیلەندا گەنجێك هاتە لام و گوتی: هەندێ هاوڵاتیی نیوزیلەندایی دەیانەوێ بتبینن و لەبارەی ئیسلامەوە پرسیارت لێ بکەن..منیش گوتم: کێشە نییە بانگیان بکە.

هاتن و یەکێکیان لەنێودا بوو هاوڵاتییەکی فەڕەنسایی بوو هاتبوو لەوێ ئینگلیزی دەخوێند، پێم گوت: فەرموو پرسیارەکانت چین؟

گوتی: من لەبارەی ئیسلامەوە هیچ پرسیارێکم نییە تەنها حەز دەکەم چەند شتێکم بۆ ڕوون بکەیتەوە.

گوتم: وەکو چی؟

گوتی: من لە ڕۆژنامە و سایتەکان دەخوێنمەوە کە بەردەوام قەشە و پیاوانی ئایینی دەبنە موسڵمان بەڵام هەرگیز نەمبینیوە شێخێکی ئیسلام بچێتە سەر ئاینێکی تر..

گوتم: ئەمە یەک..

گوتی: دووەم: ئێمەی مەسیحی لە هەفتەی یەک ڕۆژ نوێژمان لە کەنیسە هەیە کەچی ژمارەیەکی کەم دەچین بەڵام ئێوە لە ڕۆژێکدا پێنج نوێژتان هەیە کەچی بەردەوام مزگەوتەکانت پڕە لە خەڵک و جمەی دێت، بۆم ڕوون دەکەیتەوە ئەمە چۆن دەبێت؟

گوتم: براکەم..ئەوە من نیم بۆتی ڕوون دەکەمەوە ئەوە تۆی بۆمی ڕوون دەکەیتەوە..

سبحان الله کەمێک لەبارەی ئەم پرسانەوە قسەم لەگەڵیدا کرد و دوو ڕۆژ دواتر هاتەوە و موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند.

ئیسلام ئایینی بەزەییە

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾(الانبياء: ١٠٧)..

نەیگوتووە: وەکو ڕەحمەتێک بۆ ئیمانداران یان تەقواکارانمان ناردوویت، بەڵکو تۆ ڕەحمەتی بۆ جیهانییان، پێغەمبەر (ﷺ) ڕەحمەت بۆ یەهودیش..بۆ هەموو خەڵک..

ڕۆژێکیان پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵەوە دانیشتبوو، ژمارەیەک جولەکە بە پێش ماڵی پێغەمبەردا تێپەڕین، زانیان پێغەمبەر (ﷺ) و عائیشەی هاوسەری لە ماڵەوەن، جولەکەکان گوتیان: ((السام علیکم یا محمد) واتە مردنتان لەسەر ئەی موحەممەد،

ـتـەی (السام)لای ئەوان بە واتای مردن دێت، پێغەمبەریش (ﷺ) کـە ڕەحمەتـە بـۆ حەیوانییان و لـە فەرهەنگیدا جـوێن و نـەفرەت نییـە بەهێمنییـەوە گـوتی: (وعلـیکم) حـەر ئێوەش..عائیشـە هەڵچـوو و گـوتی: مـردن و نـەفرەت لەسـەر ئێـوە، خـودا حەشمتان لێ بگرێ.)

پێغەمبـەر (ﷺ) گـوتی: (بێـدەنگ بـە عائیشـە، خـودا ڕقـی لـە جنێـو و وتـەی ناشیرینە)..عائیشە گوتی: نەتبیست چییان گوت؟ گوتی: ئەدی ئەتوو نەتبیست مـن چیم گوت؟ ئەوان گوتیان: مردنت لەسەر بێت..منیش بە بـێ هـیچ جنێـو و نـەفرەتێك گوتم: لەسەر ئێوەش..ئەی عائیشە دوعای من لەوان گیرا دەبێت بەڵام هـی ئـەوان لـە من گیرا نابێت.(صحیح: البخاری (٣٨٣٦)..

زۆربەی خەڵك پێویستیان بەم خێر و ڕەحمەتەیە، جا کێ هەیە پێیان بگەیەنێ؟

ئێمە هەندێ جار دەچینە بەندیخانەکانەوە لەبارەی هەندێ کاری خێرەوە قسەیان بۆ دەکەین، هی وایان هەیە هەڵدەستێتەوە و هاوار دەکات: ئەم قسانە لە کوێ بـوون بـەر لـەوەی بێمـە نـاو بەندیخانـەوە، تـۆ لـە کـوێ بوویـت؟ مـن بـە هـۆی مـاددە سڕکەرەکانەوە تووشی ئێرە بووم، بۆچی پێشتر کەس لەم قسانەی بـۆ نـەدەکردم تـا بەم ڕۆژە نەگەیشتمایە؟!

هەر یەکێکیان باسیان لەو تاوانە دەکرد کە بە هۆیەوە زیندانی کـراون: کوشـتن، بەسدرێژی..کوا ئامۆژگاری بەر لەوەی بێینە ئێرەوە؟!

بەم جۆرە ئەگەر ئەم خەمەمان هەڵگرت دەتوانین خەڵکانێك بـەر لـەوەی بکەونـە نێو چاڵەوە ڕزگار بکەین، خۆپاراستن باشترە لە چارەسەر.

دوای ئەوە هەرگیز جارێکی تر مەی ناخۆمەوە

(أبو محجن الثقفي) گرفتاری مەیخواردنەوە ببوو، چەند جارێك دارکاری کرا بەڵام دوای ماوەیەك دەگەڕایەوە سەری، لە شەڕی قادسییە لەگەڵ سەعدی کوڕی ئەبو وەقاص ڕۆیشت، ماوەیەکی زۆر لەوێدا مانەوە، تاسەی چووە مەی، هەڵێکی وەرگرت و دووبارە نایە سەرەوە، سەعد پێی زانی، دەبێ سزاکەی چی بێت؟ سەعد بەندی کرد و نەیهێشت بەشداری شەڕ بکات..سەیری سزاکە بکەن. نەیگوت: تۆ دەبێ لە پێشەوە شەڕ بکەیت، نا، گوتی: تۆ دەبێ بەشداریی شەڕ نەکەیت..کۆت و پێوەندی کرد و موسڵمانانیش چوونە شەڕەوە، ئەویش بەستراوەتەوە، سەرزەنشتی خۆی دەکرد کە مەیخۆرییەکەی ڕێگری لێ کردووە لەوەی بەشداری شەڕ بکات و لە دەروونی خۆیدا بەڵێنیدا کە ئەگەر ئەم جارە ئازاد بکرێ جارێکی تر توخنی نەکەوێتەوە.

پاشان بانگی کرد: کێ لەوێیە؟ (سلمی)ی هاوسەری سەعد هات بە دەمیەوە، چیت دەوێ..گوتی: تکایە دەستوپێم بکەوە و ئەسپێکم بدەرێ با بچم شەڕێ، پەیمان بێت ئەگەر نەکوژرام ئەوا دێمەوە شوێنی خۆم و بمبەستەوە و سەعدیش نازانێ کە شەڕم کردووە، ئەگەریش کوژرام ئەوا لە یەخەتان دەبمەوە و ئیسراحەت دەکەن..ئەویش ئازادی کرد و (بلقاو)ی ئەسپی سەعدی پێدا چونکە سەعد لەبەر بریندارى نەچووبووە شەڕێ، لە بەرزاییەکەوە ئیدارەی شەڕەکەی دەکرد..

سەیرکەن، أبی محجن نەیگوت: من مەیخۆرم چۆن بەشداری شەڕ بکەم؟ ئەم گوناهەی وای لێ نەکرد بەشداری لە واجبێك بکات، بەڵکو ئەوە خودایە بەهۆی ئەم کارەیەوە لە گوناهی خۆش ببێت و ئەم وتەیەی خودای لێ بێتە دی: ﴿إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ﴾(هود: ١١٤)..

سەعد لە بەرزاییەوە ئەسپەکەی خۆی دەبینی وا لە گۆڕەپانی شەڕدا هێرش دەبات و شێوازی هێرشەکەش لە هی (أبی محجن)دەچێت، سەری سوڕما ! !ئەدی ئەو چۆلیە کێت و پێوەند نەکراوە ؟! چی دەکات لە گۆڕەپانی شەڕ، چۆن گەیشتوتێ؟!

دوای ئەوەی شەڕ تەواو بوو (أبی محجن) گەڕایەوە شوێنی خۆی و کۆت و پێوەندەکانی خستەوە دەستوپێی خۆی. سەعدیش هاتەوە مالێ بینی وا أبومحجن لە شوێنی خۆیەتی بەڵام شوێنەواری شەڕ بە جەستەیەوە دیارە، چووە کن ئەسپەکەشی بینی ئەویش خەڵتانی ئارەقە بووە..گوتی: أبا محجن بەشداری شەڕت کردووە؟ گوتی: بەڵێ..بە خوا جارێکی تریش مەی ناخۆمەوە..

سەعدیش گوتی: سوێند بە خوا منیش جارێکی تر قامچیکاریت ناکەم..

پرسیارگەلێکی سەیر

(شیفای نەزانی، پرسیارکردنە)

پرسیارگەلێکی سەیر

لەم بابەتەدا باس لە هەندێ لەو پرسیارە سەیرانە دەکەم کە هەندێ کات خراستەی زانستخوازان یان زانایان دەکرێن.

تۆ کاتێ گوێ لە بەرنامەکانی پرسیار و وەڵامی ئایینی (فەتوادان) دەگریت هەندێ پرسیاری سەیر دەبیستی کە سەرت سووڕدەمێنێ و دەڵێی: چۆن موسڵمانان ئەم پرسیارە سادانە دەکات؟

ئایا میز ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە؟

لە مانگێکی ڕەمەزاندا کەسێك بۆ پرسیارێك پەیوەندی پێوە کردم و گوتی: ماشێخ من دوێنێ لە نوێژی بەیانییەوە میزم ڕاگرتووە و نە بۆ میز نە بۆ ڕیتن نەچوومەتە ئاودەست، بەڵام بەر لە خۆرئاوابوون زۆر تەنگاو بووم و چوومە ئاودەست و میزم کرد، ئایا حوکمی ڕۆژووەکەم چییە؟

ئەم کەسە وا دەزانێ میز و ڕیتن ڕۆژوو بەتاڵ دەکەنەوە!!

گوتم: ناوی بەڕێزت چییە؟

گوتی: فلان.

گوتم: چ قۆناغێکی خوێندنت تەواوکردووە؟

گوتی: زانکۆم تەواوکردووە.

گوتم: زانکۆت تەواوکردووە و وا گومان دەبەیت کە میز و ڕیتن ڕۆژوو بەتاڵ دەکەنەوە؟!

گوتی: بەڵێ یاشێخ، پێیان وتوومە: ئەو کەسەی بمیرێ و بڕی پۆژووەکە پووچ دەبێتەوە.

بڕوانن خەڵک کەوتۆتە نێو چ نەزانییەکەوە ! !

جارێکی تر لە بەرنامەیەکی کەناڵێکی بەناوودەنگ دوو کەس بەرامبەر یەکتر دانیشتبوون، یەکێکیان ویستی ئایەتێك بێنێتەوە گوتی: خودای گەورە لە سورەتی (الرمز)دا دەڵێ! !

ئایا سورەتێك هەیە لە قورئان بە ناوی سورەتی (الرمز)؟! بێگومان مەبەستی سورەتی (الزمر) بووە..

نەمانی زانست

لە ڕاستیدا کاتێ کێشەکە دەگاتە ئەو قۆناغە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرم (ﷺ) بیردێتەوە کە بخاری گێڕاویەتەوە و دەفەرموێ: (چەند سەردەمێك پێش هاتنی قیامەت زانست هەڵدەگیرێ و نامێنێ و لەجێی ئەودا نەزانی بڵاودەبێتەوە)..ئیتر نەزانی لەنێو خەڵکدا بڵاودەبێتەوە تەنانەت خەڵکانێك پەیدا دەبن کە بە پێی وتەی پێغەمبەر (ﷺ) (لە کاروباری دونیا شارەزا و زانا و لە بابەتی دواڕۆژیش نەزان و حۆل)..

هەندێ کەس کاتێ لەبارەی بابەتە ئەلیکترۆنییەکان و ئینتەرنێت و مۆبایل پرسیاری لێ دەکەیت هەمووی بە ورد و درشتیەوە دەزانێ بەڵام کاتێ لەبارەی بابەتێکی سادەی ئایینی پرسیاری لێ بکەیت وەکو گێژێك هیچ نازانێ..ئەمە بۆچی؟! هۆکار چییە؟

بۆیە دەبینین پێغەمبەر (ﷺ) جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێ مرۆڤی موسڵمان هاوڕێیی لە ئایینەکەی خۆی هەبێت تاوەکو تووشی گوناە و شتە قەدەغەکراوەکانەوە نەبێت، چونکە خواپەرستی بە نەزانی وەکو سەرپێچیکردنی خودا وایە.

شیفای نەزان پرسیارکردنە

کۆمەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) چوونە غەزایەك، یەکێکیان تووشی برینێك بوو، پەڕۆیەکی لە برینەکەی پێچا..کاتێ گەڕانەوە و شەو لە شوێنێك لایاندا، خەندارەکە لە خەودا شەیتانی بوو(تووشی جەنابەت)بوو، کەسێك شەیتانی ببێت پێویستە خۆی بشوات..کاتێ لە خەو هەستا بۆ نوێژی بەیانی بە هاوەڵەکانی گوت: من شەیتانی بوویمە و بریندارێشم ڕوخسەتم دەدەن خۆم نەشۆم؟

گوتیان: نابێ..کەسێك تووشی لەشپیسی بووبێت هەر دەبێ خۆی بشوات..

گوتی: چۆن خۆم بشۆم من سەرم برینی پێوەیە؟!

گوتیان: نابێ، هەر دەبێ خۆت بشۆیت..

ئەویش بەناچاری خۆی شۆرد و برینەکەی ئاودز بوو، لە ئەنجامدا مرد..

کاتێ هاوەڵان گەڕانەوە شاری مەدینە و چیرۆکەکەیان بۆ پێغەمبەر (ﷺ) گێڕایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) تووڕە بوو و گوتی: (کوشتیان خودا بیانکوژێ، کوشتیان خودا بیانکوژێ، ئەگەر زانیارییان نەبوو با پرسیاریان کردبایە)..ئەگەر زانست و شارەزاییت لەبارەی شتێکەوە نییە بپرسە، بە نەزانی فەتوا مەدە..هەروەها

فەرمووی: (که نەیانزانی با بیانپرسیبایە، شیفای نەزان پرسیارکردنە.)صحیح: أبو داود و ابن ماجه ڕیوایەتیان کردووە.

بەڵام پرسیار لە کێ بکەین؟ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾(النحل: ٤٣)..ئەگەر شتێکتان نەزانی لە زانایان بپرسن.

شوێنی بەڵگە بکەوە

پرسیارێك: کاتێ لەبارەی پرسێکەوە ناکۆکی و جیاوازی دەکەوێتە نێوان زانایانەوە، هەڵوێستی من لەم جیاوازییە چی بێت؟

وەڵام: پێویستە هەموومان بزانین کە ناکۆکیی زانایان لەبارەی بنەما و ئەسڵەکانی ئایین نییە، ئەوان لەبارەی ژمارەی ڕکاتەکانی نوێژ و واجبووونی ڕۆژووی ڕەمەزان ناکۆك نین، هەروەها هیچ جیاوازییەکیش لەنێوانیاندا نییە سەبارەت بە وەستان لە کێوی عەرەفە و ئەندازەی زەکات و هیتر..

لە ئوسوڵدا زانایان هەرگیز جیاوازییان نەبووە، بەڵکو ئەوان لە بابەتە فەرعی و لاوەکییەکان جیاوازیان هەیە، لەمەشدا تۆ هیچ زیانێکت پێ ناگات هەر کامێکیان بکەیت..

* نموونە: زانایان سەبارەت بە سوژدەی (سهو)لەبیرچوون جیاوازییان هەیە، پێش سەلامدانەوەیە یان دوای سەلامدانەوە؟ هەندێ لە زانایان دەڵێن: بەر لە سەلامدانەوەیە، هەندێکی تر دەبێژن: دوای سەلامدانەوەیە..

جا تۆ پێش سەلامدانەوە یان دوای سەلامدانەوە سوژدەی سەهووت برد ئاساییە، لە بابەتە خیلافییەکان پەیڕەوی هەر ڕایەکت کرد ئاساییە و کێشە نییە، چونکە

هەموویان لەسەر سوژدەبردنەکە کۆکن، ناکۆکییەکە تەنها لەسەر کاتەکەیەتی، تۆش کەمەیانت پێ ڕاستە و پێی ئاسوودەیت ئەویان بکە.

بۆیە دەبینی نوێژی موسڵمانان لە هەموو وڵاتانی دونیا یەکە، بانگدان یەکە، ڕەکات یەکە، حەج یەکە، لە ئەندەنووسیا بیت یان چین یان باشوری ئەفەریقا یان ڕۆژی جیهان یان باشور، هەموو ئەمانە یەکن، زانایان لەم بارەیەوە جیاوازییان نییە، بۆیە ئەگەر کەسێك پێی گوتی: براکەم زاناکان لەبارەی ئەم پرسەوە ناکۆکیان هەیە نازانم شوێن کامیان بکەوم؟! پێی بڵێ: لەم بارەوە بوار فراوانە و تۆش شوێنە هەڵگەی بەهێز بکەوە.

نەکەی شوێنی هەڵەی زانایان بکەویت

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ مَاذَا أَجَبْتُمُ الْمُرْسَلِينَ﴾(القصص: ٦٥)..

نالێ: چ وەڵامێکی زانایانتان دایەوە..

خودا لێت دەپرسێ: چ وەڵامێکی پێغەمبەرانت دایەوە؟ ئەمە پرسێکی گرنگە دەبێ وریای بین.

ئەگەر کەسێك گوتی: من بەڵگەکان نازانم، پێی دەڵێین: کەواتە شوێن زانایەك بکەوە کە پێتوایە لەوانی تر زاناترە و لە فەتوادان ترسی خودای لە دڵە، شوێن زانایەك مەکەوە کە پێتوایە فەتواکانی ئاسانترن.

هەندێ کەس هەن شوێن ئەو زانایانە دەکەون کە ڕێ بە هەندێ شتی قەدەغەکراو دەدەن.

تۆ شوێن ئەو زانایانە بکەوە کە بۆ ڕا و فەتواکانیان بەڵگەیان لە قورئان و سوننەتەوە پێیە.

ئایا جیاوازیی زانایان ڕەحمەتە؟

هەندێ کات ناکۆکیی زانایان دەبێتە مایەی سووککردنی هەندێ بابەتی شەریعەت لەسەر خەڵک، بە واتای ئەگەر مرۆڤ ئەمە بکات یان ئەوە بکات هیچی لەسەر نییە چونکە لە بابەتەکەدا بواری جیاوازی هەیە.

بەڵام هەموو کات ناکۆکی و جیاوازی ڕەحمەت نییە، ئەگەر جیاوازی ڕەحمەت بووایە دەبووایە ڕێککەوتنیش ئازار و ئەشکەنجە بێت، بوونی ناکۆکی سروشتییە تەنانەت پزیشکەکانیش جیاوازییان هەیە، ئەدی ئەوە نییە تۆ جاری وا هەیە زگت دێشێ و دەچیتە لای دکتۆر پێت دەڵێ: ئەو دەرمانەی بخۆ، دوایی دەچیتە لای دکتۆرێکی تر پێت دەڵێ: نا ئەو دەرمانە بۆ تۆ باش نییە، ها ئەوەی بخۆ.

جارێکیان منداڵێکم بردە لای پزیشکێك و دەرمانەکی پێدا، بەڵام نەخۆشییەکی زیاتر بوو، بردمە لای پزیشکەکی تر، گوتی: ئەو دکتۆرە شێتە کێیە ئەم دەرمانەی نووسیوە؟! گوتم: دکتۆری فلان نەخۆشخانە..گوتی: ئەو دکتۆرە شێتە ئەم دەرمانە تەنها بۆ ئەو نەخۆشییە و ئەو نەخۆشییە دەنووسرێ..دەرمانێکی تری بۆ نووسی بە ئیزنی خوا چاك بوویەوە.

پاشان جارێکی تر بە هەمان منداڵەوە چوومەوە لای دکتۆرە شێتە چونکە دیسان نەخۆش کەوتبۆوە، پێم گوت: دوو مانگ پێش ئێستا ئەم منداڵەم بۆ هێنای دەرمانەکت دایێ هێندەی نەمابوو بیکوژی، گوتی: نا..ئەم دەرمانەی دامێ زۆر بەسوود بوو بەڵام کاریگەرییەکەی دوای هەفتەیەك دەردەکەوێت.

مەبەست: هەموو خەڵك جیاوازی دەكەوێتە نێوانیانەوە، دروستكەرانی ئۆتۆمبێل جیاوازییان دەبێ، میكانیكییەكان جیاواز دەبن، كەواتە سەیر نییە كاتێ زانایەك مەبارەی بابەتێكی فەرعییەوە فەتوایەك دەدات جیاواز بێت لەگەڵ زانایەكی تر، بەڵام نیمە سوپاسی خودا دەكەین كە ئەو ئوسوڵە شەرعییانەی بۆ كۆكردووینەتەوە كە كۆكییان تێدا ڕوونادات.

كوا ئایینی خوا؟

خەڵك لە هەندێ كاروباری ژیان زیاتر شارەزاترن وەك لە كاروباری ئایین، لەوانەیە پرسیاری ناوی ئەكتەرە ناودارەكان، یان یاریزانان، یان ناوی بانگخوازە بەناوودەنگەكانی لێ بپرسی ناوی چەندانت بۆ بژمێرێت.

بەڵام كاتێ پرسیاری ئەو ١٠ هاوەڵەی لێ دەكەیت كە مژدەی بەهەشتیان پێ دراوە، یان لەبارەی هاوسەرەكانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) پرسیاریان لێ دەكەیت، یان هەر شتێكی تری لەم چەشنەی لێ دەپرسیت دەبینیت هیچ شتێك لەبارەیانەوە نازانێت.

جارێكیان لەبارەی هاوسەرەكانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) پرسیارم لە هەندێ قوتابیی زانكۆ كرد، یەكێك گوتی: عائیشە، یەكێكی تر: خەدیجە، یەكێكی تر: فاطمة! ! وای دەزانی فاتیمە هاوسەری پێغەمبەرە، گوتم: فاتیمە كچیەتی..گوتی: نا، پێموایە هاوسەریەتی..

یەكێكی تر دەستی بەرزكردەوە گوتی: یا شێخ یەكێك لە هاوسەرەكانی پێغەمبەر (ﷺ) بیركەوتەوە: ئامینە ! !

ئامینە دایکیەتی..

تەماشای ئەو نەزانییە ! !لەبارەی ناوی یاریزانەکان پرسیارم لێکردن، ناوی هەموویان پێ گوتم.. گوتم: چۆن ناوی هەموو یاریزانەکانی تیپێك بەتەواوی دەزانن تەنانەت یەکێکیشتان لەبیرنەچوو کە ناوەکانیشیان بیانیین، بەڵام ناوی هاوسەرەکانی پێغەمبەر نازانن؟!

یەکێکیان گوتی: ڕاگەیاندن ئەوانی دەرخستووە و ناوەکانیشیان لە ڕۆژنامەکان دەبینین.

گوتم: ڕاستە ڕاگەیاندن دەریخستوون بەڵام ئایا ڕاگەیاندن بەزۆر تۆی گرتووە و لە بەردەم کەناڵە ئاسمانییەکانی داناویت و بە کوتەك ناوەکانی پێ لەبەرکردوویت، یان خۆت ئەمەت هەڵبژاردووە و پەسندت کردووە؟

ئایا لە ڕۆژنامەدا هەر تەنها لاپەڕەی وەرزش هەیە یان شتی تریشی تێدایە؟

تۆ خۆت ئەمەت هەڵبژاردووە..

جۆرەها کەناڵی ئاسمانی هەیە، کەناڵی ئایینی، وەرزشی، فیلم و دراما ، کلیپ، تۆش کاتی خۆت لە بەردەم وەرزش و کلیپەکان بەسەردەبەیت و پشت دەکەیتە ئەو کەناڵانەی باسی ئایین و هاوەڵان و پیاوچاکان دەکەن..کەواتە تۆ سەرپشکیت لەوەی چی هەڵدەبژێری.

من دەڵێم: لەمەدا گلەیی لەسەر خەڵکە بەتایبەتی دایك و باوکان، ئەسڵ ئەوەیە ئەو کەناڵانەی خێر و چاکەیان تێدایە ئەوانن منداڵەکانمان ئاراستەی ڕێگای باش دەکەن بۆ ئەوەی شارەزای ئایینەکان بین و مرۆڤی باشیان لێ دەربچێت.

بەر لە هاتنی سەردەمی نەزانی، ئایینەکەت فێربە

پێغەمبەر (ﷺ) هۆشداری لە هاتنی قۆناغێك داوە کە ئوممەتی ئیسلامی ـمیگاتێ، لە ڕیوایەتێکدا کە(الترمذی) گێڕاویەتیەوە فەرموویەتی: (سەردەمێك دادێ خەڵك لەبارەی نوێژ و ڕۆژوو و سەدەقەوە چ نازانن)..

گەنجێك بۆی گێڕامەوە گوتی: جارێکیان چوومە ولاتی بەڕازیل، موسڵمانێك بینیمی و زانی عەرەبم، خۆشی عەرەب بوو فەرمووی ماڵەوەی لێکردم، منیش ەگەڵیدا چوومەوە، کە وەختی نوێژ هات گوتم: قیبلە لە کام لایە؟

گوتی: چیی؟!

گوتم: قیبلە؟

گوتی: قیبلە چییە و چۆنە؟!

گوتم: قیبلە، دەمەوێ نوێژ بکەم.

گوتی: ئاااا..دەتەوێ نوێژ بکەیت،،نازانم..

دەڵێ: خۆم ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوام دەزانی، توانیم قیبلە دیاری بکەم و نوێژەکەم کرد..کاتێ لە نوێژەکەم بوومەوە، گوتی: داپیرمت بیرخستمەوە..

گوتم: چۆن؟

گوتی: بەبیرم دێت ئەویش هەمان ئەو جوولە و هەستان و دانیشتنانەی تۆی دەکرد، موسڵمان بوو..

بزانە بە تێپەڕبوونی ڕۆژ و مانگ و ساڵ چۆن ئیسلامیان لەبیرچۆتەوە، لەوانەیە پەخشی کەناڵە ئیسلامییەکانیان نەگاتێ، یان خۆی بایەخ بە ئایین نادات و بەلایەوە گرنگ نییە، بە داخەوە ئەگەر وا بڕوات و خەڵک بگاتە ئەم قۆناغە، هیچ نەخوێنەوە یان هیچ شتێك لەبارەی ئایینەکەیانەوە فێرنەبن یان تەنانەت ئامادەی نوێژی هەینی نەبن ئەدی کەی فێردەبن؟ چۆن بەم شێوازە فێری ئایین دەبن کە لە ئاست گەڕان بە دوای زانست ئەوها تەنبەڵ بن؟!

ئەمە شتێکم بەبیردێنێتەوە، جارێکیان کەسێك پەیوەندی پێوە کردم تووشی هەندێ گرفت ببوو، گوتم: براکەم بۆچی جزمی عەممە لەبەر ناکەیت؟

گوتی: چی؟

گوتم: عم.

گوتی: عەممە چییە؟!

نەیدەزانی لە قورئاندا بەشێك هەیە ناوی جوزئی(عمّ)..

گوتم: (عمّ) دوا جوزئی قورئانە، یەکەم سورەتی ئەم جوزئە ناوی (عمّ)ە یان (النبأ)ە..

کەواتە با موسڵمان سوورببێت لەسەر فێربوونی ئایینەکەی لەسەر دەستی کەسانێکی متمانەپێکراو و خاوەن زانستی شەرعی تاوەکو نەکەوێتە ناو پاوانی قەدەغەکراوەکان و خودا و پێغەمبەر لە خۆی تووڕە بکات..

بڕیاردان

﴿فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ﴾

بڕیاردان

ڕێبواری ئەم ژیانە زۆر کات پێویستی بە هەندێ بڕیاردان هەیە کە ڕەنگە لە ژیانیدا یەکلاکەرەوە بن.

* بۆ نموونە دەیەوێ هاوسەرگیری بکات، جا کەسی بڕیاردەر پیاو بێت یان ژن.

لاوەکە چەندان کچی بۆ پێشنیاز دەکرێ، دەبێ یەکێکیان هەڵبژێرێ، بڕیار لەبارەی هاوسەرگیری لەگەڵ باشترینیان بدات..کچیش چەند لاوێك بۆ هاوسەرگیری لێ دێنە پێش، دەبێ یەکێکیان هەڵبژێرێ، پێویستە بڕیارێك لەبارەی هاوسەرگیری لەگەڵ باشترینیان بدات..بڕیار لێرەدا زۆر گرنگ و بایەخدارە، چۆن نا؟! قورئان هاوسەرگیری بە پەیمانێکی قایم وەسف کردووە: ﴿وَأَخَذْنَ مِنْكُمْ مِيثَاقًا غَلِيظًا﴾ (النساء: ٢١)..مەسەلەکە وەکو کراسێك نییە کە پێم جوان بووە و بە نرخێکی کڕیومە پاشان ئەگەر حەزم پێی نەبوو بیگۆڕم، یان قەڵەمێك نییە کە بە نرخێکی کەم بیکڕم و دواتر بیگۆڕم..نەخێر ئەمە هاوسەرگیرییە، ئەمە خۆبەستانەوەیە بە کچێك، پارەی تێدا خەرج دەکەم و لە ڕووی سۆزداریيەوە پێوەی دەبەسترێمەوە و لەگەڵ کەسوکاری دەبمە خزم و پاشان بە ئیزنی خودا منداڵیش پەیدا دەبێ.

کەواتە مەسەلەکە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی قوواڵە، پاشان پێویستی بە بڕیاردانێکی دروستە.

* هەروەها دەمەوێ لە زانکۆیەك بخوێنم و پەیوەندی بە کۆلیژێکی گونجاوەوە بکەم نەوەك دوای هەڵبژاردنی کۆلیژەکە تێ بکەوم و پاشان بزانم کە هەڵەم کردووە و ساڵێك و دووان تەمەنم بەفیڕۆ بڕوات..

کەواتە مەسەلەکە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی باشە، پاشان پێویستی بە بڕیاردانێکی دروستە.

* هەروەها بۆ خوێندنی زمانی ئینگلیزی دەمەوێ بچمە وڵاتێکی دیاریکراو، بچمە بەریتانیا یان ئەمریکا یان ئوستڕالیا یان نیوزیلەندا؟ بچمە کوێ؟

کەواتە مەسەلەکە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی ساغە، پاشان پێویستی بە بڕیاردانێکی دروستە.

* هەروەها..دەمەوێ داوا لە کەسێك بکەم لە بازرگانییەکی دیاریکراودا هاوبەشم بێت، بەڵام هیچ لەبارەیەوە نازانم..لەوانەیە ئەمین نەبێت، فێڵم لێ بکات، پاشان تووشی پەشیمانی دەبم چونکە لەگەڵی بوومەتە شەریك..

کەواتە مەسەلەکە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی باشە، پاشان پێویستی بە بڕیاردانێکی دروستە.

ئەم بڕیارانەی لە ژیانماندا دەیاندەین نابێ هەڕەمەکییانە بێت، دەبێ ئامادەسازی بۆ بکرێت و دەست بە هەموو هۆکارێکی ڕەخساوەوە بگرێت، هەروەك وتراوە: (ئامادەسازیی باش بۆ شتێك گرەنتی سەرکەوتنیەتی.)..

گرنگیی بڕیاردان لە ژیانی مرۆڤ

* لە ڕاستیدا هەندێ کەس ناتوانێ بڕیار بدات..جۆرێك لە دوودڵی لێ دەبینی..لەوانەیە لە خواردنگەیەك دانیشێ و گارسۆنیش لیستی خواردنەکانی بۆ بێنێ: برنج، سەوزە، مریشك، گۆشت، کەباب،..ڕاڕا دەبێت نازانێ کامە هەڵبژێرێ، دەڵێ: برۆ پێنج خولەکی تر وەرەوە، گارسۆن دێتەوە، پێی دەڵێ: ئەو جارەش برۆ

بێنج خولەکی تر وەرەوە..لەوانەیە نیو سەعات دانیشێ نەتوانێ بڕیار لەبارەی ئەو خولدنەوە بدات کە دەیەوێ بیخوات.

* یان کەسێکی ڕاڕا دەچێت پێڵاوێك بکڕێت کەچی نیو سەعات ئەم پێڵاو و ئەو پێڵاو دەکات ناتوانێ یەکێکیان هەڵبژێرێ..ئەمەش لە بڕیاردادا دوودڵە.

* کەسێکی تر دەیەوێ پەیوەندی بە کۆلیژێکی دیاریکراوەوە بکات، دەچێ پرسیار بکات و لە ڕاڕایی و دوودڵییەکەی بەردەوام دەبێت تا ئەوەی کاتی تۆمارکردن بەسەردەچێ کەچی ئەو هێشتا بڕیارێکی گونجاوی نەداوە.

گرنگیی نوێژی(الاستخارة)

جابر دەڵێ: (پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە هەموو شتێکدا وەکو فێرکردنی سورەتێکی قورئان، فێری ئیستیخارەی دەکردین.).

الاستخارة: لە کارێکدا دوودڵیت بیکەیت یان نەیکەیت، یان لەنێوان دوو کاردا نازانی کامیان بکەیت، دێیت دوو ڕکات نوێژی الاستخارە دەکەیت، داوا لە خودا دەکەیت خێر بێنێتە ڕێت و ڕێی ڕاستت بۆ هەڵبژێرێ..

بڕوانە پێغەمبەر (ﷺ) چەند سوور بووە لەسەر ئەوەی هاوەڵەکان فێری سورەتەکانی قورئان بکات، ئەوهاش سوور بووە فێری ئیستیخارەیان بکات..

هەندێ کەسی سەرکەوتوو لە ژیان دەناسم دەڵێت: زۆربەی ڕۆژەکان ئیستیخارەم کردووە، بۆ هەر کارێك ویستوومە بیکەم ئیستیخارەم کردووە، دەمەوێ لەگەڵ فیسار مامەڵە بکەم، دەمەوێ پەیوەندی بە فلان کۆمپانیاوە بکەم بۆ کارکردن لە کنیان، دەمەوێ ئەم ئیشە و ئەو ئیشە بکەم..

دەڵێت: براکەم باشترین کەسێك کە پرس و ڕاوێژی پێ بکەیت و داوای خێری لێ بکەیت و لێی بخوازیت بژاردەیەکت بۆ دیاری بکات خودای پەروەردگارە، چ شتێك ڕێگرە؟ مادامەکی خودا دەرگایەکی بۆ کردوومەتەوە بۆچی لەم دەرگایەی نەدەم.

چۆنییەتیی بڕیاردان

دەبێ مرۆڤ ئازایەتی هەبێ بۆ ئەوەی لە کاتی گونجاو بڕیاری شیاو بدات.

بەڵام چۆن دەتوانم ئەم ئازایەتییە بەدەست بێنم؟

چۆن دەتوانم ڕاڕایی و دوودڵی لە خۆم دوور بخەمەوە؟

ڕەنگە بڕیارێك بدەم و بچمە کۆلێژێکی دیاریکراوەوە، چۆن بزانم ئەم بڕیارە دروستە؟

ڕەنگە گەنجێك بچێتە داخوازیی کچێك و بڕیاری هاوسەرگیری لەگەڵ بدات، چۆن بزانێ بڕیارەکەی ڕاستە؟

بەر لە بڕیاردانی دروست

هەندێك شت هەیە دەبێ بەر لە بڕیاری دروست بکرێن:

یەکەم: پرس و ڕاوێژ.

دووەم: ئیستیخارە.

* پرس و ڕاوێژ: وەکو ئەوەی دەتەوێ لەگەڵ کچێکی دیاریکراو لە خانەوادەیەکی دیاریکراو هاوسەرگیری بکەیت، دەبێ ڕاوێژ بکەیت، بۆ نموونە دەچیتە لای دایکت، باوکت، براکانت، خوشکەکانت، لەبارەی ئەو کچەوە پرسیاریان لێ دەکەیت.

دەچیتە لای کەسێکی هەمان خانەوادەی کچەکە، ئامۆزاکانی یان نزیکەکانی، هەبارەی خۆی و براکانی و خانەوادەکەی دەپرسی، نەوەک دواتر بزانیت کە یەکێك لە براکانی بۆ نموونە ماددە سڕکەرەکان بەکاردێنێ و بەو هۆیەوەش تووشی گرفت ببیت، یان ڕەنگە لە ڕەچەڵەکیان نەخۆشی هەبێت..بەپێی توانا دەبێ پرسیار و ڕاوێژ بە کەسانی شارەزا بکەیت.

* ئەگەر دەتەوێ پەیوەندی بە کۆلیژێکەوە بکەیت، دەبێ بچیتە لای زیاتر لە کتێبێکی پسپۆڕی ئەم کۆلیژە و لێی بپرسیت، یان لە دەرچووانی ئەم کۆلیژە بپرسیت، لێیان بپرسە ئەم چ توانایەکی کەسەکانی پێویستە هەر لە تێگەیشتن و هەبەرکردن و لێکۆڵینەوە و بایەخپێدان..هتد..

* دەتەوێ لەگەڵ کەسێك بازرگانییەك پێکەوە بکەن، لەوانەی دەیناسن پرسیار بکە، لە ڕاستگۆیی و دەسپاکی و ڕەفتار و توانا و زیرەکی..لە هەر شتێك کە پەیوەستە بە مامەڵەکردن لەگەڵی لە بواری بازرگانی بەتایبەتی لەو بابەتانەی کاردەکاتە سەر سەرکەوتن یان شکستی کۆمپانیاکە.

بەڵام دەبێ پرس و ڕا بە کێ بکەین؟

سیفەتەکانی ئەو کەسەی دەتەوێ ڕاوێژی پێ بکەیت

دەبێ چەند سیفەتێکی دیاریکراو لەو کەسەدا هەبێت کە ڕاوێژی پێ دەکەیت:

* دەبێ مرۆڤێکی ژیر و کارامە و دانا بێت، هەر شتێك لە شوێنی خۆی دابنێت.

* دەبێ زانیاری و شارەزایی لەبارەی کاروباری ژیان و پێشهات و گۆڕاوەکانی هەبێت.

* دەبێ پێوەرەکانی لەسەر بنچینەی قورئان و سوننەت و دابونەریتی گونجاوی خەڵك بێت.

* دەبێ تۆی خۆشبوێت نەوەك شتێكت پێ نیشان بدات كە زیانی تۆی تێدا بێت.

كەواتە ڕاوێژكردن بریتییە لەوەی دەچیتە لای كەسێك لەبارەی بابەتێك پرس و ڕاوێژی پێ دەكەیت بۆ ئەوەی لەم بابەتدا هاوكاریت بكات، بێگومان وەڵامی ئەویش بۆ تۆ سوودی هەیە و بڕیاردانت بۆ ئاسان دەكات، وتراویشە: (هەر كەسێك ڕاوێژ بە خەڵك بكات ئەوا پشكداری عەقڵییان بووە.).

نوێژی ئیستیخارە

ئەگەر پرسوڕات بە خەڵك كرد دەبێ ئیستیخارەی خوداش بكەیت، ئیستیخارەی خودا بریتییە لە نوێژی ئیستیخارە، پێغەمبەر (ﷺ) لەم بارەوە دەفەرموێ: (ئەگەر یەكێكتان ویستی كارێك بكات با دوو ڕكات نوێژی سوننەت بكات پاشان بڵێ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْتَخِيرُكَ بِعِلْمِكَ ، وَأَسْتَقْدِرُكَ بِقُدْرَتِكَ ، وَأَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ الْعَظِيمِ فَإِنَّكَ تَقْدِرُ وَلا أَقْدِرُ ، وَتَعْلَمُ وَلا أَعْلَمُ ، وَأَنْتَ عَلامُ الْغُيُوبِ ، اللَّهُمَّ إِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الأَمْرَ (لێرەدا دەتوانی پێویستییەكەت بڵێیت) خَيْرٌ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي أَوْ قَالَ : عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ ، فَاقْدُرْهُ لِي وَيَسِّرْهُ لِي ثُمَّ بَارِكْ لِي فِيهِ ، اللَّهُمَّ وَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الأَمْرَ (لێرەدا دەتوانی پێویستییەكەت بڵێیت) شَرٌّ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي أَوْ قَالَ : عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ ، فَاصْرِفْهُ عَنِّي وَاصْرِفْنِي عَنْهُ وَاقْدُرْ لِي الْخَيْرَ حَيْثُ كَانَ ثُمَّ ارْضِنِي بِهِ..پاشان پێویستییەكەی دەڵێت.)صحيح: البخاری(١١٦٢)..

هەر پێویستییەكت هەبوو دەتوانی بیڵێیت بۆ نموونە: هاوسەرگیری، كڕینی ئۆتۆمبێل، چوونە كۆلیژێكی دیاریكراو، بوون بە شەریكی كەسێك..

لێرەدا لەم نوێژ و دوعایەدا داوا لە خودا دەکەیت هاوکاریت بکات لە هەڵبژاردنی کارێك کە خۆت باش سەرت لێ دەرناچێ و لە ئایندەی دڵنیا نیت..داوا لە خودا دەکەیت بە زانست و توانای بێسنووری خۆی کۆمەکییت بکات.

پرسیارێك: ئایا دەکرێ لە پرسوڕاوێژ و ئیستیخارە تەنها یەکێکیان بکەم؟

وەڵام: پێویستە هەردووکیان بکەیت.

چۆن مرۆڤ دەزانێت کە خودا شتێکی بۆ هەڵبژاردووە؟

دەتەوێ بچیتە کۆلیژێك، کچێك بخوازیت، دایکت دوو کچی بۆ دۆزیتەوە: ئامۆزایەکت و پورزایەکت..هەردووکیان کۆمەڵێك سیفەتی باشیان تێدایە، دوودڵیت نازانیت کامیان هەڵبژێریت، نوێژی ئیستیخارەت کرد و دوعایەکت خوێند..چۆن دەزانیت کە خودا کامەیانی بۆ هەڵبژاردوویت؟

یەکەم: لەلایەن خوداوە ئیلهامێك بکەوێتە ناو دڵت و ئارەزووت بە لای یەکێکیاندا بچێت.

دووەم: دەرگایەکت بۆ بکرێتەوە کە پێشتر هیچت لەبارەوە نەزانیبێ ئەوەش وەکو ئاسانکاری و ئاماژەیەك لەلایەن خوداوە بۆ ئەوەی ئەو ڕێگایە بگریتەبەر کە خودا ویستوویەتی.

سێیەم: کارەکانت بۆ ئاسان ببێت.

بەکورتی: زانایان گوتوویانە کە ئەو کەسە هەست بە جۆرێك لە دڵنیایی دەکات.

لێرەدا لەم نوێژ و دوعایەدا داوا لە خودا دەکەیت هاوکاریت بکات لە هەڵبژاردنی ژنێک کە خۆت باش سەرت لێ دەرناچێ و لە ئایندەی دڵنیا نیت..داوا لە خودا بکەیت بە زانست و توانای بێسنووری خۆی کۆمەکییت بکات.

پرسیارێك: ئایا دەکرێ لە پرسوڕاوێژ و ئیستیخارە تەنها یەکێکیان بکەم؟

وەڵام: پێویستە هەردووکیان بکەیت.

چۆن مرۆڤ دەزانێت کە خودا شتێکی بۆ هەڵبژاردووە؟

دەتەوێ بچیتە کۆلیژێك، کچێك بخوازیت، دایکت دوو کچی بۆ دۆزیتەوە: ئۆزایەکت و پورزایەکت..هەردووکیان کۆمەڵێك سیفەتی باشیان تێدایە، دوودڵیت ژنانیت کامیان هەڵبژێریت، نوێژی ئیستیخارەت کرد و دوعایەکت خوێند..چۆن دەزانیت کە خودا کامەیانی بۆ هەڵبژاردوویت؟

یەکەم: لەلایەن خوداوە ئیلهامێك بکەوێتە ناو دڵت و ئارەزووت بە لای یەکێکیاندا بچێت.

دووەم: دەرگایەکت بۆ بکرێتەوە کە پێشتر هیچت لەبارەوە نەزانیبێ ئەوەش وەکو ئاسانکاری و ئاماژەیەك لەلایەن خوداوە بۆ ئەوەی ئەو ڕێگایە بگریتەبەر کە خودا ویستوویەتی.

سێیەم: کارەکانت بۆ ئاسان ببێت.

بەکورتی: زانایان گوتوویانە کە ئەو کەسە هەست بە جۆرێك لە دڵنیایی دەکات.

واتە: کەسەکە کە پێشتر لە بەرامبەر کارێک دوودڵ و ڕاڕا بووە، دوای نوێژی ئیستیخارەکە یەکسەر هەست بە دڵنیایی دەکات و دوودڵییەکەی دەڕوات و خۆی یەکلا دەکاتەوە.

یان ڕوودەدات کە دوای ئەوەی نوێژی ئیستیخارەت کرد، دەتەوێ ئۆتۆمبیلێک بکڕیت، بۆ شەو هاوڕێیەکت دەبینی پرسیاری ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلەی لێ دەکەیت یەکسەر پێت دەڵێت: نەکەی بیکڕی ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلانە کێشەیان هەیە..ساڵی داهاتوو مۆدیلی نوێیان دێت.

یان دەتەوێ کچێک بخوازیت، دوای نوێژی ئیستیخارە کەسێک هەندێ شتت لەبارەی ئەو کچەوە پێ ڕادەگەیەنێ کە وات لێ دەکات لێی پەشیمان ببیتەوە.

هەندێ لە زانایان دەڵێن: خەونێک دەبینێ کە یان بۆ کردنی ئەو کارە هانی دەدات یان لێی دوور دەخاتەوە، ئەمە قسەی هەندێ لە زانایانە و مەرج نییە خەون ببینێ، گرنگترین شت: دڵنیایی و ئاسوودەیی دڵ و نەمانی ڕاڕاییە..

ئەگەر بڕیاری شتێکت دا پشت بە خوا ببەستە و بیکە

لە شتە گرنگەکانی پەیوەست بە ئیستخارە ئەوەیە: کاتێ مرۆڤ لە ئیستیخارەدا بڕیاری لە شتێک دا با دوودڵ نەبێ.

تۆ ڕاوێژت کرد، ئیستخارەت کرد، پاشان هەنگاوت نا، دوودڵ مەبە، مەگەڕێوە پاش، بزانە خودا بۆ خێر و چاکە هاوکاریت دەکات.

(عبدالله کوڕی عومەری) دەڵێ: (مرۆڤ داوا لە خودا دەکات شتێکی بۆ هەڵبژێرێت، خوداش بۆی هەڵدەبژێرێت، بەڵام ئەو بە هەڵبژاردنەکە ڕازی نابێ و تووڕە دەبێت وا

ـەزانێت خراپە، پاشان سەیری سەرەنجامەکەی دەکات دەبینێ خێر و چاکەی بۆ ئەو تێدایە.)..

بۆ نموونە: بۆ داخوازیی کچێك ئیستیخارە دەکات، کە دەیەوێ بچێتە پـێش پێـی ـەڵێن: دوو ڕۆژە مارەکراوە، ئیتر تووڕە دەبێـت..دواتر بـۆی دەردەکـەوێ کـە خـودا نەیهێشتووە تووشی ئەم کچە ببێت چونکە کێشەی بۆ دروست دەکرد هـەروەك چـۆن نێستا کێشەی بۆ مێردەکەی دروست کردووە.

ئاکاری گفتوگۆ

﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾

ئاکاری گفتوگۆ

باسی بابەتێك لە گرنگترین بابەتەکان دەکەم کە زەرورەت دەخوازێ قسەی لەبارەوە بکرێ، ئەویش (ئاکاری گفتوگۆ)یە کە زۆر جار لەنێوان: ژن و مێرد، مامۆستا و قوتابی، لەنێوان خەڵك بە جیاوازیی ئاستیانەوە ڕووەدات، کەم مەجلیس هەیە گفتوگۆی تێدا نەبێت.

ئەم بابەتەش ئەوەندەی پەیوەستە بە شێوازی خستنەڕوویەوە، ئەوەندە پەیوەست نییە بە ئاکامەکەی.

پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ هاوەڵەکانی گفتوگۆی دەکرد، هاوەڵەکانی لەگەڵ یەکتر لێیەلۆگیان دەکرد، قورئان باسی لەوە کردووە کە ژمارەیەك لە پێغەمبەران گفتوگۆ و مشتومڕی درێژیان لەگەڵ نەتەوەکانیان کردووە.

گفتوگۆ ڕێیازی خەڵکە

دە وەرن با شارەزای ئەدەبی وتوێژ بین..

ئایا ژن و مێرد بەردەوام گفتوگۆ دەکەن یان نا؟ لەبارەی زۆربەی کارەکان و مندالەکان گفتوگۆ دەکەن..بۆچی خواردن درەنگ بوو؟ بچینە کوێ؟ تۆ دوێنێ چوویت بۆ مالّی باوکت ئەمڕۆ مەچوو..هەمیشە لەنێوان ژن و مێرد مشتومڕە، زۆربەی جاریش بە هۆی ڕەچاونەکردنی ڕەوشتی گفتوگۆ بە ناکۆکی کۆتایی دێت.

گفتوگۆ لەنێوان مامۆستا و قوتابی ڕووەدات..یان هەندێ جار لەناکاو مشتومڕێتە ئاراوە، وەك ئەوەی ڕووداوێکی هاتوچۆ ڕووبدات، شوفێرەکان دێنەخوارێ و مشتومڕ دەست پێ دەکات..

بۆچی هەندێ لە گفتوگۆکان دەگەنە ئاستی ناکۆکی و ناحەزی؟ هەندێ جار وادەبێ گفتوگۆ دەبێتە هۆی ئەوەی یەکێك بەتووڕەییەوە مەجلیسەکە بەجێ بێڵێت، یان پەیوەندی بپچڕێنێ لەگەڵ ئەو کەسەی گفتوگۆی لەگەڵ دەکرد.

ڕەنگە گفتوگۆیەکی تر بە زەردەخەنە و خۆشی کۆتایی پێ بێت، جیاوازی نێوان ئەم گفتوگۆیە و ئەویتر چییە؟

لە ڕاستیدا جیاوازیی نێوانیان پابەند نەبوون بە ئاکاری گفتوگۆ، من بەدرێژی باسی ڕەوشتی وتوێژ ناکەم چونکە ڕەنگە ئەمە کتێبێکی گەرەك بێت، هەوڵ دەدەم پوختەیەکی کورت لەمەڕ ئادابی حیوار بخەمەڕوو.

شتگەلێکی پەیوەست بە ئاکاری گفتوگۆ

یەکەم: پێویستە مرۆڤ بۆ ساغ و سەلامەتی خۆی، تا پێی دەکرێ خۆی لە مشتومڕ بەدوور بگرێ، زۆربەی جار چوونە ناو مشتومڕ و گفتوگۆیەکان کێشە و گرفت دروست دەکەن، بەڵام پێویستە ڕای خۆت دەربڕیت، ئەوەی گفتوگۆشت لەگەڵ دەکات بۆچوونی خۆی دەربڕێت، بشزانە مەرج نییە تۆ هەوڵی قەناعەتپێکردنی بدەیت یان ئەو هەوڵی قایلکردنت بدات..

ئیمامی شافیعی لەگەڵ زانایەك گفتوگۆیان کرد، هەر یەکێکیان دەیویست لایەکەی تر قەناعەت پێ بکات و هیچیشیان قەناعەتیان بە یەکتر نەکرد، کاتێ مشتومڕەکە تەواو بوو ئیمامی شافیعی بینی کابرا ڕەنگ و ڕووی گۆڕاوە و پەست دیارە، لە کاتی دەرچوون دەستی گرت و پێی گوت: ناکرێ جیاواز بین و وەکو براش بمێنینەوە؟!

مەرج نییە قەناعەت بە قسەکەت بکەم و تۆش بە قسەکەم قایل بیت..تۆ لەسەر قەناعەتی خۆت و منیش لەسەر قەناعەتی خۆم، جیاوازیشین و براش دەبین، ئەدی بۆتراوە: جیاوازیی ڕاوبۆچوون دۆستایەتی و خۆشەویستی تێکنادات..

دووەم: پێغەمبەران بۆ گفتوگۆ ڕێبازی خۆیان هەبووە، پێویستە چاویان لێ بکەینو سوودیان لێ وەربگرین.

خودا خۆر لە ڕۆژهەلاتەوە دێنێ، دەژێنێ و دەمرێنێ

خوای گەورە چیرۆکێك لەبارەی پێغەمبەر ئیبراهیمەوە دەگێڕێتەوە: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِي حَاجَّ إِبْرَاهِيمَ فِي رَبِّهِ أَنْ آتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ﴾ پاشایەك هەبوو بانگەشەی خوایەتی دەکرد ناوی نەمرودی کوڕی کەنعان بوو، کاتێ ئیبراهیم گفتوگۆی لەگەڵ کرد پێی گوت: من خودام، سیفەتەکانی خوداکەی تۆ چین؟

ئیبراهیم گوتی: ﴿رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ﴾ خواکەی من دەژێنێ و دەمرێنێ.

نەمرود گوتی: ﴿أَنَا أُحْيِي وَأُمِيتُ﴾ ئەوە شتێکی ئەستەم نییە، منیش دەژێنم و دەمرێنم، دوو کەسم لە بەندیخانە بۆ بێنن کە بڕیاری کوشتنیان بۆ دەرچووبێت، هێنایان، گوتی: ئەمە بکوژن و ئەوەش ئازاد بکەن..من ئەمەم ژیاند و ئەوەشم مراند.

ئیبراهیم تێگەیشت کە ئەمە مرۆڤێکە شایستەی ئەوە نییە لەم پرسەدا گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، کاتی خۆی لەگەڵ بەفیڕۆ بدات بۆ ئەوەی قەناعەتی پێ بکات کە ئەو مەبەستی لەو ژیاندن و مراندنە ئەوە نییە..

بۆیە ئیبراهیم بۆ بابەتێکی تری تەواو جیاواز گواستیەوە، گوتی: ﴿فَإِنَّ اللَّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ﴾ خودا هەموو ڕۆژێك لە ڕۆژهەلاتەوە خۆرمان بۆ دێنێ، ئەگەر ڕاست دەکەیت تۆش خودایت لە ڕۆژئاواوە بۆمانی بهێنە..

خوای گەورە لەبارەی وەڵامی نەمرودەوە دەفەرموێت: ﴿فَبُهِتَ الَّذِي كَفَرَ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾(البقرة: ٢٥٨) نەمرود واقی وڕما و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و دەمی بەش بۆوە..

ئەمە جۆرێکی وتووێژ بوو کە ئیبراهیم فێری کردین..

خودای من.. پەروەردگای هەموو جیهانیانە

ئەمەش جۆرە گفتوگۆیەکی تری ئیبراهیمە، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ اللَّيْلُ رَأَى كَوْكَبًا﴾ نەتەوەی ئیبراهیم هەسارەکانیان دەپەرست: ڕۆژ و مانگ و زوحەل و هیتریان دەپەرست..

ئەوان باوەڕیان وابوو کە ئەم هەسارانە کاریگەرییان بەسەر زەوییەوە هەیە، نوێژیان بۆ ئەو هەسارانە دەکرد – ئەوانە پێیان دەگوتار صابیئە –، ئیبراهیم دەیەوێ نەتەوەکەی تاقی بکاتەوە: ﴿فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ اللَّيْلُ رَأَى كَوْكَبًا قَالَ هَذَا رَبِّي فَلَمَّا أَفَلَ قَالَ لَا أُحِبُّ الْآفِلِينَ﴾ کاتێ شەو داهات هەسارەیەکی بینی گوتی: ئا ئەمە خوامە، بەڵام کاتێ ون بوو گوتی: مەعقوڵ نییە خودا ون ببێ، چۆن دەبێ خودا ون ببێ؟!

﴿فَلَمَّا رَأَى الْقَمَرَ بَازِغًا قَالَ هَذَا رَبِّي فَلَمَّا أَفَلَ قَالَ لَئِنْ لَمْ يَهْدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ الْقَوْمِ الضَّالِّينَ(٧٧) فَلَمَّا رَأَى الشَّمْسَ بَازِغَةً قَالَ هَذَا رَبِّي هَذَا أَكْبَرُ﴾ ئیبراهیم خۆی ئیماندارە بەڵام ئەم قسەیە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ عەقڵی نەتەوەکەی دەکات، دەیەوێ بەم شێوازە بوونی خودای ڕاستەقینەیان بۆ بسەلمێنێ، ﴿فَلَمَّا أَفَلَتْ قَالَ يَا قَوْمِ إِنِّي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكُونَ (٧٨) إِنِّي وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ حَنِيفًا وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ (٧٩)﴾ من نە مانگ و نە هەسارە و نە خۆر ناپەرستم،

ئەو کەسە دەپەرستم کە دروستیانی کردووە، ئەو کەسە دەپەرستم کاری ئەوان و کاری هەموو مەخلۆقات هەڵدەسوڕێنێ.

﴿وَحَاجَّهُ قَوْمُهُ﴾ نەتەوەکەی مشتومڕیان لەگەڵ کرد: چۆن خوا دەپەرستی؟ کوا خودات، لەکوێیە؟

گوتی: ئەدی خوای ئێوە لەکوێیە؟ ﴿قَالَ أَتُحَاجُّونِّي فِي اللَّهِ وَقَدْ هَدَانِ وَلَا أَخَافُ مَا تُشْرِكُونَ بِهِ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ رَبِّي شَيْئًا وَسِعَ رَبِّي كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ (٨٠) وَكَيْفَ أَخَافُ..﴾(الانعام: ٧٦ – ٨١)..

پێشەنگی جوان

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) بە چەندان جۆر و شێواز لەگەڵ هاوەڵەکانی گفتوگۆی دەکرد، ڕای بەرامبەری قەبوڵ دەکرد، بۆچوونی ئەوانیتری بە سووک سەیر نەدەکرد، لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵیاندا خۆبەزلزان نەبوو، لە شێوازی گفتوگۆ شتی سەیری هەبوو.

* نموونە: پێغەمبەر (ﷺ) دوای ئەوەی باسی چەند جۆرە خێرێکی کرد بە هاوەڵەکانی گوت: (کاتێک دەچنە لای هاوسەرەکانتان خێرتان بۆ دەنووسرێ).. هاوەڵێك گوتی: چۆن ئەی پێغەمبەری خوا، ئارەزووی خۆمان بەتاڵ دەکەینەوە و پاداشتیشمان هەیە؟!

پێغەمبەر (ﷺ) پێی نەگوت: ئەتوو مشتومڕ دەکەیت؟! چۆن مشتومڕ لەگەڵ من دەکەیت کە پێغەمبەرم؟!که من قسەیەکم کرد تەواو، هەر ئەوەیە..نا، ئەمە شێوازی پێغەمبەر (ﷺ) نییە، بەڵکو پێی گوت: (ئایا ئەگەر ئارەزووەکەی لە حەرام بەتاڵ کردەوە گوناهی ناگاتێ؟) گوتی: با، پێغەمبەر گوتی: (ئەوهاش ئەگەر لە حەڵاڵ بەتاڵی کردەوە پاداشتی بۆ هەیە)صحیح: مسلم(١٠٠٦)..

* پیاوێك هاته لای پێغەمبەر (ﷺ) و گوتی: ئەی پێغەمبەری خۆم و ژنەکەم سپین کەچی ژنەکەم منداڵێکی ڕەشی بووە..ئەو قسەیەی ئەوەی لێ دەخوێنرایەوە ژنەکەی ناپاکی لێ کردووە و لەگەڵ ڕەشێك جووت بووە و ئەو ڕەشتاڵەیەی بۆ هێناوە..

کابرا تووڕەیی لەناوچاوانی دەباری..

پێغەمبەر (ﷺ) پێی نەوت: استغفرالله و أتوب إلیه، چۆن ژنێکی ئیماندار تۆمەتبار دەکەیت، لە خودا ناترسی؟! خودا هیدایەتت بدات..

بەڵکو گفتوگۆی لەگەڵ کرد، گوتی: حوشترت هەیە؟..تەماشای زیرەکایەتیی پێغەمبەر بکە، بینی کابرا ئەعرابییە، ئەعرابییش لە بیابان دەژین و زۆربەی ژیانیان لەسەر حوشتر و مەڕە، بۆیە لەبارەی حوشترەوە لێی پرسی..

گوتی: ئا..

گوتی: ڕەنگیان چۆنە؟

پیاوەکەش بواری گفتوگۆی کردەوە، نەیگوت: ئەمن دەڵێم ژنەکەم ڕەشتاڵەیەکی بووە و ئەتووش لەبارەی حوشتر و ڕەنگەکانیەوە پرسیارم لێ دەکەیت؟!

گوتی: سپی و ڕەش و سۆریان تێدایە.

پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: ڕەنگی خۆڵەمێشییان تێدایە؟

گوتی: بەڵێ..

گوتی: (ئەو خۆڵەمێشییە لەکوێوە هاتووە؟)..

گوتی: لەوانەیە دەمارێکی چووبێتەوە سەر باووباپیرانی..

پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: (ئەم منداڵەی ڕەنگە دەمارێکی چووبێتەوە سەر ووباپیرانی)..کابرای ئەعرابی بەم وەڵامە قەناعەتی هێنا و بەدڵنیاییەوە ڕۆیشت و هیچ گومانێکی بەرامبەر ژنەکەی نەما.

* کاتێ هاوەڵان لە پێغەمبەریان (ﷺ) پرسی: چۆن لە نەتەوەکەت کەسانێك دەناسی کە هێشتا نەهاتوون و نەتبینیون؟

گوتی: (ئەگەر یەکێك لە ئێوە لەنێو حوشترگەلێکی بەڵەك، حوشترێکی ڕەشی هەبێ ئایا حوشترەکەی یان ئەسپەکەی خۆی ناناسێتەوە؟).

گوتیان: با..

گوتی: (نەتەوەکەی من کاتێ ڕۆژی دوایی دێن ئەو شوێنانەی ئاوی دەستوێژیان پێ گەیشتووە سپی دەبن، ڕوخساریان، قۆڵ و باسکیان، قاچیان سپییە)صحیح: لبخاری(١٣٦)، مسلم(٢٤٦).. واتە: ئەو کەسەی نوێژ ناکات پێغەمبەر (ﷺ) ناناسێتەوە چونکە ئەم نیشانانە بە جەستەیەوە نییە.

هەمیشە گفتوگۆ قەبوول بکە

کەواتە مادامەکی پێغەمبەر مشتومڕی قەبوول کردووە و گفتوگۆی لەگەڵ خەڵك دەمەزراندووە واتای ئەوەیە پێویست ناکات هیچ کەسێك لە ئاست وتووێژدا خۆی بە زل بزانێ..

* بەداخەوە دەبینی هەندێ باوك بە کوڕەکەی دەڵێ: کوڕەکەم نامەوێ هاوڕێیەتیی فلان بکەیت..کوڕ: بۆچی باوکە؟ باوك: بابەتەکە کۆتایی هات، من ئەم قسەیەم کرد و تەواو، پابەند بە بە فەرمانەکەمەوە..

ئەمە هەڵەیە، کەسێکی لە تۆ چاکتر گفتوگۆی بە لاوە پەسندبووە، لەگەڵ کوڕەکەت وتوێژ بکە و هەوڵدە قایلی بکەیت.

* هەروەها هەندێ پیاو بە ژنەکەی دەڵێت: ئەمڕۆ مەچۆوە ماڵی باوکت..ژن: باشە بەڵام بۆچی؟ پیاو: تەواو کۆتایی هات..

براکەم، ئەم ژنە ئامێرێك نییە بە دەستتەوە وەکو کۆمپیوتەر، بە کلیکێك هەڵبگیرسێ و بکوژێتەوە، ڕێکۆردەر نییە بە دوگمەیەك بکوژێتەوە، ئەمە مرۆڤە عەقڵ و بیر و ویست و خەم و هەست و هۆشی هەیە دەبێ ڕەچاو بکرێت.

* هەروەها هەندێ بەڕێوەبەر پێیان وایە نابێ کارمەندەکانی مشتومڕی لەگەڵدا بکەن، دەڵێ: فلان فەرمانمان دەرکرد..هەندێ کارمەند دەچنە لای پێی دەڵێن: براکەم ئەم بڕیارە گونجاو نییە و با شتێکی تر بکەین..دەڵێ: تەواو..ئەمە بڕیارە و کۆتایی هاتووە هیچ مشتومڕێکم ناوێ، ئەوەشی بە بڕیارەکە ڕازی نییە با کۆمپانیا بەجێی بێڵێ و بەدوای کارێکی تردا بگەڕێ.

نەخێر براکەم..ئەم شێوازە بە کەڵك نایەت، ئەسڵ وایە مرۆڤ گفتوگۆ قەبوڵ بکات..هەمیشە دایەلۆگت قەبوڵ بێت.

مەرج و ئەدەبی گفتوگۆ

چەند مەرج و ئەدەبێك هەن دەبێ لە گفتوگۆدا هەبن، لەوانە:

* لەو بابەتەی گفتوگۆی لەبارەوە دەکات زانیاری هەبێ، هەندێ کەس بە بێ زانیاری مشتومڕ دەکات..

جارێکیان لە مەجلیسێکدا فەرموودەیەکی پێغەمبەرم گوت، یەکێك گوتی: ئەو فەرموودانەتان هەموو (ضعیف)ن، گوتم: فەرموودەکانی ئێمە ضعیفن، دەی فەرموودەی ضعیف چییە بۆمی پێناسە بکە؟

گوتی: ضعیفه.

گوتم: نا..پێناسەیم بۆ بکه واتای چییه؟

گوتی: واتا بەهێز نییه..

بۆ چما زۆرانبازییه؟!من پێت دەڵێم: پێناسەی ضعیف بکە تۆ دەڵێت: بەهێز نییه!!گوتم: کەواتە جۆرەکانی فەرموودەی ضعیفم پێ بڵێ..

گوتی: نازانم..

کەواتە ئەگەر زانیاریت لەبارەی شتێکەوە هەبوو گفتوگۆی لەبارەوە بکە وەگەرنا بێدەنگ بە..

* دەمارگیرنەبوون بۆ ڕایەك، هەندێ کەس کە پێیان وایە لە غەیری خۆیان زاناترن تووشی ئەمە دەبن، یان پێی وایە غەیری خۆی وەکو ئەو لە شتەکان تێ ناگات.

نموونە: بەڕێوەبەرێك قسەیەك دەکات و کارمەندێکیش دێت و پێی دەڵێت: ئەمە بەکەڵك نایەت. بەڕێوەبەرەکە لە ئاست وەرگرتنی ڕای بەرامبەر خۆی بە زل دەزانێ.

یان باوکێك لە منداڵێکی دەدات، ژنەکەی پێی دەڵێ: لێی مەدە خۆ ئەو ئەم کارەی نەکردووە ئەتوو پەلەت کرد، دەڵێ: نا..ئەو شیاوی دارکارییه..

هەندێ کات مرۆڤ لە ناوەوە هەست دەکات هەڵەی کردووە بەڵام خۆی لەوە بە گەورەتر دەزانێ بڵێ: بەڵێ من هەڵەم کرد و داوای لێبووردن دەکەم.

بەڵگو شەڕ و ڕاوێژکارییە

پێغەمبەر (ﷺ) باشترین پێشەنگە، کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) و سوپاکەی چوونە شەڕی بەدر، لە شوێنێك دابەزین و دامەزران، (الحبّاب کوڕی المنذر) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەم شوێنەی لێی دامەزراویت فەرمانی خودایە بۆی دیاریکردوویت نابێ بیگۆڕین یان پلان و فێڵی شەڕەو بواری قسەکردنی تێدایە؟ پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: (نا، پلانی شەڕەو بواری قسەکردنیش هەیە)..پێغەمبەر (ﷺ) بواری بۆ حبّاب کردەوە ڕای خۆی بڵێت..

حبّاب گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو شوێنە گونجاو نییە چونکە لەبەردەممان بیری بەدر هەیە، زیاتر دەچینە پێش و بیرەکە دەخەینە دواوەی خۆمان و سوپای قوڕەیشیش بەرامبەرمان، لە کاتی شەڕ ئەگەر تینوومان بوو دەگەڕێینەوە سەر بیرەکە و ئاو دەخۆینەوە، ئەگەر ئەوانیش تینوویان بوو ئاویان نییە بیخۆنەوە بەمەش لە کاتی شەڕدا بێهێز دەبن و بەسەریاندا زاڵ دەبین.

پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: (ئەمە باشترین ڕایە، یاڵڵا بارکەن)..

* هەندێ کەس هەیە بەرپرسیارێتییەکی هەیە جا لە هەر ئاستێکدا بێت، دەبینی بۆچوونی خەڵك قەبوڵ ناکات، کاکە گیان ئەوانە لەژێر دەستتن مرۆڤن لەوانەیە تێیاندا هەبێ لە تۆ ژیرتر و زیرەکتر، گوێیان بۆ بگرە قازانج دەکەیت.

ئەگەر ڕاستیت دۆزییەوە شوێنی بکەوە

عەمری کوڕی عاص بەر لەوەی موسڵمان ببێت چووە لای (موسەیلەمە)ی درۆزن کە بانگەشەی پێغەمبەرێتی دەکرد، موسەیلەمە لێی پرسی: ئەی عەمر قورئان بۆ پێغەمبەرەکەی حیجاز دابەزیوە؟ گوتی: بەڵێ..گوتی: دە هێندێکم بۆ بخوێنەوە..

عەمر گوتی: ئەمەی بۆ هاتووە: ﴿إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ (١) فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ (٢) إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ(٣)﴾(الكوثر)..موسەیلەمە گوتی: نەتزانیوە منیش شتێکی وەکو ئەوم بۆ هاتووە؟؟گوتی: چیت بۆ هاتووە؟ موسەیلەمە گوتی: ئەمە (يا ضفدع نقي ما تنقين، لا الماء تشربين)..(الفيل وماأدراك ماالفيل، له خرطوم طويل، و ذيل قصير)..

عەمر پێی گوت: سوێند بەخوا تۆ دەزانیت من دەزانم کە تۆ درۆزنیت، بۆچی باوەڕ بەم پێغەمبەرە ناهێنی؟ گوتی: نا..من پێغەمبەرم..

تەماشای خۆبەزلزانی و دەمارگیری و نکوولێکردن لە حەقی بکە.

عەمر چووە لای یەکێ لە شوێنکەوتووانی موسەیلەمە پێی گوت: دەزانیت کە موسەیلەمە درۆزنە؟! گوتی: وەڵڵاهی من دەزانم موسەیلەمە درۆزنە و موحەممەدیش ڕاستگۆیە، بەڵام درۆزنی بنی حنیفە لام خۆشەویستتر لە ڕاستگۆی مضر..(بنی حنیفه) تیرەی خۆی و موسەیلەمە بوو..

دەیزانی موسەیلەمە درۆزنە بەڵام دەمارگیری بۆ ڕای هۆزەکەی هەبوو.

بۆیە مرۆڤ کە ڕاستی و هەقی دۆزییەوە دەبێ شوێنی بکەوێ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ﴾(الزمر: ١٨).. ﴿اتَّقُوا اللَّهَ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ﴾(التوبة: ١١٩)..﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ﴾الاحزاب: ٣٦)..ئەسڵ ئەوەیە ئەگەر مرۆڤ حەقی بۆ ڕوون بووبێتەوە شوێنی بکەوێ تەنانەت ئەگەر پێچەوانەی ئارەزوو و ڕایەکانیشی بوو.

* لە ڕەوشتە گرنگەکانی گفتوگۆ جوان گوێڕاگرتنە لە بەرامبەر..هەندێ کەس هەن کاتێ گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەیت قسەی خۆیان چی هەبێت و چۆنیان بوێت

دەیکەن، کاتێ سەرەی تۆ دێت و دەتەوێ قسەی خۆت بکەیت دەتپچڕێنێ وەکو ئەوەی پێی وابێ قسە هەر قسەی ئەوە و نابێ ڕایەکی تر بوونی هەبێ.

ئەمەش شێوازەکی جوان نییە، من گوێم بۆ گرتی، تۆش دەبێ گوێم بۆ بگریت..

دەبێ ڕێ بدەین بەرامبەرەکەمان قسە بکات، با چی هەیە بیڵێ..

ڕاستی ئەوەیە کە موحەممەد (ﷺ) هێناویەتی

لە سەرەتای بانگەوازی ئیسلامیدا لە شاری مەککە ڕۆژێکیان (عوتبەی کوڕی ربیعە) هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) و پێی گوت: ئەی موحەممەد هۆزەکەمانت پەرش و بڵاو و پەرتەوازە کرد، وات کرد و وات کرد، من چوار بژاردەت دەخەمە بەردەم یەکێکیان هەڵبژێرە..پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: فەرموو..

گوتی: ئەگەر سامان و مالّت دەوێ ئەوەندەت بۆ کۆدەکەینەوە لە هەموان دەوڵەمەندتر بیت، گوتی: نا..عوتبە گوتی: ئەگەر ژنت دەوێ ژنت بۆ دێنین، پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: نا..گوتی: ئەگەر حەزت لە پاشایەتییە دەتکەینە پاشا و ئاغای خۆمان، گوتی: نا..گوتی: ئەگەر تووشی شێتی بوویت پزیشکت بۆ پەیدا دەکەین چارەسەرت بکات..گوتی: نا..پێغەمبەر زۆر بەئارامی گوێی بۆ ئەم شرانە دەگرت..پێغەمبەر بە عوتبەی گوت: أبا الولید قسەت تەواو بوو؟

گوتی: ئا..

پێغەمبەر گوتی: دە کەواتە گوێ بگرە..پاشان گوتی: ﴿حم (١) تَنْزِيلٌ مِنَ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ (٢) كِتَابٌ فُصِّلَتْ آيَاتُهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (٣) بَشِيرًا وَنَذِيرًا فَأَعْرَضَ أَكْثَرُهُمْ فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ (٤)﴾(فصلت: ١ – ٤)، ئایەتەکانی سەرەتای سورەتی

(فصلت)ی بۆ خوێندو و تەواو بوو..عوتبە هەستا و گوتی: ئەوەی موحەممەد هێناویەتی هەق و ڕاستە..بەڵام موسڵمانیش نەبوو..

دەبێ گوێ بۆ غەیری خۆت ڕابگریت، ڕێز لە بۆچوونی کەسانی تر بگریت و هەر ڕای خۆت پێ پەسند نەبێت، نابێ لە گفتوگۆدا بۆچوونی خەڵك بە پووچ دابنێیت و هەر ئی خۆت پێ ڕاست بێت.

هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ پەککەوتەکاندا

(هیوادارم شەهید ببم و بەو شەلەییەم قاچم
بخەمە ناو بەهەشتەوە) عبدالله کوڕی حرام

هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ پەککەوتەکاندا

لەبارەی ناوەڕۆکی بابەتەکەوە

باسی بابەتێکی گرنگ لەو بابەتانە دەکەم کە هەندێ کات بەسەرماندا تێدەپەڕێ..

خەڵک خووی بەوەوە گرتووە کە هەر باسی(چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوك، سەردانی خزموکەس، گرنگیی نوێژ..)بکەن، بێگومان ئەمانەش بابەتگەلی گرنگن بەڵام من دەخوازم لەم بەشەدا باس لە بابەتێك بکەم کە پێشتر باسم نەکردیە، لەوانەیە زیاتر لە گۆشەیەك هەبێ بۆ قسەکردن لەبارەیەوە.

ئەویش باسکردنی پەککەوتانە، چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خودی پەککەوتەیی، بە واتا ئەگەر مرۆڤ تووشی پەککەوتەیی بوو چۆن هەڵسوکەوتی لەتەکدا بکات؟

هەروەها کەسوکاری پەککەوتەکە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن؟ پاشان باسی هەندێ حوکمی فیقهی لەوبارەوە دێتە گۆڕێ کە زۆر کەس هیچ لەبارەیانەوە نازانێ.

* نموونە: ئەگەر ژنێك پیاوەکەی تووشی جۆرێك لە پەککەوتەیی بوو و نەیتوانی لەگەڵیدا درێژە بە ژیان بدات، ئایا بێ ئەوەی مارەییەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە دەتوانێ لێی جیا ببێتەوە؟

دەزانین کە ئەگەر ژن ویستی لە پیاوی جیا ببێتەوە ئەوا لێی تەڵاق دەدرێ و جیادەکرێتەوە ئەگەر هۆکارێکی ڕەوا و دروست هەبوو، بە واتا ئەگەر ژنێك هات و گوتی دەمەوێ لە پیاوەکەم جیابکرێمەوە.

دەڵێین: بۆچی؟ ئایا پیاوەکەت مەی دەخواتەوە، ماددە بێهۆشکەرەکان بەکاردێنێ، زیانێکی پێگەیاندووویت؟

گوتی: بەڵێ..مەی دەخواتەوە و ماددەی بێهۆشکەر بەکاردێنێ..

لەم حاڵەتەدا لێی تەڵاق دەدرێ و مارەییەکەشی بۆ ناگەڕێنرێتەوە، دادوەر تەماشای کەیسەکە دەکات و پاشان لێی جیادەکاتەوە.

بەڵام ئەگەر هۆکارێك بۆ تەڵاق نەبوو، ئەوا لەسەر ئارەزووی ژنەکە لێی جیادەکرێتەوە و ئەوەش لە فیقهدا پێی دەگوترێ(الخلع)..لە بەرامبەر تەڵاقدانی، ژنەکە شتێك دەدات بە پیاوەکە..

جۆری ئەو زیانانەی بەر مرۆڤ دەکەون

ئەو بەڵایانەی مرۆڤ تووشیان دەبێت هەمەجۆرن، هەندێ کات تووشهاتی جەستەیین، وەکو تووشبوونی مرۆڤ بە ڕووداوێك، کە زۆر جار دەبێتە هۆی پەککەوتەییەکی بەشەکی یان هەمووەکی.

* گەنجێك دەناسم تووشی ڕووداوێکی ئۆتۆمبێل بوو، ڕووداوەکە زۆر مەترسیدار بوو، ئەگەرچی نەمرد بەڵام هەر چوار پەلی پێکران و دواتر بڕانەوە..

ئەم گەنجە کە تەمەنی لە خوار بیست ساڵییەوە بوو ئێستا بە دەروونێکی تڕەوە دەژی، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو تووشهات و پەککەوتەییە بکات؟

* هەندێ پەککەوتەییەکە دەروونییە، هەندێ مرۆڤ هەن تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبن لەوانەیە لەنێو خەڵکدا تووشی فێ لێهاتن ببێت.

جارێك یەکێك لە قوتابییەکانم لە کاتی موحازەرەیەکدا جەستەی بەرەو دواوە دەچوو و گرژ دەبوو، وام گومان برد خەوی لێ کەوتبێت، ئاماژەم بە قوتابییەکەی تەنیشتیدا کە نقورچێکی لێدە تا بەئاگا بێتەوە، بە دەستی ڕایهەژاند بەڵام وەڵام نەبوو، بانگی کرد هەر وەڵام نەبوو، چوومە لای بینیم تووشی جۆرێك لە فێ لێهاتن هاتووە و ئاگای لە خۆ نەماوە.

بێگومان ئەمە ناوی نانێین پەککەوتەیی بەڵام بێگومان موسیبەتێکی تووشی بووە، چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەیت؟ باسی هەندێ نموونە لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) دەکەم بۆ ئەوەی بزانین چۆن مامەڵەیان لەگەڵ پەککەوتەییەکانیان کردووە.

* عەبدوللاّی کوڕی مەکتووم نابینا بوو، ئایەتەکانی ﴿عَبَسَ وَتَوَلَّى (١) أَنْ جَاءَهُ الْأَعْمَى (٢) وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُ يَزَّكَّى(٣)﴾(عبس: ١-٣).. لەبارەوە هاتەخوارێ، بڕوانە ئەم پیاوە نابینایە هاتووە بەدوای بەهەشتدا، بە خۆشەویستییەوە هاتۆتە لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەگەرچی بێ بینایی بوو بەڵام لە زۆرێك لەوانە باشتربوو کە نیعمەتی بینایان هەبوو..

* هەروەها (عەمری کوڕی جموح) یەکێك لەو هاوەڵانەی لە مەدینە موسڵمان بوو، شەلە بوو، کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی بە هاوەڵان کرد بۆ شەڕی ئوحود بڕۆن و ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿انْفِرُوا خِفَافًا وَثِقَالًا وَجَاهِدُوا بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾(التوبة: ٤١)..

هات و ویستی ئەویش بڕوات، چوار کوڕی هەبوو، گوتیان: باوکە ئێمە لەبری تۆش دەچینەوە شەڕەوە، ملی نەدا، گوتیان: تۆ شەلیت..قاچێکی لەویتریان کورتتر بوو..کەچی ئەو سوور بوو لەسەر بەشداریکردن لە شەڕەکە، چووە لای پێغەمبەر

(ﷺ) و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا منداڵەکانم دەیانەوێ ببنە بەربەست لەنێوان من و بەهەشتدا..پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: خودا تۆی بەخشیوە چونکە عوزرت هەیە﴿لَيْسَ عَلَى الْأَعْمَى حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْأَعْرَجِ حَرَجٌ﴾(النور: ٦١)..گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا من دەمەوێ بەم شەلییەم پێ بخەمە ناو بەهەشتەوە، ڕێم بدە با بجەنگم، شتی وام لێ دەبینی دڵخۆش بیت..

بە کردەوەش بەشداریی شەڕی کرد و ئاڵای سوپای پێغەمبەری بەدەستەوە گرتو ڕۆڵێکی باشی گێڕا..

لەوانەیە شتێکی خەماوی، سەرەنجامەکەی خۆشنوودی و شادی بێت

هەندێ جۆری پەککەوتەیی لەوانەیە بۆ مرۆڤ خێری پێوە بێت، بە واتا ڕەنگە خودا بیکاتە بەربەست لەنێوان ئەو و کردەوەی خراپ، هەروەک پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێت: خوای گەورە دەفەرموێت: (هەندێ بەندەم هەن هەر هەژاری لە قازانجیانە، ئەگەر دەوڵەمەندی بکەم یاخی و خراپ دەبێ، هەندێ خەڵکیش هەن تەنها دەوڵەمەندی لە بەرژەوەندیانە، ئەگەر هەژاریان بخەم یاخی و بەد دەبن.)الاصبهانی لە(حلیلة الاولیاء) هێناویەتی.

بەم پێوەرە ڕەنگە بۆ هەندێ کەس نابینایی خێر بێت، بۆ هەندێکی نابیستی باش بێت، ئەگەر مرۆڤ دووچاری موسیبەتێك بوو نابێ هەر تەماشای خەڵکی لەشساغ بکات.

بەڵکو پێویستە سەیری کەسانی لە خوار خۆت بکەیت تاوەکو موسیبەتەکەی خۆت بەلاوە سادە بێت، ئەوانەی موسیبەتەکەیان لە تۆ گەورەترە، بۆ ئەوەی بزانیت خودا چەند بەزەیی و دلۆڤانی بەرامبەرت هەیە.

تەماشای ئەو کەسە بکە کە موسیبەتەکەی لە تۆ گەورەترە

نموونە: ئەو گەنجە لە سەرەتای بابەتەکەوە باسم کرد کە هەر چوار پەلی بڕابۆوە، گریمان پێی گوترا: هەر چوار پەلەکەت بۆ دەگەڕێنینەوە بەڵام عەقڵت لێ دەستێنینەوە؟! دەبێ وەڵامی چی بێت؟

* لە نەخۆشخانەیەکی نەخۆشییە عەقڵییەکانی وڵاتێك هەندێ کەسم بینی، کەسێك لە ژوورێکدا بەند کرابوو، لە دەرگاکەیدا کەلێنێك بە ئەندازەی بستێك یان دووان هەبوو، ژوورەکە هەمووی ڕەنگی سۆری تاریك و زەوییەکەش هەمووی ئیسفەنج بوو، چونکە هەر پێنج یان دە خولەکێك سەری خۆی بە دیواردا دەکێشا..حەڤدە ساڵ بوو شێت ببوو!!

* پیاوێکی ترم لە ژووری دووەم دیت تەواو ڕووت بوو، گوتم: ئەوە بۆ شتەکی لەبەرناکەن شەرمی داپۆشێ؟ گوتیان: ناتوانین هیچی لەبەر بکەین چونکە دەست دەکات بە گەستنی جلکەکان و دەیانخوات و دواتر دەڕشێتەوە و کێشە دەنێتەوە، هیچ چارەسەرێك نییە جگە لە ڕووتبوون..

با بگەڕێینەوە سەر کابرای چوار پەلبڕاو، ئەگەر پێی بڵێن: چوار پەلەکەت بۆ دەگڕێنینەوە بەڵام عەقڵت لێ دەستێنین و وەکو ئەو شێت و ڕووتەت لێدێت، ڕازیت؟

بێگومان ناکرێ بەم دۆخە ڕازی بێت..

کەواتە ئەگەر بێنێتە بەرچاوی خۆی کە موسیبەتەکە گەورەترە ئەوا ئەوەی خۆی لا سادە و سانا دەبێت، دەڵێ: من هەر چوار پەلم بڕاوە بەڵام سوپاس بۆ خوا بیستنو بینینم هەیە، خەڵکانێك هەن لە نەخۆشخانەکان چەندان ساڵە بێهۆش کەوتوون، هەن بە ئامێر دەژین، من دەتوانم قسە بکەم، نوێژ بکەم، لەوانەیە بتوانم ژن بێنم و ببمە خاوەن منداڵ، تەنها کێشەم دەست و قاچە، بە تێپەڕبوونی کات ئەمەش تێدەپەڕێنمو لەگەڵی ڕادێم.

خۆ بەدەستەوە مەدە..کارابە ئەگەرچی پەککەوتەش بیت!!

پێویستە مرۆڤ هەوڵ بدات لە ژیاندا کاریگەرییەکی هەبێت:

* خوشکێك تووشی ڕووداوێکی ئۆتۆمبێل بوو، نیوە ئیفلیج بوو، بەر لەو ڕووداوە لە خانەیەکی لەبەرکردنی قورئان کاری دەکرد، چالاکیی هەمەجۆری هەبوو، کاتێ تووشی نیوەفەلەجی بوو نەیتوانی چیتر بچێتە دەرەوە، ئیتر لە ماڵەوە دادەنیشت، بەڵام لە ماڵەوەش هەروا دەست بەتاڵ و بە دیار تەلەفزیۆنەوە دانەنیشت، دەستیکرد بە چالاکی لەسەر ئینتەرنێت و بانگەواز، لەسەردەستیدا چەندان کچ تەوبەیان کرد، ئەگەر بیزانیبایە دوو کەس لە ژنان کێشەیان لەگەڵ یەکتر یان پیاوەکانیان یان خەسوویان هەیە ئەوا هەوڵی ئاشتکردنەوەی دەدان..

هەروەها جلکی کۆنەی کۆدەکردەوە و بەسەر هەژارانیدا دەبەخشییەوە..

بەم جۆرە پەککەوتەییەکەی خۆی لەبیرچۆوە..بۆچی؟

ئەو هەستی دەکرد شوێندەستی بە ژیانەوە دیارە، دەتوانێ شتێکی سوودبەخش بکات..ئەو شتەی کەسی پەککەوتە دەکوژێت ئەوەیە کە وا هەست بکات هیچ ڕۆلێکی لە ژیاندا نییە و سوودێکی بۆ کەس پێ نییە.

ئیماندار زیرەك و ژیرە

یەك: هەندێ کەس کاتێ کەمئەندامێك دەبینن، سۆز و بەزەیی و زگپێسووتانی پیشان دەدەن، هەندێك هەن کە چاویان بە کەمئەندامێك بکەوێت لێی ورد دەبنەوە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (لەو کەسانە ورد مەبنەوە و زۆر تەماشایان مەکەن کە

تووشی نەخۆشی گولی بوونە)صحیح: ابن ماجه و إمام أحمد گێڕاویانەتەوە. تۆ بەم ئیوردبوونەوەیەی بریندار و سەغڵەتی دەکەیت، چاکتر وایە سەیری کەمئەندامییەکەی نەکەیت و ئاسایی ڕەفتار بکەیت.

دوو: پێی مەڵێ تۆ زۆر داماویت و قاچت بڕاوەتەوە و خودا کۆمەکت بێت و..

تۆ بەم شێوازە باری سووک ناکەیت بەڵکو دەیکوژیت، وەکو خەڵك ڕەفتاری لەتەکدا بکە، وەکو کەسێکی ساغ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکە.

سێیەم: پێغەمبەر (ﷺ) زیکرێکی فێرکردووین کە لە کاتی بینینی کەسێکی دەردەدار و کەمئەندام بیڵێین: (الحمدلله الذي عافاني مما ابتلاك و فضلني على كثير ممن خلق تفضيلا)صحيح: الترمذی و ابن ماجه گێڕاویانەتەوە.

بەڵام نابێ بە هیچ جۆرێك ئەو کەسە ئەو زیکرە ببیستێ، دەبێ بەنهێنی و پەنهانی بخوێنرێ.

خودا بەرامبەر ئیمانداران بەسۆز و بەزەییە

کاتێ (عمران کوڕی حصین)تووشی نەخۆشی بوو و نەیدەتوانی بەپێوە نوێژ بکات پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: (به پێوه نوێژ بکه ئەگەر نەتتوانی بە دانیشتنەوە ئەگەر نەتتوانی لەسەر تەنیشت)صحیح: بخاری و أبو داود گێڕاویانەتەوە.

زانایان گوتوویانە: ئەگەر کەسێك نەیتوانی بەپێوە نوێژ بکات با بەدانیشتنەوە بیکات..خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾(البقرة: ٢٨٦)..یاسایەکی فیقهییش هەیە دەڵێ: (تەکلیف پەیوەستە بە تواناوە)..

هەروەها گەر نەیتوانی بەڕۆژوو بێت با پێ نەبێت، بەڵام نابێ بڵێین با تا نیوەڕۆ یان عەسر بیگرێت دواتر کە تاقەتی نەما بیشکێنێت، ڕۆژوو یان هەمووی یان هیچی ناگیرێت.

ئەگەر وتی: دوو ڕکاتی یەکەمی نوێژ بەپێوە دەتوانم دواتر ماندوو دەبم و دوانەکەی تر بەدانیشتنەوە دەکەم..دەڵێین: ئاساییە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (ئەگەر فەرمانم بە شتێك پێ کردن بەپێی تواناتان بیکەن)..

چەند بابەتێکی فیقهیی تایبەت بە کەمئەندام

* جاری وا هەیە کەمئەندام دەست یان قاچی دەسکردی هەیە، لە کاتی دەسنوێژ تەنها ئەندامە ساغەکانی دەشوات و دەسکردەکان ناشوات مەگەر پیسییەکیان پێوەبێت..

* لە کاتی نوێژدا ئەگەر توانی با بەپێوە دایبەستێ و الله أكبرى سەرەتا بکات و پاشان ئەگەر نەیتوانی با دانیشێ.

* ئەگەر نەیتوانی بە ئاو دەسنوێژ بگرێ با بە خۆڵ تەیەمموم بکات، ئەگەر بە خۆڵیش نەیتوانی یان دەستی نەگەیشتێ با بێ دەسنوێژ بیکات، ئەگەر نەیتوانی ڕوو لە قیبلە بکات با چۆنی بۆ دەلوێت بیکات.

ئایینی خودا ئاسانە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى﴾(الاعلى: ٨).. ﴿ فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا (٥) إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا(٦)﴾(الشرح)..

خاوەن هەستیارییەکی هەستناك بە

ئەگەر لە ماڵەوەت کەمئەندامێك هەیە گرنگترین شت ئەوەیە وریای باری دەروونی بیت، سینگفراوان و نەرم و نیان بە و شتێك مەکە هەستی بریندار بێت.

وا مەکە هەست بە کەمئەندامێتیی خۆی بکات، وەکو کەسێکی ئاسایی لەگەڵیدا ڕەوتار بکە، لێیگەڕێ با ئەو شتانەی دەسەڵاتی پێ دەشکێ خۆی بیکات، فێری مەکە پشت بە کەسانی تر ببەستێ..ئەگەر بچووك بوو هەر لە سەرەتاوە فێری پشت بە خۆ بەستنی بکە..

زۆر بە دەوروپشتیدا مەچۆ: دەتەوێ دەسنوێژ بگری؟ دەتەوێ کەسێك هاوکاریت بکات؟ دەتەوێ نان بخۆیت، یارمەتیت بدەم؟ چەند گوناهیت!!

بەم ڕەفتارانەت دەیکوژیت، متمانەبەخۆبوونی لێ زەوت دەکەیت..

وا بکە ببێتە کەسێکی چالاك و سوودبەخش، ئومێد و هیوا لە ناخیدا بچێنە.

ئەمەش تەنها هەر بەرپرسیارێتیی خێزان نییە بەڵکو پێویستە کۆمەڵگەش ئاگای لە کەمئەندام بێت و باڵی بۆ بکاتەوە و ڕەچاوی هەستەکانی بکات.

* هەروەها پێویستە کۆمەڵگە خزمەتگوزاری پێشکەشی کەمئەندامان بکات و ژیانیان بۆ ئاسان بکات بۆ ئەوەی چێژ لە ژیانیان وەربگرن..

چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوکدا

﴿قُلْ لَهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا﴾

چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوکدا

گرنگیی بابەتەکە

لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە پێویستە مرۆڤ دوای بایەخدان بە یەکخواپەرستیی خودا بایەخی پێی بدات بریتییە لە چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوك، بۆیە خودا یەکخواپەرستی و چاکەی باوانی بەیەکەوە بەستۆتەوە: ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا﴾(الاسراء: ٢٣)..

هەر لەبەر گرنگیی ئەم بابەتەشە پێغەمبەرمان (ﷺ) لە چەندان فەرموودەدا هانیداوین ئاگامان لە دایك و بابمان بێت.

هەروەها قورئانی پیرۆزیش باسی ژمارەیەك پێغەمبەری کردووە کە لەگەڵ باوانیان باش بوونە و ئامۆژگاریی نەتەوەکەشیان کردووە کە خزمەتی دایك و باوکیان بکەن، بێگومان ئەوانیش بۆ ئێمە پێشەنگ و پێشەوان.

خودا باسی نووحی کردووە کە دوعای بۆ دایك و بابی کردووە: ﴿رَبِّ اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ﴾(نوح: ٢٨)، هەروەها باسی نزای سولەیمان پێغەمبەریشی بۆ باوانی کردووە: ﴿رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَالِدَيَّ﴾(النمل: ١٩)..باسی (یحیی)شی کردووە: ﴿وَبَرًّا بِوَالِدَيْهِ﴾(مریم: ١٤)..لەبارەی عیساوەش فەرموویەتی: ﴿وَبَرًّا بِوَالِدَتِي﴾(مریم: ٣٢)..

هەموو ئەم پێغەمبەرانە دوای داوای بەزەیی و لێخۆشبوونی خودا، باسی دایك و باوکیان کردووە چونکە ئەسڵی بوونی مرۆڤ دوای فەزڵی خوداوەند دایك و باوکە.

کە بەتەمەندا چوون

کاتێ باوک یان دایک بەتەمەندا دەچێ و دەگاتە ٧٠ یان ٨٠ ساڵی، پێویستییان زیاتر بە منداڵەکانیانە، ئەوەش شتێکی سروشتییە چونکە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا جەستەشیان بێهێز دەبێ و پێویستیان بە هاوکاریی کەسانی تر هە..

بابەتێکی تر بریتییە لە شێوازی مامەڵەی باوانە لەگەڵ منداڵەکانیان، دەبینی هەندێ جار باوان ناتوانن لە منداڵەکانیان بگەن، کوڕە یان کچ دەیەوێ بچنە ناو کایەکانی ژیانەوە و بوونی خۆیان بسەلمێنن بەڵام دایک و باوک بە پاڵنەری ترس لێیان و پەروەردەی دروست ڕێگرییان لێدەکەن..

ئیتر لێرەوە جاری وا هەیە جۆرێک لە تێککگیربوون لەنێوان باوان و منداڵەکانیان ڕوودەدات، بۆیە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ﴾(الاسراء: ٢٣)..سەرنج بدە هەر تەنها باسی چاکەکردن لەگەڵ دایک و باوکی نەکردووە بەڵکو بەتایبەت باسی کاتی پیربوونیانی کردووە چونکە لە کاتی بەسااڵداچووندا باوان پێویستییان بەوەیە منداڵەکانیان بەرگەیان بگرن.

بەهەشت لە چاکەکردن لەگەڵیانە

بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) زۆر جەختی کردۆتەوە لە باشبوون لەگەڵ باوان..

گەنجێک لە یەمەنەوە نزیکەی هەزار کیلۆمەتر بە پێ یان بە حوشتر دەبڕێ و دێتە لای پێغەمبەر لە شاری مەدینە، ئەو هەموو ئازار و چەرمەسەرییە دەبینێ..

پێغەمبەر (ﷺ) لێی دەپرسێ: (بۆچی هاتوویت؟).

گەنجەکە دەڵێ: (هاتووم لەگەڵ تۆدا بەشداری جەنگ بکەم)..پێغەمبەر لە شارەزایی لە شەڕ و ئازایەتی و چەکی نەپرسی..بەڵکو هەموو ئەمانەی بەلاوەنا و یەکەم شتێك کە لێی پرسی: (دایك و باوکت لە یەمەنن؟).بڕوانە بایەخدانی پێغەمبەر، نۆری ژمارەی جەنگاوەران گرنگ نییە، بەڵکو لەو گرنگتر پاراستنی بەها مرۆییەکانە..

گەنجەکە: بەڵێ.

پێغەمبەر: بەهەشتیشت دەوێ؟

گەنجەکە: بەڵێ.

پێغەمبەر: (دە بڕۆوە کنیان ئاگات لێیان بێت و چاودێرییان بکە، بەهەشت لەوێیە.)..بەهەشت لەو شوێنەیە کە دایك و باوکتی لێیە، خزمەتیان بکە، ئاگات لێیان بێت..خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وَقُلْ رَبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا﴾(الاسراء: ٢٤)..

دایك لە پێشەوەی هەمووانە

پیاوێك دێتە نك پێغەمبەر و دەپرسێ: کێ لە هەموو کەس زیاتر شیاوی ئەوەیە چاکەی لەگەڵ بکەم و بەدەروپشتیدا بێم و خزمەتی بکەم؟

پێغەمبەر گوت: دایکت.

کابرا دیسان پرسی: دوای ئەو کێ؟..دەیویست بزانێ لە پلەی دووەمدا کێ دێت.

پێغەمبەر: (دیسان دایکت)..

کابرا: پاشان کێ؟

پێغەمبەر: دایکت..

کابرا: پاشان کێ؟

پێغەمبەر: (باوکت)..

سێ جاری یەکەم دایك پاشان باوك..دیارە دوای ئەوانیش خوشك و برا و ئامۆزا و هتد..دێت.

* هەندێ لە زانایان گوتوویانە: بۆیە پێغەمبەر سێ جار باسی دایکی کردووە چونکە دایك بەرگەی ئازاری سکپڕی و منداڵبوون و بەخێوکردنی گرتووە، دواجاریش باسی باوك کراوە چونکە ئەویش خەرجی منداڵەکەی کێشاوە و پەروەردەی کردووە و دواتر ماڵی بۆ پێکەوەناوە..

بەڵام هەردووکیان دایك و باوك دەبێ بایەخیان پێ بدرێ و چاودێری بکرێن.

دایك و باوکت تووڕە مەکە

مەسەلەی چاکەکردن و نەرمونیانبوون لەگەڵ دایك و باوك شتێکە خودا سروشتی مرۆڤی لەسەر چێ کردووە و لە چەندان ئایەتیش فەرمانی پێکردووە: ﴿وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا﴾(الاسراء: ٢٣)..﴿ وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا اللَّهَ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا﴾(البقرة: ٨٣)..﴿ وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا﴾(النساء: ٣٦)..

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا هەموو دایك و باوکێك شایستەی چاکەیە، یان هەندێکیان بە هەڵسوکەوتەکانیان منداڵەکانیان تووڕە دەکەن؟ ڕەنگە جاری وا ڕووبدات لەلایەن دایك و باوکەوە مافی منداڵ پێشێل بکرێ، دەبێ منداڵ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پێشێلکارییانە دانایی هەبێ تاوەکو نەبێتە ئازاردەری باوانی.

* گەنجێك گەیشتۆتە تەمەنێك کە دەکرێ گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێ و لێکتێگەیشتنی هەبێ، دەزانێ ڕاست و هەڵە چییە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕوودەدات باوکی

ئەناو هاوڕێکانیدا پەلاماری دەدات و خۆی و هاوڕێکانی تێر جوێن دەکات، پاشان هاوڕێکانیشی لە مالێ دەردەکات..

لەم حاڵەتەدا باشترین چارەسەر ئەوەیە کوڕەکە وەڵامی باوکی نەداتەوە و قوڕەکە خەستتر نەکات، پاشان تا باوکی ئارام دەبێتەوە خۆی لێ بەدوور دەگرێ، پاشان قسەی لەگەڵدا دەکات بۆئەوەی تێڕوانینی لەبارەی ئەو کارەوە بزانێ، ڕەنگە پێی وابێ ئەوانە برادەری خراپن، یان ئەوەتا قەناعەت دەکات کە ئەمانە برادەری خراپن یان باوکی قایل دەکات بەوەی کە برادەرەکانی کەسی بەد نین و لەجیاتی باوکی داوای لێبووردنیان لێ دەکات و پێیان دەڵێ کە باوکی مەبەستی نەبووە سووکایەتییان پێ بکات و ئەوان بە کوڕی خۆی دادەنێ و ئەوەی ڕوویدا تەنها ساتێکی تووڕەبوون و هەڵچوون بووە..

* نابێ کوڕ لەگەڵ بابیدا بەشەڕ بێت و مالێ بەجێ بێڵێ و لەگەڵ هاوڕێکانی بڕوات و هەفتەیەك و دووان خۆی ون بکات..

* پیاوچاکێك هەبوو ناوی (کهمس) بوو، لەگەڵ کۆمەڵێك برادەری باش لە مالەوە کۆدەبوونەوە، دایکی پێی گوت: کوڕم ئەوانەی دێن بۆ لات کەیفم پێیان نایەت.

گوتی: بۆچی؟..ئەمانە کەسی بەدخوو و ئاکارخراپ نین، بۆچی حەز بە بوونیان ناکەیت؟

گوتی: نازانم، هیچ هۆکارێك نییە بەڵام کەیفم پێیان نایەت..

بەیانی کە هاوڕێکانی هاتنەوە و لە دەرگایاندا، کوڕەکە سەری لە پەنجەرە دەرهێنا و گوتی: بە خوا من دەمەوێ بتانهێنمە ژوور و پێشوازیتان بکەم بەڵام دایکم کەیفی پێتان نایەت، بۆیە ناتوانم بتانکەمە ژوورەوە..ڕێم بدەن با لە مزگەوت بتانبینم..

بڕوانە ئەمانە کەسی باشیش بوون..

* ئەدی کەسێك جاری وا هەیە هاوڕێی وەها دەباتەوە مالێ کە باوکی تێبینی هەیە لەبارەی ڕەفتار و شێوە و جلوبەرگیان..

خۆشەویستیی باوان بۆ منداڵەکانیان

خۆشەویستیی دایك و باوك بۆ منداڵەکانیان بێوێنەیە، هەمیشە دەترسن شتێکیان لێ بەسەربێت و سوورن لەسەر پاراستنیان، ئەم هەستەش تەنها کەسێك هەستی پێ دەکات کە بووبێتە خاوەن منداڵ..

باوك هەمیشە حەز دەکات هەموو شتێك بکاتە قوربانیی منداڵەکەی، بەردەوام بیر لە منداڵەکانی دەکاتەوە و حەز دەکات هەمیشە ئاسوودە و دڵخۆش بن.

دڵی باوك ئەگەر لە منداڵەکەشی تووڕە بێت دەگەڕێتەوە لای، خودا وەهای دروست کردووە..

ئامۆژگارییەك بۆ باوکان

* هەندێ جار باوك بۆ ئاگاداربوون لە ئاستی منداڵەکەی سەردانی قوتابخانە دەکات، مامۆستاکان پێی دەڵێن: منداڵەکەت تەنبەڵ و کەمتەرخەمە، باوکەکەش لەبەر چاوی مامۆستا و قوتابییەکان منداڵەکەی دەشکێنێتەوە و قسەی پێ دەڵێ..

ئەم ڕەفتارە ئاکامێکی باشی بۆ منداڵەکە نابێ، ڕەنگە وای لێ بکات واز لە قوتابخانە بێنێ، وا چاکە لە بەرامبەر مامۆستا و قوتابییەکان نەشکێنرێتەوە، لەوانەیە ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی بەخۆدابچێتەوە و زیرەك ببێت.

ئەگەر شتێکی لەو چەشنەش ڕوویدا نابێ منداڵەکە لە باوکی تووڕە ببێت و وا چاکە تووڕەییەکەی خۆی بخواتەوە و هەوڵی خۆچاککردن بدات.

* هەندێ باوك هەیە لەبەردەم میواندا لە کاتی خزمەتکردنی میوانەکانی لەلایەن کوڕەکەیەوە، دەنگ بە سەر کوڕەکەیدا بەرز دەکاتەوە و جنێوی پێ دەدات و ـەیشکێنێتەوە و کوڕەکەش تووڕە دەبێ و مەجلیسەکە بەجێدێڵێت. لەبری ئەوە وا چاکتر بوو ستایشی کوڕەکەی کردبایە و دەسخۆشی لێکردبایە کەوا خزمەتی میوانەکانی دەکات.

جارێکیان لە مەجلیسێکدا کوڕێکی خاوەنماڵ قاوەی دەگێڕا و کلاوێکی لەسەر بوو، باوکی لە شێوەی کلاولەسەرنانەکەی ڕازی نەبوو، کوڕەکەی ١٧ ساڵ دەبوو باوکی لەناو خەڵکدا بۆی چوو و شەقێکی لە کلاوەکەیدا و تێی هەڵدایە سەر زەوی و بە خۆ لێ تووڕەکردنەوە پێی گوت: چەند جارم پێ گوتی کلاوەکەت بەم جۆرە لەسەر مەکە..

کوڕەکە زۆر هەستی بە شەرمەزاری و بەخۆداشکانەوە کرد و مەجلیسەکەی بەجێهێشت..

بێگومان ئەمە کارێکی خراپ بوو و نەدەبوو بەم جۆرە ڕەفتار لەگەڵ کوڕە هەرزەکارەکەیدا بکات.

بۆ چاکبوون لەگەڵتان، هاوکاریی منداڵەکانتان بکەن

ئەمە بابەتێکی گرنگە، بۆیە من دەبێژم: خۆزگە باوان کۆمەکیی منداڵەکانیان دەکرد بۆئەوەی لەگەڵیان باش بن، تۆ چۆن داوا لە منداڵەکەت دەکەیت لەگەڵت باش بێت دەبێ ئەوهاش بۆ ئەم مەبەستە هاوکاری بکەیت.

(سلمە کوڕی ربیعە) گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا داوات لێ دەکەم بمکەیتە هاوڕێی خۆت لە بەهەشتدا، دوعام بۆ بکە و لە خودا بپارێوە ببمە هاوڕێت لە بەهەشتدا..

پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: (کەواتە بە زۆر سوژدە بردن بۆ خودا هاوکاریم بکە.).پێغەمبەر ئامانج و هۆکاری پێکەوە بەستەوە..

کەواتە دەبێ بە نەرمونیان بوون لەگەڵیان، بە دڵڕاکێشانیان، بە کرانەوە بە ڕوویان، هاوکاریی منداڵەکانمان بکەین بۆئەوەی لەگەڵمان چاك بن.

نابێ منداڵ کە لە مەجلیسی باوکی دادەنیشێ وابزانێ لە مەجلیسی لێکۆڵێنەوە دانیشتووە، هەندێ باوك هەن کاتێ منداڵەکانیان لەگەڵیان دادەنیشن لێی دەپرسێ: دوێنێ لەکوێ بووی؟ لەگەڵ کێدا پیاسەت دەکرد؟ ئەو چەشنە پرسیارانە منداڵ بێزار دەکەن و وای لێ دەکەن حەز بە مەجلیسی بابیان نەکەن.

هیوادارم دایکان و باوکان لەبارەی پەروەردەی منداڵەوە شت بخوێننەوە و سوود لە هەڵوێست و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لەو بوارەدا وەربگرن..

چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوکدا یەکێکە لە دەرگاکانی بەهەشت

مامەڵەی دایك و باوك لەگەڵ منداڵەکانیاندا هەر چۆنێك بێت، چاکەکردن لەگەڵیاندا دەرگایەکە لە دەرگاکانی بەهەشت، مرۆڤ دەبێ لەگەڵیان باش بێت تەنانەت ئەگەر بێباوەڕیش بوون، ئەگەر چوویتە لای باوکت و دیتت وا کڕنووش بۆ بت دەبات هەر دەبێ لەگەڵ چاك بیت..

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ جَاهَدَاكَ عَلَى أَنْ تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا﴾(لقمان:١٥)..

دەسەڵاتی باوکان

(لە خودا بترسن و لە نێوان منداڵەکانتان دادپەروەر بن)

دەسەڵاتی باوکان

دەسەڵاتی باوك بەسەر منداڵەکانیدا

لە بابەتی پێشوو باسی چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوك و ئەو مافانەی بەسەر منداڵەکانیانەوە هەیانەم کرد، لەم بابەتەش باسی دەسەڵاتی باوك بەسەر منداڵەکانیەوە دەکەم، باوك دەسەڵاتی بەسەر منداڵەکانیەوە هەیە، بۆیە کێ ناتوانێ بە بێ ئیزنی گەورەکەی شوو بکات جا ئەو گەورەیە باوك بێت یان مام و برا و هیتر، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (هەر ژنێك بە بێ ئیزنی گەورەکەی شووی کرد شووکردنەکەی نادروستە.)صحيح: أبوداود(٢٠٨٣)، الترمذی(١١٠٢)..

هەروەها ئەگەر کوڕ ویستی هاوسەرگیری بکات دەبێ بە ئاگاداری و ڕاوێژی کەسوکاری بێت.

بەڵگە بۆ ئەوەی کە باوك دەسەڵاتی بەسەر منداڵدا هەیە ئەوەیە: گەرهاتوو کوڕێکی تەمەن نۆ ساڵی تاوانێکی کرد و منداڵێکی حەوت ساڵی بە ئەنقەست کوشت، کێ خوێنبایی دەدات؟ بێگومان باوك دەیدات..

دادوەرێك بۆی گێڕامەوە: ناکۆکی کەوتبووە نێوان دوو منداڵ، یەکیان ١١ ساڵ و ئەویتر ٩ ساڵ، یەکیان نینۆکبڕێکی پێ بووە چەقۆکەی دەرکێشاوە و لە ملی ئەویتری داوە، دەماری بڕیوە و دەمودەست مردووە.

ئەوەی خوێنبایی کوژراوەکە دەدات باوکی بکوژەکەیە، چونکە باوك دەسەڵاتی بەسەر کوڕدا هەیە.

مافی خەرجی

لەسەر باوك پێویستە خەرجی منداڵەکانی بگرێتە ئەستۆ، لە ڕووی شەرعەوە دروست نییە باوك دەسبەرداری خەرجی بێت، ئەگەر هاتوو باوك خەرجی منداڵەکانی نەکێشا دادوەر دێت و بەزۆر لێی دەسەنێ و دەیدات بە منداڵەکان.

بەداخەوە هەندێ باوك هەن لە دابینکردنی خەرجیی منداڵەکانیان تەنبەڵی دەکەن، یان دەبینی ژنێکی بێوەژن لەگەڵ منداڵەکانی دانیشتووە و باوکەکەش لە خەرجییدا کەمتەرخەمە، ئەمانە هیچیان دروست نین.

مافەکانی منداڵ

پیاوێك هاتە لای عومەریی کوڕی خەتتاب گلەیی لە کوڕەکەی دەکرد کە لەگەڵیدا بەدڕەفتارە، عومەر تووڕە بوو و گوتی: ئەوە چۆن؟

کابرا: بەڵێ..بە خوا ئازاردەرە و ڕەفتاری لەگەڵم باش نییە..عومەر بانگی کوڕەی کرد و بە تووڕەییەوە لێی پرسی: ئەتوو چۆن باوکت دەڕەنجێنیت و وا و وا دەکەیت؟

کوڕ: هەروەك چۆن باوك مافی بەسەر کوڕەوە هەیە کوڕیش مافی بەسەر باوکەوە نییە؟ واتە من مافەکانی باوکم بەسەرمەوە دەزانم ئەدی لە بەرامبەردا منیش مافم نییە؟

عومەر: بەڵێ..

کوڕ: مافەکانی من بەسەر بابمەوە چین؟

عومەر: مافەکانی تۆ بەسەر باوکتەوە: دایکێکی باشت بۆ هەڵبژێرێ، ناوێکی جوانت لێبنێ، قورئانت فێربکات.

کوڕ: ئەی میری ئیمانداران سوێند بە خوا یەك شتی لەمانە بۆ نەکردووم: دایکم کەنیزەکێکی گێلۆکەیە لە بازاڕ بە دوو درەمی کڕیوە و شەوێك لەگەڵیدا نووستوە و بە منی ئاووس کردووە، کە هاتمە دونیاوەش دڵی پێم خۆش نەبووە و ناوی لێناوم(جُعَل) واتە قالۆچە ! ! یەك ئایەتی قورئانیشی فێرنەکردووم ! ! ..عومەر ئاوڕی لە کابرا دایەوە و گوتی: بڕۆ دەرەوە، سوێند بە خوا بەر لەوەی ئەو تۆ ئازار بدات تۆ ئەوت ئازار داوە..

ئەگەر دەتەوێ کوڕەکەت ڕەفتاری لەگەڵت باش بێت بەو شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵدا بکە کە پێت خۆشە ئەوها ڕەفتارت لەگەڵدا بکات.

باوك دەتوانێ لە مالی کوڕی ببات؟

پرسیار: دروستە بۆ باوك بە بێ ئیزن لە مالّ و داراییی کوڕەکەی ببات؟

وەڵام: هەندێ لە زانایان وتوویانە: دروستە باوك بە بێ ئیزن لە مالّی کوڕی ببات، بەڵگەشیان بەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) هێناوەتەوە: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) و گوتی: بابم بە بێ ئیزن لە مالّەکەم دەبات؟! پێغەمبەر (ﷺ) پێی گوت: (خۆت و مالّەکەت هی باوکتن.)صحیح: ابن ماجە(٢٢٩١)، أحمد لە (المسند ٦٩٠٢)..

نموونە: کوڕێك بە هەوڵ و ڕەنج و ماندووبوونی خۆی ١٠٠ هەزار دۆلار کۆدەکاتەوە واتە (١٠ دەفتەر)، باوکەکە دێت و دەڵێ: ئۆتۆمبیلەکەم نرخی ٨ دەفتەرە، دەمەوێ ئۆتۆمبیلێکی نوێتر و باشتر بکڕم، پێنج یان شەش دەفتەرم بدەرێ تاوەکو ئەم ئۆتۆمبیلەم دەمەوێ بیکڕم ! ! .

ئایا ئەمە دروستە؟

ڕەنگە کوڕەکە حەز بکات بەم پارەیە بچێتە نێو پڕۆژەیەکەوە، یان بۆ کڕینی خانوویەك یان ژنهێنان کۆیکردۆتەوە.

لێرەدا لە ڕووی شەرعەوە دروست نییە باوکەکە داوای پارەی لێ بکات، باوك ئەو کاتە مافی داواکردنی پارەی لە کوڕەکەی هەیە ئەگەر پێویستی پێ بێت وەکو ئەوەی باوك ئۆتۆمبێلی نەبێت و ناتوانێ هاتوچۆ بکات، یان ژنی یەکەمی پیربووە و ناتوانێ ئاگای لێبێت و پێویستییەکانی دابین بکات، ئەو کات دەتوانێ داوای پارە لە کوڕەکەی بکات، لە ڕووی شەرعەوە ئەگەر کوڕەکە هەیبوو و زیانی پێ نەدەگەیشت پارە بداتە باوکی.

بەڵام ئەگەر باوك ویستی بەزۆر پارە لە کوڕەکەی بستێنێ و پێی بڵێ: تۆ ١٠ دەفتەر دۆلارت هەیە و لێت دەسەنم و دەیدەمە براکەت، لە ڕووی شەرعەوە پێویست نییە لەسەر کوڕەکە بیداتێ، بەڵام پێویستە بە شێوازێکی جوان وەڵامی باوکی بداتەوە.

ئایا لەسەر کوڕ پێویستە بۆ شتێکی ناپێویست پارە بۆ بابی قەرز بکات؟

وەڵام: لە ڕووی شەرعەوە لەسەر کوڕ واجب نییە پارە بۆ باوکی قەرز بکات، بەڵام دەبێ بە شێوازێکی جوان تێی بگەیەنێ کە لە توانایدا نییە قەرزی بۆ بکات.

دادپەروەری لەنێوان منداڵاندا

(النعمان کوڕی بشیر) گچکە بوو، لەگەڵ باوکیدا هاتنە کن پێغەمبەر (ﷺ)، باوکی گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا غوڵامێکم داوەتە ئەم کوڕەم، دایکی بەوە ڕازی نەبوو تا تۆ نەکەمە شایەت و گوتی: تاوەکو پێغەمبەری خوا نەبێتە شایەت بۆ ئەم بەخشینە من ڕازی نابم بۆ ئەوەی نەبێتە ستەمێك بۆ برایەکانی..

پێغەمبەر (ﷺ): (هەموو منداڵەکانت وەکو وی غوڵامت داونەتێ؟)..

باوکەکە: نا..تەنها دایتمە ئەم کوڕەم.

پێغەمبەر (ﷺ): (من نابمە شایەت لەسەر ستەم) لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: (لە خوا بترسن و لەنێوان منداڵەکانتاندا دادپەروەر بن.).لە گێڕانەوەیەکی تردا لێی پرسیوە: (حەز دەکات لە چاکبوون لەگەڵتدا هەموویان وەکیەك بن؟)..

ئەسڵ وایە باوك لەنێوان منداڵەکانیدا دادپەروەر بێت مەگەر لە چەند حاڵەتێکی هەڵاواردەی دیاریکراو نەبێ..

بۆ نموونە: یەکێك لە کوڕەکانت ژنی مارەکرد، دەفتەرێك دۆلارت پێدا، ئایا لەسەرت پێویستە دەفتەرێك دۆلار بدەیتە هەر پێنج کوڕەکەی ترت؟ لە ڕووی شەرعەوە لەسەرت واجب نییە..

ئەگەر بۆ هەر پێویستییەکی گرنگ پارەتدا بە یەکێك لە کوڕەکانت: بۆ نەخۆشی، هاوسەرگیری، ئۆتۆمبێل، لە ڕووی شەرعەوە لەسەرت واجب نییە هەمان بڕە پارە بدەیت بەوانیتریش، بەڵام ئەگەر بەخشینەکە بێ هیچ پێویستییەك بوو ئەوا دەبێ بیدەیت بە هەمووان.

پاداشتی چاکە هەر چاکەیە

باوکێك دوو کوڕی هەیە، هەردووکیان لە زانکۆن: یەکێکیان ڕەفتاری لەگەڵ باوکیدا باش و نەرمونیانە، ئەو پارەیەی وەرد دەگرێ لە شتی خراپ بەکاری ناهێنێ، نوێژ دەکات و گوێڕایەڵی باوکێتی، دووەمیان لە هاوتەمەنی ئەوە بەڵام جگەرە دەکێشێ و پارەوپوولی لە شتی حەرام خەرج دەکات، هەردووکیان هاتنە لای بابیان داوای پارەیان لێ کرد، ئایا دروستە پارەی زیاتر بداتە ئەوەی یەکەم؟

بەڵێ دروستە..بەڵام ڕەنگە ئەوە ببێتە هۆی ڕق و کینەی نێوان دوو کوڕەکە، چونکە باوك کوڕە باشەکەی باو داوە بەسەر کوڕە بەدەکە.

لێرەدا دەبێ بابەکە بۆ کوڕەبەدەکە ڕوون بکاتەوە و پێی بڵێ: دەزانم دەبووایە هێندەی براکەت پارەشم بە تۆ دابایە، بەڵام دەزانم ئەگەر وەکو ئەوە بتدەمێ ئەوا تۆ لە شتی بێکەڵك و حەرام خەرجی دەکەیت، ڕەفتارت چاك بکە وەکو ئەوت دەدەمێ.

تەنانەت لە ماچکردنیشدا دەبێ داد پەروەر بیت

زانایان لەبارەی دادپەروەرییەوە تەنانەت باسی ماچێکی بچووکیشیان کردووە، ئەوە نەك هەر لەگەڵ منداڵەکانی خۆت بەڵکو لەگەڵ برا بچووکەکانت، برازاکانت، خوارزاکانت، ئەگەر برایەك یان خوارزایەکت هەبوو، یان منداڵێکت تەمەنی چوار ساڵە، هەڵتگرت و ماچت کرد، دەبینی یەکێکی تر دێت دوو ساڵە، باڵی دەکاتەوە واتە هەڵمگرە و ماچم بکە..

زانایان دەڵێن: پێویستە لەسەر باوك لە هەموو شتێك تەنانەت لە ماچ و لەباوەشکردن و هەڵگرتن و هەموو مامەڵەکردنێك دابەروەر بێت: (لە خوا بترسن و لەنێوان منداڵەکانتاندا دادپەروەر بن.)..

دەبینی هەندێ باوك هەیە بایەخ بە منداڵێکی دەدات بەتایبەتی ئەگەر دوو ژنی هەبێت، دەبینی بایەخ بە منداڵەکانی ژنی یەکەمی یان دووەمی دەدات و ئەوانی تر پشتگوێ دەخات و منداڵەکانیش بەم جیاوازییە دەزانن.

لە ڕاستیدا کێشەی زۆری نێوان خەڵکم پێ گەیشتووە کە گەیشتۆتە ئاستی کوشتن، باوك هەیە زیاتر لە ژنێکی هەیە، کێشە لەنێوان ژنەکان و منداڵەکانیان

دروست دەبێ تا ئەوەی کوشتن لەنێوانیاندا ڕووی داوە، ئەوەش بە هۆی ئەوەی باوکەکە فەزڵی هەندێکیان دەدا بەسەر هەندێکی تریان، ئۆتۆمبێلی ئەمانە باشترە لە هی ئەوان، یان خانووی ئەمان گەورەتر و جوانترە لە هی ئەوان..ئەم جیاوازییانە بوونەتە هۆی گرفتگەلێکی بێکۆتایی بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) هۆشداری داوە: (لە خوا بترسن و لەنێوان منداڵەکانتاندا دادپەروەر بن.)

لە دادپەروەریدا یەکسانی مەرج نییە

پرسیارێك دێتە پێشەوە: مەرجە لە دادپەروەری لە ماڵدا لە خەرجیی نێوان منداڵەکاندا یەکسان بم، تەنانەت ئەگەر یەکێکیان منداڵێکی پێنج ساڵ و ئەویتریشیان گەنجێکی زانکۆ بێت؟

وەڵام: ئەسڵ وایە هەر منداڵێك بەپێی پێویستیی خۆی پارەی پێ بدرێت، منداڵێکم لە زانکۆیە، یەکێکی تر لە ئامادەیی، ئەوی تر لە بنەڕەتی، دەبێ هەر یەکێکیان بەپێی پێویستی خەرجییان بدەمێ.

یان کچێکی شوودارم هەیە و دۆخی ماددی باش نییە بۆیە داوای پارەی لێکردم، کەچی ئەوەی تریش کە بێ مێردە هات وەکو ئەو داوای پارەی لێکردم، ئەسڵ وایە من بزانم هەر یەکەیان چییان پێویستە بۆیان دابین بکەم.

بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) نەیتووە ((لە خوا بترسن و لەنێوان منداڵەکانتاندا یەکسان بن.) بەڵکو وتوویەتی: دادپەروەر بن..دادپەروەریش ئەوەیە هەر یەکێك بەپێی پێویستیی خۆی پێی بدرێت.

بۆ نموونە: منداڵێکی کەمئەندامم هەیە پێویستی بە ئۆتۆمبیلێکی تایبەتە کە بە بیست هەزار دۆلارە، ئەوە واتای ئەوە نییە بۆ کوڕە ساغەکەشم ئۆتۆمبیلێك بە هەمان نرخ بکڕم، ئەوەندە بەسە ئۆتۆمبیلێکی ئاسایی بۆ بکڕم کە لەوانەیە بە ١٢ هەزار دۆلار بێت.

حەوت کەسەکەی ژێر سێبەری خودا

(لە ڕۆژێکدا جگە لە سایەی ئەو، سێبەرێکی تر نییە)

حەوت کەس خودا سێبەریان لێ دەکات

حەوت کەس لە ڕێبواران

حەوت جۆرە ڕێبوار هەن کە بە پێی فەرموودەی پێغەمبەر ڕۆژی قیامەت لەژێر سێبەری عەرشی خودا دەبن، لەو ڕۆژەدا جگە لە سایەی ئەو هیچ سێبەرێکی تر نییە.

بێگومان ڕۆژی قیامەت ڕۆژێکی سەختە، خۆر بە ئەندازەی میلێك لە خەڵقەوە نزیکە، خەڵك ئارەقەی دەردەدەن و هاوار بۆ پێغەمبەران دەبەن، هەر پەیامبەرێك دەڵێ: (هەر خۆم، هەر خۆم..).لە حەقیقەتدا دۆخی قیامەت دژوارە تەنها بۆ کەسێك نەبێ کە خودا لەسەری ئاسان کردووە، بۆ ئیماندار وەکو ماوەی نێوان دوو نوێژە وەکو ماوەی نێوان نیوەڕۆ و عەسر، بەڵام بۆ غەیری ئیماندار درێژ و سەختە.

باسی ئەو حەوت جۆرە ڕێبوارەتان بۆ دەکەم کە هەر یەکێکمان دەتوانێ وا بکات ببێتە یەکێك لەوان..

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (خودا حەوت کەسان دەخاتە ژێر سایەی خۆیەوە لە ڕۆژێکدا کە جگە لە سێبەری ئەو هیچ سایەیەکی تر نییە: پێشەوایەکی دادپەروەر، گەنجێك لەنێو بەندایەتیی خوادا پێگەیشتبێت، پیاوێك دڵی بە مزگەوتەوە بەسترابێت، دوو پیاو لەپێناو خودا یەکتریان خۆشبوێت، پیاوێك ژنێکی پایەدار و جوان داوای سەرجێیی لێ بکات ئەویش بڵێ لە خوا دەترسم، پیاوێك بەنهێنی خێر بکات و کەس پێی نەزانێ، پیاوێکیش بەپەنهانی یادی خوا بکات و فرمێسك بە چاوەکانیدا بێتەخوارێ.)صحیح: البخاری(١٤٢٣)، مسلم(١٠٣١)..

ئەمە قسەی پێغەمبەری (ﷺ) ڕاستگۆیە، بە وردی لەبارەیانەوە دەدوێم.

پێشەوای دادپەروەر

پێشەوای دادپەروەر: هەر کەسێکە خەڵکی تر شوێنکەوتەی بن، مەرج نییە هەر لە نوێژدا بێت، بەڵکو هەموو مرۆڤێکی پێشەنگ، بەڕێوەبەر، سەرۆک، باوک، پاشا، میر، وەزیر، واتە هەر کەسێک دەسەڵاتێکی بەسەر ژێردەستەکانیدا هەبێت، لە ڕاستیدا ئەمە پێشەوایە چونکە کەسانی تر شوێنی دەکەون.

هەر کەسێک دەسەڵاتی بەسەر خەڵکدا هەبوو بە پێشەوا دادەنرێ، پێویستە لەسەری دادپەروەر بێت.

زانایان گوتوویانە: تەنانەت مامۆستا کە وانە بە قوتابییان دەڵێتەوە دەبێ لەنێوانیاندا دادپەروەر بێت، نابێ فەزڵی یەکێکیان بەسەر یەکێکی تر بدات مەگەر بە هەق نەبێت، ئەگەر فەزڵی قوتابییەکی دا بەسەر قوتابییەکی تر لەبەرئەوەی زیرەکترە ئەوا ئاساییە.

بەڵام ئەگەر لەبەر خاتری باوکی کە دەوڵەمەندە یان پلەوپایەدارە یان هەر هۆکارێکی تر قوتابییەکی لە قوتابییەکی تر زیاتر بایەخ پێدا ئەوا دروست نییە و ستەمە و لە ڕۆژی دواییدا سزا دەدرێ..پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (باشترین پێشەواکانتان ئەوانەن کە خۆشتان دەوێن و خۆشیان دەوێن، دوعایان بۆ دەکەن و دوعاتان بۆ دەکەن، خراپترین پێشەواکانیشتان ئەوانەن کە ڕقتان لێیانە و ڕقیان لێتانە و دوعایان لێ دەکەن و دوعاتان لێ دەکەن.)صحیح: مسلم(١٨٥٥).

کەواتە هەر کەسێک: سەرۆکی کۆمپانیایەک، بەڕێوەبەر لە هەر شوێنێک، پارێزگار، بەرپرس، سەرۆک، نەگەیشتە ئەو قۆناغەی ژێردەستەکانی خۆشبوێت و دوعایان بۆ بکات و ئەوانیش بە هەمان شێوە، ئەوا بەپێی فەرموودەکە لە خراپترینی خەڵکن.

بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دوعای دەکرد: (خودایە، هەر کەسێك کارێکی نەتەوەکەمی گرتە دەست و نەرمونیان بوو لەگەڵیان خودایە تۆش نەرمونیان بە لەگەڵی، هەر کەسێکیش کارێکی نەتەوەکەمی گرتە دەست و باری سەر شانی قورس کرد، تۆش لەسەری قورس بکە)صحیح: مسلم(٨٢٢٨)..

هەروەها فەرموویەتی: (خراپترین شوان(سەرپەرشتیار) ئەو کەسەیە کە هەر پاڵ بە ئاژەڵەکانیەوە دەنێت و بەسەر یەکیاندا بەردەداتەوە و ئازاریان دەدات)صحیح: مسلم(١٨٣٠).

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمان دەکات بە نەرمونیانی و مەبەستی لەم فەرموودەیە ئەمەیە کە مرۆڤی بەرپرس نابێ وەکو ئەو شوانە بێت و مامەڵەی لەگەڵ ژێردەستەکانی توندوتیژ بێت.

گە نجی خوا پەرست

جۆری دووەم: (لاوێکە لەنێو خواپەرستیدا پێگەیشتووە و گەورە بووە)واتە: هەر لە گچکەییەوە پەیوەندیی لەگەڵ خودای خۆی باش بووە، چاوەڕێی نەکردووە تا تەمەنی دەگاتە ١٥ ساڵ و تاوان و بەدکاری بکات پاشان تەوبە بکات.

بەڵکو هەر لە سەرەتاوە پارێزگار و خواپەرست و چاکەخواز بووە، لەگەڵ دایك و باوکی باش بووە، لە ژیانیدا سەرکەوتوو و لە خوێندنیدا زیرەك و چالاك بووە، هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵك جوان بووە، هەموو جۆرە سەرکەوتنەکانی لە خۆیدا کۆکردتەوە..

بێگومان ئەم بەرپرسیارێتییە هەر لەسەر شانی گەنجدا نییە بەڵکو پێویستە باوکیش کورەکەی لەسەر خواپەرستی پەروەردە بکات:

وينشأ ناشيء الفتيان منا على ما كان عوده أبوه

لاوان هەر لەسەر ئەوە پێدەگەن و گەورە دەبن کە باوانیان ڕایانهێناون.

پیاوێکی دڵڕابەستە بە مزگەوتەوە

ئەمەش جۆری سێیەمە: (پیاوێکە دڵی وابەستەی مزگەوتە)، مەبەست لەم وتەیە ئەوەیە کە ئەم جۆرە کەسانە نوێژیان خۆشدەوێ، پەرۆشن بۆی، دڵی پێوە بەستراوە، هەر کە لە مزگەوت دەردەچێ پەرۆشی گەڕانەوەیە بۆی.

بۆیە دەڵێن: باوەڕدار کە لە مزگەوت دەرچوو وەکو ماسی وایە کە لە دەریا دەردەچێ پەلەفڕکەیەتی زوو بۆی بگەڕێتەوە.

بەڵام دووڕوو وەکو چۆلەکە وایە کە بیخەیتە ناو قەفەسێکەوە خواخوایەتی زوو لێی دەرچێت. ئەسڵ ئەوەیە دەروونی ساغ حەزی لە مزگەوتە و پێی ئارام دەبێتەوە.

بۆیە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِالصَّلَاةِ وَاصْطَبِرْ عَلَيْهَا﴾(طه: ١٣٢)..

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (چاوەڕێکردنی نوێژ دوای نوێژ، ئەوە سەنگەرگرتنە، ئەوە سەنگەرگرتنە)صحيح: مسلم(٢٥١)، الترمذی(٥١)..

ئەگەر کەسێکت بینی سووڕە لەسەر نوێژەکانی، إن شاء الله سووڕیشە لەسەر خێرەکانی دیکەش، چونکە نوێژ و نوێژی بەکۆمەڵ لە مزگەوت ڕێگایەکە بۆ بەرەو

خواچوون و ڕێگای ڕاست،نوێژ بەربەستێکە لەنێوان مرۆڤ و بەدکاری و تاوان، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ﴾(العنكبوت: ٤٥)..

* دکتۆرێك کە لە بەشی بووژانەوەی نەخۆشخانەی سەربازیی شاری (ڕیاز)ی پایتەختی سعودییە کاردەکات بۆی گێڕامەوە: جارێکیان کاتژمێر حەوت و نیو چوومە ژووری بووژانەوەوە بۆ ئەوەی سۆراغی دۆخی نەخۆشەکان بکەم..پیاوێکی سەرووی حەفتا ساڵیم بینی، جەڵتە لێیدابوو، بێهۆش ببوو، هەناسەدانی دەسکردیان بۆ دانابوو لە هەر خولەکێکدا تۆ هەناسەی دەدا..دوو لە کوڕەکانی لە کنی بوون، قسەیان بۆ دەکرد و بابیشیان لە بێهۆشیدایە..بابیان بانگبێژی مزگەوت بوو، یەکێك لە کوڕەکان: باوکە گوێت لێمە؟ بەیانیت باش، سوپاس بۆ خوا هەموان باشن، خەڵکی مزگەوت پرسیارت دەکەن، قورئانەکەت لە مزگەوت تا ئێستا کەس پەڕی لێ هەڵنەداوەتەوە، دوێنێش کەس بانگی بەیانی نەدا چونکە تۆ لەوێ نەبووید، کوڕی عبید بە شەپۆی بانگیدا..

ئیتر کوڕەکە لەم جۆرە قسانەی بۆ باوکی دەکرد..

دکتۆرەکە سوێندی خوارد هەر کە کوڕەکە دەستی بەم قسانە کرد لێدانی دڵی بابی زیادی کرد و هەناسەدانی سروشتی گەڕایەوە بۆ هەژدە هەناسە لە خولەکێکدا و هەناسەدانی دەسکرد لێی جودابۆوە.

ئیتر خۆم چووم لە بناگوێیم بانگدا، هەناسەدانی سروشتی خێراتر بوو تا لە بیست هەناسە لە خولەکێکی تێپەڕاند!!

ئەم پیاوە ئەهلی مزگەوت و شەیدای مزگەوت بوو، بە هەر شتێکی پەیوەست بە مزگەوت دەبووژایەوە.

* هەندێ کەس هەن دڵیان وابەستەی گۆرانیبێژ و تیاترۆخانە و وڵاتە گەشتیارییەکانە.. ئەوانە هەتا نەگەن بەو شوێنانە دڵیان ئارام نابێت..

دوو کەس لە پێناو خودا یەکتریان خوشبوێت

کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: دوو پیاو مەبەستی تەنها لە ڕەگەزی نێر نییە بەڵکو ئەمە هەردوو ڕەگەز دەگرێتەوە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (ژنان هاوتای پیاوانن)..

خۆشەویستی دوو جۆرە: یەکەم: تۆ کەسێکت خۆشدەوێ، بۆچی؟

چونکە قورئانخوێنە، ئەهلی چاکە و خێرە..

دووەم: کەسێکت خۆشدەوێ، بۆچی؟

چونکە جوانە، شیکپۆشە..ئەمە خۆشەویستییەکی سۆزدارییە ڕەنگە حەرامیش بێت و سەربکێشێت بۆ هەندێ خراپەکاری..

کەواتە مەبەستی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەیە دوو کەسەکە لەپێناو خوادا یەکتریان خۆشبوێت..

من لە خودا دەترسم

جۆری پێنجەم: (پیاوێکە ژنێکی پایەدار و جوان داوای سەرجێیی لێ دەکات ئەویش دەڵێ: من لە خوا دەترسم)، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە مرۆڤ خۆی لە قەدەغەکراوەکان بپارێزێ، ژن بە دوو شت پیاو هەڵدەخەڵەتێنێ: بە پایەدارییەکەی، لەبەرئەوەی کچی فلان کەسە و پێگەیەکی گەورە و بەرچاوی هەیە، یان بە

جوانییەکەی..پیاوەکە خۆی بەدوایدا ناگەڕێ بەڵکو ژنەکە داوای لێ دەکات بەڵام بە هۆی بەهێزیی ئیمانەکەیەوە ڕەتی دەکاتەوە و پێی دەڵێ: لە خوا دەترسم، خۆشەویستیی خودا لە تۆ گەورەترە..

پرسیار: ئایا ئەوانەی خودا دەیانخاتە ژێر سایەی خۆیەوە هەر ئەم حەفتەن یان کەسانی تریش هەن؟

وەڵام: (ابن حجر) لە کتێبێکیدا بە ناوی (ئەو ڕەوشتانەی دەبنە هۆی کەوتنە بەر سێبەر) نزیکەی حەفتا جۆر کەسی ژماردووە کە هەموویان ڕۆژی دوایی دەکەونە ژێر سێبەرێکەوە، جا یان سێبەری عەرشی خودا یان سێبەری تر، وەکو ئەوە فەرموودەیەی پێغەمبەر: (خێرکەر لە ڕۆژی دوایی لەژێر سێبەری خێرەکەیەتی)صحيح: مسند أحمد(١٧٣٣٣).

تەنها هەر ئەم حەوت کەسە نین کە دەکەونە بەر سێبەرەوە، بەڵکو لە فەرموودەدا چەندان کەسی تر باس کراون..

خێرکردن بەنهێنی

جۆری شەشەم: (کەسێك خێرێك بەنهێنی بکات تا ئەوەی دەستی چەپی نەزانێت دەستی ڕاستی چی بەخشیوە.)، ئەمەش بەڵگەیە بۆ دوو شت:

یەکەم: خێرکردن و هاوکاریکردنی هەژاران.

دووەم: دەبێ ئەمە بەنهێنی بێت و خەڵك پێی نەزانێت و دوور بێت لە ڕووپامایی.

* ئەگەر خودا نیعمەت و بەهرەیەکی بە مرۆڤ بەخشی پێویستە خێری پێ بکات، خێرکردنیش بە مالّ و پارە، بە دەسەڵات دەبێت. بۆ نموونە کەسێك دەسەڵاتێکی

هەیە ماددی یان مەعنەوی، دەچێتە نەخۆشخانەیەك داوا دەکات هەژارێك چارەسەر بکەن، کارێك لە شوێنێك بۆ لاوێکی بێباوکی هەژار دەدۆزێتەوە..

* ئەگەر هەژارێك هەبوو بەڵام نەیدەزانی بە باشی ئەو پارەیەی پێی دەدرێ خەرج بکات و لە شتی بێکەڵك خەرجی دەکرد وا چاکە کەسێکی ژیر پارەکەی بۆ وەربگرێت و بزانێ چی پێویستە ئەوەی بۆ بکڕێت.

یادکردنی خودا بە پەنهانی

جۆری حەوتەم: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (کەسێك بەپەنهانی یادی خوا بکات و بگریت)، لە ترسی خودا و بەگەورەگرتنی پەروەردگار فرمێسکان دەبارێنێ..هەندێ کەس کاتێ بەتەنیا دەبێ تاوان دەکات بەڵام ئەم جۆرە کەسانە لە تەنیاییدا زیاتر بەرەو لای خودا دەچن..

مردن

﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ الْمَوْتِ﴾

مردن

هەموو مرۆڤێك لەم ژیانەدا باروبنەی دەپێچێتەوە و لەم خانەوە دەچێت بۆ ئەم خانە، لە ڕاستیدا مرۆڤ لە ڕەوڕەوەی نەوەستاوی ژیاندا ڕێبوارە تا دەگات بە خانەی دوایی.

ئێمە لەم ژیانەدا ڕێبوارین، بۆ گواستنەوەش لە خانەیەکەوە بۆ خانەیەکی تر دەبێ بە دەرگایەکدا تێپەڕ بین کە دەبێ هەموو خەڵك بچنە ناویەوە.

الموت بابٌ و كل الناس داخله يا ليت شعري بعد الموت ما الدار؟

مردن دەرگایەکە هەموو خەڵك دەچنە ناویەوە، خۆزگە دەمزانی دوای مردن خانەکەم چییە و چۆنە؟

مردن حەقیقەتە

مردن ڕاستییەکە خوای گەورە لە چەندان ئایەتی قورئان باسی کردووە: ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ﴾(ال عمران: ١٨٥) هەموو نەفسێك واتە: تەنانەت فریشتە نزیکەکانیش، پێغەمبەران و پیاوچاکان و هەموو مەخلوقات، لە هەموو ئاسمانەکان و زەویدا کەس و هیچ شتێك نامێنێتەوە جگە لە خودای گەورە.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنَّ الْمَوْتَ الَّذِي تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُ مُلَاقِيكُمْ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾(الجمعة: ٨)ئەو مردنەی لێی ڕادەکەن لە ئێوە خێراترە، لە دواوەتانەوە دەتانگرێ..

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَجَاءَتْ سَكْرَةُ الْمَوْتِ بِالْحَقِّ ذَلِكَ مَا كُنْتَ مِنْهُ تَحِيدُ﴾(ق: ١٩)ئێش و ئازارەکانی مردن هات، ئەو شتەی تۆ لێت ڕادەکرد..

﴿وَلَوْ تَرَى إِذِ الظَّالِمُونَ فِي غَمَرَاتِ الْمَوْتِ﴾(الانعام: ٩٣)..﴿ فَلَوْلَا إِذَا بَلَغَتِ الْحُلْقُومَ (٨٣) وَأَنْتُمْ حِينَئِذٍ تَنْظُرُونَ(٨٤) وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْكُمْ وَلَكِنْ لَا تُبْصِرُونَ (٨٥) فَلَوْلَا إِنْ كُنْتُمْ غَيْرَ مَدِينِينَ(٨٦) تَرْجِعُونَهَا إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (٨٧)﴾(الواقعة: ٨٣-٨٧)ئەو کاتەی ڕۆح دەگاتە گەرووەوە و ئێمەش لە نزیکیەوەین بەڵام ئێوە نایبینن، ئەگەر بتانتوانیبایە هەوڵتان دەدا ڕۆحی بۆ بگێڕنەوە، بەڵام هیچکەس ناتوانێ.

﴿كَلَّا إِذَا بَلَغَتِ التَّرَاقِيَ (٢٦) وَقِيلَ مَنْ رَاقٍ (٢٧) وَظَنَّ أَنَّهُ الْفِرَاقُ (٢٨) وَالْتَفَّتِ السَّاقُ بِالسَّاقِ (٢٩) إِلَى رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمَسَاقُ (٣٠) فَلَا صَدَّقَ وَلَا صَلَّى (٣١) وَلَكِنْ كَذَّبَ وَتَوَلَّى (٣٢) ثُمَّ ذَهَبَ إِلَى أَهْلِهِ يَتَمَطَّى (٣٣) أَوْلَى لَكَ فَأَوْلَى (٣٤) ثُمَّ أَوْلَى لَكَ فَأَوْلَى (٣٥) أَيَحْسَبُ الْإِنْسَانُ أَنْ يُتْرَكَ سُدًى (٣٦) أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِنْ مَنِيٍّ يُمْنَى (٣٧) ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّى (٣٨) فَجَعَلَ مِنْهُ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنْثَى (٣٩) أَلَيْسَ ذَلِكَ بِقَادِرٍ عَلَى أَنْ يُحْيِيَ الْمَوْتَى (٤٠)﴾(القيامة: ٢٦-٤٠)..کاتێ ڕۆح دەگاتە گەروو، هەمووان غاردەدەن دکتۆر بێنن، بیبەنە بەشی بووژانەوە و ئۆکسجینی لەسەر دانێن، خوداش وا تەماشایان دەکات، دکتۆر دێت و کارەبای لێ دەدات و یەکێکی تر دەرزی چالاککەرەوەی لێ دەدات، کابرای سەرەمەرگیش دڵنیایە لەوەی ئەوە مردنە بەجێهێشتنی دونیا و خۆشەویستانییەتی، قاچەکانی تێک دەئاڵێن، بەڵام کارەسات ئەوەیە نە باوەڕی هەبووە و نە نوێژی کردووە، لەخۆبایی و خۆبەزلزان بووە..مرۆڤ چەندە بێعەقڵە ئایا پێی وایە خودا هەروا و بە خۆڕایی دروستی کردووە؟ لێپرسینەوەو پاداشت و سزا نییە؟!

لە کاتی سەرەمەرگی کەسێکدا چی بڵێین؟

سوننەت وایە ئەگەر کەسێك نەخۆش بوو چەند شتێکی لەگەڵدا پیادە بکەیت:

یەکەم: سۆز و بەزەیی خودا لە دڵیدا گەورە بکەیت و وای لێ بکەیت بە ئومێدەوە بگەڕێتەوە لای خودا نەك بە بێهیوایی و ترسەوە.پێی بڵێیت: خودا بەزەیی و لێبووردەیە و إن شاء الله خودا بە ڕوویەکی خۆشەوە پێشوازیت لێ دەکات و نابێ پێی بڵێی: ئەتوو ئەو کارە خراپانەت کردووە و دۆزەخ شوێنتە..

دووەم: ئەگەر گەیشتە حاڵەتی گیانەڵا و ڕۆحدان کە بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) لەو کاتەدا فریشتەکان دادەبەزن و دەوری دەدەن، خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْكُمْ وَلَكِنْ لَا تُبْصِرُونَ﴾(الواقعة: ٨٥)، وا چاکە لێرەدا تەلقینی شەهادەی بدرێ و پێی بوترێ: بڵێ: لا إله إلا الله..یان پێی بگوترێ: شەهادە بهێنە..بەڵام ئەگەر تووڕە بوو و ملەی کرد و گوتی: بۆ شەهادە بێنم حەزت لێیە بمرم؟! وا چاکە بە شێوەی ڕاستەوخۆ پێی نەوترێ بەڵکو تەنها خۆت شەهادە بڵێوە و دووپاتی بکەوە تاوەکو ئەویش زاری دەکرێتەوە و دەیڵێتەوە.

ئەگەر کرا قاچەکانی ڕوو لە قیبلە بێت بۆ ئەوەی ئەگەر سەری بەرزکردەوە بکەوێتە ڕووەو قیبلە. بەڵام ئەگەر نەکرا و نەگونجا کێشە نییە.

نیشانەکانی مردن

ئەگەر کەسێك مرد چەند نیشانەیەکی لێ دەردەکەوێ، زانایان دەڵێن: سەرەتا ڕۆح لە قاچەکانەوە دەردەچێ..من دیدەنیی دکتۆرێکم کرد کە لە بەشی بووژانەوەی

نەخۆشخانەیەك كاردەكات و بەردەوام مردنی خەڵك دەبینێ پێی گوتم: هەندێ جار مردنی كەسێك هەر لە دەرچوونی رۆح لە قاچەكانییەوە تا گەرووی سەعاتێك دەخایەنێ، دەڵێ: یەكەم جار رۆح لە پەلەكانییەوە دەردەچێ و سارد دەبنەوە.

ئەگەر دەستت لە دەستیدا و گەرم بوو بەڵام قاچەكانی سارد بوون ئەوا بزانە ئەو كەسە مردنی نزیك بۆتەوە و دەرچوونی رۆحی دەستی پێكردووە بەتایبەتی ئەگەر هەناسەرگرتنی لەگەڵدا بێت یان چاوی بە قوواڵییدا بچێت، لەو كاتەدا دەبێ تەلقینی شەهادە بدرێ.

كاتێ رۆح دەرچوو چاوەكان لێی دەڕوانن بۆیە دەبینی زۆربەی جار چاوی مردوو كراوەیە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (ئەگەر رۆح دەرچوو چاو بەدوایدا دەچێت و لێی دەڕوانێ)صحیح: مسلم(٩٢٠)، ابن ماجە(١٤٥٤)، بۆیە سوننەت وایە یەكسەر چاوەكانی مردوو دابخرێن.

زانینی هەندێ شت گرنگە

هەندێ شت هەیە لەبارەی مردوو دەبێ هەموو كەس بیزانێ، چونكە پەنگە لە پووداوێكی هاتوچۆ یان هاوسەفەری كەسێك پووبدات، یان پەنگە كەسێك بۆ چارەسەر دەبەیتە وڵاتێك و لەوێ دەمرێ..بۆیە هەندێ دروشمی ئیسلامی هەن دەبێ بیانزانیت چونكە پەنگە ئەو شوێنەی پووداوی مردنەكەی لێ پوویداوە هیچ زانایەكی ئایینی لێ نەبێت.

- ئەگەر مردوو چاوەكانی كرابوونەوە دەبێ دابخرێن.
- لەشی سارد دەبێتەوە وەكو ساردیی شتەكانی ئەو شوێنە.

– لە لای سەریەوە سەیری لووتی بکە هەندێ کات کەمێك بە لای ڕاست یان چەپ خوار دەبێتەوە.

– ئەگەر لە مردنی کەسەکە دڵنیابووینەوە نابێ عەورەتی کەشف بکرێ مەگەر بۆ پێویستی، نابێ دوعای خراپ لە خۆمان بکەین و بڵێین: خۆزگە مەرگم پێش مەرگت کەوتبا، دوای تۆ منیش بمرم، وا چاکە دوعای خێر و داوای لێخۆشبوون و بەزەیی بکرێ چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (ئەگەر لە کن مردوو ئامادەبوون دوعای خێر بکەن چونکە فریشتەکان بۆ دوعاکانتان داوای قەبوڵبوون لە خودا دەکەن)صحيح: أبوداود(٣١١٥)، مسند أحمد(٢٦٤٩٧)..

– دەبێ وریای شیوەن و هاتوهاوار و لەخۆدان بین بەتایبەتی ژنان، پێغەمبەر (ﷺ) نەهی لەمانە کردووە: (شیوەنکەر ئەگەر بەر لە مردنی تەوبە نەکات ئەوا لە ڕۆژی دواییدا بەرگێکی ئاگرینی دەکرێتەبەر)صحيح: مسلم(٩٣٤)، ابن ماجه(١٥٨١)..هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) خۆی بەری کردووە لەو کەسەی لە کاتی موسیبەتدا (قژی دەتاشێ یان جلکی خۆی دەدڕێنێ یان دەنگی بە گریان و شین و زاری بەرزدەکاتەوە)صحيح: مسلم(١٠٤).

ئەسڵ ئەوەیە مرۆڤ ئارام بگرێ، خوداش بۆ فرمێسکی چاو و خەمباریی دڵ کەس سزا نادات بەڵکو سزا هەر بۆ ئەو کەسانەیە کە بە زار ناڕەزایی دەردەبڕن ئەمەش بەپێی فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ).

لەمەشدا پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئێمە باشترین پێشەنگە، کاتێ ئیبراهیمی کوڕی مرد فەرمووی: (چاو فرمێسك دەبارێنێ و دڵ خەمبار دەبێت بەڵام قسەیەك ناکەین مەگەر ڕەزامەندیی خوای لەسەر نەبێ، ئەی ئیبراهیم ئێمە بە دابڕانت خەمبارین)صحيح: البخاری(١٣٠٣)، مسلم(٢٣١٥)..

شوشتنی مردوو

ئەگەر دڵنیابووین لە مردنی کەسەکە دەبێ دەمودەست بیشۆین..بەڵام شوشتن دەبێ چۆن بێت؟

* دەستوێژی پێ هەڵدەگرین وەکو ئەو دەستوێژەی بۆ نوێژکردن هەڵیدەگرین..

* پاشان لای ڕاستی لە پێشەوە و دواوەی دەشۆین، ئینجا لای چەپیش بە هەمان شێوە.

* پاشان ئاو بە هەموو لەشیدا دەکەین.

ئەگەر توانرا پێویستە بە (سیدر) بیشۆین، بەکارهێنانی سابوونیش دروستە بەڵام سیدر باشترە..دەبێ شتێك بەسەر عەورەتیدا بدرێ لە ناوکەوە تا ئەژنۆی بگرێت.

دروست نییە ژن مردووی پیاو بشوات مەگەر هاوسەری بێت، نابێ پیاوی لەگەڵدا بن لە شوشتندا هاوکاری بکەن، تەنها برای ژنەکە یان کوڕەکەی یان هەر مەحرەمێکی ژنەکە دەتوانن هاوکاری بکەن.

هەروەها مردووی ژنیش هەر دەبێ ژن بیشۆن، پیاوەکەی دەتوانێ بیشوات و خوشکی پیاوەکە یان دایکی ژنەکە یان کچی یان یەکێك لە ژنانی مەحرەم هاوکاری بکات.

* هەر کۆرپەلەیەك لەناو سکی دایکی تەمەنی لە چوار مانگ تێپەڕی بوو کە هاتە دونیا و مرد دەبێ بە هەمان شێوە بشۆردرێ. بەڵام کەمتر لەوە ناشۆردرێ.

شوشتنی کەسی سووتاو یان تووشبوو بە نەخۆشیی پەتایی

پرسیار: کەسێك بە سووتاوییەکی زۆرەوە مردووە، هەندێ کەسیش هەن بە هۆی ئایدزەوە مردوون، چۆن دەشۆردرێن؟

وەڵام: ئەو کەسەی بە هۆی سووتاوییەوە یان هەر شتێکی تر ناتوانرێ بشۆردرێن تەیەممومیان پێ دەکرێ..

سەبارەت بە کەسێکیش کە بە هۆی نەخۆشییەکی پەتاییەوە مردووە وەکو ئایدز تەیەممومی پێ دەکەن، ئەگەر تەیەممومیش نەکرا لە پارچە قوماشێکی دەپێچن و نوێژی لەسەر دەکەن و دەینێژن..

ئەو کەسەی بە هۆی ئایدزەوە دەمرێ وەکو موسڵمان حیساب دەکرێ، ڕەنگە بە هۆی داوێنپیسییەوە تووش بووبێت، لەوانەشە بەهۆی گواستنەوەی خوێنی پیس یان هەر هۆکارێکی تر دووچاری بووبێت، لە هەردوو باردا هەروەکو موسڵمان حیساب دەکرێ و مافەکانی پارێزراون.

* تەنانەت کەسی تاوانباریش کە حەددی شەرعی لەسەر جێبەجێ کرا و کوژرا، بۆ نموونە کچێکی لاقە کردووە، هەر دەبێ وەکو موسڵمانێك بشۆردرێ و بنێژرێت..

نابێ لە کافرکردنی خەڵکدا پەلە بکەین، ئیسلام بە لایەوە گرنگە خەڵك بە هەوەنتە لە ئایین نەکرێتە دەرەوە، ڕەنگە ئەو کەسە تەوبەی کردبێت یان بە هۆی حەددە شەرعییەکەوە خودا لێی خۆش بووبێت.

نوێژی مردوو

نوێژی مردوو چوار تکبیرە (الله أكبر)ی تێدایە:

دوای تکبیرەی یەکەم: فاتیحە دەخوێنرێ. دوای تکبیرەی دووەم: صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر دەدرێ (اللهم صل على محمد و على ال محمد كما صليت على إبراهيم و على ال إبراهيم، و بارك على محمد و على ال محمد كما باركت على إبراهيم و على ال إبراهيم) دوای تکبیرەی سێیەم: دوعا بۆ مردوو دەکەیت: (اللهم اغفر له و ارحمه، وعافه و اعف عنه، ووسع مدخله، وأكرم نزله، واغسله بالماء و الثلج و البرد، ونقه من الذنوب و الخطايا)..ئەگەر منداڵ بوو دوعا بکە ببێتە تکاکاری کەسوکاری: (اللهم شفعه في أمه و أبيه، صبره على فراقه)..دوعا بکە خودا سێبووری و دڵنەواییان بداتێ.

ئەگەر ژن یان پیاو بوو دوعا بکە خودا ئارامی بە کەسوکارەکەی ببەخشێ: (اللهم اخلف على أولادهما بخير، اللهم اغفر لي اذا ما صرت الى ما صاروا اليه..)..

دوای تکبیرەی چوارەم: دوعا بۆ هەموو موسڵمانان: (اللهم لاتحرمنا أجره ولاتفتنا بعده، واغفر لنا و له و للمسلمين و المسلمات، الاحياء منهم و الاموات)..

پاشان سەلام دەدرێتەوە..

گەورەیی نوێژی مردوو

نوێژکردن لەسەر مردوو خێرێکی گەورەی هەیە، لەوبارەوە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (هەر کەسێك نوێژ لەسەر مردوویەك بکات بە قەدەر کێوێکی گەورە چاکەی بۆ دەنووسرێ، ئەگەر هەتا سەر گۆڕستانیش لەگەڵیدا ڕۆیشت و تا ناشتنی

مایەوە ئەوا بە قەدەر دوو کێو چاکەی بۆ دەنووسرێ.)صحيح: النسائی(١٩٩٧).
هەروەها فەرموویەتی: (هەر مردوویەک کۆمەڵێك موسڵمان نوێژی لەسەر بکات کە ژمارەیان سەت کەس ببێت و تکای لە خودا بۆ بکەن خودا تکاکەیان وەردەگرێ) صحيح: النسائی(١٩٩٧)، لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: (هەر موسڵمانێك بمرێت چل کەس نوێژی لەسەر بکەن کە هاوبەشیان بۆ خودا پەیدا نەکردبێت خودا تکای لێخۆشبوونیان لێ وەردەگرێت.)صحيح: مسلم(٩٤٨)، أبوداود(٣١٧٠)..

حوکمی ئەندامێکی بڕدراو

ئەگەر ئەندامێکی مرۆڤ بە هۆی نەخۆشی یان ڕووداوێکەوە بڕدرا، ئەوا بە شێوەیەکی ئاسایی ژێر خاك دەنرێ، ناشۆردرێ و کفن ناکرێ و نوێژی لەسەر ناکرێ.. لە پارچەیەك قوماش دەپێچرێ و ژێرخاك دەنرێ..

رِق و كينه

﴿وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِمْ مِنْ غِلٍّ إِخْوَانًا عَلَى سُرُرٍ مُتَقَابِلِينَ﴾

ڕق و کینە

خاوێنکردنەوەی دڵەکان لە ڕق و کینە و هەموو نەخۆشییە دڵییەکان کارێکی زۆر گەورەیە و پێویستی بە هەوڵ و کۆششی زۆر و ئارامگرتن هەیە.

لەبەرئەوەی چارەسەرکردنی ئەم بابەتە ڕەنجی زۆری گەرەکە بۆیە پاداشتی گەورەشی تێدایە، لەبەر گرنگیی بابەتەکەش حەزم کرد کەمێك بەئاسانی لەبارەیەوە بدوێم.

دڵیان وەکو دڵی باڵندە سپییە

پاککردنەوەی دڵ بەتەواوی لە هەموو ئێرەیی و ڕق وکینەیەك بەرامبەر هەر موسڵمانێك کارێکی سەختە، تەنانەت گەر تۆ گوتیشت سوێند بە خوا ئێرەیی بە کەس نابەم و ڕقم لە کەس نییە ڕەنگە هەندێ کات ڕاست نەکەیت و شتێك لە دڵت هەبێ بەڵام لافی ئەوە لێ دەدەیت کە هیچ شتێك نییە کەچی هەشە.

کێ دەتوانێ بگاتە ئەم پلەیە؟ پلەیەك کە لە دڵیدا هیچ کینە و ئێرەییەك نەبێ و دڵی بەم شێوەیە بێت کە پێغەمبەر (ﷺ) وەسفی کردووە: (خەڵکانێك دەچنە بەهەشتەوە کە دڵیان وەکو دڵی باڵندە وایە)صحیح: مسلم(٢٨٤٠)..بەرامبەر موسڵمانان هیچ شتێکی تێدا نییە.

لەبەر گەورەیی ئەم کارە خودا پاداشتێکی هاوشێوەی خۆی بۆ ئامادەکردووە، خودای گەورە لەبارەی ئەهلی بەهەشتەوە دەفەرموێت: ﴿وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِمْ مِنْ غِلٍّ إِخْوَانًا عَلَى سُرُرٍ مُتَقَابِلِينَ﴾(الحجر: ٤٧)..پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (ئیمانداران لە ئاگر ڕزگاریان دەبێت، لەسەر پردێکی نێوان بەهەشت و دۆزەخ ڕادەگیرێن، ئەو

زوڵمو ستەمانەی لە دونیا لە یەکتریان کردووە یەکلا دەکرێنەوە تا ئەوەی پاك و خاوێن دەبنەوە ئینجا ڕێگەی چوونە ناو بەهەشتیان پێ دەدرێ.)صحیح: البخاری (٦٥٣٥)، مسند أحمد(١١٥٤٨)..

هەر کێشە و گرفتێکی نێوان خەڵك هەبووبێت خودا لایدەبات و هەمووان دەبنە براو دۆستی یەکتر لە بەهەشتدا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الْأَخِلَّاءُ يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ﴾(الزخرف: ٦٧)..

پرسیارێك: چۆن مرۆڤ دەتوانێ ئەم ڕق و کینە و ئێرەییە لە دڵیدا لاببات؟

وەڵام: بەوە دەبێ کە ڕادەی قێزەونیی ئەم شتە بزانێ، ئێرەیی(حسد) سیفەتێکی جولەکەکانە، خودای گەورە لە وەسفی جولەکەدا دەفەرموێت: ﴿أَمْ يَحْسُدُونَ النَّاسَ عَلَى مَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ فَقَدْ آتَيْنَا آلَ إِبْرَاهِيمَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَآتَيْنَاهُمْ مُلْكًا عَظِيمًا﴾(النساء : ٥٤)..﴿ وَدَّ كَثِيرٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُمْ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِهِمْ﴾(البقرة: ١٠٩)..

هەروەها بزانێت کە ئێرەیی دڵ دەخوات و خاوەنەکەی ئیسراحەت ناکات.

بەندە لەخواترسەکانیش پارێزراو نین

پیاوێك لە حسن البصری پرسی: ئەی ئیمام، ئایا ئیمانداریش حەسودی دەبات؟

مەبەستی ئەوە بوو ئیمان و حەسودی پێکەوە کۆدەبنەوە؟

ئیمام: سەیرە ! ئەی لەبیرت چوو چی لەنێوان کوڕانی یعقوب ڕوویدا؟ بەڵێ، ڕەنگە ئیمانداریش ئێرەیی ببات.

هەروەها شێخی ئیسلام دەڵێ: هیچ جەستەیەك لە حەسودی خاڵی نییە، بەڵام کەسی بەڕێز دەیشارێتەوە و بەدفەڕیش دەریدەخات، کوڕانی یعقوب ئێرەییان بە یووسفی برایان برد ئەگەرچی ئەو هیچ زیانێکی پێ نەگەیاندبوون، وێڕای ئەوەش حەسودییان پێ برد و بوونە هۆی دوورخستنەوەی ماوەی چل ساڵ لە باوکی و حەوت هەشت ساڵ بەندیخانە، هەموو ئەمانەش سەرەنجامی کردەوەی براکانی بوو.

یووسف لەگەڵ بابی نەرمونیان بوو، بابیشی خۆشی دەویست، براکانیشی بینیان بابی یووسفی لەوان خۆشتر دەوێ، نەهاتن لە خۆیان بپرسن بۆچی بابیان ئەوی لەوان خۆشتر دەوێ؟ تا ئەوەی بزانن ئەو شتە چییە بۆتە هۆی خۆشەویستیی باوکیان بۆ یووسف ئەوانیش ئەوە بکەن بەڵکو هاتن دەستیان کرد بە پیلانگێڕان و گوتیان: ﴿إِذْ قَالُوا لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَى أَبِينَا مِنَّا وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ (٨)اقْتُلُوا يُوسُفَ أَوِ اطْرَحُوهُ أَرْضًا يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُوا مِنْ بَعْدِهِ قَوْمًا صَالِحِينَ(٩)﴾(یوسف: ٨-٩)..

لەبەرئەوەی یووسف لای باوکی لەوان خۆشەویستتر بوو بڕیاریاندا بیکوژن..بۆچی یووسف دەکوژن؟

چونکە بابم ئەوی لە ئێمە خۆشتردەوێ!!

جا ئەوە کێشەی نێوان ئێوە و باوکتانە، یووسف چ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە هەیە؟! بڕۆن لەگەڵ بابتان ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن.

بڕیاریاندا یووسف لە باوکی دووربخەنەوە..فڕێیدەنە شوێنێکی دوور و چۆڵ تاوەکو گورگ بیخوات یان لە برسان و تینووان بمرێ..

بڕیاریاندا دوای ئەم تاوانەش تەوبە بکەن و خوداش لێیان خۆش بێت و لای بابیشیان ببنە پیاوچاك و خۆشەویست!!

دواتریش بەڕاستی و ڕاستگۆیی تەوبەیان کرد و خوداش تەوبەکەی لێ وەرگرتن و باوك و یووسفی براشیان لێبان خۆشبوون.

ئاواتەخوازی، ئێرەیی نییە

حەسودی: بریتییە لەوەی ئاواتی ئەوە بخوازیت کەسێك خودا نیعمەتێك بەهرەیەك بەخششێکی پێداوە لێی بسەنرێتەوە و بۆ تۆ بێت، بۆ نموونە: کەسێك دەوڵەمەندە یان جوانە یان زیرەکە یان بەهێز و ساغە، تۆ ئاوات بخوازیت هەژار بکەوێت یان نەخۆش بکەوێت یان هەر شتێکی تری بەسەربێت و ئەو نیعمەتەی ئەو بۆ تۆ بێت، بە واتایەکی ڕوونتر ئەوەیە تۆ ئەو نیعمەتەی خودا بۆ ئەو بە زۆر بزانیت و بە شایستەی ئەوی نەبینیت و خۆت بە شایانتر لەو بزانیت.

بەڵام ئاواتەخوازی(الغبطة): بریتییە لەوەی ئاوات بخوازیت خودا ئەو نیعمەتەش بە تۆ ببەخشێ کە بەوی بەخشیوە وەکو ئەو دەوڵەمەند، ساغ، بەهرەدار بیت بێ ئەوەی ئاواتی ئەوە بخوازیت نیعمەتەکەی ئەو نەمێنێ.

بەڵام ڕق و قین لە حەسوددییش خراپترە: بریتییە لەوەی ئاوات بخوازیت نیعمەتەکەی ئەو نەمێنێ تەنانەت ئەگەر بۆ تۆش نەیەت.

بۆ نموونە کەسێك ئۆتۆمبیلێکی جوانی هەیە ئەگەر گوتت: خۆزگە یەکێکی وەکو ئەوم هەبوایە، ئەمە ڕق و کینە نییە بەڵکو ئاواتەخوازییە..ئەگەر گوتت: خۆزگە ئەو ئۆتۆمبێلەی لەدەست دەچوو و بۆ من دەهات، ئەمە حەسودییە..ئەگەر گوتت: یاخوا ئۆتۆمبێلەکەی وەرگەڕێت و وردوخاش ببێت، ئەمە ڕق و کینەیە.

ئەمە زۆر خراپە و لە حەسودی مەترسیدارترە.

* دەگێڕنەوە کەسێك زۆر حەسود و قین لە دڵ بوو، کەس حەزی نەدەکرد لەگەڵی دانیشێت، ڕۆژێکیان ئەم کەسە حەسودە لەگەڵ کابرایەکی هەژاری داماو بەرەو شوێنێك دەڕۆیشتن، لە ڕێگا چەتەیەك ڕێی لێ گرتن و ویستی بیانکوژێ و گوتی: دەتانکوژم و ئەوەی پێتانە دەیدزم.

گوتیان: خاوەن مالّ و منداڵ و دایك و باوکین مەمانکوژە..

گوتی: هەر دەتانکوژم..بەر لەوەی بتانکوژم بۆتان هەیە ئاواتێك بخوازن.. ئاواتەکەتان چییە؟

هەژارەکە گوتی: من یەك ئاواتم هەیە: پیرەدایکێکم هەیە زۆری خۆشدەوێم،حەز دەکەم بەر لەوەی بمکوژی بە مۆبایل قسەی لەگەڵدا بکەم، چونکە ئەگەر بەر لە مردنم گوێی لە دەنگم نەبێ خۆی دەکوژێ، تکایە مۆبایلەکەتم بدەرێ با دوو قسەی لەگەڵ بکەم و مالّئاوایی لێ بکەم.

چەتەکە گوتی: قەیناکا..ڕووی کردە حەسودەکە و گوتی: ئەی تۆ ئاواتت چییە؟

حەسودەکە: ئاواتی من ئەوەیە لێ نەگەڕێی ئەم کابرایە لەگەڵ دایکی قسە بکات.

جیاوازیی نێوان ئێرەیی و چاوپیسی

پرسیارێك: جیاوازیی نێوان ئێرەیی و چاوپیسی چییە؟

وەڵام: چاوپیسی بابەتێکی تڕە، تووشبوون بە چاوپیسی لە قورئاندا هاتووە: ﴿وَمِنْ شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ﴾(الفلق: ٥)..﴿ وَإِنْ يَكَادُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَارِهِمْ لَمَّا سَمِعُوا الذِّكْرَ﴾(القلم: ٥١)..هەروەها ئامۆژگاریی یەعقوب بۆ کوڕەکانی: ﴿لَا تَدْخُلُوا مِنْ بَابٍ وَاحِدٍ وَادْخُلُوا مِنْ أَبْوَابٍ مُتَفَرِّقَةٍ﴾(یوسف: ٦٧)..

مەبەست: کەسێك بە چاوەکانی، شتێك لای کەسێکی تر دەبینێ حەزی دەچێتێ، ڕەنگە کەسەکە ئەو شتە جوانە لەدەست دەدات.

بۆیە پێغەمبەر دەفەرموێ: (ئەگەر یەکێکتان شتێکی بینی حەزی چوویێ با بڵێ: ماشاء الله، بارك الله.)..

جیاوازیی نێوان چاوپیسی و حەسودی ئەوەیە کە چاوپیسی کاری ئەندامێکی لەشە و هیچ پەیوەندییەکی بە دڵ و نیازی نەمانی نیعمەتەوە نییە، بە پێچەوانەی حەسوودییەوە کە چاوپیسی و ئاواتی نەمانی نیعمەتی تێدا کۆدەبێتەوە.

چارەسەری حەسودی و قین و چاوپیسی

پرسیار: ئەگەر زانیم یەکێك ڕقی لێمە و ئێرەییم پێ دەبات، چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەم؟

وەڵام: چارەسەر ئەوەیە خۆت بە زیکرە شەرعییەکان بپارێزیت.

هەروەها ئەگەر زانیت بە هۆی نیعمەتێکەوە کەسێك ئێرەییت پێ دەبات ئەوا لە بەرانبەریدا نیعمەتەکە دەرمەخە..

پرسیارێکی تر: ڕەنگە یەکێك لە حەسوودەکان یان قین لە دڵەکان لەبارەی مووچە یان داهاتتەوە پرسیارت لێ بکات چی دەکەیت؟ درۆ دەکەیت و خۆت تووشی گوناهـ دەکەیت؟ یان ڕاستییەکەی پێ دەڵێیت و خۆت دووچاری ئێرەیی و قین دەکەیت؟ چارەسەر چییە؟

وەڵام: دەڵێیت: سەت یان سەت و پەنجام دەدەنێ، ئایا ئەمە دۆریە؟

نا..درۆ نییە..کاتێ تۆ لێم دەپرسی چەندم پارە پێیە و منیش پێت دەڵێم: دە، بیستوپێنج..

ئەوە من درۆم نەکردووە ئەگەرچی سەت هەزارم پێیە، چونکە لە گیرفانمدا فیئەی ١٠ هەزاری و ٢٥ هەزارێم پێیە..ئەمەش پێی دەوترێ(التوریە – توانجپۆشی) کە فێلێکی شەرعییە..

لەم حاڵەتەدا من درۆم نەکردووە، ئەمە زانایان پێی دەڵێن توانجپۆشی یان (معاریض)، تەنانەت عومەری کوڕی خەتتاب (خودا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: (لە معاریضدا بوارێك بۆ درۆ هەیە.)..

چەند پرسێکی فیقهی

(بەر لەوەی ببنە سەرکردە شارەزایی پەیدا بکەن)

چەند پرسێکی فیقهی

لە بابەتێکی پێشوو(مەتەڵە فیقهییەکان) باسی ئەوەم کرد کە زانا یان موفتی یان هەر کەسێك کە بیەوێت لە مەسەلە شەرعییەکان بکۆڵێتەوە هەر ئەوەندە بەس نییە تەنها بابەتەکان لەبەر بکات، بەڵکو دەبێ عەقڵ و ژیری بەکاربێنێ، هەرچەندە موفتی یان لیکۆڵەر تێگەیشتوو و سەرنجی بەهێز بێت ئەوا باشتر دەتوانێ مەسەلە ئاڵۆزەکان چارەسەر بکات، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش چەند نموونەیەك دێنینەوە.

بەرگدروو شیاوی هەقدەستە؟

(ئەبوحەنیفە) لە زانایە گەورەکانی ئیسلامە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان خاوەن تێگەیشتن و عەقڵێکی بەتوانا بووە..ڕۆژێکیان لەگەڵ ئەبو یووسف جۆرێك لە ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان، ئەبوو یووسفیش کەسێکی زیرەك و لێهاتوو بوو، ئەبو یووسف نەخۆش دەکەوێ و ئەبوحەنیفەش سەردانی دەکات، کە دەبینێ تەندروستی باش نییە دڵی تەنگ دەبێ و دەترسێ بمرێ، بۆیە دەڕوات و دەڵێ: ئاخ ئەبوو یووسف، من لە دوای خۆم ئومێدم بە تۆ هەبوو بمێنی و خزمەتی خەڵك بکەیت!!

پاش چەند ڕۆژێك ئەبوو یووسف چاکبۆوە بەڵام ئەبوحەنیفە بە چاکبوونەوەی نەزانی، ئەبوو یووسفیش جلکی لەبەرکرد و بۆ ئامادەبوون لە دەرسی ئەبوحەنیفە بەرەو مزگەوت ڕۆیشت.

خەڵك پێیان گوت: ئەبوو یووسف ئێستا ئەتوو وەکو ئەبوحەنیفە زانایت.

گوتی: چۆن؟

گوتیان: بەڵێ، ئەی تۆ نازانی ئەبوحەنیفە چی لەبارەی تۆوە گوتووە؟

گوتی: چی گوتووە؟

گوتیان: وتوویەتی: دوای خۆم ئومێدم هەبوو ئەبوو یووسف جێم بگرێتەوە و ئامۆژگاری خەڵك بكات..

ئەبوو یووسف بەم قسەیە كەیفی بە خۆ هات و هەوا چووە لووتییەوە، چوو لە لایەكی تری مزگەوت ئەڵقەیەكی تری دەرسی كردەوە و دەستی بە دەرسگوتنەوە كرد.

ئەبوحەنیفەش دانیشتووە دەرس دەڵێتەوە، ئاوڕی دایەوە بینی وا یەكێكی تر دەرس دەڵێتەوە، بە قوتابییەكانی گوت: ئەمە كێیە؟ شێخێكی نوێیە؟

گوتیان: نا..

گوتی: زانایەكی ولاتێكی تری هاتووە لێرە دەرس بڵێتەوە؟

گوتیان: نا..

گوتی: ئەدی كێیە؟

گوتیان: ئەمە ئەبوو یووسفە.

گوتی: ما شاء الله بۆچی نایەتە دەرسەكەی من، خۆ من مامۆستای ئەوم؟!

گوتیان: ئەو قسەیەی تۆ لەبارەیەوە كردبووت پێی گوتراوە كە تۆ دوای خۆت ئومێدت پێی هەیە.

گوتی: ئاهـ..ئەبو یووسف پێویستی بە تەمێكاری هەیە..بانگی یەكێ لە قوتابییەكانی كرد و پێی گوت: بڕۆ لای ئەو شێخەی وا لەوێ دانیشتووە و پێی بڵێ: پرسیارێكم هەیە..

ئەویش دەڵێ: چییە؟

پێی بڵێ: پیاوێك كراسێكی بردە لای بەرگدروویەك تا بۆی كورت بكاتەوە، دوای ماوەیەك كە هاتەوە بۆ وەرگرتنەوەی كراسەكەی، بەرگدرووەكە نكوڵی لێ كرد و

گوتی: هیچ کراسێکت نەداوە پێم، پیاوەکە چووە لای پۆلیس و سکاڵای کرد، پۆلیس هات و لە دوکانەکە گەڕان کراسەکەیان دۆزیەوە و دایانەوە خاوەنەکەی.

پرسیار: ئایا بەرگدروەکە شیاوی ئەوەیە دەسبەقی بدرێتێ یان نا؟

بڕۆ ئەم پرسیارە لەو شێخە بکە، ئەگەر گوتی بەڵێ، بڵێ: هەڵەت کرد..ئەگەر گوتیشی: نەخێر، هەر بڵێ: هەڵەت کرد..

قوتابییەکە چووە لای ئەبوو یووسف و دوای سەلام و کەلام، پرسیارەکەی ئاراستەکە کرد و ئەبوحەنیفە چی پێگوتبوو وەهای کرد..

ئەبوو یووسف تەماشای ڕووی قوتابییەکەی کرد و زانی پرسیاری ئەوتۆ لە مێشکی ئەم جۆرە کەسانەوە دەرناچێ، گوتی: توخوا کێ تۆی ناردووە؟

قوتابییەکە: شێخ ئەبوحەنیفە..ئینجا ڕۆیشت.

ئەبوو یووسف هەستا و هاتە لای ئەبوحەنیفە و گوتی: یا شێخ پرسیارێکم هەیە؟

ئەبوحەنیفە وەڵامی نەدایەوە..پرسیارەکەی دووبارە کردەوە، ئەبوحەنیفە پشتگوێی خست و لە قسەکردن لەگەڵ قوتابییەکانی بەردەوام بوو، ئەبوو یووسف لەسەر ئەژنۆیەکانی دانیشت و گوتی: یا شێخ پرسیارێکم هەیە؟

ئەبوحەنیفە گوتی: تۆ شێخیت..تۆ زانایت..تۆیت دەرس دەلێیتەوە..

ئەبوو یووسف گوتی: نا..نا، تۆ شێخیت.

ئەبوحەنیفە: پرسیارەکەت چییە؟

ئەبوو یووسف: خۆت دەیزانیت..ئەو پرسیارە هەر لە مێشکی تۆوە دەرچووە..

ئەبوحەنیفە: مەسەلەی بەرگردوو و کراسەکە؟!

ئەبوو یووسف: بەڵێ..کێ لە ئێوە وەڵامەکەی دەزانێ؟

ئەبوحەنیفە: بۆ ئەوەی دیاری بکەین ئایا بەرگدرووەکە شیاوی دەسهەقە یان نا، دەبێ تەماشای ئەندازەی کورتکردنەوەی کراسەکە بکەین، ئەگەر بەرگدرووەکە بە پێی پێوەری خۆی کراسەکەی کورت کردبێتەوە ئەوا واتای ئەوەیە هەر لە سەرەتاوە بڕیاری داوە کراسەکە بۆ خۆی بێت و نەیداتەوە خاوەنەکەی، بۆیە بە پێی پێوەری خۆی کورتی کردۆتەوە، لەم حاڵەتەدا نابێ دەسهەقی بدرێتێ..

ئەگەریش بەپێی پێوەری خاوەنەکەی کورتی کردبێتەوە ئەمە واتای ئەوەیە نیازی وابووە سەرەتا نکوڵی لە بوونی کراسەکە بکات ئەگەریش بۆی چووە سەر ئەوا بۆ خۆی چاکی دەکات، بەڵام لە بنەڕەتدا کارەکەی بۆ خاوەنەکەی کردووە چونکە بەپێی پێوەری وی کورتی کردۆتەوە بەڵام دواتر بڕیاری داوە بۆ خۆی بیبات..لەم حاڵەتەدا شایستەی دەسهەقە.

ئەبوو یووسف سەری ئەبوحەنیفەی ماچ کرد و گوتی: سوێند بە خوا تۆ زانایت و من قوتابیی تۆم..

ئەوەی زانایانی ژیر لەوانیتر جیا دەکاتەوە بریتییە لە توانای هەڵێنجان و زانست.

نیوە بە نیوە

جارێکیان ژن و پیاوێك لە کاتی نانخواردن دەبێتە کێشەیان، پیاوەکە لە ژنەکە تووڕە دەبێ و دەڵێ: ئەو پارووەی لە دەمتدایە قوتی بدەیت یان فڕێی بدەیت یان لەناو دەمتدا بیهێڵێتەوە هەر تەڵاقدراویت!!

ئەو ئافرەتە لەم کاتەدا چی بکات؟

چوونە لای ئیمامی مالیك و لێیان پرسی..گوتی: نیوەی فڕێ دەدات و نیوەکەی دیکەی دەخوات..

کەی برا دەتوانێ خوشکی خۆی لە برایەکی مارە بکات؟

برایەك خوشكێكی لە شیرخواردن هەیە، واتە بەیەکەوە شیری ژنێکیان خواردووەو دەبنە خوشك و برا..ئەو برایە دەتوانێ ئەو خوشکەی لە برایەکی دایکوباوکی مارە بکات.

بۆ نموونە: ژنێك هەیە ناوی عائیشەیە و پێنج منداڵی هەیە، ژنێکی تریش ناوی خەدیجەیە و پێنج منداڵی هەیە، منداڵێکی عائیشە ناوی خالیدە و شیری خەدیجەی خواردووە، خالید دەبێتە برای منداڵەکانی خەدیجە..

ئایا دروستە براکانی خالید کچەکانی خەدیجە مارە بکەن کە دەکاتە خوشکی خالید؟

بەڵێ دروستە..چونکە براکانی خالید شیری خەدیجەیان نەخواردووە تەنها خالید خواردوویەتی، کچەکانی خەدیجە تەنها دەبنە خوشکی خالید و بۆیان نییە شووی پێ بکەن بەڵام بۆ براکانی خالید ئاساییە.

بەم جۆرە ئەگەر یەکێك لە کچەکانی خەدیجە شوو بە خالید بکەن واتە خوشکێکی خالید شووی بە برایەکی خالید کردووە.

ئایا دروستە دەوڵەمەند زەکات وەربگرێ؟

کەی دروستە دەوڵەمەند زەکات وەربگرێ؟ئەو کەسێکی دەوڵەمەندە و پارەوپوولی زۆری هەیە کەچی بۆی دروستە زەکات وەربگرێ!

وەڵام: ئەوەی بۆی دروستە زەکات وەربگرێ ئەگەرچی دەوڵەمەندیشە بریتییە لە ڕێبوار و کارمەندی کۆکردنەوەی زەکات..خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ﴾(التوبة: ٦٠)..

لە هاوسەرگیریی نێوان دایك و باوکیدا ئامادەبووە!

پیاوێك دەڵێ: ئامادەی هاوسەرگیریی دایك و باوکی بووە ! ئەمە چۆن دەبێ؟

وەڵام: ئەم پیاوە باوکی یەك جار دایکی تەڵاق داوە و لە عیددەی دەرچووە، واتە سێ مانگ یان ساڵێکی بەسەردا ڕۆیشتووە پاشان هاتۆتەوە و جارێکی تر داخوازی کردۆتەوە و گوتوویەتی: بۆ جاری دووەم مارەت دەکەمەوە، ئەمەش گرێبەستێکی نوێ و مارەییەکی نوێیە، هاوسەرگیرییان کردووە و کوڕەکەشیان ئامادەی ڕێوڕەسمەکە بووە.

حوکمی تەڵاقی ژنێك کە هێشتا شووەکەی نەچۆتە لای

ئەو حاڵەتە چییە کە تێیدا ژن دەتوانێ بێ چاوەڕێکردنی عیددەی، یەکسەر شوو بکاتەوە، تەنانەت دروستە هەر ئەو ڕۆژەی تەڵاق درا شوو بکاتەوە، ئەمە چ کاتێکە؟

بێگومان کە پیاو ژنی تەڵاقدا ژنەکە دەبێ سێ مانگ کە بریتییە لە سێ بێنوێژی چاوەڕێ بکات، لەم ماوەیەدا پیاوەکە دەتوانێ دووبارە بیگەڕێنێتەوە لای خۆی و بۆ هیچ کەسێك دروست نییە لەم ماوەیەدا بیخوازێ..

وەڵام: ئەگەر ژنەکە مارەکرابوو بەڵام دخولی پێ نەکرابوو واتە پیاوەکە نەچووبووە لای ئەوا لەم حاڵەتەدا دوای تەڵاقدرانی دروستە بێ چاوەڕێکردنی عیددەی سێ مانگ یەکسەر شوو بکاتەوە.

پرسیار: کەی بە ژنێك دەوترێ دخولی پێ کراوە؟

وەڵام: دخولکردن بە ژن مەرجی ئەوەی نییە هەر دەبێ جووتبوونی تەواو لەنێوانیاندا ڕووبدات، ئەگەر پیاوێك کچێکی مارە کرد، پاشان سەردانی دەکرد و لەگەڵی دادەنیشت و پێکەوە بەتەنیا دەمانەوە و دەسڵێدان و ماچ لەنێوانیان ڕوویدەدا ئەوە بە دخول دادەنرێ و ئەگەر تەڵاقدرا وەکو بێوەژن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ و دەبێ چاوەڕێی عیددە بکات..

بەڵام ئەگەر تەنها سەردانی کرد و بە ئامادەیی دایك و باوکی و ماڵەوە بەیەکەوە دانیشتن و بواری ماچ و دەسڵێدان نەبوو ئەوا دخولی پێ نەکردووە و ئەگەر تەڵاق درا نیوەی مارەییەکەی دەبات.

نوێژێك بێ خۆڕازاندنەوە و بۆنخۆشکردن

ئەو نوێژە کامەیە کە وا چاکە مرۆڤ بێ خۆڕازاندنەوە و بۆنخۆشکردن بۆی بچێت؟

وەڵام: ئەمە نوێژەبارانەیە..

کەی ئەم نوێژە دەکرێ؟

وەڵام: ئەو کاتەی باران نەباری.

ئەو کات موسڵمانان دەچنە دەشتایی و ئەم نوێژە دەکەن..نوێژەکە سوننەتە و دەکرێ لە مزگەوتیش بکرێ.

نوێژەبارانە وەکو نوێژی جەژنە، لە ڕکاتی یەکەم حەوت تەکبیرە لێ دەدرێ و لە ڕکاتی دووەمیشدا پێنج تەکبیرە..پاشان وتارێك پێشکەش دەکرێ و لە کۆتاییەکەیدا داوا لە خوای گەورە دەکرێ بارانیان بۆ ببارێنێ.

وا سوننەتە هەندێك بە هەژارانە بۆ ئەو نوێژە بچن، وەکو نوێژی هەینی نابێ خۆڕازاندنەوە و بۆنخۆشکردن هەبێ، ئەمە بە واتای پیس و پۆخڵی نییە بەڵکو مەبەست نیشاندانی هەژاری و ئاتاجبوون بە خودایە..

تا مانگێکی تر یەك نوێژ ناکەم!!

ئافرەتێکی موسڵمانی عاقڵ بانگی نوێژی نیوەڕۆ درا، شووەکەی پێی گوت: هەستە نوێژەکەت بکە..گوتی: سوێند بە خوا تا یەك مانگی تر یەك نوێژ ناکەم و بەڕۆژووش نابم!! قسەکەشی ڕاستە.

وەڵام: ژنی زەیستانە، تازە منداڵی بووە.

ژنی زەیستان بۆی هەیە تا چل ڕۆژ نە نوێژ بکات و نە بەڕۆژوو بێت مەگەر زەیستانەکەی تەواو ببێت.

زۆربەی ژنان تا چل ڕۆژ لە حاڵەتی زەیستانیدا دەمێننەوە، لەم حاڵەتەدا نە نوێژ دەکەن و نە بەڕۆژوو دەبن، بەڵام ئەگەر پێش چل ڕۆژ زەیستانییەکەی کۆتایی هات بۆ نموونە لە بیست ڕۆژیدا تەواو بوو ئەوا دەبێ خۆی بشوات و دەست بە نوێژ و ڕۆژوو بکاتەوە..

بەڵام ئەگەر خوێنەکە لە چل ڕۆژ تێپەڕی ئەوا ئەمە زەیستانی نییە بەڵکو شتێکی تر دەبێ خۆی بشوات و نوێژ بکات و ڕۆژوو بگرێ..

ولاتی هەمیشە ڕۆژو هەمیشە شەو

پیاوێك نوێژی مەغریب و عیشای لە ڕۆژدا کرد بۆشی دروست بوو، ئەمە چۆنە؟

وەڵام: هەندێ وڵات هەن وەکو باکوری سوێد و باکوری نەرویژ و هەندێ شوێنی سیبیریا و جەمسەری باکور و جەمسەری باشور، ئەمانە هەندێ کات ڕۆژ سێ مانگ لە کنیان ئاوا نابێ.

بۆیە کە سەعاتی هەشتی ئێوارە نوێژی عیشا دەکەن و پەردەی پەنجەرەکان دادەدەنەوە و دەخەون، شەویان بەم شێوەیەیە.

پاشان سێ مانگی تر شەوە، ڕۆژ نابینن، ئەو کات دەبێ هەر پێنج نوێژەکە بە شەو بکەن..ئەمەش بە پێی کاتی نزیکترین وڵات لێیانەوە دەکەن..

چوار کەس لە ڕەمەزاندا ڕۆژوویان شکاند

چوار کەس لە ڕەمەزاندا ڕۆژوویان شکاند: یەکەم: قەزاکردنەوەی لەسەرە. دووەم: قەزاکردنەوە و کەفارەتی لەسەرە. سێیەم: تەنها کەفارەتی ماندانی هەژارێکی لەسەرە. چوارەم: نە قەزاکردنەوەی لەسەرە نە کەفارەت.

وەڵام: چوار کەسەکە بریتیین لە: گەشتیار، کەسێك لە ڕۆژی ڕەمەزان و بە زمانی بەڕۆژی چۆتە کن هاوسەری، نەخۆش، منداڵ.

یەکەم: گەشتیار تەنها قەزاکردنەوەی لەسەرە.

دووەم: ئەوەی لە ڕۆژدا و بە زمانی بەڕۆژو چۆتە کن هاوسەری، ئەوا قەزاکردنەوە و دوو مانگ بەڕۆژووبوونی یەك لە دوای یەکی لەسەرە.

هەر کەسێکیش قەزاکردنەوە دوابخات بۆ دوای ڕەمەزانێکی تر ئەوا دەبێ بێجگە لە گرتنەوەی ڕۆژووەکە کەفارەتی ناندانی هەژارێکیش بدات.

سێیەم: ئەوەی تەنها کەفارەتی لەسەرە و گرتنەوەی لەسەر نییە: نەخۆشە کە ناتوانێ بەڕۆژوو بێت.

چوارەم: نە گرتنەوە و نە کەفارەتی لەسەرە: منداڵ، شێت، پیری خەڵەفاو.

کەسێك بە هۆی پیرییەوە یان هەر شتێکی تر هۆشی لەدەستدا بێت نە ڕۆژووی لەسەرە و نە گرتنەوە و نە کەفارەت چونکە مەرجی تەکلیف عەقڵە، کە عەقڵ نەما تەکلیفیش لەسەر مرۆڤ نامێنێ.

نوێژی گەشتیار

ئێمە ڕۆژانە لە نوێژە فەرزەکان ١٧ ڕکات دەکەین، بەڵام کەسێك هەیە تەنها ١١ ڕکات دەکات؟

وەڵام: ئەمە گەشتیارە.

گەشتیار نوێژ کورت دەکاتەوە، هەموو چوار ڕکاتییەکان: نیوەڕۆ، عەسر، عیشا دەکاتە دوو ڕکات بەڵام مەغریب و بەیانی کورت ناکرێنەوە.

نەخۆش

(ئەگەر موسڵمان سەردانی موسڵمانی نەخۆشی کرد ئەوا دەکەوێتە نێو ڕەز و باخی بەهەشتەوە تا ئەو کاتەی لە لای هەڵدەستێ و دەگەڕێتەوە).

نەخۆش

باسی جۆرێکی تری ڕێبواران دەکەم..ئەوانەی بە هۆی نەخۆشییەوە بەند بوون، یان لە نەخۆشخانە کەوتوون یان لە ماڵەوە پەککەوتە کەوتوون.

با باسی ئەو برایانەمان بکەین کە خودا بە نەخۆشییەك بەسەری کردوونەتەوە، لەوانەوە فێری قەدرگرتنی نیعمەتی لەشساغی ببین و بزانین کە تەندروستی تاجێکە بە سەری لەشساغانەوە تەنها نەخۆشەکان دەیبینن.

ڕەز و باخی بەهەشت

سەردانی نەخۆش پاداشتێکی گەورەی هەیە، چونکە تۆ کە سەردانی نەخۆش دەکەیت جگە لە ئومێدی پاداشتی خودا هیچ چاوەڕوانییەکی ترت لە پارە و سوپاس نییە بۆیە خودا پاداشتێکی گەورەی بۆ داناویت.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((حق المسلم على المسلم ست, اذا لقيته فسلّم عليه واذا دعاك فاجبه واذا استنصحك فانصح له واذا عطس فحمد الله فشمته واذا مرض فعده واذا مات فاتبعه)) اخرجه مسلم (٢١٦٢) واحمد في مسنده (٨٨٤٥).

واتە: (مافی موسڵمان لەسەر موسڵمان شەش شتە: ئەگەر تووشی بوویت سڵاوی لێ بکە، ئەگەر بانگهێشتی کردی وەڵامی بانگێشتەکەی بدەوە، ئەگەر داوای ئامۆژگاریکردنی لێکردی ئامۆژگاری بکە، ئەگەر پڕمی و گوتی الحمدلله پێی بڵێ: يرحمك الله، ئەگەر نەخۆش کەوت سەردانی بکە، ئەگەر مرد شوێن جەنازەکەی بکەوە.)

* ئیمام ئەحمەش دەڵێ: ئەگەر کەسێك سێ ڕۆژ لە مەجلیسەکەمان دواکەوتبایە و نەهاتبایە لێمان دەپێچایەوە..ڕۆژی یەکەم دەمانگوت: ڕەنگە سەرقاڵی ماڵ و منداڵی بێت. ڕۆژی دووەم دەمانگوت: ڕەنگە سەرقاڵی ئیشوکار و بازاڕ بێت. ڕۆژی سێیەم دەچووینە ماڵی و سۆراغمان دەکرد و دەمانگوت: ئەوە سێ ڕۆژە دیار نییە با بچین بزانین نەخۆشە، کێشەی هەیە؟

* پێویستە لە واقیعی ژیانماندا ئاوا بین: ڕەنگە دراوسێیەکت سێ چوار ڕۆژە ئۆتۆمبیلەکەی لەبەر دەرگا نەجووڵاندووە، ئەمە واتای ئەوەیە کێشەیەکی هەیە، دەبێ لێی بپێچیتەوە..

هاوپیشەیەکت نەهاتۆتە ئیش، هاوپۆلێکت دوو ڕۆژە نەهاتووەتە قوتابخانە، کەسێکی ئەهلی مزگەوت چەند ڕۆژێکە دیار نییە..هتد..هەموو ئەمانە دەبێ سۆراغیان بکەیت..تەنانەت ئەگەر ناموسڵمانیش بوو، پێغەمبەر (ﷺ) منداڵێکی جولەکە خزمەتی دەکرد، کاتێ نەخۆش کەوت سەردانی کرد و داوای موسڵمانبوونی لێکرد ئەویش موسڵمان بوو.

* پێغەمبەر (ﷺ) هانمان دەدات سەردانی نەخۆش بکەین و دەفەرموێت: ((ان المسلم اذا عاد المسلم ، لم يزل في خرفة الجنة حتى يرجع)) صحيح: مسلم(٢٥٦٨). الترمذى(٩٦٧)

واتە: (ئەگەر موسڵمان سەردانی موسڵمانی نەخۆشی کرد ئەوا دەکەوێتە نێو ڕەزوباخی بەهەشتەوە تا ئەو دەگەڕێتەوە)

* هەروەها دەفەرموێت: ((ما من مسلم يعود اخاه غدوة الا صلى عليه سبعون الف ملك حتى يصبح وكان له خريف من الجنة)) صحيح: الترمذى(٩٦٩)، ابن ماجه(١٤٤٢) وصححه الالباني في صحيح الجامع(٥٧٦٧).

واتە: (هەر موسڵمانێك دانی بەیانی سەردانی برا نەخۆشەكەی بكات تا ئێوارە حەفتا هەزار فریشتە صەڵەواتی لەسەر لێ دەدەن، ئەگەر ئێوارەكەشی بچێتە لای تا بەیانی هەر حەفتا هەزار فریشتە صەڵەواتی لەسەر دەدەن و بەروبوومی بەهەشتیشی بۆ دەبێت.)

هەروەها فەرموویەتی((من عاد مريضا لم يزل يخوض في الرحمة حتى يجلس, فاذا جلس انغمس فيها)) صحيح: مسند أحمد(١٢٧٨٢) وصححه الالباني (صحيح الترغيب والترهيب)

واتە: (هەر كەسێك سەردانی نەخۆشێك بكات لەنێو بەزەیی و دلۆڤانیی خوادا هاتوچۆ دەكات تا دادەنیشێ، كە دانیشت ئیتر لە بەزەیيی خوادا نقوم دەبێت.)

* هەروەها فەرموویەتی: ((من عاد مريضا ناداه مناد من السماء ان طبت وطاب ممشاك, وتبوّأت من الجنة منزلا)) صحيح: ابن ماجه(١٤٤٣)، مسند أحمد(٨٥٣٦) وصححه الالباني في صحيح الترغيب والترهيب(٢٥٨٧).

واتە: (هەر كەسێك سەردانی نەخۆشێك بكات یەكێك لە ئاسمانەوە بانگی دەكات: دەسخۆش و سەفەرت خێر و ماڵێكت لە بەهەشت مسۆگەر كرد.)

نرخی لەشساغیت بزانە

* ئەفسەرێك بە پلەی ڕائید سەردانی هاوڕێیەكی لە نەخۆشخانە دەكات و لە ئەحوالّی دەپرسێ. كە دەیەوێ بڕوات و خواحافیزی لێ بكات قاچی دەخلیسكێ و بەردەبێتەوە، سەری بەر میزێكی بچووك دەكەوێت كە كەلوپەلی نەخۆشەكەی لەسەر

بووە، بەو هۆیەوە سەری زیانی پێ دەگات و هەر چوار پەلەکانی ئیفلیج دەبن.زیاتر لە دە ساڵە لە نەخۆشخانە لە دەستوپێ کەوتووە.

* لە میانەی سەردانێکم بۆ نەخۆشخانەیەك لە کاتی ڕۆیشتنم لە ڕاڕەوێك گوێبیستی دەنگی مۆبایلێك بووم، نەخۆشێك لەو لاوە بانگی کردم: یا شێخ وەرە ئەو مۆبایلەم بە گوێوە بنێ، یەکێك لەو گەنجانەی لەگەڵم بوون چوون بە دەمیەوە..کابرا تەمەنی ٣٨ ساڵ بوو ماوەی ١٨ ساڵ بوو لە دەستوپێ کەوتبوو، نەیدەتوانی مۆبایلیش بەگوێوە بنێ.

بایەخدان بە نەخۆش

هەندێ نەخۆش هەن چەندان ساڵە لە نەخۆشخانە کەوتوون کەس سەردانیان ناکات و بایەخیان پێ نادەن، هەندێکیان بیانین و هەندێکیان هەژارن و خاوەن مالۆمندالّی داماون، ئەمانە مافیان بەسەر ئێمەوە هەیە و پێویستە بەپێی توانا هاوکارییان بکەین.

دەکرێ لە هەفتە یان مانگێك ڕۆژێك تەرخان بکەیت سەردانی نەخۆشخانەکان بکەیت و بگەڕێیت بە دوای کەسانی موحتاج و بەپێی توانا لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە کۆمەکییان بکەیت، ئەگەر خۆشت نەتتوانی دەتوانی سەردانی کەس و لایەنی خێرخواز بکەیت و هاوکارییان بۆ کۆبکەیتەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ ((الساعي على الارملة والمسكين كالمجاهد في سبيل الله)) صحيح: البخاری(٥٣٥٣)، مسلم(٢٩٨٢).

واتە: (ئەوەی بۆ هاوکاریکردنی بێوەژن و هەژار هەوڵ دەدات وەکو کەسێکە کە لەپێناو خودا جیهاد دەکات.)

خووڕەوشتی سەردانی نەخۆش

چەند خووڕەوشتێك هەن دەبێ لە کاتی سەردانی نەخۆشدا ڕەچاوی بکەین:

یەکەم: ئارامی پێ ببەخشین و پێی بڵێین: سەبر و خۆڕاگری و ئارامگرتنت هەبێت، لای خودا پاداشتی گەورەت هەیە..دڕکێك لە پێت ڕابچێت گوناهت پێ هەڵدەوەرێ ئەدی نەخۆشی دەبێ چ پاداشتێکی هەبێ؟!

دووەم: لە لای باسی نەخۆشی تر مەکە..بۆ نموونە بڵێیت: منیش ئەم نەخۆشییەم هەیە..یان فلانکەس نەخۆشییەکی ئاوای هەبوو پێوەی مرد..ئەم قسانە دروست نین..قسەی دڵخۆشکەری بۆ بکە، پێغەمبەر دەفەرموێ: ((بشّروا ولا تنفروا ویسّروا ولا تعسّروا)) صحيح: مسلم(١٧٣٢)، أبوداود(٤٧٩٤).

واتە: (مژدەبەخش بن نەك تەکێنەر، کارئاسانی بکەن و قورسی مەکەن)

پیاوێك سەردانی عومەری کوڕی عەبدولەعزیزی کرد کە نەخۆش بوو..عومەریش باسی نەخۆشییەکەی بۆ کرد.کابرا گوتی: فلانکەس بە هۆی ئەم نەخۆشییەوە تۆوە مرد و یەکێکی تریش فەلەج بوو..کە لە قسەکانی بۆوە بە عومەری گوت: هیچ ئامۆژگاری و ڕاسپاردەیەکت هەیە؟

عومەر: بەڵێ.

کابرا: چییە؟

عومەر: ئەگەر سەردانی نەخۆشت کرد باسی مردنی بۆ مەکە، ئەگەریش لێرە ڕۆیشتی جارێکی تر نەتبینمەوە، نامەوێ چیتر بێیتەوە لام.

* هەندێ کەس هەیە هیچ لە ئادابی سەردان نازانێ، کە دەچێتە لای نەخۆش تەنها باسی هەوالّ و پوودواوی ناخۆشی بۆ دەکات..دوێنی هەندەی نەمابوو ئۆتۆمبێل لە منداڵەکەت بدات..شەوێ دز هاتە سەر مالّتان!!!

بەم قسانە نەخۆشی داماو نەخۆشییەکەی قورستر و چاکبوونەوەشی درەنگتر دەبێ.

دوعاکردن بۆ نەخۆش سوننەتێکی پێغەمبەرە (ﷺ)، کاتێ دەچووە لای نەخۆش ئەم دوعایەی بۆ دەکرد: (اللهم رب الناس أذهب البأس اشف أنت الشافي، لا شفاء إلا شفاؤك شفاء لا يغادر سقما)صحيح: البخاری(٥٦٧٥)، مسلم(٢١٩١).

هەروەها دەفەرموێ: (هەر کەسێك چووە لای نەخۆشێك و ئەم دوعایەی حەفت جار خوێند، ئەگەر ئەجەلی نەهاتبێت ئەوا چاك دەبێتەوە: أسأل الله العظيم رب العرش العظيم أن يشفيك) صحيح: أبوداود(٣١٠٦)..

بێگومان ئەم دوعایە و سەردانی نەخۆش و پابەندبوون بەم ڕەوشتانە پاداشتێکی گەورەی لە لای خودا هەیە.

هەموو دەردێك دەوایەکی هەیە..ئارامگرتنیش دەوای هەموو دەردانە

پرسیار: هەندێ کەس گرفتاری نەخۆشییەکی وەها بوون هەتا ئێستا چارەسەری نییە و ندۆزراوەتەوە کەچی پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((ما انزل الله داء الا قد انزل له شفاء علمه من علمه وجهله من جهله)) رواه البخاري ٥٦٧٨ واحمد في المسند ٣٥٧٨.

واتە: (خوا هەر دەردێکی دابێت دەوایەکیشی بۆ داناوە، ئەوەی دەیزانێ ئەو دەیزانێ، ئەوەشی نایزانێ ئەوا نایزانێ)

ئەم ئیشکاله چۆن چارەسەردەکرێ و چۆن داوای ئارامی لەم جۆرە نەخۆشانە بکەین و ئامۆژگارییان بکەین؟

وەڵام: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (خوا هەر دەردێکی دابێت دەوایەکیشی بۆ داناوە، ئەوەی دەیزانێ ئەوا دەیزانێ، ئەوەشی نایزانێ ئەوا نایزانێ)، پێغەمبەر ڕاستی فەرمووە، ئەم دەوایە هێشتا مرۆڤ نەیدۆزیوەتەوە، جاری واش هەیە دکتۆرێک بە نەخۆشێک دەڵێ: باری تەندروستی خراپە و ئومێدی چاکبوونەوەی نییە..بەڵام دەبینی دواتر چاک دەبێتەوە.

دووەم: بەبیرهێنانەوەی دواڕۆژ ئارامی بە نەخۆش دەبەخشیت و پێی دەڵێیت: ئەم نەخۆشییەت پاداشتی گەورەی لای خودا هەیە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((يود اهل العافية يوم االقيامة حين يعطى اهل البلاء الثواب لو ان جلودهم كانت قرضت في الدنيا بالمقاريض)) اخرجه الترمذي ٢٤٠٢ وحسنه الالباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي ٢٤٠٢.

واتە: (کاتێ لەشساغەکان دەبینن نەخۆشەکان چ پاداشتێکیان پێ دەدرێ، حەزیان دەکرد لە دونیادا پێستیان بە مقەست کەوڵ کرابایە).

هاوەڵان باشترین پێشینانی ئێمەن

* کاتێ لە ساڵی ١٧ی کۆچی لە شام تاعوون بڵاوبوویەوە (معاذ کوڕی جبل) لەوێ بوو، مەعاز تاعوونەکە سەرەتا کەمێک تووشی دەستی بوو، تەماشای کرد و زانی خودا پاداشتی دەداتەوە چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ومن مات في الطاعون فهو شهيد)) صحيح: اخرجه مسلم(١٩١٥).

واتە: (هەر کەسێك بە تاعوون بمرێت شەهیدە)

مەعاز گوتی: خودایە تۆ بەرەکەت دەخەیتە گچکە و گەورەی دەکەیت..

ئیتر تاعوونەکەی گەورە بوو و مرد.

هیچ کات خۆزگەی نەخۆشکەوتن ناخوازین بەڵام ڕازیبوون بە قەزاوقەدەر سیفەتی ئیماندارە.

نەخۆشییەکەی هەرچەندە سەخت بێت تووڕەبوون و ناڕەزایی دەربڕین هیچ سوودێکی نییە، ئارامگرتن و ڕازیبوون بە قەدەری خودا ڕەنگە لە ڕووی دەروونییەوە سوودی بۆ نەخۆشەکە هەبێت و بەرەو چاکبوونەوەی ببات.

* لە گرنگترینی خاڵەکان بۆ ئەوانەی سەردانی نەخۆش دەکەن ئەوەیە تەنانەت ئەگەر نەخۆشەکە لە حاڵەتی بێهۆشیشدا بوو وا چاکە سەردانی بکرێت و دوعای بۆ بکرێت..پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ ئەبووبەکر سەردانی جابری کوڕی عەبدوڵڵایان کرد کەچی بێهۆش بوو، دوعایان بۆ کرد و ڕۆیشتن.

خودا تەنها کاری دڵسۆزانە قەبووڵ دەکات

لەبارەی سەردانی نەخۆشەوە هەندێ کەس هەن تەنها سەردانی ئەو نەخۆشانە دەکەن کە پلەوپایەی مادی و کۆمەڵایەتییان هەیە، ئەگەر وەزیرێك نەخۆش بکەوێت و لە نەخۆشخانە بخەوێ ڕەنگە بە هۆی سەردانیکەری زۆرەوە ئاسانسۆری نەخۆشخانە تێك بچێت!!

ئەگەر هەژارێکیش نەخۆش بکەوێ دەبینی ژمارەیەکی کەمی خەڵك نەبێ کەس سەردانی ناکات.

* دەگێڕنەوە: کابرایەک نەخۆش دەکەوێ و لە هاوڕێکانی کەس سەردانی ناکات، ئەویش نامەیەکیان بۆ دەنووسێ و دەڵێ:

ما لي مرضت فلم يزرني زائر منكم و يمرض كلبكم فأزور

نەخۆش کەوتووم و کەسێکتان سەردانم ناکەن، منیش ئەگەر سەگەکەشتان نەخۆش بکەوێ سەردانی دەکەم!!؟

* دەگێڕنەوە: کابرایەکی هەژار کە نە ژنی هەیە نە منداڵ نەخۆش دەکەوێ و کەس سەردانی ناکات و نەخۆشییەکەی لێی توند دەکات، هەواڵ بە دوای دراوسێیەکی دەنێرێ تا سەردانی بکات کەچی دەڵێ: سەرقاڵم و کاتم نییە..جارێکی تر لەدووی دەنێرێت و دەڵێ: با بێت ئیشەکی گرنگم پێیەتی..دراوسێیەکە دەچێتە لای..کابرای نەخۆش پێی دەڵێ: فلان تۆ دەزانیت من نە ژنم هەیە نە منداڵ ماوەی چل ساڵە کاردەکەم ئەو پارەیەی کۆمکردۆتەوە وا لەو گۆشەیەی خانووەکەم شاردۆتەوە، کەس لە تۆش بە شیاوتر نابینم، ئەگەر مردم ئەو گۆشەیە هەڵقەنە و بۆ خۆت پارەکە ببە.

دراوسێیەکە گوتی: نا نا..إن شاء الله چاك دەبیتەوە و تەمەنت درێژ دەبێ..

پاشان دراوسێکەیان چوو جلوبەرگی نوێ و خواردنی بۆ کابرا هێنا و ئامۆژگاریی خەڵکی کرد تا بچن سەردانی بکەن..ماوەی مانگێك چاودێری ئەم نەخۆشەی کرد و نان و خۆراکی باشی بۆ دێنا و خەڵکیش سەردانیان دەکرد..

دوای مانگێك کە مرد چوو گۆشەی خانووەکەی هەڵکۆڵی هیچی نەدۆزیەوە، لایەکەی تری هەڵکۆڵی هیچ نەبوو، هەموو ژوورەکەی هەڵکۆڵی هیچ نەبوو، هەموو خانووەکەی هەڵکۆڵی هیچی دەستنەکەوت..ئەو کات زانی نەخۆشەکە بۆیە ئەمەی پێ گوتووە تاوەکو بەم شێوەیە چاودێری بکات!!

ئەسڵ وایە موسڵمان لەبەر خاتری خودا سەردانی نەخۆش بکات نەك بۆ ماڵ و پارەی دونیا.

دڵی نەخۆشەکە ڕووەو خوا ئاراستە بکرێت

باشترین شتێك كە بۆ نەخۆشی بكەیت ئەوەیە دڵی بەرەو خودا ببەیت، كاتێ سەردانی دەكەیت وا بكەیت دڵی نەخۆشەكە بە دوعا و لاڵانەوەوە ئاودێر بكەیت بەڵكو بەم هۆیەوە نەخۆشییەكەی سووك ببێت..

هەروەها نەخۆش ئاراستە بكرێت بۆ ئەنجامدانی خواپەرستی، ئاسانترین خواپەرستیش كە هیچ ماندووبوونێكی تێدا نییە بریتییە لە یادی خودا: سبحان الله، لا إله إلا الله..پێی بڵێ ((من قال لا اله الا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير في يوم مئة مرة كتب له مئة حسنة ومحيت عنه مئة سيئة, وكانت له كانما اعتق عشر رقاب من ولد اسماعيل, ولم يأت احد يوم القيامة بافضل مما جاء الا رجل قال مثل ما قال او زاد عليه)) صحيح: مسلم(٢٦٩٣)، أبو داود(٥٠٧٧).

واتە: هەر كەس ڕۆژانە سەت جار ئەم دوعایە بخوێنێ سەت چاكەی بۆ دەنووسرێو سەت گوناهی دەسڕدرێتەوە، وەكو ئەوە وایە ١٠ كۆیلەی ئازادكردبێت..لە ڕۆژی قیامەتیش هیچ كەس لەو شتێكی باشتری نەكردووە مەگەر كەسێك هەمان زیكری كردبێت: لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك و له الحمد و هو على كل شيء قدير)

* هەروەها پێویستە سەردانكەر نەخۆشەكە فێری چۆنییەتیی نوێژكردن بكات. تێی بگەیەنێ كە نابێ نوێژەكانی بچێت، فێری بكات هەر چۆنێك دەتوانێ با نوێژەكانی بكات: بە دانیشتنەوە، بەپاڵدانەوە، تەنانەت تەنها بە چاویش بێت با بیكات..چۆنی بۆ دەلوێ با بیكات..بە دەسنوێژ بێت یان بە تەیەمموم، ئەگەر هیچیانیشت پێ نەكرا بێ دەسنوێژ بیكە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ

نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾(البقرة: ٢٨٦)..هەروەها پێغەمبەر دەفەرموێ: ((اتقوا الله ما استطعتم)) صحيح: أبو داود(٤٦٤٣) وصححه الالباني في (صحيح و ضعيف سنن ابي داود ٤٦٤٣)

واتە: (بەپێی تواناتان خواپەرستی و تەقوای خودا بکەن)

پرسیار: ئەگەر پیسییەك بەسەر جلکی نەخۆشەوە بوو دروستە بەم حاڵەوە نوێژ بکات؟

وەڵام: بەپێی توانا دەبێ ئەو پیسییە لابەرێت، ئەگەر نەیتوانی لایبەرێت ئەوا بەم حاڵەوە نوێژ دەکات.

پرسیار: دروستە نەخۆش نوێژەکان کۆبکاتەوە؟

وەڵام: بۆ نموونە ئەگەر ئێش و ئازارەکەی قورس بوو دکتۆر پێی گوت دەرزییەکت لێ دەدەم لە سەعات دوازدەی نیوەڕۆوە تا نۆی شەو خەوت لێ دەکەوێ، ئەو کات دروستە نوێژی نیوەڕۆ و عەسر کۆبکاتەوە و یەك لە دوای یەك بیانکات بەڵام نابێ کورتیان بکاتەوە، ئینجا دەرزییەکەی لێ بدرێ..سەعات نۆ کە لە خەو هەستا دەتوانێ نوێژی مەغریب و عیشا بە کۆکراوەیی بکات.

کۆتا ئامۆژگاری

سەردانیکردنی نەخۆش گرنگیی خۆی هەیە، چونکە پێغەمبەر دەفەرموێت((ما من مسلم يعود اخاه غدوة الا صلى عليه سبعون الف ملك حتى يمسي, وان عاده عشية صلى عليه سبعون الف ملك حتى يصبح وكان له خريف من الجنة)) صحيح: اخرجه الترمذي (٩٦٩) وابن ماجه(١٤٤٢) وصححه الالباني في صحيح الجامع ٥٧٦٧.

واتە: ئەوی دانی بەیانیان سەردانی نەخۆش بکات حەفتا هەزار فریشتە دوعای بۆ دەکەن تاکوو شەوی بەسەردا دێت، ئەگەریش شەوان سەردانی بکات ئەوا حەفتا هەزار فریشتە دۆعای بۆ دەکەن تا ئەو کاتەی ڕۆژ دەکاتەوە ولە بەروبوومی بەهەشتیشی پێ دەدرێت))

کەسێك هەیە قۆڵی لێ هەڵمالێت و بە ڕاستیی بـە دوای ئـەم پاداشـتە گەورەیـەدا بگەڕێت.

ئیعجازی زانستی

﴿قُلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنْسُ وَالْجِنُّ عَلَى
أَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هَذَا الْقُرْآنِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ
وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا﴾

ئیعجازی زانستی

قورئان وتەی خودایە

خوای گەورە ئەو قورئانەی بۆ بەندەکانی ناردووە تاوەکو بە هۆیەوە بیپەرستن و لێی نزیك ببنەوە، لە ڕەوانی و ڕەوانبێژییدا موعجیزەیەکە کە بە هۆیەوە پێغەمبەر (ﷺ) بەرەنگاری ڕەوانبێژانی عەرەب بۆتەوە..خوای گەورە بۆ هەر نەتەوەیەك پێغەمبەرێکی بە جۆرە موعجیزەیەك ناردووە کە گەلەکەی تێیدا شارەزا و کارامە بوونە بۆ ئەوەی بیانوویان نەهێڵێ و ئیمانی پێ بێنن..

موعجیزەی پێغەمبەران

* ئەمە موسا پێغەمبەر لە سەردەمێکدا هات کە جادوو و شتی یاسابەدەر زۆر بوو، بۆیە یەکێك لە موعجیزەکانی بریتی بوو لە شتێکی لەم چەشنە: بە ئیزنی خودا داردەست دەبووە مار، دەستی دەخستە باخەڵی و دەری دێنا سپی دەبوو، خۆی دەستی ڕەش بوو بەڵام خودا وەکو مەعجیزە(پەرجوو)یەك بە خەڵکی نیشان دەدا..

* عیسا پێغەمبەر لە سەردەمێکدا پەیدا بوو کە پزیشکایەتی و جۆرەها چارەسەر باو بوو، بۆیە موعجیزەی ئەو شتێکی هاوشێوەی ئەو دیاردەیە بوو، ئەو بە ئیزنی خودا کوێر و بەڵەکی چاکدەکردەوە، مردووی زیندوو دەکردەوە..ئەمەش پەرجوویەکی گەورە بوو بە هۆیەوە بەرەنگاری نەیارەکانی دەبۆوە.

* پێغەمبەری خۆشمان خودا موعجیزەیەکی نەمر و هەتاهەتایی پێ بەخشیوە، ئەو پەرجووە ئەوەندە شتی ناوازەی تێدایە کە کۆتایی نییە، پڕە لە ڕەوانبێژی و زانست و زانیاریی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و..

هەموو کەسێك لە هەر بوارێکدا شارەزایی هەبێ سوود لە زانیارییەکانی قورئان وەردەگرێ.

پەرجوویەك وێنەی نییە

هەندێ خەڵك هەوڵیاندا شتێکی لە شێوەی قورئان بێنن، قورئانیش تەحەدایان دەکات کە بتوانن شتێکی هاوشێوەی قورئان بێنن: ﴿قُلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنْسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هَذَا الْقُرْآنِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا﴾ (الاسراء: ٨٨)..نەیانتوانی کتێبێکی وەکو قورئان بێنن..

ئەو جارە خودا پێی گوتن با ١٠ سوڕەتی هاوشێوەی قورئان بێنن: ﴿قُلْ فَأْتُوا بِعَشْرِ سُوَرٍ مِثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ﴾(هود: ١٣)..دە سوڕەتی وەکو سوڕەتی (الکوثر): ﴿إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ (١) فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ (٢) إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ (٣)﴾..تەنها ١٠ سوڕەت کەچی نەیانتوانی..

دەی ئەو جارە کەمتر لە ١٠ سوڕەت، تاکە سوڕەتێك بێنن، ئێوە نالێن: قورئان دانراوی مرۆڤە و مرۆڤێك محمدی فێرکردووە، دەی کەواتە هەموتان کۆببنەوە و بەیەکەوە تاکە سوڕەتێك بێنن..﴿ فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِنْ مِثْلِهِ﴾(البقرة: ٢٣)..

موسەیلەمەی درۆزن

هەندێك هەوڵیاندا هاوشێوەی قورئان بێنن بەڵام شکستیان هێنا وەکو موسەیلەمەی درۆزن، عەمری کوڕی عاص بەر لەوەی موسڵمان ببێت چووە لای موسەیلەمە کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکرد، عەمر بە گاڵتەوە پێی گوت: موسەیلەمە خودا چی بۆ ناردوویت؟ عەمر هێشتا موسڵمان نەببوو بەڵام دەیزانی موسەیلەمە ئەم قسانە هەڵبەستراوی خۆین و بە درۆ بە دەم خواوەی هەڵدەبەستێ..

موسەیلەمە: دوێنێ شەو سورەتێکم بۆ دابەزیوە.

عەمر: چییە؟

موسەیلەمە: (سورەتی الضفدع – بۆق)..قورئان سورەتی فیلی تێدا نییە؟ منیش سورەتێکم هەیە بە ناوی سورەتی بۆق. خوێندیەوە: (یا ضفدع نقي ما تنقین، لا الماء تکدرین، ولا الطین تفسدین..).

عەمر: سورەتێکی تریشم بۆ بڵێ.

موسەیلەمە: سورەتی (الفیل)یشم هەیە: (الفیل و ما أدراك ماالفیل؟ لة خرطوم طویل، و ذیل قصیر.).

عەمر کە هێشتا موسڵمان نەببوو گوتی: ئەی موسەیلەمە سوێند بە خوا تۆ دەزانی من دەزانم تۆ درۆ دەکەیت، تۆ پێویستت بەوە نییە پێت بڵێم: درۆزن، سوێند بە خوا تۆ لە ناخی دڵتەوە ئەوە دەزانیت.

* مرۆڤەکان هەرچەند هەوڵ بدەن ناتوانن وێنەی ئەم قورئانە بێنن: ﴿قُلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنْسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هَذَا الْقُرْآنِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا﴾ (الاسراء: ٨٨)..

سەیروسەمەرەکانی قورئان کۆتایی نایەت

لەو ڕۆژەوەی سروش بۆ پێغەمبەر (ﷺ) هاتووە تا ئەمڕۆ، بەردەوام سەیروسەمەرەی نوێ لە قورئان دەدۆزرێتەوە.

* لەوەشدا وتەی خودا لەبارەی دەریاوە: ﴿ وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَعْمَالُهُمْ كَسَرَابٍ بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ الظَّمْآنُ مَاءً حَتَّى إِذَا جَاءَهُ لَمْ يَجِدْهُ شَيْئًا وَوَجَدَ اللَّهَ عِنْدَهُ فَوَفَّاهُ حِسَابَهُ وَاللَّهُ سَرِيعُ الْحِسَابِ (٣٩)أَوْ كَظُلُمَاتٍ فِي بَحْرٍ لُجِّيٍّ يَغْشَاهُ مَوْجٌ مِنْ فَوْقِهِ مَوْجٌ مِنْ فَوْقِهِ سَحَابٌ ظُلُمَاتٌ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ إِذَا أَخْرَجَ يَدَهُ لَمْ يَكَدْ يَرَاهَا﴾(النور: ٣٩-٤٠)..

زانایانی دەریا دۆزیویانەتەوە کە شەپۆلەکان هەموویان لە یەک ئاستدا نین، بەڵکو شەپۆل هەیە سروشت و لەرەلەرەیەکی دیاریکراوی هەیە، ئاوەکەشی پلەیەکی دیاریکراو لە سوێری هەیە، پاشان شەپۆلێکی تر لە سەرووی ئەوەوە هەیە: ﴿يَغْشَاهُ مَوْجٌ مِنْ فَوْقِهِ مَوْجٌ﴾

سروشتی ئەو ماسییانەی لە شەپۆلی خوارەوە دەژین جیاوازە لەو ماسییانەی لە شەپۆلی سەرەوەدا دەژین، هەر ماسییەک شوێنی بگۆڕدرێ ناتوانێ بژیت و بەرگەی ئەو ژینگە جیاوازە ناگرێت.

هەروەها لەو شتە سەیرانەی باسیان کردووە ئەوەیە: ماسییەکان زێرەوەی دەریا چاویان نییە چونکە پێویستیان بە چاو نییە لەبەر تاریکی ﴿ظُلُمَاتٌ بَعْضُهَا فَوْقَ

بَعْضٍ﴾، لەبری چاو خودا هەندێ برژانگ و ڕیشوەی پێ داون بۆ ئەوەی هەست بە لەرەلەر و جموجۆڵەکانی دەوروبەریان بکەن.

* پێغەمبەر (ﷺ) باسی ئەوەی نەکردووە لە ژیانیدا دەریای دیتبێت، ئەو لە مەککە و مەدینەدا ژیاوە، ئەم دوانەش هیچیان دەریایان نییە، دەریای سووریش لێیانەوە دوورە، کەسێکیش دەریای نەبینیبێت ناتوانێت ئەوها بەوردی وەسفی بکات.

هەروەها ئەو وتەیەی خودا لەبارەی دەریاوە: ﴿مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ (١٩) بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَا يَبْغِيَانِ (٢٠)﴾(الرحمن: ١٩-٢٠)..دوو جۆر ئاومان هەیە: ئاوی شیرینی ڕووبارەکان، ئاوی سوێری دەریاکان..

زۆربەی ڕووبارەکان دەڕژێنە ناو دەریاکانەوە بەڵام بەربەست(برزخ)یێك هەیە کە لێناگەڕێ تێکەڵاو ببن.

دەریازانەکان دەڵێن: هەندێ ماسی هەن لە ڕووبارەکان دەژین و ناتوانن لە دەریاکان بژین، هەندێکی تریش لە دەریاکان دەژین و ناتوانن لە ڕووبارەکان بژین، هەندێکی تریش هەن لەو بەربەستە دەژین کە لەنێوان ئاوی دەریا و ڕووبارەکاندا هەیە، ئەگەر ئاوی سوێری دەریا تێکەڵی ئاوی شیرینی ڕووبار بووایە ئەوا ئاوی دەریا زاڵ دەبوو بەسەر ئاوی ڕووباردا.

ئەگەرچی ڕووبار و دەریا پێکەوە لکاون بەڵام ئاوەکانیان بەتەواوی تێکەڵ نابن بەڵکو بەربەستێك هەیە لەنێوانیاندا ﴿بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَا يَبْغِيَانِ﴾..

بۆ نموونە: تۆ سێ کیلۆمەتر دەڕۆیت ئاوەکە دەخۆیتەوە سوێرە، سێ کیلۆمەتر دەکشێیتەوە دواوە دەبینی ئاوەکە شیرینە..پاکوبێگەردی بۆ خودا کێ وای کردووە تێکەڵ نەبن! !بۆئەوەی ژیان بەردەوام بێت خودا وای لێکردووە تێکەڵ نەبن.

* یەکێك لەو موعجیزانەی خودا لە قورئاندا باسی کردووە مەسەلەی لەدایکبوونی عیسایە کە بێ باوك لەدایك بووە..ئەمەش لە گەورەیی توانای خودایە..ئادەمی بێ دایك و باوك دروست کردووە.. حەوا لە پەراسووی ئادەم.. عیسا بێ باوك..

سەیروسەمەرەکانی خورما

* یەکێك لەو پەرجووانەی تر کە قورئان باسی کردووە ئەو خورمایەیە کە بۆ مەریەم کەوتۆتە خوارەوە: ﴿فَأَجَاءَهَا الْمَخَاضُ إِلَى جِذْعِ النَّخْلَةِ قَالَتْ يَا لَيْتَنِي مِتُّ قَبْلَ هَذَا وَكُنْتُ نَسْيًا مَنْسِيًّا (٢٣) فَنَادَاهَا مِنْ تَحْتِهَا أَلَّا تَحْزَنِي قَدْ جَعَلَ رَبُّكِ تَحْتَكِ سَرِيًّا (٢٤) وَهُزِّي إِلَيْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ تُسَاقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا (٢٥)﴾(مریم: ٢٣-٢٥)..

پرسیار: بۆچی خودا فەرمانی پێ کرد خورما بخوات نەك شتێکی تری وەك زەیتون و جاترە کە ئەمانە لە شام زۆرن و مەریەمیش لە فەلەستین بووە؟

وەلام: مەریەم لەژێر ئەم دارخورمایەی، کە بۆی چوو عیسای بوو، بەپێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە خورما مادەی گلوکۆزی تێدایە، ئەم مادەیە ماسولکەکانی منداڵدان بەهێز دەکات و دەیهێنێتەوە یەك، وا دەکات ئەو خوێنە بوەستێ کە لە منداڵدانەوە دوای منداڵبوون دێت..لەگەڵ ئەو خورمایە ئاوێکیش بەژێر دارەکەدا دەهات، مەریەم دارەکەی هەژاند خورمای بۆ بەربۆوە و خواردی، ئاوەکەشی خواردەوە.

ئێستا لە هەندێ نەخۆشخانە بەر لە منداڵبوونی هەر ژنێك یان دوای منداڵبوونی، یەکسەر تێکەڵەیەکی ئاو و شەکری گلوکۆزی دەرخوارد دەدەن..هەمان ئەو شتەی کە خودا بۆ مەریەمی فەراهەم کرد.

هەروەها دەڵێن: خورما دەبێتە هۆی نەرمکردنەوەی ڕیخۆڵە ئەستوورە و بۆ ڕەوانی و دەرچوون سوودبەخشە، بۆیە ئافرەت دوای منداڵبوون خورمای پێ دەدەن بۆ ئەوەی باری سووك ببێت و هەناوی بەتاڵ ببێتەوە.

سەیروسەمەرەکانی ڕەنگی سەوز

هەندێ لە دەروونناسان دەڵێن: ڕەنگەکان کار لە دەروونی مرۆڤەکان دەکەن، لە هەندێ کتێبی کارگێڕی و گفتوگۆم خوێندۆتەوە لەبارەی (هونەری دانوستان و قەناعەتپێکردن) دەڵێن: ئەگەر تۆ دەتەوێ کەسێك لەبارەی بابەتێکەوە قەناعەت پێ بکەیت ئەوا پێویستە بایەخ بە ڕەنگی دیوارەکانی ژوورەکەت بدەیت.

هەندێ ڕەنگ پشێوی و نائارامی لە دەروودا دروست دەکەن و هەندێکی تریش ئارامیت پێ دەبەخشن، ئەدی وانییە؟

پرسیار: بۆچی لە هەندێ شوێن خودا ڕەنگی سەوزی هەڵبژاردووە؟

وەڵام: ڕەنگەکان کاریگەریی بەرچاویان لەسەر دەروونی مرۆڤەکاندا هەیە: ڕەنگی شین مایەی هەستی ساردێتییە لای مرۆڤ، سوور هەستی گەرمی دەبزوێنێ، سەوز مایەی شادی و دڵخۆشییە، بێگومان ئەمەش دوای چەندان لێکۆڵینەوە لەسەر دەروونی مرۆڤ و سروشتی کاریگەربوونی دەماری مرۆڤ بە ڕەنگەکان.

* بۆیە تەماشاکە چۆن خوای گەورە لەبارەی ئەم ڕەنگەوە دەدوێ، لەبارەی ئەهلی بەهەشتەوە دەفەرموێت: ﴿مُتَّكِئِينَ عَلَى رَفْرَفٍ خُضْرٍ وَعَبْقَرِيٍّ حِسَانٍ﴾(الرحمن: ٧٦).. (رفرف)و (عبقری) دوو جۆری کەرەوێتن، خودا ڕەنگی سەوزی پێ بەخشیون.

لەبارەی جلوبەرگی ئەهلی بەهەشتیشەوە دەفەرموێ: ﴿عَالِيَهُمْ ثِيَابُ سُنْدُسٍ خُضْرٌ وَإِسْتَبْرَقٌ وَحُلُّوا أَسَاوِرَ مِنْ فِضَّةٍ وَسَقَاهُمْ رَبُّهُمْ شَرَابًا طَهُورًا﴾(الانسان: ٢١)، جلوبەرگیشیان سەوزە..

بۆچی خودا پەنگی کەسکی هەڵبژاردووە؟

وەڵام: چونکە پەنگی کەسک لە هەموو پەنگەکان زیاتر ئارامی بە دڵ و دەروونی مرۆڤ دەبەخشێ و دەبێتە مایەی ئاسوودەیی.

دەروونناسێکی پۆژئاوایی دەڵێت: کاریگەریی پەنگ بەسەر دەروونی مرۆڤەوە زۆر قوولە، چەند تاقیکردنەوەیەک کراوە دەرکەوتووە کە پەنگ کاردەکاتە سەر بەرەو پێش چوون یان پاشەکشێ کردن، هەستکردن بە گەرمی یان ساردی، شادی یان دڵتەنگی، کار دەکاتە سەر کەسێتیی مرۆڤ و تێڕوانینی بۆ ژیان.

دەڵێ: بە هۆی کاریگەریی پەنگەوە بەسەر مرۆڤ، نەخۆشخانەکان گەر بیانەوێ دیوارەکانیان بۆیە بکەن بانگی شارەزایانی بواری دەروونناسی دەکەن و پاوێژیان پێ دەکەن.

بۆیە دەبینی ئەو دکتۆر و برینپێچ و پەرستارانەی نەشتەرگەریی نەخۆش دەکەن بەرگەکانیان سەوزە، لە هەموو نەخۆشخانەکانی دونیا ئەو بەرگە کەسکە دەپۆشن، چونکە کاریگەری لەسەر دەروونی نەخۆش هەیە.

* پردێک هەیە لە شاری لەندەن ناوی (بلاك فراير)ە..ئەم پردە بەوە بەناوبانگ بوو کە خەڵک لەسەری خۆکوژی دەکرد..هەر کەسێک بە هۆی کێشەیەکەوە یان دڵتەنگییەکەوە نیازی خۆکوشتنی هەبووایە دەهات لەوێ خۆی دەکوشت بۆیە ناوی

لێنرابوو (پردی خۆکوشتن)..بۆیە دەروونزانان پێشنیازیان کرد دیوارەکانی پردەکە بە ڕەنگی سەوز بۆیە بکرێن..دوای ئەم ڕەنگکردنە ڕێژەی خۆکوشتن کەم بۆوە، لە دە حاڵەتی خۆکوشتنەوە لە مانگێکدا بۆ یەک دووەك نزم بۆوە ! !..بۆچی؟

ئەو کەسەی کە دەهات بۆ خۆکوشتن کە چاوی بەو سەوزاییە دەکەوت یەکسەر تێڕوانینی بۆ ژیان دەگۆڕا و وازی لە خۆکوشتن دەهێنا..

بۆیەش خوای گەورە ڕەنگی سەوزی بۆ بەهەشت هەڵبژاردووە تاوەکو بەهەشتییەکان هەست بە ئارامی و شادی بکەن.

هەندێ ئیعجازی ژمارەیی لە قورئان

وشەی ژیان ١٤٥ جار لە قورئان دووپات بۆتەوە، وشەی مردنیش ١٤٥ جار.

وشەی (الصالحات) ١٦٧ جار دووبارە بۆتەوە، وشەی (السیئات)یش بە هەمان شێوە ١٦٧ جار.

وشەی (الدنیا) ١١٥ جار لە قورئان دووپات بۆتەوە، وشەی (الآخرة)یش بە هەمان ژمارە(١١٥)جار.

وشەی (الملائکة) ٨٨ جار هاتووە، وشەی (الشیطان) هەمان ژمارەیە.

وشەی (الیوم) ٣٦٥ جار دووبارە بۆتەوە، ژمارەی ڕۆژەکانی ساڵ..پاکوبێگەردی بۆ خودا کە قورئانەکەی پڕە لە موعجیزە و سەیروسەمەرەکانی دوایی نایە.

ئەرکمان بەرانبەر قورئان

ئەمە باسێکی درێژە بەڵام ئەوەندە بەسە کە بڵێین: پێویستە بە ڕاست و دروستی قورئان وەخوێنین، لە واتاکانی وردبینەوە، پاشان کاری پێ بکەین بۆ ئەوەی ببێتە شایەت بۆمان نەك لە دژمان، دوای ئەمە پێویستە بانگی خەڵك بکەین بۆ دەستگرتن بەم کتێبە پیرۆزە و دۆزینەوەی واتا و زانیارییەکانی.

سەرکەوتن

(ئیمانداری بەهێز باشتر و خۆشەویستترە لای خودا لە ئیمانداری لاواز، هەردووکیان هەر خێریان پێوەیە، سوور بە لەسەر شتێك سوودت پێ دەبەخشێ، داوای کۆمەك لە خوا بکە و دەستە پاچە مەبە).

سەرکەوتن

هەموو خەڵك بەدوای سەرکەوتنەوەن

بێگومان هەموو مرۆڤێك لەم ژیانەدا بەدوای سەرکەوتندا دەگەڕێ، بازرگان کە هەوڵی پەرەپێدانی بازرگانییەکەی دەدا بۆ ئەوەیە لە ژیاندا سەرکەوتوو و ناوازە بێت، کچ و کوڕ کە ڕوو لە هاوسەرگیری دەکەن بۆ ئەوەیە خێزانێکی سەرکەوتوو پێك بێنن، ئەو قوتابییەی دەچێتە قوتابخانە و دەخوێنێ بۆ ئەوەیە سەرکەوتوو بێت، سەرکەوتن ئاوات و ئامانجی باڵای خەڵکە.

بۆ ئەوەی مرۆڤ بگاتە ئەم ئامانج و مەبەستە دەبێ بەرگەی ئەو ناخۆشی و چەرمەسەرییانە بگرێ کە لەم پێناوەدا دێنە ڕێی.

تەرازووی سەرکەوتن

ئەگەر پیاوێك پرسیاری لێکردی و گوتی: فلان کەس داخوازیی کچەکەمی کردووە، ڕات چۆنە بەرامبەری؟

دەڵێیت: باش نییە، مرۆڤەکی فاشیل و شکستخواردووە؟

* کەواتە واتا و مەبەستی وشەی فەشەل، شکستخواردوو چییە؟

وەڵام: ئەم وشە بچووکە واتای زۆری لە هەناویدا هەڵگرتووە، واتە: پەیوەندییەکانی لەگەڵ خەڵکدا خراپە، بێکار و وەزیفەیە، کەسایەتی لاوازە و بێ ئامانجە، شڕ و شەپڕۆە، هەر خەریکی ئارەزووبازییە..بۆیە وا چاوەڕێ دەکرێت لە

پێکهێنانی خێزان و بەڕێوەبردنی ماڵیش فاشیل بێت. ئەو جۆرە کەسانە شیاوی ئەوە نین کچی خۆتیان بدەیێ.

ئەگەر پیاوێکی تر لێی پرسی: فیسار هاتۆتە داخوازیی کچەکەم ڕات چۆنە بەرانبەری؟

دەڵێیت: زۆر باشە و پیاوەکی سەرکەوتووە.

کەواتە واتای وشەی سەرکەوتن چییە؟

وەڵام: ئەم وشە بچووکەش واتای زۆری لە هەناویدا هەڵگرتووە واتە: لە خوێندن و کاریدا سەرکەوتووە، چاوەڕێی لێ دەکرێ ڕێز لە هاوسەرەکەی بگرێ و خۆشبەختی بکات.

سەرکەوتن لە هەموو بوارەکان

هەندێ کەس هەن لە هەموو بوار و ئاستەکان سەرکەوتووە، لەگەڵ خەڵکدا ڕەفتاری جوانە، وەزعی ماددی باشە و کێشەی کەمدەرامەتی نییە، بایەخ بە خۆی دەدات و شیکپۆشە، تەندروستیی خۆی بە لاوە گرنگە و لەشساغە..لە هەموو کاروبارەکانیدا سەرکەوتووە.

هەندێ کەس هەن ناتوانن لە هەموو بوارەکاندا سەرکەوتوو بن، دەبینی لە هەندێ بواردا سەرکەوتووە و لە هەندێکی تر فاشیل، لە بازرگانی سەرکەوتووە بەڵام لە پەیوەندیی لەگەڵ خوادا شکستخواردووە.

* بۆ نموونە: فیرعەون، لەوەدا سەرکەوتوو بوو کە بوویە پاشای میسڕ و توانی خەڵکیش قەناعەت پێ بکات کە ئەو خواوەندیانە بەڵام لەوەدا فاشیل بوو کە خۆی

قەناعەت پێ بکات کە بەندەی خودایە و خودای تاک و تەنیا شیاوی بەندایەتی بۆ کردنە.

* هەروەها جادووگەرەکانی دەربارێ فیرعەون لەوەدا سەرکەوتوو بوون کە خۆیان لە فیرعەون نزیک خستەوە، بەڵام سەرکەوتنی گەورەتر ئەوە بوو کاتێ ئیمانیان هێنا و گوتیان: ﴿آمَنَّا بِرَبِّ الْعَالَمِينَ (١٢١) رَبِّ مُوسَى وَهَارُونَ(١٢٢)﴾ (الاعراف: ١٢١-١٢٢)..

دەبینی هەندێك کەس لە پەیوەندیی لەگەڵ خوادا سەرکەوتن بەدەست دێنێ، پەرستشەکان بەڕێکوپێکی ئەنجام دەدات و خێرێش دەکات، بەڵام لە مامەڵەکردنی لەگەڵ خەڵك سەرکەوتوو نییە!

پێی دەڵێین: ئەوە گرنگ نییە لە خواپەرستیدا لە هەموو کەس باشتر بیت، بەڵکو دەبێ لەگەڵ خەڵکیش هەڵسوکەوتت باش و جوان بێت، دەم بەخەندە، نەرمونیان، لێبوورده بیت.

بۆیە کاتێ باسی نوێژ و ڕۆژووی ژنێك بۆ پێغەمبەر (ﷺ) کرا بەڵام ئازاری دراوسێیەکانی دەدا، پێغەمبەر گوتی: جێگای ئاگرە.

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بە بەدخوویی وریایی داوە((ان سوء الخلق يفسد العمل كما يفسد الخل العسل)) حسن: اخرجه ابن ابي الدنيا في قضاء الحوائج وحسنه الالباني في صحيح الجامع ١٧٦.

واتە: (بەدخوویی، کار و کردەوە دەفەوتێنێ هەروەکو چۆن سرکە هەنگوین تێکدەدات.).

جۆرەکانی سەرکەوتن

چوار جۆر سەرکەوتن لە ژیاندا هەیە:

سەرکەوتنی ئایینی: بریتییە لە سەرکەوتن لە پەیوەندیت لەگەڵ خوادا.

سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی: بریتییە لە پەیوەندییەکانت لەگەڵ خەڵکدا سەرکەوتوو بیت.

سەرکەوتنی وەزیفی: لە کار و وەزیفەکەت سەرکەوتوو بیت و بەرەو پێش بچیت.

سەرکەوتنی خێزانی: بریتییە لەوەی لە پەروەردە و بەڕێوەبردنی خێزانەکەت سەرکەوتوو بیت.

لە هەموو ئەو سەرکەوتنانە گەورەتر سەرکەوتنتە لە پەیوەندیت لەگەڵ خوای خۆتدا، دەبێ ئەوە بەرزترین ئامانجی مرۆڤ بێت، ئەگەر لە پەیوەندیی لەگەڵ خوادا سەرکەوتوو بیت ئەوا لە بوارەکانی تریش خودا هاوکارت دەبێت بۆ سەرکەوتن.

بەڵام ئەگەر مرۆڤ سوور بوو لەسەر بەدەستهێنانی خۆشەویستیی خەڵك و خودای فەرامۆش کرد ئەوا ڕەنگە خودا سەرکەوتووی نەکات چونکە دڵی بەندەکان بە دەست خواوەیە هەروەکو پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((ان قلوب العباد بين اصبعين من اصابع الرحمن يقلبها كيف يشاء)) صحيح: اخرجه مسلم ٢٦٥٤ والترمذي ٢١٤٠.

واتە: (دڵی بەندەکان لەنێوان دوو پەنجەی خوادایە بە ئارەزووی خۆی هەڵگێڕ و وەرگێڕی دەکات.).

هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: ((ان الله اذا احب عبدا نادى جبريل, يا جبريل اني احب فلانا فاحبه، فيحبه جبريل ثم ينادي اهل السماء: ان الله يحب فلانا

فاحبوه" فيحبه اهل السماء ثم يوضع له القبول في الارض، وان الله اذا ابغض عبدا نادى جبريل، قال اني ابغض فلانا فابغضوه, فيبغضه اهل السماء ثم توضع له البغضاء في الارض)) اخرجه مسلم ٢٦٣٧ واحمد في المسند ٩٣٥٢.

واتە: (ئەگەر خودا بەندەیەکی خۆشویست بانگی جبریل دەکات: ئەی جبریل من فلان کەسم خۆشدەوێ تۆش خۆشتبوێ، جبریل خۆشی دەوێ، پاشان بانگی ئەهلی ئاسمان دەکرێ: خودا فلان کەسی خۆشدەوێ ئێوەش خۆشتان بوێت، ئەهلی ئاسمان خۆشیان دەوێ، پاشان لە زەوییش پەسند دەکرێ..ئەگەریش خودا ڕقی لە کەسێك ببێتەوە بانگی جبریل دەکات من فیسار کەسم ڕق لێیە تۆش ڕقت لێی بێت، جبریل ڕقی لێی دەبێ، پاشان بانگی ئەهلی ئاسمان دەکرێ: خودا ڕقی لە فیسارە، ئێوەش ڕقتان لێی بێت، ئەهلی ئاسمانیش ڕقیان لێی دەبێ، پاشان لە زەویش ڕقی بۆ ڕەوا دەبینرێ)

کەواتە خۆشەویستیی خوا خۆشەویستیی و پەسندکردنی خەڵکی بەدوادا دێت..ڕقی خوا ڕقی خەڵکی بەدواوەیە.

چۆن لە پەیوەندیت لەگەڵ خوادا سەرکەوتوو دەبیت؟

بۆئەوەی ئەمە بەدی بێت دەبێ ئەمانە بکەیت:

یەکەم: دەبێ فەرزەکانی خوا لە نوێژ و ڕۆژوو و حەج و زەکات جێبەجێ بکەیت، هاوشان لەگەڵ بەدیهێنانی واتای کردەیی وتەی شایەتمان(أشهد أن لا إله إلا الله و أشهد أن محمدا رسول الله) کە بریتییە لە یەکخواپەرستیی خودا و هاوبەش بۆ دانەنان و باوەڕکردن بە پێغەمبەر (ﷺ) و شوێنکەوتنی.

هەندێ کەس بەپێی واتای شایەتمان ڕەفتار ناکات، دەبینی دەچێ بە دەوری گۆڕی پیاوچاکێك دەخولێتەوە و پەرستشگەلێك ئەنجام دەدات کە هەر بۆ خودا دروستە..

(لا إله إلا الله) واتای ئەوەیە تەنها خۆت لە خوا نزیك بخەیەوە، هەر لەو داوا بکەیت، سوێند هەر بەو بخۆیت..

دووەم: هەوڵ بدەیت خودا لەسەر تاوان و سەرپێچیکردن نەتبینێ، ئەگەر پێت خلیسکا و هەڵەیەکت کرد زوو تەوبە و داوای لێخۆشبوون بکە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ ذَلِكَ ذِكْرَى لِلذَّاكِرِينَ﴾(هود: ١١٤).

پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێ:((اتبع السيئة الحسنة تمحها، وخالق الناس بخلق حسن)) صحيح: البخاری(٢٦٧٩)، مسلم(١٦٤٦).

(دوای هەر خراپەیەك چاکەیەکی بەدوایدا بکە دەیسڕێتەوە، بە خووڕەوشتێکی جوانیشەوە ڕەفتار لەگەڵ خەڵکدا بکە).

ئەگەر دەتەوێ لە پەیوەندیت لەگەڵ خوادا سەرکەوتوو بیت ئەوا لەپێناو ڕەزامەندیی و بەدەستهێنانی پاداشت سەرپێچی مەکە، ئەو کات ئەو وتەیەت لەبارەوە دێتەجێ: (هەر کەس لەپێناو خودا واز لە شتێك بێنێ، خودا بە باشتر بۆی قەرەبوو دەکاتەوە.).چەند جوانە کاتێ بەرانبەر تەلەڤزیۆن دانیشتوویت کەناڵێك دەگۆڕیت چونکە دیمەنێکی نەشیاو یان ڕووت پیشان دەدات و لە دڵی خۆتدا دەڵێیت: خودایە تۆ دەزانی نەفسم ئارەزووی تەماشاکردنی ئەم دیمەنە دەکات بەڵام وا لەپێناو تۆ وازی لێ دێنم، چونکە تۆم خۆش گەرەکە ئەی پەروەردگاری جیهانیان..

ئەی بەمە لای خودا پلەت بەرز نابێتەوە و زیاتر و زیاتر لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و هاوکاریی ئەو سەرکەوتوو نابیت؟!

چۆن لە پەیوەندیت لەگەڵ خەڵك سەرکەوتوو دەبیت؟

سەرکەوتنی دووەم: سەرکەوتنە لەگەڵ خەڵك، مەرجی بنەڕەتی بۆ سەرکەوتن لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵك و خۆشویستنی لەلایەن خەڵکەوە بریتییە لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خودا..خوداپەرستی و خۆبەدوورگرتن لە تاوانەکان وا دەکات خەڵك تۆیان خۆشبوێت.

پرسیار: دەبینی کەسێك لەگەڵ هاوڕێ و خەڵك سەرکەوتووە و ڕەفتاری باشە بەڵام لەگەڵ مالّ و منداڵ و هاوسەرەکەی خراپە..چارەسەر چییە؟

وەڵام: ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، ئەسڵ وایە مرۆڤ سەرکەوتنەکانی لە مالّەوە دەست پێ بکات، ئەگەر لەگەڵ مالّ و منداڵەکەی سەرکەوتوو بوو ئەوا سەرکەوتن لە بوارەکانی تری ژیانیش ئاسان دەبێ، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((خيركم خيركم لاهله, وانا خيركم لاهلي) صحيح اخرجه الترمذي ٣٨٩٥ والنسائي ٤٦١٩ وصححه الالباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي ٣٨٩٥.

واتە: (باشترینتان، باشترینتانە بۆ کەسوکاری، من باشترینتانم بۆ کەسوکارم).

پەیڕەوکردن لە خووڕەوشتی پێشینان

* تەماشاکە و بزانە چۆن پێشینان سەرکەوتوو بوون: ئەمە عامری کوڕی عبدالله کوڕی زوبێری کوڕی عەوامە و لەسەرەمەرگدایە، گوێی لە بانگی مەغریب دەبێ بە دەروپشتەکەی دەڵێ: هەڵمگرن.

بۆ کوێ هەڵتگرین؟

گوتی: بۆ مزگەوت.

گوتیان: سبحان الله بەم وەزعەوە بتبەین؟!

گوتی: بەڵێ..دەبیستم وا بانگبێژ بۆ نوێژ بانگم دەکات و نەچم؟!دەی هەڵمگرن..

هەڵیانگرت و بردیان..لە ڕێکاتی یەکەم گیانی دەرچوو.

* ئەمەش موحەممەدی کوڕی خەفیفە تووشی ئیفلیجی ببوو، گوتی: ئەگەر کاتی نوێژ هات بمبەن بۆ نوێژ..

گوتیان: بەم دۆخەوە بتبەین؟!

گوتی: بەڵێ..

گوتیان: تۆ لەسەرت نییە و بیانووت هەیە و (معذور)یت، کەسی وەکو تۆ وا باشترە لە مالّ نوێژ بکەیت..

گوتی: من ئەوە دەزانم، خودا منی بەخشیوە بەڵام ئەگەر گوێتان لێبوو بانگبێژ گوتی: حي على الصلاة و من لە ڕیزی نوێژکەرانی مزگەوت نەبووم ئەوا لە گۆڕستان بەدوامدا بگەڕێن.

ئەمە حاڵی پێشینان بوو، ئێستاش گریانم بۆ مزگەوتەکان دێت، کابرا لە بەرانبەر مزگەوت دانیشتووە و بانگبێژ بانگ دەدات کەچی ئامادە نییە چەند هەنگاوێك باوێ و بچێتە مزگەوت..کەسی وا هەیە هەتا بەیانی بەدیار فیلمی ڕووتەوە دادەنیشێ بەڵام ئامادە نییە بۆ نوێژ بچێتە مزگەوت!!!

تووڕە مەبە

یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتن لەگەڵ خەڵك تووڕەنەبوونە، تووڕەبوون بێئەقڵییەکە و لە هیچ کاتێکدا خێری پێوە نییە.

جارێکیان چوومە بەندیخانەیەك بۆ پێشکەشکردنی موحازەرەیەك، گوتیان: چ قاوشێکت دەوێ؟ قاوشی ماددە سڕکەرەکان هەیە، بکوژان، دزی..هتد..هەیە.

گوتم: بمبەنە قاوشی بکوژەکان ئەوانەی چاوەڕێی لەسێدارەدان یان بەندکردن دەکەن..چوومە ئەوێ ١٤٠ بەندکراوی لێبوو هەموویان بە تاوانی کوشتن تۆمەتبار بوون، هەندێکیان بە کوشتن و هەندێکیان تریان بە بەندکردن و حوکمی تر مەحکوم کرابوون.

گوتم: بەهێزترین هۆکارەکانی کوشتن چییە؟ سەرۆکەکەیان کە بەرپرسیان بوو هاتەدەرێ و گوتی: یا شێخ ئەم ١٤٠ بکوژە دەبینی؟ هەندێکیان کوڕی خۆیان کوشتووە، هەندێکیان ژنی خۆیان، هەندێکیان برادەریان، هەندێکیان تەڕەفرۆشەکەی شتی لێ دەکڕێ کوشتووە، هەندێکیان چەندان تاوانی کوشتنیان ئەنجام داوە، ئیتر بەم جۆرە..بەڵام گەورەترین هۆکاری کوشتن تووڕەبوونە، تەنانەت کەسێکیان یەکێکی کوشتووە لەسەر بڕە پارەیەك کە ناکاتە نرخی مەڕێك.

گوتم: چۆن؟

گوتی: کابرایەك بڕە پارەیەکی لێ قەرزکردووە، چووە لێی وەربگرێتەوە، گوتوویەتی: مانگەك مۆڵەتم بدە..قەرزدەر: ماندووت کردووم و دەستی دەستی زۆرت پێ کردووم..

قــەرزار: ئــەتوو دەرۆزەکەریت؟هــەموو رۆژێــک دێیــت و داوای قەرزەکــەم لێ دەکەیتەوە؟!

قەرزدەر: پێت دەڵێم پارەکەم بدەوە و تۆش پێم دەڵێی سوالّکەر؟!

ئــیتر قســەیەک لــەم و قســەیەک لــەو، لــە یــەکتری تونــد دەکــەن و دەبێتــە شــەڕیان..قەرزار پارچــە ئاســنێکی لــە لا دەبــێ هەڵیــدەگرێ و دەیکێشــێ بــە کــابرای قەرزدەر و دەیکوژێ..

ئەوە تاوانباریش وا لێرەیە و حوکمی کوشتنی بۆ دەرچووە.

* کەواتــە تــووڕە مەبــە..دەماری خــۆت کــۆنترۆڵ بکە..ئــەوەتا پێغەمبــەری خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێ: ((لــيس الشديد بالصرعة، وانما الشديد الذي يملك نفسه عند الغضب)) صحيح: البخارى(٦١١٤) و مسلم(٢٦٠٩) گێڕاویانەتەوە.

واتە:(ئازایەتی ئەوە نییە لە زۆرانبازیدا خەڵک بە زەوی دادەیت، ئازا ئەو کەسەیە کە لە کاتی تووڕەییدا خۆی کۆنترۆڵ دەکات.)

ڕووبەڕووی تەگەرەکانت ببەوە

دەبینــی کەســێک دەڵــێ: دەمــەوێ لــە پەیوەنــدیم لەگــەڵ خــودا ســەرکەوتوو بم..دەڵــێین: ئــەی ڕێگــر چــییە؟ دەڵــێ: لــە پەرستشــەکان و هەنــدێ شــتی تــر کەمتەرخەمم..کەواتــە ئەمانــە چــاک بکــە لــە پەیوەنــدیت لەگــەڵ خــودا ســەرکەوتوو دەبیت..شتەکە ئەوەندە سەختیش نییە بەتایبەتی بۆ کەسێک نیازی پــاک بێت خــودا بۆی ئاسان دەکات.

یەکێکی تر دەڵێ: من لە پەیوەندیم لەگەڵ خەڵك سەرکەوتوو نیم، خەڵك خۆشمیان ناوێ چونکە زوو تووڕە دەبم و درۆزن و ڕەزیلم..کەواتە ئەم ڕەوشتانە چاك بکە لە پەیوەندیت لەگەڵیاندا سەرکەوتوو دەبیت.

سەرکەوتن لە ژیاندا ڕێبازێکە مرۆڤ دەتوانێ لەسەری بڕوات، زۆربەی خەڵك دەزانن کەموکوڕییەکەیان چییە و لە چیدایە..کەواتە ئەو کەموکورتییانە چاك بکە تاوەکو سەرکەوتوو بیت.

* هەندێ کەس دەڵێن: یا شێخ لەگەڵ ژنەکەم کێشەم هەیە، خۆشمی ناوێ و لێم تووڕە بووە و ماوەی مانگێکە تۆراوە..

پێی دەڵێم: پێتوایە هۆکار چییە؟

دەڵێ: من هاتووم کێشەکەم بۆ چارەسەر بکەیت.

دەڵێم: بە ڕای خۆت چارەسەر چییە؟ پێشنیازی خۆتم پێ بڵێ..دەمەوێ لە خۆت ببیستم..

دەڵێ: چارەسەر ئەوەیە هێمن و نەرمونیان و دەمبەخەندە بم.

کەواتە: خۆت هەڵەکانت دەزانی، هیچ کەس نییە بە هەوەنتە گەیشتبێتە لوتکەی سەرکەوتن، هەوڵیداوە و ماندوو بووە تا گەیشتۆتە ئەم ئاستە.

دەبینی کەسێك بازرگانێکی زیرەك و سەرکەوتووە، خۆ لە سکی دایکی فێرنەبووە، کۆششی کردووە و زەرەر و قازانجی کردووە..وتاربێژێکی سەرکەوتوو، بەئاسانی نەگەیشتۆتە ئەم پلەیە، خوێندیتی و کۆششی کردووە، دانەرێکی باش، دەنووسێ و خەڵك بەرهەمەکانی دەخوێنێتەوە، هەموو ئەمانە خۆ لەخۆوە فێرنەبوون..دیارە ڕەنجیان کێشاوە و ماندووبوون..هەروەك وتراوە:

(من ماندوو و تۆ خەوتوو و پاڵکەوتوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەتەوێ پێم بگەیت؟!)..

بۆیە هەر کەسێك بیەوێ بگاتە لوتکەی سەرکەوتن دەبێ هەوڵ بدات و ماندوو بێت، شەونخوونی بکات و ڕەنج بکێشێت..

ئەوی مارەکردنی شۆخوشەنگانی لا مەبەست بێت، گوێ بە مارەیی نادات.

هیچ مرۆڤێك نەیتوانیوە بەبێ تێکۆشان و خۆماندووکردن و ئارامگرتن لەسەر ناخۆشییەکان سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و بگاتە ئەو لوتکەیەی خۆی دەیەوێت و هەوڵی بۆ دەدات.

*مەن داوا لە هەموو برایانم دەکەم" داوا لە لاوان و لە خۆمیش دەکەم, کە پێویستە لەسەر مرۆڤ گرنگی بە سەرکەوتنی هەر چوار بوارەکە بدات" یەکەم سەرکەوتن لەگەڵ بەدیهێنەر, چونکە سەرکەوتن لەگەڵ ئەو سەرکەوتنەکانی تر بۆ بەدیدەهێنێت.

* پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ خوادا سەرکەوتوو بوو.. هەروەها ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی خوایان لێ ڕازی بێت لەگەڵ خوادا سەرکەوتوو بوون..هاوەڵە لاوەکانیش وەکوو حەسەن و حوسەین و عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و عەبدڵڵای کوڕی عەباس خوایان لێ ڕازی بێت لەگەڵ خوادا سەرکەوتوو بوون، لە کاتێکدا ئەوان لاو بوون وەکوو ئێمەش خاوەن ئارەزوو بوون..بەڵام ئەوان بۆ ئەوەی بگەنە لوتکەی هەرە بەرزی خواپەرستی, تێکۆشان.

* یووسف سەلامی خوای لەسەر بێت لەگەڵ خوای گەورەدا سەرکەوتوو بوو..ئارەزوویەکیان خستە پێش, لەگەڵ ئەوەشدا گوتی(معاذ الله انّه ربّي احسن مثواي) یوسف ٢٣, لە کاری خراپە هەڵدێ، ئەو لەگەڵ خوادا سەرکەوتوو بوو.

سەرکەوتن لەگەڵ خوادا ئەوە نییە تەنها نوێژ بکەم و ڕۆژوو بگرم و زەکاتی بدەم, نا..تەنها ئەوانە نییە, بەڵکوو سەرکەوتن ئەوەیە کە لە زانکۆدا جۆرە ئارەزووبازییەک تووشم ببێت..لە بازاڕدا جۆرێکی تر..لەسەر شەقامەکانی جۆرێکی تری ئارەزووبازی..لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە..لە ڕێگەی مۆبایل و چەندان ڕێگەی تر، پاشان بتوانم خۆم ڕابگرم و ڕەزامەندیی خوام لا مەبەست بێت, ئەگەر گەیشتمە ئەم قۆناغە ئەوە بە کردارەکی سەرکەوتنم لەگەڵ خوادا بەدەستهێناوە.

- گەورەترین هۆکاری سەرکەوتن لەگەڵ خەڵکدا ئەوەیە ڕەفتاری جوان بکەیت، زیانت بۆیان نەبێت و گومانی باشیان پێ ببەیت و هەڵسوکەوتی جوانیان لەگەڵدا بکەیت.

چۆن سەرکەوتنی دارایی بەدەست دێنی؟

پێویستە مرۆڤ بزانێ چۆن پارە کۆدەکاتەوە و چۆنیشی خەرج دەکات، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (لەسەرخۆیی و دەسپێوەگرتن و شێوەی جوان، بەشێکن لە بیست و چوار بەشی پێغەمبەرایەتی.)صحيح: اخرجه عبدالحميد في المسند وصححة الالباني في صحيح الجامع ٣٠١٠.

ئەگەر مرۆڤ لەسەرخۆ بوو و لە جێگەی خۆیدا پارەی خەرج کرد, ئەوە ئەو سیفەتانەی بەشێکن لە پێغەمبەرایەتی لەو بوارەی پەیوەستە بە سامان و داراییەوە.

چۆن سەرکەوتن لەگەڵ خێزاندا بەدیدەهێنیت؟

من خەریکە گرەنتی بدەم و سوێند بخۆم ئەگەر مرۆڤ توانی لەم چوار خاڵەی باسمان سەرکەوتوو بێت: سەرکەوتن لەگەڵ خوا، لەگەڵ خەڵك، لە ئابووری، لەگەڵ خێزان، ئەوا گوێبیستی هەواڵەکانی خۆکوشتن نابین..

لە یەکێك لە ڕۆژنامەکان خوێندمەوە: قوتابییەکی قۆناغی سێیەمی دواناوەندی، لە بەیانی ڕۆژێکی تاقیکردنەوەکان، چووە ئاودەست، نەهاتەدەر، کە چوون تەماشایان کرد دیتیان خۆی هەڵواسیوە.

چ شتێك وای لێکرد لەو تەمەنەدا هەست بە شکست لە ژیاندا بکات تا بگات بەوەی خۆی بکوژێ..ئەم مرۆڤە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو سەرکەوتنانەی نەداوە کە باسمان کرد.

ناوازەیی

﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ﴾

ناوازەیی

لە بەشەکانی پێشوو باسی ئەو شتانەمان کرد کە هەندێ کەس لە هەندێکی تر جیا دەکاتەوە، لێرەش باس لە هەندێ بابەتی پەیوەست بە ناوازەیی و جیاوازبوون و چۆنێتی گەیشتن پێی، دەکەین..

زانست گرنگترین دەرگای ناوازەییە

یەکەم شت کە خودا فەرمانی بە پێغەمبەر (ﷺ) کرد بریتی بوو لە: ﴿اقْرَأْ﴾ (العلق: ١)بخوێنە..سەرنج بدە خودا نەیفەرموو نوێژ بکە یان بەڕۆژوو بە یان خێر بکە، بەڵکو یەکەم وشە بریتی بوو لە بخوێنە ئەگەرچی پێغەمبەر (ﷺ) نەخوێندەواریش بوو: ﴿وَمَا كُنْتَ تَتْلُو مِنْ قَبْلِهِ مِنْ كِتَابٍ وَلَا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ﴾(العنكبوت: ٤٨)..پێغەمبەر خوێندنەوە و نووسین نازانێ بەڵام خودا پێی دەفەرموێت: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١) خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢)اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ (٣) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (٤) عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ (٥)﴾(العلق: ١-٥)..

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ئایەتانە دەبینین لە ناوەڕۆکیاندا ئامرازەکانی زانستیان لەخۆگرتووە: (بخوێنە، پێنووس، نووسین)، ئەوەش واتای ئەوەیە ئەو کەسی ناخوێنێ شتێکی بەڵگەنەویستە کە ناتوانێت لەم ژیانەدا ناوازە بێت.

ناوازەییبوونی مرۆڤ بە خوێندنەوە و زانست

دەبێ مرۆڤ سوور بێت لەسەر پەرەدان بە کارامەییەکانی بە خوێندنەوە و فێربوونی زانستی شەرعیی بەسوود و زانستە دونیاییە سوودبەخشەکان و

سوودوەرگرتن لە ئەزموونی کەسانی تر. بۆ ئەوەی مرۆڤ لەوانی تر جیاواز و ناوازە بێت دەبێ بخوێنێتەوە و شارەزا بێت و هەر شتێك بۆ دین و دونیای سوودبەخش بێت فێربێت.

ئێمەی موسڵمان نەتەوەی (اقرأ)ین، لە دەمی وەرگرتنی ئەم وشەیەوە لە جیبریل، پێغەمبەر (ﷺ) تا کۆچی دوایی کرد دەیخوێند و بۆ خەڵکی دەخوێندەوە و فەرمانی بە هاوەڵەکانی دەکرد بخوێنن و زانست فێربن..بەم جۆرە تا گەیشت بە ئێمە.

* زانایان دەڵێن: ئەگەر کتێب نەبووایە زانستەکان لەناودەچوون..ئەگەر هاوەڵانی بەڕێز فەرموودەکانیان نەپاراستبایە و قورئان لە نەنووسرابایە و لە سەردەمی خەلیفە ئەبووبەکر(خودا لێی ڕازی بێت) کۆنەکرابایەوە و بایەخیان پێنەدرابایە ئەوا ئایین لەناودەچوو..بەڵام سووربوونی ئەوان بۆ فێربوونی قورئان و سوننەت و پاراستنیان وایکرد ئایین پارێزراو بێت..

* ڕۆژێك عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص چووە لای پێغەمبەر (ﷺ) و گوتی: ئەو قسانەی تۆ دەیانفەرموویت بیاننووسمەوە؟

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (بینووسەوە، سوێند بە خوا لەم زارەی منەوە جگە لە هەق و ڕاستی شتێکی تر نایەتەدەرەوە.)صحيح: أبو داود(٣٦٤٦)..

* ڕۆژێکیان پێغەمبەر (ﷺ) وتاری دەدا و لە نێو ئامادەبووانیشدا پیاوێك هەبوو بە ناوی (أبو شاه) و خەڵکی یەمەن بوو، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەم قسانەم بۆ بنووسنەوە، دەچمەوە ناو گەلەکەم پێیان ڕادەگەیەنم.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (بۆی بنووسن)..

* هەروەها پێغەمبەر لە کۆتاییی ژیانیدا نامەیەکی بۆ (عەمری کوڕی حزم)نارد کە هەندێ ڕێنمایی و حوکمی شەرعی تێدابوو، ئەویش دەیخوێندەوە و منداڵەکانیشی فێردەکرد.

سوودەکانی خوێندنەوە

چەندان جۆر خوێندنەوە هەیە: هەیە مەبەست لێی خواپەرستی و پاداشتی خودایە وەکو قورئان خوێندنەوە، هەندێ کات ئەو کەسەی قورئان دەخوێنێ نیازی زانست نییە بەڵکو بۆئەوەیە پاداشت لە خودا وەربگرێ هەروەك پێغەمبەر دەفەرموێ: ((لك بكل حرف تقرأه حسنة, لا اقول ألم حرف وانما الف حرف ولام حرف ومِيم حرف)) صحيح اخرجه الدار قطني (٥) وصححه الالباني في مختصر الارواء (١٢٢).

واتە: (بۆ هەر پیتێك كه دەیخوێنی چاكەیەكت بۆ هەیە، نالێم الم پیتێكه، بەڵكوو الف پیتێكه و لام پیتێكه و میمیش پیتێكه)..

ئامانجەکانی خوێندنەوەش بەپێی ئارەزوو و پێویستیی کەسەکە دیاری دەکرێت:

بۆ نموونە: کەس هەیە وەزیفەکەی کارکردنە لەسەر کۆمپیوتەر، ئەو کەسە کتێبەکانی تایبەت بە بەرنامەکانی کۆمپیوتەر دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەی لە کارەکەیدا شارەزاتر بێت و لەو ڕێیەوە پلەی بەرزتر و مووچەی باشتر بێت..ئەگەر بەو نیازەش بێت کە خودا پاداشتی بداتەوە ئەوا باشتریشە.

یان دکتۆر بۆ ئەوە دەخوێنێتەوە لە پیشەکەیدا شارەزاییی زیاتر پەیدا بکات و سەرکەوتوو بێت و ئاگای لە دۆزینەوە پزیشکییە نوێیەکان بێت.

هەروەها زانای پسپۆڕ لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە بخوێنێتەوە تاوەکو بوارەکەی خۆیدا دوانەکەوێ و ئاگاداری بابەتە نوێیەکان بێت.

کتێب باشترین هاوڕێیە

بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی ئێمە نەتەوەی (إقرأ)ین کەچی خەڵکێکی زۆر کەمان دەخوێننەوە بەڵام کاتێ دەچیت بۆ وڵاتانی ئەوروپا دەبینی خەڵك لە هەموو شوێنێك کتێبێکی بەدەستەوەیە دەخوێنێتەوە: لە فڕۆکەخانەکان، لە ناو پاس و میترۆکان، لەناو فڕۆکەکان..

بەڵام خەڵکی لای ئێمە دەبینی لەم شوێنانە یان خەریکی مۆبایل و ئەتارییە یان سەرگەرمی قسەی پڕوپووچن یان تەماشای ژنان دەکەن..

کاکە گیان بۆچی کتێبێك، ڕۆژنامەیەك، گۆڤارێك لەگەڵ خۆت هەڵناگری تا لەم شوێنانە بیخوێنیتەوە و سوودێك وەربگریت؟!

خۆت لەسەر خوێندنەوە و فێربوون ڕابهێنە

لێرەدا پرسیارێك دەوروژێنرێت: هەندێ کەس حەز لە خوێندنەوە ناکەن و لێی بێزار دەبن..چارەسەر چییە؟

وەڵام: لە بنەڕەتدا گرفتەکە لە دەروونی مرۆڤدایە، شاعیر دەڵێ:

النفس کالطفل إن تهمله شب علی حب الرضاع و إن تفطمه ینفطم

واتە: نەفس وەکو منداڵ وایە ئەگەر پشتگوێی بخەیت ئەوا هەر بەردەوام دەبێت لە حەزکردن لە شیرخواردنی دایکی، بەڵام ئەگەر لێی بکەیتەوە ئەوا لێ دەبێتەوە.

پرسیار: چۆن ئەم منداڵە شیرەخۆرە لە شیر دەکرێتەوە؟

وەڵام: لە سەرەتای لەشیرکردنەوەکە منداڵەکە زۆر دەگرییێ، هەوڵ دەدات مەمکی دایکی بگرێ و ئەویش لێناگەڕێ..هەندێ دایك لیمۆ یان خوێ یان هەر شتێکی تر لەسەر گۆی مەمکیان دادەنێن تاوەکو منداڵەکە لەسەر وازهێنانی ڕابێت..

کەواتە پێویستە نەفس لەسەر چاکە ڕابێت، ئەو هەمیشە مەیلی بۆ ئیسراحەت و پاڵدانەوە هەیە، نابێ بەدەمیەوە بچیت و ملکەچی بیت.

دەڵێیت: حەزم لە خوێندنەوە نییە..گوێی پێ مەدە و تەسلیم مەبە بەڵکو کۆشش بکە، یەکەم جار کە کتێب بە دەستەوە دەگریت سەت لە سەت بێزار دەبیت بەڵام زۆر لە خۆت بکە و نیو سەعات بخوێنەوە، جاری دووەم ڕێژەی بێزاربوونەکەی دەبێتە نەوەت لە سەت، وردە وردە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات کەم دەکات تا ئەوەی بێزاربوون دەگۆڕێ بە حەزلێکردن..

نموونە: کەسێك هەمیشە چای بە شەکر دەخوات، دواتر تووشی نەخۆشییەك دەبێت و دەچێتە لای دکتۆر، دکتۆر پێی دەڵێ: تۆ نەخۆشیی شەکرەت هەیە دەبێ واز لە هەموو شیرینییەك بێنیت..کابرا بۆ یەکەم جار چای بێ شەکر دەخواتەوە ئایا پێی دەخورێتەوەو تامی لێ دەکات؟

بێگومان نەخێر..بەڵام دوای ماوەیەك و چەند جارێك خواردنەوەی چای تاڵ لێڕادێت و بەلایەوە ئاسایی دەبێت.

قاوەی عەرەبی

نموونەیەك: ئەو قاوە عەرەبییەی کە زۆربەی ئەوانەی لە سعوودییە و کوەیت و زۆربەی وڵاتانی کەنداودا دەژین، دەیخۆنەوە..تەنها قاوە تاڵەکەی دەخورێتەوە، شەکری تێ ناکرێت..سوبحانەڵڵا ئەگەر شەکری تێ بکرێت، ناخورێتەوە. چونکە خەڵکی ڕاهاتوون بە تاڵی بیخۆنەوە.

لەبیرمە جارێك لە مانگی ڕەمەزاندا لە سوید بووم و لە ناوەندی ئیسلامی(المرکز الاسلامی) نوێژم کرد، جانتایەکی پڕ لە خورما و هێل و قاوەم پێ بوو, کۆمەڵە گەنجێکی سویدیم داوەت کرد، کە هەندێکی بە ڕەچەڵەك عەرەب بوون, قاوەیەکم بۆ ئامادەکردن، پاشان بۆم بردن و گوتم فەرموون ئەمە قاوەی عەرەبییە و ئەوەش خورما فەرموون,قاوەکەیان خواردەوە و گوتیان: شێخ تامی ئەم قاوەیە تاڵە، کەسیان نەیانتوانی بەبێ شەکر بیخۆنەوە. بە یەکێکیانم گوت: شەرم ناکەیت شەکر دەکەیتە قاوەکەوە.

گوتی: ناتوانم بەم شێوەیە بیخۆمەوە، منیش شەکرم بۆ هێنا، ئەویش بە کەوچك شەکری دەکردە فنجانی قاوەکەوە، منیش زۆر سەرم لەم هەڵوێستە سوڕما.

پاشان گوتی: ئێستا دەتوانم بیخۆمەوە.

بۆم دەرکەوت منداڵەکانمان لە تەمەنی حەوت و هەشت ساڵیدا..ئەوانەی لە سعوودییە و وڵاتانی کەنداو ژیاون و لەسەر خواردنەوەی ئەم جۆرە قاوانە ڕاهاتوون، قاوە بە تاڵی دەخۆنەوە، ئەمەش شتێکی ئاساییە لای ئەوان چونکە لەسەری ڕاهاتوون، بەڵام ئەگەر هاتو چایەکی تاڵیان بدەیتێ، ناتوانن بیخۆنەوە.

خۆشەویستان مەبەستیم لەم قسەیە ئەوەیە کە هەموو شتێك پێویستی بە هەوڵ و ماندووبوونە تاکوو ئاسایی بێت لەسەر دەروونمان.

دەبێت پاڵنەرێکی بەهێزیش هەبێت وەت بەرەو خوێندنەوە بەرز بکاتەوە، ئەوەش پاداشتی خوێندنەوەیە لای خوای گەورە، ئەو کاتیش خوێندنەوەکەت دەبێت پەرستنی خوا.

زانایانی پێشین

* ئەبولوەفائی کوڕی عەقیل ناسراو بە ئیبنو عەقیل دەڵێن: کتێبێکی داناوە بە ناوی (الفنون) هەشت سەت بەرگ بووە، بەڵام بەداخەوە ئەم کتێبە ون بووە و تەنها چوار بەرگی گەورەی لێ چاپ کراوە.

تێبینی: بەرگ(المجلد) لە ڕابردوودا بچووك بووە و لە هەژدە ڕووپەڕ تێ نەپەڕیوە، کاتێ دەگوترێ: ٨٠٠ بەرگ بەو واتایە نایەت کە وەکو بەرگەکانی ئێستا بووە.

* شێخی ئیسلام ئەلەمجدی کوڕی تەیمیە، باپیرەی ئیبنو تەیمیە، دەڵێن: بەردەوام کتێبی بە دەستەوە بووە، تەنانەت کە چۆتە ئاودستیش کتێبەکی دەدایە کوڕەکەی لە دەرەوە بۆی دەخوێندەوە ! ! تا ئەو ڕادەیە شەیدای خوێندنەوە بووە و تەنانەت نەیدەویست لە ئاودەستیش کاتی بەفیڕۆ بچێت ! !

* ئیمامی الرازی لە ڕۆیشتندا کوڕەکەی کتێبی بۆ دەخوێندەوە !

* دەوترێ: (الجاحظ) کتێبخانەکەی بەسەردا بەربۆتەوە و مردووە !

* دەڵێن: ئیمامی مسلم خاوەنی صحیحی مسلم، لە کتێبخانەکەیدا سەرگەرمی خوێندنەوە بووە ژنەکەی خورمای بۆ داناوە، هەر خورمای خواردووە و لەبەر خوێندنەوە ئاگای لەخۆ نەبووە، تا ئەوەی تووشی قەبزیی و سکئێشە بووە، چونکە خورما ئەگەر ئاوی لەگەڵ نەخورێتەوە زیانبەخشە و تووشی قەبزییت دەکات..ئیتر بەم هۆیەوە لە کتێبخانەکەی دەمرێ..

* (ابن القیم) ئەوەندە خوێنەرێکی جیددی بووە کە سەفەری حەجی کردووە ویستوویەتی کتێبێك دابنێ بەڵام هیچ سەرچاوەیەکی لەبەردەستدا نەبووە، بۆیە بە

پشتبەستن بە مێشك و زاكیرەی خۆی كتێبی (زاد المعاد) و پێنج بەرگی گەورەی داناوە كە هەریەكەیان ٥٠٠ لاپەڕە بوونە..

جا ئیتر بزانە خوێندنەوە چەندە سوود و كەڵكی هەیە.

هۆكارەكانی دووری لە خوێندنەوە

هەندێ هۆكار هەن خەڵك لە خوێندنەوە دوور دەخەنەوە:

هەندێ كەس هەن بە شتی تـرەوە سەرگەرمن وەكـو سەیركردنی كەناڵە تەلەڤزیۆنییەكان و ئەو دراما و بەرنامانەی نمایش دەكرێن..

یان هەیە بە ئینتەرنێت و سایتە ئەلیكترۆنییەكانەوە سەرقاڵە و خوو ناداتە كتێب..شتی بەسوود ناخوێنێنەوە كە كەڵكێكی بۆ دونیا و دواڕۆژیان هەبێ.

پرسیار: دروستە لە هەموو بوارێك بخوێنینەوە؟

هەندێ كتێب هەن دروست نییە بیانخوێنیتەوە وەكو: كتێبەكانی جادوو، ئەو كتێبانەی باس لە بێڕەوشتی دەكەن..

هەندێ كەس هەیە شێوازی دروستی خوێندنەوە نازانێ، ئەوەش وا دەكات زوو بێزار ببێت.

بۆ نموونە: هەیە لەسەر مێز دەخوێنێتەوە، لەوانەیە زووتر ماندوو ببێت لەو كەسەی كە لەسەر قەنەفەیەك دەخوێنێتەوە، هەروەها كەشوهەوای گونجاویش هاوكارە بۆ خوێندنەوە، كەس ناتوانێ لە كەشێكی زۆر گەرم یان زۆر سارد بخوێنێتەوە.

چارەسەری لەبیرچوونەوە

پرسیار: هەیە زۆر دەخوێنێتەوە بەڵام زوو لەبیری دەچێتەوە، چی بکات؟

وەڵام: ئەمە بۆ زۆر کەس ڕوودەدات، زۆر جار دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە خوێندنەوە..هەیە دەڵێ: من دەخوێنمەوە بەڵام زوو لەبیرم دەچێتەوە، سوودی چییە؟ جاری وا هەیە ٣٠٠ لاپەڕە دەخوێنیتەوە بەڵام ئەگەر پرسیارێکت لێ بکەن ناتوانی وەڵام بدەیتەوە..لە ڕاستیدا ئەو لەبیری نەچۆتەوە، بەڵام پێی وایە لەبیری چۆتەوە..

منیش زۆر جار ئەوەم بەسەرهاتووە، کتێبێکم دەخوێندەوە ٣٠٠ لاپەڕە، بیرم دەکردەوە چ سوودێکم لێی وەرگرتووە؟ وامدەزانی هیچ سوودم لێ وەرنەگرتووە..بەڵام هەفتەیەك یان دوو هەفتە دواتر کەسێك پرسیارێکی لێ دەکردم، یەکسەر بەبیرم دەهاتەوە کە ئەو بابەتەم لە فلان کتێب خوێندۆتەوە..

هەرچی دەیخوێنیتەوە لە مێشکت خەزن دەبێت، لە کاتی پێویست دێتەوە بیرت.

دەبینی کەسێك کتێبێکی لەبارەی فریاگوزارییە سەرەتاییەکان لەبارەی تووشبوون بە نۆرەدڵێ خوێندۆتەوە یان هەر بابەتێکی تر..

پێتوایە هیچ سوودت لێ نەبینیوە، دواتر هەڵوێستێك دێتە پێشەوە یەکسەر ئەوەت بەبیردێتەوە کە دەبێ بە چ شێواز و ڕێگایەك مامەڵە لەگەڵ ئەو هەڵوێستەدا بکەیت.

(الشعبی) دەڵێ: لە زانست شتێکم لەبیرچۆتەوە کە ئەگەر نەزان ئەوەندەی لەبەرکردبایە دەبووە زانا..سەت هەزار سوودم لە زانست وەرگرتووە بەڵام ئەوەی لە مێشکمدا ماوە بریتییە لە ٧٠ هەزار..(٣٠)هەزار زانیاریم بیرچۆتەوە گەر نەزانێك ئەوەندەی لەبەرکردبایە دەبووە زانا.

شاعیر دەڵێ:

الیوم شیء و غـــدا مثله　　مـــن درر العلم التي تلتقط

یحصل المرء بهـــا حکمة　　وإنما السیل اجتماع النقط

ئەمڕۆ هەندێك زانست و سبەینێش هەندێکی تر، بە هۆیەوە مرۆڤ حیکمەتی دەست دەکەوێ..لافاویش هەر لە دڵۆپەی بارانەوە دروست دەبێ.

چی دەخوێنیتەوە؟

پرسیار: ئایا ڕۆژانە بخوێنمەوە و چەندیش بخوێنمەوە؟

وەڵام: پێویستە خوێندنەوەکانی مرۆڤ ڕێکوپێك بێت، تەمەن کورتە و کاریش زۆر، ئەگەر مرۆڤ بیەوێ سوود لە کاتەکانی وەربگرێ دەبێ بەوردی ئەو کتێبانە هەڵبژێرێ کە دەیەوێ بیانخوێنێتەوە، من هەندێ کتێبی بەسوودتان پێ نیشان دەدەم بەتایبەتی لە بواری شەرعیدا:

یەکەم شت بایەخی پێ بدەیت دەبێ قورئانی پیرۆز بێت، لێی وردبیتەوە و تەفسیرەکەی بزانیت، کتێبێکی تەفسیری ئاسان و سادە بخوێنیتەوە وەکو: (تفسیر السعدی)..لەبارەی عەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەتیشەوە کتێبی (العقیدة الطحاویة) و شەرحەکانی، کتێبێکی باشە..هەروەها (العقیدة الواسطیة) و هاوشێوەی ئەمانە..شتێك لە فەرموودەکانیش لەبەر بکەیت باشە وەکو کتێبی (الاربعین النوویة)و خوێندنەوەی شەرحەکانی..هەروەها خوێندنەوەی ژیاننامەی پێغەمبەرمان (ﷺ)، باشترین کتێبیش لەم بوارەدا کتێبی (الرحیق المختوم)ە..هەروەها لەبارەی فیقهیشەوە زانیاریت هەبێ باشە، (الملخص الفقهی) صالح الفوزان کتێبێکی شیاوە.

تەفسیری قورئان لەپێشەوەی هەموویانەوەیە کە دەبێ بایەخێکی زۆری پێ بدەیت و واتای ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بەباشی بزانیت..

حەڵاڵ و حەرام

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ﴾

حەڵاڵ و حەرام

خودا زانای دانایە

خودای گەورە دەزانێ چ شتێك بۆ مرۆڤ باشە و لە بەرژەوەندیدایە، دەفەرموێت: ﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرِ﴾(الملك: ١٤)، خودا دانایە هەموو شتێك لە شوێنی خۆی دادەنێ و هیچ شتێکی بەخۆڕایی دروست نەکردووە و هەموو کارێکی حیکمەتێکی تێدایە.

ئەگەر وردبیتەوە دەبینی خودا هەر شتێکی حەڵاڵ کردبێت سوود و قازانجێکی تێدایە و هەر شتێکیشی حەرام و قەدەغە کردبێت زیانێکی تێدایە، سەرنج بدە: بۆچی خوای گەورە هەموو شتێکی بەرازی حەرام کردووە؟ بۆچی حوشتر و مەڕ و بزن و پەلەوەری حەرام نەکردووە؟ بۆچی بەراز؟ ئایا دیمەنی ناشرینە، ڕەنگی ناشیرینە؟

نا..بەڵکو مەسەلەکە تەنها پەیوەستە بە زیانەوە بۆیە خودا حەرامی کردووە.

هەمان شت سەبارەت بە سووەوە(ڕیبا)، ئەگەر زیانی بۆ وڵات و خەڵك نەبووایە هەرگیز خودا حەرامی نەدەکرد..ئەگەر مەسەلە دوژمنایەتیی نێوان خودا و خەڵك بووایە ئەوا خودا شتگەلێکی حەرام دەکرد کە سوود و کەڵکیشی تێدا دەبوو.

* نموونە: خواردنەوەی ئاوی سارد، خۆشاو، میوە و سەوزە حەڵاڵە، ئەگەر مەسەلە بەرتەسککردنەوە بووایە ئەوا خودا ئەمانەی لەسەر حەرام دەکردین، یازدە مانگ ڕۆژووی بەسەردا فەرز دەکردین، و پەرستشەکانی لەسەر قورس دەکردین، بەڵام ئەسڵ لە شتەکان ڕێپێدان و ڕەواییە مەکەر دەقێکی ڕوون و ئاشکرا و گومانهەڵنەگر هەبێ لەسەر حەرامبوونی.

کەواتە هەندێ شتی دیاریکراو هەن خودا حەرامی کردوون بەڵام حیکمەتێك هەیە لە حەرامکردنیان، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَلِلَّهِ الْحُجَّةُ الْبَالِغَةُ﴾(الانعام: ١٤٩)..

ئەوەی حەڵاڵ نەبێت، ئەبوو بەکر نایخوات

ئەبووبەکر(خودا لێی ڕازی بێت) غوڵامێکی هەبوو، ڕۆژانە دەچووە ئیش و خواردنێك یان پارەیەکی بۆ ئەبووبەکر دێنایەوە..

کە لە ئیش دەهاتەوە، ئەبووبەکر پرسیاری لێ دەکرد: ئەمڕۆ چ ئیشێکت کردووە؟ ئەویش ئیشەکەی پێ دەگووت..چونکە ئەگەر ئەبووبەکر لە حەڵاڵیی ئیشەکە دڵنیا نەبووایە نە خواردنەکەی دەخوارد نە پارەکەی وەردەگرت..

ڕۆژێکیان ئەو غوڵامە خواردنێکی بۆ ئەبووبەکر هێنایەوە، ئەویش زۆری برسی بێ پرسیارکردن یەکسەر خواردی..

غوڵامەکە پێی گوت: تۆ هەموو ڕۆژ لێت دەپرسیم، بەڵام ئەمڕۆ نەتپرسی لەکوێم هێناوە؟

ئەبووبەکر: زۆرم برسی بۆیە نەمپرسی، دەی پێم بڵێ لەکوێت هێناوە؟

غوڵام: لە سەردەمی نەفامیدا فاڵێکم بۆ هەندێ کەس گرتەوە بەڵام کرێیەکەیان نەدامێ، ئەمڕۆ بە کنیاندا چووم داوەتێکیان هەبوو، پێم گوتن: کرێیەکەم بدەنێ..گوتیان: بایی کرێیەکەت خواردن بۆ خۆت هەڵگرە..ئەو خواردنەی تۆ خواردت لەمە بوو..

ئەبووبەکر تووڕە بوو، گوتی: خواردنی فاڵچێتیم دەرخوارد دەدەیت؟! !پەنا بە خوا..

پاشان پەنجەی کرد بە گەرووپدا تا خواردنەکە بێنێتەوە..

گوتیان: ئەی خەلیفە بۆ وا لە خۆت دەکەیت، خۆ هیچ نییە تەنها پاروویەك بوو.

گوتی: سوێند بە خوا جوولّە ناکەم تا هەموو نەهێنمەوە..

وازی نەهێنا تا هێنایەوە..

گوتیان: ئەم پێداگرییە بۆ؟

گوتی: لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە فەرموویەتی((کل لحم نبت من سحت فالنار اولی به)) رواه ابو نعیم في الحلیة وصححه الالباني في صحیح الجامع ٤٥١٩.

واتە: (هەر جەستەیەك بە حەرام گەورە بووبێت ئاگر شیاویەتی).

نامەوێ پاروی حەرام بچێتە ناو هەناومەوە و جەستەم بە حەرام پەروەردە ببێت..

خودا نزای حەرامخۆر گیرا ناکات

هەر کەسێك حەرام بخوات خودا دوعای گیرا نابێت، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ:((ان الله طیّب لا یقبل الا طیّبا وان الله امر المؤمنین بما امر به المرسلین فقال عزّ وجلّ ﴿یَا أَیُّهَا الرُّسُلُ کُلُوا مِنَ الطَّیِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِیمٌ ﴾(المؤمنون: ٥١) صحیح: مسلم(١٠١٥)، الترمذی(٢٩٨٩).

واتە:(خودا پاکە و پاکیش نەبێ وەرناگرێ، ئەو فەرمانەی بە پێغەمبەرانی کردووە هەمان فەرمانیشی بە ئیمانداران کردووە، فەرموویەتی: ﴿یَا أَیُّهَا الرُّسُلُ کُلُوا مِنَ الطَّیِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِیمٌ ﴾(المؤمنون: ٥١)..هەروەها

فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ﴾(البقرة: ١٧٢)، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) باسی کەسێکی کرد کە گەشتێکی دوورودرێژی کردووە، تۆزاوی، سەروپرچی قژ و وژ و شێواوە، دەستی بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە و دەپارێتەوە.. بەڵام خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگی هەموو حەرامە، حەرامی دەرخوارد دراوە، ئیتر چۆن دوعای گیرا دەبێت؟!)

* یەکێك لە گرفتە گەورەکان ئەوەیە خەڵك لە خواردنی حەرام شلپەوییان کردووە بۆیە خودا لە چەندان ئایەتی پیرۆزی قورئان هانی موسڵمانانی داوە لە حەرام دووربکەونەوە و بەدوای حەڵاڵدا بگەڕێن.

خودای گەورە باسی سیفەتێکی گرنگی پێغەمبەر (ﷺ) دەکات کە بریتییە لە حەڵاڵکردنی شتە پاکەکان و حەرامکردنی شتە قێزەونەکان: ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ﴾(الاعراف: ١٥٧).

بڕوانە چۆن خوای گەورە شتەکانی بۆ حەڵاڵ و حەرام دابەش کردووە: شتی پاکی حەڵاڵ کردووە و شتی پیسیشی حەرام کردووە.

مەی پیسە و لە کردەوەکانی شەیتانە

ئارەق لە خراپترین ئەو شتانەیە ئەمڕۆ لەنێو خەڵکدا خەریکە بڵاو دەبێتەوە و کەسانێك هەن بێ ترس و شەرم لە خودا دەیخۆنەوە..هەندێ هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) هەبوون لە سەردەمی نەزانیشدا نەیاندەخواردەوە، کاتێ ئیسلام هات پەسنی ئەو ڕەوشتەی کردن، پێغەمبەریش هۆشداری داوە و دەفەرموێ: ((ليشربن ناس من امتي الخمر يسمونها بغير اسمها)) صحيح اخرجه ابو داود ٣٦٨٨, والنسائي ٥٦٥٨ وصححه الالباني في صحيح الجامع ٨٠٩٢.

واتە: (هەندێ کەس لە ئوممەتەکەم مەی (خمر) دەخۆنەوە و ناوێکی تری لێ دەنێن) کاتێ پێی دەڵێی تۆ مەی دەخۆیتەوە؟ دەڵێ: نا ئەمە مەی نییە، بەڵکو ئەمە(بیرە، شەمپانیا، ویسکی..)ە ! ! ..دەبینی دەیەوێ خۆی لە بابەتەکە بدزێتەوە..

وەکو ئەو کەسە وایە کە زینا دەکات، پێی دەڵێی ئەوە زینایە..دەڵێ: نا، ئەوە هاوڕێیەتییە، خۆشییە، پەیوەندیی نێوان من و ئەوە..هەر چ ناوەکی لێ دەنێی بنێ بەڵام حەرامە، لە ڕووی شەرعەوە زینایە..ئیتر ئەمە سەبارەت بە تاوانەکانی تریش ناوی تری لێ دەنێن بەڵام ئەمە لە حەرامێتییان دەرناکات.

خودا لە قورئاندا ئارەقی حەرام کردووە و دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (٩٠) إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنِ الصَّلَاةِ فَهَلْ أَنْتُمْ مُنْتَهُونَ (٩١)﴾(المائدة: ٩٠-٩١)..ببینە چۆن وەسفی ئارەق دەکات: پیسە، لە کردەوەی شەیتانە، دەبێتە هۆی دوژمنایەتی و ڕقەبەرایەتی، لە یادی خودا و نوێژ دوورت دەخاتەوە..وازی لێ بهێنە، تاوەکو لە دونیا و دواڕۆژ سەرکەوتوو و سەرفراز بیت..

* بۆیە دەبینین پێغەمبەر (ﷺ) لە حەرامکردنیدا زۆر تووندی نواندووە، دەفەرموێ: (هەر کەس لەسەر مەیخۆری بمرێ، لە ڕۆژی دواییدا وەکو بتەپەرست ڕووبەڕووی خودا دەبێتەوە)صحیح: أبو نعیم گێڕاویەتییەوە، ألبانیش بە صحیحی داناوە.

هەروەها دەفەرموێ: ((من شرب الخمر في الدنيا ثم لم يتب منها حرمها في الاخرة)) صحیح: البخاری(٥٥٧٥)، مسلم(٢٠٠٣

واتە: (هەر کەس لە دونیا ئارەق بخواتەوە و تۆبەی لێ نەکات و وازی لێ نەهێنێ ئەوا لە ڕۆژی دوایی لێی بێبەش دەکرێ.)).ببینە بزانە چەند کەس بە هۆی ئارەقەوە بەر نەفرەتی خودا کەوتوون، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((لعن الله الخمر وعاصرها ومعتصرها وبائعها وشاربها وساقيها ولآكل ثمنها وشاربها وحاملها والمحمولة اليه)) صحيح: الترمذى(١٢٩٥)، ابن ماجه(٣٣٨١) وصححه الالباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي ٣٣٨١ .

واتە: (خودا نەفرەتی کردووە لە: ئارەق، ئەوەی دەیگرتەوە، ئەوەی تریێ و خورماکە دەگوشێ، فرۆشیار، کڕیار، ئەوەی پارەکەی دەخوات، ئەوەی دەیخواتەوە، هەڵگرەکەی، ئەوەی بۆ دەبردرێ)..هەر کەسێك دوور و نزیك پەیوەندی بە ئارەقەوە بەر ئەم نەفرەتەی خودا دەکەوێ..

مە یخۆری لە تاوانە گەورەکانە

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((من شرب الخمر في الدنيا لم يشربها في الآخرة)) صحيح: البخارى(٥٥٧٥)، مسلم(٢٠٠٣).

واتە: (ئەوەی لە دونیا ئارەق بخواتەوە، لە دواڕۆژ لێی بێبەش دەکرێت و نایخواتەوە) هەروەها ڕوونی کردۆتەوە((ان كل مسكر خمر، كل مسكر حرام))اخرجه مسلم ٢٠٠٣ وابو داود ٣٦٧٩.

واتە: (هەموو شتێکی سەرخۆشکەر ئارەقە، هەموو ئارەقێکیش حەرامە)..

پرسیار: ئایا خواردنەوەی کەمێك ئارەق حەرامە؟

وەڵام: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((ما اسكر كثيره فقليله حرام)) صحيح اخرجه ابو داود٣٦٨١ والترمذي ١٨٦٥ وصححه الالباني في صحيح الجامع ٥٥٣٠.

واتە: (هەر شتێك زۆرەكەی ببێتە مایەی سەرخۆشی، ئەوا كەمێكیشی هەر حەرامە).

بۆ نموونە: كەسێك دەڵێ: من كەمێك لە مەی دەخەمە ناو هەندێك لە خواردنەوە گازییەكان بۆ ئەوەی تامی خۆش بێت بەڵام پێی سەرخۆش نابم..پێی دەڵێین: دروست نییە، تەنانەت ئەگەر پەنجەیەكت بخەیتە ناو ئارەقەوە و بیمژیت هەر دروست نییە..پێغەمبەر دەفەرموێ: ((ما اسكر الفرق منه، فملء الكف من حرام)) صحيح: اخرجه ابو داود ٣٦٨٧ والترمذي١٨٦٥ وصححه الالباني في صحيح الجامع ٤٥٥٢.

واتە: (ئەگەر شتێك لیترێكی سەرخۆشت بكات ئەوا چنگێكیشی حەرامە.)صحيح: أبو داود و الترمذی گێڕاویانەتەوە و ألبانیش بە صحیحی داناوە.

كاتێ كەسێك دەڵێ: بە چنگێك ئارەق سەرخۆش نابم، پێی دەڵێین: ئەدی زیاتر پێی سەرخۆش دەبیت؟ دەڵێ: بەڵێ..دەڵێین: كەواتە حەرامە..شەریعەت بە شێوەیەكی یەكلاكەرەوە حەرامی كردووە.

* يقول ديلم الحميرى: سألت رسول الله (ﷺ) قلت يا رسول الله انا بارض باردة، نعالج فيها عملا شديدا، ونحن في برد ونعمل كثيرا, وانا في بلادنا نتخذ شرابا من هذا القمح نتقوى به على اعمالنا، فقال (ﷺ) هل يسكر، قال نعم.. فهو يسكر ولكنّا نقدر على العمل, فقال اجتنبوه, قال ان الناس لا يتركونه ولن يطيعونا, فقال ان لم يتركوه قاتلوهم)) صحيح رواه ابو داود ٣٦٨٣ وصححه الالباني في صحيح وضعيف سنن ابي داود ٣٦٨٣.

واتە: دەیلەم ئەلحیمیەری دەڵێ: لە پێغەمبەرم (ﷺ) پرسی: ئێمە لە شوێنێکی سارد دەژین، کاری قورس دەکەین، بەو سەرمایەش کاری قورس دەکەین، شەڕابێك لە گەنم دروست دەکەین کە بۆ کارکردن بەهێزمان دەکات..

پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: سەرخۆش دەکات؟

گوتی: بەڵێ..سەرخۆش دەکات بەڵام ئێمە دەتوانین کاربکەین.

پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: لێی دوورکەونەوە.

گوتی: خەڵك وازی لێناهێنێ و بەگوێمان ناکەن.

پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: ئەگەر وازیان لێ نەهێنا شەڕیان لەگەڵ بکەن).

هەر کەسێك چاو لە نەتەوەیەکی تر بکات ئەوا لەوانە

لەو بەڵایە گەورانەی تووشی خەڵك بووە ئەو کەناڵە ئاسمانییانەیە کە فیلمی خراپ و وێرانکەری ڕەوشت پیشان دەدەن، دیمەنی مەیخواردنەوە و ڕووتی نیشان دەدەن و خەڵکیش بەئاسایی تەماشای دەکەن..

* بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) حەرامی کردووە موسڵمان لەسەر مێز یان خوانێك دابنیشێ کە مەی لەسەرە..

جاری وا هەیە کۆبوونەوەیەك یان داوەتێك هەیە، ئارەقیش دانراوە، حوکمی دانیشتن لەو شوێنانە چییە؟

حوکمی ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) ڕوونی کردۆتەوە، فەرموویەتی((من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يجلس على مائدة يدار عليها الخمر)) حديث حسن: اخرجه الترمذي ٢٨٠١ واحمد في المسند وحسنه الالباني في صحيح الجامع ٦٥٠٦.

واتـه: (هـەر کەسێك بـاوەڕی بـه خـوا و ڕۆژی دوایـی هەیـه بـا لەسـەر خوانێـك دانەنیشێ که ئارەقی لەسەر دانراوه).

پرسـیار: هەنـدی خـەڵك هـەن بەتایبـەتی لاوان، دوو پارچـه بـەفر دەخەنـه نـاو پەرداخێك و بیرەی بەسەردا دەکەن و بەیەکیدا دەدەن و دەیخۆنەوە، حـوکمی ئەمـه چییه؟

وەڵام: هەردووکیان گوناهن، بیرەخواردنەوە و پـەرداخ بەیەکترداندانەکـه، چـونکه لاسایی کردنەوەی بێباوەڕ و گوناهبارانه، پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرموێ ((مـن تشـبه بقوم فهو منهم)) صـحيح اخرجـه ابـو داود ٤٠٣١ وصـححه الالبـاني في صـحيح الجـامع ٢٨٣١.

واته: (هەر کەسێك لاسایی نەتەوەیەك بکاتەوە ئەوە لەوانه).

له فەرموودەیەکی تردا دەڵێ((المرء مع من احب)) صحيح اخرجه البخاري ٦١٦٨ ومسلم ٢٦٤٠.

واتا: (چارەنووسی مرۆڤ لەگـەڵ کەسـێکدایه کـه خۆشـی دەوێت).واتـا لـه ڕۆژی دواییدا, بۆیه بیره حەڵاڵ نییه و پـەرداخ بەیـەکترداداان دروست نییـه تەنانـەت ئەگـەر ئەوەی ناویشی حەڵاڵ بێت.

ئامۆژگارییەك

یەکێك لەو کێشـه گەورانـەی بـڵاو بووتـەوە و بووەتـه هـۆی ڕووخـانی ڕەوشت و بیروباوەڕەکان, ئەو کەناڵە ئاسمانییانەیه که دەستییان بـه پـەخشـکردنی بـەرەڵایی و قسەی قۆڕ و فیلمی بێئابڕووی کردووه و ئێمەش زۆر جار کەمتەرخەمین لەوەی ڕێگری بکەین له منداڵەکانمان بۆ ئەوەی تەماشای ئەو کەناڵانه نەکـەن, گومـان لـەوەدا نییـه خوونەریت و ڕەفتاری خراپمان بۆ دەگوازنەوە، که وەختە خەڵکی ڕابێن لەسەریان.

بۆیە نابێت مرۆڤ خۆی بە مەیخۆر بچوێنێت، لە ڕووی شەرعییەوە بۆی نییە چاو لە ئەوان بکات, بەتایبەت کە مەی مرۆڤ بێعەقڵ دەکات, هیچ مرۆڤێکی ژیر هەوڵی ئەوە دەدات خۆی بێعەقڵ بکات؟!

فرمێسکێك لە دڵەوە

ڕووداوێکی ڕاستەقینەتان بۆ دەگێڕمەوە کە خۆم ئاگام لە وردەکارییەکەیەتی: کابرایەکی سەرخۆش شەو دەگەڕێتەوە ماڵ، هەموو ماڵ نووستوون..دەبینێ هاوسەرەکەی کە ژنێکی نوێژکەر و ڕێکوپێك بووە نووستوە، دەچێتە ناندین تەورێك دێنێ و لەسەری ژنەکەی دەدا و سەری دەکاتە دوو پارچە و دەمودەست گیانی دەردەچێ..پاشان بۆ منداڵەکان دەچێ: سێ کچ و کوڕێکی تۆ مانگی هەبوو، پەلاماری کچەکان دەدات و دەست و قاچیان لێ دەکاتەوە، هاوار دەکەن و دەقیژێنن و دەچنە لای دایکیان دەبینن ئەویش لە سەری دراوە و ئەوانیش لەوێ دەکەون و دەمرن..پاشان دەچێ دەستی منداڵە بچووکەکەش دەبڕێتەوە و منداڵەکەش خوێنی لەبەر دەڕوا و لەبەر ئێش و ئازار دەزیڕێنێ و لەسەر زەوی دەگەوزێ..پاشان کابرا بەئاگا دێتەوە و سەرخۆشییەکەی بەری دەدات..کارەساتەکە دەبینێ، تەنها منداڵە بچووکەکەی ماوە و ئەویش دەگرێ..شتێك دێنێ و برینەکەی پێ دەبەستێ و مەمە شیرێکی بۆ دەکات..

سێ ڕۆژ بەم حاڵەوە دەمێنێتەوە..سەری لێ دەشێوێ نازانێ چی بکات: بچێتە لای پۆلیس، یان ئەم تەرمانە بنێژێ؟ ترساوە لە ماڵ بچێتەدەر..

کاتێك دەچنە ژوورەوە دەبینن لە کن کوڕەکەی دانیشتووە، لە خەم و خەفەتان یەك داوە موو بە ڕوویەوە نەماوە، هەموو هەڵوەراوە، سەری ڕووتاوەتەوە، وەکو شێت دانیشتووە..

هەموو ئەو کارەساتە بە هۆی مەیخۆرییەوە ڕوویداوە..جا بزانە بۆیە خودا و پێغەمبەر ئەوەندە بەتوندی لەبارەیەوە دواون..

بۆ لای خودا بگەڕێنەوە

پێویستە لەسەر ئەو کەسەی دەیەوێ تەوبە بکات و واز لە مەیخۆری بێنێ گوێ لەو ئامۆژگارییانە بگرێ کە لە خوا نزیکی دەخەنەوە و واز لە برادەرایەتیی ئارەقخۆران بێنێ..تەنانەت بۆ جارێکیش لەگەڵ ئەو کەسانە دامەنیشە کە دەخۆنەوە، چونکە مرۆڤ لەسەر ئایین و خووڕەوشتی هاوڕێیەکەیەتی و هەر برادەرە بەرەو خراپە یان باشە ڕاتدەکێشێ.

پێویستە بڕیارێکی ئازایانە بدەیت و بڵێیت: لەم ساتەوە نزیکی هیچ شوێنێك ناکەومەوە کە مەی تێدا دەفرۆشرێ و دابەش دەکرێ.

لەپێناو خودا وازی لێ بهێنە و خوداش هاوکاریت دەکات، ئەگەر دەتوانیت بچۆ یەکێك لەو نەخۆشخانانەی کە چارەسەری مەیخۆران دەکەن.

خودا لە دایك و باوك بەزەییترە بۆمان، ئەوەندە شتی پاکی بۆ حەڵاڵ کردووین کە پێویستمان بەو شتانە نەبێ کە حەرامن..هەر شتێکیشی حەرام کردبێت زیانێکی هەیەو بۆ سوود و قازانجی ئێمە حەرامی کردووە.

پلان بۆ ژیانت دابنێ

﴿وَأَنْ لَيْسَ لِلْإِنْسَانِ إِلَّا مَا سَعَى﴾

پلان بۆ ژیانت دابنێ

پلاندانان بنچینەی سەرکەوتنە

زۆربەی سەرکەوتووان لە ژیان ئەو کەسانەن کە پلانێکیان هەیە و لەسەری دەڕۆن، بە واتا: بەیانی کە لە خەو هەڵدەستن دەزانن ئەمڕۆ چی دەکەن؟ هەفتانە و مانگانە و ساڵانە بەرنامەیان بۆ ژیانیان هەیە..تەنانەت بەرنامەیان بۆ هەموو ژیان و تەمەنیان هەیە..

پلاندانان هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتنە، دەوڵەتە پێشکەوتووەکان بە پلاندانان پێشکەوتوون، ئەگەرچی زۆربەیان لەسەر ئایینی ئیسلام نین بەڵام لە ژیانیاندا زۆر بەوردی پەیڕەو لە پلان و نەخشەڕێژی دەکەن.

* لەبیرمە جارێکیان لەگەڵ دکتۆرێکی زانکۆ گفتوگۆم دەکرد، گلەیی هەبوو لە بێ پلانی موسڵمانان، باسی نموونەیەکی بۆ کردم:

دەڵێ: جارێکیان کەنالێکی بەناوبانگی ئەمریکایی هات بۆ لام و داوای دیدارێکیانم لێ کردم، گوتم: بۆ کەیە؟ کابرای ڕاگەیاندنکار کۆمپیوتەرەکەی دەرهێنا و تەماشای خشتەیەکی کرد و گوتی: لە ڕۆژی سێشەممەی فلان بەروار..دەڵێ: کە تەماشام کرد دیدارەکە بۆ ساڵ و نیوێکیترە، لە ئێستا وادەی بۆ وەردەگرن..گوتم: لاریم نییە و ئامادەم، لەسەر تەوەرەکانی بابەتی دیدارەکە ڕێککەوتین و تەواو..

دکتۆر ڕووداوێکی تری تەواو پێچەوانەی ئەمەی بۆ گێڕامەوە، گوتی: ئێوارەی ئەم ڕۆژە کەنالێکی ئیسلامی پەیوەندی پێوە کردم و داوای دیمانەیەکیان لێ کردم، گوتم: کەی؟ گوتیان: سبەی دوای عەسر! !..گوتم: ئێوە تا ئەمڕۆ بڕیارتان نەدابوو لە بەرنامەکەتان میواندارێ کێ دەکەن؟!

بڕوانە جیاوازیی نێوان هەردوولا لە دانانی نەخشە و پلان، ئەمان ساڵ و نیوێك. ئەوانیش ڕۆژێك..

ئەمەیە لاوازیی پلاندانان لای زۆربەی موسڵمانان..

ئیسلام خوازیاری پلاندانانە

ئەوانەی لە ژیاندا خاوەن نەخشە و پلانن، سێ لە سەتی خەڵك تێپەڕ ناکەن. ئەوانیتر یان پلانیان هەیە بەڵام پابەند نین پێوەی، یاخود هەر پلانیان نییە.

پرسیار: پلاندانان لە شەریعەتدا ئەسڵی هەیە؟

وەڵام: بەڵێ..پێغەمبەر (ﷺ) پلان و نەخشەی هەبوو، خودی شەریعەت، حوکم و پەرستشەکانی، نەخشە و پلانی تێدایە، پێنج نوێژەکە جۆرێکە لە پلاندانان، کاتێ موسڵمان بەیانی بۆ نوێژ لە خەو هەڵدەستێ، دواتر سەعات ١٢ چاوەڕێی نوێژی نیوەڕۆ دەکات و پاشان نوێژەکانی تر هەریەکەیان لە کاتی خۆیدا، ئەمانە هەموی نەخشەن، ژیانی ڕۆژانەی موسڵمان ڕێك دەخات.

هەروەها کاتێ دەزانێ کە نۆی (ذی الحجة) ڕۆژی وەستان لە عەرەفەیە و یەکی شەووال یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە و ١٠ی (ذی الحجة) جەژنی قوربانە و ڕەمەزان مانگی بەڕۆژووبوونە، هەموو ئەمانە سیستمێکی تۆکمەیە و کارێکی هەڕەمەکییانە نییە..

کەواتە شەریعەت لە پەرستشەکاندا هێڵی گشتی بۆ کێشاویت بۆ ئەوەی ژیانت بە شێوەیەکی شەپۆڵو و ناڕێك بەڕێوەنەچێت..ئەمە بۆ ئەوەیە تا کات و تەمەنت لە شتی پووچ بەفیڕۆ نەدەیت.

* هەروەها سەبارەت بە حیسابات داراییی، خوای گەورە بە زەکات ڕێکی خستووە، سالانە دەبێ بڕێکی دیاریکراو لەو پارە و داراییە بدەیت کە هەیتت، ئەوە بەرنامەیەکە خودا بۆ داناویت، ناتوانیت لێی ڕاکەیت..

پێشەنگی چاك

پێغەمبەر (ﷺ) هەمیشە هاوەڵانی بۆ نەخشە و پلاندانان بانگێشت دەکرد، کاتێ پێغەمبەر (معاذ کوڕی جبل)ی نارد بۆ یەمەن و نەخشەیەکی کردەیی پێدا تا لەسەری بڕوات، مەعاز دەڵێ: من لەسەر سوارەکەم بووم و پێغەمبەریش بە تەنیشتمەوە دەڕۆیشت، فەرمووی: (ئەی مەعاز لەوانەیە دوای دیدارە یەکتر نەبینینەوە، تۆ دەچیتە لای خەڵکێك کە ئەهلی کیتابن)..

سەرنجی پێشەکییەکەی پێغەمبەر بدە کە قسە بۆ مەعاز دەکات..

ڕەنگە داوام لێ دەکرێ بچم نێوانی ژن و پیاوێك چاکبکەمەوە، دەبێ بۆ ئەم کارە پلان و نەخشەم هەبێ، بۆ نموونە: لە تەبیانی ژن و پیاوەکە بپرسم و شارەزایان بم..سروشتی ناکۆکییەکەیان چییە؟ نابێ بێ هیچ زانیارییەك لەبارەی کێشەکەیانەوە هەر لە خۆمەوە بڕۆم..

با بگەڕێینەوە سەر بابەتەکەی مەعاز..

پێغەمبەر (ﷺ) بە مەعازی فەرموو: ((يا معاذ انك تأتي اقواما من اهل الكتاب فليكن اول ما تدعوهم اليه شهادة ان لا اله الا الله وان محمدا رسول الله, فان هم اجابوك لذلك, فاعلمهم ان الله اوجب عليهم زكاة تؤخذ من اغنيائهم وترد على فقرائهم)) صحيح رواه البخاري ١٤٩٦ وابو داود ١٥٨٤.

واتا: (تۆ دەچیتە لای خەڵکێك کە ئەهلی کیتابن) واتە مەسیحی و جولەکەن. دەبێ شارەزاییەکی لەم دوو ئایینەدا هەبێ..(یەکەم شت کە بانگیان بۆ دەکەیت: شایەتمانە کە بریتییە لە أشهد أن لا إله إلا الله و أشهد أن محمدا رسول الله، ئەگەر بە دەمتەوە هاتن) بڕۆ بۆ قۆناغی دووەم(پێیان ڕابگەیەنە کە خودا زەکاتێکی لەسەر فەڕز کردوون کە لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێ و دەدرێتەوە بە هەژارەکانیان)صحیح: بخاری و أبو داود گێڕاویانەتەوە.

ئەمە پلانی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، هەموو شت بە بەرنامە و نەخشە و قۆناغبەندی..

* لە ڕزگارکردنی خەیبەردا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((لاعطين الراية غدا رجلا يحب الله ورسوله ويحبه الله ورسوله ,(يقول راوي الحديث: فاستشرف الناس لهذا الشرف, ففي الليل قال النبي: لاعطين الراية غدا رجلا يحب الله ورسوله ويحبه الله ورسوله، فلما اصبح قال ((اين علي بن ابي طالب)).. وعلي بن ابي طالب رضي الله عنه امير المؤمنين كان بطلا. فقيل يشتكي عينيه" فأمر به (ﷺ) فدعي علي بن ابي طالب للنبي (ﷺ) " فلما جاء بصق النبي (ﷺ) في عينيه حتى كان لم يكن به وجع، فأخذ علي رضي الله عنه الراية والسيف وتجهز للخروج.

فقال له الرسول مخططا له ماذا سيصنع" فقال((على رسلك حتى تنزل بساحتهم ثم ادعهم الى الاسلام واخبرهم بما يجب عليهم فوالله لان يهدي بك رجل واحد خير لك من حمر النعم)) صحيح اخرجه البخاري ٢٩٤٢ وابو داود ٢٩٤٢.

واتا: (ئەم ئالآیە دەدەمە کەسێك کە خوا و پێغەمبەری خۆشدەوێت و خوا و پێغەمبەریش ئەویان خۆشدەوێت.)..ڕاوی دەڵێ: خەڵك هەمووی خۆزگەی ئەو

شەرەفەیان دەخواست، کە بەیانی دا پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: کوا عەلیی کوڕی ئەبو تاڵیب؟

گوتیان: چاوی دێشی..پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد عەلی بۆ بێنن و هێنایان، کاتێ هات پێغەمبەر تفی کردە ناو چاوانیەوە و دەمودەست چاکبۆوە..ئیتر عەلی ئاڵاکەی وەرگرت و خۆی ئامادەی شەڕ کرد.

پێغەمبەر (ﷺ) بەرنامەی خۆی هەیە بۆیە پێی فەرموو: (پەلە مەکە تا دەچیتە ناویانەوە، ئەو کات بانگیان بکە بۆ ئیسلام و ئەوەی کە لەسەریان واجبە، سوێند بە خوا ئەگەر بە هۆی تۆوە کەسێك هیدایەت وەربگرێ ئەوا لە حوشتری سوور بۆت باشترە)

مەبەست: موسڵمان دەبێ چاو لە پێغەمبەر بکات و شوێنپێی هەڵبگرێ، دەبێ هەمیشە بەرنامە و نەخشەی بۆ ژیان هەبێ.

ئاماڕجت لە ژیاندا دیاری بکە

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە: ئەگەر مرۆڤ ویستی پلانێك بۆ ژیانی دابنێ، چی بکات باشە؟

وەڵام: پلاندانان دەبێتە چەند بەشێك: پلانی تەمەن..پلانێك بۆ هەموو تەمەنم دادەنێم، چەند ئامانجێکم لە ژیاندا هەیە دەمەوێ بیانهێنمەدی..هەروەها پلانی سااڵنە، مانگانە، هەفتانە و ڕۆژانە..بۆ هێنانەدی ئەمانە پێویستم بە بەرنامەیەکی زەمەنی هەیە.

* بۆ نموونە: کاتێ دەمەوێ پلانێکی سااڵنە دابنێم..کاغەزێك دێنم و ئەو سااڵەی تێدا دەنووسم کە دەمەوێ پلانەکەی تێدا جێبەجێ بکەم: بۆ نموونە(٢٠١٧)..بازنەیەك

لە ناوەڕاستی پەڕەکە دەکێشم و ناوی خۆمی تێدا دەنووسم، لە دەوری بازنەکەدا چەند بازنەیەکی تر دەکێشم، ئەو کار و پڕۆژانەی دەمەوێ لەو ساڵەدا جێبەجێ بکەم یەک یەک لەناو بازنەکانیان دەنووسم بۆ نموونە وەکو: لەبەرکردنی شەش بەشی قورئان، خوێندنەوەی ١٠ کتێب، بەڕۆژوبوونی سێ ڕۆژ لە مانگێکدا کە بە (ألایام البیض) ناسراوە، ئامادەبوونی لە سێ خولی ڕاهێنان..ئەمە لەسەر ئاستی ساڵێک.

پاشان دێم میکانیزمێک بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامە و کارانە دادەنێم.. لەبەرکردنی شەش بەشی قورئان واتە لە هەر مانگێک نیو بەش..نیوبەش دەکاتە ١٠ لاپەڕە، ئەگەر دابەشی بکەیت بەسەر مانگێکدا کە ٣٠ ڕۆژە دەکاتە هەر سێ ڕۆژ لاپەڕەیەک..ئیتر بەم جۆرە..

ئیتر پڕۆژە و کارەکانی تریش بەم شێوەیە دەبێ میکانیزمی جێبەجێکردنیان بۆ دابنێیت.

کەواتە ئەگەر مرۆڤ بیەوێ سەرکەوتوو بێت دەبێ پلانێکی هەبێ لەسەری بڕوات..

کردەوەکان بە پێی نیازی ناو دڵە

مرۆڤ دەتوانێ ئەو ئامانجانەی پلانیان بۆ دادەنێ و ئەو بەرنامەی هەیەتی، لە کارێکی دونیاییەوە بیکات بە کارێکی قیامەتی و بە هۆیەوە پاداشتی لە خودا دەستکەوێ، ئیتر بۆی دەبێتە خواپەرستی، ئەمەش بەوە دەبێ کە لە دڵدا نیاز بگرێ کە ئەم کارەی بۆ خودایە و ئامانجی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی پەروەردگارە.

مرۆڤ دەتوانێ هەوڵدانی بۆ بەدەستهێنانی ڕۆزی بکاتە خواپەرستی..تۆپانێ بکاتە خواپەرستی.. مەلەوانی بکاتە خواپەرستی..هەموو ئەمانە تەنها بە نیازی دڵ کە بۆ خوا بێت دێتەدی..هەروەک گوتراوە: تەنها بە نییەت و نیازی ناو دڵ، عادات دەبنە عیبادەت.

زەید فێری عیبری دەبێ

پێغەمبەر (ﷺ) هەمیشە بۆ ئەوە تێدەکۆشا تاکوو هاوەڵانی هیممەتی بەرزییان هەبێ.

زۆر جار لە لایەن جولەکەوە نامە و پەیام بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دەهات، ئەویش چونکە نەخوێندەوار نەیدەزانی بیانخوێنێتەوە بۆیە بە هاوەڵەکانی دەگوت بۆی بخوێننەوە ئەوانیش دەیانگوت: سوێند بە خوا لێی تێ ناگەین و ناتوانین بیانخوێنینەوە چونکە بە زمانی عیبری نووسراوە..بۆیە جولەکەکانی مەدینە دەهاتن بۆ پێغەمبەریان (ﷺ) دەخوێندەوە..پێغەمبەر حەزی دەکرد موسڵمانان بتوانن و بزانن بیانخوێننەوە نەوەك ئەو جولەکانە دەسکاری ناوەڕۆکی نامەکان بکەن یاخود بەدروستی بۆی تەرجەمە نەکەن..

بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) داوای لە زەید کرد بچێت فێری زمانی عیبری ببێت و پێی گوت: زەید بڕۆ فێری زمانی یەهود ببە چونکە من متمانەیان پێ ناکەم..

زەید چوو و توانی لە ماوەی تەنها حەڤدە ڕۆژدا فێری زمانی عیبری بوو.

ڕەنگە فێربوونی زمانی عیبریی جولەکەکان بۆ زەید ئاسان بووبێت چونکە لە مەدینە پێکەوە دەژیان و دراوسێی یەکتربوون و لە بازاڕ و کاروباردا تێکەڵی یەکتر بوون، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە زەید خاوەن توانا و زیرەکایەتییەکی زۆر نەبووە..

ئێستا دەبینین زۆر کەس بۆ خوێندن دەچێتە دەرەوە و ساڵێك دەمێنێتەوە، کە دێتەوە و لە واتای چەند وشەیەکی بیانی لێ دەپرسی دەبینی شتێکی ئەوتۆ

فێرنـەبووە، بۆچی؟..چـونکە زۆربـەی کـاتی لـەوێ لـە ڕابـواردن و دەگ و ڕەقـس بەسەربردووە.

مەبەست: پێغەمبەر (ﷺ) لە کارەکانیدا جیددی و خـەمخۆر بـووە و بـۆ هـەموو شت بەرنامە و پلانی هەبووە..زمانی عیـبری نـازانێ و لـە هـاوەڵانیش کـەس نـایزانێ. چارەسـەر چییە؟..دەسـتەوئەژنۆ دانیشـن و هـەر ئـەوان نووسـراو و نامـەکانیان بخوێننەوە و ئاگایان لـە هـەموو نهێنییـەکی پێغەمبـەر (ﷺ) بێت؟!..نا..چارەسـەر ئەوەبوو زەیدی نارد و فێری زمانەکەیان بوو و کێشەکە چارەسەر بوو..

ئەمەش جۆرێکە لە نەخشە و بەرنامە و دەبێ بەرپرس خەمی لێ بخوات..

پرس و ڕاوێژ پێویستە

پرسیار: کەسێك کە نەخشە و پلان بۆ ژیانی دادەنێ، دەکرێ پرس و ڕاوێژ بکات؟

وەڵام: هەندێ کات کەس هەیە ئامانجی ناواقیعی و نادروست دادەنێ، بـۆ نموونـە دەڵـێ: ئامـانجم لـە مـاوەی دوو سـاڵدا ببمـە پزیشـك..ئەمە ئامـانجێکی ناواقیعییـە و ناتوانێ بەدی بێنێ..بەر لەوەی باس لەم ئامانجە بکەیت ڕاوێژ بکە.

یـەکێکی تـر دەڵـێ: دەمـەوێ لـە مـاوەی سـاڵ و نیوێکـدا ببمـە چاکسـازێکی کۆمەڵایـەتی.. سروشـتی ئـەو بـە کـەڵکی بـوون بـە چاکسـازی کۆمەڵایـەتی نایـەت.. بنـەماکانی بـوون بـە چاکسـازی تێـدا نییـە وەکـو: زمـانێکی پـاراو، پەسـندکردنی کۆمەڵایەتی لەلایەن خەڵکەوە، سیفاتەکانی هەونین..ڕەنگە بۆ ئەوە شیاو بێـت ببێـت بـە ڕاهێنـەرێك لـە خولـەکانی ڕاهێنـان یـان بـۆ بـواری پزیشـکایەتی بـاش بێـت یـان ئەندازیاری..

ئەمەش عەیب و نەنگی نییە تێیدا، ڕەنگە ئەو بۆ ئەم بوارە شیاو نەبێ و بۆ بوارێکی تر زۆر شیاو بێت..بۆیە وا چاکە بۆ هەر کارێك لە کەسێکی شارەزاتر بپرسێ و ڕاوێژی پێ بکات.

یان یەکێکی تر دەیەوێ فێری زمانی ئینگلیزی ببێت و دەڵێ: دەچمە فلان وڵات تا لەوێ فێری زمانەکەیان ببم..

لە کەسێکی شارەزا دەپرسێ..پێی دەڵێ: نا..مەچووە ئەم وڵاتە چونکە زمانەکەیان لاوازە و ڕەوان نییە..بڕۆ فلان وڵات زمانەکەیان خاوێنە و خەرجیی ژیانیش هەرزانە..

کەواتە هەر کات ویستت نەخشە و پلانت بۆ کارێك هەبێ ڕاوێژ و پرس بە کەسی شارەزا بکە.

ئەگەر ڕاوێژی کرد و بۆچوونی شارەزاکانی وەرگرت ئەوا ئەو کات لەو کێشانە دوور دەبێت کە ڕەنگە لە کاتی جێبەجێکردنی بەرنامە و پلانەکەی بهێنە ڕێی.

پابەندی نیازی ناو دڵ بە

پرسیار: پلاندانان پاداشتی لەلای خودا هەیە، یان ئەگەر پلانی نەبوو گوناهبار دەبێ؟

وەڵام: پێغەمبەر دەفەرموێ: ((لن تزول قدم عبد يوم القيامة حتى يسأل عن اربع" عن عمره فيما افناه وعن شبابه فيما ابلاه..)) صحيح اخرجه البيهقي في شعب الايمان ١٧٨٥ وصححه الالباني في صحيح الترغيب والترهيب ٣٥٩٣.

واتا: (لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا لە دواڕۆژ قاچی هیچ کەسێك لە شوێنی خۆی ناجووڵێت تا لە چوار شت پرسیاری لێ نەکرێ: لە تەمەنی لە چی بەسەربردووە، لە سەردەمی گەنجێتی لە چی ڕابواردووە..)

* چەند جوانە لەگەڵ کەسێکی بەتەمەن دابنیشیت و لێی بپرسیت: ئەو کاتەی لە تەمەنی ئێستای منداڵ بووییت — ١٨ ساڵ، ٢٠ ساڵ، ٢٥ ساڵ، ٣٠ ساڵ — ئەو ئامانجانە چی بوون کە دەتویست بیانهێنیەدی؟

ڕەنگە بڵێیت: خۆزگەم دەخواست لە تەمەنی ٢٠ ساڵ هاوسەرگیرییم کردبایە نەك لە ٣٠ ساڵیدا..

بۆچی؟؟

دەڵێ: بۆ ئەوەی ئێستا منداڵەکانم گەورە بوونایە و هاوکاری و کۆمەکییان کردبام، من درەنگ هاوسەرگیریم کرد.

دەڵێیت: کەواتە من زوو ژن دێنم..

هەروەها لێی دەپرسیت: جگە لە هاوسەرگیری خۆزگەی چیدیکەت دەخواست؟

دەڵێ: حەزم لە وتاربێژی بوو بەڵام بایەخم بە خۆم نەدا و پەرەم بە تواناکانم نەدا..

ئیمام تەبەری

* چەند جوانە ئەگەر تۆ بتەوێ بەرنامە و پلان بۆ دابنێیت سەیری ئەوانەی پێش خۆت بکەیت، بزانیت چۆن بەرنامە و پڕۆژەیان هەبووە..

ئیمام الطبری ویستی بەرنامە و نەخشەیەك دابنێت، ڕۆژێکیان بە قوتابییەکانی گوت: دەتوانن مێژوویەك بنووسنەوە؟ گوتیان: لە کەیەوە؟ گوتی: لە ئادەمەوە تا ئەمڕۆ..گوتیان: چەند لاپەڕە بێت؟ گوتی: ٣٠ هەزار لاپەڕە..گوتیان: هەموو تەمەنمان تەواو دەبێ و ئەو هەر تەواو نابێ..

لە حەوت هەزار لاپەڕەدا بۆی کورت کردنەوە..کە تەواو بوو گوتی: دەتوانن تەفسیرێکی قورئان بنووسنەوە؟ گوتیان: لە کوێوە؟ گوتی: لە البقرەوە تا الناس..گوتیان: چەند لاپەڕە بێت؟ گوتی: ٣٠ هەزار لاپەڕە..گوتیان: ئەوە بە کێ دەکرێ، هەموو تەمەنمان تەواو دەبێ و ئەو تەواو نابێ..

لە حەوت هەزار لاپەڕەدا بۆی کورتکردنەوە..

ئەمەیە پلان و نەخشە، ئەگەر کەسە سەرکەوتووەکان بەرنامە و پلانیان نەبووایە ئێستا هیچ بەرهەمێکی ماددی و مەعنەوی نەدەبوو.

بيْباوك

﴿فَأَمَّا الْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ﴾

بێباوك

بابەتەکەمان بە شتێك لەبارەی ژیاننامە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەست پێ دەکەین..

پێگەیشتنی پێغەمبەر (ﷺ)

هەموومان دەزانین پێغەمبەر (ﷺ) بە بێباوکی گەورە بووە، لە سکی دایکی بووە کە بابی مردووە، عەرەبی پێشین بۆ ئەوەی منداڵیان تەندروست و زمانپاراوبێت لە ژینگەی شاراوە دەیاننارده ژینگەی بیابان و دەیاندایە ژنێك تا شیری بداتێ..چونکە شاری مەککە هەموو جۆرە کەسێکی دەهاتێ بۆیە زمانیان وەکو خەڵکی بیابان ساغ و خاوێن نەبوو بۆیە خەڵکی شار بۆ ماوەی چەند ساڵێك منداڵەکانیان دەنارده بیابان..

(حلیمه السعدیه) و پیاوەکە و کۆمەڵە ژنێکی تر دێن بۆ مەککە بۆ ئەوەی یەکێ منداڵێك ببەنەوە و بەخێوی بکەن و لە بەرانبەردا شتێکیان دەست بکەوێ..

هەر ژنێك دەهات و تەماشای پێغەمبەریان دەکرد کە منداڵێکی ساوای بێباوك بوو دەیانپرسی: کوا باوکی ئەمە؟؟ کە دەیانزانی بێباوکە پشتیان تێ دەکرد و نەیاندەبرد، چونکە دەیانویست بابی هەبووایە تاوەکو کرێی باشیان چنگ بکەوێ..

حلیمه السعدیه هیچ منداڵێکی دەست نەکەوت، بۆیە بەناچاری و بۆئەوەی بە دەسبەتاڵی نەگەڕێتەوە پێغەمبەری بردەوە..کە هاتن بۆ مەککە کەڕێکی نەخۆش و لاوازیان پێبوو..کاتێ پێغەمبەریان بردەوە لە ڕێگا کەرەکە ئەوەندە گورج و خێرا

دەڕۆیی هەموو هاوڕێکانی بەجێهێشت، کە گەڕایەوە مالێ مەڕەکانی قەڵەو بوون و گوانەکانیان پڕبوون لە شیر..

دوای دوو ساڵ پێغەمبەری بردەوە بۆ دایکی بەڵام چونکە بە هۆی بوونی پێغەمبەرەوە لە ماڵەکەی ئەوە خێر و بەرەکەتی خودا بەسەریدا باری بوو بۆیە داوای لە ئامینەی دایکی پێغەمبەر کرد دوو ساڵی تریشی لەلا بهێڵێتەوە.

پاشان پێغەمبەر گەڕایەوە لای دایکی و هێندەی نەبرد دایکیشی مرد، ئیتر بێ دایك و بێ باب مایەوە، ئەوەندە لە کن دایکیشی نەبوو، چونکە چوار ساڵ لای حلیمە السعدیە بوو..ئینجا کەوتە لای باپیری..زۆری نەبرد ئەویش مرد، ئیتر مامی بەخێوکردنی گرتە ئەستۆ..

ئەمە ژیانی منداڵی و سەرەتای پێغەمبەر بوو، بە بێباوکی لەدایك بوو، بۆیە لە قورئان باسی دەکات و پێی دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَى (٦) وَوَجَدَكَ ضَالًّا فَهَدَى (٧) وَوَجَدَكَ عَائِلًا فَأَغْنَى (٨)﴾(الضحى: ٥-٨)..

بە بەخششەکانی خودا مامەڵە لەگەڵ قەدەری خوادا بکە

بێباوکی نە کەموکورتییە نە نەنگی، هەندێ کەس هەیە شەرم لە بێبابی خۆی دەکات و وا هەست دەکات داماو و هەژارە و هەموو خەڵك بابیان هەیە ئەو نەبێت..بێباوکی لە ژیانی مرۆڤدا پەککەوتەیی نییە، چەندان کەسی سەرکەوتوو هەن و کاریگەری و جێدەستیان بە ژیانەوە دیارە لەگەڵ ئەوەشدا بێباوك بوون.

* ئەفسەرێك دەناسم کە ئێستا پلەیەکی سەربازیی بالای هەیە، باسی ژیانی خۆی بۆ کردم و گوتی:

گچکه بووم دایکم مرد، بابم کەسێکی بێباك و ئیهمال بوو، ژنێکی تری هێنا، ئەو زڕدایکه زۆر لەگەڵم تووندوتیژ بوو، بابم زۆر قرچۆك و ڕەزیل بوو، هیچی نەدەدامێ، منیش سووربووم لەسەر ئەوەی بخوێنم، زڕدایکم بەیانیان تەنها نیو ئەستورکی دەدامێ کە دەبوایە تا ئێوارە بەشم بکات..جاری وا هەبوو نانی بەیانیشم نەدەخوارد..هەندێ پارەم پاشەکەوت کرد دوو مریشکم پێ کڕی، نیوەی نیو کولێرەکەم دەدایە مریشکەکان تاوەکو هێلکە بکەن، هێلکەکانم دەفرۆشت و قەڵەم و دەفتەرم پێ دەکڕین..بەم جۆرە خۆم پێگەیاند..

تەماشاکە بە چ جۆرێك ژیانی بەڕێکردووە؟! لەگەڵ ئەوەشدا توانی جێپەنجەی بەسەر ژیانەوە هەبێ..بێباوکی عەیب نییە، عەیب ئەوەیە نەتوانی مامەڵە لەگەڵ ئەم بێباوکییەت بکەیت.

نیعمەتەکانی خودا بەسەرتەوە ببینە

ئەی بێباوك: تۆ چاو و گوێت و زمانت هەیە، بێباوکبوونت قەدەری خودایە بەرگەی بگرە و هەوڵدە و کۆشش بکە بۆ ئەوەی بوونی خۆت بسەلمێنی.

بزانە زۆر کەس هەیە دایك و باوکیشی هەن و بەڵام بە هۆی ئەوەی چ کاریگەرییەکیان بۆ سەر ژیانی نییە هەتیو حیسابن.

هەندێ منداڵ هەن بە هۆی بێباکی و ئیهمالیی دایك و باوکیان لە ڕووی پەروەردەو چاودێرییەوە وەکو بێباوك وان..هەندێك منداڵ هەن خزمەتکار یان شوفێری ماڵ پەروەردەی دەکەن، هەندێ جار ئەوانیش نا بەڵکو خۆیان خۆیان پەروەردە دەکەن.

مەبەست: بێباوکی عەیب نییە و نابێ مرۆڤ بە عەیبی تێ بگات..چونکە کاتێ مرۆڤ وا هەستی کرد کە تەنها بێباوکبوونی واتە فاشیلبوون لە ژیان واتای ئەوەیە ئەو کەسێکی ناکارا و بێ کاریگەرییە و ئەو لە کەسانی تر کەمتر و لە خوارترە..لە هەر

کارێکدا شکست بێنێ لە دەروونی خۆیدا دەڵێ: ئەوە بۆیە شکستم هێنا چونکە بێباوکم.

ئەگەر لە قوتابخانە نازیرەک بێت دەڵێ: ئەگەر بابم هەبوایە و بایەخی پێمدابایە وەزعم باشتر دەبوو..ئەگەر کەسێک لێیدا و ئەویش ترسنۆکانە وەڵامی نەبوو دەڵێ: ئەگەر باوکم هەبوایە بەهێز دەبووم..ئیتر لە هەموو شتەکانی تریش بەم شێوەیە پێدا دەچێ..

کەواتە نابێ بێباوکی ببێتە بیانوو بۆ شکست و فاشیلبوون لە ژیان..چەندان کەس هەبوون بێ باب و دایک بوون و زۆریش سەرکەوتوو بوون لە ژیاندا.

ئەوە موسا پێغەمبەر هیچ باسێک لەبارەی باوکیەوە نییە و دایکیشی تەنها لە کاتی شیرپێدانی باسی هەیە کەچی پووبەپووی گەورەترین ستەمکار بۆوە و بە کۆمەکیی خودا لەناوی برد و گەلەکەی لە دەستی ڕزگار کرد.

پێغەمبەری (ﷺ) خۆمان بێ باب و دایک پەروەردە بوو، کەچی چۆن گۆڕانکارییەکی ئەنجامدا..

کەواتە عەیب لە بێباوکیدا نییە عەیب لەوەدایە مرۆڤ خۆی زەلیل بکات و بڵێ: من هەتیوم و هیچم لەدەست نایەت.

بەخێوەکەری بێباوک

پرسیار: پاداشتی دەستەبەری و بەخێوکردنی هەتیو چییە و ئایا دروستە وەکو جۆرێک لە دەستەبەری، هەتیو بکەیتە منداڵی خۆت؟

وەڵام: ئەگەر منداڵێک دایک و باوکی دیار نەبوو، کەسێکیش هات هەردووکیانی بەخێوکرد و پەروەردەی کردن ئەوا بێگومان پاداشتی بۆ هەیە، پێغەمبەر (ﷺ)

دەفەرموێ: ((انا وكافل اليتيم كهاتين في الجنة)) وقرن (ﷺ) بين السبابة والوسطى. صحيح رواه البخاري ٦٠٠٥ و ابو داود ٥١٥٠.

واتا: (من و بەخێوکەری هەتیو لە بەهەشتدا ئاواین: پەنجەی شایەتمان (دۆشاومژە) و ناوەڕاستی پێکەوە نووساند) واتە بەخێوکەری هەتیو لە بەهەشت لەگەڵ پێغەمبەردایە..

هاوەڵێك هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) و کێشەی دڵڕەقی هەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) پێی گوت: ((امسح رأس اليتيم)) حسن: اخرجه الطبراني في مكارم الاخلاق ١٠٦ وحسنه الالباني في صحيح الجامع ١٤١٠.

واتا: (دەست بە سەری هەتیودا بهێنە).

واتە دەسهێنان بە سەری بێباوکدا دڵ نەرم دەکات و سۆز و بەزەیی تێدا دەبزوێنێ.

خاڵێکی گرنگ: کە باسی هەتیو دەکەین مەبەستمان لە منداڵی خوار پازدە ساڵیە چونکە لە پازدە ساڵ بەسەرەوە منداڵ لە هەتیوی دەکەوێ، پێغەمبەر دەفەرموێ: (دوای پێگەیشتن و شەیتانی بوون، هەتیوی نامێنێ)صحيح: أبو داود گێڕاویەتییەوە. ئیتر لەم تەمەن بەدواوە حوکمی هەتیویشی بەسەردا جێبەجێ نابێ.

* سەبارەت بە کردنی هەتیو بە منداڵی خۆت: ئەگەر هەتیوێکت هەڵگرتەوە کە دایك و باوکی دیار نییە دەتوانم بیکەمە منداڵی خۆم؟

وەڵامی ڕوونی ئەم بابەتە لە قورئانی پیرۆزدایە: ﴿ادْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِنْدَ اللَّهِ فَإِنْ لَمْ تَعْلَمُوا آبَاءَهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ وَمَوَالِيكُمْ وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُمْ بِهِ﴾ (الاحزاب: ٥)..

ئەگەر دایك و باوکیان دیار نەبوو دەبنە برا و خوشکت..

کەواتە: دروست نییە بیانکەیتە منداڵی خۆت، چونکە ئەگەر بیانکەیتە منداڵی خۆت ئەوا وەکو منداڵەکانی خۆتیان لێ دێت، تێکەڵبوون لەگەڵ دایک و خوشکەکان و بەتەنهابوون لەگەڵیان و چەندان بابەتی تری پەیوەست بە مەحرەمەکان..

کەواتە چونکە دایک و باوکی دیار نییە ناوێکی گشتی لێ دەنێیت بۆ نموونە: عبدالله کوڕی عبدالرحمان..بەڵام نابێ ناوی تۆ هەڵبگرێ چونکە لە تۆ نەبووە، کردنی بە منداڵی خۆت دروست نییە بەڵام دەتوانی وەکو بێباوکێک بەخێو و پەروەردەی بکەیت.

بابەتی برا و خوشکی شیری

ئەگەر هاوسەرەکەم شیری دا بە کوڕێک ئەوا دەبێتە برای منداڵەکانم و دەبێتە مەحرەم..

پرسیار: بەڵام ئەدی ئەگەر مەمکی دایکەکەی نەگرت چۆن دەبێتە برای شیری؟

وەڵام: لەم حاڵەدا دروستە ژنەکە شیرەکەی خۆی بۆ بکاتە ناو مەمەشیرێک و بیداتە منداڵەکە بە جۆرێک پێنج جار بەتێری لێی بخوات..چەند چرکەیەک بیخاتە دەمی و لێی بکاتەوە، دووبارە بیخاتە دەمی و لێی بکاتەوە تا پێنج شەش جار..

هەندێ لە زانایان دەڵێن: مەبەست لە پێنج جار ئەوەیە کە بەتێری لێی بخوات. هەر جارێک شیری دەداتێ دەبێ تێر بخوات و خۆی شیرەکە بەربدات..ئەو کات دەبێتە منداڵی شیری.

هەندێ زانای تر دەڵێن: ئەگەر منداڵەکە مەمکی ژنەکەی گرت پاشان بۆ هەناسەدان بەریدا ئەوە بە جارێک حیسابە..ئەگەر دووبارە گرتیەوە و بەری دایەوە ئەوە دەبێتە دوو جار..ئیتر بەم شێوەیە تا دەبێتە پێنج جار و منداڵەکە دەبێتە منداڵی شیری..

حوکمی میراتی بەمندالّ دانراو و مندالّی شیری

پرسیار: ئەگەر کەسێك منداڵێکی کردە ئی خۆی ئایا لە میرات بەشی دەبێ؟

وەڵام: بەپێی ئەوەی خودا لە قورئان دیاری کردووە میراتی نابێ، خوای گەورە جۆرەکانی میراتی ڕوون کردۆتەوە: ﴿يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ..﴾(النساء: ١١) تا کۆتاییی ئایەتەکانی میرات..

مەبەست ئەوەیە کە میراتگر دەبێ مندالّی ڕاستەقینەی خۆت بێت، ئەگەر چوار منداڵم هەبێ (ئەحمەد و عەبدوڵڵا و خالید و حوسێن)، کوڕێکیشم لایە کوڕم نییە بەڵکو بەهۆی شیرپێدانی ژنەکەمەوە بۆتە کوڕم، یان هەتیوێکە و بەخێوم کردووە، ئەگەر یەك ملیۆن دینار میراتم هەبێ ئەوا تەنها چوار کوڕەکەم دەیبەن و ئەوان شایستەی میراتەکەن.

تێبینی: دەتوانم بە سێیەکی میراتەکەم وەسیەت بکەم و بڵێم سێیەکی میراتەکەم بخەنە ناو مزگەوتەوە..بەڵام ناتوانم بڵێم هەموو میراتەکەم بخەنە مزگەوتەوە..ئەمە لە ڕووی شەرعەوە دروست نییە چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((الثلث والثلث كثير)) صحيح: رواه البخاري ٢٧٤٣ ومسلم ١٦٢٨.

واتا: (هەر مافی سێیەکت هەیە، سێیەکیش زۆرە).

هەروەها ناتوانم هیچ بڕێکیش بۆ میراتگرەکانم دانێم و بڵێم: ملیۆنەکم هەیە و ٥٠٠ هەزاری بۆ عەبدوڵڵا دانێن و نیوەکەی تر بەسەر براکانی تری دابەشکەن..ئەمە دروست نییە چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((لا وصيّة لوارث)) صحيح: اخرجه ابن ماجه ٢٧١٤ وصححه الالباني في صحيح الجامع ٧٥٧٠.

واتا: (نابێ وەسییەت بۆ میراتگر بکرێ).

ئەو سێیەکەش کە شەرع پێی پێداوە، خاوەن میرات دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی دابەشی بکات بۆ نموونە: لە ملیۆنەک دەکاتە نزیکەی ٣٣٠ هەزار، دەتوانێ بڵێ: سەت هەزاری بدەنە خزمەتکارەکەم، ٥٠ هەزاری بدەنە فلان هاوڕێم، ٥٠ هەزاری تری بدەنە فلان کەس..ئیتر بەم شێوەیە..

کەس تاوانی کەس هەڵناگرێ

پرسیار: ئەگەر دەستەبەری هەتیوێك یان منداڵێکی دایك و باوك نادیارم کرد پێویست دەکات پێی بڵێم کە ئەو منداڵی من نییە؟

وەڵام: لە ڕووی شەرعەوە لەسەرت پێویست نییە پێی بڵێیت، بەڵام دواتر خۆی دەزانێ چونکە ناوی باوکی جیاوازە..

کە گەورە بوو خۆت ئازادیت پێی دەڵێیت یان نا..

منداڵی دایك و باوك نادیار نابێ تاوانی هەڵەی کەسانی تری بخرێتە ئەستۆ. ئەوەی کە بە ڕێگایەکی ناشەرعی هاتووە واتای ئەوە نییە کەسێکی خراپ و فاشیلە لە ژیان.

نابێ بە چاوێکی کەم و سووك سەیری بکەین، ئەمە هەڵەی ئەو ژن و پیاوەیە کە لە ڕێی پەیوەندیی ناشەرعییەوە ئەویان هێناوەتە بوون..ئەو هیچ تاوانێکی نییە و هەموو مافێکی لە ژیاندا هەیە و ڕەنگە لە دواڕۆژیش ببێتە کەسێکی دیار و خزمەتگوزار..

تـوندوتـيژيى نـێوان هـاوسەران

﴿خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾

تووندوتیژیی نێوان هاوسەران

لە قسەکردن لەبارەی ئەم بابەتەوە دوودڵ بووم، لەبەرئەوەی هەندێ ژن کە دەیخوێننەوە وا گومان دەبەن کە هاندانی پیاوە بۆ لێدانی ژن، بەڵام من بۆ ئەوە باسی ئەم بابەتەم نەکردووە تا هانی پیاوان بدەم تووندوتیژی بەرامبەر ژنەکانیان بەکاربێنن، بەڵکو مەبەستم تەنها ڕوونکردنەوەی لایەنی شەرعیی بابەتەکەیە.

تووندوتیژیی نێوان هاوسەران کێشەیەکی جیهانییە

کە باسی تووندوتیژیی نێوان هاوسەران دەکەین مەبەست لێی تەنها لێدان پیاو نییە لە ژن، بەڵکو جاری وا هەیە ژنیش لە پیاو دەدات، هەندێ پیاو پەیوەندییان پێوە کردووم سکاڵای ئەوە دەکەن کە ژنەکانیان لێیان دەدەن.

هەندێ ژن هەن لە پیاوەکانیان زڵترن، من دڵنیام ئەگەر زۆرانبازی بکەن ژنەکە پیاوەکەی لە زەوی دەدات و ئەگەر بیەوێ دەتوانێ بشیکوژێ.

هەندێ ڕاپۆرتم خوێندۆتەوە، شتی سەیرم تێدا بینیوە:

* لە ئەمریکا ٣٠ لە ١٠٠ی ژنان لەلایەن پیاوەکانیانەوە ڕووبەڕووی تووندوتیژیی جەستەیی دەبنەوە،وەکو: لێدان، بەستنەوە..هیتر..پیاوەکەی بە شووشە ئارەق یان بە شتێکی تر لێی دەدات..

* لە فەرەنسا ٩٥ لە ١٠٠ی ژنان لەلایەن پیاوەکانیانەوە ڕووبەڕووی تووندوتیژیی جەستەیی دەبنەوە..

* لە ژاپۆن ڕاپۆرتێکم خوێندەوە: ژنێك پیاوە ٣٠ ساڵییەکەی لە شیرینی خەودا بە لێدانی شووشەئارەقێك لە سەری کوشت، پاشان جەستەکەی پارچە پارچە کرد و خستیە ناو چەند کیسەیەك و بردیە دەرەوە، هەر پارچەیەکی خستە ناو حاویەیەك،

سەر، دەست، قاچ..هەر پەلێك بۆ ناو حاویەیەك..كە گیرا لێیان پرسی: بۆ ئەوەت لێكرد..گوتی: زۆر لێی دەدام..منیش ناچار بووم بەم جۆرە تۆڵەی لێ بكەمەوە.

* سالانە چەندان كۆنگرە و كۆبوونەوە لەبارەی توندوتیژیی پیاو بەرامبەر ژن دەبەسترێ..بێگومان توندوتیژیی پیاو بەرامبەر ژن زیاترە لە هی ژن بەرامبەر پیاو..ئەوەی منیش باسم كرد مەبەستم لێی پوودانیەتی ئەگەر بە ڕێژەیەكی كەمتریش بێت..

لەبەرئەوەی سروشتی جەستەی پیاو لە هی ژن بەهێزترە، بەڵام ژن لە ڕووی هەستوسۆزەوە بەهێزترە و جەستەی لاوازترە..بۆیە پیاو بە لێدان ژنەكەی تەمبێ دەكات بەڵام ژن بە هەستوسۆز, بۆ نموونە بە گریان..پیاو بە هاتوهاوار و توندوتیژی خواستەكانی جێبەجێ دەكات بەڵام ژن بە هەستوسۆز..ڕەنگە هەندێ كات هەستوسۆزی ژن لە لێدانی شمشێر لەسەر پیاوان كاریگەرتر بێت..هەستوسۆز چەكی كاریگەری ژنانە و خودا پێی بەخشیون.

دەستدرێژیكردنە سەر ژن كێشەیەكی كۆنە

ئایا پێش هاتنی ئایینی ئیسلام، عەرەب لە ژنیان دەدا؟

من باسی لێدانی ژنان لە لای فەرەنسایی, یان ئەمریكایی و بەریتانیاییەكان ناكەم, چونكە من قسەكانم ئاراستەی ئەوان ناكەم، من بە شێوەیەكی گشتی ڕووی دەمم دەكەم برا موسڵمانەكانم.

*لە سەردەمی نەفامیدا، تەنها هەر لێدان نەبوو بەڵكو جۆرەها سووكایەتی بە ژن هەبوو، پیاو ژنەكەی یان كەنیزەكەكەی دەكوشت، كەسیش موحاسەبە یان سەركۆنەی نەدەكرد و پێی نەدەگوت: بۆچی كوشتت؟

کابرایەك کەنیزەکێکی هەبوو زۆری خۆشدەویست، غیرەشی بەرامبەری زۆر بوو، ڕۆژێك بینی بەندەیەك تەماشای دەکات، تووڕە بوو چۆن دەبێ کەسێك تەماشای کەنیزەکەکەی من بکات؟! کەنیزەکەکەی دایە بەر شمشێران و کوشتی..پاشان پەشیمان بۆوە و لە کن جەستەکەی هەڵتروشکا و دەستی بە گریان کرد و ئەم شیعری بەسەردا گوت:

یـا طلعة طلع الحمـــام علیهـا	فروی لهـا ثمر الـروی بیدیها
رویت من دمهـا الثری ولطالما	روی الهوی شفتي من شفتیها
واجلت سیفي في مجـال خناقها	ومدامعي تجـري علـی خدیها
مـا کـــان قتلیها لاني لـم اکن	ابکي اذا سقـط الغبـــار علیها
لکن بخلت علی سـواي بحسنها	وانفت مـــن نظر الغـلام الیها

بێگومـان ئەمـە کـارێکی ناڕەوایـە و شـەرع ڕێـی پـێ نـەداوە، خـوای گـەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ﴾(الانعام: ١٥١) هـەروەها دەفەرمووێت: ﴿وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا﴾(النساء: ٩٣)..

هەر کەسێك لەسەر ڕێیازی خودا بڕوات سەرفراز دەبێت

ڕوودانی کێشە و گرفت لەنێوان ژن و پیاو شتێکی ئاساییە، جا ئـەو ژن و پیـاو هاوسەر بن یان خوشك و برا یان باوك و کچ، ئەوەش بە هۆی بەردەوامی پەیوەندییان پێکەوە، لەوانەیە یەکێك لەویتریان بدات. لەبەرئەوەی زۆربـەی ناکۆکییـەکان لـەنێوان ژن و مێرد ڕوودەدەن بۆیە باسی کەمێك لە چارەسەری ئەم گرفتانە دەکەم.

پرسیار: حوکمی دەسدرێژی پیاو بۆ سەر ژن یان ژن بۆ سەر پیاو چییە؟

وەڵام: سەبارەت بە لێدانی پیاو لەلایەن ژنەوە باسم کرد کە کەمە بۆیە زۆر باسی ناکەم بەڵام ئەوەی زۆر پووەدات لێدانی ژنە لەلایەن پیاوەوە بۆیە زیاتر باسی دەکەم. چەند جۆرە تەمبێکارییەك هەیە کە خودا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵەکانی نێوان هاوسەران داینـاوە.

کاتێ خودا باسی ناکۆکییەکانی نێوان هاوسەران دەکات سێ ڕێگای داناوە بۆ ئەوەی پیاو هەڵسوکەوت لەگەڵ هەڵەکانی ژن بکات کە دوا ڕێگا لێدانە: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاللَّاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ﴾واتە: ئەو ژنانەی دەتبێزن، یان دەترسی بەگوێت نەکەن، ژیانت لەگەڵیان ئاسوودە نییە، سەرپێچی دەکەن..سێ ڕێگا هەیە بۆ چارەسەر: ﴿فَعِظُوهُنَّ﴾ ئامۆژگارییان بکەن، پێیان بڵێن: ئەم کارەت هەڵەیە، دروست نییە، لەخوا بترسە..خودا داوای لێکردوویت چاك بیت لەگەڵم..

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((لو كنت آمرا احدا ان يسجد لاحد لامرت الزوجة ان تسجد لزوجها)) صحيح اخرجه الترمذي ١١٥٩ وابن ماجه ١٨٢٥ وصححه الالباني في صحيح الجامع ٥٢٩٤.

واتا: (ئەگەر فەرمانم کردبایە کەسێك بۆ کەسێکی تر کرنووش ببات فەرمانم بە ژن دەکرد کرنووش بۆ میردەکەی ببات).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾(الروم: ٢١)..ژن و میرد دەبێ بۆ یەکتر لانە و ئارامگا بن. خۆشەویستی و ئەوین هەبێ لەنێوانیاندا..کوا من ئەوەم لە تۆوە دەست ناکەوێ..

ئیتر لەم جۆرە ئامۆژگارییانە بەنەرم و نیانی چەندی دەتوانی و دەزانی بیکە..جارێك دوان سیان ..دە جار..نابێ بێ ئیزنی من لە مالێ دەرچیت..من لە کار دێمەوە ماندوو کەچی تۆ هێشتا نانت حازر نەکردووە..ڕێگای یەکەم و قۆناغی یەکەم

ئامۆژگارییە..ئەگەر سوودی نەبوو دەچیتە سەر ڕێگای دووەم و قۆناغی دووەم کە بریتییە لە:

﴿وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ﴾ پشتی تێ بکە، قسەی لەگەڵدا مەکە، وەڵامی پرسیارەکانی مەدەوە مەگەر زۆر پێویست بێت، لەگەڵ مەنوو، لە ژوورێکی تر بخەوە..ئەمەش هەڵوێستێکە لەوەی کە لێت ناڕازیم و تووڕەم..ئەگەر ئەمەش سوودی نەبوو، قۆناغی سێیەمی چارەسەر دێتە پێشەوە کە بریتییە لە:

﴿وَاضْرِبُوهُنَّ﴾لێیاندەن بەڵام بە مەرجێك لێدانەکە سەخت و توند نەبێ و لە دەموچاویش نەبێ.. چونکە نەك هەر بۆ ژن بۆ هیچ مرۆڤێك نییە لە دەموچاوی بدەیت تەنانەت ئاژەڵیش نابێ لە ڕووی بدرێت.

ڕێکارەکانی تەمێکردنی بە لێدان

نابێ لێدانەکە توند و قورس بێت بە جۆرێك پەکی بخات..

هەندێ زانا دەڵێن: بەسیواك لێی بدات، نەك بە شووشە و قاپ و چەقۆ لێی بدات..

مەبەست لەو لێدانە ئازاردان نییە بەڵکو ئاگادارکردنەوەیە، پەیامێکی بۆ دەنێریت: سەبرم نەما، ناتوانم لەمە زیاتر بەرگە بگرم..ئیتر بەسە، وەرەوە سەرخۆت..چیتر لێت قەبوولّ ناکەم.

نابێ لێدانەکە وەها بێت شوێنەوار بەجێ بێڵێ، یان شوێنەکی بشکێنێ..

بەداخەوە هەندێ پیاو هەن لە حاڵەتی تووڕەیی لە ژنەکانیان دەدەن و وەکو دار و بەرد لێی دەدات..بە دەست و قاچ دەکەوێتە سەری..ئەمە دروست نییە..هەندێ ژن

گلەییان لە کن کردووم کە پیاوەکانیان دەستیان شکاندوون..بەو پیاوانە دەڵێم: ئەگەر ئەوەندە ئازان بەرامبەر پیاوانی وەکو خۆتان ئەوها ئازا بن نەک بەرامبەر ژنی لاواز..

هەروەها نابێ بەرامبەر منداڵەکان لێی بدەیت تەنانەت بە سیواکیش تاوەکو کەسایەتی بەرامبەریان نەشکێیت و ئەوانیش بێڕێزی بەرانبەر بکەن، ڕەنگە لێشی بدەن..ئەو لە تۆ زیاتر لەگەڵ منداڵەکانە، ڕەنگە ئەو لێدانەی تۆ ببێتە هۆی ئەوەی بەگوێی نەکەن و ڕێزی لێ نەگرن.

مەبەست لە لێدان ئازاردانی دەروونییە نەک جەستەیی، بۆیە ئاساییە دواتر بچێت دڵی چاک بکاتەوە و دەستی لە مل بکات و ئاشتی بکاتەوە..بەتایبەتی ئەگەر ژنەکە ڕەفتارەکانی گۆڕی و چاک بوو.

پێغەمبەر باشترین هاوسەر بوو

پرسیار: فەرموودەیەک لەنێو خەڵکدا بڵاوە: (ڕاوێژیان پێ بکەن و بەگوێیان مەکەن)، ڕادەی دروستی ئەم فەرموودەیە چەندە؟

وەڵام: ئەمە فەرموودە نییە و پەندێکی پێشینانی عەرەبە.

سەبارەت بە پرس و ڕاوێژکردن بە ژن ئەسڵێکی شەرعی هەیە، سەبارەت بە سوپایەکی تەواو لە ڕێککەوتننامەی حودەیبیەدا پێغەمبەر پرسوڕای بە أم سلمە کرد، ئەویش ڕایەکی جوانی پێشکەش کرد و پێغەمبەر بەگوێی کرد و کێشەکە چارەسەر بوو.

پێغەمبەر بۆ جارێکیش لە هیچ کام لە ژنەکانی نەداوە تەنانەت ئەگەر تووڕەشیان کردبێت، عائیشە دەڵێت: ((ما ضرب رسول الله (ﷺ) بیده شیئا قط, لا امرأة ولا

خادما, قالت: الا ان يجاهد في سبيل الله))صحيح اخرجه مسلم٢٣٢٨ واحمد في المسند ٢٤٠٣٤.

واتا: (پێغەمبەر هەرگیز بە دەستی خۆی نە لە ژن نە لە خزمەتکاری نەداوە، هەروەها عائیشە گوتی تەنها لە جیهاد لە پێناوی خوادا نەبێت).

هەروەها دەڵێ: ((وكان اذا اطّلع على احد م اهل بيته كذب كذبة لم يزل معرضا عنه))صحيح اخرجه ابن سعد في الطبقات (١\٣٧٨) وصححه الالباني في صحيح الترغيب والترهيب٢٩٤١.

واتا: (ئەگەر بیزانیبایە یەکێك لە کەسوکاری درۆیەکی کردووە ڕووی لێ وەردەگێڕا و قسەی لەگەڵ نەدەکرد)..واتە لێی نەدەدا..

* زۆر جار لێدانمان بەرانبەر ژن و منداڵەکانمان تاقیکردۆتەوە بەڵام سوودی نەبووە بەتایبەتی ئەگەر زۆر دووبارە بکرێتەوە وا لە مرۆڤ دەکات لێڕابێت و بغارێت و ئیتر سوودی نابێ..بەتایبەتی منداڵ ئەگەر هەر لێی بدرێ و لێی بدرێ ئیتر دەغارێ و بە لایەوە دەبێتە ئاسایی.

بابەکی دەناسم زۆر لە منداڵەکی دەدا کەچی منداڵەکە هەر ڕاستەڕێ نەدەبوو، جارێکیان بابەکە بە عەگال لێی دەدا و لە کاتی لێدان عەگالەکەی لە دەست بەربۆوە، کوڕەکە عەگالەکەی هەڵگرتەوە و دایەوە دەستی بابی و گوتی: فەرموو تەواویکە لێدانەکەی سوودی نییە.

بۆیە باری دەروونی کاریگەری زیاترە، قسەی لەگەڵ بکە و ئامۆژگاری بکە و بە شێوازی تر لەگەڵی مامەڵە بکە جگە لە لێدان بەتایبەتی لەگەڵ کەسی گەورە، ڕەنگە ئەم شێوازانە بەرهەمیان باشتر بێت.

ناوبژیوانیی کەسوکاری هەردوو لا

هەروەکو پێشتر باسمان کرد لە حاڵی سەرپێچیی ژن، خودا چەند هەنگاوێکی بۆ چارەسەری کێشەکە بۆ دیاریکردووین: یەکەم: ئامۆژگاری. دووەم: پشت تێکردن. سێیەم: لێدان..ئەگەر بەم سێ هەنگاوەش کێشەکە چارەسەر نەبوو ئەوا هەنگاوی چوارەم دێت کە بریتییە لە ناوبژیوانیی کەسوکاری هەردوولا..خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَابْعَثُوا حَكَمًا مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِنْ أَهْلِهَا إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا﴾(النساء: ٣٥)..کەسوکاری هەردوو لا، باوک، برا، یان هەر کەسێکی تر، دێن و لەگەڵ ژن و مێردەکە بۆ چارەسەری کێشەکەیان گفتوگۆ دەکەن.

هەموو ئەمانە وەسیلەن بۆ چارەسەری ئەم کێشانە، ئیسلام زۆر ڕقی لە تەڵاق و جیابوونەوەیە، مەرج نییە هەر گرفتێك ڕوویدا یەکسەر پەنا بۆ تەڵاق ببەین..خۆ تەڵاق گەمەی منداڵان نییە، ژنیش کاڵا نییە بیکڕیت و هەفتەیەك یان دوان کە لێی بێزار بوویت بە کەمترخێك بیفرۆشی..مەسەلەکە ئەوها نییە..مەسەلەکە ئەوەیە کاتێ من ژن دێنم ئەمە گرێبەستێکی شەرعیی پاکە، دەبێ مرۆڤ ڕێزی بگرێ و نەیشکێنێ..

سەرەنجامی پەلەکردن باش نییە

زۆر جار وادەبێت ژنەکە بە ماڵەباوانی دەڵێ کە پیاوەکەی لێی دەدات، بۆ نموونە بە باوکی دەڵێ: باوکە پیاوەکەم سێ ڕۆژە قسەم لەگەڵ ناکات..بابەکە زۆر تووڕە نابێ..کچەکە دەڵێ: دوو هەفتەیە ژووری نوستنی جیاکردۆتەوە..بابەکە زۆر تووڕە نابێ..بەڵام کە دەڵێ: دوێنێ لێیدام..ئیتر وەکو فیشەکە شێتە تووڕە دەبێ و دایکەکەشی هەڵدەچێ.

لەو حاڵەتەدا نابێ باوکە تا حەقیقەتی کێشەکە دەزانێ بڕیاری بەپەلە بدات، نابێ یەکسەر دەست بداتە مۆبایل و بەتووڕەییەوە قسە لەگەڵ زاواکەی بکات و بڵێ: پێت وایە کچەکەم ئاژەڵە تا لێیبدەیت؟هاواری بەسەردا بکات و کێشەکە گەورە ببێت کە ڕەنگە دواتر سەربکێشێ بۆ کوشتنی ژنەکە لەلایەن

پیاوەکەوە..ئەم ڕووداوانەمان لە ڕۆژنامەکان خوێندۆتەوە.

* ژنی (رفاعە) ڕۆژێکیان مێردەکەی بینی لەگەڵ سێ چوار پیاو دەهات، تەماشای کرد بەراورد بەوان جوان نەبوو، بۆیە چووە کن پێغەمبەر (ﷺ) و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا من هیچ گلەییەکم لە ڕەوشت و دینی رفاعە نییە بەڵام چەندە ڕقم لەوەیە لە ئیسلامەوە بگەڕێمەوە سەر بێباوەڕی، ئەوەندەش ڕقم لەوە..

ببینە چ ڕقێکی لە رفاعەی پیاوی بووە؟!!

پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: ((تردين عليه حديقته)) صحيح اخرجه البخاري ٥٢٧٣ والنسائي ٣٤٦٣.

واتا: ئەوەی پێی داوی وەکو ماڕەیی بۆی دەگەڕێنیەوە؟

گوتی: بەڵێ..

رفاعەش تەڵاقی دا، کە عیددەی تەواوبوو..(ثابتی کوڕی قیس)ماڕەی کرد..سابت کابرایەکی تووند بوو، ژنەکە وەکو ئەوەی حەزبکات بگەڕێتەوە لای رفاعە بۆیە هاتە لای عائیشە و گلەیی کرد و گوتی: سابت لێم دەدا..تەماشای دەستم بکە کوو لێیدامە؟!

پێغەمبەر (ﷺ) ڕازی نابێ سابت لێی بدات..بانگی سابتی کرد و پرسیاری لێ کرد و لە مەسەلەکە گەیشت و کێشەکەی بۆ چارەسەرکردن.

مەبەست ئەوەیە پێغەمبەر (ﷺ) یەکەم جار لە کێشەکەی کۆڵییەوە و ئینجا کێشەکەی چارەسەرکرد.

بۆیە لێکۆڵینەوە پێویستە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَتَبَيَّنُوا﴾(الحجرات: ٦).. لەبەرئەوە دەبێ دایك و باوکەکە بەئارامیەوە گوێ لە هەردووکیان بگرن تاوەکو بزانن بۆچی لە کچەکەیان دراوە..

قورئان وتەی خودایە

﴿لَوْ أَنْزَلْنَا هَذَا الْقُرْآنَ عَلَى جَبَلٍ لَرَأَيْتَهُ خَاشِعًا مُتَصَدِّعًا مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ﴾

قورئان وتەی خودایە

شیرینیی قورئان

(عبدالله کوڕی مسعود) لەبارەی قورئانەوە دەڵێ: شتە سەیروسەمەرەکانی کۆتایی نایەت و بە زۆر دووبارە کردنەوە کۆن نابێ.

بۆ نموونە ئەگەر دێڕە شیعرێکی مرۆڤێکمان خوێندەوە هەرچەند جوان بێت ئەگەر چەند جارێك دووپاتمان کردەوە ئەوا لێی بێزار دەبین، بۆ نموونە ئەم دێڕە شیعرە جوانە:

ما كل ما يتمناه المرء يدركه تأتي الرياح بما لم تشتهي السفن.

دووبارەکردنەوەی زۆر و بەردەوامی ئەم دێڕە هەم خۆت و هەم خەڵکێش بێزار دەکات بەڵام ئایا هەرگیز لەو ئایەتەی قورئان بێزاربوونە کە وتاربێژی هەینی بەردەوام دووبارەی دەکاتەوە: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ﴾(النساء: ١)..لەمە بێزار نەبوون.

ئێمە ڕۆژانە ١٧ جار سوڕەتی فاتیحە لە نوێژە فەرزەکانمان دەخوێنین، بە سوننەتەکانەوە ڕەنگە بگاتە ٣٠ جار..چەندان ساڵە لەوەتەی نوێژ دەکەیت ئەم سوڕەتە دەخوێنیت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەس لە چەندبارە کردنەوەی ئەم سوڕەتە دووچاری وەڕسی نەبووە! بۆچی؟

لەبەرئەوەی کتێبی خودا خاسییەتێکی دیاریکراوی لە کاریگەریی دانان بەسەر خەڵکەوە هەیە، هەروەها کار دەکاتە سەر ناموسڵمانەکانیش، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ

مَأْمَنَهُ﴾(التوبة: ٦)..ئەگەر یەکێك لە موشریکەکان داوای پەنادانی لێ کردی پەنای بدە..بۆچی؟ تاوەکو وتەی خودا ببیستێ..نەیگوت: تاکو ئامۆژگاری بکەیت..

مەبەست ئەوەیە بەگوێدادانی وتەی خودا کاریگەری بەسەر ناموسڵمانانیش هەیە.

جیاوازیی وتەی خودا لەگەڵ قسەی مرۆڤ

* لەبیرمە جارێکیان لە ولاتی (نیوزیلەندا)بووم، بە سەنتەری شاردا ڕۆیشتم. گەنجێکی سەر بە کلێسای گەورەی ئەوێ ئینجیلێکی بە دەستەوە بوو بە دەنگێکی بەرز وتاری دەدا، چوومە کنی، ژنە ڕاهیبێك و قەشەیەکیشی لەگەڵدا بوو، منیش زەردەخەنەیەکم بۆ کردن و سڵاوم لێ کردن، ئەوانیش بە هەمان شێوە وەڵامیان دامەوە..گوتم: ئەمە چییە؟

گوتی: ئەمە ئینجیلە، کتێبی پیرۆز..تەماشایەکم کرد و بە ژن و قەشەکەم گوت: وەرن.

بە نەرمونیانییەوە دەستم بە قسەی خۆش کرد لەگەڵیان و بینیم هەست بە ئاسوودەیی دەکەن و ئەوانیش دەستیان کرد بە قسە و پرسیار لێم..

گوتیان: خەڵکی چ وڵاتێکی و دۆخی وڵاتەکەتان چۆنە؟؟ لەم جۆرە پرسیارانە..

دوای وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و کرانەوەی زیاتر..خەڵکی نیوزیلەندا چوار ملیۆن کەسن و عەرەب لەوێ کەمە بۆیە هیچ ئاگاداری و شارەزاییەکیان لەبارەی زمانی عەرەبییەوە نییە..پێم گوتن: ئێستا دوو ڕستەتان بۆ دەخوێنمەوە، ئێوە جیاوازیی نێوانیانم پێ بڵێن.

گوتم: قەت گوێتان لە زمانی عەرەبی بووە؟ بە قسەکردن یان لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؟

گوتیان: نا..پێشتر گوێمان لە قسەی عەرەبی نەبووە.

گوتم: من ئێستا دوو جار قسەی عەرەبیتان بۆ دەکەم، ئێوە جیاوازیی نێوان ئەو دوو قسەیەم پێ بڵێن.

گوتیان: فەرموو..

گوتم: گوێ لە وتەی یەکەم بگرن، چەند ئایەتێکی سورەتی (مریم)م بۆ خوێندنەوە﴿ذِكْرُ رَحْمَتِ رَبِّكَ عَبْدَهُ زَكَرِيَّا (٢) إِذْ نَادَى رَبَّهُ نِدَاءً خَفِيًّا (٣) قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ الْعَظْمُ مِنِّي وَاشْتَعَلَ الرَّأْسُ شَيْبًا وَلَمْ أَكُنْ بِدُعَائِكَ رَبِّ شَقِيًّا (٤) وَإِنِّي خِفْتُ الْمَوَالِيَ مِنْ وَرَائِي وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا فَهَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ وَلِيًّا(٥)﴾(مریم: ٢-٥)..گوتم: ئەمە قسەی یەکەم..

گوتیان: بەڵێ..

گوتم: ئێستا گوێ لە وتەی دووەم بگرن: (ذهب أحمد إلى السوق..واشترى تفاحا..ثم رجع إلى بيته..فضيّع المفتاح..فطرق باب جيرانه فدخل من خلال بيتهم.)..

ئەم قسەیەم بۆ خۆم ڕێکخستبوو وەکو ئایەتەکانی قورئان بۆم خوێندنەوە، بە هەمان خوێندنەوە و شێواز..پرسیارم لێکردن: لەنێوان ڕستەی یەکەم و دووەمدا هەستتان بە هیچ جیاوازییەك کرد؟

ژنەکە کە لەنێوان من و قەشەکەدا وەستابوو گوتی: بەڵێ بەڵێ..

گوتم: هیچی لێ تێگەیشتی؟

گوتی: نا..

گوتم: دەزانیت قسەی یەکەم چییە و هی دووەم چییە؟

گوتی: نەخێر.

گوتم: کەواتە جیاوازییەکە چییە؟ چۆنت زانی جیاوازییان هەیە؟

گوتی: بە دڵم زانیم.

گوتم: دڵت چی بەسەرهات؟

گوتی: کاتێ وتەی یەکەمت خوێندەوە هەستم کرد دڵم لەگەڵی دادەخورپێ. پاشان کە وتەی یەکەمت خوێند هەستم کرد قسەیەکی ئاساییە و دڵم وەکو ئەوەی یەکەم نەبزووت.

گوتم: کەواتە مەزەندە دەکەیت وتەی یەکەم چی بێت و ئی دووەم چی بێت؟

گوتی: پێشبینی دەکەم وتەی یەکەم قسەی خودا بێت و ئی دووەمیش لەوانەیە گۆرانی یان شیعر بێت..نازانم دووەم بەتەواوی چییە، بەڵام وتەی یەکەم وتەی خودایە و قسەی خۆت نییە.

تەماشای کاریگەریی سەیری ئەم موعجیزە نەمرە بکە: ﴿لَوْ أَنْزَلْنَا هَذَا الْقُرْآنَ عَلَى جَبَلٍ لَرَأَيْتَهُ خَاشِعًا مُتَصَدِّعًا مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ﴾(الحشر: ٢١)..ئەگەرچی یەك وشەی عەرەبییش نازانێ بەڵام دەکەوێتە ژێر کاریگەریی قورئانەوە چونکە قسەی خودایە.

جا بۆیە لەبەر کاریگەریی ئەم قورئانە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَجَاهِدْهُمْ بِهِ جِهَادًا كَبِيرًا﴾(الفرقان: ٥٢) بە قورئان جیهادیان لەگەڵدا بکە..هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَاتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنْ كِتَابِ رَبِّكَ لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ وَلَنْ تَجِدَ مِنْ دُونِهِ مُلْتَحَدًا﴾ (الكهف: ٢٧)یان دەفەرموێت: ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا﴾(محمد: ٢٤)..هەروەها چەندان ئایەتی تر کە پەیوەستن بە بەگوێدادان و بیستنی قورئان..

کاریگەریی قورئان

ئەمەی لە نیوزیلەندا کردم لە زۆر شوێنی تر دووبارەم کردۆتەوە، هەموو دەرفەتێك دەقۆزمەوە بۆ ئەوەی وتەی خودا بەگوێی خەڵکیدا بدەم..هەر لە نیوزیلەندا زمانی ئینگلیزیم دەخوێند، لە پۆل دانیشتبووم و مامۆستا چەند کاغەزێکی بەسەردا دابەشکرد کە ژمارەیەك پرسیاری تێدا بوو ئامانج لێی باش فێربوونی قسەکردن بە زمانی ئینگلیزی بوو، یەکێك لە پرسیارەکان بریتی بوو لە: کامیان لات گرنگترن: ئایین یان هاوڵاتیبوون؟ واتە هاوڵاتییەکی باش بیت یان دیندار؟

زۆرێك لە قوتابییان گوتیان: نا..ئایین لەلایەك دادەنێین، گرنگترین شت ئەوەیە هاوڵاتییەکی باش و بەختەوەر بم..منیش دەستم بەرزکردەوە و گوتم: مامۆستا ئایین فەرمانمان پێ دەکات هاوڵاتیی باش بین و ئیتر دەستمکرد بە قسەکردن..تێبینیم کرد هەموان تەماشام دەکەن و سەیریان پێدێ کە لەگەڵ بۆچوونی ئەوان جیاوازم..منیش دەرفەتی سەرنجدانی ئەوانم قۆستەوە و درێژەم بە قسەکانمدا و گوتم: من شتێکتان لەگەڵ تاقی دەکەمەوە.

گوتیان: فەرموو.

گوتمە مامۆستاکە: پێویستم بە دوو خوولەکە..بێگومان ئەو دەیەوێ ئێمە قسە بکەین..

گوتی: ١٠ خولەك بۆ تۆ.

گوتم: دوو خوولەکم بەسە.

گوتی: فەرموو.

گوتم: دەمەوێ ئەم قوتابییانە گوێم لێ بگرن.

گوتی: بەڵێ.

گوتم: دوو ڕستەتان بۆ دەخوێنمەوە و ئێوەش جیاوازیی نێوانیانم بۆ ڕوون بکەنەوە. هەمان ئەو شێوازەی پێشووم دووبارە کردەوە..لەنێو ئامادەبووان قوتابی لە ڤیێتنام، تایلاند، فەرەنسا تێدابوو..خەڵکی تری غەیرە ئینگلیز هەبوون..لە هەمان پۆل قوتابییەکی سعودییش هەبوو پێم گوت: دەمەوێ تۆ چاودێرییان بکەیت کە من قورئان دەخوێنم..چونکە دەمویست لە دڵەوە بۆیان بخوێنم..سەرەتا قورئانم خوێند دواتر قسەی خۆم وەکو پێشوو..

هەمووان گوتیان: جیاوازی هەیە لەنێوانیاندا.

تەنانەت هاوڕێ سعودییەکەم گوتی: یا شێخ سوێند بە خوا تەماشام دەکردن بەتایبەت ئەوانەی تایلاند و بوداییەکان کە بت و شتی تر دەپەرستن و هیچ پەیوەندییەکیان بە ئایینی ئاسمانییەوە نییە زۆر کاریگەریی سەیر بە ڕوویانەوە دیاربوو.

بۆیە دەڵێم: بۆیە پێویستە ڕێز و پایەی ڕاستەقینە بە قورئان بدەین و بیخەینە نێو دڵەکانمانەوە تاوەکو کارمان تێ بکات و بەهۆیەوە کۆشش و خەبات بکەین و ڕووبەڕووی ناحەزان ببینەوە.

کاریگەربوونی جنۆکە بە قورئان

کاریگەریی قورئان تەنها بۆ سەر مرۆڤ نییە، بەڵکو تەنانەت قورئان کاری لە جنۆکەش کردووە، خوای گەورە باسی گوێگرتنی جنۆکە لە قورئان دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ صَرَفْنَا إِلَيْكَ نَفَرًا مِنَ الْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ الْقُرْآنَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوا أَنْصِتُوا فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوْا إِلَى قَوْمِهِمْ مُنْذِرِينَ (٢٩) قَالُوا يَا قَوْمَنَا إِنَّا سَمِعْنَا كِتَابًا أُنْزِلَ

مِنْ بَعْدِ مُوسَى مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ وَإِلَى طَرِيقٍ مُسْتَقِيمٍ (٣٠) يَا قَوْمَنَا أَجِيبُوا دَاعِيَ اللَّهِ وَآمِنُوا بِهِ يَغْفِرْ لَكُمْ مِنْ ذُنُوبِكُمْ وَيُجِرْكُمْ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴾(الاحقاف: ٢٩-٣١). هەروەها دەفەرموێ: ﴿قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِنَ الْجِنِّ فَقَالُوا إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآنًا عَجَبًا ﴾(الجن: ١)..

سەیری ئەو کارلێکردنە لەگەڵ وتەی خودا و ڕێزگرتن و بەگەورەزانینی ! !

گەنجێکی جێی متمانە و ڕاستگۆ بۆی گێڕامەوە و گوتی: جارێکیان دەستم خستە سەر ئەسپێك و سوپەتی فاتیحەم خوێند، سوێند بە خوا فرمێسك بە چاوانیدا هاتەخوارێ..

من خۆم ئەوەی نەدیوە بەڵام ئەم لاوە جێی متمانەیە و سوێندی بە خودا خوارد کە شتی وەها بووە.

هەندێ ئیعجازی ژمارەیی لە قورئاندا

قورئان کە شتە سەیروسەمەرەکانی بنی نایە لێرەدا باسی هەندێك ئیعجازی ژمارەیی دەکەم:

وشەی (الملائكة) ٨٨ جار هاتووە، وشەی (الشيطان) هەمان ژمارەیە.

وشەی ژیان ١٤٥ جار لە قورئان دووپات بۆتەوە، وشەی مردنیش ١٤٥ جار.

وشەی (الناس) خەڵك، ٣٨٦ جار و وشەی (الرسل)پێغەمبەرانیش ٣٨٦ جار دووبارە بۆتەوە..ئەوەش بەڵگەیە بۆ پەیوەندیی نێوان خەڵك و پێغەمبەران.

وشەی (إبليس) ١١ جار هاتووە و پەناگرتن لە (إبليس) هەر ١١ جار هاتووە.

وشەی (الرجل) پیاو ٢٤ جار و ژنیش هەر ٢٤ جار هاتووە.

وشەی (الصلاة) ٥ جار هاتووە، واتە ژمارەی پێنج نوێژە فەرزەکە.

وشەی (الشهر)مانگ ١٢ جار هاتووە کە ژمارەی مانگەکانی ساڵێکە.

وشەی (اليوم) ٣٦٥ جار دووبارە بۆتەوە، ژمارەی ڕۆژەکانی ساڵ..

وشەی (السحر)جادوو ٦٠ جار، وشەی (الفتنە) ٦٠ جار، چونکە زۆربەی کات جادوو دەبێتە هۆی فیتنە و ئاژاوە، زۆر جار بە هۆی سیحرەوە ژن و پیاو ئاژاوە لەنێوانیان دروست دەبێ، یان لە نێوان دوو کەسی تر.

وشەی (الصالحات) ١٦٧ جار دووبارە بۆتەوە، وشەی (السيئات)یش بە هەمان شێوە ١٦٧ جار.

وشەی (الدنيا) ١١٥ جار لە قورئان دووپات بۆتەوە، وشەی (الآخرة)یش بە هەمان ژمارە(١١٥)جار.

پاکوبێگەردی بۆ خودا کە قورئانەکەی پڕە لە موعجیزە و سەیروسەمەرەکانی دوایی نایە.

قورئان لەلایەن خوداوەیە

ئایا ئەگەر قورئان لەلایەن غەیری خوداوە بووایە بەڕاستی ئەو گونجان و ڕێکوپێکییەی دەبوو؟

ناکرێ ئەمە ڕووبدات، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا﴾(النساء: ٨٢)..واتە: ئەگەر ئەم قورئانە لە لایەن غەیری خواوە هاتبایە پڕی دەبوو لە جیاوازی و ناسازی و شتی ناڕوون.

توخوا بەراوردی نێوان ئەم قورئانە مەزنە و قورئانی موسەیلەمەی درۆزن بکە کە دەیگوت: (الفيل و ما أدراك ما الفيل، له خرطوم طويل و ذيل قصير) یان (إنا أعطيناك التفاح، فصل لربك وارتاح)..تەماشای وتەی خودای مەزن و ئەم قسە قۆڕانەی مرۆڤی بێعەقڵی هاوشێوەی موسەیلەمە بکە..

بۆیە خودا لە چەندان ئایەت تەحەددای بێباوەڕانی کردووە کە بتوانن هاوشێوەی قورئان بێنن، فەرموویەتی: ﴿قُلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنْسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هَذَا الْقُرْآنِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا﴾(الاسراء: ٨٨)..نەیانتوانی، پاشان فەرمووی ١٠ سوڕەت بێنن، ئێمە ١١٤ سوڕەتمان داناوە ئێوە تەنها ١٠ سوڕەت بێنن: ﴿أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُوا بِعَشْرِ سُوَرٍ مِثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾(هود: ١٣) نەیانتوانی..پاشان بە سوڕەتێك تەحەددای کردن و فەرمووی: ﴿وَإِنْ كُنْتُمْ فِي رَيْبٍ مِمَّا نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِنْ مِثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾(البقرة: ٢٣)..ئەگەر ئێوە دەڵێن: قورئان ڕاست نییە و محمد داینناوە یان کەسێکی تر فێری دەکات فەرموون سوڕەتێکی وەکو (الكوثر)مان بۆ بێنن کە کورتترین سوڕەتی قورئانە: ﴿إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ (١) فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ (٢) إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ (٣)﴾..جگە لە موسەیلەمەی درۆزن کەس ورتەی لێوە نەهات ئەویش ئەو شڕم بڕمانەی بزڕکاند، کە گوتی((انا اعطيناك التفاح فصلّ لربك وارتاح)).

قورئان گوتەی خودایە

هەروەك لە سەرەتای بابەتەکەمان ئاماژەمان پێدا کە خەڵکی ناعەرەبیش کە لە قورئان تێ ناگەن دەبینی پێی کاریگەر دەبن بەڵکو لەمە زیاتریش دەبینی هەندێ کەسی ناموسڵمان و ناعەرەب سەردانی سایتەکانی قورئان دەکەن و بۆ دەسکەوتنی ئارامیی دەروون گوێ لە قورئان دەگرن.

ڕەنگە نەشزانێ ئەمە قسەی خودایە بەڵام بە گوێگرتن لەم دەنگە هەست بە شادی و خۆشی دەکات و وا هەست دەکات پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دڵیەوە هەیە.

بۆیە من دەڵێم: خۆزگە ئەم شێوازە لەگەڵ خەڵکدا بەکاربێنین، بە واتا: قورئان و کاسێت بەسەر خەڵکی ناموسڵمان ببەخشینەوە، ئەمە هۆکارە بۆ ئەوەی خەڵک ئاشناییەکی سەرەتاییان لەگەڵ قورئان و ئیسلام بۆ دروست ببێ

بەتایبەتی قورئانخوێنەکە دەنگی خۆش بێت ئەوا بەدڵنیاییەوە کاریگەری دەبێ و پێشتریش چەندان جار تاقیکراوەتەوە کە کاریگەری هەبووە..

تێبینی: قورئان تەنها بەو کەسانە دەدرێ کە دڵنیای لەوەی ڕێزی دەگرن و سووکایەتی پێ ناکەن بەڵام ئەگەر زانیت ڕێزی ناگرێ یان بە هەر جۆرێك بێت سووکایەتی پێ دەکات ئەوا نابێ پێی بدەی.

بێباوەڕانی قوڕەیش گوێ لە قورئان دەگرن

کاتێ لاپەڕەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (ﷺ) هەڵدەدەیتەوە دەبینی ئەبوو جەهلو پیاوە گەورەکانی قوڕەیش کە هەمیشە دژایەتیی پێغەمبەر (ﷺ) و قورئانیان دەکرد دەبینی بە شەوان بەنهێنییەوە دەچوون گوێیان لە قورئانخوێندنی پێغەمبەر (ﷺ) دەگرت.

لە (السیرة)دا هاتووە: پێغەمبەر(ﷺ) لە سەرەتای بانگەوازی ئیسلامی لە شاری مەککەدا شەوان لە ماڵەوە نوێژی دەکرد و قورئانی دەخوێند، ئەبوو جەهل و مەتعەمی کوڕی عەدی و یەکێکی تر، هەر یەکەیان بەجودا و بەنهێنی دەهاتن گوێیان لە قورئانخوێندنی پێغەمبەر دەگرت..

* هەروەها جبیر کوڕی مطعم کە بۆ پێویستییەك دێتە شاری مەدینە، هێشتا بێباوەڕ بوو، دەبینێ وا پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی مەغریب بۆ موسڵمانان دەکات، دادەنیشێ و چاوەڕێ دەکات..دەبیستێ وا پێغەمبەر (ﷺ) سوورەتی (الطور) دەخوێنێ، کاتێ دەگاتە ئەم ئایەتە کە خودا دەفەرموێت: ﴿أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ (٣٥) أَمْ خَلَقُوا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بَلْ لَا يُوقِنُونَ (٣٦) أَمْ عِنْدَهُمْ خَزَائِنُ رَبِّكَ أَمْ هُمُ الْمُصَيْطِرُونَ(٣٧)﴾..جبیر دەڵێ: کە گوێم لەم ئایەتانە بوو خەریکبوو دڵم دەرپەڕێ و باڵ بگرێ!!!

بڕوانە کاریگەریی قورئان بۆ سەر دڵان..پاشان ئەوە بووە هۆی موسڵمانبوونی.

وردبوونەوە و ڕامان لە قورئان

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَوْ أَنْزَلْنَا هَذَا الْقُرْآنَ عَلَى جَبَلٍ لَرَأَيْتَهُ خَاشِعًا مُتَصَدِّعًا مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ﴾(الحشر: ٢١)..ئەگەر بۆ سەر چیا و بەردی ڕەقی بێگیان دابەزیبایە ئەوا لە ترسی خودا پارچە پارچە دەبوو..هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ مِنَ الْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ الْأَنْهَارُ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ الْمَاءُ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ﴾(البقرة: ٧٤)..هەموو ئەمانە لە ترسی خودا بەڵام بەداخەوە ئێمە وردنابینەوە و تێڕامانمان نییە لە قورئان!!

پرسیار: ئەو ڕێگایانە چین کە هاوکاریت دەکەن بۆ وردبوونەوە و ڕامان لە قورئان هەروەکو خوای گەورە داوامان لێ دەکات: ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا﴾(محمد: ٢٤)..

وەڵام: بۆ ئەمە چەند خاڵێکی ئاسان هەن:

یەکەم: پەیوەندیی بەندە لەگەڵ خودا باش بێت ئەوەش بەوەی فەرمانەکانی جێبەجێ بکات و لە قەدەغەکراوەکانی دووربکەوێتەوە.

دووەم: پەلەنەکردن لە کاتی خوێندنەوەی قورئان..

بۆیە عبدالله کوڕی مسعود دەڵێ: (خەمی ئەوەتان نەبێ هەر بگەنە کۆتاییی سوڕەتەکە)..خەمی ئەوەت نەبێ کەی دەگەمە کۆتاییی سوڕەتەکە؟ خەمی ئەوەت بێت چەند تێگەیشتی؟ کاری کردە سەر دڵت؟ ئایا دوای خوێندنەوەی قورئان ئیمانت زیادی کرد یان نا؟

سێیەم: هەوڵی تێگەیشتنی ئایەتەکان و تەفسیری ڕاست بدە.

گرفتی سەرەکیی ئێمە ئەوەیە وەکو پێویست ڕێز لە شتەکان ناگرین..ئەگەر نامەیەکت لە هاوڕێیەکی فەڕەنسییەوە بۆ بێت دنیا و بنیای دەکەیت تا کەسێك دەدۆزیتەوە تا بۆت تەرجەمە بکات و بزانیت چی دەوێت؟!! بەڵام ئێمە قسەی خوامان لەبەردەستە کەچی هەوڵ نادەین لێی تێ بگەین!!بزانین چی تێدایە و خودا چی لێمان گەرەکە..بەداخەوە..

تەکنەلۆژیای نوێ

﴿إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَنْ تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ
فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ
فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ﴾

تەکنەلۆژیای نوێ

مۆبایل

لە گرنگترین ئەو بابەتانەی پێویستە ئەمڕۆ لە ڕاگەیاندنەکانەوە باسی لێوە بکرێ پەیوەستە بە (چات) کە لەسەر کەنالەکاندا هەیە، کە بریتییە لە وتوێژی جارانی نێوان خەڵک، ماوەیەک پێش ئێستا مۆبایل لەنێو خەڵکدا بڵاو نەبوو، بۆیە کاتێ کەسێک دەیویست قسە لەگەڵ بەرنامەیەکی کەنالێکی تەلەڤزیۆنیدا بکات لە تەلەفۆنی ماڵەوە پەیوەندی دەکرد و قسەی خۆی دەکرد..

بەڵام کە خەڵک هەموو بوونە خاوەن مۆبایل ئیتر خەڵک لە ڕێی مۆبایلەوە پەیوەندی دەکات و نامە دەنێرێ، پاشان مەسەلەکە زیاتر پەرەی سەند و وای لێهات نامەکەی ڕاستەوخۆ لە کەنالەکە بڵاو دەکرایەوە و خاوەن نامەش لە ماڵەوە بەرامبەر تەلەڤزیۆنەکە دادەنیشت و نامەکەی دەخوێندەوە.

ژووری کۆنترۆڵی کەناڵ هیچ ڕێکارییەکی شەرعی نییە بۆ ئەوەی چاودێری ئەو نامانە بکات و بزانێت چی تێدایە، ئیتر یەکسەر بێ هیچ سانسۆرێك بڵاویان دەکاتەوە.

ئایین دژی پێشکەوتن نییە

ئایین دژی بەرەوپێشچوون و پەرەسەندن نییە، بەڵکو پێغەمبەر داوای پێشکەوتنو گەشەسەندنی دەکرد و هانی خەڵکیشی دەدا، پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ لە مزگەوتی مەدینە وتاری دەدا ئەگەر ماندوو بووایە پاڵی دەدایە دینگەیەکی مزگەوت کە دارێکی دارخورما بوو، ڕۆژێك ژنێك هات گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، من غوڵامێکی دارتاشم هەیە بۆ پێی نەڵێم مینبەرێکت بۆ دروست بکات؟

پێغەمبەر (ﷺ) نەیفەرموو: نا قەیناکا، پێویست ناکات و عەیبمان نییە، وا قسان دەکەم و خەڵکیش گوێ دەگرن..بەڵکو گوتی: باشە، ئەگەر حەزدەکەیت پێی بڵێ با بیکات.

مادامەکی بواری بەرەو پێشچوون هەیە بۆ نەیگرمە بەر؟ تەکنیکێکی نوێ هەیە جا ئینتەرنێت یان مۆبایلە یان کەنالّی ئاسمانی یان هەر شتێکی تر بۆچی بەکاری نەهێنم؟هەر تەکنەلۆژیایەك ببێتە هۆی گەیاندنی بیرۆکەکەم بەکاری دێنم..

ژنەکە فەرمانی بە غولّامەکە کرد و مینبەرێکی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دروست کرد، پێغەمبەریش (ﷺ) چووە سەری و وتاری بۆ خەڵك خوێندەوە..

خەندەقەکەی سەلمان

* لە زۆر هەڵوێستدا دەبینی هاوەڵان هاتوون بیرۆکەی خۆیان بۆ پێغەمبەر (ﷺ) خستۆتەڕوو، سەلمانی فارسی لە شەڕی خەندەق چووە لای پێغەمبەر (ﷺ) و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە لە وڵاتی فارس شتێکمان دەکرد کە ڕەنگە ببێتە هۆی سەرکەوتن بەسەر ئەم کافرانەوە، پێغەمبەر گوتی: چی بوو؟

گوتی: چاڵێکمان لێ دەدا بە جۆرێك هیچ کەسێکیان نەیدەتوانی بگاتە لامان.

پێغەمبەر (ﷺ) نەیفەرموو: نامانەوێ لاسایی غەیری خۆمان بکەینەوە و بیرۆکەیان لێ وەربگرین، فارس ئاگپەرستن و بیرۆکەی ئەوانمان نەگەرەکە.

بە پێچەوانەوە تەنانەت ئەگەر داهێنەرەکە بێباوەڕیش بێت چ ڕێگرییەك هەیە لەوەی داهێنراوەکانی بەکاربێنین مادامەکی لەگەڵ شەرعدا کۆکە و سەرپێچیی ئایینی تێدا نییە..

سەبارەت بە کەنالەکانیش نالێین هەموویان داخەن، نامەیان بۆ مەنێرن، هاوکاریان مەکەن، دروست نییە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.. مەگەر کەنالەکە خراپەکاریو حەرام بڵاو بکاتەوە،ئەو کات نابێ بە هیچ جۆرێك مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.

کەواتە هەندێ ڕێکاری شەرعی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەنالانە کە بە هۆیەوە دەتوانین سوود بە ئیسلام بگەیەنین.

پێشکەوتنێك دەبێت بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین

کەنالە ئاسمانییەکان داهاتێکی دارایی دەست دەکەوێ کە بودجەی بەڕێوەبردنیانە، پێشتر ئەم بودجە و داهاتەیان لە ڕێی ڕیکلامەوە دەست دەکەوت، بەڵام ئێستا بەتەواوی پشت بە ڕیکلام نابەستێ.

بەڵکو ئێستا بینەران نامە بۆ کەنالەکان دەنێرن بۆیە بەشێك لە داهاتی کەنالەکان لە ڕێی ئەو نامانەوە دەستی دەکەوێ کە بەپێی گرێبەستێك لە کۆمپانیای پەیوەندییەکان وەریدەگرێ.

پێشتر کەسێك بیویستبایە بیرۆکەکانی لە کەنالێك بڵاو بکاتەوە دەبوایە ئەوان میواندارێ بکەن و قسەی خۆی بکات، ڕەنگە ئەوە بۆ هەموو کەس نەلوابایە، یان دەبوو وتارێك بۆ ڕۆژنامەکان بنێرێ کە ڕەنگە بڵاو نەکرابایەوە..

بەڵام ئێستا منداڵێك، گێلێك، خراپەکارێك، هەموو کەسێك دەتوانێ مۆبایلەکەی دەربێنێ نامەیەك بۆ ئەم کەنالانە بنێرێ و چی بوێت تێیدا بنووسێ، ئەگەری بڵاوبوونەوەشی ٩٠ لە سەتە تەنانەت ئەگەر خراپیش بێت.

چونکە ئەو کەناڵانە دەیانەوێ زۆرترین نامە بڵاوبکەنەوە تاوەکو خەڵک زیاتر گەڕ بێت بۆ ناردنی نامە و ئەوانیش قازانجی زیاتر بکەن..بەڵام ئەگەر نامەی یەکەم و دووەم و سێیەمت بڵاونەکرایەوە تۆش چیتر ناینێری.

وریای کلیلەکانی خراپە بن

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((ان من الناس مفاتيح للخير، مغاليق للشر، ومن الناس مفاتيح للشر مغاليق للخير" فطوبى لمن كان مفتاحا للخير, مغلاقا للشر، وويل لمن كان مفتاحا للشر مغلاقا للخير)) حسن: اخرجه ابن ماجه ٢٣٧ وحسنه الالباني في صحيح الجامع ٢٢٢٣.

واتا: (هەندێ کەس کلیلی خێرن، داخەری خراپەن، خەڵکیش هەن کلیلی خراپە و داخەری خێرن، خۆشی و سەرفرازی بۆ ئەو کەسەی کلیلی خێر و داخەری خراپەیە. واوەیلاش بۆ ئەو کەسی کلیلی خراپە و داخەری چاکەیە).

ئەو کەناڵە تەلەڤزیۆنیانە ئێستا چەندان شتیان داهێناوە کە بۆتە مایەی فیتنە و ئاژاوەی ناو کۆمەڵگە..

بۆ نموونە: هەیە ژمارەی خۆی و ژمارەیەکی تر بڵاو دەکاتەوە بە ناوی ئەوەی ژمارەیەکی جوان هەیە بۆ فرۆشتن..هیچ جوانیش نییە تەنها بۆ ئەوەیە ژمارەکەی خۆی بڵاوبکاتەوە تاوەکو پەیوەندی پێوەبکرێ..

یان هەیە پرسیار لەبارەی خۆشەویستیی نێوان خۆی و کەپلەکەی دەکات..کۆنترۆڵی کەناڵەکەش هەر لە خۆیانەوە وەڵامێکیان بۆ دەنووسن کە ڕەنگە سەربکێشێ بۆ ئاژاوە و فیتنەی گەورە.

یاخود هەیە پرسیار لە پەیوەندیی نێوان خۆی و هاوسەرەکەی دەکات: ئایا من و هاوسەرەکەم یەکترمان خۆشدەوێ؟؟

١٠ سالێ یان ٢٠ ساڵە هاوسەرن کەچی ئەو پرسیارە بێمانایانە دەکەن، کابرای کۆنترۆلیش هەر لە خۆیەوە ڕەنگە بنووسێ: خۆشەویستییەکەتان تا سەر نییە، فاشیلە..

ئایا ئەوان زانیاریی غەیبیان هەیە چۆنیان زانی؟

ئەمانە غەیب نازانن تەنها یەک زمان دەزانن ئەویش زمانی پارە و درۆیە..

یان جاری وا هەیە نامە بۆ مۆبایلەکەت دەنێرن بێ ئەوەی تۆ پێ بزانیت یەکەت لێ دەدزن..

تەنها خودا غەییزانە

کەسێک کە لە گۆڤارەکانی تایبەت بە کەلووەکان کاری دەکرد بۆی گێڕامەوە کە هەر لە خۆیانەوە و بێ هیچ زانیارییەک لەبارەی کەلووەکانەوە دەنووسن، بۆ نموونە سەبارەت بە کەلووی شێر دەنووسن: هەواڵێکی خۆشت بۆ دێت، هاوسەرگیری دەکەیت.. ئیتر هەموو کەلووەکان بەم شێوەیە..

پێم گوت: ڕاستە ئێوە لەگەڵ ئەستێرەناسە گەورەکان گرێبەستتان هەیە و ئەوان زانیارییان هەیە، هەروەها گرێبەستتان لەگەڵ جادووگەران هەیە ئەوانیش پەیوەندییان بە جنۆکەوە هەیە؟

گوتی: وەڵڵاهی یا شێخ بەرپرسی کەلووەکان تەنها کارمەندێکە مامەڵە لەگەڵ کەس ناکات، بەڵکو هەموو هەفتەیەک دادەنیشێ و بیردەکاتەوە، بۆ کەلووی شێر چی

بنووسم، بۆ قڕژاڵ چ بنووسم؟؟ ئیتر هەموو کەلووەکان بەم شێوەیە..هەموو شتەکان لە مێشکی خۆی دەردێنێ و بیرۆکەی خۆین، نە جادووگەر هەیە نە ئەستێرەناس.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبینی خەڵك موتابەعەیان دەکەن و باوەڕیان پێ دەکەن، بۆیە دروست نییە نامە بۆ ئەو کەنالانە بنێری کە پێشبینی غەیب دەکەن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ لَا يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ﴾(النمل: ٦٥) هەروەها دەفەرموێت: ﴿عَالِمُ الْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَى غَيْبِهِ أَحَدًا (٢٦) إِلَّا مَنِ ارْتَضَى مِنْ رَسُولٍ﴾(الجن: ٢٦-٢٧)..

لە ڕووی شەرعەوە، هەر کەنالێك بانگەواز بۆ خراپەکاری بکات یان بڕەوی پێ بدات دروست نییە نامەی بۆ بنێری.

شوێن هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون

یەکێك لەو موسیبەتانەی لەسەر ئەم کەنالانە ڕووەدات ئەوەیە هەندێ کەس وێنەی خۆیان لەسەر (چات)بڵاو دەکەنەوە، وەکو ئەوەی کچێك بە نیوەڕووتی وێنەی خۆی دەنێرێ و لەم وێنەیەیدا بەشێك لە جەستەی دەردەکەوێ، یان کچێکی تر وێنەی کچێکی تری جوان دەنێرێ و دەڵێ: ئەمە وێنەی منە،، ئەمانە هەمووی بەشێکن لە بڵاوکردنەوەی خراپەکاری، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَنْ تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ ۚ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾(النور: ١٩)..

ئەگەرچی ئەوەی ئەو کەنالانە بڵاوی دەکەنەوە لە خراپەکاری و شتی نەشیاو لە تاوانە گەورەکانە بەڵام بەشێکی زۆری گلەییش لەسەر ئەوانەیە کە موتابەعەی

دەکەن‌و ڕوویان تێ دەکەن..ئەمە چ سووکایەتیکردنێکە بە عەقڵ کە تۆ پێی ڕازیت، خوای گەورە لەبارەی فیرعەونەوە دەفەرموێت: ﴿فَاسْتَخَفَّ قَوْمَهُ فَأَطَاعُوهُ إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمًا فَاسِقِينَ﴾(الزخرف: ٥٤)..ئەگەر نەتەوەی فیرعەون ئامادەیی سووکایەتی پێکردنیان تێدا نەبووایە فیرعەون نەیدەتوانی وەهایان لێ بکات.

هەندێك کەنالّ هەن بۆ ئەوەی خەڵك ڕوویان تێ بکەن کێشەیەك دەخولّقێنن و داوا لە خەڵکی دەکەن نامەیان بۆ بنێرن و ڕای خۆیان دەربڕن..

پارەکانتان مەفەوتێنن

باوەڕ دەکەیت کە لە یەکێ لە کەنالّەکان لاوێك بۆی باس کردم، دەڵێ: یا شێخ دوو ئۆتۆمبیلی منداڵانیان دانا، لەژێر یەکەمدا ئاڵای کوەیت و لەژێر ئی دووەم ئاڵای سعودییەیان دانا، ژمارە ١ بۆ کوەیت و ژمارە ٢ بۆ سعودییە، ئەوەی هانی ئۆتۆمبیلی کوەیت بدا ژمارە ١ دەنێرێ و ئەوەی سعودییەش ژمارە ٢ دەنێرێ.. کوەیتییەکان بە ناردنی نامەی زۆر پێشکەوتن،،، سعودییەکان هەڵچوون چۆن کوەیتییەکان پێشمان دەکەون؟؟! نامەیان بۆ ژمارە ٢ نارد..هەر نامەیەك بە حەوت ڕیالی سعودی و دینارێکی کوەیتییە..پێشکەشەکاری بەرنامەکەش هانی خەڵکی دەدا تا زیاتر نامە بنێرن! !خەڵکیش گەرم دەبوون و بەردەوام دەبوون لە نامەناردن..

ئەمە چ بێعەقڵییەکە؟؟عەقڵی ئەمانە بۆ کوێ چووە؟؟ئەمە سووکایەتیکردنە بە ئاوەزی خەڵك و پارەخواردنە بە حەرامی..

ئەگەر دەتانەوێ پێشبڕکێ بکەن لە شتێکی باش و بەسوود پێشبڕکێ بکەن.

شەرم و شکۆ هەمووی چاکەیە

پرسیار: ڕات سەبارەت بە کەناڵەکانی هاوسەرگیری، پیاو وەسفی خۆی دەنێرێ و ژنیش هەروەها، ئەوەش بە مەبەستی هاوسەرگیری؟؟

وەڵام: مـن زۆر متمانـەم پێیـان نییـە و دڵنیـا نـیم لێیان..هەنـدێ کـەس دەڵـێن: متمانەپێکراون بەڵام من زۆر دڵنیا نیم لێیان.

لە ڕاستیدا باوەڕ مەکە بەوەی هەموو ئەوانەی نامە دەنێـرن ڕاسـتگۆ بـن، ڕۆژانـە هەزار نامە دەنێردرێ، بۆ ڕاسـتیی بابەتەکـە دەتـوانی پرسـیار لـە کەناڵـەکان بکـەیت چەند کەس بەهۆی ئەو نامانەوە هاوسەرگیرییان کردووە ؟

بە ڕای من ڕێژەیەکی کەم لەگەڵ واقیع کۆکە و زۆربەیان ناڕاستن.

پاشـان تـۆ متمانـە بـەو کەسـە دەکـەیت کـە لـە ژووری کـۆنترۆڵی ئـەو کەناڵانـە کاردەکات؟

جارێکیان یەکێك لـەو کەناڵانـە وشـەیەکی ناشـیرینی بڵاوکـردەوە کـە وشـەکە بـە زمانی خەڵکی کەنداو تەعبیر بوو لە سەرجێی نێوان ژن وپیاو و شیاو نییە لەو کەناڵانە کە هەموو جۆرە کەسێك دەیبینێ بڵاوبکرێتەوە..قسەم لەگەڵ خاوەن کەناڵەکە کرد و گوتم: براکەم ئەم کەناڵەتان وەکو ئەوانیتر نییە هەندێك میانڕەوی تێدایە دروست نییە ئەو جۆرە واژانە بەکاربێنن..

گوتی: ئەو کارمەندی لە ژووری کۆنترۆڵ کاردەکات خـەڵکی وڵاتێکـی تـرە و لـەو وشەیەی کەنداوییەکان تێ نەگەیشتووە بۆیە بەسەریدا تێپەڕیوە..

سامان و پاره نیعمەتێکە و لێپرسینەوەی لەسەرە

یەکێك بۆی باس کردم: کە یەکێك لەوانەی بەردەوام نامە بۆ ئەو کەنالانە دەنێرێ و تەمەنی نزیکەی ٤٥ ساڵە، لاوێك نییە بەڵکو گەیشتۆتە قۆناغێکی پێشکەوتووی عەقڵ، ئەم کەسە ڕۆژانە بایی نزیکەی ٢٠٠ دۆلار نامە دەنێرێ..

* بۆچی ئێمە بۆ شتی بەسوود و باش کەڵك لە (چات) وەرنەگرین، بۆ نموونە با خەڵك ئەم شتانە بنێرن: (هەر کەسێك بڵێ: سبحان الله و بحمده خودا دارخومایەکی لە بەهەشت بۆ دەچێنێ) یان (چاکبوون لەگەڵ دایك و باوك، دەرگایەکە بۆ چوونە بەهەشت.)..(ئەمڕۆ چت لە قورئانی پیرۆز خوێندووە؟)..(ئەمڕۆ نوێژی بەیانیت کردووە؟)..(بەر لە مردن نوێژەکانت بکە)..ئیتر لەم جۆرە قسانە..

لە ڕۆژی دوایی هەموو کەسێك لەو پارە و داهاتەی بەدەستی هێناوە و خەرجی کردووە لێی دەپرسرێتەوە..لە کوێ و چۆنت بەدەهێناوە و چۆن و لەکوێت خەرج کردووە؟

مادامەکی نامە دەنێریت بۆچی بۆ شتێك ناینێری کە لەلای خودا سوودت پێ بگەیەنێ..شاعیر دەڵێ:

وما من كاتب إلا سيفنى	ويبقى الدهر ما كتبت يداه
فلا تكتب بكفك غير شيء	يسرك في القيامة أن تراه

پشکۆی ناو دەست

پێغەمبەری (ﷺ) ڕاستگۆ هەواڵی پێداوین کە هەر زەمانێك بێت ئەوەی دوای وی خراپترە، هەروەها دەفەرموێ: ((يأتي على الناس زمان القابض على دينه كالقابض على الجمر)) صحيح: اخرجه الترمذي ٢٢٦٠ وصحح الالباني في صيح الجامع ٨٠٠٢.

واتا:(زەمانێك دادێ ئەوەی دەستی بە ئایینەکەیەوە گرتووە وەکو کەسێك وایە پشکۆی ئاگری لەناو دەستدا گرتبێ).

بەداخەوە هێشتا خراپەکاری لەناو خەڵکدا بڵاودەبێتەوە و گرفتەکەش ئەوەیە سەرکەوتنی ئەو کەناڵانە لە هێزی پەخش و ڕیکلامەکانیان نییە بەڵکو سەرکەوتنیان بە هۆی ئەو کەسانەوەیە کە پەیوەندییان پێوە دەکەن.

براکەم: پەیوەندییان پێوە مەکە و ئەگەر دەتەوێ کەناڵێکی دیاریکراو فاشیل بێت لای خۆت بیسڕەوە و نامەی بۆ مەنێرە..بێگومان ئەگەر کەس نامەی بۆ نەنێرێ لە خۆیەوە دەپووکێتەوە و دەزانێ کە ئەم شێوازە خەڵك بۆ لای خۆی ڕاناکێشێ، ئیتر بە دوای شێوازێکی تردا دەگەڕێ.

چۆن دڵی خەڵك كەمەندكێش دەكەیت؟

﴿قُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا﴾

چۆن دڵی خەڵك كەمەندكێش دەكەیت؟

خۆشەویستیی خەڵك

لەم بابەتەدا باسی ڕێگایەك دەكەم كە ئەگەر مرۆڤ پیادەی كرد خەڵك خۆشیان بوێت.

هەندێ كات خەڵك وا بۆت دەردەخەن كە خۆشتیان دەوێ بەڵام لە ڕاستیدا خۆشەویستییەكی ڕاستگۆیانەیان بۆت نییە..جاری وا هەیە خەڵك بۆ دەوڵەمەندێك، خاوەن پۆست و پایەیەك، خۆشەویستی پیشان دەدەن بەڵام ئەگەر سەرنجیان بدەیت دەبینی خۆشەویستییەكەیان ڕاستی نییە..ڕەنگە ژن بۆ پیاو، پیاو بۆ ژن، خۆشەویستی دەرخات بەڵام لەوانەیە لەبەر بوونی منداڵ لەنێوانیان یان شتی تر ناچار بووین خۆشەویستی نیشانی یەكتر بدەن بەڵام لە ڕاستیدا وانییە..

چۆن مرۆڤ دەگاتە قۆناغێك كە بچێتە ناو دڵی خەڵك و خەڵك بەڕاستی خۆشیان بوێت؟

چۆن پێغەمبەر (ﷺ) گەیشتە ئەو ئاستەی خۆشەویستی؟ تەنانەت بێباوەڕەكانیش لە خۆشەویستیی موسڵمانان بۆ پێغەمبەر (ﷺ) سەریان سوڕمابوو! !

هەر تۆمەتێكیان بۆ هەڵدەبەستا ئەوان زیاتر خۆشیان دەویست: پێیان گوت جادووكەر، شاعیر، فاڵچی، شێت..هیچ سوودی نەبوو..

هەیە دەیەوێ تۆمەتت بۆ دروست بكات بەڵام تۆ بە شێوازی خۆت هەموو ڕێگاكانت لێ بەستووە بۆیە هیچی بەرامبەرت پێ ناكرێ.

مەبەست ئەوەیە: مرۆڤ چۆن بگاتە ئەو قۆناغەی دڵی خەڵك بۆ خۆی كەمەندكێش بكات؟

سوودەکانی خۆشەویستیی خەڵك بۆت

ڕەنگە یەکێك بڵێ: چ سوودێك لە بەدەستهێنانی دڵی خەڵك وەردەگرم؟

وەڵام: ئەگەر دڵی خەڵکت بەدەسهێنا و خۆشیانویستی ئەوا دەگەیتە قۆناغێك کە ئەگەر ئامۆژگارییان بکەیت لێت وەردەگرن، کێشەیەکیان کەوتە نێوان ناوبژیوانیت قەبوڵ دەکەن و بە گوێت دەکەن..

لە ڕێی خۆشەویستییەوە دەتوانێ ماڵ بەدەست بێنی، بۆ نموونە: کەسێك دەیەوێ یەکێك بکاتە هاوبەشی کارێك، دێتە لات و دەڵێ: براکەم من بە تۆ ئاسوودەمو خۆشمدەوێیت، تکات لێ دەکەم لە بازرگانییەکەمدا هاوبەشم بە.

یان ئەگەر چوویت بااڵخانەیەك بە کرێ بگریت، خاوەنەکەی خۆشتی بوێت دەڵێ: بۆ خەڵك کرێی مانگانە ٥٠٠ هەزارە بەاڵم بۆ تۆ با ٤٥٠ هەزار بێت چونکە من تۆم خۆش گەرەکە و بە مامەڵەکردن لەگەڵت دڵخۆشم.

لە ڕاستیدا من لەڕێی خوێندنەوە و ئەزموونەکانم لەگەڵ خەڵك بۆم دەرکەوتووە کە ئەگەر تۆ چوویتە ناو دڵی خەڵکەوە و خۆشەویستییانت بەدەسهێنا ئەوا دوو سوود وەربگریت:

یەکەم: سوودێك بۆ دواڕۆژ بەوەی کە کەسی ڕەوشت جوان لەلای خودا بەڕێزە و خووی بەرز تەرازووی چاکەکانت قورس دەکات، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((ما من شيء اثقل في الميزان من حسن الخلق)) صحيح: اخرجه ابو داود ٤٧٩٩ والترمذي ٢٠٠٣ وصححه الالباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي.

واتا: (هیچ شتێك هێندەی ڕەوشتی جوان لە تەرازوودا قورس نییە).

دووەم: دەتوانی بۆ کاروباری دونیا سوودی لێ وەربگری، لەوانەیە زۆر کارت بۆ ئاسان بکات.. هەروەها ئاکاری بەرز و خۆشەویستیی خەڵك پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی سوودبەخش بۆ دروست دەکەن..

ڕووخسارت خۆشەویستترین ڕووە لەلام

مەفرەزەیەکی هاوەڵان لە ناوچەی نەجد (ثمامة کوڕی أثال)ی گەورەی (بنی حنیفه) بە دیل دەگرن، ئەوان نایناسن بۆیە دەیهێنن بۆ مزگەوت و بە دینگەیەکی مزگەوت دەیبەستنەوە..کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) دەیبینێ دەڵێ: دەزانن ئەوە کێیە؟؟ ئەمە ثمامة کوڕی أثالة، لەگەڵیدا باش بن و خواردن و خواردنەوەی باشی بدەنێ و هەموو ڕۆژیش چاودێری وشترەکەی بکەن..

ڕۆژی یەکەم پێغەمبەر (ﷺ) پێی گوت: ثمامة هەواڵت چییە؟

ئەویش گوتی: خێرە..ئەگەر بمکوژی ئەوا گەلەکەم لە خوێنەکەم خۆشنابن و بۆ تۆڵەکردنەوە دێن، ئەگەریش پارەت دەوێ چەند دەوێ دەتدەمێ..

پێغەمبەر (ﷺ) هیچ نالێ و دەڕوات..

ڕۆژی دووەم هەمان پرسیاری لێ دەکات و ئەویش هەمان وەڵام دەداتەوە..

لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەدا پەمامە موسڵمانەکان دەبینێ و ڕەوشت و ڕەفتاری پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵیان دەبینێ، بۆیە ئیسلام دەچێتە ناو دڵی بەڵام نایدرکێنێ..

سێیەم ڕۆژ دیسان هەمان پرسیار و هەمان وەڵام..

پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێ: ثمامة ئازاد بکەن.

هیچمان ناوێ نە پارە و نە مالێ، فەرموو برۆوە ناو کەسوکارت..

ثمامة ڕۆیشت و چووە نزیکترین شوێن، خۆی شووشت و هاتەوە کن پێغەمبەر (ﷺ) و گوتی: ئەی محمد هیچ شوێنێك هێندەی شارەکەی تۆ لام بێزراو نەبوو بەڵام ئەمڕۆ بووە خۆشەویستترین وڵات لەلام، هیچ ڕوویەك بە قەدەر ڕووی تۆ بێزراو نەبوو لە کنم بەڵام ئێستا خۆشەویستترین ڕووخسارە لەلام، هیچ ئایینێك وەکو ئایینەکەت قێزەون نەبوو لەلام کەچی ئێستا خۆشەویسترینە لە کنم..أشهد أن لا إله إلا الله و أن محمدا رسول الله..

هەوڵی ڕاکێشانی دڵی خەڵك بدە

ئەگەر بتوانی دڵی خەڵك بۆ خۆت ڕابکێشی ئەوەیە بێگومان وا دەکات پلەوپایەت لە کنیان هەبێت.

بۆچی کەسایەتیی ژن لە کن مێرد، ئی مێرد لە لای ژن، منداڵ لە کن بابیان. مامۆستا لە لای قوتابییەکانی، سەرنجڕاکێش نییە؟

هەندێ مامۆستا کە دەچنە پۆل قوتابییەکان خەنی دەبن، هەندێکیش کە دەڕۆنە پۆل خوێندەکارەکان دەڵێن: پەنا بە خوا..تەنانەت ڕقیان لە وانەکەشی دەبێتەوە.

پرسیار: هەندێ کەس پێیان وایە: بۆئەوەی مرۆڤ سەرنجڕاکێش بێت پێویستە ڕواڵەتی جوان و کەشخە بێت؟

وەڵام: جوانیی ڕواڵەت و بایەخدان بە ڕووکەش شتێکی گرنگە، پێغەمبەر (ﷺ) کە دەمات لە دوورەوە بۆنی خۆشی دەمات، (أنس)دەڵێ:((وكأنّ يده اخرجت من جؤنة عطار)) صحيح اخرجه مسلم ٢٣٢٩.

واتا: دەستی پێغەمبەر (ﷺ) لە ئاوریشم نەرمتر و بۆنخۆشتر بوو، وەکو ئەوە بوو تازە دەستی لەناو شووشەی بۆن دەرهێنابێت).

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) جلکێکی هەبوو لە جەژنەکان و هەینییەکان لەبەری دەکرد، حەزی لە ڕەنگی سپی بوو، چونکە سپی ئەگەر خاوێن بوو پێوەی دیارە و ئەگەر پیسیش بوو هەر پێوەی دیارە بەڵام ڕەش و ڕەنگە تۆخەکان پیسییان پێوە دیار نابێت.. بێگومان بایەخدان بە شیکپۆشی شتێکی گرنگە بۆ کەسایەتیی سەرنجڕاکێش..

بەڵام نابێ گرنگیدان بە ڕواڵەتی دەرەوە سەرپێچیی خودای گەورەی تێدا بێت وەک ئەوەی ژنێک بڵێ: بایەخ بە ڕواڵەتم دەدەم و پانتۆڵ لەبەر دەکەم..ئەمە ڕووتوقووتییە..

دەبێ بایەخدان بە شیکپۆشی و جوانیی ڕواڵەت بەپێی شەرع بێت نەک بەگوێرەی مۆدەی ڕۆژئاواییەکان..

وشەی جوان و باش

پرسیار: ئەو شتانە چین کە ئەگەر مرۆڤ پێوەی پابەندبوو لای خەڵک پەسند دەبێ؟

وەڵام: یەکێک لەو شتانە: وشەی چاک وجوان و بەکارهێنانی دەستەواژەی جوانە، بێگومان ئەمە دەبێتە هۆی دڵڕاکێشانی خەڵک وەکو: إن شاء الله، دەستخۆش، ئافەرین، مژدەت لێبێ..هیتر..پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((والكلمة الطيبة صدقة)) صحيح: اخرجه البخاري ٢٨٩١ ومسلم ١٠٠٩.

واتا: (وتەی جوان و باش خێرە)..خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿قُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا﴾ (البقرە: ٨٣)..ئەگەر ویستتان لەگەڵ خەڵك بدوێن بە جوانترین شێوە بدوێن و وشەی جوان بەکاربێنن.

ئەوەی کە خەڵك دەتەکێنێتەوە: وشەی ڕەق و بریندارکەرە..بەداخەوە هەندێ کەس دەستەواژەکانی لەگەڵ باش نییە و ڕەنگە هەندێ وشە دەربڕێ ببێتە هۆی تووڕەبوونیان.

دیاری و خۆشەویستی

یەکێك لەو شتانەی کە ئەگەر مرۆڤ کردی دەبێتە هۆی پەسندکردن و خۆشەویستیی خەڵك دیاریيە..پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ:((تهادوا تحابوا)) اخرجه مالك في الموطأ١٦٨٥.

واتا: (دیاری بۆ یەکتر ببەن لەلای یەکتر خۆشەویست دەبن)..هەندێ جۆر دیاری هەن پارەیەکی ئەوتۆی تێناچێ.

* لەبیرمە جارێکیان هاوڕێیەکی کۆنم لە دەرەوەی شار سەردانی کردم، بۆ نانی نیوەڕۆ هاتە کنم، لە ڕێ هەندێ شیرینیی بۆ منداڵەکان کڕیبوو، منداڵێکم دەرگای لێ کردەوە و شیرینییەکانی پێدابوو و پێی گوتبوو: هانی ئەو شیرینییانە بۆ خۆت و خوشك و براکانت..

ئەگەرچی دیارییەکە شتێکی سادە بوو بەڵام کاریگەرییەکی زۆری بۆ سەر منداڵەکان و دایکیان و منیش هەبوو..

* شتێکی جوانە ئەگەر مرۆڤ سەردانی هاوڕێیەکی کرد شتێك لەگەڵ خۆی ببات بۆ نموونە شیرینی بۆ منداڵەکان یان یەك دوو کیلۆ میوە،،شتێکی سادەیە بەڵام بۆ خانەخوێ گرنگە و نیشانەی خۆشەویستی و مایەی ڕێزە.

* هەروەها گرنگە مرۆڤ لەگەڵ هاوڕێکانی دیاری ببەخشنەوە..چی تێدایە ئەگەر چوویتە بازاڕ تیشێرتێکت پێ جوان بوو بۆ هاوڕێیەکتی بکڕی..یان قەڵەمێکی جوانت بینی دانەیەکت بۆ خۆت کڕی دانەیەك دووانیش بۆ هاوڕێکانت بکڕی و پێی بڵێی: ئەم قەڵەم پێ جوان بوو دانەیەکم بۆ خۆم کڕی و یەکێکیش بۆ تۆ.

سەلامکردن

یەکێك لەو ئاکارانەی کاریگەریی زۆری هەیە: سەلامکردنە..پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((الا ادلكم على شيء اذا فعلتموه تحاببتم, قالوا بلى" فقال افشوا السلام بينكم)) صحيح: اخرجه مسلم ٥٤ والترمذي ٢٦٨٨.

واتا: (ئایا شتێکتان پێ بڵێم کە ئەگەر کردتان یەکترتان خۆشبوێت؟ گوتیان: بەڵێ..گوتی: سڵاو لەنێو خۆتاندا بڵاوبکەنەوە).

سەلام لە یەکترکردن دەبێتە هۆی لە یەکتر نزیك کردنەوەی دڵەکان و خۆشەویستیی زیاتر.

یەکێك لە نیشانەکانی نزیکبوونەوەی هاتنی ڕۆژی دوایی: سڵاوکردنی ناسیارانە، واتە تۆ تەنها سڵاو لە کەسێك بکەیت کە دەیناسیت، ئەوەی نەیناسیت ئاوڕی لێ نەدەیتەوە..تەنانەت وای لێهاتووە ئەگەر تۆ سڵاو لە کەسێکی نەناسیاو بکەیت کابرا سەری سووڕدەمێنێ و لە دڵی خۆیدا دەڵێ: ئەوە کێ بوو؟! دەمناسێ؟!

ئەسڵ وایە کە سڵاو لە هەموو کەسێك بکەیت بیناسیت یان نا..

دەرخستنی خۆشەویستی لە پێناوی خودا

یەکێك لەو شتانەی دەبێتە هۆی کەمەندکێشکردنی خەڵك بریتییە لە خۆشەویستی لەپێناو خودا و دەربڕینی ئەو خۆشەویستییە بۆ ئەو کەسەی خۆشت دەوێ.

ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ پیاوێك ڕاوەستابوو، پیاوێك لە دوورەوە بەوێدە ڕەتبوو، پیاوەکەی کن پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا سوێند بە خو من ئەو پیاوەم خۆشدەوێ.

پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: پێت گوتووە؟

گوتی: نا..

پێغەمبەر (ﷺ): بڕۆ پێی بڵێ..

کابراش چووە لای پیاوەکە و گوتی: لەپێناو خودا تۆم خۆش گەرەکە.

پیاوەکەش وەڵامی دایەوە: خوداش تۆی خۆشبوێت کە تۆ لەپێناو ئەودا منت خۆشەویست.

بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((اذا احبّ احدكم اخاه فليخبره انه يحبه) صحيح: اخرجه الترمذي ٢٣٩٢ واحمد في المسند ١٧١٧١ وصححه الالباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي ٢٣٩٢.

واتا: (ئەگەر یەکێکتان براکەی خۆشویست با پێی بڵێ که خۆشی دەوێت).

کەواتە: زۆر گرنگە ئەگەر هەستوسۆزێکی ڕاستگۆیانەت بەرامبەر کەسێك هەبوو. لە ناخەوە خۆشت دەویست، بۆی دەربڕە و پێی بڵێ..

با ژن خۆشەویستیی خۆی بۆ مێردەکەی دەربڕێ، پیاویش هەروەها، بە قسەی ڕاستەوخۆ نایڵێیت بە نامەیەکی مۆبایل، بە کاغەزێك، بە دیارییەك..

برایەکت خۆشدەوێ و لە عەمرە دوعات بۆ کردووە بە نامەیەك پێی بڵێ: لەبەر خاتری خودا تۆم خۆشدەوێ و لە عەمرە دوعام بۆ کردوویت.

ئەوەی بۆ خودا بێت بەردەوام دەبێت

پرسیار: هەندێ کەس هەن کە ئەگەر سۆزو خۆشەویستی بۆ دەربڕیت دەڵێ: ئەوە ئیشێکی پێمە یان بەرژەوەندێکی هەیە بۆیە خۆشەویستیم بۆ دەردەبڕێ؟

وەڵام: مەرج نییە وابێ..ئەگەر دەربڕینی خۆشەویستی بە شێوازێکی گونجاو بێت بێگومان ئەم خەیاڵانەی بە مێشکدا نایەت..بۆ نموونە ئەگەر بچیتە لای هاوڕێلێکت کە هیچ بەرژەوەندێکت لەنێوانتاندا نییە و پێی بڵێیت: براکەم دوێنێ کە نەهاتبووی دڵم بۆت تەنگ بوو، براکەم خۆشتمدەوێ و بە بینینت دڵخۆش دەبم..ئەمانە قسەی ئاسایین بڕوا نەکەم کەسێك بیانبیستێ خەیاڵی خراپ بکات..

من کاتێ هەستی خۆم بۆ خزم و کەس یان منداڵەکانم دەردەبڕم بیر لەو ناکەنەوە کە بۆ قازانجێك ئەوە دەکەم.

مژدەبەخش بن نەك تەکێنەر

* هەندێ خەڵك بەداخەوە وەکو ئەو فەرموودەیەن کە پێغەمبەر (ﷺ) وەسفیان دەکات: (هەندێکتان خەڵك دوور دەخەنەوە و دەتەکێننەوە.)صحیح: بخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە.

مەبەستی پێغەمبەر (ﷺ) لەم فەرموودەیە ئەو پێشنوێژانەیە کە بە هۆی درێژکردنەوەی نوێژەکانیان خەڵك لە نوێژی جەماعەت دوورەدەخەنەوە.بەڵام من

مەبەستم پێی شتێکی تـرە ئـەویش ئەوەیـە بەداخـەوە هەنـدێ موسـڵمان هەیـە بـە شـێوازێکی خراپـی وشـك ڕەفتـار لەگـەڵ ناموسـڵمانان دەکـەن و بـەوەش لـە ئیسـلام دەیانتەکێننەوە.

* لەبیرمە کە جارێکیان کۆمەڵە لاوێك چوونە شاری وڵاتی فەڕەنسا یان بەریتانیـ. خانوویەکیان لە ژنێك بـە کـرێ گـرت، دوای تـەواوبوونی نیشـتەجێبوونیان لـەو وڵاتـە ڕۆیشتن و کرێی ژنەکەیان نەدا، کاتێ پرسیاریان لێکرا بۆچـی کرێتـان نـەدا، گوتیـان ئەو ژنە کافرە پارەی نادەینێ تا بچێت بەو پارەیەی مە بەدکاری بکات!!

بەداخەوە..ئەم کرێیە بەپێی گرێبەستێکی شەرعی بووە، هـەقی خـۆی بـوو پێـی بـدرێ، دەبووایـە بیـدەن. ئـەو ژنـە بـە هـۆی ئـەو ڕەفتـارە ناشـرینەی ئـەو لاوانـەوە هەڵوێستێکی نەرێنی بەرانبەر ئیسلام وەرگرت..

* چـوومە وڵاتێـك، هەنـدێ لاوی موسـڵمانم بینـی، قوتابیـیـەکان لەگـەڵ خێزانـە بیانییەکان نیشتەجێن، یەکێك لەو قوتابییانە بۆی گێڕامەوە و گوتی: یا شێخ من کاتێ بەیانی لە ژوورەکەم دەردەچم و بـۆ قوتابخانـە دەڕۆم ژوورەکـەم جـوان ڕێکدەخـەم. ئاودەست و گەرماوەکە پاك دەکەمەوە ئەگەرچی ئەوانە ئەرکی منیش نین، پێڵاوەکانـ لـە شـوێنی خۆیـان دادەنـێم، کـە نانیـان لەگـەڵ دەخـۆم دەسخۆشـییان لێ دەکـەم و سوپاسیان دەکەم..بەم شێوازە زۆر کاریگەرییم لەسەریان داناوە و دڵخۆشن بە بـوونم لەگەڵیان..

ئەم ڕەفتارە جوانە هیچی تێناچێ بەڵام خۆشەویستیی خەڵك بەدەست دێنی..

* عبدالله کوڕی عومەر کاتێ مەڕێك سەردەبڕێ بـە هاوسـەرەکەی دەڵـێ: بەسـەر دراوسێکانیدا ببەخشەوە..ئەویش دەیبەخشێتەوە..کاتێ عبدالله دەگەڕێتەوە دەبینـێ هەندێك گۆشت ماوە دەڵێ: داوتانە بە دراوسێ جوولەکەکەمان؟!

تەئکید دەکاتەوە لەوەی بزانێ داویانە بەوان..ئەمەیە ڕەفتاری جوان..نالێ: نەیدەن بەو جولەکانە چونکە سەرپێچیی خودای پێ دەکەن..

بە ڕەوشتی جوان ڕەفتار لەگەڵ خەڵك بكە

پرسیار: هەندێ ڕیشداری ئەمڕۆ ئەگەر کەسانی وەکو خۆیان ببینن سڵاویان لێ دەکەن بەڵام سڵاو لە ڕدێنتاشراوان ناکەن، ئایا ئەمە لە ئاکاری جوانە؟

وەڵام: بەڕاستی ئەمە گرفتە، من تێبینیم کردووە سڵاو کاریگەرییەکی زۆری هەیە بۆ ڕاکێشانی دڵی خەڵك، هەندێ دەچمە خواردنگەیەك دەبینم خەڵك دانیشتووە دەڵێم: سڵاوتان لێبێ، ئێوارەتان باش، بە زەردەخەنەوە بەلایاندا تێدەپەڕم..ئەمە کاریگەریی زۆری بەسەریانەوە دەبێ.

ئەمە ڕەوشتی ئیسلامە فەرمانی پێکردووین دەبێ سڵاو لە هەموو کەسێك بکەین.

بۆیە بە هەموو گەنج و لاوێك و هەموو خوێنەرەکانم دەڵێم: ئەگەر دەتەوێ کەسایەتییت سەرنجڕاکێش بێت سڵاو لە خەڵك بکە..لێو بە خەندە بە..هەستوسۆزی خۆت بۆ خەڵك دەربڕە..نەرمونیان و لەسەرخۆ بە.ئازاری خەڵك مەدە و بەرگەی ئازاریان بگرە..

ئەگەر مرۆڤ بەم ڕەوشتانەوە پابەند بوو ئەوا دوو ئامانجی لە ژیاندا بۆ دێتەدی:

یەکەم: لە خودا نزیك دەبێتەوە و خودا خۆشیدەوێت.

دووەم: خودا لەلای خەڵك خۆشەویست و پەسندکراوی دەکات.

زەردەخەنە

(زەردەخەت بە ڕووی براکەتەوە خێر و چاکەیە)

زەردەخەنە

داوای کۆمەکی لە خودا بکە

دوای ئەوەی باسمان لە چۆنێتی وەدەستهێنانی دڵی خەڵک کرد وا پێویست دەکات باس لە گرنگترینی ئەو شتانەش بکەین کە دەبێتە هۆی کەمەندکێشکردنی دڵی خەڵک ئەویش بریتییە لە (زەردەخەنە)..

لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا دەبینی هەندێ کەس بە سروشتی خۆی لای خەڵک پەسندکراوە بە جۆرێك ئەگەر لە کۆڕێك یان بازاڕ یان هەر شوێنێکی تر ببینی هەست دەکەیت دڵت بۆی دەچێ، دەڵێی موگناتیسە و دڵەکان ڕادەکێشێ، ((الارواح جنود مجندة، ما تعارف منها ائتلف و ما تناكر منها اختلف)) صحيح اخرجه البخاري ٣١٥٨ ومسلم ٢٦٣٨.

واتا: گیانەکان لە ئەزەلدا پێش دروستکردنی لەشەکان لەناو خۆیاندا وەکوو چەند کۆمەڵە سەربازێك وابوون، کە هەر کۆمەڵە و جۆرە مەشقێکی تایبەتییان لە جیهانی ڕووحدا پێکراوە, ئێستاش لە جیهانی دونیادا، نموونەیەکن لە عالەمی ئەزەلییان" ئەوانەی کە هاوڕێی یەك بوون هۆگری یەکتر دەبن و پێکەوە دەسازێن و ئەوانەشیان لە جیهانی ڕۆحدا دژ و لەیەك جودا بوون مەشقی جیا جیایان کردووە و ئەمڕۆکەش نامۆیی لە یەکتر دەکەن و دژی یەکتری دەوەستنەوە و لەگەڵ یەك ناسازێن.

* ئەو مرۆڤەی دەتوانێ خەڵك بۆ لای خۆی کەمەندکێش بکات بێگومان زۆربەی جار هەندێ کارامەییی ئەوتۆی هەیە کە بەهۆیەوە دەگاتە ئەو ئاست و قۆناغە، بە واتا ئەگەر ئەو لێهاتوویانەی نەبووایە نەیدەتوانی بچێتە نێو دڵی خەڵکەوە، ئەگەرنا

هەموو کەس حەز دەکات ببێتە وتاربێژێکی باش بەڵام ئامادەیی فێربوونی شێوازی وتاردانی تێدا نییە، هەموو کەس حەزی لێیە ببێتە وێنەکێشێکی دەسرەنگین بەڵام ئامادەیی ئەوەی تێدا نییە، ئیتر بۆ هەموو لێهاتوویەکانی تریش هەمان شێوە(باشبوون لەگەڵ دایك و باوك، خێزان، منداڵ و کەسوکار و هاوڕێ..).

زۆربەی خەڵك ئاواتەخوازیی ئەم چاکە و ڕەوشتانەن بەڵام ناکرێ بەمانە بگەیت مەگەر بە بڕینی چەند قۆناغێك لە شکاندنەوەی نەفس و ڕامکردنی و لێپرسینەوە و دوورکەوتنەوە لە شتی پڕوپوچ.

زەردەخەت بە ڕووی براکەتدا چاکەیە

با بێین بدوێین لەبارەی چۆنییەتی بەدەستهێنانی پەسندکردنی زەوی و خۆشەویستیی ئاسمان، ئەگەر ئەم دووانە لە ڕاستیدا بۆ مرۆڤ کۆبوونەوە ئەو بەدڵنیاییەوە پلەی لای خودا بەرزدەبێتەوە.

ڕۆژێکیان پێغەمبەر (ﷺ) ئەو شتانەی باس کرد و ژمارد کە بە خێر و چاکە دادەنرێن، فەرمووی: ((تبسمك في وجه اخيك صدقة)) قم قال((وامرك بالمعروف صدقة, ونهيك عن المنكر صدقة، ودلالتك للرجل في وسط الطريق صدقة، وان تصنع لاخرق صدقة)) صحيح اخرجه الترمذي ١٩٥٦ وصححه الالباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي ١٩٥٦.

واتا: (زەردەخەنەت بە ڕووی براکەت چاکەیە، فەرمانکردنت بە چاکە خێرە. قەدەغەکردنی خراپ چاکەیە، ڕێنیشاندانی کەسێك کە ڕێی ونکردووە چاکەیە. هاوکاریکردنی کەسێکی لاواز و نەزان و دەستوپێ سپی چاکەیە).

بڕوانـه یـەکێك لـه چـاکه و خێرەکـان کـه زۆر سـادەیه و هیچـی تـێ ناچـێ زەردەخەنەیە.

پێغەمبەر لە سەختترین هەڵوێستدا زەردەخەنەی لەسەر لێوان بوو کە ڕەنگە لـەو کاتـەدا خـەڵك تـووڕە و پەسـت بـووبن، بـەڵام پێغەمبـەر پاڵـەوانێك بـوو دەیتـوانی دەمارەکانی کۆنترۆڵ بکات و پێ بکەنێ.

زەردەخەنە کاریگەرییەکی سەیری هەیە

زەردەخەنە گرنگییەکی زۆری هەیە کە ڕەنگـە مـرۆڤ نـەیزانێ یـان تێبینـی ئـەوە نەکات کە چ بەرهەمێکی هەیە.

* جارێکیان بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەیەکی (ڕابیتـەی جیهـانی ئیسـلامی) بـەرەو ئەرجـەنتین گەشـتم دەکرد..لـە فرانکفـۆرتی ئـەڵمانیاوە سـواری فڕۆکـە بـووم، تاکـە موسڵمانی نێو ئەم فڕۆکەیە بووم کە زۆربەیان ئەڵمان و ڕەگەزی تر بوو.

هەندێ جار میواندارەکە دەهاتـە لام و دەیپرسـی: چـا، قـاوە، هیچـت نـاوێ؟ بـۆ نموونـە منـیش بـە زەردەخەنـەوە دەمگـوت: سـوپاس..یان دەمگـوت: بـەڵێ..ئاوم دەوێ..چیترم نەدەوت..

ماوەی گەشتەکە ١٢ سەعات بوو..

دوای ١٠ سەعات بۆ پشوودان فڕۆکەکە لە شـاری سـاوپاولۆی بـەڕازیل نیشـتەوە، پاشان بەرەو شاری بۆینس ئایرێسی پایتەختی ئەرجەنتین بەڕێ کەوتینەوە..

لە شـاری سـاوپاولۆ میواندارەکـە کـە جانتاکـەی بەدەسـتەوە بـوو و دەیەوێست دابەزێ هاتە لام و گوتی: تۆ لە ساوپاولۆ دادەبەزی؟؟

گوتم: نا..من دەچمە ئەرجەنتین.

گوتی: بەڵێ..زۆر سوپاس..

گوتم: بۆچی سوپاسم دەکەیت..

من سەرنجمدا تەنها سوپاسی منی کرد و نەریتیش وانییە میواندار بەر لە ڕۆیشتنی سوپاسی نەفەرەکان بکات.

گوتی: تەنها لەبەر خاتری زەردەخەنەکەت من سوپاست دەکەم..ئیتر ڕۆیشت.

ئەو کات زانیم کە تۆ تەنها بەم زەردەخەنەیە دڵی خەڵك بەدەست بێنی..بۆیە ئەمە گەورەترین پەیامە چیت بوێت دەتوانێ بیگەیەنیت.

ئەو میواندارە ئەگەر لە شوێنێك ببیستێ یان ببینێ کە بگوترێ موسڵمان خراپە. خوێندۆستە..ئەو دەڵێ: نا..وانییە..من موسڵمانم دیتوە تەنانەت ڕیشداریش بووە بەڵام نەرمونیان و دەم بە خەندە بووە..

ئێمە دەتوانین بەم زەردەخەنەیەوە پەیامی خۆشەویستی بنێرین..زەردەخەنە زمانێکی جیهانییە هیچ سنوور و بەربەست و ڕەگەز و زمانێك ناتوانێ ڕێی لێ بگرێ.

پێغەمبەر جوانترین زەردەخەنەی هەبووە

چۆن پێغەمبەر (ﷺ) زەردەخەنەی بەکاردەهێنا؟

خالیدی کوڕی وەلید بەر لە موسڵمانبوونی لەو کەسانە بوو کە زۆر ڕقی لە ئیسلامو موسڵمانان بوو، هۆکاری شکستی موسڵمانان بوو لە شەڕی ئوحود و بەشداریشی لە شەڕی خەندەق کردبوو.

دوای ئەوەی تیرهاوێژەکان شاخەکەیان چۆڵکرد، خالید لە دواوە بە ژمارەیەك سوارەوە بەسەر چیاکە کەوت و موسڵمانانی تیرباران کرد و ئیتر پارسەنگی شەڕەکە گۆڕا و موسڵمانان تێکشکان.

خالید بەر لە ڕزگارکردنی مەککە بیری لە موسڵمانبوونی کردبۆوە تا ئەوە بوو خودا هیدایەتی دا و بەرەو شاری مەدینە هات و دەشترسا نەیدەزانی پێغەمبەر (ﷺ) چی لێ دەکات و چی پێ دەڵێ؟!

خالید دەڵێ: کاتێ چوومە شاری مەدینەوە دیتم پێغەمبەر وا دانیشتیە، کاتێ منی لە دوورەوە بینی زەردەخەنەی بۆ کردم..

یەکەم شت پێغەمبەر (ﷺ) بۆ خالیدی کرد زەردەخەنە بوو..

خالید دەڵێ: سوێند بە خوا تا لەبەردەمی وەستام هەر بۆم دەخەنیەوە.. پێغەمبەر (ﷺ) پێی گوت: (ئەی خالید دەمزانی عەقڵێکت هەیە بەرەو ئیسلام دێنێ.)..پاشان خالید موسڵمان بوو.

زەردەخەنە ئاکارێکی بەرزە

چ شتێك ڕێگرە لەوەی خاوەن ئەم ئاکارە مەزنە بیت، ئاکاری زەردەخەنە بە ڕووی خەڵکەوە، چ شتێك بەربەستە لەوەی لەگەڵ هاوسەر، هاوڕێ، منداڵ، هەموو ئەو کەسانەی دەیانبینی، لێو بە خەندە بیت؟

تۆ دەتوانی بە بێ پارەبەخشین خێر و چاکە بکەیت، دەتوانی ڕۆژانە بە سەدان چاکە بکەیت، ئەویش تەنها بە زەردەخەنە.

* (جریر کوڕی عبدالله) دەڵێ: لەو کاتەوەی موسڵمان بووم هەرگیز پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری چوونە کنی لێ نەکردووم..هەر کاتێکیش منی بینیبێ بە ڕوومەوە زەردەخەنەی کردووە.

* عەمری کوڕی عاص دەڵێ: هەر کە موسڵمان بووم پێغەمبەر (ﷺ) زۆر ڕێزی دەگرتم..پێغەمبەر هەر کات عەمری ببینیایە بە ڕوویەوە زەردەخەنەی دەکرد و لە باشترین شوێنی دادەنیشاند.

عەمر دەڵێ: لە دڵی خۆمدا گوتم من خۆشەویستترین کەسی لای پێغەمبەر (ﷺ)..بڕوانە چۆن پێغەمبەر (ﷺ) بە مامەڵەی جوان و زەردەخەنەی بەردەوامەوە ئەو پەیامەی بردۆتە دڵی عەمرەوە کە ئەو خۆشەویستترین کەسە لەلای پێغەمبەر..تۆ کاتێك بە ڕووی خەڵکەوە زەردەخەنە دەکەیت بەدڵنیاییەوە وا گومان دەبەن کە تۆ ئەوانت خۆش گەرەکە.

ڕۆژێکیان عەمر دێتە لای پێغەمبەر (ﷺ) و لێی دەپرسێ: ئەی پێغەمبەری خوا خۆشەویستترین کەس کێیە لای تۆ؟

عەمر لە دڵی خۆیدا وای دانابوو کە مادامەکی بە ڕوومەوە پێدەکەنێ و لە باشترین شوێن دامدەنیشێنێ و بە جوانترین ناو بانگم دەکات کەواتە دەبێ من خۆشەویستترین کەسی بم..دەیویست بەتەواوی لەوە دڵنیابێت..

پێشبینی دەکرد پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ: تۆ..نابینی چەند نەرمونیانم لەگەڵت و هەمیشە بە ڕووتەوە پێدەکەنم..

پێغەمبەر (ﷺ) لە وەڵامدا فەرمووی: خۆشەویستترین کەس لەلام عائیشەیە.

عەمر: ئەی پێغەمبەری خوا لە پیاوان کێیە؟

پێغەمبەر (ﷺ): باوکی عائیشە.

عەمر: پاشان کێ؟

پێغەمبەر: عمر ، عثمان ، علی ، طلحة ، زبیر..ئیتر پێغەمبەر (ﷺ) چەند کەسێکی تری ژمارد..

چۆن پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ عەمر گەیشتە ئەم ئاستە کە وا گومان ببات کە خۆشەویستترین کەسی پێغەمبەرە (ﷺ)؟؟

بێگومان تەنها بە زەردەخەنەی بەردەوام.

هەمیشە دەم بە خەندە بە

گرفتی ئەمڕۆی ئێمە ئەوەی دەبینی زۆربەی خەڵك ئاکاریان بازرگانییانەیە، بۆ نموونە کە دەچێتە لای بەڕێوەبەرەکەی بە گەرموگوڕییەوە سڵاوی لێ دەکات و دەڵێ: بەیانیت باش، تەمەندرێژ بیت، چۆنیت؟ ساغ و سەلامەت دەبی ان شاء الله، بە جۆرەها شێواز مامەحەمەیی بۆ دەکات و بە ڕوویەوە زەردەخەنە دەکات..

بەڵام ئەگەر بچێتە لای فەرمانبەرێکی سادە بە ڕوویەوە پێناکەنێ و بەساردوسڕی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات..

ئەسڵ وایە مرۆڤ هەمیشە دەم بە خەندە بێت تاوەکو بتوانێت دڵی خەڵك بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت.

زەردەخەنە هیچی تێناچێ بەڵام زۆر شتی باش دەکات، زۆر کەس هەن دڕدۆنگی و مۆنی باش دەزانن و لە زەردەخەنەشدا نەبانن.. نزیکترین ڕێگا بۆ چوونە ناو دڵی خەڵك زەردەخەنەیە، زەردەخەنە پەیامی جوان بۆ خەڵك دەنێرێ بەڵام گرفت ئەوەیە خەڵکێکی کەم بەکاری دەهێنن.

ئەگەر دەتەوێ ڕێژەی ئەو خەڵکە بزانی کە زەردەخەنە بەکاردێنن ئەوا دیقەت بدە کە ئەگەر لە مەجلیسێك بوویت و کەسێك هاتە ژووری و سڵاوی کرد و تەوقەی لەگەڵ هەمووان کرد سەیرکە بزانە چەند کەس زەردەخەنەی بۆ دەکات، بەدڵنیاییەوە ڕێژەیەکی کەم دەبینی.

بە ڕۆژدەم بە خەندە و شەویش چاو بە فرمێسك

(أيوب السختياني) خواپەرستێکی باش بوو، لە هەموو خەڵك زیاتر خواپەرست بوو، دەڵێن: بە ڕۆژ لێو بە خەندە و بە شەویش زۆر دەگریا..بە ڕووی خەڵکەوە پێدەکەنی بەڵام کە شەو دادەهات لەسەر بەرماڵەکەی دەگریا..نەك لە ڕۆژ مۆن و لە شەویش خەریکی بەزم و ڕابواردن بێت.

هەندێ لە هاوڕێکانی دەبێژن: سوێند بە خوا کەسێکمان نەبینیوە هێندەی ئەیووب بە ڕووی خەڵکەوە دەم بە پێکەنین بێت، زۆر لە خەڵك نزیك بوو و دڵیان پێی دەکرایەوە.

هەندێ کەس هەن لەگەڵ خەڵك ڕووخۆش و لەگەڵ مالّ و منداڵ گرژ و مۆنن. لەگەڵ خەڵك دڵاوا و بەخشندە لەگەڵ خێزان دەستەنگ و ڕژد..

پێغەمبەری هێمن و لەسەرخۆ

پێغەمبەر (ﷺ) لەو هەڵوێستانەش کە ڕەنگە خەڵك تێیدا تووڕە ببن و هەڵبچن ئەو زەردەخەنەی دەکرد.

* نموونە: أنس کوڕی مالك دەڵێ: ڕۆژێکیان لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەڕۆیشتم. عەبایەکی نەجڕانی کە لێوارەکانی زبر بوون لەبەردابوو، لەم کاتەدا کابرایەکی ئەعرابی

لە دواوەی دەڕۆیشت، بۆی هات و عەبایەکەی بەتوندی گرت و ڕایکێشا..عەبایەکە لە ملی پێغەمبەر (ﷺ) خشا و ملی ڕووشاند.

بەدڵنیاییەوە پێغەمبەر (ﷺ) ئازاری پێگەیشتووە، پێغەمبەر ئاوڕی لە کابرا دایەوە و گوتی: چیت دەوێ؟

کابرا گوتی: ئەی محمد..نەشیگوت: ئەی پێغەمبەری خوا یان باوکی قاسم..هیچکەس بەم شێوەیە بانگی پێغەمبەریان (ﷺ) نەدەکرد..خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا تَجْعَلُوا دُعَاءَ الرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَاءِ بَعْضِكُمْ بَعْضًا﴾(النور: ٦٣)..دروست نییە هیچکەسێك وەکو کەسێکی ئاسایی بانگی پێغەمبەر (ﷺ) بکات بۆ نموونە بڵێ: ئەی محمد..دەبێ بگوترێ: ئەی پێغەمبەری خوا..

ئەم کابرایە گوتی: ئەی محمد لەو ماڵەی خودا پێیداوی بمدەرێ..

ئەنەس دەڵێ: یەکەم شت کە پێغەمبەر (ﷺ) کردی ئەوەبوو ئاوڕی لێدایەوە و خەنیەوە..

کێ دەتوانێ لەم جۆرە هەڵوێستانە پێبکەنێ.

کەواتە ئەوە گرنگ نییە تۆ لە کاتی شادی و کەیفخۆشی پێ بکەنی، ئەوە گرنگە تۆ لە کاتی تووڕەیی و هەڵوێستی تەنگیش زەردەخەنە لە لێوەکانت نەتۆرێ و کۆنترۆڵی دەمارت بکەیت و تووڕەییت بگۆڕی بۆ خەندە.

ئەنەس دەڵێ:((فالتفت النبي (ﷺ) اليه وابتسم وقال اعطوا الرجل من مال الله الذي اعطانا)) صحيح اخرجه البخاري ٥٨٠٩ واحمد في المسند ١٢١٣٩.

پێغەمبەر (ﷺ) ئاوڕی دایەوە و بزەی هاتێ و فەرمووی: (لەو ماڵەی خودا پێیداوین بیدەن بەم پیاوە).

ڕەحمەتە بۆ جیهانییان

ئەگەر مرۆڤ گەیشتە ئەم ئاستەی کە بتوانێ دەماری کۆنترۆل بکات و لە سەختترین هەڵوێست زەردەخەنە بکات جا لەگەڵ هەر کەسێك بێت: خێزان، هاوڕێ، هەژاران، ئەوا لەم حاڵەتەدا بەختەوەرترین کەسە و دڵی لە هەموان خۆشترە. هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) بە ڕووی هەژاران پێدەکەنی.

پێغەمبەر ئەوەندە خاکی بوو، کە بەڕێگەدا دەڕۆیشت ئافرەتێکی هەژار ڕایدەگرتو دەیگوت: ئەی پێغەمبەری خوا ئیشەکم پێتە، پێغەمبەر لەگەڵی دەچووە لای کەسوکارەکەی..جاری وا هەبوو کەنیزەکێك دەهاتە لای و گلەیی لە ئاغاکەی دەکرد پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵی دەڕۆیشت و کێشەکەی بۆ چارەسەر دەکرد.

پێغەمبەر هەمیشە بەڕەوشت بوو، نەدەگۆڕا..بۆیە زەردەخەنە و ڕەوشتی جوان مرۆڤ لای خودا و خەڵك خۆشەویست دەکەن و لە ڕۆژی دواییش تەرازووی چاکەکانی قورس دەکەن، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((ما من شيء اثقل في الميزان من حسن الخلق)) صحيح: اخرجه ابو داود ٤٧٩٩ والترمذي ٢٠٠٣ وصححه الالباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي ٢٠٠٣.

واتا: (هیچ شتێك هێندەی ڕەوشتی جوان تەرازووی چاکەکان لە دواڕۆژ قورس ناکات).

هەندێ کەس هەن بە حیساب خواپەرستن دەتەوێ جارێك خەندەیەك بە لێویانەوە ببینی کەچی بێئومێدت دەکات..

زۆر جار هاوسەرت، منداڵەکانت قسەیەك دەکەن بۆ ئەوەی پێ بکەنی، چی تێدایە پێ بکەنە و دڵی خۆش بکە..پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر هاوەڵەکانی شتێکیان بۆ گێڕابایەوە پێدەکەنی..

بۆیە ڕەوشتی جوان گرنگە و نابێ بە بیانووی خواپەرستییەوە ئاکاری بەرز فەرامۆش بکەین..

باسی ژنێکیان بۆ پێغەمبەر (ﷺ) کرد کە زۆر خواپەرستە و بە ڕۆژ بەڕۆژوو و بە شەویش خەریکی شەونوێژە بەڵام بەدگۆیە و بە زمانی ئازاری دراوسێیەکانی دەدات..پێغەمبەر فەرمووی: خواپەرستییەکەی بێسوودە شوێنی ئاگری دۆزەخە..

بەهۆی ڕەوشتە خراپەکەیەوە فڕێ دەدرێتە نێو ئاگرەوە.

هەروەها پێغەمبەر دەفەرموێ: ((ان سوء الخلق يفسد العمل كما يفسد الخل العسل)) حسن: اخرجه ابن ابي الدنيا في قضاء الحوائج وحسنه الالباني في في صحيح الجامع ١٧٦.

(بەدخوویی کردەوەی مرۆڤ پووچ دەکاتەوە هەروەك چۆن سرکە، هەنگوین تێکدەدات).

ڕەوشتی جوان پلەیەکی بەرزە

ئەگەر مرۆڤ خواپەرستییەکانی وەکو نوێژ و ڕۆژوو بکات ئەوا بەم پەرستشانە مرۆڤ لە خودا نزیك دەبێتەوە و سوودی بۆ خۆی هەیە بەڵام کاریگەری بۆ سەر ئەوانیتر نییە مەگەر دوعا بۆ موسڵمانان بکات و داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکات.

ئەوەی کە بە هۆیەوە مرۆڤ پەیام بۆ خەڵکی تر دەنێرێت ڕەوشتەکانیەتی، بە هۆی ئەم ڕەوشتانەوە مرۆڤ دەگاتە ئاستێك کە ڕەنگە هەندێك لەو کەسانەی شەونوێژ

دەکەن و بە ڕۆژ بەڕۆژوون پێی نەگەن، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((ان الرجل ليبلغ بحسن خلقه درجة قائم الليل صائم النهار)) صحيح: اخرجه ابو داود ٤٧٩٨ واخرجه احمد في المسند ٢٣٨٣٤ وصححه الالباني في صحيح وضعيف ابي داود ٤٧٩٨.

واتا: (موسڵمان بە هۆی ڕەوشتی جوانیەوە دەگاتە ئاستی ئەو کەسەی بە شەو شەونوێژ و بە ڕۆژ بەڕۆژووە).

ئەگەر کەسێك ڕۆژانە نوێژەکان بکات و ڕۆژە نا ڕۆژێك بەڕۆژوو بێت و شەوانە شەونوێژ بکات، تۆ تەنها بە زەردەخەنە و نەرمونیانی لەگەڵ خەڵك و ئاکاری جوان دەگەیتە ئاستی ئەو..

بۆیە پێویستە موسڵمان هەمیشە ئاکاری بەرز و ڕەفتاری جوان بێت لەگەڵ خەڵکو لەمەشدا پەیڕەوی لە ئاکار و فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بکات..

باش بەکارهێنانی شیعر

(إنَّ من البيان لسحراً)

باش بەکارهێنانی شیعر

بایەخدانی خەڵك بە شیعر

شیعر دەریایەکی فراوانە و ڕەنگە جگە لە شاعیر بۆ کەسی تر ڕەوا نەبێ قسەی لەبارەوە بکات، منیش شاعیر نیم، بەڵام لە میانەی ئەم بابەتەوە گەرەکمە باسی هەندێك وردەکاریی لەبارەی بابەتە شەرعییەکانی پەیوەست بە شیعرەوە بکەم.

لەم ماوەیەی دوایی تێبینیم کردووە خەڵك ڕوویان کردۆتەوە شیعر و هەندێ کەنالیش لە جاران زیاتر گرنگی بە شیعر دەدەن، تەنانەت دەبینی خەڵك چەندان کۆپلە شیعر لەسەر مۆبایلەکانیان داونلۆد دەکەن کە ئەوە پێشتر نەبوو.

حەسانی کوڕی سابت، شاعیری پێغەمبەر (ﷺ)

عەرەب لە کۆنەوە شیعریان بەکارهێناوە، پێغەمبەر (ﷺ) حەزی لە شیعر بووە، بە حسانی دەگوت: ((یا حسان اهجهم وروح القدس یؤیدك)) اخرجه مسلم ٢٤٩٠.

واتا: (ئەی حسان دایانشۆرە(هەجوویان بکە) جیبریل پشتیوانیت دەکات).

ئەو داشۆرینانەی حسان کاریگەرتر بوو لەو تیر و شیرانەی بەریان دەکەوت. کاتێ حسان ویستی بۆ بەرگری لە پێغەمبەر (ﷺ) هەجووی قوڕەیش بکات چووە لای ئەبووبەکر تا لەبارەی ڕەچەڵەکی (بنی هاشم) بپرسێ تاوەکو هەجووەکە پێغەمبەر (ﷺ) نەگرێتەوە و ئەویش نەزانێ.

حسان چوو لە ئەبووبەکری پرسی، ئەویش گوتی: ئەگەر ویستت هەجووی بێباوەڕان بکەیت هەجووی فلان تیرە و فلان تیرە بکە، یەکیان ئەبو جەهل و ئەویتر ئەبو سوفیان و یەکێکی تریان ئومەییە و فلان و فیساری تێدایە.

حسان هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا چۆن موو لە هەویر دەردەهێنرێ ئەوها تۆی لێ دەردێنم، واتە ڕەچەڵەکی تۆ هەڵداوێرم و ئەوانی تر دادەشۆرم کە دژایەتییان کردوویت. بەڕاستیش وایکرد و زۆر بەتوندی هەجووی قوڕەیشی دەکرد و پێغەمبەریش (ﷺ) هانی دەدا..

لە جوانبێژییدا جادوو هەیە!

عەرەب ئەگەر بیانویستبایە بۆ کارێك کەسێك ببزوێنن شیعریان بەکاردەهێنا..بۆ نموونە کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) ڕێککەوتنی حودەیبیەی لەگەڵ قوڕەیشییەکان بەست ژمارەیەك تیرە بوونە هاوپەیمانی پێغەمبەر (ﷺ) و قوڕەیش: خزاعە بووە هاوپەیمانی پێغەمبەر (ﷺ) و بکریش بوونە هاوپەیمانی قوڕەیش.

ئەگەرچی خزاعە ٤٠٠ کیلۆمەتر لە مەدینە دوور بوو و لە مەککە و تیرەی بکر نزیک بوو ئەگەرچی موسڵمان نەبوون بەڵام دڵیان لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوو، پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: خزاعە لەژێر پارێزگاری منە و قوڕەیشیش گوتی: بکر لەژێر پارێزگاری منە..ئاگربەس و ڕێککەوتنەکە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ بوو، دەبووایەش هەردوو لا پێوەی پابەند بن.

بەڵام دوای ماوەیەک تیرەی بکر بە شەو پەلاماری خزاعەیان دا و قوڕەیشیش بە چەند کەسێک هاوکارییان کردن، چەند کەسێکیان لە ژن و پیاو لێ کوشتن..

(عەمری کوڕی سالم) لە تیرەی خزاعە بەرەو مەدینە چوو، کاتێ گەیشتە بەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) گلەیی و گازەندەی نەکرد و نەیگوت: ئەوە بکر پەلاماریان داوین بەڵکو یەکەم شت دەستی کرد بە خوێندنەوەی شیعرێک:

يـا رب إني نـــاشد محمدا	حلـف أبيـه وأبينـا الأتلدا
قد كنتموا ولـــدا وكنا والدا	ثمت أسلمنـا فلم ننزع يدا
فانصر رسول الله نصرا أبدا	وادع عبـــاد الله يأتوا مددا
فيهم رســـول الله قـد تجردا	إن سيم خسفا وجهه تربدا
في فيلق كـالبحر يجري مزبدا	إن قريشا أخـلفوك الموعدا
ونقضـــوا ميثـــاقك المؤكدا	وجعلوا لي في كـداء رصدا
وزعمـوا أن لست أدعو أحدا	فهـــم أذل وأقـــل عـــددا
هـــم بيتونـــا بالوتـــير هجدا	وقتلونـا ركعـــا وسـجدا

بڕوانە هێز و کاریگەریی شیعر..

کە ئەم شیعرەی خوێندەوە پێغەمبەر (ﷺ) حەماس گرتی و هەستا و گوتی: (ئەی عەمری کوڕی سالم یارمەتیت درا..)..پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی بە

هاوەڵەکانیدا خۆیان ئامادە بکە بۆ ڕزگارکردنی مەککە و ڕزگاریان کرد..ببینە چۆن شیعریان بەکاردێنا..ئەوەش بۆ وروژاندنی ئەو کەسەی شیعرەکەیان بۆ دەخوێندەوە.

بانت سعاد

هەندێ جار عەرەب شیعریان بۆ پۆزشهێنانەوە بەکاردەهێنا وەکوو شیعری (بانت سعاد)ی کەعبی کوڕی زوهەیر، کە یەکێك لە سەرسەختترین دوژمنانی پێغەمبەر (ﷺ) بوو, هەڵات و پاشان گەڕایەوە, پێغەمبەر (ﷺ) بەبەزەیی و لێبوردە بوو، چونکە ئەوەی لە نێوان ئەو و کەعبی کوڕی زوهەیردا بوو، مەسەلەی تۆڵەسەندنەوە نەبوو..تاکو پێغەمبەر (ﷺ) لەبەر ئەوەی ئەو هەڵاتبوو بیکوژێت, چونکە ئەو هاتبووە نێو ئایینی ئیسلامەوە، خوای گەورە لە بارەی پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ ((وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ) و نەیفەرمووە ارسلناك سفاحا قتالا" واتا خوای گەورە بە ڕەحمەت بۆ جیهانیان ناردوویەتی، نەك بە خوێنڕێژ و پیاوکوژ.

کەعب هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) و شیعرە بەناوبانگەکەی خوێندەوە, دەڵێن پێغەمبەر (ﷺ) عەبایەکەی لەبەر خۆی لابردووە وداویەتی بە کەعب، شیعرەکەیشی بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

بانت سعاد فقلبي اليةم متبول — متيم اثرهـــا لـم يفد مكبول

انبئت ان رســول الله اوعـدني — والعفو عند رســول الله مأمول

تاکۆتایی شیعرەکەی، دەڵێن پێغەمبەر (ﷺ) ئەم جۆرە شیعرانەی لا پەسەند بووە و پێدەچێت هەندێ جار شتیشی بەخشیبێت لەسەر ئەم جۆرە شیعرانە.

پێغەمبەر شاعیر نەبووە

خوای گەورە لەبارەی پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی کە پێغەمبەر (ﷺ) هەرگیز شاعیر نەبووە: ﴿وَمَا عَلَّمْنَاهُ الشِّعْرَ وَمَا يَنْبَغِي لَهُ﴾(یس: ٦٩)..بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) هەرگیز شیعری نەگوتووە، ئەگەر تەماشای ژیاننامەکەی بکەیت ئەمەت بەڕوونی بۆ دەردەکەوێ..بۆیە زۆر جار کە شیعری لە بەرانبەر خوێندراوەتەوە ئەو بە هەڵە دووبارەی کردۆتەوە، بۆ نموونە: کاتێ (الاقرع کوڕی حابس)گوتی:

أتجعل نهبي و نهب العبيد كنهب عيينة و ألاقرع

پێغەمبەر (ﷺ) وەها دووبارەی کردەوە:

أتجعل نهبي و نهب العبيد كنهب الاقرع و عيينة

ئەبووبەکر گوتی: سبحان الله، ئەی پێغەمبەری خودا هەرگیز بە شاعیرمان نەزانیویت..

هەروەها ئەو کاتەی هاوەڵان خەریکی لێدانی خەندەقی دەوری مەدینە بوون. عبدالله کوڕی رواحە شیعراندی و گوتی:

اللهم لا عيش الا عيش الاخرة فاغفر للأنصار و المهاجرة

پێغەمبەر (ﷺ) وەها دووبارەی کردەوە:

اللهم لا عيش الا عيش الاخرة فاغفر للمهاجرين و الانصار.

بۆیە ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) شیعری گوتبایە قوڕەیش دەیانگوت: ئەم قورئانە ڕێکوپێکە ئەم شاعیرە داینـاوە و ڕێکی خستووە..بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) هەرگیز شیعری نەگوتووە بۆیە لەم ڕووەوە گومانی موشریکەکان پووچ دەبێتەوە.

شیعر کاریگەریی بەهێزی هەیە

تا ئێستاش شیعر کاریگەریی بەهێزی خۆی هەیە..دەگێڕنەوە لە کۆندا شاعیرێك هەجووی سەرکردەیەکی کردبوو، مێری ولاتێك بوو، شاعیرەکەیان دەسگیرکرد و هێنایان، هەموو جەستەیان لە پیسایی هەڵسوو و بە بازاڕدا گێڕایان..

دوای ئەوەی لە لێدان و سووکایەتی پێکردنی بوونەوە، شاعیرەکە چوو خۆی شوشت و بۆنی خۆشی لە خۆیدا و گوتی:

يغسل منك ما صنعت و شعري ثابت منك في العظام الخوالي

واتە: ئەوەی تۆ بە منت کرد بە شوشتن نامێنێ و تەواو دەبێ بەڵام ئەو شیعرەی هەجووی تۆم پێ کرد هەر دەمێنێتەوە.

شیعری غەزەل

پرسیار: سنووری غەزەل و دڵداری لە شیعر لە سایەی شەرعدا چییە؟

وەڵام: سەبارەت بە غەزەلەوە عائیشە دەڵێ: شیعر قسەیە، جوانی، جوانە و ناشیرینی، ناشیرنە..کاتێ یەکێك شیعرێك دەڵێ ئەوە قسەیەکی کێش و سەرواداره.

کاتێ دەڵێم: چۆنیت چاکیت؟ ان شاء الله باشیت؟

دەکرێ ئەو قسانە بە شیعریش بگوترێ، ئەگەر وتەکان جوان بوون ئەوا شیعرەکەش جوان دەبێت و ئەگەریش واژەکان ناشیرن بوون ئەوا شیعرەکەش ناشیرن دەبێ، جا ناومان لێنا شیعری سیاسی یان غەزەل یان هەر ناوێکی تر.

گرفتەکە ئەوەیە هەندێ کەس لە شیعری غەزەلدا وەسفی جەستەی ئافرەت دەکات و ئەو کەسەی دەیخوێنێتەوە لە ڕووی سێکسییەوە دەوروژێ، ئەمەش دروست نییە.

بەڵام ئەگەر غەزەلێکی خاوێن بوو وەسفی خۆشەویستی و پەرۆشی بۆ ئەو دەکرد و وشەی جوان و پاکی بەکاردێنا ئەوا هیچ کێشەیەک نییە.

شیعری داشۆرین

پرسیار: بە شێوەیەکی گشتی داشۆرین و هەجوو لە ئیسلامدا دروستە تەنانەت ئەگەر غەیبەتیشی تێدابوو، ئەو کەسەی هەجووی دەکەی زۆربەی کات ئامادە نییە؟

وەڵام: هەجووکراو ئامادە بێت یان نا، بابەتەکە هەر داشۆرینە..

سەبارەت بە غەیبەتکردنیش لە شیعردا ئەوا دروست نییە جا ئەو غەیبەتە بە شیعر بێت یان نا..بەڵام ئەگەر هەجووەکە بە زمانێکی بەرز و خاوێن بوو، وەکو قسەی خۆش وا بوو ئەوا دروستە بە مەرجێك سووکایەتی تێدا نەبێ.

لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن: یا شێخ ئەتوو ئیشەکەت زۆر قورس و تەسک کردەوە.

لە ڕاستیدا من قورس و تەسکم نەکردۆتەوە، ئەمە ئایینەکەمانە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (موسڵمان برای موسڵمانە، ستەمی لێ ناکات و سووکایەتی پێ ناکات. صحیح: بخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە.

کاتێ شاعیرێك دێت و دەڵێ:

كأنك بعرة في ذيل كبش تتدلى و الكبش يمشي

ئەمە سووکایەتییە..بە قشپل وەسفی کەسێک دەکات، ئەو قشپلە لە پاشەوەی بەرانێک هاتبێتە دەرەوە و بە دوونگیدا لکابێت ..

کەس هەیە بڵێ ئەم قسەیە دروستە..کەس ئەوە نالێ مەگەر نەزان یان ئارەزووپەرستێک.

شیعر ناونیشانی هەستەکانە

کاتێک شاعیر لە شتێک بێزار دەبێت، پێویستی بەوە هەیە بە شیعر ئەو بێزارییەی خۆی لە ڕێی شیعرەوە دەربڕێت.

دەڵێن پیاوێک هاتووەتە لای جەریر، بە جەریری گوتووە کێ شاعیرترین کەسە؟

ئەویش گوتی پیشانتی دەدەم، دەڵێن دەستی گرتووە و بۆ لای تەویلەیەکی مەڕو حوشتر، پاشان ئاماژەی بۆ پیرە پیاوێک کرد کە ڕاستەوخۆ لە گوانی حوشترێک شیری دەخواردەوە، گوانی حوشترەکەی دەبرد بە دەمدا و شیرەکەی دەخواردەوە.

گوتی دەزانیت بۆ چی ئەم پیاوە لە گوانی حوشترەکە شیر دەخواتەوە؟ گوتی بۆ؟ گوتی لەبەر ئەوەی زۆر قرچۆکە، ئەو نایەوێت بیدۆشێت و خەڵکی گوێیان لە دەنگی دۆشینەکە بێت، نەوەک خەڵکی بێن و داوای خواردنەوەی شیری لێبکەن، سەرباری ئەوەش ئەم پیاوە باوکمە، ئەگەر گوێت لە شیعرەکانی من بێت لەبارەیەوە گومانی ئەوەی پێ دەبەیت، کە دەوڵەمەندترین و ژیرترین و باشترین کەس بێت.

شیعری میللی

شیعری میللی ئەو شیعرەیە کە ستایشی هۆزێک دەکات، یان سووکایەتی بە هۆزێکی دیکە، ئەم جۆرەش بەڕاستی دەمارگیریی خێڵەکی دەوروژێنێت و دەبێت هۆی ئاشووب و ئاژاوە و ئەمەش لە ڕووی شەرعەوە دروست نییە، بەڵام ئەگەر مەبەستێکی

باشی لە پشتەوە بێت و بە دەربڕینێکی جوان و بە ئەدەبەوە بگوترێتەوە, ئەو شتێکی ئاساییە.

بەڵام کێشەکە لەوەدایە هەندێ دابونەریتی سەردەمی نەفامی تێدا دەگوترێتەوە. پێغەمبەر (ﷺ)یش دەفەرموێ: ((اربع في امتي من امر الجاهلية لا يتركوهن)) ونكر منها ((التفاخر بالاحساب والطعن في الانساب)) صحيح اخرجه مسلم.

بۆیە دەبێت مرۆڤ ئاگاداری ئەم لایەنە بێ لە شیعردا، نابێت تانە لە ڕەچەڵەکی کەس بدات، یان لە کەسێتی و قەدری خێڵەکانیان کەم بکاتەوە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لێی هەڵسن و ببێتە هۆی بەرپاکردنی شەڕ و تۆڵەسەندنەوە لە نیوانیاند. هەروەکوو پێشتر شتی وا لە نێوان عەرەبەکانی پێشوودا ڕوویدا .

چارەسەری گرفتەکانی هاوسەران

﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾

چارەسەری گرفتەکانی هاوسەران

ئەگەر ئێستا بڕوانیتە دۆخی هاوسەران هەست دەکەیت کەم مالّ هەیە کێشەیان نەبێت، جا ئەو کێشانە زۆرن: هەفتانەن یان لاوەکی تێپەڕن، ئەوەش واتای ئەوە نییە بڵێین: بوونی گرفت لە مالّ شتێکی ئاساییە، ئەوەش ببێتە پاڵنەری پیاو یان ژن بۆ ئەوەی کێشە بنێنەوە..ئەگەرچی بوونی گرفت شتێکی ئاساییە بەڵام دەبێ مرۆڤ بەپێی توانا خۆی لێ بەدوور بگرێ.

شوێنەواری پێشکەوتنی چاودێری نەکراو

ڕەنگە زۆرێك لەوانەی دەخوێننەوە خێزاندار نەبن..ئێمە ئەمڕۆ لە سەردەمی ئینتەرنێتداین کە وای لێهاتووە مرۆڤ ئاگای لە هەموو شتێکە و دەتوانێ هەموو شتێك بزانێ کە پێشتر وەها نەبوو.

برایەك بۆی باس کردم کە خۆی بانگخواز و پێشنوێژ و وتاربێژی مزگەوتێکی شاری ڕیازی سعودییەیە، گوتی: لەگەڵ کوڕەکەم کە تەمەنی ١١ ساڵێکە دانیشتبووم قورئانم فێردەکرد، کاتێ گەیشتینە سەرەتای سوڕەتی النور کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ (النور: ٢)..گوتم: ڕاوەستە کوڕم، واتای ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي﴾ چییە؟

کوڕەکەم ئاوڕێکی لێ دامەوە و پێکەنی..

کاتێ پێکەنی زانیم شتێك دەزانێ، گوتم: دەی بزانم واتای چییە؟؟گوتی: دەترسم لێمدەی..گوتم: نا..لێت نادەم، بەڵام پێم بڵێ واتای چییە؟ ئیتر کوڕەکە گوتی: ولە وەها و وەها دەکات..

وەسفێکی وردی سەرجێیی ژن و پیاوی کرد.

ئەو پیاوە دەڵێ: سەرم سوڕما..من تا نەگەیشتمە تەمەنی ١٦ ساڵ ئەم شتانەم نەدەزانی..ئەمە چۆن ئەمانە دەزانێ..ڕەنگە ئەم شتانەی لە ئینتەرنێتەوە بینیبێت گرنگ ئەوەیە زانی.

ئەگەرچی ئەم بابەتەی من زیاتر تایبەتە بە خێزاندارەکان بەڵام بەهۆی ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەی هاتۆتە ئاراوە زۆر کەس کە هێشتا هاوسەرگیریشی نەکردووە ئاگای لەو جۆرە گرفتانە هەیە کە لەنێوان هاوسەراندا ڕووەدات و تێی دەگات..

مەبەستیشم لەم چیرۆکە ئەوە بوو کە ئێستا بە هۆی پێشکەوتنە زۆر ئامێری تازە هاتۆتە ناومانەوە کە پێویستە کۆنترۆڵ بکرێن وەگەرنا کێشەی زۆریان لە دواوەیە.

بێزاریی سروشتی

بێزاربوون یان گرفتی نێوان ئەو کەسانەی هەمیشە لە یەك شوێن بەیەکەوەن شتێکی سروشتییە، بۆیە دەبینی نەخۆش لە نەخۆشخانە، قوتابیان لە قوتابخانە یان بەشی ناوەخۆیی، یان بەندییەکان لە زیندان یان سەربازەکانی سەربازگەیەك، بەهۆی بەردەوام لەگەڵ یەکتربوون و تێکەڵاوی جاری وا هەیە کێشە و گرفت لەنێوانیاندا ڕووەدات.

کەواتە بوونی بێزاریی سروشتی و ڕوودانی ئەم کێشانە ئەوە شتێکی سروشتی و ئاساییە.

بەڵام چۆن ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئەم گرفتانەدا بکەین؟ مرۆڤ چۆن دەتوانێ هەمیشە کارەکانی ژیانی نوێ بکاتەوە؟ پێغەمبەر ڤێڕای بوونی ئەو هەموو هاوسەرە چۆن مامەڵەی کردووە؟

لەبارەی ڕێگای چارەسەری کێشەکانی خێزان باسی سێ خاڵ دەکەم.

میٚشێك مەکەنە گامێشێك

یەکەم: هاوسەرەکان بە ڕەفتارەکانیان دەتوانن گرفتەکە گەورە بکەن یان بچووکی بکەنەوە.

ڕۆژێکیان پێغەمبەر (ﷺ) بە ماندوویی گەڕایەوە ماڵ و نیشانەکانی گرانەتای لێ وەدەرکەوتبوو، ئەو گرانەتایەی چوار ڕۆژ دواتر بەهۆیەوە کۆچی دوایی کرد، دوای نوێژی مەغریبی ڕۆژی هەینی چۆوە کن حەزرەتی عائیشە، دیتی وا عائیشە سەری بەستاوە و نالّە نالّییەتی: ئای سەرم ئای سەرم..پێغەمبەریش (ﷺ) ماندوو و نەخۆش تەنانەت نەیتوانی نوێژی عیشاش لەگەڵ هاوەڵان بکات، بە عائیشەی گوت: چیتە عائیشە؟ گوتی: تام لێیە لابارك الله فیها..پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: جنێو بە تا مەدە..پاشان گوتی: ئەی عائیشە ئەگەر پێش من بمری زەرەر ناکەیت، دەتشۆم و کفنت دەکەم و نوێژت لەسەر دەکەم و بە خاکت دەسپێرم.)

عائیشە گوتی: دەمشۆیت و کفنم دەکەیت و نوێژم لەسەر دەکەیت و ژێرخاکم دەنێیی؟! سوێند بە خوا هەر ئەو شەوە لەگەڵ هەندێ لە ژنەکانت سەرجێیی دەکەیت!!

مەبەستی عائیشە ئەوە بوو لەبیرم دەکەیت و لەگەڵ ژنەکانی ترت ڕادەبوێری.

بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) تووڕە نەبوو و نەیگوت: لاحول ولا قوة الا بالله، ئەمەش وەڵامە؟! پێغەمبەر دەیزانی عائیشە ژنە و وەکو ژنانی تر غیرەی هەیە و حەزی لێیە پێغەمبەر هەر بۆ ئەو بێت، ئەمەشی لە خۆشەویستییەوەیە، ئەگەر پێغەمبەریش خۆشنەویستبایە وای نەدەگوت..

پێغەمبەر بێدەنگ بوو تەنها گوتی: جێیەکم بۆ ڕاخەن..پێغەمبەر لەبەر تونديی نەخۆشییەکەی کەوتە ناو جێ..ئەگەر بیویستبا کێشەکە گەورە بکات دەیگوت مەبەستت چییە لەم قسەیە؟! یاڵڵا بڕۆوە ماڵە باوانت..بەڵام پێغەمبەر بەردەوام دەرگای گرفتەکانی دادەخست..

کەواتە ئەوە ژن و پیاو خۆیانن کێشەکانیان گەورە دەکەن یان بچووک دەکەنەوە. بە دەستی خۆیانە..بۆیە هەرگیز مێشەک مەگەنە گامێشەک بەڵکو گامێشەک بکەنە مێشەک.

شاردنەوەی کێشە خێزانییەکان

خاڵی دووەمی چارەسەری کێشەکانی خێزان: دەرچوونی کێشە لە بازنەی مال کێشەکە لە قەبارەی ئاساییی خۆی گەورەتر دەکات.

* زۆر جار دەبینی مێرد سیفەتی باشی هەیە، بۆ نموونە: جاروبار کە دەگەڕێتەوە ماڵ دیاری بۆ هاوسەرەکەی دێنێ، یان ئەگەر ڕۆژێك ژنەکەی نەساغ بێت پێی دەڵێ: مادامەکی نەخۆشیت ئەمڕۆ خواردن ئامادە مەکە، لە دەرەوەی دێنم..بەڵام ژنەکە ئەم سیفەتە و سیفەتە باشەکانی تری بۆ دایکی باس ناکات..ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕوویدا کێشەی لەگەڵ پیاوەکەی دروست بوو هاوارێکی بەسەردا کرد یان شەقێکی لێد

یەکسەر بە دایکی دەڵێ، بەوەش تێڕوانینی دایکی بەرانبەر پیاوەکەی ڕەش و ناشیرین دەکات.

یان جاری وا هەیە ژن یان پیاو کێشەکانی خۆیان دەبەنە دەرەوەی ماڵ و لە لای خزم و کەس یان هاوڕێ باسی دەکەن و دەبنە بنێشتە خۆشەی بن ددان و هەموو کەس بە نهێنییەکانیان دەزانن..لە ڕاستیدا ئەمە کێشەکان چارەسەر ناکات بەڵکو ئاڵۆزتریان دەکات..بۆیە وەها چاك و دروستە کە ئەگەر ژن و پیاو کێشەیان هەبوو لای هەموو کەس باسی نەکەن بەڵکو بڕۆنە لای کەسی شارەزا و خەمخۆر و پرسوڕای پێ بکەن و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان داوای هاوکاریی لێ بکەن.

باشترینیان ئەوەیانە کە یەکەم جار سلاو دەکات

خاڵی سێیەم: کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) باسی ناکۆکیی و تێکچوونەکانی نێوان موسڵمانان بە گشتی دەکات دەفەرموێت: ((لا يحل لمسلم ان يهجر اخاه فوق ثلاث)) صحيح: اخرجه البخاري ٦٢٣٧ ومسلم ٢٥٦٠.

واتا: (بۆ هیچ موسڵمانێك دروست نییە لە سێ ڕۆژ زیاتر لەگەڵ براکەی قسە و پەیوەندی ببڕێ، دوای ئەم سێ ڕۆژ کاتێ تووشی یەکتر دەبن، باشترینیان ئەوەیانە کە یەکەم جار و پێش ئەویتر سلاو دەکات).

ئەم فەرموودەیە گشتییە و بۆ هەموو خەڵکە و لەسەر هەموانیش پێویستە پیادەی بکەن، چ جای ژن و مێرد..پەیوەندیی ژن و مێرد پەیوەندییەکی پیرۆز و توندوتۆڵە، ئەسڵ وایە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و تەبایی و ڕێزگرتن دامەزرابێت، ئەگەریش بە هەر هۆکارێك درزێکی تێکەوت دەبێ زوو چاك بکرێتەوە.

بۆ ناوبژیوانی بانگمان کردوویت

بڕوانە پێغەمبەر (ﷺ) چۆن مامەڵەی لەگەڵ هاوسەرەکانی کردووە: جارێکیان لەنێوان پێغەمبەر (ﷺ) و عائیشەدا کێشەیەك ڕووەدات، ئەبووبەکر دێتە لای پێغەمبەر (ﷺ) و لە دەرگا دەدات، دەبیستێ وا عائیشە دەنگی بەسەر پێغەمبەر (ﷺ) بەرز دەکاتەوە.

ئەبووبەکر داوای مۆڵەتی چوونە ژوورەوە دەکات، پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێ فەرموو..ئەبووبەکر هەر کە دەچێتە ژوورێ پەلاماری عائیشە دەدات و لێی دەدات و پێی دەڵێ: ئەوە لەسەر پێغەمبەر دەنگ بەرز دەکەیتەوە؟؟!پێغەمبەریش (ﷺ) دەکەوێتە نێوانیان و عائیشەش خۆی لە پەنای پێغەمبەر دەشارێتەوە..

پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێ: ئەی ئەبووبەکر ناوبژیوانمان بە..ببە دادوەری نێوانمان..

عائیشە دەڵێتە پێغەمبەر (ﷺ): لە هەق زیاتر شتێکی تر نەڵێیت..

ئایا دەشێ پێغەمبەر (ﷺ) جگە لە هەق شتێکی تر بڵێ؟؟!! بەڵام پێغەمبەر گوێ ناداتێ و نایەوێ کێشەکە گەورە بکات، دەزانێ عائیشە ئەوی خۆشدەوێ و ئەوەی ئێستا تەنها تووڕەبوونێکی کاتییە.

ئەبووبەکر تووڕە دەبێ و دیسان پەلاماری دەدات لێی بداتەوە و دەڵێ: جە پێغەمبەر (ﷺ) لە هەق زیاتر دەڵێ؟!!

پێغەمبەر (ﷺ) ئەبووبەکر ئارام دەکاتەوە و دەڵێ: ئێمە بانگمان کردووێت ناوبژیوانی بکەیت و کێشەکە چارەسەر بکەیت نەك عائیشە تەمبێ بکەیت..)..

ئەبووبەکر دەڕوات..

دوای کەمێکی تر ئەبووبەکر دێتەوە دەبینێ پێغەمبەر (ﷺ) و عائیشە هیچ لەنێوانیاندا نەماوە و وا پێدەکەنن، ئەبووبەکر سەرسام دەبێ، کەمێك پێش ئێستا هاتوهاوار، ئێستاش پێکەنین..

پێغەمبەر توانی تووڕەیی عائیشە ئارام بکاتەوە، عائیشەش نەرمونیان و سادە بوو بەردەوامی نەدا بە تووڕەییەکەی و بڵێ: قسەت لەگەڵ ناکەم..

هەندێ ژن هەن زۆر تونڕەون و بە هیچ ڕازی نابن هەرچەند پیاوەکە هەوڵی ڕازیکردن و ئاشتکردنەوەی دەدات بەڵام ئەو لە کەلی شەیتان نایەتە خوارێ..پیاویش بە هەمان شێوە..

ژن و پیاو نابێ درێژە بە تووڕەبوون و دڕدۆنگییان لەگەڵ یەکتر بدەن و دەبێ بەرامبەر یەکتر لێبووردە بن..

ئەبووبەکر کە بینی وا هەردووکیان هیچیان لەنێواندا نەماوە و پێدەکەنن گوتی: چۆن لە شەڕتان بەشدارتان کردم ئەوهاش لە ئاشتبوونەوەتان بەشدارم بکەن.

ڕەنگە حەز بە شتێك نەکەن، بەڵام خێری تێدایە بۆتان

پرسیار: هەندێ ڕووەدات لایەنێك لەسەر هەڵەیەکی ڕوونە، لایەکەی تر زۆر هەوڵی چاککردنی دەدات بەڵام سوودی نابێ و هەر لەسەر هەڵەکەی بەردەوام و سوورە، چی بکەین؟

وەڵام: پیاوەکە چەندان جار هەوڵی چارەسەرکردن و چاککردنی ڕەفتاری ژنەکەی دەدات بەڵام ڕاستەڕێ نابێ، هەندێ گرفت هەن ڕەنگە لە دونیا چارەسەریان نەبێت، مرۆڤ بە هەر جۆرێك بێت دەبێ پێی ڕازی بێت..

جاری وا هەیە مرۆڤ بە کەموکورتییەکی زگماکییەوە لەدایك دەبێ، بۆ نموونە قاچێکی لەویتر کورتترە، یان چاوێکی نابینایە، یان دەستێکی سێ پەنجەی هەیە، ئەم کێشانە چارەسەریان نییە..

پیاویش جاری وا هەیە دەبێ لەگەڵ کێشەکە ڕابێت و لەگەڵیدا بژیت..

پیاو هەیە ژنەکەی زۆر تووڕەیە و زووش هەڵدەچێ..ئامۆژگاری دەکات و پێی دەڵێ: ڕەفتاری خۆت چاك بکە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((انما الحلم بالتحلم) حسن اخرجه البيهقي في شعب الايمان ١٠٧٣٩ وحسنه الالباني في صحيح الجامع ٢٣٢٨.

واتا: (هێمنی و لەسەرخۆیی بە خۆڕاهێنانە لەسەر هێمنی)..هەوڵدە، خۆت ڕابهێنە، خۆت کۆنترۆل بکە..چەندان جار هەوڵی لەگەڵ دەدات بەڵام بێسوودە و ژنەکەی بەرزەفت نابێ..

لەم بارەدا ئەگەر توانی ئارام بگرێ و تەحەمولی بکات و ئەم ڕەفتارە خراپەی وردە وردە چاك بکات ئەوا باشە.

ئەگەر نەشیتوانی و دۆخەکە ڕۆژ لە ڕۆژ خراپتر بوو ئەوا جگە لە جیابوونەوە ڕەنگە چارەسەرێکی تر نەبێ، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ يَتَفَرَّقَا يُغْنِ اللَّهُ كُلًّا مِنْ سَعَتِهِ وَكَانَ اللَّهُ وَاسِعًا حَكِيمًا ﴾(النساء : ١٣٠)..بەڵام ئەسڵ ئەوەیە: پیاوەکە بەرگەی ژنەکە بگرێت و هەموو ئەو هۆکارانە بەکاربێنێ کە دەبێتە هۆی تەبایی نێوانیان، ئەگەرچی خوای گەورە باسی ئەوەی کردووە کە ڕەنگە جیابوونەوە چارەسەر بێت بەڵام فەرمووشیەتی: ﴿فَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا﴾(النساء : ١٩)..

غیرەی ئافرەتان

شتێکم وەبیر هاتەوە، دەڵێن پیاوێك ژنی دووەمی هێناوە و ژنی یەکەمیشی لەگەڵیدا بۆ زەماوەندەکە چووە.

دەڵێن لە کاتی گەڕانەوەدا ژنی یەکەم موکڕبووە لەوەی لەتەکیاندا بێت و پیاوەکەیش سەیارەیەکی وانێتی پێ بووە(سەیارەی وانێت بەو سەیارانە دەگوترێت کە جێگەی یەك کەسی لە تەنیشت شوفێرەکەدا دەبێتەوە) ژنی یەکەم گوتی: منیش لەتەکتاندا سوار دەبم، پیاوەکەش گوتی: ئافرەت تۆ زۆر خۆشەویستی لە دڵمدا، بەڵام جێگەت نابێتەوە، لەتەك یەکێك لە کوڕەکاندا بگەڕێوە، ئافرەتەکەش وەڵامی دایەوە: هەر لەتەکتاندا سوار دەبم ئەگەر لە حەوزی پشتەوەش بێت، ئەویش گوتی: سەرکەوە.

ژنی یەکەم لە پشتەوە سەرکەوت، پیاوەکەش لەگەڵ بووکەکەدا لە پێشەوە سەرکەوت، لەکاتی ڕۆیشتندا ژنی یەکەم ڕك و غیرە گرتی و دەیگوت: خودایە تووشی ڕووداوێك ببن..خودایە تووشی ڕووداوێك ببن.

بەڵام ئەگەر هاتو تووش بوون تۆش هەر دەمریت..زۆر جار غیرە مرۆڤ تووشی ئەم جۆرە شتانە دەکات.

نیعمەتەکانی خودات لەبەرچاو بێت

هەندێ جار کێشە لەنێوان ژن و پیاو بە هۆی ئەوەوە ڕوودەدات کاتێ یەکێکیان یان هەردووکیان لە یەك گۆشەوە سەیری یەکتر دەکەن..هەندێ پیاو هەن لە یەك لاوە سەیری هاوسەرەکەی دەکات بۆ نموونە پێی وایە جوان نییە..ئەوە لەبیردەکات کە

ئەو هاوسەرەی ئەگەرچی جوان نییە بەڵام چێشتی بەتامە و ڕەوشتی جوانە و ژنێکی دینداڕە..ئەسڵ وایە مرۆڤ هەموو لایەکان ببینێ.

پیاوێك هاتە لای ئیمامی عومەر گلەیی لە هاوسەرەکەی هەبوو.

کاتێ هاتە مااڵی ئیمامی عومەر و لە دەرگایدا، گوێی لێ بوو وا ژنەکەی عومەر بەسەر عومەردا هاوار دەکات، کابرا لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەوە عومەر میری ئیمانداران ژنەکەی وەها هاواری بەسەردا دەکات ئەمن چ؟؟! !بۆیە ویستی بە بێدەنگی بڕوات..

بەڵام عومەر وەستاندی و بانگی کرد، گوتی: ها کابرا بۆچی لە دەرگاتدا و ڕۆیشتی؟

کابرا: هاتبووم سکاڵا لە ژنەکەم بکەم بەڵام کە وەزعەکەتانم بینی بێهیوا بووم.

عومەر گوتی: کابرا گوێ بگرە: ژنەکەم چێشتم بۆ لێدەنێ، شمەکم بۆ دەشوات منداڵەکانم بەخێو دەکات..چ قەیدیە ئەگەر بەرگەی هەندێ هاتوهاواری بکەم..

ئیمامی عومەر لە هەموو ڕووەکانەوە ژنەکەی دەبینێ و پێزانینی بۆی هەیە.

ئیتر منیش ئومێدەوارم برا و خوشکان ئەو زانیارییانەی لێرە دەستیان دەکەوێ بیکەنە کردەوە و بە واقیعی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا پەیڕەوی بکەن..زانیاری ئەگەر لە ژیاندا جێبەجێ نەکرێ چ سوودێکی نییە.

گرفتاربوون بە نەزۆکی

﴿وَيَجْعَلُ مَن يَشَاءُ عَقِيمًا﴾

گرفتاربوون به نەزۆکی

دەزانم ئەم بابەتە ڕەنگە بۆ هەندێ کەس ئازاربەخش بێت، بەڵام هەر دەبێ بوروژێنرێ تاوەکو بە شێوازێکی شەرعی چارەسەر بکرێ، چونکە هەندێ کات ئێمە بە بیانووی هەستیاری، گفتوگۆکردن لەبارەی هەندێ بابەت پشتگوێ دەخەین بەڵام لەپڕ دەبینین کەسانێکی تر دێن خەڵکێکی ناشەرعی دەیهێننە بەر باس و وتووێژ و بە شێوەیەکی ناشەرعییش باسی دەکەن، بۆیە ئەسڵ وایە شەرعزانان یان بانگخوازان بە شێوەیەکی شەرعی لەبارەی ئەم بابەتانەوە بدوێن..بۆیە باسکردنی ئەم بابەتەم هەڵبژارد تاوەکو لەم بارەیەوە خوێنەر هەست بە بەرپرسیاری بکات.

هەستکردن بەوانیتر

هەندێ بابەت کە دەیانخەمەڕوو، یان بانگخوازانی تر باسیان دەکەن، ڕەنگە خوێنەر نەدوێنێ، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە گە گرنگ نییە، یان پێویستە فەرامۆش بکرێ، ڕەنگە پەیامێك بێت بۆ براکانمان تاوەکو هەست بە کێشە و گرفتی ئەوانیتریش بکەن.

بەو واتایەی کاتێ من باسی هەژاری دەکەم، واتای ئەوە نییە ڕووی قسەم تەنها لە هەژارانە بەڵکو بۆ دەوڵەمەندانیشە، بانگەوازێکە بۆ خواپێداوان تاوەکو ئاگایان لە کێشەی هەژارانیش بێت بە جۆرێك بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ هەژار دەکەن و مافەکانیان چین؟

هەروەها کاتێ باسی مەیخۆری دەکەم بۆ ئەوەیە زانیاریی شەرعیمان هەبێ لەبارەی مەیخۆری و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مەیخۆران؟ چۆن لەگەڵیان بدوێین و ئامۆژگارییان بکەین؟

لەم پێشەکییەوە باسی جۆرە خەڵکێك دەکەم کە هەندێ کەس پێیان وایە خوا نەبوونی شتێکی دیاریکراو تاقیکردونەتەوە یان چاکەی لەگەڵدا کردوون، مرۆڤێکی نازانێ، ڕەنگە نیعمەتێك لەوەدا بێت کە لە شتێك بێبەش بێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾(البقرة: ٢١٦).

پێغەمبەران لە هەموو خەڵك زیاتر دووچاری بەڵا بوونەتەوە

زەکەریا پێغەمبەر(سەلامی خوای لێ بێت) لە سەرەتای ژیانیدا لە هەبوونی منداڵ بێبەشکرا، بەڵام ئەو بەردەوام لە خودا دەپاڕایەوە، تا دوای ماوەیەکی زۆر ئینجا خودای گەورە(یحیی)ی پێی بەخشی، ئەو بێ منداڵییە وەکو تاقیکردنەوەیەك وابوو بۆی و ئەویش ئارامی لەسەر گرت و لە ڵاڵانەوە بەردەوام بوو.

تاقیکردنەوە و تووشبوون بە بەڵا یاسا و قەدەرێکی خوایە بەسەر بەندەکانیدا دێنێت، تەنانەت پێغەمبەران لە هەموو کەس زیاتر تووشی بەڵا و موسیبەت بووینە هەروەك لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا هاتووە، خوای گەورەش لە قورئاندا باسی چەندان جۆر لەو بەڵایانەی بۆ کردووین کە دووچاری پێغەمبەران بووە.

کاتێ باسی تووشبوون بە نەخۆشی دەکەین یەکسەر چیرۆکی پێغەمبەر (أیوب)مان دێتەوە بیر: ﴿إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنْتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ﴾(الانبياء: ٨٣)..بیرمان دێتەوە کە چ مەینەتییەکی بە دەست نەخۆشییەکەوە بینیوە و چۆن ئارامی گرتووە و مامەڵەی لەگەڵ ئەم بەسەرکردنەوەیەی خوادا کردووە، ئەوەش بۆ ئەوەی خودا بۆمان ڕوون بکاتەوە کە نەخۆشی لە خودی خۆییدا گرفت نییە بەڵکو گرفتەکە لە چۆنییەتیی مامەڵەکردنی ئێمە لەگەڵ نەخۆشیدایە کاتێ تووشمان دەبێت.

هەروەها چەندان تاقیکردنەوەی تر کە ژمارەیەك لە پێغەمبەران تووشی بوونە، سەبارەت بە جیابوونەوەی منداڵ لە دایکی، یەکسەر مووسا و یووسفمان بیردەکەوێتەوە.. کاتێ باسی ڕق و کینەی براکان بەرامبەر یەکتری دەکەین چیرۆکی یووسفمان بیردێتەوە..هەروەها لە باسی فرتوفێڵی ژنان هەر چیرۆکی یووسفمان دێتەوە بیر..

باوکی پێغەمبەران

پێغەمبەر ئیبراهیم(سڵاوی خوای لێ بێت) هاوسەرگیری لەگەڵ(سارە)دا کرد، ماوەیەك بەسەر هاوسەرێتییان تێپەڕی چ منداڵیان نەبوو، قەدەری خودا وابوو فەڵەستین بەجێ بێڵن و بەرەو میسڕ بڕۆن، کاتێ چوونە میسڕەوە، بە پاشای میسڕ گوترا: پیاوێك هاتۆتە نێو وڵاتەوە ژنێکی زۆر جوانی پێیە هەر بۆ تۆ شیاوە..

پاشا سەربازی ناردن و بەزۆر سارەیان لە ئیبراهیم ستاند..سارەیان بەتۆبرزی بۆ پاشا برد و ئیبراهیمیش زۆر خەمبار بوو و کەوتە نوێژکردن و دوعا و پاڕانەوە لە خودا ژنەکەی بپارێزێ و بەسەلامەتی بۆی بگەڕێنێتەوە..

پاشای ستەمکار بە مەبەستی دەستدرێژیکردن بۆ سارە چوو، دەستی لێ بەرزکردەوە و سارە دوعای لێ کرد دەستی ڕەق بوو، زانی کە سارە دوعای لێ کردووە، بۆیە پێی گوت: دوعا بکە دەستم چاك بێتەوە ئازادت دەکەم..سارەش دوعای بۆ کرد و چاکبوویەوە..بەڵام بەڵێنەکەی شکاند و دووبارە پەلاماری دایەوە و ئەویش دیسان دوعای لێکرد و دەستی وشك بوو..ئەو جارە دووبارە داوای لێکرد دوعای بۆ بکات ئازادی دەکات..سارەش بەڵێنی لێ وەرگرت و دوعای بۆ کردەوە و

دیسان چاکبۆوە..ئیتر پاشا لێی بێهیوا بوو بۆیە ئازادی کرد و کەنیزەکێکیشی بە ناوی (هاجەر) بە دیاری پێدا..

سارە لەگەڵ هاجەر هاتەوە لای ئیبراهیم دیتی وا نوێژ و دوعا دەکات، ئیبراهیم کە چاوی پێکەوت گەشایەوە و پێی گوت: ها چ بوو؟

سارە گوتی: خودا پاراستمی و ئەو ستەمکارەی لە کۆڵ کردمەوە و هاجەریشی پێدام..ئیتر هەردووکیان زۆر سوپاسی خودایان کرد..سارەش هاجەری پێشکەشی ئیبراهیم کرد و ئیسماعیل پێغەمبەریش لەو (هاجەر)ە لە دایکبووە.

پاك و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کورِی نییە

ئیبراهیم پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێت چووە ناو سالّەوە وتەمەنی گەییشتە نزیك نەوەد سالّ، هیچ کورِێکیشی نەخستەوە، بێگەردی بۆ خوا، مرۆڤ بە سروشت پێویستی بە کورِ هەیە، چونکە کورِ وەکوو هێزێك وایە بۆ مرۆڤ لەبەر ئەو یارمەتی و هاوکارییەی پێشکەشی بە باوکی دەکات، کە زۆر گرنگە بۆ باوك بە تایبەت کاتێك دەچێتە ناو سالّەوە.

بەڵام خوای گەورە پێویستی بە کورِ نییە و بە تەواوی بێنازە لە هەموو شتێك. خوای گەورە دەفەرموێ: ((مَا اتَّخَذَ اللَّهُ مِنْ وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُ مِنْ إِلَهٍ إِذًا لَذَهَبَ كُلُّ إِلَهٍ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ)) سورة المؤمنون ٩١.

بنیاتنانی کەعبە

پێغەمبەر ئیبراهیم تەمەنی گەیشتە نەوەت ساڵ و چ منداڵی نەبوو، حەزی مرۆڤ بۆ منداڵ شتێکی سروشتییە و خودا مرۆڤی لەسەر خوڵقاندووە، منداڵ وەکو هێزێك وایە بۆ مرۆڤ بە تایبەتی کە بەتەمەندا دەچێت و ئەو کات دەبێتە گۆچانی دەستی و هاوکاری زۆری دەکات.

کاتێ ساڕە منداڵی نەبوو و دواتر هاجەری پێشکەش کرد، زۆری نەبرد هاجەر سکی پڕ بوو، ئیتر ساڕە غیرەی پەیداکرد..بیری لەوە دەکردەوە لەمەودوا هاجەر لای ئیبراهیم بەڕێزتر و خۆشەویستتر دەبێ چونکە منداڵی بۆ هێناوە، بۆیە شتێکی کەوتە دڵەوە.

کاتێ هاجەر منداڵەکەی هێنا دونیایەوە ساڕە بێتاقەتتر بوو، بۆیە خودا فەرمانی بە ئیبراهیم کرد کە هاجەر بباتە ئەم شوێنەی ئەمڕۆ مەککەی لێیە..ئەو کات نە مەککە و نە کەعبە نەبوون.

ئیتر لەوێ ئیسماعیل هاتە دونیاوە..ئیسماعیل باپیرە گەورەی عەرەبە و هەر ئەویش لە بنیاتنانی کەعبەدا هاوکاری ئیبراهیمی باوکی کردووە هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِدَ مِنَ الْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ﴾(البقرة: ١٢٧)..

پرسیار: ئایا ئیبراهیم باوکی عەرەبانە یان ئیسماعیل؟

وەڵام: هەندێ کەس لێیان تێکەڵ دەبێ و وا گومان دەبەن هەندێ لە پێغەمبەران عەرەب بن، لە ڕاستیدا هەموو پێغەمبەران لە عەجەم(غەیرە عەرەب) بوون، تەنها پێغەمبەری ئیسلام (محمد) (ﷺ) نەبێ، تەنها ئەو عەرەبە، ئیبراهیم لای باکوری عێراق(کوردستان..وەرگێڕ) بووە، ئیسماعیلیش کە کوڕی ئەوە دایکی هاجەر میسڕی

بووە.بەڵام ئیسماعیل کە لە مەککە نیشتەجێ بووە و ژنی عەرەبی هێناوە ئیتر خوێنی لەگەڵیان تێکەڵ بووە..

خودا گوێبیستی دوعاکانە

کاتێ ئەو ئایەتانەی قورئان دەخوێنیەوە کە باس لە پێغەمبەر زەکەریا دەکەن بەتایبەتی ئەوانەی تێیدا لە خودا دەپارێتەوە منداڵی پێ ببەخشێ هەست بەوە دەکەیت خودا تاقیکردۆتەوە و ئەویش هەمیشە لە دوعا بەردەوام بووە و ئارامی گرتووە.ئەو پێشەنگی هەموو ئەو کەسانەیە کە گرفتاری درەنگ منداڵبوونە بووینە.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَزَكَرِيَّا إِذْ نَادَى رَبَّهُ رَبِّ لَا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنْتَ خَيْرُ الْوَارِثِينَ (٨٩) فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَوَهَبْنَا لَهُ يَحْيَى وَأَصْلَحْنَا لَهُ زَوْجَهُ﴾(الانبياء: ٨٩-٩٠)..

بەرهەمی دوعای ڕاستگۆ و لەناخەوە گیرابوونە..خودا دوعای زەکەریای گیراکرد و منداڵی پێ بەخشی.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا الْمِحْرَابَ وَجَدَ عِنْدَهَا رِزْقًا قَالَ يَا مَرْيَمُ أَنَّى لَكِ هَذَا قَالَتْ هُوَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَرْزُقُ مَنْ يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ (٣٧) هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُ قَالَ رَبِّ هَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاءِ﴾(ال عمران: ٣٧-٣٨)..

سەرپەرشتیکردنی حەزرەتی مەریەم بە زەکەریا سپێردرا، کاتێ زەکەریا سەردانی دەکرد دەیبینی وا خەریکی خواپەرستییە و لە لایەن خوداوە خواردنی بۆ نێردراوە..خودا چاوی بە دلۆقانیی خودا دەکەوت، مەریەمی دەبینی کە چەند کچێکی خواپەرست و ژیرە بۆیە سۆزی بۆ منداڵ هەڵدەستا و لە خودا دەپارایەوە منداڵی پێ

ببەخشێ، ئیتر لەوێ لە کن مەریەم دەستی بە پاڕانەوە و دوعا کرد، چیتر خودا بێهیوای نەکرد و منداڵی پێ بەخشی.

دەڵێن: ئەو کاتەی خودا منداڵی پێ بەخشین، زەکەریا تەمەنی سەت ساڵ و ژنەکەشی نەوەت ساڵ بووە.

بۆیە ئەوانەی کە تا ئێستا خودا منداڵی پێ نەبەخشیون با بێهیوا نەبن و بەردەوام بن لە دوعا و پاڕانەوە لە خودای گەورە.

خوای گەورە توانای هەموو شتێکی هەیە

لە شوێنێکی تری قورئان باس لەوە دەکات کە زەکەریا ئاماژەی بەو ڕێگریانە کردووە کە لەبەردەم منداڵبوونیاندا هەیە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ذِكْرُ رَحْمَتِ رَبِّكَ عَبْدَهُ زَكَرِيَّا (٢) إِذْ نَادَى رَبَّهُ نِدَاءً خَفِيًّا (٣) قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ الْعَظْمُ مِنِّي وَاشْتَعَلَ الرَّأْسُ شَيْبًا وَلَمْ أَكُنْ بِدُعَائِكَ رَبِّ شَقِيًّا (٤) وَإِنِّي خِفْتُ الْمَوَالِيَ مِنْ وَرَائِي وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا فَهَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ وَلِيًّا(٥) يَرِثُنِي وَيَرِثُ مِنْ آلِ يَعْقُوبَ وَاجْعَلْهُ رَبِّ رَضِيًّا (٦) يَا زَكَرِيَّا إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَامٍ اسْمُهُ يَحْيَى لَمْ نَجْعَلْ لَهُ مِنْ قَبْلُ سَمِيًّا (٧) قَالَ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا وَقَدْ بَلَغْتُ مِنَ الْكِبَرِ عِتِيًّا (٨) قَالَ كَذَلِكَ قَالَ رَبُّكَ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَقَدْ خَلَقْتُكَ مِنْ قَبْلُ وَلَمْ تَكُ شَيْئًا﴾(مریم: ٢-٩) زەکەریا لە خودا دەپاڕێتەوە و دەڵێ: خودایە وا پیربوویمە و سەرم بۆتە بەفر و ژنەکەشم نەزۆکە، خودایا لێت دەپاڕێمەوە منداڵێکی چاک و پاک و خواپەرستم پێ ببەخشە، لەم پیرییەی خۆم و خێزانم هاوکاریم بکات..

ئیتر لەو تەمەنە زۆرەدا خوای گەورە دوعای گیرا دەکات و منداڵی پێ دەبەخشێ بە ناوی(یحیی)وە..

لەم چیرۆکەوە تێ دەگەین کە هیچ کات نابێ مرۆڤ لە دڵۆقانیی خودا بێهیوا بێت. هیچ شتێك لای خودا دژوار و زەحمەت نییە، ئەگەر خودا مەبەستی شتێك بێت یاسایەکانی خۆی بۆ دەگۆڕێت.

دەبێ کە دوعا دەکەیت دڵنیابیت و متمانەی تەواوت بە خودا بێت کە ئەگەر ئەو داوایەی لە خودای دەکەیت قازانجی تۆی تێدا بێت خودا بۆت گیرا دەکات..

ئیسرائیل کێیە؟

ئیسرائیل پێغەمبەر یەعقووبە، واتا: عبدالله، بەندەی خودا..

هەموو پێغەمبەران لە وەچەی (إسحاق)ن، یعقوب کوڕی ئیسحاقە، یووسف کوڕی یعقوبە، ئیتر پێغەمبەران لە وەچەی یووسف و براکانییەوە هاتوون تاوەکو گەیشتوونەتە عیسا پێغەمبەر کە کوڕی مەریەمە و مەریەمیش لە نەوەی ئەوانە، ئینجا لە عیساوە پێغەمبەران لە وەچەی ئیسرائیلەوە وەستاوە.

پاشان محمد کە لە وەچەی ئیسماعیلە هات، بۆیە کاتێ پێغەمبەر لە وەچەی ئیسماعیلەوە هات یەهود بە هۆی کەللەڕەقی و خۆبەزلزانییانەوە ئیمانیان پێ نەهێنا و دژایەتییان کرد و گوتیان: چۆن پێغەمبەرێك لە غەیری وەچەی ئیمە ڕەوان دەکرێت بۆیە باوەڕیان پێی نەهێنا: ﴿الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمْ وَإِنَّ فَرِيقًا مِنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾(البقرة: ١٤٦)..

نەزۆکی و چارەسەر

﴿هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُ قَالَ رَبِّ هَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاءِ﴾

نەزۆکی و چارەسەر

لە بابەتی پێشوو باسی نەزۆکیمان کرد کە تووشی هەندێ ژن یان پیاو دەبێت، هەندێ جار هۆکارەکەی پزیشکییە کە ڕەنگە چارەسەری هەبێ و لەوانەشە نەیبێ و دکتۆرەکان پێی بڵێن: چارەسەر نییە، بەڵام دواتر بە ئیزنی خودا چاك ببێتەوە و منداڵی ببێت.

خوای تواناى هەموو شتێکى هەیە

لە کاتی ڕێوڕەسمی حەجدا کەسێك هاتە لام و پێی گوتم: یا شێخ ماوەیەکی زۆر بوو ژنم هێنا بوو منداڵمان نەدەبوو، چەندان پشکنینی پزیشکیمان کرد گوتیان: بە هیچ جۆرێك منداڵت نابێ.

دەڵێ: بەردەوام ئەو دوعایەی زەکەریيا پێغەمبەرم دەکرد کە لە قورئاندا هاتووە و زۆر لە خودا دەپاڕامەوە منداڵمان بداتێ.

لە شاری مەدینەی پێغەمبەر (ﷺ) بووم خەونێکم دیت، پەیوەندیم بە خەون لێکدەرەوەیەك کرد، گوتی: هاوسەرەکەت دووگیانە..گوتم: چۆن دووگیانە؟! شەش ساڵە ژنم هێناوە و منداڵمان نییە!! ئیتر چووم پشکنینم بۆ خێزانەکەم کرد دەرکەوت ڕاستە و دووگیانە..ئیتر بووینە خاوەنی منداڵ..

سێ چوار ساڵی تری پێچوو چیتر هاوسەرەکەم دووگیان نەبوو، چوومە سەنتەرێکی نەزۆکی و فەحسیان کردم گوتیان: هیچ ئومێدێکی منداڵبوون نییە، گوتم: ئەگەر ژنی دووەم و سێیەمیش بێنم؟ گوتیان: هیچ ئومێدێك نییە.

گوتم: دەنا خوا منداڵێکی پێداوم!! سەریان سوڕما..گوتیان: مەعقولّ نییە.

سوێندم بۆ خواردن.

دکتۆر ئەوەندە پێی سەیر بوو تا ئەوەی گومانی لەوە هەبوو منداڵەکە هی خۆی بێت..گوتی: دەتوانی منداڵەکەتم بۆ بێنی؟ منیش بۆم هێنا ئەویش پشکنینی بۆ کرد و تەنانەت تێبینم کرد(دی ئێن ئەی) ئەو و منیشی وەرگرت بۆئەوەی دڵنیا بێت لەوە کوڕەکە لە کێیە.

دوای پشکنین دکتۆر ئەنجامی سەیری بینیبوو، هات و گوتی: سوێند بە خوا من واقم وڕماوە، نازانم..بەڵام خودا توانای هەموو شتێکی هەیە.

مەبەست ئەوەیە هەندێ کات مرۆڤ جۆرێك لە بێهیوایی هەیە، من هەندێ کەسم بینیوە دکتۆر بێئومێدی کردوون بەڵام دواتر خودا منداڵی پێداون.

پیاو هەیە دەیناسم دوای تەمەنی حەفتا ساڵی خودا منداڵی پێداوە..

دوعاکەی زەکەریا

پێغەمبەر زەکەریا بۆ منداڵ دوعایەکی گەورەی لە خودا کرد کە لە قورئاندا باس کراوە: ﴿إِنِّي وَهَنَ الْعَظْمُ مِنِّي وَاشْتَعَلَ الرَّأْسُ شَيْبًا وَلَمْ أَكُنْ بِدُعَائِكَ رَبِّ شَقِيًّا (٤) وَإِنِّي خِفْتُ الْمَوَالِيَ مِنْ وَرَائِي وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا فَهَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ وَلِيًّا(٥) يَرِثُنِي وَيَرِثُ مِنْ آلِ يَعْقُوبَ وَاجْعَلْهُ رَبِّ رَضِيًّا﴾(مريم: ٤-٦).

زەکەریا هەر تەنها منداڵی ناوێ بەڵکو منداڵێکی سالّح و چاکی دەوێ، دوعای کرد و خوداش دوعاکەی گیراکرد..﴿ فَنَادَتْهُ الْمَلَائِكَةُ وَهُوَ قَائِمٌ يُصَلِّي فِي الْمِحْرَابِ أَنَّ اللَّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيَى مُصَدِّقًا بِكَلِمَةٍ مِنَ اللَّهِ وَسَيِّدًا وَحَصُورًا وَنَبِيًّا مِنَ الصَّالِحِينَ﴾(ال عمران: ٣٩)..

بڕوانە خودا چۆن قەبوولکردنی دوعای بەستۆتەوە بە نوێژەوە، ئیتر خودا بەزەیی بە زەکەریایادا هاتەوە و کوڕێکی بە ناوی(یحیی) پێ بەخشی..

پێغەمبەر ئیبراهیم

پرسیار: ئایا پێغەمبەر ئیبراهیمیش هەمان گرفتی زەکەریا هەبوو، خۆی بەتەمەن و ژنەکەی نەزۆک بوو؟

وەڵام: هاوسەری پێغەمبەر ئیبراهیمیش نەزۆک بوو، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَصَكَّتْ وَجْهَهَا وَقَالَتْ عَجُوزٌ عَقِيمٌ﴾(الذاريات: ٢٩)، پێغەمبەر ئیبراهیم خۆیشی بەتەمەندا چووبوو، خوای گەورە لەم بارەوە لە چەندان شوێن ئاماژەی پێداوە.﴿ وَلَقَدْ جَاءَتْ رُسُلُنَا إِبْرَاهِيمَ بِالْبُشْرَى قَالُوا سَلَامًا قَالَ سَلَامٌ فَمَا لَبِثَ أَنْ جَاءَ بِعِجْلٍ حَنِيذٍ(٦٩) فَلَمَّا رَأَى أَيْدِيَهُمْ لَا تَصِلُ إِلَيْهِ نَكِرَهُمْ وَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً قَالُوا لَا تَخَفْ إِنَّا أُرْسِلْنَا إِلَى قَوْمِ لُوطٍ (٧٠) وَامْرَأَتُهُ قَائِمَةٌ فَضَحِكَتْ فَبَشَّرْنَاهَا بِإِسْحَاقَ وَمِنْ وَرَاءِ إِسْحَاقَ يَعْقُوبَ (٧١) قَالَتْ يَا وَيْلَتَى أَأَلِدُ وَأَنَا عَجُوزٌ وَهَذَا بَعْلِي شَيْخًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عَجِيبٌ (٧٢) قَالُوا أَتَعْجَبِينَ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ رَحْمَتُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الْبَيْتِ إِنَّهُ حَمِيدٌ مَجِيدٌ﴾(هود: ٦٩-٧٣)..

کاتێ فریشتەکانی خودا مژدەیان بە پێغەمبەر ئیبراهیم دا کە لە سارەی خێزانیەوە منداڵی دەبێ، سارە گوێی لێ بوو، سەیری پێهات لەو تەمەنەدا کە هەم پیر بووە و هەمیشە نەزۆکە و هەروەها پیاوەکەشی کە ئیبراهیمە هەر بەتەمەندا چووە چۆن منداڵیان دەبێ؟! !بۆیە پێکەنی و سەری سوڕما..خودا پێی گوتن: ئیسحاقتان دەبێ، ئیسحاقیش دەبینن کە ژن دێنێ و کوڕێکی دەبێ بە ناوی یعقوب..

ئیبراهیم و هاوسەرەکەی، زەکەریا و هاوسەرەکەی، دوو حاڵەتی هاوشێوە: پیر و نەزۆک..کەچی خودا بە بەزەیی خۆی منداڵی پێ بەخشین.

ئادابی دوعا

هیچ شتێك بە لای خوداوە سەیر نییە، ئەو داوامان لێ دەکات هیچ شتێکمان لە لایەن ئەوەوە پێ دژوار نەبێ کە ئێمە داوای لێ دەکەین.

مەگەر شتانێك کە ئەدەب نییە داوا لە خودا بکەیت نەك لەبەرئەوەی خوا نایتوانێ بەڵکو لەبەرئەوەی ئەوانە یاساگەلێکن خودا داینـاوە و مرۆڤی پێوە پابەند کردووە و دەرچوون لێی گوناهـ و تاوانە..لەو یاسانە ئەوەیە کە محمد (ﷺ) نو پێغەمبەر کەچی بێعەقڵێك لەولاوە بێت و بڵێ: خودایە بمکە پێغەمبەر..لە ڕووی شەرعەوە ئەم دوعایە دروست نییە چونکە خودا پێی گووتینە: ﴿مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ وَلَكِنْ رَسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ﴾(الاحزاب: ٤٠)..

یان هەیە دوعا دەکات و دەڵێ: خودایە بیست کوڕی جمکەم پێ ببەخشە، ئەم شتانە ڕوویان نەداوە ئەگەرچی بە لای خوداوە ئاسانە.

ڕەنگە شتێك ڕقیت لێی بێت بەڵام خێری تێدا بێت

مەسەلەی نەزۆکی سزای خودا نییە بۆ ئەوانەی دووچاری بوونە، یان ئەو کەسە خودا خۆشی ناوێ..بەڵکو ڕەنگە هەندێ کات نەزۆکی سوودی بۆ مرۆڤ هەبێ.

چەندان کەس هەن خودا منداڵی پێداون بەڵام دەبینی یەکێك یان زیاتر لە منداڵێکی ڕوو لە خراپەیە: یەکێکی ماددەی هۆشبەر بەکاردێنێ، یەکێکی تری لە بەندیخانەیە، منداڵ هەیە باوکی دەکوژێ، یان کوڕ هەیە دەسدرێژی دەکاتە سەر خوشکی، هەروەها چەندان کێشەی تر، زۆر کەس هەن ئاواتەخوازن نەزۆك بوونایە..

لەبیرمە باوکێك کوڕەکەی کەسێکی کوشت، گیرا و حوکمی کوشتنی بەسەردا درا،هەندێ لە پیاوماقوولّ چوونە لای باوکی کوژراو بەڵکو لە بکوژ خۆشبێت، گوتی: بڕۆن و قسە لەگەڵ باوکی بکوژ بکەن.

کاتێ هاتنە لای باوکی بکوژ کە کوڕەکەی لە بەندیخانە بوو و چاوەڕێی حوکمی کوشتنی دەکرد، گوتیان: دەمانەوێ بۆ ڕزگارکردنی کوڕەکەت لە کوشتن هاوکاریت بکەین و دەمانەوێ خاوەن کوژراو لە کوڕەکەت خۆشبێت..

باوکەکە گوتی: لە کوێ خۆشبێت؟ لە کوڕی من کە کەسێکی کوشتووە؟! گوتیان: بەڵێ.

گوتی: خودا پاداشتی خێرتان نەداتەوە، من دەمەوێ کوڕەکەم سزای تاوانەکەی وەربگرێ و بکوژرێتەوە، ئەسڵەن من ئەم کوڕەم هەر ناوێ..

کاتێ لە پێشینەی کوڕەکەیان کۆڵیەوە دیتیان کوڕەکە فایلی زۆر قێزەون بووە و لەگەڵ باوکی خراپ بووە و بەردەوام کێشەی بۆ دروست کردووە بۆیە باوکی دەیەوێ لە دەستی ڕزگار ببێت.

پرسیار: چۆن نەزۆکی دەبێتە نەگبەتی و چۆنیش دەبێتە نیعمەت؟

وەڵام: هەروەکو پێشتر باسمان کرد هەندێ کات نەزۆکی نیعمەتە ئەگەر بێتو پیاو منداڵێکی خراپی هەبێت، هەروەها چیرۆکی (خضر) لەگەڵ موسا و کوشتنی منداڵەکە لەلایەن(خضر)ەوە، هەروەك لە قورئاندا هاتووە: ﴿فَانْطَلَقَا حَتَّى إِذَا لَقِيَا غُلَامًا فَقَتَلَهُ قَالَ أَقَتَلْتَ نَفْسًا زَكِيَّةً بِغَيْرِ نَفْسٍ لَقَدْ جِئْتَ شَيْئًا نُكْرًا﴾(الكهف: ٧٤)..موسا پێی دەڵێ: ئەتوو ئەو منداڵەت بۆ کوشت؟ دواتر خضر بۆی ڕوون دەکاتەوە و پێی دەڵێ: ﴿وَأَمَّا الْغُلَامُ فَكَانَ أَبَوَاهُ مُؤْمِنَيْنِ فَخَشِينَا أَنْ يُرْهِقَهُمَا طُغْيَانًا وَكُفْرًا (٨٠) فَأَرَدْنَا أَنْ يُبْدِلَهُمَا رَبُّهُمَا خَيْرًا مِنْهُ زَكَاةً وَأَقْرَبَ رُحْمًا (٨١)﴾(الكهف: ٨٠-٨١)..

باسی ئەوەی بۆ کرد کە ئەو منداڵە دایك و بابێکی ئیمانداری هەیە بەڵام خۆی بێدین دەردەچێ و ئازاریان دەدات، بۆیە لەو ترسەڕا کوشتم بەڵکو خوای گەورە منداڵێکی باشتریان بداتێ.

ڕەنگە جاری وا هەیە کەسێك خودا منداڵێکی بداتێ و منداڵەکە کە گەورە بوو خراپ دەربچێت و باوکی تووشی بێ باوەڕی ببێت بە هۆیەوە، بۆیە خودا بە نەدلنی منداڵ پێی لەم خراپەیە پاراستی.

نیعمەتەکانی خودا زۆرن

ئەگەر سەرنجت دابێت لە پێغەمبەرانیش تووشی نەزۆکی بوون، کەواتە لێرەد ڕاستییەك هەیە: ئەگەر مرۆڤ منداڵی نەبوو واتای ئەوە نییە خۆشییەکانی ژیان کۆتایی هاتووە و هەموو شت تەواو بووە.

نەخێر..بڕی و تاموچێژ لە ژیان وەربگرە، تۆ یەکەم کەس نیت و دوا کەسیش نیت کە گرفتار بوویت، ڕەنگە گرفتاری تۆ لە زۆر کەس سووکترە: هەیە تووشی ئیفلیجی بووە، هەیە دووچاری شێتی بووە..سوپاسی خودا بکە لەوەی هەتە و ڕازیش بە بەوەی پێیداویت دەبیتە دەوڵەمەندترین کەس.

داوای لێخۆشبوون لە خودا بکەن

* کەسێکم دەناسی کە پزیشکیش بوو دەیگوت: دە سالێ ژنم هێنابوو منداڵ نەبوو تا ئەوەی ڕۆژێك ئەم ئایەتەم بەبیردا هات: ﴿فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا (١٠) يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا (١١) وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَلْ لَكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَلْ لَكُمْ أَنْهَارًا(١٢)﴾(نوح: ١٠-١٢)..

ئیتر زانیم زۆر (استغفار) و داوای لێخۆشبوون، خودای گەورە کردوویەتی بە یەکێك لە هۆکارەکانی منداڵبوون، دەڵێ: دوای ١٠ ساڵ و لە تەمەنی شەست ساڵی خودا کوڕێکی پێدام.

* پیاوێك هاتە لای (حەسەنی بەصری) گوتی: ئەی ئیمام منداڵم نییە. ئیمام گوتی: داوای لێخۆشبوون لە خودا بکە..یەکێکی تر هات گوتی: زەوییەکم هەیە بەڵام باران ناباریێ.. ئیمام گوتی: داوای لێخۆشبوون لە خودا بکە..کەسی سێیەم هات گوتی: هەژارم، ئیمام گوتی: داوای لێخۆشبوون لە خودا بکە..

پیاوێك لێی پرسی: بۆ ئەو هەموو گرفتە جۆراوجۆرە تۆ هەر یەك چارەسەرت هەبوو ئەویش: داوای لێخۆشبوون لە خودا؟؟!! لە وەڵامدا حەسەنی بەصری ئەم ئایەتانەی بۆ خوێندەوە: ﴿فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا (١٠) يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا (١١) وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَلْ لَكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَلْ لَكُمْ أَنْهَارًا(١٢)﴾(نوح: ١٠-١٢)..

کەواتە: زۆر استغفار کردن هۆکارە بۆ: ڕۆزی، مالێ، منداڵ..

چەمکی (توکل)

پرسیار: گەڕان بە دوای چارەسەری نەزۆکی و نەخۆشییەکانی تر پێچەوانەی شەرعە؟

وەڵام: گەڕان بە دوای چارەسەری نەزۆکی و هەر نەخۆشییەکی تر لە ڕووی شەرعەوە نە کێشەیە و نە حەرام، بەڵکو بەشێکە لە گەڕان بە دوای ئەو دەرمانەی کە خودا بۆ هەموو دەردێکی داناوە.

پشتبەستن و (توکل) واتای ئەوەیە لە دڵەوە پشت بە خودا ببەستیت و بە دەرەوەش دەست بەو هۆکارانەوە بگریت کە خودا بۆ چارەسەر داینناون.

ئیتر بۆ چارەسەر ئەو ڕێگایە بگرێتەبەر کە پێی دەوترێ (الطب البدیل) کە بریتییە لە چارەسەر بە سروشت و گیا دەرمانییەکان یاخود بچێتە لای پزیشك و شتی پزیشکی بەکاربێنێ، نابێ مرۆڤ بێهیوا ببێت: ﴿وَلَا تَيْأَسُوا مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِنَّهُ لَا يَيْأَسُ مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِلَّا الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ﴾(یوسف: ٨٧)..

گوتەیەك بۆ پزیشكان

ئەم هەلە دەقۆزمەوە بۆ ئەوەی گوتەیەك ئاڕاستەی برا پزیشکەکانم بکەم، کە هەندێ جار پێویستیی خەڵکی بۆ منداڵ دەقۆزنەوە و پێیان دەڵێن پێویستیتن بە پشکنین و چی و چی هەیە.

منیش دەڵێم ئەگەر هاتو پێویستیان بەو پشکنینانە نەبێت ئەوا درۆیە و دروست نییە و خواردنی مااڵی خەڵکییە بە ناڕەوایی.

جاری وا هەیە کە دەچیتە نەخۆشخانەیەك ، پێت دەڵێن دەبێت شیکاری خوێن یان ڕەنین بکەیت، کە هەرگیز پێویستیش ناکات، تەنانەت بۆ ئەوەی لەبری ئەوەی دە هێندە پارەت لێوەرگرن.

زۆر جاریش ئەوەی تووشی نەزۆکی بووە، داوای چاندنی(زەرع) هەندێ شتی لێدەکەن.. کە ڕاستییەکەی پزیشکی پێویستی بەو جۆرە چاندن و شیکارییانە نییە. کە پارەیەکی زۆریشی لێوەردەگرن, خوای گەورە دەفەرموێ: ((وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ)) البقرة ١٨٨.

پێغەمبەر (ﷺ): ((حب لاخيك ما تحبه لنفسك تكن مؤمنا)) صحيح اخرجه البيهقي في شعب الايمان ١١١٢٨ وصححه الالباني في صحيح الجامع ٤٥٨٠.

بەخششەکانی خودا هەر بە خوا پەرستی بەدەست دێن

هەندێ خەڵک هەن کە دەزانێ ئەستەمە منداڵی ببێ یەکەم شتێك کە بیریدا دێت دەڵێ: جادووم لێ کراوە، یان بە چاو چوویمە..

هەمیشە ئەو شتانەش وا لە هەندێ کەس دەکات پەنا بۆ شتی قەدەغەکراو ببەن، وەکو فاڵچی و جادوو و ئەو جۆرە شتانە.

ئەسڵ وایە مرۆڤ ئەم جۆرە بەسەرهاتانە بگەڕێنێتەوە بۆ هۆکاری خۆیان کە بریتییە لە قەدەری خوا..جا ئەگەر مرۆڤ هەر شتێکی تووش بوو بڵێ: ئەمە جادووە یان چاوپیسییە یان..ئەوا ئەو کات ژیان پڕدەبێت لە تارمایی..

ئەسڵ وایە مرۆڤ ئارام بگرێ لەسەر ئەوەی دووچاری بووە و بەیانیان و ئێواران دوعا و زیکرە شەرعییەکان بکات، (آية الكرسي) بخوێنێ، بەیانیان و ئێواران سورەتەکانی (الإخلاص، الفلق، الناس) سێ جار بخوێنێ.

هەرچییەك بێت نابێ بچێتە لای جادووکەر و فاڵچییان، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) نەهی لێ کردووە، دەفەرموێ: (هەر کەسێك بچێتە لای فاڵچییەك و لەبارەی شتێکەوە پرسیاری لێ بکات ئەوا چل شەوان نوێژی لێ وەرناگیرێ.)صحيح: مسلم گێڕاویەتییەوە. لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێ: (هەر کەسێك بچێتە لای فاڵچییەك و بڕوای بە قسەکانی بکات ئەوا بەرانبەر قورئان بێباوەڕ بووە.)صحيح: مسلم گێڕاویەتییەوە.

قورئانی پیرۆزیش دەفەرموێت: ﴿قُلْ لَا يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ﴾(النمل: ٦٥)..

بڕوابوونت بە جادووکەر یان فاڵچی بەوەی کە غەیب دەزانێ ئەوا واتای ئەوەیە بڕوات بەم ئایەتە و بە قورئان نییە کە دەڵێ: تەنها خودا غەیب دەزانێ..

ڕەچاوکردن پێویستە

دەبینی هەندێ کەس کە تووشی نەزۆکی بووە ئارامگر و سوپاسگوزاری خودای گەورەیە و لەگەڵی لێڕاهاتووە بەڵام کەسانێك لەبری ئەوەی دڵی بدەنەوە و بڕینی نەکولێننەوە کەچی دێن گاڵتەی پێ دەکەن و بە وەجاخکوێر ناوی دەبەن و ئازاری دەرووحی دەدەن، یان شانازی بە خۆیانەوە دەکەن کە خاوەنی چەندان منداڵن..

دەبێ مرۆڤی موسڵمان ڕەچاوی باری دەرووحی هەموو ئەو کەسانە بکات کە گرفتارییەکیان هەیە: کەسێك هەژارە نابێ لای ئەو باسی دەوڵەمەندیی خۆت بکەیت و هەمیشە بڵێیت: ئەوەندەم قازانج کرد و ئەوەندە موڵك و ماڵم هەیە و ئەمەم کڕی و ئەوەم فرۆشت و بە حیسابی خۆم نازانم..

مەبەستت چییە لەم قسانە؟ دەتەوێ شانازی بە خۆتەوە بکەیت و ئازاری بەرانبەرەکەت بدەیت؟ بۆ پێتوایە ئەمانە لە ئازایەتیی و زیرەکیی خۆتەوەن؟

یان کەسێك هاوڕێتە یان دەزانی کێشەی لەگەڵ هاوسەرەکەی هەیە و بەوەش دڵتەنگە..تۆش لەگەڵ هاوسەرەکەت تەبایت و یەکترتان خۆشدەوێ، نابێ هەمیشە باسی پەیوەندییەکانی خۆتان بکەیت و بۆ نموونە بڵێیت: خێزانەکەم دیاری بۆ کڕیم و لەبەر خاتری من خۆشترین خواردنم بۆ ئامادە دەکات و ڕۆژێ چەندان جار پەیوەندیم پێوە دەکات و خۆشەویستیی خۆیم بۆ دووپات دەکاتەوە..

نا، ئەمانە هەڵەن تۆ وێڕای ئەوەی نابێ باسی ئەمانە بکەیت دەبێ هاوکاریی براکەت بکەیت بۆ چارەسەری کێشەکانی لەگەڵ هاوسەرەکەی.

یان کەسێك منداڵی نییە و دێتە مااڵت، نابێ تۆ بە بەرچاوی ئەمەوە منداڵەکانت ماچ بکەیت و خۆشەویستییان بۆ دەربڕیت بۆئەوەی هاوڕێکەت هەست بە کەموکورتی نەکات و دڵی بە خۆی نەسووتێ..

ئیتر هەر کەسێك هەر کێشەیەکی هەبوو دەبێ تۆ ڕەچاوی باری دەروونی بکەیت و بە قسە و ڕەفتاری نەشیاوت ئازاری نەدەیت.

ئەوەی لەسەر هاوسەرەکان پێویستە

ئێستا بە هۆی پێشکەوتنی زانست و پزیشکییەوە دەزانرێ هۆکاری نەزۆکی، ژنە یان پیاو، بەمەش چارەسەر ئاسانتر دەبێ.

پێویستە لێکتێگەیشتن لەنێوان ژن و مێرددا هەبێ، ئەگەر کەموکورتییەکە لە پیاوەکە بوو یان ئەوەتا ژنەکە ئارام دەگرێ و لەلایەن خوداوە پاداشتی هەیە، یاخود دەتوانێ بە شێوەیەکی جوان و بەلێکتێگەیشتنی هەردوو لاوە داوای جیابوونەوە بکات.

ئەگەرچی ئەمە ناخۆشە بەاڵم ئەمە ژیانە و هەموو شتێکی هەر بەدڵی تۆ و دڵخۆشکەر نییە.

ئەگەریش کێشە لە ژنەکەدا بوو ئەوا پیاوەکە دەتوانێ ژنێکی تر بێنێ و پێویستیشە لە ژنی یەکەمی جیانەبێتەوە چونکە هیچ تاوانی وی تێدا نییە و قەدەری خوایە بەڵکو دەبێ ڕێزی بگرێ و دڵی ڕابگرێ و جیاوازی نەکات لەنێوان

خێزانەکانیدا..ژنی یەکەمیشی نابێ ناڕازی و بەربەست بێت لەبەردەم پیاوەکەی بۆ ژنهێنانی دووەم چونکە ئەمە شەرعی خودایە و ڕێی پێداوە.

دەریا لە قورئاندا

﴿وَمَا يَسْتَوِي الْبَحْرَانِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَائِغٌ شَرَابُهُ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَمِنْ كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى الْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ لِتَبْتَغُوا مِنْ فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾

دەریا لە قورئاندا

قورئان کتێبێکی گشتگیرە

ئەگەر سەرنج بدەیتە قورئان دەبینی بە ئاشکرا یان لابەلا باسی هەموو ئەو شتانەی کردووە کە بە لای خەڵکەوە جێی بایەخە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ﴾(الانعام:٣٨)، هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ﴾(النحل: ٨٩)..

بەرگەدووریین لە قورئاندا باسکراوە: ﴿وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِنْ وَرَقِ الْجَنَّةِ﴾(الاعراف: ٢٢)..

جووتیاری و زەوی کێڵان لە قورئاندا هاتووە:﴿ أَفَرَأَيْتُمْ مَا تَحْرُثُونَ﴾(الواقعة: ٦٣)..

ڕستن و چنین لە قورئان ئاماژەی بۆ کراوە: ﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّتِي نَقَضَتْ غَزْلَهَا مِنْ بَعْدِ قُوَّةٍ أَنْكَاثًا﴾(النحل: ٩٢)..

باسی ئاسن کراوە: ﴿وَأَلَنَّا لَهُ الْحَدِيدَ﴾(سبأ: ١٠)..

هەروەها لە قورئان باسی قەڵغان هاتووە: ﴿أَنِ اعْمَلْ سَابِغَاتٍ وَقَدِّرْ فِي السَّرْدِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا﴾(سبأ: ١١)..

کاروباری سەربازی ئاماژەی بۆ کراوە، خوای گەورە باسی چۆنییەتیی ئاشتی و ڕێککەوتنی کردووە: ﴿وَإِنْ جَنَحُوا لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ﴾(الانفال: ٦١)..

باسی پلاندانانی سەربازی کراوە: ﴿إِذْ أَنْتُمْ بِالْعُدْوَةِ الدُّنْيَا وَهُمْ بِالْعُدْوَةِ الْقُصْوَى وَالرَّكْبُ أَسْفَلَ مِنْكُمْ وَلَوْ تَوَاعَدْتُمْ لَاخْتَلَفْتُمْ فِي الْمِيعَادِ وَلَكِنْ لِيَقْضِيَ اللَّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولًا﴾(الانفال: ٤٢)

کەواتە قورئان هەموو شتێکی تێدا باس کراوە..

زمانی ژمارەکان لە قورئاندا

وەرن با لە بارەی مەسەلەی دەریاوە لە قورئان گفتوگۆ بکەین..

لەم بارەیەوە من ماوەیەک لەمەوپێش ورد دەبوومەوە و دەمخوێندەوە، بینیم کە وشەی (البحر – دەریا) لە قورئاندا (٣٢) جار هاتووە، وشەی (بر – وشکانی)یش (١٣) جار هاتووە، بە هەردووکیان دەکاتە (٤٥)..ڕێژەی (٣٢) لە ٤٥ دەکاتە ٧١ لە ١٠٠(٧١٪)..واتە دوو لەسەر سێ..

بە قسەی جیۆلۆجییەکانیش بێت ڕێژەی ئاو لەسەر گۆی زەوی (٧١٪)ە و وشکانی (٢٩٪)یە..

بۆیە کە تەماشای نەخشەی زەوی دەکەیت دەبینیت زۆربەی بە ئاوی دەریاکان داپۆشراوە و ڕێژەیەکی کەم لە وشکانی هەیە کە تەنها ڕێژەی(٢٩٪)یە کە دەکاتە کەمتر لە سێیەک..

بۆچی خودا هەر ٣٢ جار وشەی دەریای هێناوە؟ بۆچی ٣٥ یان ٢٥ یان هەر ژمارەیەکی تر نەبوو؟ ئەمە لەبەرئەوەیە چونکە قورئان موعجیزەی خودایە و ڕوونکەرەوەی هەموو شتێکە: ﴿تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ﴾یان ﴿وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا ﴾(النساء: ٨٢)..

هەروەك لە بابەتێکی پێشووش باسمان کرد کە:

وشەی (الملائكة) ٨٨ جار هاتووە، وشەی (الشيطان) هەمان ژمارەیە.

وشەی ژیان ١٤٥ جار لە قورئان دووپات بۆتەوە، وشەی مردنیش ١٤٥ جار.

وشەی (الناس) خەڵك، ٣٨٦ جار و وشەی (الرسل)پێغەمبەرانیش ٣٨٦ جار دووبارە بۆتەوە..ئەوەش بەڵگەیە بۆ پەیوەندیی نێوان خەڵك و پێغەمبەران.

وشەی (إبليس) ١١ جار هاتووە و پەناگرتن لە (إبليس) هەر ١١ جار هاتووە.

وشەی (الرجل) پیاو ٢٤ جار و ژنیش هەر ٢٤ جار هاتووە.

وشەی (الصلاة) ٥ جار هاتووە، واتە ژمارەی پێنج نوێژە فەرزەکە.

وشەی (الشهر)مانگ ١٢ جار هاتووە کە ژمارەی مانگەکانی ساڵێکە.

وشەی (اليوم) ٣٦٥ جار دووبارە بۆتەوە، ژمارەی ڕۆژەکانی ساڵ..

وشەی (السحر)جادوو ٦٠ جار، وشەی (الفتنە) ٦٠ جار، چونکە زۆربەی کات جادوو دەبێتە هۆی فیتنە و ئاژاوە، زۆر جار بە هۆی سیحرەوە ژن و پیاو ئاژاوە لەنێوانیان دروست دەبێ، یان لە نێوان دوو کەسی تر.

وشەی (الصالحات) ١٦٧ جار دووبارە بۆتەوە، وشەی (السيئات)یش بە هەمان شێوە ١٦٧ جار.

وشەی (الدنيا) ١١٥ جار لە قورئان دووپات بۆتەوە، وشەی (الآخرة)یش بە هەمان ژمارە(١١٥)جار.

باسی دەریا لە قورئان

خوای گەورە لە زۆر شوێنی قورئان باسی دەریای کردووە: خەڵکێك لە دەریە تەوبەیان کردووە، خەڵکێك بە نقومکردن لە دەریا سزا دراون، خەڵکێك لە دەریا باوەڕ دێنن و لە وشکاوەکیش بێباوەڕ دەبنەوە..

خودای مەزن باسی فیرعەونی کردووە کە چۆن لە دەریا نقوم دەبێ و دەخنکێ. ئیتر لەو کاتەدا پەشیمان دەبێتەوە و هاوار دەکات و ئیمان دێنێ: ﴿حَتَّى إِذَا أَدْرَكَهُ الْغَرَقُ قَالَ آمَنْتُ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا الَّذِي آمَنَتْ بِهِ بَنُو إِسْرَائِيلَ وَأَنَا مِنَ الْمُسْلِمِينَ﴾(یونس: ٩٠)..بەڵام پێشتر شانازی بە خۆیەوە دەکرد کە میسر هەمووی هی ئەوە و ڕووبارەکانیش بەژێریدا دەڕۆن: ﴿يَا قَوْمِ أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ وَهَذِهِ الْأَنْهَارُ تَجْرِي مِنْ تَحْتِي﴾(الزخرف: ٥١)..شانازی بە ئاوەوە دەکرد بە ئاویش لەناوچوو..

هەروەها پێغەمبەر یونسیش چیرۆکێکی لەگەڵ دەریادا هەیە، کاتێ لە نەتەوەکەی تووڕە بوو و شاری بەجێهێشت، ماوەیەکی زۆر لەگەڵیان خەریك بوو تا ئیمان بێنن بەڵام بێسوود بوو بۆیە سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیشت و سواری کەشتییەك بوو، کە کەشتی گەیشتە ناوەڕاستی دەریا قورس بوو خەریك بوو نقوم ببێت، هەرچەند شتەکانی ناویان فرێدا سوودی نەبوو، هاتنە سەر ئەوەی بە تیروپشك کەسێك فرێدەن. ئیتر لە تیروپشکدا یونس ناوی دەرچوو، فرێیاندا ناو دەریا و نەهەنگێك قووتید هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَالْتَقَمَهُ الْحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٌ﴾(الصافات: ١٤٢).

خوای گەورە دەفەرموێت قوتیدا نەك خواردی، چونکە ئەگەر بیگوتبا خواردی ئەوا یونس دەمرد و گەدەی نەهەنگەکە هەرسی دەکرد، جیاوازیی زۆرە لەنێوان قوتید و خواردی..

لەوانەیە هەندێ کەس بپرسن: یونس لەناو گەدەی نەهەنگەکەدا چۆن ژیاوە و هەناسەی داوە؟

ئەمە موعجیزەی خودایە چی بوێت دەیکات و توانای هەموو شتێکیشی هەیە.

چۆن پێغەمبەر لە شەوی ئیسرا و میعراجدا چووە ئاسمان لە کاتێکدا هەرچەند مرۆڤ بەرزبێتەوە ئۆکسجین نامێنێ..ئەمە موعجیزەی خودایە.

کاتێ پێغەمبەری خودا ئەم ئایەتەی سورەتی (الفرقان)ی خوێندەوە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ يُحْشَرُونَ عَلَى وُجُوهِهِمْ إِلَى جَهَنَّمَ﴾(الفرقان: ٣٤) واتە: ئەوانەی لەسەر ڕوویان بۆ دۆزەخ دەبرێن..هاوەڵێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا چۆن مرۆڤ لەسەر ڕووی دەڕوات؟

پێغەمبەر فەرمووی: ئایا ئەو خودایەی لەسەر قاچەکانی دەیڕوێنێ ناتوانێ لەسەر ڕووش بیڕوێنێ؟)..هاوەڵەکە گوتی: با..خودا توانای هەموو شتێکی هەیە.

یونس پێغەمبەر کە کەوتە ناوی سکی نەهەنگەکەوە ئیتر زانی هەڵەیەکی کردووە بۆیە دەستیکرد بە دوعا و داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە، خوداش لە سکی ماسی ڕزگاری کرد و ناردیەوە لای نەتەوەکەی و ئاوانیش باوەڕیان پێ هێنا.

هەر خودا شیاوی پەرستنە

بێباوەڕانی قورەیش بتیان دەپەرست، لە خودا نەدەپاڕانەوە هەر ڕوویان لە بتەکانیان بوو، بەڵام کاتێ دەچوونە ناو دەریاوە و تووشی شەپۆلە ترسناکەکانی دەریا بوونایە و مەترسی نقومبوونیان لەسەر بووایە یەکسەر بتەکانیان فەرامۆش دەکرد و لە خودا دەپاڕانەوە ڕزگاریان بکات، دەیانگوت: خودایە ئەگەر ئەو جارە لەم تەنگانەیە ڕزگارمان بکەیت سوپاسگوزارت دەبین، بەڵام کاتێ خودا ڕزگاری دەکردن

دەگەڕانەوە سەر بتەپەرستیی جارانیان..لەم بارەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿هُوَ الَّذِي يُسَيِّرُكُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ حَتَّى إِذَا كُنْتُمْ فِي الْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِمْ بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ وَفَرِحُوا بِهَا جَاءَتْهَا رِيحٌ عَاصِفٌ وَجَاءَهُمُ الْمَوْجُ مِنْ كُلِّ مَكَانٍ وَظَنُّوا أَنَّهُمْ أُحِيطَ بِهِمْ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ لَئِنْ أَنْجَيْتَنَا مِنْ هَذِهِ لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ﴾(يونس: ٢٢-٢٣)..

هەندێ لە زانایان دەڵێن: بۆ پێویستی یان بازرگانی یان ڕاوەماسی نەبێ پێویست ناکات مرۆڤ بچێتە ناو دەریاوە و ژیانی بخاتە مەترسییەوە..چونکە دەبیستین چەندان کەشتی نقوم بوونە و خەڵکێکی زۆر تیاچوون.

تاریکاییەکانی دەریا

پرسیار: بۆچی خوای گەورە لەم ئایەتەدا باسی تاریکایی دەریا بە کۆ دەکات نەک تاک؟ ﴿أَوْ كَظُلُمَاتٍ فِي بَحْرٍ لُجِّيٍّ يَغْشَاهُ مَوْجٌ مِنْ فَوْقِهِ مَوْجٌ مِنْ فَوْقِهِ سَحَابٌ ظُلُمَاتٌ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ إِذَا أَخْرَجَ يَدَهُ لَمْ يَكَدْ يَرَاهَا﴾(النور: ٤٠)؟

وەڵام: کاتێ خودا وەسفی حاڵی بێباوەڕان دەکات دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَعْمَالُهُمْ كَسَرَابٍ بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ الظَّمْآنُ مَاءً حَتَّى إِذَا جَاءَهُ لَمْ يَجِدْهُ شَيْئًا وَوَجَدَ اللَّهَ عِنْدَهُ فَوَفَّاهُ حِسَابَهُ وَاللَّهُ سَرِيعُ الْحِسَابِ (٣٩)أَوْ كَظُلُمَاتٍ فِي بَحْرٍ لُجِّيٍّ يَغْشَاهُ مَوْجٌ﴾..

بڕوانە چۆن خودای گەورە وەسفی حاڵ و کردەوەی بێباوەڕان دەکات؟ بێباوەڕ کاتێ خێر دەکات لێی وەرناگیرێ چونکە ئەو ئەسڵەن باوەڕی بە دواڕۆژ نییە، خوای گەورە پێی دەڵێ: خێر بکەیت یان نا هیچ کارێکت لێ وەرناگیرێ، کردەوەکانی بێباوەڕان وەکو﴿كَظُلُمَاتٍ فِي بَحْرٍ لُجِّيٍّ﴾ تاریکاییگەلێکی نێو دەریایەکی پڕ لە شەپۆلە﴿يَغْشَاهُ مَوْجٌ مِنْ فَوْقِهِ مَوْجٌ مِنْ فَوْقِهِ سَحَابٌ﴾ تەماشای پیزبەندییەکە بکە: شەپۆلێك لە خاروووی دەریا و شەپۆلێکیش لە سەرەوە، لە ناوەوەی دەریا چەندان

شەپۆل هەیە﴿ظُلُمَاتٌ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ إِذَا أَخْرَجَ يَدَهُ لَمْ يَكَدْ يَرَاهَا وَمَنْ لَمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُورًا فَمَا لَهُ مِنْ نُورٍ﴾..

کاتێ دەچیتە ناو دەریاوە تیشکی ڕۆژ تەنها چینی سەرەوەی دەریا ڕووناك دەکاتەوە، ڕەنگە تەنها چەند مەترێك بچێتە خوارەوە، چەند زیاتر بچیتە قووڵاییی دەریاوە تاریکتر دەبێت تا وای لێدێت دەبێتە نووتەك و چاو چاو نابینێ، تەنانەت دەوترێ لە قووڵاییی هەزار مەتر هیچ جۆرە ڕووناکاییەك نامێنێ، سەرووی دەریاکەش بۆ قووڵاییی دەریا وەکو هەورێکی لێدێت..

هەروەها ئێستا زانایان ئەوەیان دۆزیوەتەوە کە دەریا چەندان شەپۆلی هەیە، شەپۆلی سەرەوە جیاوازە لە شەپۆلەکانی قووڵاییی دەریاکان..تەنانەت شەپۆلەکانی قووڵاییی دەریاکان ئەوەندە بەهێزە جاری وا هەیە ژێردەریاییەکانیش دەخاتە مەترسییەوە..

ئاوی شیرین و ئاوی سوێر

لەو ئایەتانەی لە قورئاندا هاتووە و مایەی سەرسامییە ئەم ئایەتەیە: ﴿وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَحْجُورًا﴾ (الفرقان: ٥٣)..

برزخ: واتە بەربەستی نێوان دوو شت، بۆیە ژیانی نێو گۆڕ ناونراوە بەرزەخ چونکە ناوبڕێکی نێوان ژیانی دونیا و ژیانی دواڕۆژە..

ئەم ئایەتە ئاوی کردۆتە سێ بەش: ئاوی شیرین وەکو ئاوی ڕووبارەکان، ئاوی سوێر وەکو ئاوی دەریاکان، ئاوی تێکەڵ لە ئاوی ڕووبار و دەریاکان، ئەم ئاوەی دواییش لە ڕێژگەکاندایە.

ئاوی ڕووبارەکان لە چیاکان و کانیاوەکانەوە دێت بۆیە ئاوی شیرینن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَنْزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً طَهُورًا﴾(الفرقان: ٤٨)واتە: لە ئاسمانەوە ئاوێکی پاك و پاککەرەوەمان داباراندووە..دەڵێن: سروشتی ئەو ئاوەی لە ئاسمانەوە دێتەخوارەوە جیاوازە بۆیە خوای ناوی لێناوە (طهور)، لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت ﴿وَنَزَّلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً مُبَارَكًا﴾(ق: ٩)..

دەڵێن: ئەو ئاوەی لە ئاسمانەوە دێتەخوارێ لە هەموو جۆرە کانزایەکی زیانبەخش خاڵییە کە لە ئاوی زەوییدا هەیە.

هەندێ کات ئاوی زەوی، فۆسفات و هەندێ کانزای زیانبەخشی تێدایە کە ڕەنگە گەر مرۆڤ بیخواتەوە زیانی پێ بگەیەنێ و بە تێپەڕبوونی کات کێشە بۆ گورچیلەکانی دروست بکات.

قۆناغەکانی دروستبوونی ئاوی باران بە بەهەڵمبوونی ئاوی دەریاکانەوە دەست پێ دەکات و دەبێتە هەور پاشان بە خاوێنی دێتەخوارەوە.

سەبارەت بەم وتەیەی قورئانیش﴿وَحِجْرًا مَحْجُورًا﴾مەبەست لێی: بەربەستی نێوان دوو ئاوە، کاتێ لە ڕێژگەکاندا ڕووبارەکان تێکەڵی دەریاکان دەبن جۆرە ئاوێکی تایبەت دروست دەبێ کە نە شیرینە و نە سوێر بەڵکو تێکەڵەیەکە لە هەردووکیان. چونکە ئەم دوو جۆرە ئاوە بەخێرایی تێکەڵ نابن..

سەیر ئەوەیە لە ئاوی سوێر جۆرە ماسییەك و لە ئاوی شیرین جۆرە ماسییەك و لە ئاوی تێکەڵی ڕێژگەکانیش جۆرە ماسییەك دەژی، هیچکامیان لە ژینگەی ئەویتردا ناژی.

جوانیی مەخلوقاتی خودا

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ﴾(السجدة: ٧)..هەروەها دەفەرموێت: ﴿مَا تَرَى فِي خَلْقِ الرَّحْمَنِ مِنْ تَفَاوُتٍ فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَى مِنْ فُطُورٍ(٣) ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ يَنْقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِئًا وَهُوَ حَسِيرٌ﴾(الملك: ٣-٤)..

مرۆڤ سەرنج بداتە هەر مەخلوقێکی خودا ناتوانێ هەڵە و کەموکورتییەکی لێ بدۆزێتەوە و بڵێ: ئەگەر ئەوەی ئەوها بووایە وادەبوو..

تەماشای دەریا بکە هەندێ ماسی دەبینی چاوی نییە چونکە پێویستی پێ نییە، لە تاریکاییی قوواڵاییی دەریادا چ پێویستییەکی بە چاو هەیە؟! لەبری چاو خودا لەرەلەری داوەتێ کە بەو هۆیەوە هەست بە جووڵەی بەرانبەر دەکات، بۆیە لە دروستکراوەکانی خوادا هیچ کەموکورتییەك نییە﴿مَا تَرَى فِي خَلْقِ الرَّحْمَنِ مِنْ تَفَاوُتٍ﴾..

چەندان ئایەتی تر لەبارەی دەریاوە هاتووە: ﴿وَمَا يَسْتَوِي الْبَحْرَانِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَائِغٌ شَرَابُهُ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَمِنْ كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى الْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ لِتَبْتَغُوا مِنْ فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾(فاطر: ١٢)..

پرسیار: بۆچی خوای گەورە لەم ئایەتەدا فەرموویەتی: ﴿وَمِنْ كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا﴾؟

وەڵام: یەکەم: لەبەرئەوەی گۆشتی ماسی نەرم و شلە.

دووەم: چونکە گۆشتی زووتر لە گۆشتەکانی تێکدەچێ.

مەبەست لە ﴿لَحْمًا طَرِيًّا﴾ئەوەیە کە دەبێ زوو بخورێ چونکە زۆر بمێنێتەوە تێکدەچێ.

نقومبووی شەهید

پرسیار: ئایا ئەو کەسەی لە ئاودا نقوم دەبێ و دەخنکێ شەهیدە؟

وەڵام: پێغەمبەر (ﷺ) باسی شەهیدانی کردووە لەوانەش: (ژنێک لە کاتی منداڵبووندا بمرێ، ئەوەی بە ژانەزگ بمرێ، کەسێکیش لە ئاودا بخنکێ شەهیدە صحیح: أبو داود و النسائی گێڕاویانەتەوە.

خنکاو پاداشتی شەهید هەیە بەڵام لە دونیادا حوکمی شەهیدی نییە، بۆ نموونە شەهیدی جەنگ ناشۆردرێ و نوێژی لەسەر ناکرێت، بەڵام خنکاو یان ژنی لەسەر منداڵ مردوو ئەمانە حوکمی مردووەکانی تریان هەیە دەشۆردرێن و کفن دەکرێن و نوێژیان لەسەر دەکرێ..

پرسیار: لە فەرموودەدا هاتووە کە شەهید دەتوانێ شەفاعەت و تکا بۆ کەسوکاری بکات، ئایا خنکاویش دەتوانێ شەفاعەت بکات؟

وەڵام: بەڵێ..لە قیامەتدا شەهیدی نقومبووی خنکاویش هەمان حوکمی شەهیدی جەنگی هەیە، شەفاعەت بۆ ٧٠ کەس لە کەسوکاری دەکات، پایە و پلەیەکی بەرزی لە کن خودا هەیە..

بۆ ڕاستکردنەوەی چەمکی شەهید ڕۆژێکیان پێغەمبەر (ﷺ) لە هاوەڵەکانی پرسی: بە لای ئێوەوە کێ شەهیدە؟ گوتیان: ئەو کەسەی لەپێناوی خوادا بکوژرێ شەهیدە..

پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: کەواتە شەهیدانی ئوممەتەکەم کەمن..گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا کەواتە کێن؟

پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: هەر کەسێك لەپێناوی خودا کوژرا یان مرد شەهیدە، هەر کەس بە تاعوون مرد شەهیدە، هەر کەس بە ژانەسك مرد شەهیدە، نقومبووی خنکاویش شەهیدە.)صحیح: مسلم گێڕاویەتییەوە.

جەریر و فەرەزدەق

لە هەندێ کتێبی ئەدەبدا چیرۆکێك لەبارەی جەریر و فەرەزدەقدا هاتووە، ئەم دووانە دوژمنی یەکتر بووینە و چەندان شیعری هەجوویان لەبارەی یەکترەوە وتووە.

جارێکیان فەرەزدەق دەکەوێتە ناو ڕووبارێکەوە و دەست دەکات بە هاتوهاوار و جەریریش دەیبینێ و دەچێ ڕزگاری دەکات..

پاشان بە جەریریان گوت: ئەو دوژمنت بوو بۆچی لێنەگەڕای بخنکێت و چوویت دەرتهێنا؟ دەبووایە بە خنکانی دڵخۆش بیت.

ئەویش گوتی: ئاخر بیستوومە کە کەسێك لە ئاودا نقوم ببێ و بخنکێ شەهیدە، منیش نەمدەویست فەرەزدەق ئەو پلەوپایەی بەرزەی دەستکەوێ بۆیە ڕزگارم کرد!!!

سێگۆشەی بەرمۆدا

یەکێك لەو بابەتانەی کە زۆر جار باسی دەکرێ باسوخواسی (سێگۆشەی بەرمۆدا)یە، کە شوێنێکە لە ئۆقیانووسی ئەتڵەسی لە نزیك ئەمریکاوە، لە نزیك ئەم سێگۆشەیەوە چەندان فڕۆکە و کەشتی وبوونە..هەندێ زانا لەم دیاردەیان کۆڵیوەتەوە و لێکدانەوەیەکیان بۆی کردووە و دەڵێن: لەوانە بواری موگناتیسی لەو ناوچەیەدا زۆر بەرز بێت بۆیە زۆر بەتوندی فڕۆکە و کەشتییەکان ڕادەکێشێ و بزر

دەبن و دەچنە شوێنی تر،وە..بەڵام ئەوەی ڕووەدات ئەم فرۆکە و کەشتییانە بەیەکجاری ون دەبن و پەیوەندی لەگەڵیان دەپچڕێ و کەس نازانێ چیان بەسەردێت!

هەندێ زانای شەرعی وتوویانە: پێغەمبەر (ﷺ) باسی لەوە کردووە کە: (عەرشی ئیبلیس لەسەر دەریایە، سریەکانی خۆی دەنێرێ بۆ لادانی خەڵک لە ڕێی ڕاست. کامەیان ئاژاوەی گەورە بنێتەوە لە هەموویان لەکنی گەورەترە.)..ڕەنگە ئەم سێگۆشەیە عەرشی شەیتان بێت.

من ئەم قسە بەدڵنیاییەوە ناکەم نەوەك هەندێ کەس بڵێن: سێگۆشەی بەرمۆدا شەیتانی لێیە.

من قسەی هەندێ زانای شەرع دەکەم مەرجیش نییە ئەم قسەیە ڕاست یان ناڕاست بێت چونکە ئەم لێکدانەوەیە هیچ دەقێکی لەبارەوە نەهاتووە بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (شەیتان عەرشی خۆی لەسەر ئاو دادەنێ)..ئەوەی دەڵێ سێگۆشەی بەرمۆدا عەرشی شەیتانە ویستوویەتی ئەم دیاردەیە و فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) پێکەوە ببەستێ..

هەندێکیش وتوویانە: ڕەنگە لەم دورگەیەدا دەججال هەبێ.

غەریزەکانی مرۆڤ

﴿وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا﴾

غەریزەکانی مرۆڤ

هەندێ بابەت هەیە زۆر باس دەکرێ و دەخرێتە ڕوو، ئەوەش لەبەرئەوەیە خەڵك پێویستیان پێیەتی و دەبێ بەردەوام بەبیریان بهێنرێتەوە.

* نموونە: قسەکردن لەبارەی ماددە هۆشبەرەکان..هیچ سەیر نییە بانگخواز ناوە ناوە باسی بکات، ئەوەش لەبەر بڵاوبوونەوە و کێشە زۆرەکانی لەنێو خەڵکدا، هەروەها ئەوانەی بازرگانی پێوە دەکەن بۆ تووشکردنی خەڵك شێوازی نوێ دەدۆزنەوە.

بۆیە ئەوەش وا پێویست دەکات کە بانگخوازەکان زۆر باسی مەترسییەکانی ماددە هۆشبەرەکان بکەن، ئەمەش بە ئامانجی پاراستنی خەڵك و وریاکردنەوەیان لەوەی نەکەونە ناو ئەو داوەی شەیتانەوە.

بەڵام ئەگەر مرۆڤ زۆر باسی ئەستێرەکان و سەیروسەمەرەکانی کرد یان هەر بابەتێکی تری گەردوونی، ئەوا ئەمانە بابەتگەلێکن زۆر پێویست بە دووبارەکردنەوەیان ناکات.

لەو بابەتانەی گرنگن و پێویستی بە باسکردن هەیە مەسەلەی غەریزە و ئارەزووەکانی مرۆڤن، کە گرفتەکە ئەوەیە خەڵکێك ئەم بابەتانە دەخەنەڕوو کە لە ڕوانگەی شەرع و ئایینەوە باسی ناکەن..

ژنان بۆ پیاوان و پیاوانیش بۆ ژنان دروست کراون

ئارەزووی پیاو بۆژن و ژن بۆ پیاو شتێکی سروشتییە،بۆیە خوای گەورە هەموو شتێکی بۆ ئادەم لە بەهەشت دابین کرد، دواتریش ژنێکی بۆ خولقاند، چونکە نە نێر بێ مێ و نە مێ بێ نێر ناژی، ئەمە ڕاستییەکە و کەس ناتوانێ نکوڵی لێ بکات.

لەبەرئەوەی ئەمە سروشتێکە و خودا مەخلوقاتی لەسەر دروست کردووە بۆیە شەریعەت قەدەغەی نەکردووە بەڵکو رێکیخستووە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا﴾ هەروەها فەرموویەتی: ﴿فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ﴾(النساء: ٣)..

کەواتە خودا زینا و داوێنپیسی حەرام کردوە و ڕێی بە هاوسەرگیری و فرەژنی داوە.

خوای گەورە هاوسەرگیری بە بێ یاسا و ڕێسا دانەناوە، هەر کەس بە ئارەزووی خۆی هەر ژنێکی بوێت مارەی بکات تەنانەت ئەگەر خوشک و دایکیشی بێت بەڵکو خوای گەورە باسی ڕێسا شەرعییەکانی لە پرسی هاوسەرگیریدا کردووە، فەرموویەتی: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالَاتُكُمْ وَبَنَاتُ الْأَخِ وَبَنَاتُ الْأُخْتِ وَأُمَّهَاتُكُمُ اللَّاتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ مِنَ الرَّضَاعَةِ وَأُمَّهَاتُ نِسَائِكُمْ وَرَبَائِبُكُمُ اللَّاتِي فِي حُجُورِكُمْ مِنْ نِسَائِكُمُ اللَّاتِي دَخَلْتُمْ بِهِنَّ فَإِنْ لَمْ تَكُونُوا دَخَلْتُمْ بِهِنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلَائِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلَابِكُمْ وَأَنْ تَجْمَعُوا بَيْنَ الْأُخْتَيْنِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا﴾(النساء: ٢٣)..

هەروەها سەبارەت بە پەیوەندیی ژن و مێرد چەند یاسایەکی دیاری کردووە. فەرموویەتی: ﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ﴾(البقرة: ٢٢٢)..ئەو ڕۆژانەی دیاری کردووە کە پیاو بۆی هەیە بچێتە لای ژنەکەی و ئەو ڕۆژانەشی نابێ بچێت هەر دیاری کردووە وەکو: کاتی بێنوێژی و زەیستانی..

نزیکی داوێنپیسی مەکەونەوە

لەم سەردەمەی تێیدا دەژین وا وردە وردە ئەو شتانەی پێغەمبەر (ﷺ) پێشبینی کردبوو دێنەدی، کاتێ باسی ئاخیری زەمان کرا پێغەمبەر (ﷺ) باسی هەندێ شتی کرد کە دواتر ڕووەدەن، باسی زۆربوونی بازاڕەکان و شتی تری کرد، پاشان گوتی: (داوێنپیسی پەیدا دەبێ)صحیح: بخاری گێڕاویەتیەوە..تا وای لێهاتووە زینا بۆتە شتێکی ئاسایی.

تەنانەت وای لێهاتووە ئەگەر خەڵک بڵێن: فلان کەس چوو زینای کرد وەکو ئەوە وایە بڵێن چووە خواردنگەیەک و نانی خوارد، جاران ئەم تاوانە زۆر گەورە بوو، ئێستاش لە شەریعەت هەر تاوانێکی گەورەیە بەڵام لە زەینی خەڵکدا کاڵ بۆتەوە و لەگەڵ زۆر ڕووداو و دووبارەبوونەوە بۆتە شتێکی ئاسایی ئەوەش پێی دەگوترێ: دەقگرتن پێوەگرتن و ڕاهاتن لەسەر تاوان.

پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی داوێنپیسییەوە هۆشداری داوە، لە شەوی ئیسرا و میعراجدا جۆرەها سزادانی خەڵکی بینی یەکێك لەوانە دەگێڕێتەوە و دەفەرموێ: (چووین بە لای کونێکەوە وەکو تەندور وابوو، سەری تەسك و خواروی فراوان، لەژێرەوە ئاگرێك نێڵەی دەدا، پڕی بوو لە ژن و پیاوی ڕووت) کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) گوێبیستی هاتوهاوار و ناڵەیان دەبێت لە جیبریل دەپرسێ: ئەمانە کێن؟ ئەویش دەڵێ: (ئەمانە ژن و پیاوی زیناکەرن.)صحیح: بخاری گێڕاویەتییەوە.

ئەمە تەنها سزای ناو گۆڕیانە، سزای دواڕۆژیان قورستر، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَعَذَابُ الْآخِرَةِ أَشَدُّ وَأَبْقَى﴾(طه: ١٢٧)..

بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (ئەگەر بە سوژنی ئاسن لە سەرتان بدەن باشترە لەوەی دەست لە ژنێك بدەن کە بۆتان حەلاڵ نییە.)صحیح: الطبرانی هێناویەتی.

هەروەها خوای گەورە کاتێ باسی زینای کردووە﴿وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا﴾

بە ڕێگایەکی خراپ و بەدی داناوە و وەکو سەرپێچییەکی گەورە(فاحشە) وەسفی کردووە..

هاوەڵان پاکترین کەس بوون

هاوەڵانی پێغەمبەر لە هەموو زیاتر دووربوون لە تاوانی گەورە و بچووك، لە هەموو کەس زیاتر خۆیان دەپاراست لە تێکەڵی و بەتەنیابوون لەگەڵ ژنان(خەلوەت)، چونکە لە پێغەمبەریان (ﷺ) بیستبوو کە دەیفەرموو: (خۆتان لە دونیا و لە ژنان بپارێزن. چونکە یەکەم فیتنە کە تووشی بەنی ئیسرائیل بوو لە ژنان بوو.)صحیح: مسلم و أحمد گێڕاویانەتەوە.

بۆیە پێغەمبەر هۆشداری دەدا لە تێکەڵی و خەلوەتی ژنان چونکە ڕەنگە ئەمە سەربکێشێ بۆ شتی گەورەتری وەکو زینا.

لەبەرئەوە بۆ پاراستنی پیاوان و ئافرەتان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ﴾(الاحزاب: ٥٣)..ئەگەر داوای شتێکتان لە خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کرد لە پشتی پەردەوە داوایان لێ بکەن، ئەمە بۆ دڵی ئێوە و دڵی ئەوانیش باشترە..

ئایا گومان لە ڕەوشتی هاوەڵان هەیە؟ بێگومان نەخێر بەڵام ئەم ڕێوشوێنە بۆ وریاییە، بۆ ئەوەیە مرۆڤ ئاگاداری خۆی و بەرانبەرەکەی بێت، چونکە هەموو شتێك لە ورد و بچووکەوە دەست پێ دەکات.

چاودێریکردنی منداڵان لەلایەن باوانەوە

چەند شتێك هەیە دەبێ دایك و باوك لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان ڕەچاوی بکەن نەوەك شتێکی خراپ لە کوڕ یان کچەکەی ڕووبدات، چونکە خۆپاراستن باشترە لە چارەسەر..

دەبێ دایك و باوك چاودێریی منداڵەکانیان بکەن بەتایبەتی لەگەڵ پێشکەوتنی هۆکارەکانی پەیوەندیی لە ئێستادا، دەبینی کچ بە ئارەزووی خۆی دەچێتە هەموو شوێنێك و هیچ کەسیش ڕێگری لێ ناکات..هەروەها گەنجیش بە هەمان شێوە..

دەبینی کچ مۆبایلەکەی پڕە لە نامە و وێنە و ڤیدیۆ و کەسیش چاودێری ناکات.

هەروەها لە بەرانبەر ئینتەرنێت دادەنیشێ و دایك و باوك نازانن چی دەکات و خەریکی چییە؟؟ نازانن کچەکەی وێنەی بۆ کوڕێك ناردووە و ئەویش هەڕەشەی لێ کردووە و بە فۆتۆشۆپ وێنەی ڕووتی لەسەر داناوە..

بۆیە پێویستە زۆر بەوردی چاودێری کوڕ و کچ بکرێت بەڵام کچ زیاتر چونکە ئەمە پەیوەستە بە پاراستنی خێزان و کۆمەڵگە.

دەبێ دایك و باب بزانن کە منداڵەکانیان ئەمانەتی خودان دەبێ بیانپارێزن هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (هەموتان چاودێر و بەرپرسن، بەپرسیاریشن لەو کەسانەی لەژێر دەستتاندان.)صحیح: بخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە.

هەروەها خوای گەورە هۆشداریمان دەداتێ و دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُو أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ﴾(التحريم: ٦)..ئەگەر مرۆڤی عاقڵ پێی بڵێن کچەکەت مردووە ئاسانترە بۆی وەك لەوەی بڵێن کچەکەت زینای کردووە.

خۆپاراستن لە چارەسەر باشترە

هەندێ نامەم لە کچانەوە پێگەیشتووە..یەکێکیان نامەی بۆ ناردووم کە تەمەنی ١٥ ساڵە و یەکێك لە گەنجە بێرەوشتەکان بە مۆبایل هەڵیخەڵەتاندووە، ئەویش وێنەکانی خۆی بۆ ناردووە و هەموو شتێکی بۆ ناردووە، کوڕەش بە فۆتۆشۆپ وێنەی ڕووتی لەسەر داناوە و لەگەڵ وێنەکانیش دەنگی وی لەسەر داناوە.

ئیتر بەم وێنانە و دەنگانە هەڕەشەی لە کچەکە کردووە کە ئەگەر لەگەڵی نەچێت بۆ شوقەکە و خۆی تەسلیمی حەز و ئارەزووەکانی ئەو و برادەرەکانی نەکات ئەو ئابڕووی دەبات و وا و وا دەکات.

منیش پێم گوت: کچەکەم بایەخی پێ مەدە و پشتگوێی بخە و ئازا بە..یەکەم شت بیکەیت ئەوەیە هەر ئێستا ژمارەی مۆبایلەکەت بگۆڕە..

گوتی: نا..ئێستا من وەڵامی نادەمەوە..

گوتم: دەزانم ئێستا وەڵامی نادەیتەوە، بەڵام لەگەڵ پەیوەندیکردنی بەردەوامی هەر وەڵامی دەدەیتەوە، ئەگەر وەڵامیشی نەدەیتەوە نامەکانی دەخوێنیتەوە.

بۆیە نابێ کەچ هیچ جۆرە پەیوەندییەکی یاساغی لەگەڵ کوڕاندا هەبێ، چونکە ئەمە سەردەکێشێ بۆ شتی تر..

ئەگەر هاتوو تووشی ئەم جۆرە کەسانە بوو ئەوا پێویستە کەسوکاری یان کەسێك کە جێی متمانەیە ئاگادار بکاتەوە و وەها لە کوڕەکە بکەن وازبێنێ و سنووری بۆ دابنێن.

بۆیە یەکەم شت ئەوەیە کچەکە ژمارەی مۆبایلەکەی بگۆڕێ..

خودا کاری بەدکاران ڕاستەڕێ ناکات

ئەگەر هاتوو کچەکە ژمارەی مۆبایلەکەی نەگۆڕی ئەوا ئەو کوڕە نامەی بۆ دەنێرێ و ئەویش دەیانخوێنێتەوە، نەفسی مرۆڤیش لاوازە و ڕەنگە دووبارە بکەوێتە داویەوە، چونکە کەسی سەرپێچیکار و تاوانبار لاوازە و خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُصْلِحُ عَمَلَ الْمُفْسِدِينَ﴾(یونس: ٨١)..ئەگەر کەسەکە لادەر و گوناهکار بوو خودا سەرکەوتوو و کاری ڕاستەڕێ ناکات..

بۆیە دەبێ کچەکە ئازا بێت و بڕیارێکی بوێرانە بدات چونکە ئەم جۆرە پەیوەندییانە قەدەغەکراون، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِي أَخْدَانٍ﴾(المائدة: ٥)..الخدن: واتە دڵدار و ئەویندار..

کچ هەیە دەڵێ: هەموو کچان وادەکەن..هەموو کچ و کوڕێك خۆشەویستیان هەیە..

جا ئەمە کەی بەڵگەیە!!خەڵکێکی زۆریش هەیە ئارەزو دەخواتەوە ئایا منیش دەبێ بچم بیخۆمەوە؟! خواردنەوەی مەی لەلایەن خەڵکەوە دەبێتە هۆی حەڵاڵبوونی؟!..

کلیلەکانی خراپە

یەکێك لەو شتانەی عیشق و عیشقبازی دەوروژێنێ و پەرەی پێ دەدات شیعری خراپە، هەندێ شیعر هەن زۆر ڕاشکاوانە وەسفی جەستەی ژن دەکەن وا هەست دەکەیت تەماشای فیلمێکی ڕووت دەکەیت، جاری وا هەیە بە زمانێکی ڕوون و ئاشکر باسی هەموو ئەو شتانە دەکات کە لەنێوان خۆی و ژندا ڕووەدات، بەمەش غەریزە و ئارەزووی گەنجان دەبزوێنێ.

بۆیە من پێم وایە خوێندنەوەی شیعر و ڕۆمان و چیرۆکی دڵداری مرۆڤ تووشی حەزبزواندن دەکات و ڕەنگە بکەوێتە داوی خراپەوە بۆیە وا چاکە کچان و کوڕان خۆ لە خوێندنەوەی ئەم بەرهەمانە بەدوور بگرن..بۆیە خودای گەورە هۆشداری داوین لەوەی شوێن ئەم جۆرە شاعیرانە بکەوین: ﴿وَالشُّعَرَاءُ يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ (٢٢٤) أَلَمْ تَرَ أَنَّهُمْ فِي كُلِّ وَادٍ يَهِيمُونَ(٢٢٥) وَأَنَّهُمْ يَقُولُونَ مَا لَا يَفْعَلُونَ﴾(الشعراء: ٢٢٤-٢٢٦)..

هەروەها پێغەمبەریش (ﷺ) هۆشداری لە جۆرە خەڵکێك داوە کە(کلیلی شەڕ و قفڵی خێرن)صحیح: ابن ماجه و البیهقی گێڕاویانەتەوە.

چاوداگرتن

لەو شتانەی کچ و کوڕ لە فیتنە دەپارێزێ داگرتنی چاوە لە ئاست ئەو کەسانەی تەماشاکردنیان حەرامە.

نابێ کچ تەماشای شاعیرێك یان گۆرانیبێژێك بکات و گوێیان بۆ بگرێ نەوەك دڵی پێیانەوە بنووسێ..

ئەو گۆرانیبێژەی گۆرانی دەڵێ و دواتر دەست دەکات بە سەما و کچان و کوڕانیش تەماشای دەکەن و گوێی بۆ دەگرن، زۆر نابات دڵیان پێوە دەنووسێ و

وێنەکـەی دەکەنـە باکگراونـدی مۆبایـل و لاپتۆپـەکانیان و گۆرانییـەکانی دەکەنـە مۆسیقای مۆبایلەکانیان..

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ لِلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ (٣٠) وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ﴾(النور: ٣٠-٣١)..

ابن القیم دەڵێ: هەر کەسێک چاوی بەڕەڵا بکات داوێنیشی بەڕەڵا دەکات، خوای گەورە نەیفەرمووە زمان و گوێیان بپارێزن بەڵکو فەرموویەتی داوێنیان بپارێزن چونکە پەیوەندییەک هەیە لەنێوان سەیرکردن و داوێندا.

بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (چاو زینا دەکات و زیناکەشی سەیرکردنە، دەست زینا دەکات و زیناکەشی دەسڵێدانە، پێ زینا دەکات و زیناکەشی ڕۆیشتنە بەرەو حەرام، داوێنیش ئەوانە دەکاتە ڕاستی یان بە درۆی دەخاتەوە)صحیح: بخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە.

بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی﴿وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا﴾لە زینا نزیک مەکەونەوە، نەیفەرمووە زینا مەکەن، مەبەستی ئەوەیە لە هیچ کار و هەنگاوێک نزیک مەکەونەوە کە بەرەو زیناتان دەبات..

خۆشەویستی

(هەرژن و پیاوێك بەتەنها بەیەکەوە بن شەیتان سێهەمیانە)

خۆشەویستی

لە بابەتی پێشوو لەبارەی غەریزەکانی مرۆڤەوە باسمان لە پەیوەستبوونی کوڕان و کچانەوە بەیەکەوە کرد، یان ژنان و پیاوان، ڕەنگە پیاو یان ژنێکی ٤٥ یان ٥٠ ساڵی بکەوێتەوە نێو داوی ئەم عیشقەوە..

بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە شتانەش لەم سەردەمەی ئێستاماندا هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە، بڵاوبوونەوەی هۆکارەکانی پەیوەندی وای کردووە کەچ و کوڕ زۆر بەئاسانی قسە لەگەڵ یەکتریدا بکەن.

مەسەلەکە بەم شێوەیەی لێهاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەیەوە فەرموویەتی: (هیچ زەمانێك نایەت تا ئەوەی دوای وی خراپتر نەبێت تا ئەو کاتەی بە پەروەردگارتان شاد دەبنەوە.)صحیح: بخاری و الترمذی گێڕاویانەتەوە.

هەروەها دەفەرموێ: یەکێك لە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی(دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی زینایە)..

داوێنپاکی

خەڵکی سەردەمی نەزانی لە خەڵکی ئێستا داوێنپاکتربوون، ئەگەرچی تەنها بەپێی دابونەریت دەجوولانەوە نەك لەسەر بنەمای ئایین و شەرع.

ڕەنگە خۆشەویستیی پیاو بۆ ژن ببێتە هۆی مردن، هەموومان چیڕۆکی لەیلا و مەجنوومان بیستووە کە چۆن مەجنون ڕووی لە دەشت و بیابان کردووە، تەنانەت دەڵێن: عومەری کوڕی ڕەبیعە یەکێك لە شاعیرە کۆنەکان ڕۆژێك بە ڕێگایەکدا

ڕۆیشتووە ژنێکی بینیوە چاوی دەخورێنێ وای گومان بردووە کە ئەمە چاوی نا دادەگرێ و برۆی بۆ هەڵدەتەکێنێ، بەم بۆنەوە شیعرێکی گوتووە..

هەروەها شاعیرێکی تر ژنێکی ڕەشی خۆشویستووە، دەڵێن: لەبەر زۆر خۆشەویستی بۆ ئەو هەر کاتێك شتێکی ڕەشی بینیوە ئەوی بیرهاتۆتەوە ! !

بێگومان شتەکە گەورەیە، ئەگەر خۆشەویستی دڵی داگیرکرد ڕەنگە زۆر شتی نا تێکبدات، بۆیە هاوەڵان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بابەتانە جیددی بوون کە ڕەنگە تووشی هەڵخلیسکانت بکەن، بۆیە حاڵی ئەوە بوو کە قورئان دەفەرموێت: ﴿أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴾(الانعام: ١٥)..کەواتە من ئاییننێکم هەیە لە هەندێ شت قەدەغەم دەکات و هێڵی سوورم بۆ دادەنێ کە نابێ ببەزێنم..

خودا زینای قەدەغەکردووە

(مرثد کوڕی أبي مرثد) هاوەڵێکی پێغەمبەر (ﷺ) بوو لە شاری مەککە دادەنیشت، لەگەڵ ژنێکدا پەیوەندیی ئەویندارى هەبوو، کاتێ موسڵمان بوو و کۆچی کرد بۆ مەدینە، لەبەرئەوەی جەستەیەکی پتەو و بەهێزی هەبوو پێغەمبەر (ﷺ) دەینارد بۆ مەککە بۆ ئەوەی هاوکاری هەڵاتنی موسڵمانەکانی ئەوێ بکات.

ڕۆژێك لە ڕۆژان چووە مەککە و لەگەڵ موسڵمانێك ڕێککەوت بۆ ئەوەی لە شوێنێکی دیاریکراو ببینێ تا پزگاری بکات، کاتێ لە شەودا و لەبەر ڕووناکی مانگدا بە بن دیوارێکدا دەڕۆیشتن، خۆشەویستەکەی بینی..هاواری لێکرد:

مرثد.. مرثد..بەخێربێیتەوە..زۆر دڵی خۆشبوو کە دووبارە خۆشەویستەکەی بینیوەتەوە..

ژنەکە پێی گوت: وەرە با ئەمشەو ڕابوێرین..ئەو ئەوین و دڵداریيەی لەنێوانماندا هەبوو دووبارەی بکەینەوە..

مرشد: خوای گەورە زینای حەرام کردووە.

ژنەکە: سوێند بەخوا یان دێیت بۆ لام یان هاواری قوڕەیش دەکەم دێن و دەتکوژن..

مرشد کەوتۆتە نێوان چاڵ و مار..یان زینا یان کوشتن!!

بێگومان غەریزەی هەیە و لە دڵەوە حەزی لێیە لەگەڵیدا بچێت، پشوو بدات و نانێکی خۆش بخوات و پاشان بەدڵی خۆیان ڕابوێرن، بەڵام ئەو ئێستا موسڵمانە و هێڵی سووری هەیە، بابەتەکە ئێستا لەگەڵ پێشوو جیاوازە، بۆیە ڕازی نەبوو.

ژنەکە دەستی کرد بە هاتوهاوار و خەڵك هاتن و کەوتنە دوای، ئەویش خۆی لە چاڵێکدا شاردەوە، گەڕان نەیاندۆزیەوە، ئیتر ڕۆیشتن و ئەویش هاتەدەرێ و موسڵمانەکەی لەگەڵ خۆیدا بۆ مەدینە برد.

کاتێ هاتەوە کن پێغەمبەر (ﷺ)، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا خۆشەویستەکەم دەخوازم..

ئەگەرچی هاواری قوڕەیشی لێ کردبوو و هەوڵی کوشتنیان دابوو بەڵام ئەو دڵی پێوە بوو حەزی دەکرد هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات..ئیتر ئەمە دڵ و خۆشەویستییە هەموو شتێك بە پیاو دەکات.

خوای گەورە لەم بارەیەوە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿الزَّانِي لَا يَنْكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لَا يَنْكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ وَحُرِّمَ ذَلِكَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ﴾ (النور:٣)..مادامەکی هێشتا زینا دەکات نابێ موسڵمانێك بیخوازێ بەتایبەتی کە

بێباوەڕیشە، بەڵام ئەگەر موسڵمان بوو و تەوبەی کرد ئەوا دروستە بیخوازێ..بەڵام ئەمانەی نەکرد بۆیە مرشد وازی لێ هێنا..ئەمەیە خاوێنی و داوێنپاکی.

بڕوانە چۆن دڵی پێوە نووسابوو و بە دوای دەرچەیەکی شەرعیدا دەگەڕا بۆ ئەوەی پێی بگات بەڵام کاتێ خودا سنووری بۆ دانا نەیبەزاند و ئارەزووەکەی لە خۆ لە کن خۆشەویستتر نەبوو.

تەوبە و وازهێنان لە تاوان

گرنگترین چارەسەر بۆ مەسەلەی پەیوەندیی ناشەرعی جا ئەو پەیوەندییە لە هەر ئاستێکدا بێت: پەیوەندی تەلەفۆنی بێت یان یەکتربینین یان زینا، یەکەم هەنگاو بۆ چارەسەر بریتییە لە پچڕاندنی پەیوەندی، وتراوە (ئەوەی لەبەر چاوانە لەبەر دڵانە ئەوەی لە چاوەوە دوورە لە دڵیشەوە دوورە.

* کچێك دڵی بە یەکێکەوە نووساوە جا باشە یان خراپ، لە ڕێی تەلەفۆنەوە بێت یان وێنە و گۆڤار..دەبێ یەکسەر ئەم پەیوەندییە بپچڕێنێ: ﴿وَلَا مُتَّخِذِي أَخْدَانٍ﴾المائدة: ٥).

* هیچ کەسێك گومان نەبات ئەوەی لەمیانەی چاتەوە دەکرێ ڕێپێدراوە، تەنانەت ئەو خۆشەویستییەی لە ڕێی چاتیشەوە دەکرێ حەرامە، ئەسڵ وایە ژن هاوسەرگیرییەکی شەرعی بکات و پیاویش هەروا..موسڵمانی پاك لای خوا لە کەسی تر خۆشەویستترە.

* پرسیار: ئایا پێویستە لەنێوان کچ و کوڕدا بەر لە هاوسەرگیری پەیوەندی هەبێ بە مەبەستی لە یەکترگەیشتن؟

وەڵام: لە ڕاستیدا من زۆرێك لەم کێشانەم بۆ دێت کە پێشتر کەچ و کوڕەکە پەیوەندییان هەبووە، زۆربەی ئەو هاوسەرگیرییانەی لەسەر بنەمای پەیوەندیی پێشوو کراون شکست دێنن..

بێگومان من هەمیشە ئەوە نالێم بەڵکو هەندێ کات دڵ بەیەکەوەبوونێکی سۆزداری هەیە و سەرکەوتووش دەبن، پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێ: (هاوسەرگیری، چارەسەری نێوان دوو خۆشەویستە)صحيح: ابن ماجه گێڕاویەتییەوە و ألبانیش بە صحیحی داناوە.

ئێمە نالێین ئەگەر دڵت بە کچێکەوە نووسا مەیهێنە، نا بە پێچەوانەوە ئەگەر دڵت بە کچێکەوە بوو دەمودەست بڕۆ داخوازی و ئەم بابەتە کۆتایی پێ بهێنە.

ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە کە هیچ کەسێك گومان نەبات کە ناتوانی لە هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکدا سەرکەوتوو بێت مەگەر دوای پەیوەندییەکی ناشەرعی نەبێت، ئەمە بیانوویەکە لەلایەن هەندێ کەسەوە بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی ناشەرعی بەکاری دێنن.

* پێچەوانەی ئەمە کێشەیەکی تر کە هیچی لەوەی پێشوو کەمتر نییە، هەندێ کەس هەن دەست بە هەندێ دابونەریتەوە دەگرن کە پێچەوانەی شەرعە، فەرمان دەکات بە سەر ئەو کەسەی دێتە داخوازیی کچەکە کە نابێ ببینێ تا شەوی پەردە و بەزاوابوون.

ئەمە هەڵەیە..ئەسڵ وایە ببینێ، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (تەماشای ئەو شوێنانەی بکە کە بۆ هاوسەرگیری پێویست و خوازراوە)صحيح: أبو داود گێڕاویەتییەوە.

کاتێ کەسێك دەچێتە داخوازیی کچێك دەبێ و بۆی هەیە سەیری خووڕەوشت و سروشت و شێوەی بکات..

دەکرێ کچ و کوڕەکە بەر لە هاوسەرگیری بۆ یەکترناسینی زیاتری یەکتر و هەندێ پرسیار و وەڵام لە یەکتر بە ئامادەبوونی کەسێکی مەحرەم لەگەڵ یەکتر دانیشن و گفتوگۆ بکەن.

خراپییەکانی پەیوەندیی یاساغ

* یەکێك لە خراپییەکانی پەیوەندیی ناشەرعیی نێوان کچ و کوڕ ئەوەیە کە بەر لە هاوسەرگیری کە بەیەکەوەن جوانترین ڕەوشتی خۆیان پیشانی یەکتر دەدەن و زۆر لە خۆیان دەکەن ئاکاری جوان پیشان بدەن بەڵام کە هاوسەرگیرییان کرد هەر یەکەیان حەقیقەتی بۆ ئەویتر دەردەکەوێت و لەوێوە کێشەیان دەست پێ دەکات.

* پرسیار: پەیوندیی نێوان کچ و کوڕ دەبێ چۆن بێت کاتێ هەردووکیان لە شوێنێکی تێکەڵ یان زانکۆدا دەبن؟

وەڵام: بوونی زانکۆی تێکەڵ یەکێکە لە گرفتەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگە، بەڵام مرۆڤ ناچارە بچێتە ئەو زانکۆیانە وەگەرنا دەبێ نەخوێنێ و لە مالێ دانیشێ..بۆیە کە لەو جۆرە شوێنانە بوویت دەبێ پابەند بیت بە یاسا و ڕێساکانی شەرعەوە و خۆت بپارێزیت..

بە داخەوە ئەوەی کێشەکەی دژوارتر کردووە ئەو کچانەن کە جلکی خراپ لەبەردەکەن هەر لە پانتۆڕی تەسك و تەنووەی کورت و ..ئەمەش وا دەکات فیتنەکە

گەورەتر بێت..پاشان هەر ئەم جۆرە کچانە کاتێ کوڕان دوایان دەکەون یان دەیانڕفێنن و بە کۆمەڵ لاقەیان دەکەن گلەیی و سکالاّ دەکەن.

* بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) هەمیشە بەو ژنانەی لە مزگەوت و لە ڕێزی دواوەی پیاوان نوێژیان دەکرد دەگوت کە سەریان بەرز نەکەنەوە تا پیاوەکان هەڵدەستنەوە نەوەک لە دواوە عەورەتیان ببینن، بە پیاوانیشی دەگوت ئارام بگرن و نەڕۆن تا ژنەکان لە مزگەوت دەچنە دەرەوە..

پابەند بە ڕێساکانی شەرعەوە

هەندێ ژن و پیاو هەن لە هەندێ شتدا شلی دەکەن وەکو: تەوقە و بەیەکەوە دانیشتن و پێکەنین و دەست لە شانی یەکتردان..بێگومان هەموو ئەمانە لە قەدەغەکراوەکانن.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (ئەگەر بە سوزنێکی ئاسن لەسەرتان بدەن لەوە باشترە بۆتان دەست لە ژنێك بدەن کە بۆتان حەڵاڵ نییە)صحیح: الطبرانی گێڕاویەتییەوە.

هەروەها فەرموویەتی: (من تەوقە لەگەڵ ژناندا ناکەم)صحیح: النسائی و ابن ماجه گێڕاویانەتەوە.

جا ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) تەوقە لەگەڵ ژناندا نەکات ئەدی دەبێ حاڵی ئەوانە چۆن بێت کە لە تەوقەشی تێدەپەڕێنن.

ئەسڵ وایە هەر ژن و پیاوێکی موسڵمان ئەگەر لە شوێنێکی تێکەڵ کاریان کرد پابەند بن بە یاساکانی شەرعەوە و نەیبەزێنن..

من نالێم ژن و پیاو لەگەڵ یەکتردا گرژ و مۆن بن، نا، بەڵکو دەبێ خۆداپۆشینی ژن تێروتەواو بێت بە جۆرێك جوانییەکانی بشارێتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ﴾(النور: ٣١)..

بینینی شەرعی

پرسیار: هەندێ گەنج حەز دەکات ژنەکەی جوان بێت بەڵام کاتێك هاوسەرگیری دەکات دەبینێ ژنەکە لەو ئاستەی جوانیدا نییە کە ئەو خەونی پێوە دەبینی. چارەسەر چییە؟

وەڵام: هەروەکو لە سەرەتای بابەتەکەوە باسمان کرد دەبێ کچ و کوڕەکە یەکتر ببینن تاوەکو بزانن بۆ یەکتر دەگونجێن یان نا..

بەڵام ئەو کەسەی ڕێی پێ دەدرێ کچەکە ببینێ و پاشان پێی ڕازی نابێ هەندێ حوکمی خۆی هەیە: دەبێ نهێنیی ئەو ماڵەی چۆتە ناوی بپارێزێ، ئەوەی لە دیداری کچەکە بینیویەتی بڵاوی نەکاتەوە، وەسفی کچەکە بۆ کەس نەکات..ئەمانە دروست نین و پێچەوانەی ئەمانەتن.

نابێ باوکەکە کچەکەی وەکو ئۆتۆمبیلی پێشانگا لێ بکات و هەر کەس بیەوێ بێت بە ناوی داخوازییەوە ببینێ، بەڵکو دەبێ تەنها ڕێ بەوانە بدات بێن کە کەسی باش و چاك دیارن.

خەلوەت و تێکەڵبوون

ئایینەکەمان تەرکیزی کردۆتە سەر بەتەنهانەبوونی ژن و پیاو پێکەوە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (هەر ژن و پیاوێك بەتەنها بەیەکەوە بن شەیتان سێهەمیانە).. بۆیە مرۆڤ دەبێ ئاگای لەوە بێت لەگەڵ هیچ ژنێکدا بەتەنیا نەبێت..

چونکە هەم پیاو و هەم ژن ئارەزوویان هەیە و شەیتانیش هەمیشە لە دەرفەتێك دەگەڕێ مرۆڤ تووشی هەڵە بکات.

تەنانەت هۆشداری و تووندگیریی پێغەمبەر (ﷺ) گەیشتۆتە ئاستێك کە پێغەمبەر نەهی کردووە لەوەی شووبرا بچێتە لای براژنیەوە، دەفەرموێ: (وریا بن و نەچنە لای ژنانەوە) گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەدی ئەگەر شووبرا بوو؟

فەرمووی: شووبرا هەر مردنە ! !واتە زۆر خراپترە لەوانیتر..

مەبەست ئەوەیە ئەگەر برایەکم هاتە ماڵم و من لەوێ نەبووم تەنها هاوسەرەکەم لەوێ بوو بۆی نییە بچێتە ژوورەوە هەرچەند ماندوو و شەکەت و برسیش بێت.

بیستوومانە کە بە هۆی ئەم جۆرە کارانەوە شتی خراپ ڕووی داوە و خەڵکێك بە هۆیەوە تووشی کێشە بووە.

ڕێکارەکانی بەکارهێنانی مۆبایل

﴿إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَنْ تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي
الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا
وَالْآخِرَةِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾

ڕێکارەکانی بەکارهێنانی مۆبایل

ئیسلام دژی پێشکەوتن نییە

ئیسلام دژی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتن نییە بەڵکو دەبێ ئەم پێشکەوتنە یاسا و ڕێسایەکی بۆ دابنرێ و ڕێکی بخات.

پێغەمبەر (ﷺ) لە کاتی وتاردان لە مزگەوتەکەیدا ئەگەر ماندوو بووایە پاڵی دەدایە داریکەوە، ژنێك هات پێی گوت: غەڵامێکی دارتاشم هەیە ئەگەر حەز دەکەیت با مینبەرێکت بۆ دروست بکات؟ پێغەمبەر نەیگوت نامەوێ و چ عەیبمان نییە و کاروبارمان باشە و شتی نوێمان گەرەك نییە بەڵکو فەرمووی: با بۆمان دروست بکات..

ئەویش دروستی کرد و پێغەمبەر (ﷺ) چووە سەر مینبەرەکە و وتاری خوێندەوە.

کەواتە ئیسلام دژی پێشکەوتن نییە و زانایانیش مۆبایل و ئینتەرنێت بەکاردێنن و مالپەڕیشیان لەسەر ئینتەرنێتدا هەیە، هەروەها چەندان کەناڵی ئاسمانیی ئیسلامی هەیە، مەسەلەکە ئەوە نییە کە ئیسلام دژی پێشکەوتنە بەڵکو هەندێ ڕێکاری شەرعی هەیە دەبێ پێوەی پابەند بین.

کاتێك دەڵێین تەلەڤزیۆن، ئینتەرنێت دروستە بەکاری بێنی، ئەمە واتای ئەوە نییە بە ئارەزووی خۆت بۆ هەموو شتێك بەکاری بێنی و لە ڕێیەوە تەماشای فیلمی ڕووت بکەیت..

لەوانەیە یەکێك بێت وبڵێ: مەبەستت یا شێخ؟ ئایا بانگخوازان دژی تەکنەلۆژیان؟

دەڵێین: نەخێر ئێمە دژی تەکنەلۆژیا نین بەڵکو دژی ئەوەین بەو تەکنەلۆژیایانە سەرپێچیی خودا بکرێ، ئێمە دژی دروستکردنی چەك نین بەڵام دژی ئەوەین بێتاوانانی پێ بکوژرێ..

مۆبایل

دەزانن کە ڕۆژ دوای ڕۆژ شتەکان لە پێشکەوتندان، پێشتر پەیوەندییەکانی خەڵك لە ڕێی کۆتری نامەبەر یان ناردنی باڵندەوە بووە، هەروەك پێغەمبەر سولەیمان کردی کاتێ بە (هدهد)ی گوت: ﴿اذْهَبْ بِكِتَابِي هَذَا فَأَلْقِهْ إِلَيْهِمْ ثُمَّ تَوَلَّ عَنْهُمْ فَانْظُرْ مَاذَا يَرْجِعُونَ﴾(النمل: ٢٨)..پێغەمبەر سولەیمان بە هدهد نامەیەکی بۆ ناردن..

هەتا ماوەیەك پێش ئێستاش پەیوەندییەکان لە ڕێی نامەوە بوو، نامەیەکت دەنووسی و پولێکت لێ دەدا و ناونیشانی کەسەکەت لەسەر دەنووسی و دەتخستە ناو سندوقی پۆستەوە، دوای سێ چوار ڕۆژ دەگەیشتە جێ.

بەڵام زۆر بەخێرایی ئەمە پەرەی پێدرا و گەیشتە ئەوەی ئێستا تۆ لێرەوە دەتوانی لە ڕێی مۆبایلەکەتەوە نامەیەك بۆ ئوستڕالیا ، بەڕازیل، دوورترین شوێن بنێریت و لە ماوەی چەند چرکەیەکدا بگات..سەبارەت بە قسەکردنیش بە هەمان شێوە دەتوانی لە ڕێی مۆبایلەکەتەوە قسە لەگەڵ هەموو دونیا بکەیت.

ئەمانە شتی باشن بەڵام گرفتەکە لەوەدایە خەڵکێك هەیە مۆبایل بۆ شتی خراپ بەکاردێنێ.

ئادابی بەکارهێنانی مۆبایل

یەکەم: بەکارنەهێنانی لەو شتانەی خودا قەدەغەی کردوون:

لە گرنگترین بەکارهێنانی مۆبایل ئەوەیە لەپێناو خودا و بۆ خزمەتی ئایینی خوداو تاعەتی خودا بەکاری بێنی..

نابێ ئەم مۆبایلە بۆ کاری حەرام بەکاربێنی، بۆ نموونە: بەم مۆبایلە بچیت ژن و پیاو بەیەک بگەیەنی تاوەکو زینا بکەن..

یان قسەی خراپی پێ بکەیت و خەڵکی پێ بێزار بکەیت و تەلەفۆن بۆ ژنان بکەیت..بەڵکو هەموو شتێك کە خودا دروستی کردووە یان مرۆڤ دەتوانی بۆ شتی باش یان خراپ بەکاری بێنی..قەڵەم دەتوانی وتەی جوان و بەسوودی پێ بنووسی و دەشتوانی بۆ بڵاوکردنەوەی بێباوەڕی و بێڕەوشتی بەکاری بێنی..

بۆیە زانایان حەرامیان کردۆتە دوو بەش:

حەرامێك لە زاتی خۆیدا: ئەمە شتێکە بە دەقێکی شەرعی لە قورئان و سوننەت حەرام کراوە وەکو گۆشتی بەراز، خوێن..

حەرامێك بۆ غەیری خۆی: لە ئەسڵدا حەڵاڵە بەڵام بە بەکارهێنانی لە حەرامدا حەرام دەبێت..وەکو مۆبایل لە خودی خۆیدا حەڵاڵە بەڵام ئەگەر لە بۆ شتی خراپ و حەرامت بەکارهێنا ئەوا حەرام دەبێت.

دووەم: دەست لە مۆبایلی کەسانی تر مەدە

مۆبایل تایبەتمەندیی مرۆڤەکانە نابێ هیچ کەس لە خۆیەوە دەستی لێ بدات.. هەندێ کەس پێیان ئاساییە کە تەماشای مۆبایلی خەڵک بکەن و سەیری وێنە و نامە و ژمارەکانی ناوی بکەن..

کێ ڕێی پێداوی تەماشای مۆبایلی خەڵک بکەیت؟

* جارێکیان لە مەجلیسێکدا کە چەندان شێخ و دادوەری تێدا بوو موحازەرەیەکم دا، دواتر چووین بۆ نانخواردن، یەکێك لەو برایانەی منی گەیاندبووە ئەوێ جەستەی گەورە بوو بۆیە لەسەر کورسییەکە جێی نەدەبۆوە، سوێچ و مۆبایلەکەی دەرهێنا و لەسەر مێزەکەی دانا..

لە تەنیشتیدا شێخێك هەبوو مۆبایلەکەی هەڵگرت و هەر کە تەماشای کرد ڕەنگی تێکچوو و دەسبەجێ دایناییەوە شوێنی خۆی!!

کاتێ تەواو بووین و سواری ئۆتۆمبێل بووین لە هاوڕێکەم پرسی: ئەوە بۆچی ئەو شێخە ئەوها بەخێرایی مۆبایلەکەی دانا و ڕەنگی گۆڕا؟

هاوڕێکەم پێکەنی و گوتی: چونکە لەسەر شاشەکەم نووسیبوو: (دایناێوە ئەی خۆهەڵقورتێنەر)..

جا کە شێخ ئەم دەستەواژەیەی بینیبوو یەکسەر داینابۆوە.

سێیەم: بەر لە نوێژ مۆبایلەکەت دا بخە

بەگەورەگرتنی نوێژ لە واجبەکانە بەتایبەتی لەناو مزگەوتە گەورەکاندا کە پڕن لە نوێژخوێن.

جاری وا هەیە لەناو نوێژدایت و مۆبایل دوای مۆبایل دەنگی لێوە بەرزدەبێتەوە..

* لەبیرمە جارێکیان لە مزگەوتی پێغەمبەر نوێژی مەغریبم دەکرد گوێم لە دەنگی مۆبایلێک بوو، مۆسیقاکەی دەنگی ژنە گۆرانیبێژێک بوو، تا بۆ خۆی نەوەستا خاوەنەکەی بێدەنگی نەکرد نزیکەی ٤٠ چرکە دەنگی هات..ماوەی ئەو ٤٠ چرکەیە ژنێک بۆ نوێژخوێنانی مزگەوت گۆرانی دەگوت..وەنەبوو کابرا زوو بێدەنگی بکات بەڵکو هەتا کۆتایی هەر دەنگی هات..کە نوێژ تەواو بوو بە کوڕەکەم گوت: ئەم دەنگە لەکوێوە بوو؟ گوتی: ئەوەی تەنیشتم بوو..

گوتم: براکەم سڵاوی خوات لێ بێت، تکایە کە هاتیتە مزگەوت مۆبایلەکەت لەسەر بێدەنگ دابنێ و پاشانیش ئەم جۆرە مۆسیقایانە دروست نین..تۆ بەم حاڵەتەوە خەڵکی مزگەوتت بێزارکرد و نوێژەکەت لێ شێواندن..نەترسای دوعات لێ بکەن چونکە ئازارت داون؟!

هەندێ کەس هەن کە بۆ دیداری بەرپرسێک دەچن خۆیان دەڕازێننەوە و بۆنی خۆش لە خۆیان دەدەن و مۆبایلەکانیان دادەخەن!! ئەی بۆ دیداری خودا؟!

یان جاری وا هەیە لە کاتی وتاری هەینی یان موحازەرەدا دەنگی مۆبایلەکان بەرزدەبنەوە..بۆیە تکایە کە چوویتە ئەم جۆرە شوێنانە مۆبایلەکانتان داخەن.

بلوتووس (بلوتوث)

لە زۆرێك لە مۆبایلەكان شتێك هەیە پێی دەوترێ (بلوتووس)، بەم (بلوتوث)ە دەتوانی وێنە و ڤیدیۆ بگوازیتەوە بۆ مۆبایلێكی تر یان لێی وەربگری،ئەگەر بابەتی شەرعی بوون هیچ كێشەیەك نییە..

بەڵام هەندێ كەس وێنەی ژنێكی ڕووت یان ڤیدیۆی ڕووت لەناو مۆبایلەكانیان دادەنێن و (بلوتووس)ەكەی دەكاتەوە و دەگەڕێ بزانێ (بلوتوس)ی كێ كرابێتەوە بۆی دەنێرێ و دەیەوێ لەناو خەڵكدا بڵاوببێتەوە..

هەر بەوەندە ناوەستێ كە خۆی تووشی گوناهە كردووە بەڵكو دەیەوێ خەڵكی تریش تووش بكات و گوناهی ئەوانیش بخاتە ئەستۆی خۆیەوە..

چ سوودێك لەمەدا وەردەگرێ؟!

بێگومان ئەمە ئەو ئایەتەی بەسەردا دەسەپێ كە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَنْ تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾(النور: ١٩)..

تەنانەت جاری وا هەیە كاتێ تۆ (بلوتوث)ەكەت دەكەیتەوە كەسانێك هەن لەو ڕێیەوە دێنە ناو مۆبایلەكەتەوە و وێنە و دەنگ و ڤیدیۆكانت دەدزن و تۆش هیچ ئاگایەكت لێ نییە.

جارێكیان ئەوە بەسەر من هات..

دوای نۆژی بەیانی لەسەر ئینتەرنێت دانیشتبووم بە شیعرێك سەرسام بووم، بە دەنگی خۆم وەکو سرودێك چڕیم و لەسەر مۆبایلەکەم تۆمارکرد، سێ چوار جار لە ئۆتۆمبیلەکەم گوێم لێی گرت دواتر لەبیرم چۆوە..

دوای ماوەیەك ئەم دەنگەی خۆم لای برادەرێك بیستەوە، لێم پرسی: ئەوە لە کوێت هێناوە؟ گوتی: لە فلان..گوتم: فلان ئەتوو لەکوێت هێناوە؟ گوتی: وەڵڵا نازانم لەکوێوە بۆم هاتووە!!

ئیتر بێ ئەوەی من پێی بزانم دەنگەکەم لە مۆبایلی خۆمەوە دزراوە و بڵاوکراوەتەوە!!

بۆیە پێویستە وریابین هیچ وێنە و شتێکی شەخسی و کەسوکار نەخەینە سەر مۆبایلەوە چونکە ڕەنگە کەسێك بە بەرنامەیەکی تایبەت لێمانی بدزێت..

وریابە..هەندێ خرا پە هەیە تا دوای مردنیش بەردەوام دەبێ

کەسێك نامەیەکی بۆ ناردووم دەڵێت: هاوڕێیەکم زۆر شارەزایی لە ئینتەرنێتدا هەیە، بەردەوام دەچێتە سەر مالپەڕەکان و تەماشایان دەکات، جارێکیان دەچێتە ناو وێبسایتێکی وێنەی ڕووتی ناوداران، ئەو وێبسایتە وێنەی ڕووت لەگەڵ ئەو ناودارانە بە فۆتۆشۆپ مۆنتاژ دەکات، بۆ بەشداریکردن لەو وێبسایتە و دەسکەوتنی ئەو وێنانە دەبێ بڕێك پارە بدەیت کە ٥٠٠ دۆلارە بۆ پێنج ساڵ، ئەم گەنجەش بەشداری کردووە لەم وێبسایتە..

ئیتر بەردەوام وێنەی ڕووتی ناوارانی بۆ دێت و لەسەر مۆبایلەکەی داونلۆدی دەکات و بە هاوڕێکانی پیشان دەدات..ئەوان دەڵێن: ئێمەش دەمانەوێ بەشداری بکەن، ئەویش دەڵێ: نا بەشداری مەکەن، ئیمەیلەکانتانم بدەنێ هەموو وێنەکانتان پێ

دەگات..جا هەبوو ئیمەیلی خۆی و چەندان کەسی دیکەی پێدابوو، وێنەی ڕووت بۆ هەمووان دەڕۆیشت..نزیکەی ١٥٠ کەس ئەم وێنانەیان دەبینی..

دوای شەش مانگ ئەو گەنجە مرد، وێنەکانیش هەر بەردەوام بوون..ئەو هاوڕێیەی دەڵێ: پەیوەندیم بە وێبسایتەکەوە کرد و گوتم: فلان کەس کە بەشداری لە وێبسایتەکەتان کردووە مردووە تکایە چیتر وێنەی بۆ مەنێرن گوتیان: پاسۆردەکەیمان بۆ بنێرە، گوتم: نازانم. گوتیان: بەپێی سیستەمەکە بەبێ پاسۆرد ناتوانین ڕایگرین تا چوار ساڵ و نیوی تر هەر دێت..

ئێستا ئەو کەسە مردووە کەچی لە ڕێی ئەمەوە تا چوار ساڵ و نیوی تر وێنەی ڕووت بۆ ١٥٠ کەس دەڕوات..

ئەم هاوڕێیەی لە منی پرسیوە: یا شێخ چۆن ئەم هاوڕێیە مردووەم لەو تاوان و گوناهە بەردەوامە ڕزگار بکەم؟!

بۆیە لە ئێستاوە چیت هەیە لە وێنە و ڤیدیۆی خراپ لەنێو مۆبایلەکەت یان لاپتۆپەکەت دەسبەجێ بیسڕەوە و دڵی خۆت ئاسوودە بکە و تەوبەیەکی ڕاستگۆ بکەو چیتر مەگەڕێوە بۆ سەر ئەم کارە نەشیاوانە، چونکە ڕەنگە لە هەر ساتێك مردن بێت و بترۆفێنێ..

مەڵێ هێشتا گەنجم و زۆرم ماوە..مردن بە گەنجی و پیری نییە، بەپێچەوانەوە گەنجان لە پیران زۆرتر دەمرن..

کات بەنرخە بەفیڕۆی مەدە

هەندێ کەس هەن کاتێ بۆ پرسیارێك یان کێشەیەك پەیوەندی بە زانایەکەوە یان موفتییەکەوە دەکەن زۆر درێژدادڕی دەکەن و کاتی زۆر لەو کەسە دەگرن..دوای سەلام و کەلام پێدادەچێ و چەندان قسە و بابەت دێنێ و دەبات کە هیچ

پەیوەندییەکی بە پرسیارەکەوە نییە..بۆیە تکام وایە موسڵمانان کە پرسیارێك دەکەن با یەکسەر پرسیارەکەیان بکەن و زۆر درێژدادڕی نەکەن و کاتی زانایان نەگرن چونکە ئەوانیش سەرقاڵن و کاری زۆریان لە ئەستۆدایە..

هەروەها هەندێ کەس هەن زوو زوو مۆبایلەکانیان دەگۆڕن، یان هەیە زیاتر لە مۆبایلێکی هەیە..بەڕاستی ئەمە دەسبڵاوی و زێدەخەرجییە، هەر بەوەندە وازبهێنە کە پێویستت پێیەتی..

شيّت

﴿نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُمْ مَعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُمْ بَعْضًا سُخْرِيًّا﴾

شێت

لەم بابەتەدا باس لە شێتان دەکەن، بێگومان بابەتەکە سەیرە بەڵام ئەگەر سەرنج بدەیت دەبینیت ئەمانیش ڕەگەزێکی ناو کۆمەڵن، مافیان هەیە و هەندێ جار خەڵك بەرامبەریان کەمتەرخەمن و مافەکانیان بەتەواوی پێنادەن.

ڕەنگە هەندێك بڵێن: بابەتێکی دیکەت هەڵبژاردبایە باشتر بوو، بەڵام من بۆیە ئەم بابەتەم هەڵبژارد چونکە پێموایە زۆر کەس فەرامۆشیان کردووە و باسی ناکەن، هێشتا هەندێ خەڵکیش پرسیاریان لەبارەوە هەیە بۆیە تیشك دەخەینە سەر هەندێ لایەنی.

سەردانێك بۆ نەخۆشخانەی شێتان

لە وڵاتێك بووم، بەیانییەکەی هەندێ موحازەراتم هەبوو، بۆ نیوەڕۆ هەر نیو سەعاتێکی مابوو، بەو برایەی لەگەڵم بوو گوتم: وا بزانم نەخۆشخانەیەکی بەناوبانگی نەخۆشییە عەقڵییەکانتان هەیە، گوتی: بەڵێ..گوتم: دەمەوێ سەرێکی لێ بدەم..گوتی: یا شێخ سەردانی نەخۆشخانەی شێتان دەکەیت؟! گوتم: ئا..گوتی: دەتەوێ عەقڵی خۆت بدۆزیەوە؟! گوتم: من عەقڵم تەواو بەڵام دەمەوێ دۆخی ئەم شێتانە ببینم.

چووینە نەخۆشخانەکە و لە کن دەرگا ئاسایشی نەخۆشخانەکەی ڕێگری چوونەژورەوەی لێ کردین، گوتیان: چیت دەوێ؟ گوتم: دەمەوێ سەیرێکی بارودۆخی شێتان بکەم. گوتیان: کاکە ئەوە خۆی مۆزەخانە نییە، نەخۆشخانەیە..گوتم: کوا بەڕێوەبەری نەخۆشخانە؟

چووم قسەم لەگەڵدا کرد و گوتم: من دەمەوێ پەند و وانە و ئامۆژگاری لەوان وەربگرم..ئیتر بەڕێوەبەر بردمیە ناو قاوشی شێتان..

* بە ڕاڕەوێکدا ڕۆیشتین، ژوورێکی داخراو هەبوو، لە دەرگای ژوورەکەد دەرچەیەك بە ئەندازەی بستێك یان دووبست هەبوو، ژوورەکە هەموو ئیسفەنجپۆش کرابوو، شێتەکی تێدابوو بە پەنجە ئاماژەی بۆ دەکردین، گوتم: دکتۆر حاڵی ئەمە چییە و چۆنە؟

گوتی: ئەم شێتە جاروبار کە تووشی فێڵێهاتن دەبێ سەری خۆی بە دیوارید دەدا، لە هەموو لایەکەوە سەری دەکێشێ بە دیواردا، بۆیە ئێمەش هیچ چارەمان نەبوو جگە لەوەی هەموو دیوارەکە ئیسفەنجپۆش بکەین..

گوتم: چەند ساڵە لەم دۆخەدایە؟

گوتی: ٢٠ تا ٢٥ ساڵ..هەر لەو ژوورەش دەخوات و دەخواتەوە..

* پاشان بە لای ژوورێکی تردا تێپەڕین، سێ شێتمان دیت لەسەر کورسی بەستراوونەوە، گوتم: ئەوە بۆچی بەستراونەتەوە؟

گوتی: ئەگەر بیانکەینەوە ئەوا دەست دەوەشێنن و لە خەڵك دەدەن، لە بەیانییەوە کە لە خەو هەڵدەستن بەم شێوەیە دەبەسترێنەوە تا شەو کە خەو دەیانباتەوە ئەو کات لەسەر جێگاکانیان دڕێژیان دەکەن، خواردن و خواردنەوەشیان هەر بە بەستراوەیی بەدەمەوە دەکرێ..

گوتم: چەند ساڵە ئاوهان؟

گوتی: یەکیان ١٣ ساڵ، ئەویتریان ١٠ ساڵ، سێیەمیشیان ٨ ساڵ.

* دواتر بە لای ژوورێکی تردا تێپەڕین، کۆمەڵێك شێتی تێدا بوو، یەکێکیان کە تەمەنی سەرووی پەنجا ساڵی دەبوو تەواو ڕووت بوو، سەر و ڕیشی سپی ببوو..گوتم: دکتۆر ئەوە چۆن دەبێ ئەوها ڕووتوقووت بێت؟

گوتی: یا شێخ هەر شمەکی لەبەربکەین یەکسەر دەیاندڕێنێ و خۆی و خەڵکی پێ دەخنکێنێ یان دەیانخوات و دەڕشێتەوە، بۆیە هیچ چارەیەکمان نییە ئەوە نەبێ ئەوها ڕووتی بکەینەوە.

بە ڕاستی چیتر نەمتوانی بەرگە بگرم و ڕۆیشتم، بینیم یەکێك لە نەخۆشەوانەکان شێتێك وەکو ئاژەڵ بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ..

کە ڕۆیشتم دکتۆر پێی گوتم: یا شێخ سەرسوڕمانت زیاتر دەبێ ئەگەر پێت بڵێم لەنێو ئەو شێتانەدا گەورە بازرگانی وا هەیە سامانەکەی ٢٠٠ تا ٣٠٠ ملیۆن دۆلارە ! !

بڕوانە ملیۆنێرە و لە نەخۆشخانەی شێتان کەوتووە ! !

سوپاس بۆ خوا لەسەر نیعمەتی عەقڵ و ژیری..ئەگەر خودا بیویستبایە وەکو ئەوان دەبووین.

هەروەها دکتۆر ئەوەشی بۆ باسکردم کە لەم نەخۆشخانەیەدا بەشێکی تایبەت بە ژنانیش هەیە کە نزیکەی ١٤٠ شێتی ژنیشی تێدایە کە ئەوانیش هەمان دۆخیان هەیە.

خوای گەورە نیعمەتەکانی لەنێوان خەڵکدا دابەش کردووە، هەیە ماڵی داوەتێ و هێزی جەستەی لێسەندۆتەوە، بۆیە دەبێتە دەوڵەمەندێکی ئیفلیج..هەیە هێزی جەستەی داوەتێ و ماڵی لێ سەندۆتەوە، بۆیە بۆتە کۆڵکێشێکی بازاڕ..هەیە ڕەچەڵەکی داوەتێ بەڵام تەندروستی لێ سەندۆتەوە، ئەمانەش هەمووی حیکمەتی

خودا تێدایە بەڵام ئێمە نایزانین: ﴿نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُمْ مَعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُمْ بَعْضًا سُخْرِيًّا﴾(الزخرف: ٣٢)..

چەمکی شێتی

شێتی بریتییە لە نەبوونی عەقڵ و ژیری و هۆش، جاری وا هەیە شێتییەکە هەمیشەییە، کە لەدایك دەبێ کەموکورتییەك لە عەقڵ و هۆشیدا هەیە، یان شێتییەکە لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمییەوە دەبێت کە سەردەکێشێ بۆ هەندێ شت و شێتیی هەمیشەیی لێ دەکەوێتەوە..هەمیشەیی واتە بەدرێژاییی ژیان لێی نابێتەوە.

هەندێ کاتیش شێتییەکە کاتی و لابەلایە، وەك ئەوەی تووشی نەخۆشییەکی دەروونی ببێت، یان کەسەکە خەیاڵات بکات، یاخود قسەی هەلەق و مەلەق بکات. ئەمەش ماوەیەك دەخایەنێ و دواتر چاکدەبێتەوە..

حوکمی پەیوەست بە شێتەوە

پێغەمبەر (ﷺ) باسی هەندێ حوکمی تایبەت بە شێتی کردووە، فەرموویەتی: (قەڵەم لەسەر سێ کەس هەڵگیراوە: منداڵ تا پێ دەگات، خەوتوو تا بەئاگادێت. شێت تا بەهۆش دێتەوە)صحیح: أبو داود و النسائی گێڕاویانەتەوە.

هەروەها کاتێ باسی جۆرەکانی خێر دەکات دەفەرموێ: (هاوکاری پیشەوەرێك بکەیت، یان شتێك بۆ کەسێکی نەزان دروست بکەیت.)صحیح: بخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە.

بۆیە شێت هیچ تەکلیفێکی لەسەر نییە و هیچ حیساب و کیتابێکی لەگەڵ ناکرێ نە لە دونیا و نە لە دواڕۆژ..

مەرجی تەکلیف لە ئیسلامدا پەیوەستە بە عەقڵەوە، هەر کەس عەقڵ و هۆشی نەبوو هیچ جۆرە تەکلیفێکی ناکەوێتە سەر، هەروەها پەرستشەکانیش دەبێ نییەت و نیازیان بۆ خودا بێت، شێتیش لەبەرئەوەی عەقڵی نییە ئیتر لەو شتانە تێ ناگات بۆیە پەرستشەکانیش بێسوودە.

بەرپرسیارێتی

هەندێ کەس هەن کە شێتێکیان هەیە بێئازار و بێوەیە، دەبینی فەرامۆش و بەڕەڵڵای کوچە و کۆڵانی دەکەن، منداڵە وردکە گەمە پێ دەکەن..بەڕاستی ئەمە ڕەوا نییە و گوناهە..هەر کەسێك شێتێکی لەم جۆرەی هەبوو دەبێ ئاگای لێ بێت و وەکو هەر مرۆڤێك کە مافی هەیە ڕەفتاری لەگەڵدا بکات..دەبێ لە زستان گەرمی بکاتەوە و لە هاویندا فێنکایی بۆ دابین بکات..خواردن و بەرگی بۆ دابین بکات، ئەوانیش وەکو ئێمە مرۆڤن..

من بەدڵنیاییەوە دەڵێم: ئەگەر شێتێك لەلایەن کەسوکارییەوە پشتگوێ خرا و ئۆتۆمبیل شێلای ئەوا دایکوباوکی تاوانبار دەبن چونکە ئەو شێتە لەژێر دەست و بەرپرسیارێتیی ئەواندایە بۆیە وەکو مرۆڤ چاودێری بکەن، تەنانەت ئەگەر ئەو شێتە خۆی کوشت یان شتێکی بەسەر خۆیدا هێنا حوکمی ئەو منداڵە بچووکەی هەیە کە دایك و باوکی پشتگوێیان خستووە و مردووە، بۆیە وەکو کوژراوی هەڵە حیسابی بۆ دەکرێ و دەبێ دایك و باوکی بە هۆی ئەو پشتگوێخستنەوەوە دوو مانگی لەسەریەك بەڕۆژوو بن.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (هەموتان چاودێرن و بەرپرسن لەو کەسانەی لەژێر دەسەڵاتتاندان.)صحیح: بخاری و مسلم گێڕاویەتییەوە.

هەروەها دەفەرموێ: (ئەوەندە تاوانە بەسە بۆ مرۆڤ کە ئەو کەسە فەرامۆش بکات کە دەبێ بەخێوی بکات.)حسن: أبو داود گێڕاویەتییەوە و ألبانی بە حسنی داناوە.

مالْ و دارایی شێت

پەرستشەکان دەبنە دوو بەش:

* ئەو پەرستشانەی لەسەر خودی کەسەکە پێویست و واجبن و عیبادەتی جەستەیین واتە بە جەستە دەکرێن وەکو: نوێژ و ڕۆژوو و حەج.

* هەندێ پەرستش هەن لەسەر خودی کەسەکە واجب نییە بەڵکو لەسەر هەندێ شتی واجبە وەکو مالْ و دارایی، بۆیە مالّی هەتیو و مالّی شێت زەکاتیان لەسەر واجب دەبێ و پێویستە کەسوکاری شێت مالْ و دارایەکەی بپارێزن و زەکاتەکەی بدەن، ئەمەش پەرستشی مالّیین.

بەداخەوە هەندێ کەس هەن کاتێ یەکێك دەمرێ و منداڵێکی شێت و ناتەواوی هەیە دەچن دەست بە سەر مالْ و مولْکەکەیدا دەگرن و ئەوی لێ بێبەش دەکەن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَى ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ نَارًا وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا ﴾(النساء: ١٠) هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ﴾(البقرة: ١٨٨)..

بۆیە دروست نییە دەست بەسەر مالّی هەتیودا بگیرێ، بەڵکو دەبێ بەخێوکەرەکەی ڕەفتار بە مالّەکەیەوە بکات جا دادوەر یەکێك دیاری بکات یان براگەورەی بێت، یان دایکی بێت ئەگەر توانای ئەوەی هەبێت ڕەفتار بە مالّەکەیەوە بکات.

بەڵام برایەکی ئەو شێتە بێت و دەست بەسەر بەشەمیراتی براکەیدا بگرێ و بە ئارەزووی خۆی ڕەفتاری پێوە بکات و مانگانە شتێکی کەمی بداتێ، بێگومان ئەمە دروست نییە و بەناڕەوا خواردنی مالّی خەڵکە و ڕۆژی دوایی بەتوندی حیسابی لەگەڵدا دەکرێت.

هاوسەرگیریی شێت

زۆرێك لە باوکان کوڕەکانیان پشتگوێ دەخەن ئەگەر هاتوو شتێك لە شێتییان هەبوو، جا گەیشتبێتە قۆناغی شێتی یان نا، هەندێ کات ئەگەرچی کوڕەکە شێتە بەڵام غەریزە و ئارەزووی هەیە.

لەم حاڵەتەدا پێویستە باوکەکە چاودێری کوڕەکەی بکات ئەگەر بەکەڵکی ئەوە دەهات ژنی بۆ بێنێ یا بۆی بێنێ، چونکە دروستە ژنی بۆ بێنێ مادامەکی شەهوەتی هەیە، جاری وا هەیە ئەو شێتە گەمە بە ئەندامی خۆی دەکات و بە دەست ئاوی خۆی دێنێتەوە.

هیچ ڕێگرییەك نییە بۆ ئەوەی ژنی بۆ نەهێنن، دەتوانن ژنێکی وا بۆ بدۆزنەوە کە هەندێ کەموکوڕی هەبێ و پیاوی تر توخنی نەکەون، یان بە ماڵ و پارە ڕازی بکەن..بەڵام بە مەرجێك شێتەکە بێ ئازار و بێوەی بێت و دەست لە خەڵك نەوەشێنێ..

ڕەنگە ئەو شێتە کە هاوسەرگیری کرد منداڵ بخاتەوە و منداڵەکانی لە دواڕۆژدا کەسی باش و سوودبەخشیان لێ دەربچێت و بۆ خۆشی بەکەڵك بن و هاوکاری بکەن.

بەتەمەنەکان

هەندێ کەسی بەتەمەن هەیە دەگەنە ئاستی خەڵەفاوی، دەبینی لە کاتی نوێژدا ئاوڕ دەداتەوە و قسە لەگەڵ ئەوەی تەنیشتیدا دەکات یان شتی لەم جۆرە..

ئەمانە حوکمی ئەو کەسانەیان هەیە کە عەقڵیان دەڕوات و دێتەوە، وەکو شێت نییە و لێشی دوور نییە، وەکو گوتمان شێتی دوو جۆرە: هەمیشەیی و کاتی..ئەگەر تووشی شێتی بوو تەکلیفی لەسەر هەڵدەگیرێ، کە هۆشی هاتەوە ئەوا تەکلیفی دەکەوێتەوە سەر.

فرەژنی

﴿فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى
وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا
فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ﴾

فرەژنی (١)

لەبارەی بابەتێکی هەستیارەوە دەدوێم..خەڵك لەبارەیەوە لێکدڕ و پێچەوانەی یەکترن، هەندێك بە هەموو جۆرێك دژین و بەوپەڕی تونديیەوە بەرهەڵستی دەکەن.بەڵام ئەمە پرسێکی شەرعییە و دەمانەوێ بیوروژێنین، ئەویش مەسەلەی فرەژنییە.

فرەژنی بەر لە ئیسلام

بەر لە ئیسلام فرەژنی هەبوو، هەندێ عەرەب هەبوون ١٠ ژن، ١٥ ژنیان هەبوو، تەنانەت یەکێك لە هاوەڵان کە هاتە ناو ئیسلامەوە ٩ ژنی هەبوو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێ کرد چواریان هەڵبژێرێ و ئەوانیتر تەڵاق بدات چونکە لە چوار ژن زیاتری بۆ دروست نییە.

* خوای گەورە لە قورئاندا باسی ئەم فرەژنییە و گەلێك حوکمی پەیوەست بە هاوسەرگیریی کردووە، فەرموویەتی: ﴿فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ﴾(النساء: ٣)..ما ملكت أيمانكم: واتە کەنیزەك کە حوکمی هاوسەری نییە، کەنیزەك ئافرەتێکە لەگەڵ پیاودا دەژی و سەرجێی لەگەڵدا دەکات.

ژن لە سەردەمی جاهیلییەتدا

لە سەردەمی نەزانیدا ژن تەنها بۆ چێژ لێوەرگرتن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا نەك وەك هاوسەر، ڕەنگە کە لایەنی چێژ لێوەرگرتنەکەی نەمابووایە یان ڕۆژێك لە ڕۆژێك سەرنجڕاکێشی لەدەست دابایە ئەوا پیاوەکەی بیکوشتبایە و کەسیش لەسەری بەجواب نەدەهات و داوای خوێنی نەدەکرد، چونکە ژن لایان هیچ نرخێکی نەبوو..

خوێندوومەتەوە کە یەکێک لە پیاوە نەزانەکان کەنیزەکێکی هەبووە زۆر زۆری خۆشویستووە، ڕۆژێک یەکێک لە کۆیلەکانی بینیوە سەیری دەکات، یەکسەر ئەمە ڕق و تووڕەیی هەستاندووە و دەستی داوەتە شیرەکەی و لە ملی کەنیزەکەکەی داوە و کوشتوویەتی..پاشان پەشیمان بۆتەوە و لە کن سەری دانیشتووە و دەستی بە گریان کردووە و شیعری بەسەردا وتووە.

پیاوی سەدەمی جاهیلی دڵپیسی و غیرەی گەیشتۆتە ئاستێک ژنەکەی کوشتووە.

بەڵام دوای دەرکەوتنی ئیسلام و ئەو ڕەحمەت و بەزەییەی لەگەڵ خۆیدا هێنای بەتایبەت بەرانبەر ئافرەت، خودا نەهی کردووە لەوەی بەم شێوازە پیاو ڕەفتار لەگەڵ ژندا بکات هەرچەندە هەڵە و کەموکورتیشی هەبێت.

ئایینی تێرو تەواو

دەزانین کە خودا هەر شتێکی لەم ئایینەدا دانابێ بۆ بەرژەوەند و قازانجی بەندەکانە، هەندێ شتی داناوە پێشتر لەناو نەتەوەکانی تردا نەبووە، هەندێ شتیش هەبووە وەکو دانپێدانانێک لێی بێدەنگ بووە.

* نموونە: کۆیلایەتی پێش ئیسلام هەبووە، کاتێ ئیسلام هات بەتەواوی هەڵی نەوەشاندەوە بەڵکو بە چەند یاسایەک ڕێکی خست..هەروەها هانی ئازادکردنی بەندە و کۆیلەکانی دا..هەروەک پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا ڕوونی کردۆتەوە کە هەر کەسێک بەندەیەک ئازاد بکات بە هەر ئەندامێکی ئەو بەندەیە خودا ئەندامێکی ئەو کەسە لە ئاگر ئازاد دەکات، هەروەها چەندان هەڵە و تاوان هەن یەکێک لە کەفارەتەکانیان بریتییە لە ئازادکردنی بەندەیەک: وەکو سوێند بخۆیت و جێبەجێی نەکەیت، یان کەسێک لە ڕۆژی ڕەمەزاندا بچێتە لای ژنەکەی، یان کەسێک بە هەڵە

یەکێك بکوژێ..هەموو ئەمانە و چەندان شتی تر هەن کە هانی موسڵمانیان دەدا کۆیلە و بەندەکان ئازاد بکەن.

سەبارەت بە فرەژنیش کە ئیسلام هات هەبوو، ئەویش بە چەند یاسایەك ڕێکی خست: پێویستە لەسەر پیاو لەنێوان ژنەکانیدا دادپەروەر بێت، یەکێکیان بەسەر ئەوانی تردا فەرز بکات و پێشی بخات، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ فَلَا تَمِيلُوا كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ﴾(النساء: ١٢٩)..

هەروەها دادپەروەریش بە ڕەهایی نییە، هەندێ شت هەیە مرۆڤ دەتوانێ تێیدا دادپەروەر نەبێ وەکو ئەوانەی پەیوەستن بە دڵ و هەستوسۆزەوە، کە ئەوە لە دەرەوەی ویستی مرۆڤدایە، هەندێکیش هەیە دەبێ تێیدا دادپەروەر بێت وەکو خەرجی و لە کن نووستن..

فرەژنی لە جیهاندا

لەبارەی پرسی فرەژنییەوە دەگەڕام، بینیم زۆرێك لە وڵاتان کە هەندێکیان نائیسلامیشن وەکو چین و باشوری ئەفەریقا و فەڕەنسا و هەندێ وڵاتی تر فرەژنییان هەیە.

* لە چین خەریکی دەسکاریکردنی هەندێ یاسان بۆ ئەوەی ڕێ بدەن بەوەی پیاو زیاتر لە ژنێکی هەبێ..چین و کۆریا بە گشتی جۆرێك لە پارێزگارییان هەیە و ئایینیان بوداییە و لە هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتییەوە لە عەرەب دەچن.

دەڵێن: لەپێناوی کەمکردنەوەی پەیوەندیی ناشەرعی و دەسدرێژی بۆ سەر ژنان دەبێ یاسایەك بۆ فرەژنی هەبێ.

* هەروەها لە باشووری ئەفەریقاش شتێکی وابووە، خوێندوومەتەوە کە ژنە ئوستادێکی بواری لاهوت داوای کردووە یاسایەك بۆ فرەژنی دابنرێ، وتوویەتی: تاوانی ئەو ژنانە چییە کە مێردیان نییە؟ ئەگەر چارەسەرێك نەدۆزینەوە دەبێ پەنا ببەینە بەر لەشفرۆشی، ژن بە سروشتی خۆی حەزی لە پیاوە، ژمارەی ژنانیش لە جیهان لە پیاوان زیاترە، ئێوەش فرەژنیتان قەدەغەکردووە، ئایا ژنانی بێ مێرد هەروا لێگەڕێین؟!

گرفتەکە ئەوەیە لە هەندێ وڵاتی ئیسلامی بەپێی یاسا فرەژنییان قەدەغەکردووە و ڕێیان بە لەشفرۆشی داوە، ئەگەر پیاوێك خەریکی ژنێکی لەشفرۆش بێت دەنگی لەگەڵ ناکەن بەڵام ئەگەر ژنی دووەمی هەبێ پەلبەستی دەکەن.

لە یەکێك لەو وڵاتە ئیسلامییانە پیاوێك ژنی دووەمی هێنا و هەر یەکە و لە خانووێك دانا، هەر ڕۆژەی دەچووە لای یەکێکیان، هەندێك خەڵك زمانیان لێدا و بەگرتنیاندا، ژنی یەکەمیشی کە پێدەچێ هەندێ ناکۆکی لەگەڵدا هەبووبێ لە پۆلیس سکاڵای لەسەر تۆمارکرد، لە پۆلیس لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کابرا کرد چۆن ژنی دووەمت هێناوە؟ ئەمە پێچەوانەی یاسایە و دەگیرێیت و ئەم جۆرە قسانەیان پێ گوت..کابرا بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکات درۆی کرد و گوتی: کاکە ئەوە ژنم نییە و دۆستمە..هەندێ کەسی هێنا شایەتییان بۆدا کە دۆست و خۆشەویستییەتی نەك هاوسەر..

گوتیان: کەواتە ئێمە هەڵە بووین و فەرموو بڕۆوە ماڵەوە!!

دۆستایەتی لە دەرەوەی شەرع ڕێی پێ دەدرێ بەڵام کاتێ بە شێوەیەکی شەرعی مارەی دەکات دەڵێن: ئەمە قەدەغەیە..

به هیچ جۆرێك دروست نییه شتێك حەرام بكەیت كه خودا ڕێی پێداوه، خوای گەوره دەفەرموێت: ﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾(الاعراف: ٣٢)..

* گەنجێك بۆی گێڕامەوە كه پیاوێكی موسڵمانی نیشتەجێی ئەوروپا بینیوه، ژنێكی ئەڵمانی هێناوه دوای ئەوەی موسڵمان بووه، ژنەكەش توانیویەتی هاوڕێیەكی خۆی موسڵمان بكات، پاشان داوای لە پیاوەكە كردووه بۆ ئەوەی ئەو هاوڕێیەی پارێزگاری لە ئایینەكەی بكات بیخوازێت و بیكاتە هاوسەری دووەمی..ئەویش هێناویەتی..

بڕوانە ئەو تازه موسڵمانه ژنی دووەم بۆ هاوسەرەكەی دێنێ..

غیرەی ژن

ژنهێنانی دووەمی پیاو هیچ ژنێك پێی خۆش نییه و قەبوولّی ناكات، هەندێ لە خێزانەكانی پێغەمبەر (ﷺ) كاتێ پێغەمبەر (ﷺ) ژنێك له تیرەیەك دێنێ بە ناوی (الجون)ەوه، یەكێك له ژنەكان بە بووكەكە دەڵێن: كاتێ پێغەمبەر هاتە لات بڵێ (أعوذ بالله منك) به خوا پەنات لێ دەگرم..ژنەكەش ئامۆژگارییەكەی وەرگرت چونكه وایزانی قسەیەكی باشه و له پێغەمبەری (ﷺ) نزیك دەخاتەوه..

كاتێ پێغەمبەر (ﷺ) چووه لای بووك گوتی: به خوا پەنات لێ دەگرم..پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (پەنات به خوایەكی مەزن گرت، بڕۆوه لای كەسوكارت) پێغەمبەر (ﷺ) بەجێی هێشت و ڕۆیشت.

کەواتە ژن ئەگەر هاوسەر و هاوەڵی پێغەمبەریش (ﷺ) بێت هەر بە لایەوە سەختە ژنی بەسەر بێت..

بۆیە گەرهاتوو بە ژنەکەت وت دەبێ ڕازی بیت ژنێکی تر بێنم ئەوە تۆ بەم داوایەت پێچەوانەی سروشتی ئەو ڕەفتار دەکەیت، شتێکی سروشتییە ژن ڕازی نەبێ کەسێکی دیکە ببێتە هاوبەشی مێردەکەی.

هۆکارەکانی فرەژنی

هەندێ پیاو هەن تەنها بۆ شانازیکردن و بەخۆنازین ژنی دووەم دێنن، نە دۆخی ماددی نە دۆخی کۆمەڵایەتی گونجاوە بۆ فرەژنی کەچی دەیکاتە دووژن..چاو لەوانە دەکات کە بارودۆخیان باشە و دەیکەنە دووژن..

مەسەلەی فرەژنی تەنها هەر پەیوەست نییە بە توانای دارایی و جنسی، بەڵکو هەندێ شتی تریش هەیە دەبێ ڕەچاو بکرێ وەکو: ئەو کەسەی هەوڵی فرەژنی دەدات دەبێ لە خۆی بڕوانێ ئایا دەتوانێ ئیدارە دوو ماڵ و دوو خێزان و دوو ژن بکات، یان هەر ئەوەیە شەوێك لەگەڵ ئەم ژن و شەوێکی تر لەگەڵ ئەو ژن دەخەوێ، بە لای ئەوەوە فرەژنی هەر ئەوەندەیە، تەماشای ئەوە ناکات تا چەند توانای چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی هەیە، هەروەها پەروەردە و بایەخدان بە منداڵەکان؟ چونکە ئەوەش گرنگە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (ئەوەندە تاوانە بۆ مرۆڤ بەسە کە ماڵ و منداڵی فەرامۆش بکات.)..بۆیە بەر لە هەنگاونان بەرەو فرەژنی، پیاو دەبێ بیر لەم شتانە بکاتەوە..

ڕەچاوکردنی باری دەروونی هاوسەری یەکەم

هەندێ پیاو هەن وێنەیەکی ناشیرین لەبارەی فرەژنییەوە دەخەنە بەرچاو، هەندێ ژن کاتێ تەماشای ئەو جۆرە پیاوانە دەکەن کە بە هۆی فرەژنییەوە مااڵیان لە خۆیان و ماڵ و منداڵەکەشیان تێکداوە وا گومان دەبات کە ئەگەر پیاوەکەیشی کردیە دوو ژن چارەنووسی ماڵەکەی ویش وەها دەبێ..خۆزگە ئەوانەی دەیانکردە دوو ژن وێنەیەکی جوانیان پیشان دەدا..

* هەندێ پیاوی دوو ژن دەناسم کاتێ ژنی دووەمی هێناوە ئەگەر بێوەژن بووبێت سێ ڕۆژ و ئەگەر کچیش بووبێت حەفتەیەك لەلای بووە، پاشان گەڕاوەتەوە لای ژنی یەکەمی و گەشتی پێ کردووە تا دڵی ڕاگرێ و قسەی خۆشی بۆ بکات و پێی دەڵێ: تۆ خۆشەویستمی و هەر تۆ یەکەمیت.

* پاشان شەریعەت چەند جۆرێك درۆی ڕێ پێداوین، درۆکردن لە شەڕ، درۆی پیاو بۆ ژن تا ڕازی بکات، چ شتێك ڕێگرە لەوەی بۆ ڕازیکردنی درۆی بۆ بکات تەنانەت ئەگەر خۆشیشی نەوێت، پێی بڵێت: مەعقوڵە من تۆم خۆشنەوێ، تۆ خۆشەویستترین ژنی دونیای لای من، تۆ جوانترین ژنیت..هەموو ئەمانە بۆ ڕازیکردنی دروستن..بۆچی هەندێ کات پیاو ژنی یەکەمی پشتگوێ دەخات، بەوەش وێنەیەکی ناشیرین لەبارەی فرەژنییەوە پیشان دەدات..

ئەی ژن لە خوا بترسە

هەندێ کێشەم بۆ هاتووە کە هی ئەو ژنانەیە پیاوەکانیان ژنیان بەسەردا هێناون، ئەویش تووڕە بووە و گوتوویەتی: سوێند بە خوا لە کنت دانانیشم و دەڕۆم..سێ چوار مانگ بەجێی هێشتووە..پاشان تا کەی وا دەمێنێتەوە؟

ژن هەر دەبێ پیاوی هەبێ..منداڵەکانی لە کنی بن یان نا، ماڵەکەی کە لێی ڕاهاتووە، بە تەمایە تاکەی بەجێی بێڵێ؟

پاشان پیاوەکەی هیچی تاوانێکی نەکردووە..ڕۆژێك بە سەرخۆشی نەهاتۆتەوە ماڵ و هەوڵی کوشتنی دابێت، یان ژنێکی لەشفرۆشی لەگەڵ خۆیدا هێنابێتەوە..

* هەندێ کات هەندێ ژن تەلەفۆن دەکەن و دەڵێن: یا شێخ پیاوەکەم گەشتی دەرەوە دەکات و لەوێ لەگەڵ ژنان زینا دەکات، دەترسم نەخۆشیم بۆ بگوازێتەوە..من دەزانم زینا دەکات و چەند جار ئامۆژگاریم کردووە بەڵام گوێم پێنادات..

منیش پێی دەڵێم: بۆچی پێشنیازی ژنهێنانێکی تری بۆ ناکەیت مادامەکی دەزانیت حەزی لە ژنانە؟

دەڵێ: ئەوە چارەسەرەکەتە؟!!شتێکی ترت نەبوو؟!! خودا پاداشتت بداتەوە..خودا پاداشتت بداتەوە!!

دەڵێم: خوشکەکەم ئەوە چارەسەرە، تۆ دەڵێیت پیاوەکەم زینا دەکات، کەواتە هیچ چارەسەرێك نییە مەگەر هاوسەرگیرییەکی شەرعی بکات، ژنی دووەم و سێیەم بێنێ..بەڵام ئەم قسانەی من ناچێ بە گوێیدا..

وای لێهاتووە ژن پێی خۆشە پیاوەکەی زینا بکات بەڵام ژنێکی تری بەسەردا نەهێنێ، بە ڕاستی من دەترسم ئەوە لە تەسلیمنەبوون بێت بە فەرمانی خودا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ﴾(الاحزاب: ٣٦)..

ئیسلام ئایینی داوێنپاکییە

گەنجێك بۆی باسکردم کە لەگەڵ ژنە ئوستڕالییەك گفتوگۆی بووە، لێی پرسیوە: بۆچی ئیسلام ڕێ بە فرەژنی دەدات؟

گەنجەکە پێی گوتووە: ئێستا ڕێژەی ناپاکیی هاوسەرێتی لە لای ئێوە (٩٥٪) و بەسەرەوەیە، پیاوی خێزاندار هەفتانە لەگەڵ ژنێکی تر ڕادەبوێرێ..

لێم پرسی: ئایا پیاو لەگەڵ ژنێکی لەشفرۆش ڕابوێرێ کە نازانێ چییە و کێیە و ئەگەری گواستنەوەی دەیان نەخۆشی هەیە باشترە یان لەگەڵ ژنێکی خاوێن هاوسەرگیری بکات؟

گوتی: بەڵکو هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی خاوێن بکات باشترە..

گوتم: کەواتە ئەمەیە ئیسلام..

کامەیان بۆ ژن باشترە: هەر ڕۆژێك و لەگەڵ پیاوێك بێت یان تەنها لەگەڵ کەسێك بێت تەنانەت گەر نیوەشی هی ئەو بێت؟

میسرییەکان دەڵێن: (سێبەری پیاویژگەیەك باشترە لە سێبەری دیوارێك)..واتە ژن پیاوێکی بێ نموودی هەبێت باشترە لەوەی بێکەس بێت و لە پەنا دیواران بکەوێت..بۆیە نیوە پیاوێك باشترە لەوەی هیچ پیاوت نەبێ و هەر ڕۆژەی لە باوەشی پیاوێك بیت.

ئەی ژن بیرێك لە خوشکەکانت بکەوە

هەندێ نموونەی واقیعی هەن کە لە دەوروبەرمان ڕووەدەن هیوادارم سینگت فراوان بێت بۆ ئەوەی ئاگاداری بیت، ئەگەرچی قسەکانم بۆ هەموو خوێنەرێکە بەڵام زیاتر تایبەتە بە ژنانی مێرددار کە لەبارەی فرەژنییەوە لەسەر پیاوەکە تووندە.

* ژن هەیە دوای یەک دوو ساڵ پیاوەکەی بە ڕووداوێک دەمرێ، منداڵی هەیە یان نییە، دوای مێردەکەی ناتوانێ بە بێ پیاوێک کە بەخێوی بکات و ئاگای لێ بێت بژی. چی بکات و کێ خەمی بخوات؟

* ژن هەیە پیاوەکەی ماددەی هۆشبەر بەکاردێنێ، یان بەردەوام مەست و سەرخۆشە، لەبەرئەوە لێی جیادەبێتەوە، دوای جیابوونەوە لەو، مێردی دەوێ، کێ هەیە بیخوازێ؟

* ژنێک پیاوەکە داوێنپیسە، لێی جیادەبێتەوە بە هیوای هاوسەرگیرییەکی تر. کێ هەیە داخوازی بکات؟

ئەمانە و چەندان نموونەی تر، کێ ئەم بێوەژنانە بخوازێ ئەگەر ژنەکان پێ نەدەن پیاوەکانیان ژنێکی تر بێنن؟

ئایا پێتوایە گەنجی تەمەن بیست ساڵ و بەسەرەوە ئەم جۆرە ژنانە بخوازن؟

ئەو ژنانە بۆ کێ بەجێ بێڵێن؟

هەندێ کێشەی هاوسەرگیری هەیە چارەسەرەکەی هەر جیابوونەوە و دەست لێک بەردانە..

پیاو هەیە بەردەوام سەرخۆشە، هەیە ماددەی هۆشبەر بەکاردێنێ، هەیە لەگەڵ چەندان لەشفرۆش ڕادەبوێرێ..ئایا دروستە ئەمانە ژنەکانیان لەگەڵیان بمێننەوە؟

ژن هەیە پێی وتووم: پیاوەکەم کۆمەڵێک برادەری هێناوەتەوە ماڵ و بانگی کردووم و داوای لێکردووم لەبەردەمیان سەما بکەم!!

ئایا دروستە ژنی خاوێن لەگەڵ ئەم جۆرە پیاوانەدا بژی؟!

پرسیارێك بۆ ژنان: ئەگەر ئەو ژنانە لە پیاوەکانیان جیابوونەوە، بۆچی ئەو ژنانەی هەموو شەو لەگەڵ پیاوەکانیان دەخەون بیر لەوە ناکەنەوە ئەو جۆرە ژنانە چی بکەن؟

خوشکەکانم دەبێ لە ڕوانگەی شەرعەوە بڕوانن ئەم بابەتانە، من دەزانم ئەم بابەتانە هەندێ کەس بریندار دەکات و لەوانەشە هەندێ خوشك دوعام لێ بکەن بەڵام ئەمە ئایینی ئێمەیە خوای گەورە فەرمانی پێکردووین بە تێڕوانینێکی گشتی بڕوانین نەك هەر تەماشای ژن لەگەڵ پیاوەکەیدا بکەین، بەڵکو تەماشای ئەو مااڵنەش بکەین کە چەندان ژنی بێوەژن و قەیرە و تەڵاقدراوی تێدایە..

لە هەندێ وڵات ئەو ژنانەی گەیشتونەتە تەمەنی هاوسەرگیری و تا ئێستا هاوسەرگیرییان نەکردووە ژمارەیان گەیشتۆتە ملیۆن و نیوێك..ئەمانە بۆ کێ بەجێ بێڵێن؟ ژمارەی ئەو گەنجانەشی تەمەنیان گەیشتۆتە ٢٥ ساڵ و تا ئێستا هاوسەرگیرییان نەکردووە گەیشتۆتە ٨٠٠ هەزار کەس..

فرەژنی (٢)

﴿وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ

وَلَوْ حَرَصْتُمْ فَلَا تَمِيلُوا كُلَّ الْمَيْلِ

فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ﴾

فەرژنی (٢)

هەرگەیاندنمان لەسەرە

دوای ئەوەی بابەتی فەرژنیمان باسکرد، لەسەرمان پێویستە بابەتەکە لە ڕوویەکی تری گرنگەوە باس بکەین ئەویش ئەوەیە: ئێمە کاتێك باس لە پرسی فەرژنی دەکەین ئەمە واتای ئەوە نییە بانگی هەموو پیاوان بکەین بۆ فەرژنی، مەبەست لە قسەکانمان ئەوە نەبوو، بەڵام مەبەستی قسەکردنی ئێمە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیە نەك هاندان لەسەری. من کاتێ باسی حوکمی نیشتەجێبوون لە کۆشك دەکەم ئەمە واتای ئەوە نییە لەسەر پیاو پێویستە کۆشکێك بکڕێ، هەروەها کە باسی حوکمی گەشتکردنم کرد واتای ئەوە نییە هەموو کەسێك جانتاکەی هەڵگرێ و بۆ گەشت بڕوات.

ئێمە هەوڵ دەدەین ئەو مەسەلە شەرعییانە ڕوون بکەینەوە کە خەڵك پێویستیان بە ڕوونکردنەوەیانە و ئێمە لەبارەیانەوە دەدوێین و حوکمی شەرعی لەبارەیانەوە ڕوون دەکەینەوە جا دەیخوێنێتەوە و جێبەجێی دەکات یان جێبەجێی ناکات، ڕێبازی ئێمە ڕێبازی پێغەمبەرانە: ﴿إِنْ عَلَيْكَ إِلَّا الْبَلَاغُ﴾(الشورى: ٤٨)..ئەوەی لەسەر ئێمە واجبە تەنها ڕوونکردنەوەی حوکمی شەرعییە..

فەرژنی سوننەتی پێغەمبەرانە

هەموو پێغەمبەرانی پێشوو شەریعەتی فەرژنییان هەبووە، ئەوەتا پێغەمبەر سولەیمان دەڵێ: (ئەمشەو بەسەر سەت ژندا دەسوڕێمەوە هەر یەکێکیان منداڵێکیان ببێ کە لەپێناو خوادا بجەنگێت..)صحيح: بخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە.

یعقوب چەند ژنێکی هەبوو، ئەو ژنانەش چەندان منداڵیان هەبوو، هەندێ لە منداڵەکان ڕقیان لە یووسف دەبۆوە و چیڕۆکی یووسفیش لە قورئاندا هەیە و هەمووان دەیزانن.

کەواتە فرەژنی لە پێش ئیسلامدا هەبووە و سوننەتی پێغەمبەران بووە بەڵام ئیسلام هاتووە و بە چەند یاسایەکی دیاریکراو ڕێکی خستووە.

زیانەکانی شەڕ

ئامارەکان باسی ئەوەیان کردووە کە شەڕوشۆڕ پیاوگەلێکی زۆر لەناودەبات، کاتێ جەنگێك هەڵدەگیرسێ هەزاران پیاو دەکوژرێن، ڕەنگە زۆرێك لەو پیاوانەش ژنیان هەبێ، جا کە ئەوانە کوژران و ژنەکانیان بێوەژن بوون کێ لە خەمی ئەو ژنانەدا دەبێ؟

هەروەها ئەو شەڕانەی هاوەڵان بەشداربیان تێدا دەکرد و لە دوای خۆیان ژنەکانیان بەجێ دەهێشت، کێ ئەم ژنانەی بەخێودەکرد؟ هاوەڵ هەبوو تازە ژنی هێنابوو کە دەچووە شەڕ نەدەگەڕایەوە و دەکوژرا.

(حنظلة) کاتێ ژنی هێنا و لە یەکەم ڕۆژی هاوسەرگیری بوو، پێغەمبەر (ﷺ) بانگەوازی بۆ جیهاد کرد، ئەویش ژنەکەی بەجێهێشت و بەدەم بانگەوازەکەی پێغەمبەرەوە (ﷺ) چوو و لە شەڕدا کوژرا، چەندان نموونەی تر هەن کە پیاوەکان کوژراون و ژنەکانیان بێوەژن بوون، کێ مشووری ئەم ژنانە دەخوات؟

هەروەها لە کاتی هەڵکەندنی خەندەق لە دەوری شاری مەدینە، هاوەڵێك کە تازە ژنی هێنابوو ئیزنی لە پێغەمبەر خواست سەرێکی ماڵەوە بدات، کاتێ گەڕایەوە ماڵ

دیتی ژنەکەی لەپێش دەرگا وەستاوە، ئەویش سەیری پێهات و گوتی: ئەوە بۆ لەبەر دەرگا وەستاویت؟

ژنەکە گوتی: پەلە مەکە و وەرە ژوورێ و تەماشاکە.

هاوەڵەکە چووە ژوورێ و تەماشای کرد دیتی وا مارێك لەسەر جێخەوەکەیانە، بۆی چوو دەری بکات و بیکوژێ کەچی مارەکە خۆی بۆ هەڵدا و لە ملی ئالا و خنکاندی..ژنەکە دەڵێ: نازانم کامیان زووتر مردن: مارەکە یان هاوسەرەکەم؟

ئەم ژنە تازەبووکە ڕەنگە هەر چەند ڕۆژێك لەگەڵ هاوسەرەکەی دانیشتبێت، کێ بیگرێتە خۆی؟

بانگەوازێك بۆ تێگەیشتن لە شەرع

زۆربەی کات ئەوانەی یەکەم جار ژن دێنن تەنها بیر لە کچێك دەکەنەوە کە بۆ هاوسەرگیری بیخوازن..کەم کەس هەیە یەکەم هاوسەرگیرییان لەگەڵ بێوەژنێك بێت.

کەواتە ئەو ژنەی پیاوەکەی بە ڕووداوێك مردووە یان کوژراوە یان پیاوەکەی خراپ و بەدکار بووە لێی جیابۆتەوە..ئایا ئەم ژنانە هەر ئاوا بمێننەوە؟!

براکەم، خوشکەکەم..ئەگەر دان بە فرەژنییدا نەنێن ئەوا ئێوە هانی ژنەکان دەدەن لەگەڵ پیاوەکانیاندا بمێننەوە تەنانەت ئەگەر بەدکار و لادەریش بوون، چونکە ئەو ژنانە دەزانن ئەگەر لە پیاوەکانیان جیابنەوە کەس نایانخوازێ، بەڵام ئەگەر بزانێ ئەگەر لەو پیاوە بەدکارەی جیابێتەوە کەسێکی تر هەیە بیخوازێ ئەوا دەڵێ: لە کن نیو پیاوی عاقڵ بم باشترە وەك لە لای پیاوێکی بێکەڵك.

بەڵام بەداخەوە گەر بزانێ هەموو شتی لەدەست دەچێ ئەوا ڕەنگە هەر لەگەڵ ئەو بەدکارەدا بمێنێتەوە.

خراپییەکانی فرەژنی

لە گەورەترین ئەو خراپییانەی لە ئەنجامی فرەژنییەوە دێتە ئاراوە بریتییە لە دادپەروەرنەبوون لەنێوان ژنەکاندا، هەندێ پیاو هەن زۆر بایەخ بە ژنی یەکەم دەدەن و ئی دووەم پشتگوێ دەخەن، پیاویش هەیە لەنێوان ژنەکانیدا دادپەروەری دەکات.

* گەنجێك بۆی باسکردم کە باوکی چەندان ژنی هەیە بەڵام لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو خێزان و منداڵەکانی هاوسەنگە و وەکو یەك هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکات، جیاکاری لەنێوان منداڵەکاندا ناکات، هەموومان لە مااڵدا وەکو یەك خێزان دەژین..

ئەم جۆرە فرەژنییە وێنەیەکی جوان دەداتە مەسەلەکە و خۆزگە هەموو پیاوێکی فرەژن وەکو ئەم پیاوە دەبوون.

مەسەلەی دادپەروەرنەبوون لەنێوان هاوسەرەکاندا پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەیەوە وریایی داوە و فەرموویەتی: (هەر کەسێك دوو ژنی هەبوو، بە لای یەکیاندا شکاندیەوە ئەوا لە ڕۆژی قیامەت بە الخواری و ملخواری دێت.)صحیح: أبو داود گێڕاویەتییەوە و ألبانیش بە صحیحی داناوە.

پرسیار: چۆن دەکرێ گونجان بکرێ لەنێوان ئەو فەرموودەیەی پێشوو و ئەم ئایەتەی خوای گەورە: ﴿وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ فَلَا تَمِيلُوا كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ﴾(النساء: ١٢٩)..

وەڵام: پێغەمبەر (ﷺ) باسی هەندێ شتی کردووە کە دەبێ تێیدا دادپەروەر بین وەکو دادپەروەری لە خەرجی، ئەگەر ٥٠ هەزار دینار بداتە ژنی یەکەم دەبێ ٥٠ هەزاریش بداتە ئەویتر کاتێ دەچنە بازاڕ.

هەروەها هەندێ شتی تریش هەیە پیاو ناتوانێ تێیدا دادپەروەر بێت وەکو: خانوو..پێویست خانووی هەردووکیان لە ڕووی قەبارەوە وەکو یەك بێت..ڕەنگە ژنی

یەکەم ١٠ منداڵی هەبێ و پێویستی بە خانوویەکی دووقات هەبێ بەڵام ئەوەی تریان جارێ هیچ منداڵی نییە و تەنها پێویستی بە خانوویەکی یەك قاتە.بەڵام نابێ یەکێکیان لە گەڕەکێکی نوێ و پێشکەوتوو دانێ و ئەویتریش لە گەڕەکێکی دواکەوتوو و ڕزیو دانێ.

هەروەها لەو شتانەی پیاو ناتوانی وەکو تەرازوو ڕایگرێ مەسەلەی خۆشەویستییە، بۆ هەر یەکێکیان پارە دادەنێ و هەر شەوێك و دەچێتە لای یەکێکیان بەڵام خۆشەویستیی دڵ ناتوانێ وەك یەك و یەکسان بەسەر هەردووکیاندا دابەشی بکات، ڕەنگە ژنی یەکەم یان هی دووەمی خۆشتر بوێت، بەڵام نابێت ئەم خۆشەویستییە لەبەردەم هەردووکیان دەربڕێ و بۆ نموونە بە ژنی دووەم بڵێ: ژنی یەکەمم لە تۆ خۆشتر دەوێ..

بە پێچەوانەوەی دەبێ خۆشەویستی بۆ هەردووکیان دەربڕێ و درۆکردنیش لێرەدا دروستە.

هەروەها سەرجێی کردنیش، پیاو ناتوانێ تێیدا دادپەروەر بێت، ڕەنگە بتوانێ بچێتە لای یەکەم بەڵام دڵی نەچێتە هی دووەم، پاداشتی بۆ هەیە ئەگەر بچێتە لای ئەوەشیان کە دڵی بۆ ناچێ بەڵام فەرز ناکرێ بەسەریدا کە دەبێ لەوەشدا دادپەروەر بێت..

هاوسەری ئارامگر

لە زۆرێك لەو کەسانەم پرسیوە کە ژنی دووەمیان هێناوە ئایا لەگەڵ ژنی یەکەمیان وەزعیان چۆن؟ باسی ئەوەیان کردووە کە ژنی یەکەمیان زۆر لا خۆشەویستر بووە، لە جاران زیاتر بەر لەوەی ژنی دووەم بێنێ..

تێبینیتان کرد، بەتایبەتی ئەگەر ژنی یەکەم ئارام بگرێ و ڕازی بێت و بە مامەڵەیەکی جوان هەڵسوکەوتی کرد، ئەوا ئەو کات ڕێزی لای پیاوەکەی زیاتر

دەبێت‌و دەڵێ: ئەم ژنەی من لە ژنانی تر باشترە، عاقڵترە، ئیتر وای لێدێ شەرمی لێ دەکات و هەست بە گەورەیی و فەزڵی بەسەریەوە دەکات، چونکە دەڵێ: ژنانی تر ڕەنگە گرفت و کێشە دروست بکەن بەڵام ئەم ژنەی من شتێکی وای نەکرد قەڵس و بریندارم بکات بەڵکو پێی گوت: خودا سەرکەوتووت بکات..

هەروەها دوعای بۆ کردم و ئەوەی لە دڵیدا بوو شاردیەوە..ئیتر بێگومان پیاوەکە زیاتر خۆشی دەوێ بەتایبەت ئەگەر دادپەروەر بێت .

فرەژنیی دروست

تێبینیم کردووە هەندێ پیاو کە دەیکەنە دوو ژن دەبینی کچی تەمەن بچووک هەڵدەبژێرن و دەخوازن کە ڕەنگە ئەم جۆرە کچانە زۆر کەس چاویان لەسەرە و نامێننەوە، ئەگەر مەبەستی فرەژنییە بۆ ناچێ ئەو بێوەژنانە بخوازێ کە پیاویان مردووە یان کوژراوە یان لەبەر هۆکارێکی تایبەت تەڵاق دراوە..

دەڵێ: دەمەوێ ژنانی موسڵمان بپارێزم..کەواتە ئەگەر تۆ ڕاستگۆ و نیازپاکیت بڕۆ ئەم جۆرە ژنانە بپارێزە.

هەموو ئەو ژنانەی پێغەمبەر (ﷺ) هێناونی جگە لە عائیشە نەبێ کە کچ بوو ئەگەرنا ئەوانی تر هەموویان بێوەژن بوون: خەدیجە پێشتر دوو شووی کردبوو، حەفصە و سەودە و ئوم سەلەمە و ئەوانی تریش هەموویان بێوەژن بوون..بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) تەنها هەر ئامانجی چێژوەرگرتن نەبوو.

لەبیرمە باووباپیرانمان کە دەیانویست ژنێکی تر بێنن شتێك هەبوو ناوی (ڕازیکردنی ژنی یەکەم) بوو کە بریتی بوو لەوەی بە پارە یان بە دیارییەك ڕازی کردبایە.

مەبەستم ئەوەیە ڕەچاوی باری دەروونیی ژنی یەکەم بکرێ، هەوڵدە هەست بە هەستەکانی بکەیت چونکە ئەو پێشتر بەتەنها هاوسەرێکی هەبوو کەس تێیدا هاوبەش نەبوو، هەر لەگەڵ ئەو دادەنیشت و قسەی دەکرد و نهێنییەکانی پێ دەگوت، بەڵام ئێستا یەکێکی تر بۆتە هاوبەشی، لەگەڵ دەنوێ و دادەنیشێ و دەگەڕێ..سروشتییە ئەگەر مرۆڤ شتێکی هەبوو پاشان لەنێوان ئەو و کەسانی تر دابەشیان کرد تووڕە ببێت و غیرە بیگرێ..ئەی وانییە؟

هەڵەیە پیاو لەگەڵ ژنی یەکەم وەکو دوو دژ مامەڵە بکات، دەبێ بەنەرمی لەگەڵیدا بدوێ، بۆ قەناعەتپێکردنی نەرمونیان بێت، نەك ئەوەی بەتوندوتیژی لەگەڵی بدوێ و پێی بڵێ: ئەگەر بەو کارەی من ڕازی نیت ئەمە دەرگا کراوەیە.

ئەم قسەیە نابێ بکرێ، ئەمە بۆ ئەو شۆکە..هەوڵدە سێ چوار مانگ ئارامی لەسەر بگریت، ئەگەر سەرەتا سەت لە سەت تووڕە بێت بزانە دوای دوو هەفتە مانگەك دوو مانگ وردە وردە تووڕەییەکەی کەم دەبێتە بۆ نەوەت هەشتا حەفتا لە سەت، تا وای لێدێت دوای ماوەیەك لای ئاسایی دەبێتەوە..

بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە تۆ حیکمەتت هەبێ و بە دانایییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، لە بەخشین و دیاریدا جیاوازی نەکەیت لەنێوان منداڵەکان..

حیکمەتی فرەژنی تەنها بۆ پیاوانە

ڕۆژئاوای نکوڵی لە فرەژنی لە شەریعەتی ئیسلامدا دەکات ئەگەرچی فرەژنی لە ئایینی یەهودی و مەسیحیشدا هەیە، گروپێك هەیە بە ناوی(مورمون) لە ئەمریکا فرەژنی لایان تا ١٠ ژنە..

* لەبیرمە ژنێك لە گەنجێکی پرسی: بۆچی ژنیش وەکو پیاو چوار مێرد ناکات؟

گەنجەکە گوتی: ئەگەر ئەو ژنە سکی پڕ بوو منداڵەکە دەبێتە هی کێ؟

ژنەکە لە وەڵامەکەی حەپەسا و بێدەنگ بوو و هیچی نەوت.

لە کۆتاییدا..بە ژنان دەڵێم: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ﴾(النساء: ٤٠)..ئەگەر خوای گەورە ئەو نیعمەتەی بە پیاوان بەخشیوە و نەیداوە بە ژنان، ئەوا زۆر شتیشی داوە بە ژنان و نەیداوە بە پیاوان، بۆ نموونە: دروستیی زێڕ بەخۆوەکردن، مارەیی کە دەبێ پیاو بیداتێ، چەندان شتی تر..

خوای گەورە ماف و هەقەکانی بەپێی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤەکان بەسەر خەڵکدا دابەش کردووە بە جۆرێك لەگەڵ هەموویان بگونجێت..

ناوەڕۆك

بابەت | لاپەڕە

پێشەکی ٥

مەتەڵی فیقهی: ((ئەگەر خودا خێری بۆ کەسێك بوێت لە ئایین شارەزای دەکات)) .. ٧

مەتەڵی فیقهی ٩

ئەبوحەنیفە..ناوکەخورما پەرشوبلاو دەکاتەوە..... ٩

پێشەوا مالیك..حەددێك جێبەجێ دەکات ١٠

ئیاسی دادوەر..ئەمانەت دەگەڕێنێتەوە ١١

سولەیمانی پێغەمبەر.. منداڵێك بۆ دایکی دەگەڕێنێتەوە ١٢

مەتەڵی فیقهی ١٤

هەندێ لە حوکمەکانی نوێژی هەینی: ١٧

بەندایەتیکردن بۆ غەیری خودا: ﴿وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا﴾ ٢١

هاوبەش بۆ خوا دانان(الشرك) گەورەترینی قەدەغەکراوەکانە..... ٢٣

نابێ گۆڕ بکرێتە مزگەوت ٢٤

جگە لە خودا پەرستش بۆ کەسی تر مەکە ٢٦

جگە لە خودا سوێند بە هیچی تر ناخورێ ٢٧

خواست و داوات تەنها لە خودا بێت ٢٨

هیچ نیۆەندگیرییەك لەنێوان خۆت و خودا دامەنێ..... ٢٩
هاوەڵان باشترین پێشینانی ئێمە بوون ٣٢
حەسرەتێك.. ..... ٣٣
وریابە.. پارەکەت لە چیدا دەبەخشی ٣٤
نەتەوەی نووح چۆن هاوبەشیان بۆ خودا دانا؟ ٣٥
بۆ خاتری خودا، وریای یەکخوا پەرستی بن ٣٦
ئامۆژگاری: ((ئایین ئامۆژگارییە)) ٣٧
شێوازی ئامۆژگاریکردن ٣٩
ئایین ئامۆژگارییە ٤٠
ئەدەبی ئامۆژگاری ٤٢
نیاز و نییەت، دڵی هەموو کردەوەیەکە ٤٥
دۆلکەیەك ئاوی بەسەردا بکەن: ٤٦
ئەی مەعاز تۆ فیتنەچیت؟..... ٤٨
ئەی منداڵ ئاوی خوا بهێنە ٥٠
لەم نوێژەدا قسەی خەڵك دروست نییە ٥٠
میهرەبانی و نەرمونیانی: ﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ﴾ ٥٣
کەواتە من بەڕۆژووم ٥٦
باشترین پێخۆر سرکەیە ٥٧
ئەی پێغەمبەری خوا پێمی ببەخشە ٥٨

ئەمە بەوە..ئەمە بەوە ٥٩
خۆت کۆنترۆڵ بکە ٦٠
پێم خۆش نەبوو پەلەی لێ بکەم ٦١
لای چەپ نا..لای ڕاست ٦٢
حوکم و گەورەیی نوێژی هەینی﴿إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ﴾ ٦٥
حوکمەکانی نوێژی هەینی ٦٧
هەینی باشترینی ڕۆژەکانە ٦٧
هەندێ لە گەورەییەکانی ڕۆژی هەینی ٦٨
حوکمە تایبەتییەکانی ڕۆژی هەینی ٦٩
گرنگیی وتاری هەینی ٧١
نوێژە سوننەتەکانی ڕۆژی هەینی ٧٢
هەندێ هەڵەی نوێژکەران لە نوێژی هەینیدا ٧٣
ئەگەر وتاربێژ لەوێ نەبوو ٧٧
کورت و درێژیی وتار ٧٧
حوکمی درێژکردنەوەی گوتاری هەینی ٧٨
تووندگیری لە ئایین: (هەر کەسێك ئایین لەسەر خۆی تووندگیر بکات، تێکدەشکێ) .٧٩
خودا تەکلیفی لەتوانابەدەر لە کەس ناکات ٨١
هەر کەسێك لە سوننەتی من لابدات لە من نییە ٨٥

ئەو کارانە بکەن کە لە تواناتاندا هەیە بیکەن ٨٧
ئەوانە سەرپێچیکارن ٨٨
پابەندبوون بە ئایینی خودا بە تووندگیری دادەنرێ؟ ٨٩
ئەوانە سنوورەکانی خودان..مەیانبەزێنن ٩٠
کەواتە ئەو تووندگیرییە کامەیە کە نەهی لێ کراوە؟ ٩١
لە سنووری شەرعدا چی دەکەیت بیکە ٩٢
چەند پەیڤێك لە تۆماری یادەوەرییەکانەوە: ﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي﴾ ٩٥
لێی بپرسە واتای ئیسلام چییە؟ ٩٧
کێ خەمی ئایین هەڵدەگرێ و کێیش ئایین خەمی هەڵدەگرێ؟ ١٠٠
ئیسلام ئایینی هەقە ١٠١
ئیسلام ئایینی بەزەییە ١٠٢
دوای ئەوە هەرگیز جارێکی تر مەی ناخۆمەوە ١٠٤
پرسیارگەلێکی سەیر: (شیفای نەزان پرسیارکردنە) ١٠٧
ئایا میز ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە؟ ١٠٩
نەمانی زانست ١١٠
شیفای نەزان پرسیارکردنە ١١١
شوێنی بەڵگە بکەوە ١١٢
نەکەی شوێنی هەڵەی زانایان بکەویت ١١٣

ئایا جیاوازیی زانایان ڕەحمەتە؟ ١١٤
کوا ئایینی خوا؟ ١١٥
بەر لە هاتنی سەردەمی نەزانی، ئایینەکەت فێربە ١١٧
بڕیاردان: ﴿فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ﴾ ١١٩
گرنگیی بڕیاردان لە ژیانی مرۆڤ ١٢٢
گرنگیی نوێژی(الاستخارة) ١٢٣
چۆنییەتیی بڕیاردان ١٢٤
بەر لە بڕیاردانی دروست ١٢٤
سیفەتەکانی ئەو کەسەی دەتەوێ ڕاوێژی پێ بکەیت ١٢٥
نوێژی ئیستیخارە ١٢٦
چۆن مرۆڤ دەزانێت کە خودا شتێکی بۆ هەڵبژاردووە؟ ١٢٧
ئەگەر بڕیاری شتێکت دا پشت بە خوا ببەستە و بیکە ١٢٨
ئاکاری گفتوگۆ: ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾ ١٣١
گفتوگۆ ڕێبازی خەڵکە ١٣٣
شتگەلێکی پەیوەست بە ئاکاری گفتوگۆ ١٣٤
خودای من.. پەروەردگای هەموو جیهانیانە ١٣٦
پێشەنگی جوان ١٣٧
هەمیشە گفتوگۆ قەبوولْ بکە ١٣٩
مەرج و ئەدەبی گفتوگۆ ١٤٠

بەڵکو شەڕ و ڕاوێژکارییە ١٤٢
ئەگەر ڕاستیت دۆزییەوە شوێنی بکەوە ١٤٢
ڕاستی ئەوەیە کە موحەممەد ١٤٤
هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ پەککەوتەکاندا : (هیوادارم شەهید بـبم و بـەو شـەلەییەم قـاچم بخەمە نـاو بەهەشتەوە) عبدالله کوڕی حرام) ١٤٧
لەبـارەی نـاوەڕۆکی بـابەتەکەوە ١٤٩
جۆری ئەو زیـانـانەی بەر مرۆڤ دەکەون ١٥٠
لەوانەیە شتێکی خەماوی، سەرەنجامەکەی خۆشنوودی و شادی بێت..... ١٥٢
خۆ بەدەستەوە مەدە..کارابە ئەگەرچی پەککەوتەش بیت!! ١٥٤
ئیماندار زیرەك و ژیرە..... ١٥٤
خودا بەرامبەر ئیمانداران بەسۆز و بەزەییە ١٥٥
چەند بـابەتێکی فیقهیی تـاییەت بە کەمئەندام..... ١٥٦
خـاوەن هەستیـارییەکی هەستنـاك بە ١٥٧
چـاکەکردن لەگەڵ دایك و بـاوکدا : ﴿قُلْ لَهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا﴾ ١٥٩
گـرنگیی بـابەتەکە ١٦١
کە بەتەمەندا چوون..... ١٦٢
بەهەشت لە چـاکەکردن لەگەڵیانە ١٦٢
دایك لە پێشەوەی هەمووانە ١٦٣
دایك و بـاوکت تـووڕە مەکە ١٦٤

خۆشەویستیی باوان بۆ منداڵەکانیان ١٦٦
ئامۆژگارییەك بۆ باوکان ١٦٦
بۆ چاکبوون لەگەڵتان، هاوکاریی منداڵەکانتان بکەن ١٦٧
چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوکدا یەکێکە لە دەرگاکانی بەهەشت ١٦٨
دەسەڵاتی باوکان: (لە خودا بترسن و لە نێوان منداڵەکانتان دادپەروەر بن)..... ١٦٩
دەسەڵاتی باوك بەسەر منداڵەکانیدا ١٧١
مافی خەرجی ١٧٢
مافەکانی منداڵ ١٧٢
باوك دەتوانێ لە ماڵی کوڕی ببات؟ ١٧٣
دادپەروەری لەنێوان منداڵاندا ١٧٤
پاداشتی چاکە هەر چاکەیە ١٧٥
تەنانەت لە ماچکردنیشدا دەبێ دادپەروەر بیت ١٧٦
لە دادپەروەریدا یەکسانی مەرج نییە ١٧٧
حەوت کەسەکەی ژێر سێبەری خودا: (لە ڕۆژێکدا جگە لە سایەی ئەو، سێبەرێکی تر نییە) ١٧٩
حەوت کەس لە ڕێبواران ١٨١
پێشەوای دادپەروەر ١٨٢
گە نجی خوا پەرست ١٨٣
پیاوێکی دڵوابەستە بە مزگەوتەوە ١٨٤

دوو کەس لە پێناو خودا یەکتریان خوشبوێت ١٨٦
من لە خودا دەترسم ١٨٦
خێرکردن بەنهێنی ١٨٧
یادکردنی خودا بە پەنهانی ١٨٨
مردن: ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ الْمَوْتِ﴾ ١٨٩
مردن حەقیقەتە ١٩١
لە کاتی سەرەمەرگی کەسێکدا چی بڵێین؟ ١٩٣
نیشانەکانی مردن ١٩٣
زانینی هەندێ شت گرنگە ١٩٤
شوشتنی مردوو ١٩٦
شوشتنی کەسی سووتاو یان تووشبوو بە نەخۆشی پەتایی ١٩٧
نوێژی مردوو ١٩٨
گەورەیی نوێژی مردوو ١٩٨
حوکمی ئەندامێکی بڕدراو ١٩٩
ڕق و کینە: ﴿وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِمْ مِنْ غِلٍّ إِخْوَانًا عَلَى سُرُرٍ مُتَقَابِلِينَ﴾ ٢٠١
دڵیان وەکو دڵی باڵندە سپییە ٢٠٣
بەندە لەخواترسەکانیش پاڕێزراو نین ٢٠٤
ئاواتەخوازی، ئێرەیی نییە ٢٠٦
جیاوازیی نێوان ئێرەیی و چاوپیسی ٢٠٧

چارەسەری حەسودی و قین و چاوپیسی ٢٠٨
چەند پرسێکی فیقهی: (بەر لەوەی ببنە سەرکردە شارەزایی پەیدا بکەن) ٢١١
بەرگدروو شیاوی هەقدەستە؟ ٢١٣
نیوە بە نیوە ٢١٦
کەی برا دەتوانێ خوشکی خۆی لە برایەکی مارە بکات؟ ٢١٧
ئایا دروستە دەوڵەمەند زەکات وەربگرێ؟ ٢١٧
لە هاوسەرگیریی نێوان دایك و باوکیدا ئامادەبووە! ٢١٨
حوکمی تەلاقی ژنێك کە هێشتا شووەکەی نەچوتە لای ٢١٨
نوێژێك بێ خۆڕازاندنەوە و بۆنخۆشکردن ٢١٩
تا مانگێکی تر یەك نوێژ ناکەم!! ٢٢٠
ولاتی هەمیشە ڕۆژو هەمیشە شەو ٢٢١
چوار کەس لە ڕەمەزاندا ڕۆژوویان شکاند ٢٢١
نوێژی گەشتیار ٢٢٢
نەخۆش: (ئەگەر موسڵمان سەردانی موسڵمانی نەخۆشی کرد ئەوا دەکەوێتە نێو ڕەز و باخی بەهەشتەوە تا ئەو کاتەی لە لای هەڵدەستێ و دەگەڕێتەوە). ٢٢٣
ڕەز و باخی بەهەشت ٢٢٥
نرخی لەشساغیت بزانە ٢٢٧
بایەخدان بە نەخۆش ٢٢٨
خووڕەوشتی سەردانی نەخۆش ٢٢٩

هەموو دەردێك دەوایەکی هەیە..ئارامگرتنیش دەوای هەموو دەردانە ٢٣٠
هاوەڵان باشترین پێشینانی ئێمەن ٢٣١
خودا تەنها کاری دڵسۆزانە قەبووڵ دەکات ٢٣٢
دڵی نەخۆشەکە ڕووەو خوا ئاراستە بکرێت ٢٣٤
کۆتا ئامۆژگاری ٢٣٥
ئیعجازی زانستی: ﴿قُلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنْسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هَذَا الْقُرْآنِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا﴾ ٢٣٧
قورئان وتەی خودایە ٢٣٩
موعجیزەی پێغەمبەران ٢٣٩
پەرجوویەك وێنەی نییە ٢٤٠
موسەیلەمەی درۆزن ٢٤١
سەیروسەمەرەکانی قورئان کۆتایی نایەت ٢٤٢
سەیروسەمەرەکانی خورما ٢٤٤
سەیروسەمەرەکانی ڕەنگی سەوز ٢٤٥
هەندێ ئیعجازی ژمارەیی لە قورئان ٢٤٧
ئەرکمان بەرانبەر قورئان ٢٤٨
سەرکەوتن: (ئیمانداری بەهێز باشتر و خۆشەویستترە لای خودا لە ئیمانداری لاواز، هەردووکیان هەر خێریان پێوەیە، سوور بە لەسەر شتێك سوودت پێ دەبەخشێ، داوای کۆمەك لە خوا بکە و دەستە پاچە مەبە). ٢٤٩

هەموو خەڵك بەدوای سەرکەوتنەومن ٢٥١
تەرازووی سەرکەوتن ٢٥١
سەرکەوتن لە هەموو بوارەکان ٢٥٢
جۆرەکانی سەرکەوتن ٢٥٤
چۆن لە پەیوەندیت لەگەڵ خوادا سەرکەوتوو دەبیت؟ ٢٥٥
چۆن لە پەیوەندیت لەگەڵ خەڵك سەرکەوتوو دەبیت؟ ٢٥٧
پەیڕەوکردن لە خووڕەوشتی پێشینان ٢٥٧
تووڕە مەبە ٢٥٩
ڕووبەڕووی تەگەرەکانت ببەوە ٢٦٠
چۆن سەرکەوتنی دارایی بەدەست دێنی؟ ٢٦٣
چۆن سەرکەوتن لەگەڵ خێزاندا بەدیدەهێنیت؟ ٢٦٤
ناوازەیی: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ﴾ ٢٦٥
زانست گرنگترین دەرگای ناوازەییە ٢٦٧
ناوازەییبوونی مرۆڤ بە خوێندنەوە و زانست ٢٦٧
سوودەکانی خوێندنەوە ٢٦٩
کتێب باشترین هاوڕێیە ٢٧٠
خۆت لەسەر خوێندنەوە و فێربوون ڕابهێنە ٢٧٠
قاوەی عەرەبی ٢٧١
زانایانی پێشین ٢٧٣

هۆکارەکانی دووری لە خوێندنەوە ٢٧٤
چارەسەری لەبیرچوونەوە ٢٧٥
چی دەخوێنیتەوە؟ ٢٧٦
حەڵاڵ و حەرام: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ﴾ ٢٧٧
خودا زانای دانایە ٢٧٩
ئەوەی حەڵاڵ نەبێت، ئەبوو بەکر نا یخوات ٢٨٠
خودا نزای حەرامخۆر گیرا ناکات ٢٨١
مەی پیسە و لە کردەوەکانی شەیتانە ٢٨٢
مە یخۆری لە تاوانە گەورەکانە ٢٨٤
هەر کەسێك چاو لە نەتەوەیەکی تر بکات ئەوا لەوانە ٢٨٦
ئامۆژگارییەك ٢٨٧
فرمێسکێك لە دڵەوە ٢٨٨
بۆ لای خودا بگەڕێنەوە ٢٨٩
پلان بۆ ژیانت دابنێ: ﴿وَأَنْ لَيْسَ لِلْإِنْسَانِ إِلَّا مَا سَعَى﴾ ٢٩١
پلاندانان بنچینەی سەرکەوتنە ٢٩٣
ئیسلام خوازیاری پلاندانانە ٢٩٤
پێشەنگی چاك ٢٩٥
ئاما نجت لە ژیاندا دیاری بکە ٢٩٧
کردەوەکان بە پێی نیازی ناو دڵە ٢٩٨

زەید فێری عیبری دەبێ ٢٩٩
پرس و ڕاوێژ پێویستە ٣٠٠
پابەندی نیازی ناو دڵ بە ٣٠١
ئیمام تەبەری ٣٠٢
بێباوك: ﴿فَأَمَّا الْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ﴾ ٣٠٥
پێگەیشتنی پێغەمبەر (ﷺ) ٣٠٧
بە بەخششەکانی خودا مامەڵە لەگەڵ قەدەری خوادا بکە ٣٠٨
نیعمەتەکانی خودا بەسەرتەوە ببینە ٣٠٩
بەخێوەکەری بێباوك ٣١٠
بابەتی برا و خوشکی شیری ٣١٢
حوکمی میراتی بەمنداڵ دانراو و منداڵی شیری ٣١٣
کەس تاوانی کەس هەڵناگرێ ٣١٤
تۆندوتیژیی نێوان هاوسەران: ﴿خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾ ٣١٥
تۆندوتیژیی نێوان هاوسەران کێشەیەکی جیهانییە ٣١٧
دەستدرێژیکردنە سەر ژن کێشەیەکی کۆنە ٣١٨
هەر کەسێك لەسەر ڕێبازی خودا بڕوات سەرفراز دەبێت ٣١٩
ڕێکارەکانی تەمێکردنی بە لێدان ٣٢١
پێغەمبەر ٣٢٢

ناوبژیوانیی کەسوکاری هەردوو لا ٣٢٤
سەرەنجامی پەلەکردن باش نییە ٣٢٤
قورئان وتەی خودایە: ﴿لَوْ أَنْزَلْنَا هَذَا الْقُرْآنَ عَلَى جَبَلٍ لَرَأَيْتَهُ خَاشِعًا مُتَصَدِّعًا مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ﴾ ٣٢٧
شیرینیی قورئان ٣٢٩
جیاوازیی وتەی خودا لەگەڵ قسەی مرۆڤ ٣٣٠
کاریگەریی قورئان ٣٣٣
کاریگەربوونی جنۆکە بە قورئان ٣٣٤
هەندێ ئیعجازی ژمارەیی لە قورئاندا ٣٣٥
قورئان لەلایەن خوداوەیە ٣٣٦
قورئان گوتەی خودایە ٣٣٧
بێباوەڕانی قوڕەیش گوێ لە قورئان دەگرن ٣٣٨
وردبوونەوە و ڕامان لە قورئان ٣٣٩
تەکنەلۆژیای نوێ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَنْ تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ﴾ ٣٤١
موبایل ٣٤٣
ئایین دژی پێشکەوتن نییە ٣٤٣
خەندەقەکەی سەلمان ٣٤٤
پێشکەوتنێك دەبێت بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین ٣٤٥

وریای کلیلەکانی خراپە بن ٣٤٦
تەنها خودا غەییزانە ٣٤٧
شوێن هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون ٣٤٨
پارەکانتان مەفەوتێنن ٣٤٩
شەرم و شکۆ هەمووی چاکەیە ٣٥٠
سامان و پارە نیعمەتێکە و لێپرسینەوەی لەسەرە ٣٥١
پشکۆی ناو دەست ٣٥٢
چۆن دڵی خەڵك کەمەندکێش دەکەیت؟: ﴿قُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا﴾ ٣٥٣
خۆشەویستیی خەڵك ٣٥٥
سوودەکانی خۆشەویستیی خەڵك بۆت ٣٥٦
ڕووخسارت خۆشەویستترین ڕووە لەلام ٣٥٧
هەوڵی ڕاکێشانی دڵی خەڵك بدە ٣٥٨
وشەی جوان و باش ٣٥٩
دیاری و خۆشەویستی ٣٦٠
سەلامکردن ٣٦١
دەرخستنی خۆشەویستی لە پێناوی خودا ٣٦٢
ئەوەی بۆ خودا بێت بەردەوام دەبێت ٣٦٣
مژدەبەخش بن نەك تەکێنەر ٣٦٣
بە ڕەوشتی جوان ڕەفتار لەگەڵ خەڵك بکە ٣٦٥

زەردەخەنە : (زەردەخەت بە ڕووی براکەتەوە خێر و چاکەیە) ٣٦٧
داوای کۆمەکی لە خودا بکە ٣٦٩
زەردەخەت بە ڕووی براکەتدا چاکەیە ٣٧٠
زەردەخەنە کاریگەرییەکی سەیری هەیە ٣٧١
پێغەمبەر جوانترین زەردەخەنەی هەبووە ٣٧٢
زەردەخەنە ئاکارێکی بەرزە ٣٧٣
هەمیشە دەم بە خەندە بە ٣٧٥
بە ڕۆژ دەم بە خەندە و شەویش چاو بە فرمێسک ٣٧٦
پێغەمبەری هێمن و لەسەرخۆ ٣٧٦
ڕەحمەتە بۆ جیهانییان ٣٧٨
ڕەوشتی جوان پلەیەکی بەرزە ٣٧٩
بایەخدانی خەڵک بە شیعر ٣٨٠
حەسانی کوڕی سابت، شاعیری پێغەمبەر ٣٨١
لە جوانبێژییدا جادوو هەیە! ٣٨١
بانت سعاد ٣٨٣
پێغەمبەر شاعیر نەبووە ٣٨٤
شیعر کاریگەریی بەهێزی هەیە ٣٨٥
شیعری غەزەل ٣٨٥
شیعری داشۆرین ٣٨٦

شیعر ناونیشانی هەستەکانە ٣٨٧

شیعری میللی ٣٨٧

چارەسەری گرفتەکانی هاوسەران: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾ ٣٨٩

شوێنەواری پێشکەوتنی چاودێری نەکراو..... ٣٩١

بێزاریی سروشتی..... ٣٩٢

مێشێك مەکەنە گامێشێك..... ٣٩٣

شاردنەوەی کێشە خێزانییەکان..... ٣٩٤

باشترینیان ئەوەیانە کە یەکەم جار سڵاو دەکات ٣٩٥

بۆ ناوبژیوانی بانگمان کردووێت..... ٣٩٦

ڕەنگە حەز بە شتێك نەکەن، بەڵام خێری تێدایە بۆتان..... ٣٩٧

غیرەی ئافرەتان ٣٩٩

نیعمەتەکانی خودات لەبەرچاو بێت ٣٩٩

گرفتاربوون بە نەزۆکی: ﴿وَيَجْعَلُ مَن يَشَاء عَقِيمًا﴾ ٤٠١

هەستکردن بەوانیتر..... ٤٠٣

پێغەمبەران لە هەموو خەڵك زیاتر دووچاری بەڵا بوونەتەوە ٤٠٤

باوکی پێغەمبەران ٤٠٥

پاك و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کوڕی نییە..... ٤٠٦

بنیاتنانی کەعبە ٤٠٧

خودا گوێبیستی دوعاکانە ٤٠٨
خوای گەورە توانای هەموو شتێکی هەیە ٤٠٩
ئیسرائیل کێیە؟ ٤١٠
خوای توانای هەموو شتێکی هەیە ٤١١
دوعاکەی زەکەریا ٤١٢
پێغەمبەر ئیبراهیم ٤١٣
ئادابی دوعا ٤١٤
ڕەنگە شتێك ڕقیت لێی بێت بەڵام خێری تێدا بێت ٤١٤
پرسیار:چۆن نەزۆکی دەبێتە نەگبەتی و چۆنیش دەبێتە نیعمەت؟ ٤١٥
نیعمەتەکانی خودا زۆرن ٤١٦
داوای لێخۆشبوون لە خودا بکەن ٤١٦
چەمکی (تـوکل) ٤١٧
گوتەیەك بۆ پزیشکان ٤١٨
بەخششەکانی خودا هەر بە خوا پەرستی بەدەست دێن ٤١٩
ڕەچاوکردن پێویستە ٤٢٠
ئەوەی لەسەر هاوسەرەکان پێویستە ٤٢١
دەربارە لە قورئاندا : ﴿وَمَا يَسْتَوِي الْبَحْرَانِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَائِغٌ شَرَابُهُ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَمِنْ كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى الْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ لِتَبْتَغُوا مِنْ فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ ٤٢٣

قورئان کتێبێکی گشتگیرە ٤٢٥
زمانی ژمارەکان لە قورئاندا ٤٢٦
باسی دەریا لە قورئان ٤٢٨
هەر خودا شیاوی پەرستنە ٤٢٩
تاریکاییەکانی دەریا ٤٣٠
ئاوی شیرین و ئاوی سوێر ٤٣١
جوانیی مەخلوقاتی خودا ٤٣٣
نقومبووی شەهید ٤٣٤
جەرير و فەرەزدەق ٤٣٥
سێگۆشەی بەرمۆدا ٤٣٥
غەریزەکانی مرۆڤ: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا﴾ ٤٣٧
ژنان بۆ پیاوان و پیاوانیش بۆ ژنان دروست کراون ٤٣٩
نزیکی داوێنپیسی مەکەونەوە ٤٤١
هاوەڵان پاکترین کەس بوون ٤٤٢
چاودێریکردنی منداڵان لەلایەن باوانەوە ٤٤٣
خۆپاراستن لە چارەسەر باشترە ٤٤٤
خودا کاری بەدکاران ڕاستەڕێ ناکات ٤٤٥
کلیلەکانی خرا پە ٤٤٦
چاوداگرتن ٤٤٦

خۆشەویستی: (هەرژن و پیاوێك بەتەنها بەیەکەوە بن شەیتان سێهەمیانە)..... ٤٤٩
داوێنپاکی ٤٥١
خودا زینای قەدەغەکردووە ٤٥٢
تەوبە و وازهێنان لە تاوان ٤٥٤
خراپییەکانی پەیوەندیی یاساغ ٤٥٦
پابەند بە ڕێساکانی شەرعەوە ٤٥٧
بینینی شەرعی ٤٥٨
خەلوەت و تێکەڵبوون ٤٥٩
ڕێکارەکانی بەکارهێنانی مۆبایل: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَنْ تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾..... ٤٦١
ئیسلام دژی پێشکەوتن نییە ٤٦٣
مۆبایل..... ٤٦٤
ئادابی بەکارهێنانی مۆبایل..... ٤٦٥
یەکەم: بەکارنەهێنانی لەو شتانەی خودا قەدەغەی کردوون: ٤٦٥
دووەم: دەست لە مۆبایلی کەسانی تر مەدە..... ٤٦٦
سێیەم: بەر لە نوێژ مۆبایلەکەت دا بخە ٤٦٧
بلوتووس (بلوتوث) ٤٦٨
وریابە..هەندێ خراپە هەیە تا دوای مردنیش بەردەوام دەبێ..... ٤٦٩
کات بەنرخە بەفیڕۆی مەدە..... ٤٧٠

شێت: ﴿نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُمْ مَعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُمْ بَعْضًا سُخْرِيًّا﴾ ٤٧٣

سەردانێك بۆ نەخۆشخانەی شێتان ٤٧٥

چەمکی شێتی ٤٧٨

حوکمی پەیوەست بە شێتەوە ٤٧٨

بەڕپرسیارێتی ٤٧٩

مالْ و داراییی شێت ٤٨٠

هاوسەرگیریی شێت ٤٨١

بەتەمەنەکان ٤٨٢

فرەژنی: ﴿فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ﴾ ٤٨٣

فرەژنی بەر لە ئیسلام ٤٨٥

ژن لە سەردەمی جاهیلییەتدا ٤٨٥

ئایینی تێرو تەواو ٤٨٦

فرەژنی لە جیهاندا ٤٨٧

غیرەی ژن ٤٨٩

هۆکارەکانی فرەژنی ٤٩٠

ڕەچاوکردنی باری دەروونی هاوسەری یەکەم ٤٩١

ئەی ژن لە خوا بترسە ٤٩١

ئیسلام ئایینی داوێنپاکییە ٤٩٣
ئەی ژن بیرێك لە خوشکەکانت بکەوە ٤٩٣
فرەژنی (٢): ﴿وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ فَلَا تَمِيلُوا كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ﴾ ٤٩٧
هەرگەیاندنمان لەسەرە ٤٩٩
فرەژنی سوننەتی پێغەمبەرانە ٤٩٩
زیانەکانی شەڕ ٥٠٠
بانگەوازێك بۆ تێگەیشتن لە شەرع ٥٠١
خرا پییەکانی فرەژنی ٥٠٢
هاوسەری ئارامگر ٥٠٣
فرەژنیی دروست ٥٠٤
حیکمەتی فرەژنی تەنها بۆ پیاوانە ٥٠٥
ناوەرۆك ٥٠٧